جواهر سنن أبي داود

بەکوردی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ئامادەکردنی

سیروان کاکە أحمد

وەرگێرانی

ستافی پیت

جواهر سنن أبي داود

بەکوردی

پرۆژەی پیت

بۆ وەرگێرانی سەرجەم کتێبەکانی فەرموودە

ڕێکخراوی پیت

بۆ پەروەردە و توێژینەوەی زانستی

جواهر سنن أبي داود

بەکوردی

ئامادەکردنی: سیروان کاکە أحمد

وەرگێڕانی: ستافی پیت

هەڵەچن و ڕێنووس: بڕیار هێرۆیی

دیزاینی ناوەوە: بڕیار هێرۆیی

دیزاینی بەرگ: إخلاص دیزاین

چاپی یەکەم: ١٤٤٥ك - ٢٠٢٤ز

523 لاپەڕە

٢٤ × ١٧ سم

بابەت: ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (٢٩٦)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێ دراوە

ڕێکخراوی پیت

بەهای فەرموودە

جواهر كتب السنة بەكوردی (١)

جواهر سنن أبي داود

بەكوردی

ئامادەكردنی

سیروان كاكە أحمد

وەرگێڕانی

ستافی پیت

پێشکەش بێت
بەهەرکەسێک
هەوڵدەدات هاوەڵی
پێغەمبەر ﷺ بێت
لەبەهەشت

بسم الله الرحمن الرحيم

سیفەتەکانی و شکۆ و گەورەیی ﷺ

ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بەهۆی سیفەتێک یاخود دوو سیفەت و ڕەوشتی جوان ڕێز و پێگەیەک لە دڵی خەڵک پەیدا بکات، ئەو یەک دوو سیفەتە ڕێزداری بکات، ئایا بۆچوونت چۆن دەبێت بەرانبەر ڕێز و پێگە و گەورەیی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە هەرچی سیفەتی شکۆ و مەزنی و گەورەیی هەیە، لە زاتی ئەودا کۆ بۆتەوە، وەک:

پلەوپایەی پەیام و پەیامبەری، خوللەت و مەحەبەت، پاڵفتەیی، شەوڕۆیی، مەقامی قوڕب، شەفاعەت، وەسیلە و فەزیلە، مەقامی مەحموود، بوڕاق، بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، ڕەوانەکرانی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، بەرنوێژیکردنی بۆ پێغەمبەران، شایەتی بۆ درانی لەلایەن پێغەمبەران و ئوممەتانیان، گەورەی هەموو وەچەی ئادەم، هەڵگری ئاڵای حەمد، ڕەوانەکرانی بەڕەحمەت بۆ هەموو جیهانییان، ڕازیکرانی لە قیامەت لەلایەن خواوە، حەوزی کەوسەر، نیعمەت و بەخشش بۆ تەواوکرانی[١]، چاوپۆشی لێکران و لێخۆشبوونی لەوەی پێشتر کردوویەتی و ئەوەیشی لە داهاتوودا دەیکات[٢]، سینە فراوانکرانی[٣]، ناو بەرزکرانەوە و شۆرەت پەیداکرانی، پشتیوانی لێکرانی بە فریشتەکان، حیکمەت و شەریعەت و فاتیحە و قوڕئان پێدرانی، صەڵاوات لەسەر درانی لەلایەن خوا و فریشتەکان، سوێندخواردن بە تەمەنی موبارەکی،

....

(١) ئاماژەیە بۆ ئایەتی: {وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ} يوسف: ٦.

(٢) ئاماژەیە بۆ ئایەتی: {لِّيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ} الفتح: ٢.

(٣) ئاماژەیە بۆ سوورەتی (إنشراح).

وەڵامدرانەوەی داواکانی، قسەکردنی لەگەڵ بێگیان و گیانداران، هەڵقوڵینی ئاو لە نێوان کەلێنی پەنجەکانی، مانگ بۆ شەق کرانی، سەرخرانی بەترس خرانە نێو دڵی دوژمنانی، سێبەر بۆ کرانی لەلایەن هەورەکانەوە، تەسبیحاتکردنی چەو و وردەبەرد لەنێو لەپی دەستە موبارەکەکانی، پاراستنی لە زیانپێگەیاندنی لەلایەن خەڵکەوە ... شکۆ و مەزنی و گەورەییەکەی لە ئاستێکە هیچ کەسێک ناتوانێت وەک ئەوەی شایستەیە ئاماژەیان پێ بکا و یەک لەدوای یەک باسیان بکات. بەدەر لەو خوایە تاکوو تەنهایەی پێی بەخشیوە و فەزڵی لەگەڵ کردووە، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت پەی بە خەسڵەتە مەزنەکانی ببات و بەئاسانی درکیان بکات.

چەند ڕێنماییەکی پێویست بۆ خوێنەری خۆشەویست

خوێنەری بەڕێز:

١. کاتێك فەرموودەکانی نێو ئەم پەرتووکە دەخوێنیتەوە بەخێرایی بەسەریدا گوزەر مەکە و بچیە سەر خوێندنەوەی فەرموودەیەکی دیکە، وە بیر لە مانای فەرموودەکان بکەوە و لە کاتی تێنەگەیشتن یان ناڕوونییەك بگەڕێوە بۆ سەرچاوەکانی ڕوونکردنەوەی فەرموودە، چونکە فەرموودە هەیە مانای ناڕوونە لە شوێنی دیکە ڕوون کراوەتەوە، فەرموودە هەیە بەکورت و پوختی هاتووە لە شوێنێکی دیکە تەفصیلی پێ دراوە، کە ئەم کتێبەت خوێندەوە بەجوانی لەو قسانە تێدەگەیت.

٢. پاشان بزانە فەرموودەکان بەزۆری وەك شیفا و چارەسەر وان بۆ نەخۆش یان بۆ هەر کەسێك پێویستی بەو دەرمان و چارەسەرانە هەیە، بێگومان چارەسەریش دەبێت کەسێکی پسپۆڕ لەو بوارەدا بۆ کەسی پێویست دیاری بکات، ئەگەرنا بەکارهێنانی فەرموودەکان بەبێ ئاگاداربوون لە زانستە شەرعییەکان، یان بەبێ پرس و ڕاوبۆچوونی کەسانی شارەزا، لەوانەیە خاوەنەکەی تووشی هەڵە بکات و سەرەنجام تووشی پەشیمانی ببێتەوە لە هەندێك کردار و گوفتار کە ئەنجامی داون بەهۆی هەڵە تێگەیشتن لە فەرموودەکان.

٣. تکایە بە هیچ جۆرێك فەتوا و بۆچوونی خۆت لەسەر ڕواڵەتی فەرموودەکان دەرمەبڕە، چونکە دڵنیات دەکەینەوە، بەبێ هەبوونی بنچینەکی تۆکمە لە زانستی شەرعی و گەڕانەوە بۆ زانایانی فەرموودە تووشی هەڵەی گەورە دەبیت.

لەگەڵ ڕێزدا

ستافی پیت

پێشەکی

بێگومان سوننەت وەك سەرچاوەی دووەمی شەریعەتی ئیسلام زۆر جێگای بایەخ و گرینگیپێدانی موسوڵمانە، گەیشتن بە سەرچاوەکانی سوننەتیش کە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی کتێبەکانی فەرموودە بەرجەستەیە، کارێکی ئاسان نییە، لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی و گرتنبەری ڕێگایەکی ئاسان بۆئەوەی موسوڵمانان لە هەر شوێنێکی دونیا بتوانن بەسانایی دەستیان بگات بە فەرمووەکانی خۆشەویستمان ﷺ و سوودی لێ وەربگرن و لە ژیانی ڕۆژانەیان کاری پێ بکەن، هەڵسام بە خوێندنەوە و کورتکردنەوەی هەر شەش کتێبی شەش زانا ناودارەکانی فەرموودە، بەڕێزان و پێشەوایانمان:

پێشەوا بوخاری و پێشەوا موسلیم و پێشەوا ئەبو داود و پێشەوا تیرمیزی و پێشەوا نەسائی و پێشەوا ئیبن ماجە (ڕەحمەتی خوای میهرەبانیان لەسەر بێت).

لەسەرخۆم کردە مەرج جگە لە فەرموودەی (صحیح) نەهێنم و تەنانەت خۆم پاراست لە فەرموودەی (حسن)یش، کە بێگومان لەلای زانایان کاری پێ دەکرێت (مقبولە)، بەڵام خۆپاراستنم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نەکەومە نێو کێشە و ڕاجیایی زانایان لەسەر حوکمی زانایانی فەرموودەناس بۆ پلەی فەرموودەکە.

پاشان ناوم لێ نا (جواهر)، واتە: گەوهەرەکان، بۆ ئەوەی بواری ڕەخنە کەمتر ببێتەوە لە بەندە و لە کارەکەی، ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین خوێندنەوەی هەر یەکێك لەو کتێبانە جێگرەوەی کتێبە بنەڕەتییەکە بێت، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆرترین فەرموودەی (صحیح)ـی ناو ئەو کتێبانە دەرهێنراون بە شێوەیەك ئاسان بێت بۆ خوێندنەوە و لەبەرکردن و ئاسانکردنی دەستاودەست پێکردنی کتێبەکان لەنێو خەڵکدا.

ئەوەی توانراوە هەوڵ دراوە و کراوە، ئەوەی نەکراوە داواکارم بە پشتیوانی خوا لە چاپەکانی داهاتوو بە پێشنیاری دڵسۆزانەی موسوڵمانان بتوانین پرۆژەکە باشتر و جوانتر بکەین و بەرەو پێشتری ببەین، کارێك بکەین شایستە بێت بە بێژە و پیت و وشە و ڕستانێك کە تێکهەڵکێشی هەناسەکانی ئەم زاتە پاکە موبارەکەن ﷺ.

لە کۆتاییدا دەمەوێت لە ناخی دڵمەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی ستافی پرۆژەی (پیت) بکەم بۆ ئەو هەوڵ و کۆششە بەردەوامەیان لە خزمەتکردن و سەرخستنی ئەم پرۆژە موبارەکە و لە ناخەوە سوپاسی ئەو (محسن) و چاکەکار و سەربازە ونانەش دەکەم هاوکارمان بوون بۆ بەچاپگەیاندنی ئەم کتێبە ناوازانە و خوا بەباشترین شێوە پاداشتی هەموومان بداتەوە و هەر خۆی وەرگری کردەوە چاکەکانە و پاداشتیش دەداتەوە، چونکە دڵنیاین کردەوەی باشی چاکەکاران زایە ناکات.

سیروان کاکە أحمد

هەولێر

٢٠٢٤\٢\٢ ز

بەرنامەی کارکردنمان لەم پرۆژەیە:

١. بۆ دەرهێنانی دەقی فەرموودەکان و ناونیشانەکان پشتمان بەستووە بە باشترین ئەو چاپ و نوسخانەی لەبەر دەست بوون.

٢. لە هەر شەش کتێب دەستکاری (کتاب) نەکراوە نە بە دەستکاریکردن و نە بە لابردن (حذف)، هەر پێشەوایەك لە نووسراوەکەی چەند (کتاب)ی وەك عینوان هێناوە دامانناوەتەوە وەك خۆی.

٣. سەرجەم فەرمووده (ضعیف) و (حسن)ەکانمان لابردوون، سەرباری لابردنی کۆی فەرموودە دووبارەکانی نێو کتێبەکان.

٤. هەر فەرموودەیەك (سبب ورود)ی لەگەڵ بووبێت هێناومانە، ئەمەش لەپێناو باشتر تێگەیشتن لە فەرموودەکە و زووتر گەیشتن بە مەبەستی گوترانەکەی یان ئەنجامدرانەکەی، جا فەرموودەکە (مرسل) بووبێت، یان (موقوف) بووبێت، یان (مرفوع).

٥. بۆ وەرگێڕانی کوردییەکە سوودمان بینیوە لە کۆی کتێبەکانی پرۆژەی پیت، بەڵام بەهۆی دەستکاریکردنی زۆری وەرگێڕانەکەوە نەمانتوانی ناوی هیچ وەرگێڕێك بنووسین، بۆیە لێرەوە زۆر سوپاس و پێزانینیان ئاڕاستە دەکەین و ئەوانیش خاوەنی ئەم پاداشتە نەبڕاوەن (إن شاء الله).

٦. لە دەقی عەرەبیدا هەر فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ بە ڕەنگی سوور نووسراوە و خراوەتە نێو دوو جووت کەوانەی بچووکەوە - « » -، بەهەمان شێوە لە واتا کوردییەکەشیدا خراوەتە نێو دوو جووت کەوانەوە و هەر بە ڕەنگی ڕەش نووسراوە.

٧. لەنێو وەرگێڕانە کوردییەکەدا لە هەر شوێنێك پێویست بە ڕوونکردنەوەی کورتی وەرگێڕ بووبێت، لەنێو دوو کەوانەی - ( ) - ڕەشدا ڕوونکردنەوە و شەرح نووسراوە.

٨. لە هەندێك شوێن ڕوونكردنەوەی زیاتر پێویست بووە نووسراوە (تێبینی:) و لە خوارەوە ڕوونكردنەوەكەی نووسراوە.

پوختەی ژیانی ئیمام ئەبو داود ﷺ

ناسنامە:

ئەو پێشەوایەی کە شێخی سوننەتە، سەرڕەوی هەموو حوفازەکانە، ئەویش ئەبو داودە، سولەیمانی کوڕی ئەشعەسی کوڕی ئیسحاقی کوڕی بەشیری کوڕی شەددادی، ئەزدی سیجیستانییە.

ئەزد: نیسبەتە بۆ ئەزدی کوڕی غەوسی کوڕی نەبتی کوڕی مالیکی کوڕی کەهلانی کوڕی سەبەئی کوڕی یەشجوبی کوڕی یەعرەبی کوڕی قەحتان، کە ئەزد هۆزێك بووە لە یەمەن.

سیجیستانیش: نیسبەتە بۆ سیجیستان، هەرێمێکە ئێستا دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای ئەفغانستان.

ئیمام ئەبو داود وەک خۆی باسی دەکات لە (٢٠٢هـ) لەدایک بووە لە سیجیستان.

وەک باسمان کرد ئەو عەرەبە و لە هۆزی ئەزدی یەمەنییە، یەکێک لە باپیرانی چووەتە ئەوێ لە کاتی فتوحاتی ئیسلامی، ئەوان جیهادیان کردووە لەپێناو خوا، پێشیان وا بووە دەبێت بکرێت بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و ببێتە جیهانگیر و هەموو جیهان دابگرێت، بۆیە ئەو موسوڵمانە تێکۆشەرانەی کە شارێکیان فەتح دەکرد لەو شارە نیشتەجێ دەبوون کە فەتحیان دەکرد.

هەوڵ و گەڕان و گەشتە زانستییەکانی:

ئیمام ئەبو داود ﷺ لە جەوێک و سەردەمێکی پڕاوپڕ لە زانست گەشەی کردووە، بەتایبەت زانستی فەرموودە و ڕیوایەت کە لە قەڕنی سێیەمی هیجری لە هەموو کاتێک زیاتر گرینگیی پێ دراوە، کە لەو سەردەمە کۆمەڵە ئەستێرەیەکی گەشی زۆر لە حوففازی گەورە و مەزن هەبوون، لەو سەردەمە باو بووە کە فێرخوازان بۆ بەدەستهێنانی زانست دەگەڕان، کەم فێرخواز هەبوو ئیللا نیشتیمان و شوێنی لەدایکبوونی خۆی جێ دەهێشت، ئیمام ئەبو داود ﷺ لەو زانایانەیە کە گەشتی بۆ کۆکردنەوەی زانست هەڵبژاردووە بەسەر مانەوە لە وڵات و لانکەی خۆی، لەپاش ئەوەی بنچینەکانی زانستی لە تەمەنی لاویدا بەدەست هێنا، فەرموودەی هەر لە شارەکەی خۆی سیجیستان و ناوچەکانی دەوروپشتی کۆ کردەوە و نووسییەوە، بۆیە چاوی خستە سەر پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامیی ئەو کاتە کە شاری بەغداد بوو، لانکەی زانست و زانیاری بوو، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر دوور و بە ماندووبوون بوو، بارگەی پێچایەوە چوو بۆ بەغداد لە هەرەتی لاویەتی کە ئەو کاتە تەمەنی نەبووە هەژدە ساڵ، خۆی باسی دەکات کە ئەو کاتەی گەیشتە بەغداد ساڵی (٢٢٠هـ) بوو، لەو سەردەمە دیارترین ئیمام ئەو چەند ئیمامانە بوون:

١. ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ت: ٢٤١هـ).

٢. ئیمام یەحیای کوڕی مەعین (ت: ٢٣٣هـ).

٣. ئیمام ئیبن ئەبو شەیبە (ت: ٢٣٥هـ).

٤. ئیمام ئیبن ڕاهەوەیهی (ت: ٢٣٨هـ).

٥. ئیمام ئەبو حاتیم (ت: ٢٥٠هـ).

٦. ئیمام ئەبو زورعە (ت: ٢٦٤هـ).

٧. ئیمام بوخاری (ت: ٢٥٦هـ).

٨. ئیمام زوهەیلی (ت: ٢٥٨هـ).

٩. ئیمام موسلیم (ت: ٢٦١هـ).

ڕەحمەتی خوای گەورە لە هەموویان، جگە لەوانەش کە نیشتنگەی دڵی فێرخواز و ڕازونیازی ئەوان بوون.

ئیمام ئەبو عەبدوڵلا ئیمام حاکیم دەڵێت: ئەبو داود ئیمام و پێشەوای ئەهلی حەدیس بوو لە سەردەمی خۆی هاوشانی نەبوو: گوێگرتن و ئامادەیی هەبووە لە میسڕ و حیجاز و شام و زانایانی عێراق و خوڕاسان، فەرموودەی لە خوڕاسان نووسییەوە پێش ئەوەی بچێتە عێراق لە ناوچەی خۆی و لە هەراتی (ئەفغانستان)، لە بەغلانی (ئەفغانستان) لە قوتەیبەوە ڕیوایەتی کردووە کە بە ئیبین سەعید بەناوبانگ بوو، لە شاری ڕەی لە ئیبڕاهیمی کوڕی مووسای وەرگرتووە، لە نەیسابووریش وەریگرتووە.

مامۆستاکانی:

لە گرینگترین ئەو مامۆستایانەی کە پێیان گەیشتووە و زانستی لێ وەرگرتوون بەگشتی و زانستی فەرموودەی لێ وەرگرتوون بەتایبەتی ئەو دووانەن: ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیمام یەحیای کوڕی مەعین، جگە لەوانەش لە چەندین مامۆستای دیکە زانستی وەرگرتووە، گرنگترینیان ئەوانەن:

١. ئەحمەدی کوڕی حەنبەل.

٢. یەحیای کوڕی مەعین.

٣. ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی.

٤. عوسمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو شەیبە.

٥. موسلیمی کوڕی ئیبڕاهیمی ئەزدادی.

٦. زوهەیری کوڕی حەربی کوڕی شەدداد.

٧. موسلیمی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئەزەدی ئەلفەڕاهیدی.

ڕەحمەتی خوای گەورە لە هەموویان.

قوتابییەکانی:

ئیمام ئەبو داود ﷺ وەک زانایانی سەردەمی خۆی هەموو لایەکی زانست و زانیاری گرتووە لە لوغە و فیقهـ و فەرموودە و تەفسیر و جگە لەو زانستانە، بۆئەوەی ببێتە جێ و مەبەستی فێرخوازانی زانستی شەرعی، تا پەیتا پەیتا لە هەموو شوێنێک و ناوچەیەک و کون و کەلەبەرێکەوە بێنە خزمەتی تا زانستی لێ وەرگرن، بەتایبەت زانستی فەرموودە کە دەستێکی باڵای هەبوو تێیدا، هەبوو لە قوتابییەکانی هەموو پەرتووکی (السنن)ـی وەردەگرت بە ڕیوایەت، هەشبوو هەندێک لەو فەرموودانەی وەردەگرت کە ئەو ڕیوایەتی کردووە، ئەوانە هەندێکن لە دیارترین قوتابییەکانی:

١. ئیمام ئەبو عیسای تورموزی.
٢. ئیمام ئەبو عبدوڕڕەحمانی نەسائی.
٣. ئەبو بەکری نەججاد.
٤. ئەبو سەعیدی کوڕی ئەعرابی کە ڕاوی سونەنەکەیەتی.
٥. ئەبو بەکر ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی خەللال.
٦. ئیسماعیلی کوڕی موحەممەدی صەففار.
٧. ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی یاسینی هەڕەوی.

ڕەحمەتی خوای گەورەیان لێ بێت، وە زۆرێکی دیکە لە قوتابییەکانی کە جیهانیان پڕ لە زانست کرد.

وتەی زانایان دەربارەی ئیمام ئەبو داود ﷺ:

زۆر ئاساییە هەر کەسێک قوتابی ئەو پیاوە گەورەیە بێت لە ئەهلی عیلم بگاتە مەرتەبەیەکی بەرز و گەورە و مەزن، کە ببێتە مایەی ئەوەی بە پەنجە ئاماژەی بۆ بکرێت وە لە هەموو شوێنێک ستاییش و باسی بکرێت و ئاماژەی بۆ بکرێت، بۆ کەسێک کە تێیدایە و شایەنیەتی بەو زیرەکی و بیرتیژی و زاکیرە بەهێزە و زیهنە کارایە، لەگەڵ ئەو دڵسۆزییەی کە هەیەتی بۆ خوای گەورە، چونکە مرۆڤ هەرچەندە لە ڕووی زانستەوە بگاتە ئەو پلەیە ناکرێت و مەحاڵە خودای گەورە

ئاوا بەرەکەت بخاتە کارەکەی و سەرکەوتووی بکات، وە کارەکانی ئاوا قبووڵ وەربگرن و زانایان ستاییشی بکەن، ئیللا ئەوە بە دڵسۆزی دەکرێت کە ئەو کەسە تەنها بۆ خوای گەورە کارەکانی ئەنجام بدات، ئەوانەش هەموویان لە ئیمام ئەبو داوددا ﷺ ڕەنگی دابوویەوە، هەموو زانایانی سەردەمی خۆی دانیان پێدا نابوو، ئەو پێشەوا بوو لە هەموو زانستەکان بەتایبەت زانستی فەرموودە، بەوەی قۆڵی خۆی تەواو لێ هەڵماڵیبوو، بۆیە تەواو شارەزا ببوو لێی.

ئیمام ئەبو بەکری خەللال دەڵێت: ئەبو داود ئیمام و پێشەوای سەردەمی خۆی بوو، پیاوێک کە کەس پێشی نەکەوتۆتەوە لە تەخریجکردن لە زانستی حەدیس، وە کەس وەک ئەو لە سەردەمی خۆی ئاوا کون و کەلەبەرەکانی زانستی فەرموودەی نەدەزانی، پیاوێکی خواناس و جیا بوو لەگەڵ خەڵکی و سەرمەشقی خواناسان بوو، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل فەرموودەیەکی لەوەوە گوێ لێ بووە کە ئەبو داود خۆی باسی دەکات، وە ئیبراهیمی ئەصفەهانی و ئەبوبەکری کوڕی صەدەقە زۆر بەگەورەیان دادەنا و وا باسیان دەکرد کە کەس لەو سەردەمەی ئەو وا بەگەورە باسی نەکراوە.

ئیمام ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی یاسینی هەڕەوی دەڵێت: ئەبو داود یەکێک بووە لە حوففازە گەورەکانی ئیسلام بەوەی حافیزی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو و زانستیشی پێ هەبوو و عیللەتی فەرموودە و سەنەدیشی هەمووی لەبەر بووە، ئەو پیاوە لە بەرزترین پلە بووە لە زوهد و تەقوا و پاکی و ئەهلی چاکە و خواناسی، کە یەکێک بووە لە سوارچاکانی فەرموودە.

ئیمام و حافیز مووسای کوڕی هاڕوون دەڵێت: خودای گەورە ئەبو داودی لە دونیا دروست کردووە بۆ فەرموودە، وە لە دواڕۆژیش بۆ بەهەشت. دەشڵێت: کەسم نەبینیوە گەورەتر بێت لە ئەبو داود.

عەللانی کوڕی عەبدولصەمەد دەڵێت: گوێم لە دەرسەکانی ئەبو داود بووە ئەو یەکێک بووە لە سوارچاکانی ئەو کارە.

ئەبو حاتیم ئیبن حیببان دەڵێت: ئەبو داود یەکێک بووە لە پێشەواکانی دونیا هەم لە ڕووی فیقهەوە هەمیش لە ڕووی هەموو زانستەکانەوە، لە ڕووی حیفز و لە ڕووی زوهد و تەقواوە، لە ڕووی خواناسی و خواپەرستییەوە، فەرموودەی کۆ کردۆتەوە و پەرتووکی لەسەر داناوە، بەرگریی لە سونەنەکەی خۆی کردووە و پاراستوویەتی، ڕەددی ئەو کەسەی دەدایەوە کە موخالەفەی سونەنەکەی دەکرد و ڕەئی خۆی دەردەبڕی و بەرانبەری دەوەستایەوە.

ئیمام ئەبو عەبدوڵڵای کوڕی مەندە دەڵێت: ئەوانەی کە فەرموودەی صەحیحیان تەخریج کردووە، وە فەرمووده جێگیر و ڕاستەکانیان جیا کردۆتەوە لە فەرموودە مەعلوولەکان کە کێشەیان هەیە و ڕاستییان لە هەڵە جودا کردۆتەوە لە فەرموودە، ئەوانەن: موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری، ئەبو حوسەین، موسلیمی کوڕی حەججاجی قوشەیری، لەدوای ئەو سێیانە ئەبو داود سولەیمانی کوڕی ئەشعەسی کوڕی ئیسحاقی سیجیستانییە، وە ئەبو عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەحمەدی کوڕی شوعەیبی نەسائی رحمهم الله.

ئیمام حاکیم ئەبو عەبدوڵڵا دەڵێت: ئەبو داود ئیمامی ئەهلی حەدیسە، ئەو هاوشانی نەبوو.

ئیمام نەوەوی دەڵێت: زانایان کۆدەنگن لەسەر ڕازیبوون و پیاهەڵدان بەسەر ئەبو داود، وە وەصفیان کردووە بە حیفزێکی تەواو، وە بە زانستی زۆر، وە بە کارجوانی لە کارەکەی و بە خواپەرستی و دینداری و فەهم و تێگەیشتنێکی قووڵ لە فەرموودە و هەموو زانستەکانی دیکە.

شێخی ئیسلام ئیمام ئیبن تەیمییە دەڵێت: ئەبو داود و بوخاری هەردووکیان ئیمام و پێشەوان لە فیقە و ئەهلی ئیجتیهادن.

ئیمام ئیبن عەبدولهادی دەڵێت: ئەبو داود ئیمام و بیرمەند و ژیرە، گەورەی حافیزەکانی فەرموودەیە.

ئیمام حافیزی زەھەبی دەڵێت: ئەبو داود پێشەوا و شێخی سوننەتە، وە پێشەوای هەموو حافیزەکانە. دەشڵێت: ئەبو داود لەگەڵ ئەوەی ئیمام و پێشەوا بووە لە فەرموودە و زانستەکانی فەرموودە، لەگەڵ ئەوەدا لە گەورەترینی شەرعزانان بووە، پەرتووکەکەی بەڵگەیە لەسەر ئەوە.

وەفاتی ئیمام ئەبو داود رحمه الله:

ئیمام ئەبو داود رحمه الله پاش ئەوەی جیهانی ئیسلامی زیاتر ڕازاندەوە بە زانست و زانیاری و بە فەرموودەکانی خۆشەویست بۆنخۆشی کرد، لە بەصرە لە ڕۆژی هەینی، لە شازدەی شەووالی، ساڵی (٢٧٥هـ) لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵی وەفاتی کرد، لە تەنیشت گۆڕی سوفیانی سەوری نێژرا (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای گەورە لە هەردووکیان بێت).

خوای گەورە بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوە بۆ ئەو خزمەتەی کە پێشکەشی ئیسلام و موسوڵمانانی کرد.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

وَصَلَّى اللهُ عَلَى سَيِّدنَا مُحَمَّد وآلِهِ وَصَحْبهِ وَمُحِبّيهِ

كِتَابُ الطَّهَارَةِ

پەرتووکی پاکوخاوێنی

بَابُ التَّخَلِّي عِنْدَ قَضَاءِ الْحَاجَةِ

باسی دوورکەوتنەوە و خۆپەنادان لە کاتی سەرئاوکردندا

١. عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا ذَهَبَ الْمَذْهَبَ أَبْعَدَ.

موغیرەی کوڕی شوعبە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ کاتێك دەچووە سەرئاو، دوور دەکەوتەوە (بۆئەوەی دیار نەبێت).

تێبینی:

ئەمە پێش ئەو کاتە بوو کە شوێنی سەرئاوکردن دروست بکرێت، بەڵام دوای ئەوەی شوێنی تایبەت بە سەرئاوکردن دروست کرا، کارەکە لە شوێنی خۆی ئەنجام دەدرا.

٢. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا أَرَادَ الْبَرَازَ انْطَلَقَ، حَتَّى لَا يَرَاهُ أَحَدٌ.

جابیری كوڕی عەبدوڵلا ﷺ دەگێڕێتەوە: كاتێك پێغەمبەر ﷺ ویستبای سەرئاو بكات، دەڕۆیشت (هەتا لەپێش چاوی خەڵك دوور دەكەوتەوە)، بۆئەوەی هیچ كەس نەیبینێت.

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا دَخَلَ الْخَلَاءَ

باسی ئەو (دوعایەی) مرۆڤ دەیڵێت لە كاتی چوونە سەرئاو

٣. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا دَخَلَ الْخَلَاءَ يَقُولُ: «أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ».

ئەنەسی كوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ كاتێك دەچووە سەرئاو دەیفەرموو: «پەنا دەگرم بە خوا (لە خراپە و زیانی) شەیتانە نێرینە و مێیینەكان».

تێبینی:

وەك زانایان فەرموویانە: چونكە شوێنی سەرئاوكردن، جێگای كۆبوونەوە و مانەوەی جن و شەیتانەكان و دەرخستنی عەورەتی مرۆڤە.

(الْخُبُث): كۆیە، واتە: شەیتانە نێرینەكان.

(الْخَبَائِث): كۆیە، واتە: شەیتانە مێیینەكان.

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَذْكُرُ اللَّهَ تَعَالَى عَلَى غَيْرِ طُهْرٍ

باسێك دەربارەی كەسێك كە بەبێدەستنوێژی یادی خوا بكات

٤. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَذْكُرُ اللَّهَ ﷻ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو حاڵەت و کاتەکانی یادی خوای دەکرد ﷻ. (کەواتە دەستنوێژت هەبێت یاخود نەتبێت زیکرکردن ئاساییە و دروستە، بەڵام باشتر وایە دەستنوێژت هەبێت).

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا خَرَجَ مِنَ الْخَلَاءِ

باسی ئەو (زیکرەی) مرۆڤ دەیڵێت لە کاتی دەرچوون لە سەرئاو

٥. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا خَرَجَ مِنَ الْغَائِطِ قَالَ: «غُفْرَانَكَ».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ کاتێك دەهاتەدەر لە سەرئاو دەیفەرموو: «خوایە داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم».

بَابُ السِّوَاكِ

باسی سیواك

٦. عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي، لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ».

زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی ﵁ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «ئەگەر قورس نەبووایە لەسەر ئوممەتەکەم، فەرمانم پێ دەکردن بە سیواککردن لە کاتی هەموو نوێژێك».

بَابُ فَرْضِ الْوُضُوءِ

باسی پێویستییەتی (فەرزییەتی) دەستنوێژ

٧. عَنْ أَبِي الْمَلِيحِ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا يَقْبَلُ اللَّهُ ﷻ صَدَقَةً مِنْ غُلُولٍ، وَلَا صَلَاةً بِغَيْرِ طُهُورٍ».

ئەبو مەلیح لە باوکیەوە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: خوا ﷻ صەدەقەیەك وەرناگرێت لە ماڵی دزیاری بێت، نوێژێکیش وەرناگرێت کە بەبێ دەستنوێژ بێت.

تێبینی:

(غُلُول): دزیکردنە لە غەنیمەت و دەستکەوتی جەنگ.

٨. عَنْ عَلِيٍّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مِفْتَاحُ الصَّلَاةِ الطُّهُورُ، وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ، وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ».

عەلی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دەسپێکی نوێژ دەستنوێژە، قەدەغەکراوەکانی بە گوتنی (الله أکبر) دەست پێ دەکات، بەهۆی سەلامدانەوە قەدەغەکراوەکان ڕێگەیان پێ دەدرێتەوە».

بَابُ الْمَاءِ لَا يُجْنِبُ

باسی ئەوەی کە ئاو پیس نابێت

٩. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: اغْتَسَلَ بَعْضُ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ فِي جَفْنَةٍ، فَجَاءَ النَّبِيُّ ﷺ

لِيَتَوَضَّأَ مِنْهَا أَوْ يَغْتَسِلَ، فَقَالَتْ: لَهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي كُنْتُ جُنُبًا؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ الْمَاءَ لَا يُجْنِبُ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ بە ئاوی جامێکی گەورە خۆی شوشت، جا پێغەمبەریش ﷺ هات و ویستی دەستنوێژ بە ئاوی ئەو جامە بشوات، یان خۆی پێ بشوات، (هاوسەرەکەی) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من لەشگران بووم، (ئایا ئەوە پیس نەبووە)؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بێگومان ئاوەکە پیس نابێت».

تێبینی:

هاوسەرەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە مەیموونە پووری ئیبن عەبباسە ﷺ نەچۆتە نێو جام، یان تەشتەکە خۆی بشوات، بەڵکوو بە دەستی ئاوی لەنێو تەشتەکە دەرهێناوە بۆ خۆشوشتن.

بَابُ الْوُضُوءِ بِسُؤْرِ الْكَلْبِ

باسی دەستنوێژ شوشتن بە ئاوی پاشماوەی سەگ

١٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «طُهُورُ إِنَاءِ أَحَدِكُمْ إِذَا وَلَغَ فِيهِ الْكَلْبُ، أَنْ يُغْسَلَ سَبْعَ مِرَارٍ، أُولَاهُنَّ بِتُرَابٍ».

ئەبو هورەیرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «پاکبوونەوەی قاپەکانتان ئەگەر سەگ دەمی تێ وەردابێت، بەوە دەبێت حەوت جار بشۆردرێت و جاری یەکەمیشیان بە قوڕ بێت».

١١. عَنِ ابْنِ مُغَفَّلٍ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَمَرَ بِقَتْلِ الْكِلَابِ، ثُمَّ قَالَ: «مَا لَهُمْ

وَلَهَا»، فَرَخَّصَ فِي كَلْبِ الصَّيْدِ، وَفِي كَلْبِ الْغَنَمِ وَقَالَ: «إِذَا وَلَغَ الْكَلْبُ فِي الْإِنَاءِ فَاغْسِلُوهُ سَبْعَ مِرَارٍ، وَالثَّامِنَةُ عَفِّرُوهُ بِالتُّرَابِ».

ئیبن موغەففەل ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ سەرەتا فەرمانی کرد بە کوشتنی سەگەکان، پاشان فەرمووی: «ئێوە چ کارتان پێیان هەیە»، پاشان ڕێگەی دا بە ڕاگرتنی سەگی ڕاو و سەگی لای مەڕ (لە ڕیوایەتێکی دیکەش ڕێگەی بە سەگی باخداری داوە)، فەرمووی: «ئەگەر سەگ دەمی خستە دەفرێکەوە، حەوت جار بیشۆن و جاری هەشتەمیش دەفرەکە بە قوڕاو بشۆن».

بَابُ سُؤْرِ الْهِرَّةِ

باسی پاشماوەی پشیلە

١٢. عَنْ كَبْشَةَ بِنْتِ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ - وَكَانَتْ تَحْتَ ابْنِ أَبِي قَتَادَةَ -: أَنَّ أَبَا قَتَادَةَ دَخَلَ فَسَكَبَتْ لَهُ وَضُوءًا، فَجَاءَتْ هِرَّةٌ فَشَرِبَتْ مِنْهُ، فَأَصْغَى لَهَا الْإِنَاءَ حَتَّى شَرِبَتْ، قَالَتْ كَبْشَةُ: فَرَآنِي أَنْظُرُ إِلَيْهِ، فَقَالَ: أَتَعْجَبِينَ يَا ابْنَةَ أَخِي؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّهَا لَيْسَتْ بِنَجَسٍ، إِنَّهَا مِنَ الطَّوَّافِينَ عَلَيْكُمْ وَالطَّوَّافَاتِ».

کەبشەی کچی کەعبی کوڕی مالیك -کە هاوسەری کوڕێکی ئەبو قەتادەیە-، دەگێڕێتەوە: ئەبو قەتادە هاتە ژوورەوە، منیش ئاوم بۆی دەڕژاندە دەفرێکەوە بۆ دەستنوێژ، پاشان پشیلەیەك هات و لە ئاوی دەفرەکەی خواردەوە، ئەویش دەفرەکەی بۆ لار کردەوە تا (پشیلەکە) ئاوی خواردەوە، کەبشە گوتی: پاشان بینیی سەیرم دەکرد، گوتی: ئەی برازای خۆم پێت سەیرە؟ منیش گوتم: بەڵێ، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «پشیلە پیس نییە، بەڵکوو پشیلە لەو گیاندارانەیە لەنێو ماڵەکانتان دێن و دەڕۆن و دەسووڕێنەوە».

تێبینی:

(الطَّوَّافِين): واتە وەکوو مرۆڤەکان و خزمەتکارەکانتان وان کە بە دەوری یەکدیدا دەسووڕێنەوە و لەنیو یەکدیدا دەژین.

(الطَّوَّافَات): واتە ئەو ئاژەڵانەی لەگەڵ مرۆڤ دەژین و تێکەڵیان بوونە وەکوو مەڕ و مانگا و بزن و وشتر، پشیلەش وەکوو مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان وایە، چۆن ئێوە خۆتان بەردەوام بەدەوری یەکدیدا دەسووڕێنەوە و دێن و دەڕۆن و تێکەڵ دەبن لەگەڵ یەکدی، بەهەمان شێوە پشیلەش ئاوایە.

١٣. عَنْ دَاوُدَ بْنِ صَالِحِ بْنِ دِينَارٍ التَّمَّارِ، عَنْ أُمِّهِ: أَنَّ مَوْلَاتَهَا أَرْسَلَتْهَا بِهَرِيسَةٍ إِلَى عَائِشَةَ ﵂، فَوَجَدَتْهَا تُصَلِّي، فَأَشَارَتْ إِلَيَّ أَنْ ضَعِيهَا، فَجَاءَتْ هِرَّةٌ، فَأَكَلَتْ مِنْهَا، فَلَمَّا انْصَرَفَتْ أَكَلَتْ مِنْ حَيْثُ أَكَلَتِ الْهِرَّةُ، فَقَالَتْ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّهَا لَيْسَتْ بِنَجَسٍ إِنَّمَا هِيَ مِنَ الطَّوَّافِينَ عَلَيْكُمْ»، وَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَتَوَضَّأُ بِفَضْلِهَا.

داودی کوڕی صالیحی کوڕی دیناری تەمار لە دایکیەوە دەگێڕێتەوە: گەورەکەی (خواردنی) هەریسەی پێدا ناردووە بۆ دایکمان عائیشە ﵂، بینیی وا نوێژ (ی سوننەت) دەکات، پاشان ئاماژەی بۆ کردم دایبنێم، پاشان پشیلەیەك هات و لێی خوارد، کاتێك پشیلەکە ڕۆیشت ئەویش لە هەمان شوێنی پشیلەکەوە لێی خوارد و فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «پشیلە پیس نییە، وەکوو مرۆڤەکان بەدەورتان دەسووڕێنەوە و دێن و دەچن لەگەڵتان»، بینیومە پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاشماوەی ئاوی پشیلە دەستنوێژی گرتووە.

بَابُ الْوُضُوءِ بِمَاءِ الْبَحْرِ

باسی دەستنوێژ شوشتن بە ئاوی دەریا

١٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ يَقُولُ: سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ ﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نَرْكَبُ الْبَحْرَ، وَنَحْمِلُ مَعَنَا الْقَلِيلَ مِنَ الْمَاءِ، فَإِنْ تَوَضَّأْنَا بِهِ عَطِشْنَا، أَفَنَتَوَضَّأُ بِمَاءِ الْبَحْرِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «هُوَ الطَّهُورُ مَاؤُهُ الْحِلُّ مَيْتَتُهُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پیاوێک پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە (سواری کەشتی دەبین) دەچینە نێو دەریا، کەمێك ئاو لەگەڵ خۆماندا هەڵدەگرین، ئەگەر دەستنوێژی پێ بشۆین تینوومان دەبێت، ئایا بە ئاوی دەریا دەستنوێژ بشۆین؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئاوی دەریا پاکە، مردارەوەبووی نێویشی حەڵاڵە».

بَابٌ أَيُصَلِّي الرَّجُلُ وَهُوَ حَاقِنٌ؟

باسێك دەربارەی ئەوەی ئایا پیاو دەتوانێت لە تەنگاویدا نوێژ بکات؟

١٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الْأَرْقَمِ ﵁: أَنَّهُ خَرَجَ حَاجًّا، أَوْ مُعْتَمِرًا وَمَعَهُ النَّاسُ، وَهُوَ يَؤُمُّهُمْ، فَلَمَّا كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ أَقَامَ الصَّلَاةَ، صَلَاةَ الصُّبْحِ، ثُمَّ قَالَ: لِيَتَقَدَّمْ أَحَدُكُمْ وَذَهَبَ إِلَى الْخَلَاءِ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، يَقُولُ: «إِذَا أَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يَذْهَبَ الْخَلَاءَ وَقَامَتِ الصَّلَاةُ، فَلْيَبْدَأْ بِالْخَلَاءِ».

عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەم ﵁ دەگێڕێتەوە: کە دەرچووە بۆ حەج یان عومرە و خەڵکیشی لەگەڵ بوو، پێشەوایان بوو، جا ڕۆژێکیان لە کاتێکدا کە قامەت کرا بۆ نوێژی بەیانی، پاشان گوتی: با کەسێکتان بێتە پێشەوە و پێشنوێژی بکات، خۆی

چوو بۆ سەرئاو، فەرمووی: من گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «ئەگەر یەکێکتان ویستی بچێتە سەرئاو و قامەتی نوێژ کرا، با بچێتە سەرئاو».

تێبینی:

هۆکارەکەی ئەوەیە: دەستنوێژەکەی نوێ دەکاتەوە، چونکە نوێژخوێن لەو حاڵەتەدا دڵی لای نوێژەکە نابێت.

بَابُ الْإِسْرَافِ فِي الْمَاءِ

باسی زیادەڕۆییکردن لە (بەکارهێنانی) ئاودا

١٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ رضي الله عنه: سَمِعَ ابْنَهُ يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْقَصْرَ الْأَبْيَضَ، عَنْ يَمِينِ الْجَنَّةِ إِذَا دَخَلْتُهَا، فَقَالَ: أَيْ بُنَيَّ، سَلِ اللَّهَ الْجَنَّةَ، وَتَعَوَّذْ بِهِ مِنَ النَّارِ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّهُ سَيَكُونُ فِي هَذِهِ الْأُمَّةِ قَوْمٌ يَعْتَدُونَ فِي الطَّهُورِ وَالدُّعَاءِ».

عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: گوێی لە کوڕەکەی بووە (لە کاتی دوعا) دەیگوت: خوایە داوای کۆشکە سپییەکەی لای ڕاستی بەهەشتت لێ دەکەم ئەگەر چوومە نێو بەهەشت، ئەویش پێی گوت: کوڕم داوای چوونە بەهەشت لە خوا بکە و پەنای پێ بگرە لە چوونە دۆزەخ، چونکە گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «لە داهاتوودا لەنێو ئوممەتەکەم کەسانێك زێدەڕۆیی دەکەن لە دەستنوێژ شوشتن و پاڕانەوەدا».

بَابٌ فِي إِسْبَاغِ الْوُضُوءِ

باسێك دەربارەی جوان دەستنوێژ شوشتن

١٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ رَأَى قَوْمًا وَأَعْقَابُهُمْ تَلُوحُ، فَقَالَ: «وَيْلٌ لِلْأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ، أَسْبِغُوا الْوُضُوءَ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ کەسانێکی بینی لە کاتی دەستنوێژ پاژنەی پێیان بریقەی دەهات و وشك دیار بوو، ئەویش فەرمووی: «سزای سەخت بۆ ئەو پاژنەپێیانە، دەستنوێژ بەجوانی بشۆن».

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يُدْخِلُ يَدَهُ فِي الْإِنَاءِ قَبْلَ أَنْ يَغْسِلَهَا

باسێك دەربارەی ئەوەی کەسێك پێش دەستشوشتن دەست بخاتە نێو دەفری ئاوەکە

١٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ، فَلَا يُدْخِلْ يَدَهُ فِي الْإِنَاءِ حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ، أَوْ أَيْنَ كَانَتْ تَطُوفُ يَدُهُ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو، دەیفەرموو: «ئەگەر لە شەودا یەکێکتان لە خەو هەستا با دەستی نەخاتە نێو دەفرێکەوە هەتا سێ جار دەستی دەشوات، چونکە نازانێت دەستی لەکوێ بووە و بەر چ شتێك کەوتووە».

بَابُ صِفَةِ وُضُوءِ النَّبِيِّ ﷺ

باسی چۆنیەتی دەستنوێژی پێغەمبەر ﷺ

١٩. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى قَالَ: رَأَيْتُ عَلِيًّا رضي الله عنه تَوَضَّأَ فَغَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثًا، وَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ ثَلَاثًا، وَمَسَحَ بِرَأْسِهِ وَاحِدَةً، ثُمَّ قَالَ: هَكَذَا تَوَضَّأَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ.

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبو لەیلا دەڵێت: بینیم عەلی رضي الله عنه دەستنوێژی شوشت، جا سێ جار ڕوخساری شووشت، هەردوو باسکی سێ جار شووشت (بە ئانیشکیەوە)، یەك جار مەسحی سەری کرد، پاشان گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ بەم شێوەیە دەستنوێژی دەشوشت.

بَابُ تَخْلِيلِ اللِّحْيَةِ

باسی دەست خستنە نێو ڕیش (لە کاتی دەستنوێژ)

٢٠. عَنْ أَنَسِ ابْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا تَوَضَّأَ، أَخَذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَأَدْخَلَهُ تَحْتَ حَنَكِهِ فَخَلَّلَ بِهِ لِحْيَتَهُ، وَقَالَ: «هَكَذَا أَمَرَنِي رَبِّي عز وجل».

ئەنەسی کوڕی مالیك رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك دەستنوێژی دەشوشت، مشتێك ئاوی هەڵدەگرت دەیخستە ژێر چەناگەیەوە، دەستی دەخستە نێو ڕیشی بۆئەوەی تەڕ ببێت، وە دەیفەرموو: «بەم شێوازە پەروەردگارم عز وجل فەرمانی پێ کردووم».

بَابُ الْمَسْحِ عَلَى الْخُفَّيْنِ

باسی مەسحکردن لەسەر خوففەکان

٢١. عَنِ الْمُغِيرَةِ ﷺ قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي رَكْبِهِ وَمَعِي إِدَاوَةٌ فَخَرَجَ لِحَاجَتِهِ، ثُمَّ أَقْبَلَ فَتَلَقَّيْتُهُ بِالْإِدَاوَةِ فَأَفْرَغْتُ عَلَيْهِ فَغَسَلَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ، ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يُخْرِجَ ذِرَاعَيْهِ، وَعَلَيْهِ جُبَّةٌ مِنْ صُوفٍ مِنْ جِبَابِ الرُّومِ، ضَيِّقَةُ الْكُمَّيْنِ، فَضَاقَتْ فَادَّرَعَهُمَا ادِّرَاعًا، ثُمَّ أَهْوَيْتُ إِلَى الْخُفَّيْنِ لِأَنْزَعَهُمَا، فَقَالَ لِي: «دَعِ الْخُفَّيْنِ، فَإِنِّي أَدْخَلْتُ الْقَدَمَيْنِ الْخُفَّيْنِ وَهُمَا طَاهِرَتَانِ فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا».

موغیرەی کوڕی شوعبە ﷺ دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بووین (لە گەشتێکدا)، قاپێکم پێ بوو ئاوی تێدا بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆ سەرئاو، دوایی هاتەوە، منیش بە ئاوەوە چووم بەرەو ڕووی، ئاوم بە دەستیدا کرد، دەستی و ڕوخساری شوشت، پاشان ویستی قۆڵەکانی بێنێتەدەر، جوببەیەکی صوفی لەبەر بوو بە جوببەی ڕۆمەکان دەچوو، قۆڵەکانی تەسك بوو دەستی بۆ دەرنەدەهێنرا، لەژێر جوببەکەوە دەستی دەرهێنا باسکی شوشت، پاشان داهاتمەوە بۆئەوەی خوففەکانی لەپێ دابکەنم، پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو: «واز بهێنە لە خوففەکان، کە لەپێم کردوون، (پێیەکانم) پاك بوون (واتە: دەستنوێژم هەبوو)، بۆیە تەنها مەسحی کردن».

بَابُ التَّوْقِيتِ فِي الْمَسْحِ

باسی کاتدانان بۆ مەسحکردن

٢٢. عَنْ خُزَيْمَةَ بْنِ ثَابِتٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْمَسْحُ عَلَى الْخُفَّيْنِ لِلْمُسَافِرِ ثَلَاثَةُ أَيَّامٍ، وَلِلْمُقِيمِ يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ».

خوزەیمەی کوڕی سابیت ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «(ماوەی) مەسحکردن بەسەر خوفەکانەوە بۆ گەشتیار سێ ڕۆژە، هەروەها بۆ کەسی نیشتەجێ ڕۆژ و شەوێکە».

بَابُ كَيْفَ الْمَسْحُ

باسی چۆنیەتی مەسحکردن

٢٣. عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَمْسَحُ عَلَى الْخُفَّيْنِ.

موغیرەی کوڕی شوعبە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ مەسحی لەسەر خوفەکانی دەکرد.

٢٤. عَنْ عَلِيٍّ رضي الله عنه قَالَ: لَوْ كَانَ الدِّينُ بِالرَّأْيِ لَكَانَ أَسْفَلُ الْخُفِّ أَوْلَى بِالْمَسْحِ مِنْ أَعْلَاهُ، وَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَمْسَحُ عَلَى ظَاهِرِ خُفَّيْهِ.

عەلی رضي الله عنه دەڵێت: ئەگەر ئایین بە بیروبۆچوون و ئەقڵ بووایە، دەبووایە ژێر خوفەکان مەسح بکرایە نەك سەری (لەبەر ئەوەی ژێر خوفف پیس دەبێت)، بەڵام بینیومە پێغەمبەری خوا ﷺ مەسحی لەسەر خوفەکە کردووە.

تێبینی:

فەرموودەی پێشەوا عەلی رضي الله عنه ئەوەی لێ ناخوێندرێتەوە کە ئەقڵ هیچ دەوری نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەبێ ئەقڵ لە ئایین تێناگەین، بەڵام ئەو مەبەستی ئەوەیە کە ئەقڵ بەبێ ڕێنمایی نەقڵ (شەریعەت) ناتوانێت سەر لە ئەحکامەکان دەربکات، بەتایبەت لە عیبادەتەکاندا، ئەگەرنا لە کاروباری دونیادا دەستمان کراوەیە بۆ بەکارهێنانی ئەقڵ، نەك هەر ئەوە، بەڵکوو لە زۆر شوێنی قوڕئان و فەرموودەدا

فەرمانمان پێ کراوە کە ئەقڵ بەکار بێنین و لەسەرمان پێویستە.

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا تَوَضَّأَ

باسی ئەو زیکرەی کە مرۆڤ لەدوای دەستنوێژ دەیڵێت (لە زیکرەکان)

٢٥. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ رضي الله عنه قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللهِ ﷺ خُدَّامَ أَنْفُسِنَا، نَتَنَاوَبُ الرِّعَايَةَ - رِعَايَةَ إِبِلِنَا - فَكَانَتْ عَلَيَّ رِعَايَةُ الْإِبِلِ، فَرَوَّحْتُهَا بِالْعَشِيِّ، فَأَدْرَكْتُ رَسُولَ اللهِ يَخْطُبُ النَّاسَ، فَسَمِعْتُهُ يَقُولُ: «مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ الْوُضُوءَ، ثُمَّ يَقُومُ فَيَرْكَعُ رَكْعَتَيْنِ، يُقْبِلُ عَلَيْهِمَا بِقَلْبِهِ وَوَجْهِهِ، إِلَّا قَدْ أَوْجَبَ»، فَقُلْتُ: بَخٍ بَخٍ، مَا أَجْوَدَ هَذِهِ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ الَّتِي قَبْلَهَا: يَا عُقْبَةُ، أَجْوَدُ مِنْهَا، فَنَظَرْتُ فَإِذَا هُوَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ، فَقُلْتُ: مَا هِيَ يَا أَبَا حَفْصٍ؟ قَالَ: إِنَّهُ قَالَ آنِفًا قَبْلَ أَنْ تَجِيءَ: «مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ الْوُضُوءَ، ثُمَّ يَقُولُ حِينَ يَفْرُغُ مِنْ وُضُوئِهِ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، إِلَّا فُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيَةُ، يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا».

عوقبەی کوڕی عامیر رضي الله عنه دەڵێت: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بووین خزمەتی خۆمان دەکرد، بەنۆرە لەلای حوشترەکان دەبووین و چاودێریمان دەکردن، کە نۆرەی من بوو لەلای حوشترەکان بم (چاودێرییان بکەم، بیانلەوەڕێنم) بە شەو حوشترەکانم هێنایەوە بۆ مۆڵگەکەیان، بە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتم و فریای کەوتم، وتاری بۆ خەڵك دەدا گوێم لێ بوو دەیفەرموو: «هیچ یەکێك لە ئێوە نییە بەجوانترین شێوە دەستنوێژ بشوات، پاشان هەڵسێت دوو ڕکات نوێژ بکات، بە دڵ و بە ڕووحی ئاگای لە نوێژەکەی بێت، مسۆگەر بەهەشتی بۆ پێویست دەبێت، گوتم: بەخ بەخ، ئەمە چەند شتێکی چاك و باشە، پیاوێك لەپێشم بوو، گوتی: ئەی عوقبە ئەوەی پێش ئەمە کە پێغەمبەر ﷺ باسی

کرد لە ئەمە چاکتریش بوو، کاتێك سەیر دەکەم عومەری کوڕی خەتتابە ﵁، گوتم: ئەی باوکی حەفص (ئەم شتە) چییە؟ گوتی: پێش ئەوەی تۆ بێیت بۆ ئێرە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «هیچ یەکێك نییە لە ئێوە کە بەجوانترین دەستنوێژ بشوات، پاشان دوای ئەوەی لە دەستنوێژەکە تەواو بوو بڵێت: شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە خوا، خوا تاك و تەنهایە و بێهاوتایە، شایەتیش دەدەم کە موحەممەد بەندە و پێغەمبەری خوایە، مسۆگەر هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە، لە هەر کامیانەوە ویستی لێ بێت لەوێوە دەچێتە ژوورەوە».

بَابُ الرَّجُلِ يُصَلِّ الصَّلَوَاتِ بِوُضُوءٍ وَاحِدٍ

باسی کەسێك هەر پێنج نوێژەکە بە یەك دەستنوێژەوە بکات

٢٦. عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَوْمَ الْفَتْحِ خَمْسَ صَلَوَاتٍ بِوُضُوءٍ وَاحِدٍ، وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ، فَقَالَ لَهُ عُمَرُ: إِنِّي رَأَيْتُكَ صَنَعْتَ الْيَوْمَ شَيْئًا لَمْ تَكُنْ تَصْنَعُهُ، قَالَ: «عَمْدًا صَنَعْتُه».

سولەیمانی کوڕی بورەیدە لە باوکیەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەتحی مەککەدا پێنج نوێژی فەرزی بە یەك دەستنوێژ کرد، مەسحی لەسەر خوففەکانیشی کرد، عومەر ﵁ پێی گوت: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەمڕۆ شتێکم بینی ئەنجامت دا پێشتر وات نەدەکرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «(ئەی عومەر) بەئەنقەست وام کرد (تاکوو ببێتە یاسا و شەرع)».

بَابٌ إِذَا شَكَّ فِي الْحَدَثِ

باسێك دەربارەی ئەوە ئەگەر کەسێك گومانی هەبوو لە دەستنوێژشکانی

٢٧. عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ، عَنْ عَمِّهِ ﵁ قَالَ: شُكِيَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ الرَّجُلُ يَجِدُ الشَّيْءَ فِي الصَّلَاةِ حَتَّى يُخَيَّلَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: «لَا يَنْفَتِلْ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا، أَوْ يَجِدَ رِيحًا».

عەببادی کوڕی تەمیم، لە مامیەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: سکاڵا کرا لەلای پێغەمبەر ﷺ ئەگەر پیاوێك لەنێو نوێژدا هەست بە شتێك بکات (جا دەنگ، یان بۆن)، هەتا وای لێ دێت گومان دەبات دەستنوێژی شکاوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «با واز لە نوێژەکەی نەهێنێت، هەتا گوێی لە دەنگێك دەبێت، یان بۆنێك دەکات».

٢٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلَاةِ فَوَجَدَ حَرَكَةً فِي دُبُرِهِ، أَحْدَثَ أَوْ لَمْ يُحْدِثْ، فَأَشْكَلَ عَلَيْهِ فَلَا يَنْصَرِفْ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا، أَوْ يَجِدَ رِيحًا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە لەنێو نوێژدا هەستی بە جووڵەیەك کرد لە دواوەی، (هاتە دڵی) ئایا دەستنوێژی شکاوە یان نەشکاوە، کێشەی بۆ دروست بوو، با نوێژەکەی بەجێ نەهێڵێت هەتا بەدڵنیاییەوە گوێی لە دەنگێك دەبێت، یان بۆنێك دەکات».

بَابٌ فِي الْوُضُوءِ مِنَ النَّوْمِ

باسێك دەربارەی دەستنوێژ شوشتنەوە بەهۆی خەوتن

٢٩. عَنْ أَنَسٍ ﵁ قَالَ: كَانَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللهِ ﷺ يَنْتَظِرُونَ الْعِشَاءَ الْآخِرَةَ حَتَّى

تَخْفِقَ رُءُوسُهُمْ، ثُمَّ يُصَلُّونَ وَلَا يَتَوَضَّئُونَ.

ئەنەس ﵁ دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ چاوەڕێی نوێژی عیشای کۆتاییان دەکرد، (لەبەر ئەوەی بە نوێژی مەغریبیش هەر دەگوترا: عیشا)، تا خەو دەیبردنەوە و سەریان بەملاولادا دەهات، پاشانیش نوێژیان دەکرد و دەستنوێژیان نەدەشوشتەوە.

تێبینی:

کەواتە: ئەگەر کەسێك دەستنوێژی هەبوو و بەدانیشتنەوە خەو بردیەوە، ئەوە لەبەر ئەوەی بەچەسپاوی و جێگیری دانیشتووە، دەستنوێژی ناشکێنێت).

بَابٌ فِي الْمَذْيِ

باسێك دەربارەی مەزی

٣٠. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَعْدٍ الْأَنْصَارِيِّ ﵁ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَمَّا يُوجِبُ الْغُسْلَ، وَعَنِ الْمَاءِ يَكُونُ بَعْدَ الْمَاءِ، فَقَالَ: «ذَاكَ الْمَذْيُ، وَكُلُّ فَحْلٍ يَمْذِي، فَتَغْسِلُ مِنْ ذَلِكَ فَرْجَكَ وَأُنْثَيَيْكَ، وَتَوَضَّأْ وُضُوءَكَ لِلصَّلَاةِ».

عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی ئەنصاری ﵁ دەڵێت: پرسیارم لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد لەو شتانەی خۆشوشتن پێویست دەکەن، هەروەها لە ئاو لەدوای ئاو (مەزی لەدوای مەزی، کە دێت خۆشوشتن پێویست دەکات)؟ فەرمووی: «ئەو ئاوەی کە تۆ باسی دەکەی مەزییە، هەموو نێرێك مەزی هەیە، دامێنت بەتەواوی بشۆ، دەستنوێژ بشۆوە وەکوو چۆن دەستنوێژ بۆ نوێژ دەشۆیت (واتە: دەستنوێژ دەشکێنێت، بەڵام خۆشوشتن پێویست ناکات)».

بَابُ الْوُضُوءِ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ

باسی دەستنوێژ شوشتنەوە بۆ كەسێك كە دەیەوێت دووبارە سەرجێیی بكات

٣١. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ، ثُمَّ بَدَا لَهُ أَنْ يُعَاوِدَ، فَلْيَتَوَضَّأْ بَيْنَهُمَا وُضُوءًا».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «ئەگەر یەكێك لە ئێوە چووە لای خێزانی (سەرجێیی لەگەڵدا كرد)، پاشان هەستی كرد دەیەوێت دووبارە سەرجێیی لەگەڵ بكاتەوە، با لەو نێوانەدا دەستنوێژێك بشوات».

بَابٌ فِي الْجُنُبِ يَنَامُ

باسێك دەربارەی خەوتنی كەسی لەشگران

٣٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: ذَكَرَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ: أَنَّهُ تُصِيبُهُ الْجَنَابَةُ مِنَ اللَّيْلِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «تَوَضَّأْ وَاغْسِلْ ذَكَرَكَ، ثُمَّ نَمْ».

عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ﵄ دەڵێت: عومەری كوڕی خەتتاب پرسیاری (بۆ عەبدوڵڵای كوڕی) كردووە كە لە شەودا تووشی لەشگرانی دەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: «(پێی بڵێ) دامێنت بشۆ و دەستنوێژیش بگرە، ئینجا بخەوە».

بَابٌ فِي الْجُنُبِ يُصَافِحُ

باسێك دەربارەی تەوقەكردنی كەسی لەشگران

٣٣. عَنْ حُذَيْفَةَ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَقِيَهُ فَأَهْوَى إِلَيْهِ، فَقَالَ: إِنِّي جُنُبٌ، فَقَالَ: «إِنَّ الْمُسْلِمَ لَا يَنْجُسُ».

حوزەیفە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ پێی گەیشت، (پێغەمبەری خوا ﷺ) دەستی بۆ درێژ كرد بۆئەوەی تەوقە بكات، گوتی: من لەشگرانم، فەرمووی: «بێگومان مرۆڤی موسوڵمان پیس نابێت».

بَابٌ فِي الْجُنُبِ يُصَلِّ بِالْقَوْمِ وَهُوَ نَاسٍ

باسێك دەربارەی ئیمام كە لەشگران بێت و پێشنوێژیی بۆ خەڵك بكات و لەبیری نەبێت

٣٤. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ دَخَلَ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ، فَأَوْمَأَ بِيَدِهِ أَنْ مَكَانَكُمْ، ثُمَّ جَاءَ وَرَأْسُهُ يَقْطُرُ فَصَلَّى بِهِمْ.

ئەبو بەكرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ چووە نێو نوێژی بەیانییەوە، بە دەستی ئاماژەی كرد لە شوێنی خۆتان بمێننەوە، (ڕۆیشت) پاشان هاتەوە ئاو بەسەریدا دەچۆڕایەوە (چووە ماڵ خۆی شوشت و هاتەوە)، ئینجا پێشنوێژیی بۆ كردن.

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَجِدُ الْبِلَّةَ فِي مَنَامِهِ

باسێك دەربارەی ئەو كەسەی لە خەودا تەڕی ببینێت

٣٥. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنِ الرَّجُلِ يَجِدُ الْبَلَلَ وَلَا يَذْكُرُ احْتِلَامًا، قَالَ: «يَغْتَسِلُ»، وَعَنِ الرَّجُلِ يَرَى أَنَّهُ قَدِ احْتَلَمَ وَلَا يَجِدُ الْبَلَلَ، قَالَ: «لَا غُسْلَ عَلَيْهِ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پرسیار كرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێك لە خەویدا خەبەری دەبێتەوە تەڕییەك دەبینێت، هیچ لەبیریشی نییە كە خەوی بینیبێت، فەرمووی: «خۆی دەشوات (واتە: دەبێت خۆی بشوات)»، دەربارەی پیاوێكیش خەبەری دەبێتەوە دەزانێت خەوی بینیوە (لەگەڵ ئافرەت جوت بووە)، بەڵام خەبەری دەبێتەوە تەڕی (مەنی) نابینێت، فەرمووی: «خۆشوشتنی لەسەر نییە».

بَابٌ فِي الْغُسْلِ مِنَ الْجَنَابَةِ

باسێك دەربارەی خۆشوشتن بەهۆی لەشگرانی

٣٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا اغْتَسَلَ مِنَ الْجَنَابَةِ دَعَا بِشَيْءٍ مِنْ نَحْوِ الْحِلَابِ، فَأَخَذَ بِكَفَّيْهِ فَبَدَأَ بِشِقِّ رَأْسِهِ الْأَيْمَنِ، ثُمَّ الْأَيْسَرِ، ثُمَّ أَخَذَ بِكَفَّيْهِ، فَقَالَ بِهِمَا عَلَى رَأْسِهِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بەهۆی لەشگرانییەوە خۆی شوشتبا داوای هەندێك (ئاو)ی دەكرد بەئەندازەی حیلابێك، ئینجا بە هەردوو لوێچی دەستی ئاوی هەڵدەگرت و سەرەتا بە بەشی لای ڕاستی سەری دەستی پێ دەكرد، پاشان لای چەپ، پاشان بە هەردوو لوێچی ئاوی هەڵدەگرت و بەسەر سەریدا دەكرد.

تێبینی:

(الْحِلَاب): جۆره دەفرێك بووه شيريان تێ كردووه.

بَابٌ فِي الْمَرْأَةِ هَلْ تَنْقُضُ شَعْرَهَا عِنْدَ الْغُسْلِ

باسێك دەربارەی ئەوەی كه ئافرەت قژی بەستبوو، بۆ خۆشوشتن دەیكاتەوە

٣٧. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَتْ إِحْدَانَا إِذَا أَصَابَتْهَا جَنَابَةٌ أَخَذَتْ ثَلَاثَ حَفَنَاتٍ - هَكَذَا تَعْنِي بِكَفَّيْهَا جَمِيعًا - فَتَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا، وَأَخَذَتْ بِيَدٍ وَاحِدَةٍ فَصَبَّتْهَا عَلَى هَذَا الشِّقِّ، وَالْأُخْرَى عَلَى الشِّقِّ الْآخَرِ.

عائيشه ﵂ دەڵێت: یەكێك له ئێمه (خێزانانی پێغەمبەر ﷺ) ئەگەر تووشی لەشگرانی بووایه، سێ مشت ئاوی هەڵدەگرت -بەم شێوازه به هەردوو دەستی- ئاوی دەكرد به سەریدا، ئینجا مشتێك ئاوی به لای ڕاستیدا دەكرد، مشتێكی دیكەشی به لای چەپیدا دەكرد.

بَابٌ فِي مُؤَاكَلَةِ الْحَائِضِ وَمُجَامَعَتِهَا

باسێك دەربارەی خواردن و تێكەڵاوی لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار

٣٨. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَضَعُ رَأْسَهُ فِي حِجْرِي فَيَقْرَأُ وَأَنَا حَائِضٌ.

عائيشه ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ سەری دەكرده كۆشم و قورئانی دەخوێند، له كاتێكدا من حەیزدار بووم.

تێبینی:

ڕوونە کە قوڕئانەکەی لەبەر خوێندووە، ئەگەر مرۆڤ موصحەفی پێ بێت، جوان نییە بەڕاکشانەوە لەسەر موصحەفەکە بخوێنێت، بەڵام ئەگەر قوڕئانەکەی لەبەر بوو دیارە کێشەی نییە.

بَابٌ فِي إِتْيَانِ الْحَائِضِ

باسێك دەربارەی چوونە لای ئافرەتی حەیزدار (بۆ سەرجێیی)

٣٩. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: فِي الَّذِي يَأْتِي امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ، قَالَ: «يَتَصَدَّقُ بِدِينَارٍ أَوْ نِصْفِ دِينَارٍ».

ئیبن عەبباس ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: (پرسیاری لێ کرا) دەربارەی پیاوێك کە بچێتە لای خێزانی لە حەیزدا و سەرجێیی لەگەڵدا بکات، فەرمووی: «دینارێك یان نیو دینار کەفارەتی دەکەوێتە سەر (دەبێت بیدات)».

٤٠. عَنْ عِكْرِمَةَ عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا أَرَادَ مِنَ الْحَائِضِ شَيْئًا أَلْقَى عَلَى فَرْجِهَا ثَوْبًا.

عیکریمە دەگێڕێتەوە لە هەندێك لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ (گوتوویانە): پێغەمبەر ﷺ ئەگەر شتێکی لە هاوسەرەکانی بویستایە کە لە حەیزدا بوون (وەك نزیکبوونەوە)، پارچەیەك قوماشی بەسەر دامێنیدا دەدا (بۆئەوەی کە لاشەیان بە ڕووتی بەریەك نەکەوێت).

بَابُ مَنْ رَوَى أَنَّ: الْحَيْضَةَ إِذَا أَدْبَرَتْ لَا تَدَعُ الصَّلَاةَ

باسی ئەوانەی ڕیوایەتی ئەوەیان کردووە: ئەگەر حەیز تەواو بوو ئافرەت واز لە نوێژ ناهێنێت

٤١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ أَبِي حُبَيْشٍ ﵂، جَاءَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَتْ إِنِّي امْرَأَةٌ أُسْتَحَاضُ فَلَا أَطْهُرُ أَفَأَدَعُ الصَّلَاةَ؟ قَالَ: «إِنَّمَا ذَلِكَ عِرْقٌ، وَلَيْسَتْ بِالْحَيْضَةِ، فَإِذَا أَقْبَلَتِ الْحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلَاةَ، وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ، ثُمَّ صَلِّي».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: فاتیمەی کچی ئەبو حوبەیش ﵂ هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: من ئافرەتێکم تووشی خوێنچرکە دەبم، (پاك نابمەوە بەردەوام خوێنم هەیە) ئایا واز لە نوێژ بهێنم؟ فەرمووی: «ئەمە دەمارە و حەیز نییە، کاتێك حەیزەکەت هات واز لە نوێژ بهێنە، کە حەیزت تەواو بوو، ئەوە خۆت بشۆ، خۆت لە خوێنەکە پاك بکەوە و نوێژ بکە (ئەوە بۆ ئەو ئافرەتانەیە کە کات و ماوەی عادەبوونیان دەزانن)».

بَابُ التَّيَمُّمِ

باسی تەیەمموومکردن

٤٢. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبْزَى قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ عُمَرَ ﵁، فَجَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: إِنَّا نَكُونُ بِالْمَكَانِ الشَّهْرَ وَالشَّهْرَيْنِ فَقَالَ عُمَرُ: أَمَّا أَنَا فَلَمْ أَكُنْ أُصَلِّي حَتَّى أَجِدَ الْمَاءَ. قَالَ: فَقَالَ عَمَّارٌ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ أَمَا تَذْكُرُ إِذْ كُنْتُ أَنَا وَأَنْتَ فِي الْإِبِلِ، فَأَصَابَتْنَا جَنَابَةٌ، فَأَمَّا أَنَا، فَتَمَعَّكْتُ، فَأَتَيْنَا النَّبِيَّ ﷺ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: «إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ أَنْ تَقُولَ هَكَذَا، وَضَرَبَ بِيَدَيْهِ إِلَى الْأَرْضِ، ثُمَّ نَفَخَهُمَا، ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ

وَيَدَيْهِ إِلَى نِصْفِ الذِّرَاعِ». فَقَالَ عُمَرُ: يَا عَمَّارُ اتَّقِ اللَّهَ، فَقَالَ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، إِنْ شِئْتَ وَاللَّهِ لَمْ أَذْكُرْهُ أَبَدًا، فَقَالَ عُمَرُ: كَلَّا وَاللَّهِ لَنُوَلِّيَنَّكَ مِنْ ذَلِكَ مَا تَوَلَّيْتَ.

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبزا دەڵێت: لەلای عومەر ﵁ بووم، لەو کاتەدا پیاوێك هات و گوتی: جاری وایە ئێمە لە شوێنێك مانگێك، یان دوو مانگ دەمێنینەوە (ئاویشمان دەست ناکەوێت بۆ نوێژ)، عومەر گوتی: بەڵام من نوێژ ناکەم هەتاکوو ئاو پەیدا دەکەم، ئیدی عەممار گوتی: ئەی پێشەوای بڕواداران لەبیرت نییە ئەو جارەی کە من و تۆ لای وشترەکان بووین و تووشی لەشگرانی هاتین، جا من خۆم لە خۆڵێ وەردا (و نوێژەکەم کرد)، ئینجا هاتینەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ئەو باسەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: «لە ڕاستیدا هەر ئەوەندە بەس بوو بیکەیت، هەردوو دەستی لە (ڕووی) زەوی دا و پاشان فووی لێ کردن (تاکوو ڕوخسار زۆر بەتۆز نەبێت)، پاشان بە دەستەکانی ڕوخساری مەسح کرد و دەستەکانی هەتا نیوەی باسکی مەسح کرد»، ئینجا عومەر گوتی: ئەی عەممار لە خوا بترسە (من ئەوەم لەبیر نییە لەخۆوە شت نەڵێیت)، ئەویش گوتی: ئەی فەرمانڕەوای بڕواداران سوێند بە خوا ئەگەر پێتخۆشە هەرگیز (ئەو بابەتە) باس ناکەمەوە، عومەریش گوتی: نا، نەخێر، بە خوا بابەتەکە بەتەمای تۆ لێ دەگەڕێین وەکوو تۆ دەڵێیت.

بَابٌ فِي الْغُسْلِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ

باسێك دەربارەی خۆشوشتن لە ڕۆژی هەینیدا

٤٣. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «غُسْلُ يَوْمِ الْجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خۆشوشتنی

ڕۆژی هەینی پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی باڵغ (پیاو)».

٤٤. **عَنْ أَوْسِ بْنِ أَوْسٍ الثَّقَفِيِّ ﵁: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ:** «مَنْ غَسَّلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَاغْتَسَلَ، ثُمَّ بَكَّرَ وَابْتَكَرَ، وَمَشَى وَلَمْ يَرْكَبْ، وَدَنَا مِنَ الْإِمَامِ فَاسْتَمَعَ وَلَمْ يَلْغُ كَانَ لَهُ بِكُلِّ خُطْوَةٍ عَمَلُ سَنَةٍ أَجْرُ صِيَامِهَا وَقِيَامِهَا».

ئەوسی کوڕی ئەوسی سەقەفی ﵁ (دەڵێت): گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەر کەسێك ڕۆژی هەینی خۆی بشوات و زوو بێت و فریای وتاری هەینی بکەوێت، بەپیادە بڕوات سوار (ی هیچ سوارییەك) نەبێت (ئەگەر ماڵی نزیك بێت)، لە وتارخوێن نزیك ببێتەوە، قسە نەکات (خۆی سەرقاڵ نەکات)، بە هەر هەنگاوێك پاداشتی یەك ساڵی دەست دەکەوێت کە بە ڕۆژ بەڕۆژوو بێت، بە شەو شەونوێژ بکات».

بَابُ بَوْلِ الصَّبِيِّ يُصِيبُ الثَّوْبَ

باسی ئەوەی کە میزی منداڵ بەر پۆشاك بکەوێت

٤٥. **عَنْ لُبَابَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ قَالَتْ: كَانَ الْحُسَيْنُ بْنُ عَلِيٍّ ﵄ فِي حِجْرِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَبَالَ عَلَيْهِ فَقُلْتُ: الْبَسْ ثَوْبًا وَأَعْطِنِي إِزَارَكَ حَتَّى أَغْسِلَهُ. قَالَ:** «إِنَّمَا يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الْأُنْثَى وَيُنْضَحُ مِنْ بَوْلِ الذَّكَرِ».

لوبابەی کچی حاریس دەڵێت: حوسەینی کوڕی عەلی ﵄ لە باوەشی پێغەمبەری خوادا ﷺ بوو میزی کرد، پێم گوت: پۆشاکێکی دیکە لەبەر بکە، پۆشاکەکەتم بدەرێ هەتا بۆت بشۆم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەگەر کچ بێت میز بە پۆشاکدا بکات دەشۆردرێت، ئەگەر کوڕ بێت تەنها ئاوی پێدا دەپرژێنرێت (ئەگەر منداڵە کوڕەکە تەنها شیری دایکی بخوات و شتی دیکە نەخوات)».

بَابُ الْأَرْضِ يُصِيبُهَا الْبَوْلُ

باسی زەوییەك كە میزی لەسەر دەكرێت

٤٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ أَعْرَابِيًّا دَخَلَ الْمَسْجِدَ وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ جَالِسٌ فَصَلَّى قَالَ ابْنُ عَبْدَةَ: رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَمُحَمَّدًا، وَلَا تَرْحَمْ مَعَنَا أَحَدًا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَقَدْ تَحَجَّرْتَ وَاسِعًا». ثُمَّ لَمْ يَلْبَثْ أَنْ بَالَ فِي نَاحِيَةِ الْمَسْجِدِ فَأَسْرَعَ النَّاسُ إِلَيْهِ، فَنَهَاهُمُ النَّبِيُّ ﷺ وَقَالَ: «إِنَّمَا بُعِثْتُمْ مُيَسِّرِينَ، وَلَمْ تُبْعَثُوا مُعَسِّرِينَ، صُبُّوا عَلَيْهِ سَجْلًا مِنْ مَاءٍ». أَوْ قَالَ: «ذَنُوبًا مِنْ مَاءٍ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پیاوێکی دەشتەکی هاتە مزگەوت، پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبوو، کابرا نوێژی کرد، ئیبن عەبدە دەڵێت: دوو ڕکات نوێژی کرد، پاشان گوتی: خوایە بەزەیی بنوێنە بە من و بە موحەممەد، بەزەیی مەنوێنە لەگەڵ ئێمە بە هیچ کەسێك، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «بەڕاستی شتێکی زۆر و فراوانت بەرتەسك کردەوە»، پاشان زۆری پێ نەچوو، لەلایەکی مزگەوتەکە میزی کرد، خەڵکی بەپەلە بەرەو ڕووی چوون (بۆ ئەوەی میز نەکات لەنێو مزگەوت)، پێغەمبەر ﷺ ڕێگریی لێ کردن، وە فەرمووی: «بێگومان ئێوە نێردراون ئاسانکار بن، نەنێردراون قورسکار بن، دۆلکەیەکی پڕ لە ئاوی بەسەردا بکەن (بەوە پاك دەبێتەوە)».

تێبینی:

(سَجْلًا): دۆلکەیەکی پڕ ئاو، ئەگەر دۆلکەکە پڕ نەبێت پێی ناڵێن: السجل.

(ذَنُوبًا): ئەویش واتە دۆلکەی پڕ.

بَابٌ فِي طُهُورِ الْأَرْضِ إِذَا يَبِسَتْ

باسێك دەربارەی پاكبوونەوەی زەوی كاتێك وشك دەبێتەوە

٤٧. قَالَ ابْنُ عُمَرَ ﵄: كُنْتُ أَبِيتُ فِي الْمَسْجِدِ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، وَكُنْتُ فَتًى شَابًّا عَزَبًا، وَكَانَتِ الْكِلَابُ تَبُولُ وَتُقْبِلُ وَتُدْبِرُ فِي الْمَسْجِدِ، فَلَمْ يَكُونُوا يَرُشُّونَ شَيْئًا مِنْ ذَلِكَ.

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ گەنج بووم سەڵت بووم، شەو لە مزگەوت دەمامەوە، جا سەگەل لەنێو مزگەوت دەهاتن و دەچوون و میزیشیان دەكرد، ئیدی هیچ شوێن و شتێكیان لەبەر ئەو كارە نەدەشوشتەوە (ئاویان بە شوێنەكەیدا نەدەكرد).

بَابٌ فِي الْأَذَى يُصِيبُ النَّعْلَ

باسی پیسییەك بەر نەعل بكەوێت (نەعل و پێڵاو)

٤٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا وَطِئَ أَحَدُكُمْ بِنَعْلِهِ الْأَذَى، فَإِنَّ التُّرَابَ لَهُ طَهُورٌ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر پیسی بەر نەعل (پێڵاو)ی یەكێك لە ئێوە كەوت، ئەوا خۆڵەكە بۆی پاككەرەوەیە. (واتە: ئەگەر بەر شوێنێكی پیس بكەوێت و دواتر نەعل و پێڵاوەكە بەر شوێنێكی پاكی زەوی بكەوێت، ئەوا پێڵاو و نەعلەكە پاك دەبێتەوە)».

كِتَابُ الصَّلَاةِ

پەرتووکی نوێژ

بَابُ فَرْضِ الصَّلَاةِ

باسی فەرزبوونی نوێژ

٤٩. عن طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ ﵁ يَقُولُ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ مِنْ أَهْلِ نَجْدٍ ثَائِرَ الرَّأْسِ يُسْمَعُ دَوِيُّ صَوْتِهِ وَلَا يُفْقَهُ مَا يَقُولُ: حَتَّى دَنَا، فَإِذَا هُوَ يَسْأَلُ عَنِ الْإِسْلَامِ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ»، قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُنَّ؟ قَالَ: «لَا، إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ»، قَالَ: وَذَكَرَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «صِيَامَ شَهْرِ رَمَضَانَ»، قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ قَالَ: «لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ»، قَالَ: وَذَكَرَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الصَّدَقَةَ، قَالَ: فَهَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا؟ قَالَ: «لَا إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ»، فَأَدْبَرَ الرَّجُلُ وَهُوَ يَقُولُ: وَاللَّهِ لَا أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلَا أَنْقُصُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَفْلَحَ إِنْ صَدَقَ».

تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا ﵁ دەڵێت: پیاوێك خەڵکی نەجد بوو هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ قژی ئاڵۆز بوو (شانەی نەکردبوو، قژئاڵۆز بوو)، گیزەگیزێکی وەکوو گیزەی مێشەنگی لێ دەبیسترا، بەڵام لە قسەکەی تێنەدەگەیشتی تا نزیك

بووەوە، جا زانیان ئەم کەسە پرسیار دەکات دەربارەی ئیسلامەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لە شەو و ڕۆژێکدا پێنج نوێژ بکەیت»، پیاوەکە گوتی: جگە لەم پێنج فەرزە هیچ نوێژی دیکەم لەسەر فەرزە؟ فەرمووی: «نەخێر، مەگەر بۆخۆت نوێژی سوننەت بکەیت»، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ باسی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی بۆ کرد، پیاوەکە گوتی: جگە لە مانگی ڕەمەزان هیچ ڕۆژوویەکی دیکەم لەسەر فەرزە؟ فەرمووی: «نەخێر مەگەر خۆت ڕۆژووی سوننەت بگریت»، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ باسی بەخشینی بۆ کرد (واتە: زەکاتە فەرزەکە)، پیاوەکە گوتی: جگە لە زەکاتی فەرز هیچ شتێکی دیکەم لەسەر فەرزە؟ فەرمووی: «نەخێر مەگەر خۆت خێر بکەیت»، پیاوەکە پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت دەیگوت: سوێند بە خوا نە لەمانە زیاتری دەکەم، نە کەمیشی دەکەمەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بێگومان سەرفرازە ئەگەر ڕاستگۆ بێت».

بَابٌ فِي الْمَوَاقِيتِ

باسێك دەربارەی کاتەکانی نوێژ

٥٠. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: «وَقْتُ الظُّهْرِ مَا لَمْ تَحْضُرِ الْعَصْرُ، وَوَقْتُ الْعَصْرِ مَا لَمْ تَصْفَرَّ الشَّمْسُ، وَوَقْتُ الْمَغْرِبِ مَا لَمْ يَسْقُطْ فَوْرُ الشَّفَقِ، وَوَقْتُ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ، وَوَقْتُ صَلَاةِ الْفَجْرِ مَا لَمْ تَطْلُعِ الشَّمْسُ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر رضي الله عنهما لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «کاتی نوێژی نیوەڕۆ دەمێنێت مادام نوێژی عەسر نەبوویێت، هەروەها هەتاکوو ڕۆژ زەرد هەڵدەگەڕێت (تا نزیکی ئاوابوون دەبێت و گڕوتینی نامێنێت) کات کاتی نوێژی عەسرە، نوێژی شێوان دەمێنێت هەتاکوو سوورایيە بەربڵاوەکەی لای ڕۆژئاوا کۆتایی پێ دێت، کاتی نوێژی خەوتنانیش هەتاکوو نیوەی شەوە، هەروەها کاتی نوێژی بەیانی دەمێنێت مادام خۆر هەڵنەهاتبێت».

بَابٌ فِي وَقْتِ صَلَاةِ النَّبِيِّ ﷺ وَكَيْفَ كَانَ يُصَلِّيهَا

باسێك دەربارەی كاتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ و چۆنیەتی نوێژكردنی تێیاندا

٥١. عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو وَهُوَ ابْنُ الْحَسَنِ بْنِ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ قَالَ: سَأَلْنَا جَابِرًا ﵁ عَنْ وَقْتِ صَلَاةِ النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: «كَانَ يُصَلِّي الظُّهْرَ بِالْهَاجِرَةِ، وَالْعَصْرَ وَالشَّمْسُ حَيَّةٌ، وَالْمَغْرِبَ إِذَا غَرَبَتِ الشَّمْسُ، وَالْعِشَاءَ إِذَا كَثُرَ النَّاسُ عَجَّلَ، وَإِذَا قَلُّوا أَخَّرَ، وَالصُّبْحَ بِغَلَسٍ».

موحەممەدی كوڕی عەمر كە كوڕی حەسەنی كوڕی عەلی كوڕی ئەبو تالیبە ﵃ دەڵێت: پرسیارمان لە جابیر كرد دەربارەی كاتی نوێژەكانی پێغەمبەر ﷺ، گوتی: پێغەمبەر ﷺ نوێژی نیوەڕۆی دەكرد بە هاجیرە (سەرەتای كات و قرچەی گەرما)، نوێژی عەسری دەكرد كاتێك خۆر هێشتا بەگوڕ و تین بووە (خۆر زیندووە، واتە: هێشتا ڕەنگی زەرد نەبووە و گەرمییەكەشی ماوە)، نوێژی مەغریبی كردووە كاتێك كە خۆر ئاوا بووە، ئەگەر خەڵك زۆر كۆ بوونایەتەوە نوێژی عیشای زوو دەكرد، ئەگەر خەڵكیش كەم بووایە نوێژی عیشای دوا دەخست بۆ ئەوەی خەڵك كۆ ببێتەوە، نوێژی بەیانی لە كاتی تاریك و ڕوونیدا دەكرد.

بَابٌ فِي وَقْتِ الْعِشَاءِ الْآخِرَةِ

باسێك دەربارەی كاتی نوێژی عیشا

٥٢. عَنْ عَاصِمِ بْنِ حُمَيْدٍ السَّكُونِيِّ: أَنَّهُ سَمِعَ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ ﵁ يَقُولُ: أَبْقَيْنَا النَّبِيَّ ﷺ فِي صَلَاةِ الْعَتَمَةِ فَأَخَّرَ حَتَّى ظَنَّ الظَّانُّ أَنَّهُ لَيْسَ بِخَارِجٍ وَالْقَائِلُ مِنَّا يَقُولُ: صَلَّى، فَإِنَّا لَكَذَلِكَ حَتَّى خَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ، فَقَالُوا لَهُ كَمَا قَالُوا، فَقَالَ لَهُمْ: «أَعْتِمُوا بِهَذِهِ

الصَّلَاةِ، فَإِنَّكُمْ قَدْ فُضِّلْتُمْ بِهَا عَلَى سَائِرِ الْأُمَمِ، وَلَمْ تُصَلِّهَا أُمَّةٌ قَبْلَكُمْ».

عاصیمی کوڕی حومەیدی سەکوونی دەگێڕێتەوە: گوێی لە موعازی کوڕی جەبەل بووە ﷺ دەیگوت: چاوەڕێی پێغەمبەر ﷺ بووین لە نوێژی عیشادا دوا کەوت یان خۆی دوا خست، ئەوەندە دوا کەوت تا کەسی وا هەبوو گومانی وا بوو هەر نەیەت، هەشبوو دەیگوت: لەوانەیە پێغەمبەر ﷺ لەماڵەوە نوێژی کردبێت (بەهۆی عوزرەوە)، ئێمە حاڵمان وا بوو بەم شێوازە بووین هەتا پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرەوە، چییان گوتبوو ئەوەیان بە پێغەمبەر ﷺ گوت، ئەویش پێی فەرموون: «ئەم نوێژە لە تاریکی شەودا بکەن، ئێوە فەزڵتان دراوە بەسەر تێکڕای ئوممەتەکاندا بەم نوێژە، هیچ ئوممەتێکیش لەپێش ئێوە ئەم نوێژەی نەکردووە».

٥٣. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ قَالَ: صَلَّيْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ صَلَاةَ الْعَتَمَةِ فَلَمْ يَخْرُجْ حَتَّى مَضَى نَحْوٌ مِنْ شَطْرِ اللَّيْلِ فَقَالَ: «خُذُوا مَقَاعِدَكُمْ». فَأَخَذْنَا مَقَاعِدَنَا فَقَالَ: «إِنَّ النَّاسَ قَدْ صَلَّوْا وَأَخَذُوا مَضَاجِعَهُمْ، وَإِنَّكُمْ لَنْ تَزَالُوا فِي صَلَاةٍ مَا انْتَظَرْتُمُ الصَّلَاةَ، وَلَوْلَا ضَعْفُ الضَّعِيفِ، وَسَقَمُ السَّقِيمِ لَأَخَّرْتُ هَذِهِ الصَّلَاةَ إِلَى شَطْرِ اللَّيْلِ».

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەڵێت: نوێژی عیشامان کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ، نەهاتە نێومان بۆ مزگەوت تا نیوەی شەو ڕۆیی، پێغەمبەر ﷺ کە هات فەرمووی: «لە شوێنی خۆتان بن»، ئێمەش لە جێی خۆمان ماینەوە بڵاوەمان لێ نەکرد، فەرمووی: «خەڵکی لە شوێنەکانی دیکە هەمووی نوێژی کردووە، چوونەتە جێی خەوتنی خۆیان (و پاڵ کەوتوون)، بەڵام ئێوە لەو کاتەی چاوەڕێی ئەم نوێژەن وەك ئەوە وایە لەنێو نوێژدا بن و خەریکی نوێژکردن بن، ئەگەر لاوازی کەسە لاوازەکان نەبووایە، نەخۆشیی نەخۆشەکان نەبووایە، ئەوە ئەم نوێژەم دوا دەخست بۆ نیوەی شەو».

بَابٌ فِي وَقْتِ الصُّبْحِ

باسێك دەربارەی كاتی نوێژی بەیانی

٥٤. عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَيُصَلِّي الصُّبْحَ فَيَنْصَرِفُ النِّسَاءُ مُتَلَفِّعَاتٍ بِمُرُوطِهِنَّ مَا يُعْرَفْنَ مِنَ الْغَلَسِ.

عائیشە رضي الله عنها دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بەیانی دەكرد، ئافرەتانیش ئەوانەی كە دەهاتن بۆ نوێژی بەیانی لەدوای پێغەمبەر ﷺ نوێژیان دەكرد خۆیان پێچابووەوە بە پۆشاكەكەیان یان بە عەباكەیان، یان بە پارچە قوماشێك، لە تاریكیدا كەس نەیدەناسینەوە.

بَابٌ فِي الْمُحَافَظَةِ عَلَى وَقْتِ الصَّلَوَاتِ

باسێك دەربارەی پارێزگاریكردن لە كاتی نوێژەكان

٥٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الصُّنَابِحِيِّ قَالَ: زَعَمَ أَبُو مُحَمَّدٍ أَنَّ الْوِتْرَ وَاجِبٌ، فَقَالَ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ: كَذَبَ أَبُو مُحَمَّدٍ أَشْهَدُ أَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «خَمْسُ صَلَوَاتٍ افْتَرَضَهُنَّ اللَّهُ تَعَالَى مَنْ أَحْسَنَ وُضُوءَهُنَّ وَصَلَّاهُنَّ لِوَقْتِهِنَّ وَأَتَمَّ رُكُوعَهُنَّ وَخُشُوعَهُنَّ كَانَ لَهُ عَلَى اللَّهِ عَهْدٌ أَنْ يَغْفِرَ لَهُ، وَمَنْ لَمْ يَفْعَلْ فَلَيْسَ لَهُ عَلَى اللَّهِ عَهْدٌ، إِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ وَإِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ».

عەبدوڵڵای كوڕی صونابیحی دەڵێت: ئەبو موحەممەد گوتوویەتی: ویتر واجبە، (یەكێكە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ) عوبادەی كوڕی صامیت گوتی: ئەبو موحەممەد هەڵەی كردووە من شایەتم گوێم لێ بووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «پێنج نوێژ هەیە خوای بەرز فەرزی كردووە، هەر كەسێك بەجوانی دەستنوێژەكەیان

بشوات، لە کاتی خۆیاندا بیانکات، ڕکووعەکەیان بەتەواوی ببات، خشووعەکەی بەتەواوی بکات، ئەوە پەیمانێکی لەلای خوا هەیە کە لێی خۆش بێت، وە ئەگەر کەسێك ئەم پێنج نوێژە هەر نەکات، یان بەجوانی نەیکات، ئەوە هیچ پەیمانێکی لەلای خوا نییە، ویستی لێ بێت بە چاکە و بەخشندەیی خۆی لێی دەبورێت، ویستی لێ بێت بە دادگەری خۆی سزای دەدات».

تێبینی:

(كَذَبَ): بە مانای درۆکردن نایەت، لێرە بە مانای هەڵەکردن دێت، لەبەر ئەوەی درۆکردن ئەوەیە کەسێك هەواڵێك بەدرۆ بگێڕێتەوە، لێرە ئەبو موحەممەد هەواڵێکی بەدرۆ نەگێڕاوەتەوە، بەڵکوو فەتوایەکی داوە و بۆچوونێکی هەبووە لە فەتوا و بۆچوونەکەیدا هەڵەی کردووە، بۆیە لەنێو عەرەبدا بابەتی درۆکردن بۆ هەڵە بەکار دێت لە قسەیاندا، بۆ نموونە: دەڵێن: (كَذَبَ سَمْعِي)، خۆ مەبەست ئەوە نییە گوێم درۆی کرد، بەڵکوو واتە: گوێم هەڵەی کرد، یان دەڵێن: (كَذَبَ بَصَرِي)، چاوم هەڵەی کرد، نەك درۆی کرد، چاو و گوێ درۆ ناکەن، بەڵام هەڵە دەکەن لە بیستن یان لە بینینی شتێکدا.

بَابٌ إِذَا أَخَّرَ الْإِمَامُ الصَّلَاةَ عَنِ الْوَقْتِ

باسێك دەربارەی ئەوە کە ئیمام نوێژەکەی دوا بخات و لە کاتی خۆی نەیکات

٥٦. **عَنْ أَبِي ذَرٍّ** رضي الله عنه **قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ** ﷺ: «يَا أَبَا ذَرٍّ كَيْفَ أَنْتَ إِذَا كَانَتْ عَلَيْكَ أُمَرَاءُ يُمِيتُونَ الصَّلَاةَ؟ -أَوْ قَالَ: يُؤَخِّرُونَ الصَّلَاةَ؟-، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ فَمَا تَأْمُرُنِي، قَالَ: «صَلِّ الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا فَإِنْ أَدْرَكْتَهَا مَعَهُمْ فَصَلِّهَا فَإِنَّهَا لَكَ نَافِلَةٌ».

ئەبو زەر رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو: «ئەی ئەبو زەر حاڵی تۆ چۆن

دەبێت کاتێك کە هەندێك بەرپرس بن بەسەرتەوە نوێژەکان بمرێنن، -یاخود گوتی: نوێژەکە دوا بخەن لە سەرەتای کاتدا نەیکەن بەبێ پاساو؟- گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا فەرمانم بە چ پێ دەکەیت؟ فەرمووی: تۆ نوێژەکە لە کاتی خۆیدا بکە، ئەگەر فریاش کەوتیت لەگەڵ ئەواندا بیکەرەوە، ئەوە بە سوننەت بۆت هەژمار دەکرێت».

٥٧. عَنْ عَمْرِو بْنِ مَيْمُونٍ الْأَوْدِيِّ قَالَ: قَدِمَ عَلَيْنَا مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ الْيَمَنَ ﵁ رَسُولُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ إِلَيْنَا، قَالَ: فَسَمِعْتُ تَكْبِيرَهُ مَعَ الْفَجْرِ رَجُلٌ أَجَشُّ الصَّوْتِ، قَالَ: فَأُلْقِيَتْ عَلَيْهِ مَحَبَّتِي فَمَا فَارَقْتُهُ حَتَّى دَفَنْتُهُ بِالشَّامِ مَيِّتًا، ثُمَّ نَظَرْتُ إِلَى أَفْقَهِ النَّاسِ بَعْدَهُ فَأَتَيْتُ ابْنَ مَسْعُودٍ فَلَزِمْتُهُ حَتَّى مَاتَ، فَقَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «كَيْفَ بِكُمْ إِذَا أَتَتْ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ يُصَلُّونَ الصَّلَاةَ لِغَيْرِ مِيقَاتِهَا»، قُلْتُ: فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «صَلِّ الصَّلَاةَ لِمِيقَاتِهَا وَاجْعَلْ صَلَاتَكَ مَعَهُمْ سُبْحَةً».

عەمری کوڕی مەیموونی ئەودی دەڵێت: موعازی کوڕی جەبەل ﵁ هات بۆ یەمەن بۆ لامان، نێردراوی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو بۆ لای ئێمە، دەڵێت: گوێم لێ بوو (الله أكبر)ی کرد بۆ نوێژی بەیانی، پیاوێك بوو دەنگی زۆر گەورە و پیاوانە بوو، دەڵێت: خۆشەویستی چووە دڵم، منیش لێی جیا نەبوومەوە بۆئەوەی زانست و زانیاری لێوە فێر ببم، تا کۆچی دوایی کرد لە شام بەخاکم سپارد، ئینجا لێی جیا بوومەوە، پاشان تەماشام کرد بزانم لەدوای ئەو کێ لە هەموو کەس شارەزاترە لە ئاییندا، هاتم بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﵁ (کە لە هەموو کەس زیرەکتر بوو)، لە خزمەت ئەویشدا بووم هەتا کۆچی دوایی کرد، گوتی: (عەبدوڵڵا ﵁ گوتی:) پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو: «حاڵی ئێوە چی دەبێت و چی دەکەن ئەگەر کۆمەڵێك فەرمانڕەوا بوون بە دەسەڵاتدار بەسەرتانەوە نوێژەکەیان لە کاتی خۆی دوا خست؟»، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانم بە چی پێ دەکەیت ئەگەر بگەمە ئەو بەرپرسانە؟ فەرمووی: «تۆ نوێژەکەت لە کاتی خۆیدا بکە، نوێژەکەی دیکەش کە لەگەڵ ئەوان بەکۆمەڵ دەیکەیت ئەوەیان بکە بە سوننەت».

تێبینی:

(سُبْحَةً): واتە نوێژی سوننەت (نافلة).

٥٨. عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّهَا سَتَكُونُ عَلَيْكُمْ بَعْدِي أُمَرَاءُ تَشْغَلُهُمْ أَشْيَاءُ عَنِ الصَّلَاةِ لِوَقْتِهَا حَتَّى يَذْهَبَ وَقْتُهَا فَصَلُّوا الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا»، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أُصَلِّي مَعَهُمْ؟، قَالَ: «نَعَمْ، إِنْ شِئْتَ».

عوبادەی کوڕی صامیت ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لەدوای من کۆمەڵێك فەرمانڕەوا دەبنە بەرپرس بەسەرتانەوە، هەندێکیان کاروباری دونیا سەرقاڵیان دەکات لە نوێژەکەیان لە کاتی خۆی، تا کاتەکەی دەڕوات، ئێوە نوێژ بکەن لە کاتی خۆیدا»، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئایا نوێژیان لەگەڵدا بکەم؟ فەرمووی: «بەڵێ، ئەگەر ویستت لێیە لەگەڵیان نوێژ بکە».

٥٩. عَنْ قَبِيصَةَ بْنِ وَقَّاصٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَكُونُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ مِنْ بَعْدِي يُؤَخِّرُونَ الصَّلَاةَ فَهِيَ لَكُمْ وَهِيَ عَلَيْهِمْ، فَصَلُّوا مَعَهُمْ مَا صَلَّوْا الْقِبْلَةَ».

قوبەیصەی کوڕی وەققاص ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لەدوای من کۆمەڵێك فەرمانڕەوا دەبنە بەرپرس بەسەرتانەوە نوێژەکان دوا دەخەن، ئێوە پاداشتی خۆتان تەواو وەردەگرن، بەڵام ئەوان گوناهبار دەبن کە دوای دەخەن، تا ڕووەو قیبلە نوێژ بکەن ئێوەش لەگەڵیاندا نوێژ بکەن».

بَابٌ فِي مَنْ نَامَ عَنِ الصَّلَاةِ، أَوْ نَسِيَهَا

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی دەخەوێت لە کاتی نوێژ یاخود لە بیری دەچێت

٦٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ حِينَ قَفَلَ مِنْ غَزْوَةِ خَيْبَرَ فَسَارَ لَيْلَةً

حَتَّى إِذَا أَدْرَكَنَا الْكَرَى عَرَّسَ، وَقَال لِبِلَالٍ: «اكْلأْ لَنَا اللَّيْلَ»، قَالَ: فَغَلَبَتْ بِلَالاً عَيْنَاهُ، وَهُوَ مُسْتَنِدٌ إِلَى رَاحِلَتِهِ فَلَمْ يَسْتَيْقِظِ النَّبِيُّ ﷺ وَلَا بِلَالٌ وَلَا أَحَدٌ مِنْ أَصْحَابِهِ حَتَّى إِذَا ضَرَبَتْهُمُ الشَّمْسُ، فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَوَّلَهُمُ اسْتِيقَاظًا، فَفَزِعَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فقَالَ: «يَا بِلَالُ»، فَقَالَ: أَخَذَ بِنَفْسِي الَّذِي أَخَذَ بِنَفْسِكَ أَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَاقْتَادُوا رَوَاحِلَهُمْ شَيْئًا ثُمَّ تَوَضَّأَ النَّبِيُّ ﷺ وَأَمَرَ بِلَالاً فَأَقَامَ لَهُمُ الصَّلَاةَ وَصَلَّى بِهِمُ الصُّبْحَ، فَلَمَّا قَضَى الصَّلَاةَ، قَالَ: «مَنْ نَسِيَ صَلَاةً فَلْيُصَلِّهَا إِذَا ذَكَرَهَا، فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَالَ: {أَقِمِ الصَّلَاةَ لِلذِّكْرَى} طه: ١٤».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینە لە غەزای خەیبەردا، بە شەو بەڕێ کەوت هەتا خەو زۆری بۆ هێنا‌ین، پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزی و لایدا بۆ خەوتن و پشوودان، بە بیلالی فەرموو: «ئەمشەو پاسەوانیمان بکە»، دەڵێت: بیلالیش چاوەکانی خەو بەسەریدا زاڵ بوو خەوی لێکەوت، پاڵی دابووە بارگەوبنەکەی، ئیدی کەسیان لەخەو هەڵنەستان، نە پێغەمبەر ﷺ نە بیلال نە هیچ کام لە هاوەڵان، هەتا گەرمی خۆر لێی دان، یەکەم کەس پێغەمبەری خوا ﷺ خەبەری بووەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ کە خەبەری بووەوە ڕاچڵەکی (کە خۆر کەوتووە و نوێژیان نەکردووە)، فەرمووی: «ئەی بیلال؟!»، بیلالیش گوتی: ئەو زاتەی جەنابتی خەواند، هەر ئەویش منی خەواند، دایك و باوکم بەقوربانت بن، کەمێك وشترەکانیان لە شوێنی خۆیان جوولاند، پاشان پێغەمبەر ﷺ دەستنوێژی شوشت و فەرمانی بە بیلال کرد، قامەت بکات بۆ نوێژ، ئینجا نوێژەکەی بەیانی بۆ کردن، کاتێك پێغەمبەر ﷺ نوێژەکەی تەواو کرد، فەرمووی: «هەر کەسێك نوێژێکی لەبیر چوو، هەر کاتێك کەوتەوە بیری با بیکات، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: {أَقِمِ الصَّلَاةَ لِلذِّكْرَى}، واتە: نوێژ بکەن بۆ زیکر و یادی من.

بَابُ اتِّخَاذِ الْمَسَاجِدِ فِي الدُّورِ

باسی دروستكردنی مزگەوت لەنێو ماڵاندا

٦١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: أَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِبِنَاءِ الْمَسَاجِدِ فِي الدُّورِ وَأَنْ تُنَظَّفَ وَتُطَيَّبَ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی كردووە مزگەوتەكان لەنێو ئاوەدانییەكاندا دروست بكرێن، هەروەها (فەرمانی كردووە) پاكوخاوێن ڕابگیرێن و بۆنیان خۆش بكرێت.

تێبینی:

(الدُّور): بەمانای هۆز و تائیفە لێك دراوەتەوە، هەروەها بەمانای گەڕەكیش، بەڵام ئاوەدانی گشتگیرترە.

بَابٌ فِيمَا يَقُولُهُ الرَّجُلُ عِنْدَ دُخُولِهِ الْمَسْجِدَ

باسێك دەربارەی ئەو زیكرەی مرۆڤ دەیڵێت: لە كاتی چوونی بۆ نێو مزگەوت

٦٢. عَنْ أَبِي أُسَيْدٍ الْأَنْصَارِيِّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيُسَلِّمْ عَلَى النَّبِيِّ، ثُمَّ لِيَقُلْ: اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، فَإِذَا خَرَجَ فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ».

ئەبو ئوسەیدی ئەنصاری ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەكێك لە ئێوە هاتە مزگەوتەوە با صەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر، (سەرەتا دەڵێت: (بسم الله والصلاة والسلام على رسول الله))، پاشان با بڵێت: خوایە دەرگاكانی

ڕەحمەتی خۆتم لێ بکەوە، کە دەریشچوو بەهەمان شێوە بڵێت: (بسم الله والصلاة والسلام علی رسول الله)، پاشان با بڵێت: خوایە من داوای فەزڵ و چاکەی خۆتت لێ دەکەم».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الصَّلَاةِ عِنْدَ دُخُولِ الْمَسْجِدِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی نوێژ لە کاتی چوونە نێو مزگەوت

٦٣. عَنْ أَبِي قَتَادَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيُصَلِّ سَجْدَتَيْنِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَجْلِسَ».

ئەبو قەتادە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێکتان هاتە مزگەوتەوە، با دوو ڕکات نوێژ بکات پێش ئەوەی دابنیشێت».

بَابٌ فِي فَضْلِ الْقُعُودِ فِي الْمَسْجِدِ

باسێك دەربارەی پێگە و پاداشتی دانیشتن لە مزگەوتدا

٦٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «الْمَلَائِكَةُ تُصَلِّي عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مُصَلَّاهُ الَّذِي صَلَّى فِيهِ، مَا لَمْ يُحْدِثْ، أَوْ يَقُمْ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بەردەوام فریشتەکان دوعا بۆ هەر یەکێکتان دەکەن هەتاکوو لەو شوێنە بێت کە نوێژی تێدا کردووە، مادام دەستنوێژی نەشکێت و هەڵنەستابێت، (فریشتەکان دەڵێن:) خوایە لێی خۆش بە، خوایە بەزەیی لەگەڵ بنوێنە».

بَابُ مَتَى يُؤْمَرُ الْغُلَامُ بِالصَّلَاةِ؟

باسی کەی فەرمان دەکرێت بە منداڵ نوێژ بکات؟

٦٥. عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مُرُوا أَوْلَادَكُمْ بِالصَّلَاةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ، وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا، وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرٍ وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ».

عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە ﷺ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئێوە فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن لە کاتێکدا تەمەنیان حەوت ساڵانە، لێیان بدەن ئەگەر نوێژیان نەکرد کاتێك تەمەنیان دەگاتە دە ساڵان، هەروەها لە دە ساڵی جێگای خەوتنیان لەیەکدی جیا بکەنەوە»).

بَابُ كَيْفَ الْأَذَانُ

باسی چۆنیەتی بانگدان

٦٦. عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ زَيْدِ بْنِ عَبْدِ رَبِّهِ قَالَ: حَدَّثَنِي أَبِي عَبْدُ اللَّهِ بْنُ زَيْدٍ ﷺ قَالَ: لَمَّا أَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِالنَّاقُوسِ يُعْمَلُ لِيُضْرَبَ بِهِ لِلنَّاسِ لِجَمْعِ الصَّلَاةِ طَافَ بِي وَأَنَا نَائِمٌ رَجُلٌ يَحْمِلُ نَاقُوسًا فِي يَدِهِ، فَقُلْتُ: يَا عَبْدَ اللَّهِ أَتَبِيعُ النَّاقُوسَ؟ قَالَ: وَمَا تَصْنَعُ بِهِ؟ فَقُلْتُ: نَدْعُو بِهِ إِلَى الصَّلَاةِ، قَالَ: أَفَلَا أَدُلُّكَ عَلَى مَا هُوَ خَيْرٌ مِنْ ذَلِكَ؟ فَقُلْتُ لَهُ: بَلَى، قَالَ: فَقَالَ: تَقُولُ: اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، قَالَ: ثُمَّ اسْتَأْخَرَ عَنِّي غَيْرَ بَعِيدٍ،

ثُمَّ، قَالَ: وَتَقُولُ: إِذَا أَقَمْتَ الصَّلَاةَ، اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ، قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ، اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، فَلَمَّا أَصْبَحْتُ، أَتَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ، فَأَخْبَرْتُهُ، بِمَا رَأَيْتُ فَقَالَ: «إِنَّهَا لَرُؤْيَا حَقٌّ إِنْ شَاءَ اللهُ، فَقُمْ مَعَ بِلَالٍ فَأَلْقِ عَلَيْهِ مَا رَأَيْتَ، فَلْيُؤَذِّنْ بِهِ، فَإِنَّهُ أَنْدَى صَوْتًا مِنْكَ»، فَقُمْتُ مَعَ بِلَالٍ، فَجَعَلْتُ أُلْقِيهِ عَلَيْهِ، وَيُؤَذِّنُ بِهِ، قَالَ: فَسَمِعَ ذَلِكَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ، وَهُوَ فِي بَيْتِهِ فَخَرَجَ يَجُرُّ رِدَاءَهُ، وَيَقُولُ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ يَا رَسُولَ اللهِ، لَقَدْ رَأَيْتُ مِثْلَ مَا رَأَى، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «فَلِلَّهِ الْحَمْدُ».

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی زەیدی کوڕی عەبد ڕەببیە دەڵێت: باوکم عەبدوڵڵای کوڕی زەید بۆی گێڕامەوە رضي الله عنهما (ئەوەی خەوەکەی بینی) دەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی فەرمان بکات کە زەنگ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی لە زەنگەکە بدرێت و خەڵکی بۆ نوێژ پێ کۆ بکرێتەوە، من خەوم بینی یەکێك لە خەومدا هات بۆ لام، پیاوێك زەنگێکی بەدەستەوە بوو، منیش گوتم: ئەی بەندەی خوا ئایا ئەو زەنگە دەفرۆشیت؟ گوتی: چی لەو زەنگە دەکەیت، گوتم: خەڵکی پێ بانگ دەکەین بۆ نوێژ، گوتی: ئایا شتێك لەوە باشترت فێر نەکەم؟ گوتم: بەڵێ، (کابرا لە خەودا پێی گوتم) بڵێ: (اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه، حَيَّ عَلَى الصَّلَاة، حَيَّ عَلَى الصَّلَاة، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)، دەڵێت: پاشان چووە دواوە بەڵام زۆر دوور نەکەوتەوە، پاشان گوتی: ئەگەر قامەتت کرد بۆ نوێژ (فێری قامەتیشی دەکات) دەڵێی: (اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه، حَيَّ عَلَى الصَّلَاة، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ، قَدْ قَامَتِ الصَّلَاةُ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)، کاتێك بەیانی هەڵسام، هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ خەوەکەم بۆ

گێڕایەوە، فەرمووی: «بە ویستی خوا ئەمە خەوێکی ڕاستە، تۆ هەڵسە لەگەڵ بیلالدا بڕۆ، ئەوەی کە بە خەو بینیوتە پێی بڵێ با ئەو بانگەکە بدات، لەبەر ئەوەی ئەو دەنگی لە تۆ خۆشتر و بەرزترە»، لەگەڵ بیلالدا هەڵسام، من بانگەکەم بۆی دەگوت، ئەویش بە دەنگی بەرز بانگی دەدا، دەڵێت: ئیمامی عومەر گوێی لە بانگەکە بوو، کە لە ماڵەوە بوو، هاتە دەرەوە پۆشاکەکەی لەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا و دەیفەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا، سوێند بەو خوایەی کە تۆی بەهەق ناردووە هەمان ئەو خەوەی کە (عەبدوڵڵای کوڕی زەید) بینیویەتی منیش بینیومە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «سەنا و ستاییش تەنها بۆ خوا (کە هەقی بۆ ڕوون کردینەوە)».

٦٧. **عَنْ أَبِي مَحْذُورَةَ رضي الله عنه قَالَ: أَلْقَى عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ التَّأْذِينَ هُوَ بِنَفْسِهِ، فَقَالَ:** «قُلْ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ - مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ - قَالَ: ثُمَّ ارْجِعْ، فَمُدَّ مِنْ صَوْتِكَ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ».

ئەبو مەحزورە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بانگدانی پێم فەرموو، فەرمووی: بڵێ: «اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ) دوو جار جار، دەڵێت: پاشان بگەڕێرەوە بۆ شایەتومانەکان دەنگت درێژ بکەرەوە بە دەنگی بەرزتر: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه، حَيَّ عَلَى الصَّلَاة، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ».

بَابٌ فِي الْإِقَامَةِ

باسێك دەربارەی قامەت

٦٨. عَنْ أَنَسٍ ﵁ قَالَ: أُمِرَ بِلَالٌ أَنْ يَشْفَعَ الْأَذَانَ وَيُوتِرَ الْإِقَامَةَ.

ئەنەس ﵁ دەڵێت: بیلال فەرمانی پێ كرا (واتە: لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ) كە (ڕستەی) بانگەكانی جووت بێت، بەڵام قامەتەكەی تاك بێت.

بَابُ رَفْعِ الصَّوْتِ بِالْأَذَانِ

باسی دەنگبەرزكردنەوە لە بانگداندا

٦٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْمُؤَذِّنُ يُغْفَرُ لَهُ مَدَى صَوْتِهِ وَيَشْهَدُ لَهُ كُلُّ رَطْبٍ وَيَابِسٍ وَشَاهِدُ الصَّلَاةِ يُكْتَبُ لَهُ خَمْسٌ وَعِشْرُونَ صَلَاةً وَيُكَفَّرُ عَنْهُ مَا بَيْنَهُمَا».

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «بانگدەر چەندێك دەنگی بەرز بكاتەوە و دەنگی چەند بڕوات بەئەندازەی ئەوە لە گوناهەكانی دەبووردرێت، هەموو تەڕ و وشكێك شایەتی بۆ دەدات (تەنانەت دار و بەردیش)، هەر كەسێكیش ئامادەی نوێژی بەكۆمەڵ بێت، ئەوە بە بیست و پێنج نوێژ بۆی دەنووسرێت، لە نێوان ئەو دوو نوێژەش چ گوناهێكی كردبێت لێی دەبووردێت».

بَابُ مَا يَجِبُ عَلَى الْمُؤَذِّنِ مِنْ تَعَاهُدِ الْوَقْتِ

باسی ئەوەی كە پێویستە لەسەر بانگبێژ ئاگای لە كاتی بانگدان بێت

٧٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «الْإِمَامُ ضَامِنٌ وَالْمُؤَذِّنُ مُؤْتَمَنٌ،

اللَّهُمَّ أَرْشِدِ الْأَئِمَّةَ وَاغْفِرْ لِلْمُؤَذِّنِينَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئیمام زەمانەتی نوێژەکەی لەئەستۆیە (کە بەتەواوی بۆیان بکات، پارێزگاری لێ بکات و بزانێت چەند ڕکاتی کردووە، یاخود زەمانەتی دوعا و پاڕانەوە دەکات کە دوعاکە تەنها بۆ خۆی ناکات، بەڵکوو بۆ هەموو نوێژخوێنانیشی دەکات، گوتراوە: قوڕئانخوێندنی ئەم قوڕئانخوێنە بۆ ئەوانیشە)، وە بانگبێژیش ئەمینداره (خەڵك بەهۆی بانگی ئەوەوە نوێژ دەکەن)، خوایە ڕێنمایی ئیمامەکان بکە، لە بانگبێژان خۆش بە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الدُّعَاءِ بَيْنَ الْأَذَانِ وَالْإِقَامَةِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی پاڕانەوە لە نێوان بانگ و قامەتدا

٧١. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يُرَدُّ الدُّعَاءُ بَيْنَ الْأَذَانِ وَالْإِقَامَةِ».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «پاڕانەوە لە نێوان بانگ و قامەتدا ڕەت ناکرێتەوە».

بَابُ مَا يَقُولُ إِذَا سَمِعَ الْمُؤَذِّنَ

باسی ئەوەی کە دەگوترێت لە کاتی گوێبیستبوونی بانگبێژ

٧٢. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا سَمِعْتُمُ النِّدَاءَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ».

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەگەر گوێبیستی بانگ بوون، بانگبێژ چی گوت ئێوەش وەکوو ئەو بیڵێنەوە».

٧٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ﷺ: أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: «إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا، ثُمَّ سَلُوا اللَّهَ ﷻ لِي الْوَسِيلَةَ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ لَا تَنْبَغِي إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ تَعَالَى، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ اللَّهَ لِي الْوَسِيلَةَ، حَلَّتْ عَلَيْهِ الشَّفَاعَةُ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ﷺ دەگێڕێتەوە: گوێی لێ بووە پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: «ئەگەر گوێبیستی بانگبێژ بوون، چی گوت ئێوەش وەکوو ئەو بڵێن، پاشان کە بانگەکە تەواو بوو، صەڵاواتم لەسەر بدەن، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك یەك صەڵاواتم لەسەر بدات، خوا دە جار صەڵاواتی لەسەر دەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن، کە پلەوپایەیەکی بەرزە لە بەهەشتدا، بۆ کەس نابێت جگە لە یەکێك لە بەندەکانی خوای بەرز، ئومێدم وایە ئەو کەسە من بم، هەر کەسێك داوای ئەو وەسیلە و پلەوپایەم بۆ بکات لە خوا، شەفاعەتی منی بۆ پێویست دەبێت».

٧٤. عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ ﷺ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ قَالَ: حِينَ يَسْمَعُ الْمُؤَذِّنَ وَأَنَا أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، غُفِرَ لَهُ».

سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك گوێبیستی بانگبێژ بوو و گوتی: (وَأَنَا أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا)، واتە: منیش شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە خوا، تاك و تەنهایە و هیچ هاوەڵی نییە، هەروەها شایەتی دەدەم کە

موحەممەد بەندە و نێردراوی خوایە، ڕازیم بەوەی خوا پەروەردگارم بێت، هەروەها بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد، هەروەها بە ئیسلام كە ئایین و بەرنامەم بێت، (هەر كەسێك ئەوە بڵێت) لە گوناهەكانی دەبووردرێت».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الدُّعَاءِ عِنْدَ الْأَذَانِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی دوعا و پاڕانەوە لە كاتی بانگدا

٧٥. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ قَالَ: حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ، إِلَّا حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».

جابیری كوڕی عەبدوڵڵا ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر كەسێك گوێی لە بانگ بوو بڵێت: (اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِه الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ)، مسۆگەر شەفاعەتی منی بەردەكەوێت لە ڕۆژی قیامەت».

بَابُ الْخُرُوجِ مِنَ الْمَسْجِدِ بَعْدَ الْأَذَانِ

باسی دەرچوون لە مزگەوت لەدوای بانگدان

٧٦. عَنْ أَبِي الشَّعْثَاءِ قَالَ: كُنَّا مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ فِي الْمَسْجِدِ فَخَرَجَ رَجُلٌ حِينَ أَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ لِلْعَصْرِ، فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: أَمَّا هَذَا فَقَدْ عَصَى أَبَا الْقَاسِمِ ﷺ.

ئەبو شەعساء دەڵێت: ئێمە لە مزگەوت بووین لەگەڵ ئەبو هوڕەیرە ﵁، لە كاتێك كە بانگبێژ بانگی دا بۆ نوێژی عەسر پیاوێك لەمزگەوت دەرچوو، ئەبو هوڕەیرە ﵁

گوتی: (ئەم پیاوەی کە ئێستا لە مزگەوت دەرچوو لە کاتی بانگدا) ئەمە سەرپێچی ئەبولقاسیمی ﷺ کردووە.

بَابٌ فِي الصَّلَاةِ تُقَامُ وَلَمْ يَأْتِ الْإِمَامُ يَنْتَظِرُونَهُ قُعُودًا

باسێك دەربارەی ئەوەی قامەت کراوە و ئیمام نەهاتووە و خەڵك بەدانیشتنەوە چاوەڕێی دەکەن

٧٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي قَتَادَةَ، عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ فَلَا تَقُومُوا حَتَّى تَرَوْنِي».

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو قەتادە لە باوکیەوە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئەگەر قامەتی نوێژ کرا هەڵمەستن هەتاکوو من دەبینن».

بَابٌ فِي التَّشْدِيدِ فِي تَرْكِ الْجَمَاعَةِ

باسێك دەربارەی هەڕەشەی وازهێنەرانی نوێژی بەکۆمەڵ

٧٨. عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَا مِنْ ثَلَاثَةٍ فِي قَرْيَةٍ وَلَا بَدْوٍ لَا تُقَامُ فِيهِمُ الصَّلَاةُ إِلَّا قَدِ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ، فَعَلَيْكَ بِالْجَمَاعَةِ فَإِنَّمَا يَأْكُلُ الذِّئْبُ الْقَاصِيَةَ».

ئەبو دەرداء رضي الله عنه دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هیچ سێ کەسێك نین لە دێیەکدا، یاخود لە دەشتێکدا نیشتەجێ بن و نوێژی بەکۆمەڵیان تێدا نەکرێت، مسۆگەر شەیتان بەسەریاندا زاڵ دەبێت، بۆیە تۆ پەیوەست و پابەند بە بە (نوێژی) بەکۆمەڵەوە، لەبەر ئەوەی گورگ مەڕی تەنها دەخوات».

بَابٌ فِي فَضْلِ صَلَاةِ الْجَمَاعَةِ

باسێك دەربارەی پێگە و گەورەیی نوێژی بەكۆمەڵ

٧٩. عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ كَانَ كَقِيَامِ نِصْفِ لَيْلَةٍ، وَمَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ وَالْفَجْرَ فِي جَمَاعَةٍ كَانَ كَقِيَامِ لَيْلَةٍ».

عوسمانی كوڕی عەففان ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر كەسێك نوێژی خەوتنان بەكۆمەڵ بكات وەك ئەوە وایە نیوەی شەو شەونوێژی كردبێت، هەر كەسێك نوێژی خەوتنان و بەیانی هەردووكی بەكۆمەڵ بكات وەك ئەوە وایە كە بەدرێژایی شەو شەونوێژی كردبێت».

بَابُ مَا جَاءَ فِي فَضْلِ الْمَشْيِ إِلَى الصَّلَاةِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی گەورەیی و پاداشتی ڕێكردن بۆ نوێژ

٨٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْأَبْعَدُ فَالْأَبْعَدُ مِنَ الْمَسْجِدِ أَعْظَمُ أَجْرًا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «دوورتر و دوورترین (بەپێی دووری) لە مزگەوت پاداشتەكەیان زیاتر و گەورەترە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْمَشْيِ إِلَى الصَّلَاةِ فِي الظَّلَامِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی چوون بۆ نوێژ بەتاریكی

٨١. عَنْ بُرَيْدَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «بَشِّرِ الْمَشَّائِينَ فِي الظُّلَمِ إِلَى الْمَسَاجِدِ بِالنُّورِ

التَّامِّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».

بوڕەیدە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئەو کەسانەی بە زۆری لە تاریکیدا دەچن بۆ مزگەوت، موژدەیان پێ بدەن بە ڕووناکییەکی تەواو لە ڕۆژی دواییدا».

٨٢. عَنْ أَبِي ثُمَامَةَ الْحَنَّاطُ: أَنَّ كَعْبَ بْنَ عُجْرَةَ، أَدْرَكَهُ وَهُوَ يُرِيدُ الْمَسْجِدَ أَدْرَكَ أَحَدُهُمَا صَاحِبَهُ، قَالَ: فَوَجَدَنِي وَأَنَا مُشَبِّكٌ بِيَدَيَّ، فَنَهَانِي عَنْ ذَلِكَ وَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: «إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ، ثُمَّ خَرَجَ عَامِدًا إِلَى الْمَسْجِدِ فَلَا يُشَبِّكَنَّ يَدَيْهِ فَإِنَّهُ فِي صَلَاةٍ».

ئەبو سومامەی حەننات دەگێڕێتەوە: بە کەعبی کوڕی عوجرە گەیشتووە، ئەویش ویستوویەتی بچێت بۆ مزگەوت، یان یەکێکیان بەوەی دیکە گەیشتووە، دەڵێت: (کەعبی کوڕی عوجرە) منی بینی پەنجەکانی هەردوو دەستم تێکەڵ کردبوو، ئەویش قەدەغەی ئەو شتەی لێ کردم، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە دەستنوێژێکی باش و تەواو بشوات، پاشان بە نیازی مزگەوت بچێتەدەر، با پەنجەکانی دەستی تێکەڵ نەکات بەنێو یەکدا، چونکە لەنێو نوێژدایە (مادام چاوەڕێی نوێژ دەکات)».

تێبینی:

(تَشْبِيك): ئەوەیە کە پەنجەی هەردوو دەست تێکەڵ بکەیت بەیەکدا، کەسێك بچێت بۆ مزگەوت یان چاوەڕێی نوێژ بێت قەدەغە کراوە پەنجەکانی تێکەڵ بکات.

بَابُ فِيمَنْ خَرَجَ يُرِيدُ الصَّلَاةَ فَسُبِقَ بِهَا

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی دەچێت بۆ مزگەوت و نوێژ تەواو بووە

٨٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ،

ثُمَّ رَاحَ فَوَجَدَ النَّاسَ قَدْ صَلَّوْا أَعْطَاهُ اللَّهُ ﷻ مِثْلَ أَجْرِ مَنْ صَلَّاهَا وَحَضَرَهَا لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أَجْرِهِمْ شَيْئًا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك دەستنوێژ بشوات، بەڵام دەستنوێژێکی تەواو، پاشان بڕواتە مزگەوت ببینێت خەڵکی نوێژیان کردووە، خوا ﷻ پاداشتی ئەو کەسانەی بۆ دەنووسێت کە ئامادەی نوێژی بەکۆمەڵ بوونە، لە پاداشتی ئەوانیش هیچ کەم ناکات».

بَابُ مَا جَاءَ فِي خُرُوجِ النِّسَاءِ إِلَى الْمَسْجِدِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی چوونی ژنان بۆ مزگەوت

٨٤. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَمْنَعُوا نِسَاءَكُمُ الْمَسَاجِدَ، وَبُيُوتُهُنَّ خَيْرٌ لَهُنَّ».

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « ڕێگری لە ئافرەتان مەکەن لە چوونیان بۆ مزگەوت (ئەگەر داوایان کرد ڕێگایان پێ بدەن)، بەڵام (با ئافرەتان بزانن) نوێژکردنیان لە ماڵەکانی خۆیاندا باشترە بۆیان».

٨٥. قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ ﵄: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «ائْذَنُوا لِلنِّسَاءِ إِلَى الْمَسَاجِدِ بِاللَّيْلِ»، فَقَالَ ابْنٌ لَهُ: وَاللَّهِ لَا نَأْذَنُ لَهُنَّ فَيَتَّخِذْنَهُ دَغَلًا، وَاللَّهِ لَا نَأْذَنُ لَهُنَّ، قَالَ: فَسَبَّهُ وَغَضِبَ، وَقَالَ: أَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «ائْذَنُوا لَهُنَّ، وَتَقُولُ لَا نَأْذَنُ لَهُنَّ؟!».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «بە شەویش مۆڵەتی ئافرەتەکانتان بدەن بۆ مزگەوت»، ئینجا کوڕێکی خۆی گوتی: سوێند بە خوا مۆڵەتیان نادەین و بە هەلی وەردەگرن بۆ فێڵکردن، سوێند بە خوا مۆڵەتیان نادەین،

گوتی: ئەویش قسەی پێ گوت و تووڕە بوو، گوتی: من دەڵێم: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ڕێگەیان بدەن»، تۆش دەڵێیت: مۆڵەتیان نادەین؟!

٨٦. عَنْ عَمْرَةَ بِنْتِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ: أَنَّهَا أَخْبَرَتْهُ أَنَّ عَائِشَةَ رضي الله عنها زَوْجَ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَتْ: لَوْ أَدْرَكَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَا أَحْدَثَ النِّسَاءُ لَمَنَعَهُنَّ الْمَسْجِدَ كَمَا مُنِعَهُ نِسَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ.

عەمرەی کچی عەبدورڕەحمان دەگێڕێتەوە: عائیشەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ گوتوویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ بیبینیایە ئافرەتان چییان داهێناوە (لە خۆڕازاندنەوە و بۆن لەخۆدان و خۆجوانکردن و پۆشینی پۆشاکی سەرنجڕاکێش)، ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتانی قەدەغە دەکرد لە چوونە مزگەوت، هەر وەکوو چۆن ئافرەتانی بەنو ئیسرائیل قەدەغە کران لێی.

تێبینی:

ئەمە عائیشە لە سەردەمی خۆیدا وا دەڵێت، ئەی لە سەردەمی ئێمە ئافرەتان ئەو هەموو بەرگ و پۆشاکە سەرنجڕاکێشە دەپۆشن و دەچنە دەرەوە، بۆ مزگەوتیش نییە بەڵکوو بۆ بازاڕ و دونیا، دەبێت چی بفەرموایە!

٨٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «صَلَاةُ الْمَرْأَةِ فِي بَيْتِهَا أَفْضَلُ مِنْ صَلَاتِهَا فِي حُجْرَتِهَا، وَصَلَاتُهَا فِي مَخْدَعِهَا أَفْضَلُ مِنْ صَلَاتِهَا فِي بَيْتِهَا».

عەبدوڵڵا رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئافرەت لەنێو ماڵی خۆی نوێژ بکات باشترە لەوەی کە لە حوجرەکەی نوێژ بکات، (حوجرەکەی: مەبەستی بەر دەرگایە یان نزیك لە دەرگا)، وە نوێژکردنی لە ژووری بچووکی تایبەتیی خۆی باشترە لەوەی لە ماڵەکەی خۆیدا نوێژ بکات».

بَابٌ فِي جِمَّاعِ الْإِمَامَةِ وَفَضْلِهَا

باسێك دەربارەی کۆباسی پێشنوێژی و گەورەییەکەی

٨٨. عَنْ أَبِي عَلِيٍّ الْهَمْدَانِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ ﷺ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، يَقُولُ: «مَنْ أَمَّ النَّاسَ فَأَصَابَ الْوَقْتَ فَلَهُ وَلَهُمْ، وَمَنِ انْتَقَصَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعَلَيْهِ وَلَا عَلَيْهِمْ».

ئەبو عەلی هەمەدانی دەڵێت: گوێم لە عوقبەی کوڕی عامیر ﷺ بوو دەیگوت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەر کەسێك پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات و لە کاتی خۆیدا و بەبێ کەموکوڕی، ئەوە پاداشتەکەی بۆ ئەو و بۆ خەڵکەکەشە، هەر کەسێکیش بە کەموکوڕی و کەمتەرخەمی بیکات، ئەوە گوناهەکەی بۆ پێشنوێژە و خەڵکەکە هیچیان لەسەر نییە».

بَابُ إِمَامَةِ الزَّائِرِ

باسی پێشنوێژیکردنی میوان

٨٩. عَنْ أَبِي عَطِيَّةَ قَالَ: كَانَ مَالِكُ بْنُ حُوَيْرِثٍ، يَأْتِينَا إِلَى مُصَلَّانَا هَذَا، فَأُقِيمَتِ الصَّلَاةُ فَقُلْنَا لَهُ: تَقَدَّمْ فَصَلِّهْ، فَقَالَ لَنَا: قَدِّمُوا رَجُلًا مِنْكُمْ يُصَلِّي بِكُمْ، وَسَأُحَدِّثُكُمْ لِمَ لَا أُصَلِّي بِكُمْ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَنْ زَارَ قَوْمًا فَلَا يَؤُمَّهُمْ، وَلْيَؤُمَّهُمْ رَجُلٌ مِنْهُمْ».

ئەبو عەتییە دەڵێت: مالیکی کوڕی حوەیریس (هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ) دەهات بۆ ئەم مزگەوتەمان، قامەت کرا بۆ نوێژ، پێمان گوت: برۆ پێشەوە پێشنوێژیمان بۆ بکە، فەرمووی: یەکێك لە خۆتان بخەنە پێشەوە تا پێشنوێژیتان بۆ بکات، وە ئێستا پێتان

دەڵێم بۆچی من پێشنوێژیتان بۆ ناکەم (هەر چەندە ئەم هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ بووە و زانا بووە، لە پێشتر بووە بۆ پێشنوێژی، بەڵام کە بۆیان ناکات)، دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەر کەسێك سەردانی خەڵکانێکی کرد با پێشنوێژییان بۆ نەکات، با کەسێك لە خۆیان پێشنوێژییان بۆ بکات».

بَابُ الْإِمَامِ يُصَلِّي مِنْ قُعُودٍ

باسی پێشنوێژیکردن بەدانیشتنەوە

٩٠. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ رَكِبَ فَرَسًا فَصُرِعَ عَنْهُ فَجُحِشَ شِقُّهُ الْأَيْمَنُ فَصَلَّى صَلَاةً مِنَ الصَّلَوَاتِ وَهُوَ قَاعِدٌ، وَصَلَّيْنَا وَرَاءَهُ قُعُودًا فَلَمَّا انْصَرَفَ، قَالَ: «إِنَّمَا جُعِلَ الْإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ، فَإِذَا صَلَّى قَائِمًا فَصَلُّوا قِيَامًا، وَإِذَا رَكَعَ فَارْكَعُوا، وَإِذَا رَفَعَ فَارْفَعُوا، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، فَقُولُوا: رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ وَإِذَا صَلَّى جَالِسًا فَصَلُّوا جُلُوسًا أَجْمَعُونَ».

ئەنەسی کوڕی مالیك رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ سواری ئەسپێك بوو، لەسەر ئەسپەکە بەر بووەوە، لای ڕاستی ڕووشا، یەکێك لە نوێژە فەڕزەکانی بەدانیشتنەوە کرد، ئێمەش بەدانیشتنەوە لەدوایەوە نوێژمان کرد، کە نوێژەکەی تەواو کرد فەرمووی: «ئیمام تەنها بۆ ئەوە دانراوە کە ئێوە شوێنی بکەون، کە ئیمام بەپێوە نوێژی کرد ئێوەش بەپێوە نوێژ بکەن، کە ئیمام چووە ڕکووع ئێوەش بچنە ڕکووع، کە لە ڕکووع سەری بەرز کردەوە ئێوەش سەرتان بەرز بکەنەوە، کە گوتی: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)، ئێوە بڵێن: (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ)، ئەگەر بەدانیشتنەوە نوێژی کرد، ئێوە هەر هەمووتان بەدانیشتنەوە نوێژ بکەن».

بَابُ الْإِمَامِ يَنْحَرِفُ بَعْدَ التَّسْلِيمِ

باسی ئیمام کە دوای سەلامدانەوە ڕووی بۆ لای خەڵك دەسووڕێنێت

٩١. عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ ﵁ قَالَ: كُنَّا إِذَا صَلَّيْنَا خَلْفَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ أَحْبَبْنَا أَنْ نَكُونَ عَنْ يَمِينِهِ، فَيُقْبِلُ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ ﷺ.

بەرائی کوڕی عازیب ﵁ دەڵێت: ئێمە ئەگەر لەپشت پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژمان بکردایە، پێمانخۆش بوو لەلای ڕاستیەوە نوێژ بکەین، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای ڕاستدا ڕووی دەکردە ئێمە (لەدوای سەلامدانەوە).

بَابُ مَا يُؤْمَرُ بِهِ الْمَأْمُومُ مِنَ اتِّبَاعِ الْإِمَامِ

باسی ئەوەی کە فەرمان کراوە بە نوێژخوێن لەپەیڕەوکردنی ئیمام

٩٢. عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ أَبِي سُفْيَانَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تُبَادِرُونِي بِرُكُوعٍ، وَلَا بِسُجُودٍ، فَإِنَّهُ مَهْمَا أَسْبِقْكُمْ بِهِ إِذَا رَكَعْتُ تُدْرِكُونِي بِهِ إِذَا رَفَعْتُ، إِنِّي قَدْ بَدَّنْتُ».

موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «پێشبڕکێی من مەکەن و پێشم مەکەون لە ڕکووع و سوجدەبردندا، زیانتان پێ ناگەیەنێت کە من سەر لە ڕکووع بەرز دەکەمەوە ئێوە هێشتا لە ڕکووعدا شتێکتان مابێت بیخوێنن، مادام من بەپێوەم هێشتا نەچوومەتە کڕنووش (بۆیە پەلە مەکەن)، لەبەر ئەوەی من گۆشتم گرتووە و قەڵەو بوومە (بۆ بە من ڕادەگەن)».

بَابُ تَسْوِيَةِ الصُّفُوفِ

باسی ڕێك و ڕاستکردنی ڕیزەکانی نوێژ

٩٣. عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَلَا تَصُفُّونَ كَمَا تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهِمْ ﷻ»، قُلْنَا وَكَيْفَ تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهِمْ؟، قَالَ: «يُتِمُّونَ الصُّفُوفَ الْمُقَدَّمَةَ وَيَتَرَاصُّونَ فِي الصَّفِّ».

جابیری کوڕی سەمورە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئایا لە ڕیزەکانتان ڕێك و ڕاست ڕاناوەستن هەر وەکوو چۆن فریشتەکان لای پەروەردگاریان ﷻ بەڕێکی ڕاوەستان»، گوتمان: فریشتە چۆن ڕیز دەبەستن لەلای پەروەردگاریان؟ فەرمووی: «ڕیزە یەکەمەکان تەواو دەکەن، (ئینجا دەچن ڕیزی دووەم دروست دەکەن، ڕیزی دووەم تەواو دەکەن ئینجا دەچن ڕیزی سێیەم دروست دەکەن بەم شێوازە، واتە: ناچن ڕیزی دووەم دروست بکەن لە کاتێکیش لە ڕیزی یەکەم شوێن چۆڵ بێت)، ڕیزەکانیشیان ڕاست و ڕێك دەکەن (واتە: هیچ کەلێنێك لە نێوانیاندا نابێت)».

٩٤. عَنْ سِمَاكٍ قَالَ: سَمِعْتُ النُّعْمَانَ بْنَ بَشِيرٍ ﵄ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُسَوِّي صُفُوفَنَا إِذَا قُمْنَا لِلصَّلَاةِ فَإِذَا اسْتَوَيْنَا كَبَّرَ.

سیماك دەڵێت: گوێم لە نوعمانی کوڕی بەشیر ﵄ بوو، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕیزەکانی ڕێك دەخستین کە بۆ نوێژ ڕاوەستاینایە، کە ڕیزەکانمان ڕێك بووایە، ئینجا (الله أکبر)ی دەکرد (نوێژی دادەبەست).

بَابُ مَنْ يُسْتَحَبُّ أَنْ يَلِيَ الْإِمَامَ فِي الصَّفِّ وَكَرَاهِيَةِ التَّأَخُّرِ

باسی ئەوە سوننەتە کێ لەدوای ئیمام بێت لە ڕیزدا، کێ ناپەسندە دوا بکەوێت

٩٥. عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ».

ئەبو مەسعوود ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «با ئەوانەی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو ئاقڵ و زانا و دانان لەدوای منەوە (لە ڕیزی یەکەم) بن، پاشان ئەوانەی پلەیەك لەدوای ئەوانن، پاشان ئەوانەی لەدوای ئەوان دێن (لەو سیفەتانەدا)».

تێبینی:

(أُولُو الأَحْلَام): خاوەن ئەقڵ و پێگەیشتووەکان، یان کەسانی هێمن و تێگەیشتوو.

(النُّهَى): دانا، تێگەیشتوو.

بَابُ الرَّجُلِ يُصَلِّي وَحْدَهُ خَلْفَ الصَّفِّ

باسی ئەو کەسەی بەتەنیا نوێژ دەکات لەدوای ڕیزی نوێژخوێنان

٩٦. عَنْ وَابِصَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ رَأَى رَجُلاً يُصَلِّي خَلْفَ الصَّفِّ وَحْدَهُ فَأَمَرَهُ أَنْ يُعِيدَ، قَالَ سُلَيْمَانُ بْنُ حَرْبٍ: الصَّلَاةَ.

وابیصە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی بینی بەتەنیا و لەدوای (ڕیزی نوێژخوێنان) نوێژی دەکرد، بۆیە فەرمانی پێ کرد دووبارەی بکاتەوە. سولەیمانی کوڕی حەڕب گوتی: واتە: نوێژەکە (دووبارە بکاتەوە).

بَابُ الرَّجُلِ يَرْكَعُ دُونَ الصَّفِّ

باسی کەسێك کە پێش چوونە ڕیزی نوێژخوێنان دەچێتە ڕکووعەوە

٩٧. عَنِ الْحَسَنِ: أَنَّ أَبَا بَكْرَةَ ﵁ جَاءَ وَرَسُولُ اللَّهِ رَاكِعٌ، فَرَكَعَ دُونَ الصَّفِّ ثُمَّ مَشَى إِلَى الصَّفِّ فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ ﷺ صَلَاتَهُ، قَالَ: «أَيُّكُمُ الَّذِي رَكَعَ دُونَ الصَّفِّ ثُمَّ مَشَى إِلَى الصَّفِّ؟». فَقَالَ أَبُو بَكْرَةَ: أَنَا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «زَادَكَ اللَّهُ حِرْصًا وَلَا تَعُدْ».

حەسەن دەگێڕێتەوە: ئەبو بەکرە ﵁ هاتە مزگەوت، پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕکووعدا بوو، ئەویش پێش ئەوەی بچێتە نێو ڕیزەکە ڕکووعی برد (بۆ ئەوەی فریای ئەو ڕکاتە بکەوێت)، پاشان چووە نێو ڕیزەکەوە، دوای ئەوەی پێغەمبەر ﷺ نوێژەکەی تەواو کرد، فەرمووی: «ئەوە کامتان بوون لە پشت ڕیزەکانەوە ڕکوعتان برد»، پاشان هاتە ناو ڕیزەکەوە؟ ئەبو بەکرە گوتی: من، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «خوا سووربوونت زیاتر بکات، بەڵام ئەو کارە دووبارە مەکەرەوە».

بَابُ مَا يَسْتُرُ الْمُصَلِّيَ

باسی ئەو شتەی کە نوێژخوێن دەیکات بە بەربەست

٩٨. عن طَلْحَةَ بْنِ عُبَيْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا جَعَلْتَ بَيْنَ يَدَيْكَ مِثْلَ مُؤَخِّرَةِ الرَّحْلِ فَلَا يَضُرُّكَ مَنْ مَرَّ بَيْنَ يَدَيْكَ».

تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر هەر یەکێك لە ئێوە توانی ڕێگری بکات لە نێوان خۆی و قیبلە (کە نەهێڵێت کەس بە بەردەمیدا تێبپەڕێت)، با وا بکات».

بَابُ مَا يُؤْمَرُ الْمُصَلِّي أَنْ يَدْرَأَ عَنِ الْمَمَرِّ بَيْنَ يَدَيْهِ

باسی فەرمانكردن بە نوێژخوێن بە پاڵنان بەو كەسەی كە دەیەوێت لە پێشیەوە تێبپەڕێت

٩٩. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ لَا يَحُولَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ قِبْلَتِهِ أَحَدٌ فَلْيَفْعَلْ».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەكێك لە ئێوە نوێژی كرد، با نەیەڵێت كەس لەبەر دەستیەوە تێبپەڕێت، با ڕێگری لێ بكات و چەندێك توانی بیگەڕێنێتەوە».

بَابُ سُتْرَةُ الْإِمَامِ سُتْرَةُ مَنْ خَلْفَهُ

باسێك دەربارەی ئەوەی كە سوترەی ئیمام سوترەی نوێژخوێنانیشە

١٠٠. عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ ﵁ قَالَ: هَبَطْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ مِنْ ثَنِيَّةِ أَذَاخِرَ «فَحَضَرَتِ الصَّلَاةُ - يَعْنِي فَصَلَّى إِلَى جِدَارٍ - فَاتَّخَذَهُ قِبْلَةً وَنَحْنُ خَلْفَهُ، فَجَاءَتْ بَهْمَةٌ تَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْهِ فَمَا زَالَ يُدَارِئُهَا حَتَّى لَصَقَ بَطْنَهُ بِالْجِدَارِ، وَمَرَّتْ مِنْ وَرَائِهِ».

عەمری كوڕی شوعەیب لە باوكیەوە لە باپیریەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەرزایی ئەزاخیرەوە دەهاتینە خوارەوە، ئیدی كاتی نوێژ هات، بەرەو دیوارەكە نوێژی كرد، دیوارەكەی خستە لای قیبلە و ئێمەش لەدوای ئەوەوە نوێژمان كرد، لەو كاتەدا بەرخۆلەیەك هاتە بەردەست و پێی، ئیدی بەردەوام پاڵیان بەیەكەوە دەنا هەتا وای لێ هات (پێغەمبەر ﷺ) سكی بە دیوارەكەوە لكا

(نەیهێشت بەرخۆلەکە بە بەردەمیدا ڕەت ببێت) و بەرخۆلەکە بە پشتەوەیدا تێپەڕی.

تێبینی:

(يُدَارِئُهَا): مانای بەرخەکە پاڵی دەنا و پێغەمبەریش ﷺ پاڵی دەنا بە بەرخەکەوە.

١٠١. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ: كَانَ يُصَلِّي فَذَهَبَ جَدْيٌ يَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْهِ فَجَعَلَ يَتَّقِيهِ.

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ نوێژی دەکرد، لەو کاتەدا کاریلەیەك بە بەردەمیدا ڕۆیشت ویستی ڕەت ببێت، بۆیە (پێغەمبەر ﷺ) دووری دەخستەوە (نەیهێشت بە بەردەمیدا ڕەت ببێت).

بَابُ مَنْ قَالَ الْمَرْأَةُ لَا تَقْطَعُ الصَّلَاةَ

باسی ئەوەی کە گوتوویەتی: ئافرەت نوێژ نابڕێت

١٠٢. عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يُصَلِّي صَلَاتَهُ مِنَ اللَّيْلِ وَهِيَ مُعْتَرِضَةٌ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ رَاقِدَةٌ عَلَى الْفِرَاشِ الَّذِي يَرْقُدُ عَلَيْهِ، حَتَّى إِذَا أَرَادَ أَنْ يُوتِرَ أَيْقَظَهَا فَأَوْتَرَتْ.

عائیشە رضي الله عنها دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ شەونوێژی دەکرد (ئەویش) لە نێوانی پێغەمبەر ﷺ و قیبلەدا لەسەر جێگەی خەوی پێغەمبەر ﷺ پاڵدەکەوت (ڕادەکشا)، هەتا ئەو کاتەی کە بیویستبایە نوێژی ویتر بکات، ئەوکات عائیشەی هەڵدەستاند و ئەویش نوێژی ویتری دەکرد.

بَابُ رَفْعِ الْيَدَيْنِ فِي الصَّلَاةِ

باسی بەرزکردنەوەی دەستەکان لە نوێژدا

١٠٣. عَنْ وَائِلِ بْنِ حُجْرٍ ﵁ قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ حِينَ افْتَتَحَ الصَّلَاةَ رَفَعَ يَدَيْهِ حِيَالَ أُذُنَيْهِ، قَالَ: ثُمَّ أَتَيْتُهُمْ فَرَأَيْتُهُمْ يَرْفَعُونَ أَيْدِيَهُمْ إِلَى صُدُورِهِمْ فِي افْتِتَاحِ الصَّلَاةِ وَعَلَيْهِمْ بَرَانِسُ وَأَكْسِيَةٌ.

وائیلی کوڕی حوجر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەرم ﷺ بینی کاتێك دەستی دەکرد بە نوێژ، دەستەکانی بەرز دەکردەوە هەتا ئاستی گوێیەکانی، دەڵێت: پاشان چووم بۆ لایان، بینیم دەستەکانیان لە کاتی نوێژدابەستندا هەتاکوو سنگیان بەرز دەکەنەوە و پۆشاکی سەربەکڵاویشیان لەبەردا بوو.

✎ تێبینی:

(حِيَال): واتە: بەرانبەر، ئاست.

(بَرَانِس): بە هەر پۆشاکێك دەڵێن کە کڵاوەکەی بەخۆوە بێت، چ قەڵغان بێت چ پۆشاکی دیکە بێت، وەکوو عەبا.

بَابُ افْتِتَاحِ الصَّلَاةِ

باسی دەستپێکی نوێژ

١٠٤. عَنْ وَائِلِ بْنِ حُجْرٍ ﵁ قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ فِي الشِّتَاءِ فَرَأَيْتُ أَصْحَابَهُ يَرْفَعُونَ أَيْدِيَهُمْ فِي ثِيَابِهِمْ فِي الصَّلَاةِ.

وائیلی کوڕی حوجر ﵁ دەڵێت: لە زستاندا هاتمە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بینیم هاوەڵانی دەستەکانیان بەرز دەکردەوە لەنێو پۆشاکەکانیاندا لە نوێژدا.

بَابُ مَنْ ذَكَرَ أَنَّهُ يَرْفَعُ يَدَيْهِ إِذَا قَامَ مِنَ الثِّنْتَيْنِ

باسی ئەو کەسانەی دەڵێن: ئەگەر لە دووەم ڕکاتدا هەستایەوە دەست بەرز دەکاتەوە

١٠٥. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا قَامَ مِنَ الرَّكْعَتَيْنِ كَبَّرَ وَرَفَعَ يَدَيْهِ.

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە دوو ڕکاتی یەکەم ئەگەر هەستابایەوە، (الله أكبر)ی دەکرد، و دەستەکانی بەرز دەکردەوە.

بَابُ مَا يُسْتَفْتَحُ بِهِ الصَّلَاةُ مِنَ الدُّعَاءِ

باسی ئەو دوعایانەی نوێژی پێ دەست پێ دەکرێت

١٠٦. عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ كَبَّرَ، ثُمَّ قَالَ: «وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ، إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، لَاشَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا أَوَّلُ الْمُسْلِمِينَ».

عەلی کوڕی ئەبو تالیب ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ کە نوێژی دابەستبایە (الله أكبر)ی دەکرد، پاشان دەیفەرموو: «بەدڵسۆزی ڕووم لە خوا کرد، ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووە، لە هەموو ئایینێکی پووچەڵ لامداوە بۆ

ئایینی ڕاست و تەواو، لە موسوڵمانانم و لە هاوبەشدانەران نیم، بەدڵنیایی نوێژکردنم و پەرستشم و سەربڕینم و ژیان و مردنم هەمووی بۆ پەروەردگاری جیهانییانە، کە هیچ هاوبەشێکی نییە، بەوەش من فەرمانم پێ کراوە کە لە یەکەمینی موسوڵمانان بم».

١٠٧. عَنْ رِفَاعَةَ بْنِ رَافِعٍ الزُّرَقِيِّ ﵁ قَالَ: كُنَّا يَوْمًا نُصَلِّي وَرَاءَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَلَمَّا رَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ، قَالَ: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ»، قَالَ رَجُلٌ وَرَاءَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: «مَنِ الْمُتَكَلِّمُ بِهَا آنِفًا»، فَقَالَ الرَّجُلُ: أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَقَدْ رَأَيْتُ بِضْعَةً وَثَلَاثِينَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا أَيُّهُمْ يَكْتُبُهَا أَوَّلُ».

ریفاعەی کوڕی ڕافیعی زوڕەقی ﵁ دەڵێت: ڕۆژێك لەپشت پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژمان دەکرد، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕکووع سەری بەرز کردەوە فەرمووی: «سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ»، واتە: خوا ستاییشی ئەوانەی بیست کە ستاییشی دەکەن، پیاوێك لەدوای پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: (رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ)، واتە: پەروەدگارمان سوپاس و ستاییش تەنها بۆ تۆیە، سوپاس و ستاییشی زۆر و پاك و بەرەکەتدار، کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژەکەی تەواوکرد فەرمووی: «ئەوە کێ بوو ئێستا ئەو زیکرەی خوێند؟»، پیاوەکە گوتی: من ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بێگومان سی و ئەوەندە (سی و سێ تا سی و نۆ) فریشتەم بینی دەستپێشخەری و پەلەیان دەکرد کامیان (پاداشتی) ئەو زیکرە بنووسێت».

بَابُ مَنْ رَأَى الِاسْتِفْتَاحَ بِسُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ

باسی ئەوانەي بە زیکری (سبحانك اللهم وبحمدك) دەست بە نوێژ دەکەن

١٠٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا كَبَّرَ فِي الصَّلَاةِ سَكَتَ بَيْنَ التَّكْبِيرِ

وَالْقِرَاءَةِ، فَقُلْتُ لَهُ: بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي، أَرَأَيْتَ سُكُوتَكَ بَيْنَ التَّكْبِيرِ وَالْقِرَاءَةِ أَخْبِرْنِي مَا تَقُولُ؟ قَالَ: «اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللَّهُمَّ أَنْقِنِي مِنْ خَطَايَايَ كَالثَّوْبِ الْأَبْيَضِ مِنَ الدَّنَسِ، اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي بِالثَّلْجِ وَالْمَاءِ وَالْبَرَدِ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك (الله أكبر)ی بکردایە و نوێژی دابەستایە لە نوێژدا، لە نێوان (الله أكبر) و خوێندنی سورەتی فاتیحەدا بێدەنگ دەبوو، پێم وت: بە دایکم و باوکمەوە فیدات بم ئەی پێغەمبەری خوا، هەواڵم پێ بدە ئەم بێدەنگبوونەی لە نێوان (الله أكبر) و خوێندنی سورەتی فاتیحە پێم بڵێ چی دەڵێیت؟ فەرمووی دەڵێم: «خوایە چۆن نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوات لێك دوور خستۆتەوە ئاوایش من و گوناهەکانم لێك دوور بخەرەوە (لە تاوان بمپارێزیت)، خوایە لە گوناهان پاکم بکەیتەوە، وەکوو چۆن پۆشاکێکی سپی پیسییەکی پێوە بێت پاك دەبێتەوە، خوایە بە بەفر و ئاو و تەرزە بمشۆرە و پاکم بکەرەوە».

بَابُ تَخْفِيفِ الصَّلَاةِ لِلْأَمْرِ يَحْدُثُ

باسی کورتکردنەوەی نوێژ بەهۆی ڕووداوێك

١٠٩. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي قَتَادَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنِّي لَأَقُومُ إِلَى الصَّلَاةِ وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أُطَوِّلَ فِيهَا، فَأَسْمَعُ بُكَاءَ الصَّبِيِّ فَأَتَجَوَّزُ كَرَاهِيَةَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمِّهِ».

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو قەتادە لە باوکیەوە ﷺ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «من دەچمە نێو نوێژەوە، دەمەوێت نوێژەکەم درێژ بکەمەوە، بەڵام کە گوێم لە گریانی منداڵ دەبێت، نوێژەکە کورت دەکەمەوە نەوەکوو نارەحەتی بۆ دایکی دروست بکات».

بَابٌ فِي تَخْفِيفِ الصَّلَاةِ

باسێك دەربارەی كورتكردنەوەی نوێژ

١١٠. عَنْ أَبِي صَالِحٍ، عَنْ بَعْضِ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ لِرَجُلٍ: «كَيْفَ تَقُولُ فِي الصَّلَاةِ»، قَالَ: أَتَشَهَّدُ وَأَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ أَمَا إِنِّي لَا أُحْسِنُ دَنْدَنَتَكَ وَلَا دَنْدَنَةَ مُعَاذٍ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «حَوْلَهَا نُدَنْدِنُ».

ئەبو صالیح لە هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بە پیاوێكی فەرموو: «ئایا تۆ لەنێو نوێژدا چی دەڵێیت (چ دوعایەك دەكەیت)؟» گوتی: تەحیات دەخوێنم، دەڵێم: خوایە داوای بەهەشتت لێ دەكەم، پەنات پێ دەگرم لە ئاگری دۆزەخ، بەڵام من ئەو ورتەورتەی تۆ و ورتەورتەكەی موعاز نازانم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «ئێمەش هەر بەدەوری ئەوەدا دەسووڕێینەوە (واتە: ئێمەش هەر داوا لە خوا دەكەین بمانخاتە بەهەشتەوە و لە دۆزەخ بمانپارێزێت، واتە: دوعایەكە كورت و پوختە و مەبەستدارە)».

تێبینی:

(دَنْدَنَة): ورتەورت، قسەكردنێك كە بەرانبەر تێی ناگات.

١١١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ لِلنَّاسِ فَلْيُخَفِّفْ فَإِنَّ فِيهِمُ الضَّعِيفَ وَالسَّقِيمَ وَالْكَبِيرَ، وَإِذَا صَلَّى لِنَفْسِهِ فَلْيُطَوِّلْ مَا شَاءَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەكێك لە ئێوە پێشنوێژیی بۆ خەڵكی كرد با نوێژەكەی كورت بێت، لەبەر ئەوەی كەسانێكی لاواز و نەخۆش و پیر و بە تەمەن لە دواتانەوە نوێژ دەكەن، ئەگەر بۆ خۆت بەتەنها نوێژت كرد چەندی ویستت درێژی بكەوە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْقِرَاءَةِ فِي الظُّهْرِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی قورئانخوێندن لە نوێژی نیوەڕۆدا

١١٢. عَنْ أَبِي قَتَادَةَ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي بِنَا فَيَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الْأُولَيَيْنِ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ وَسُورَتَيْنِ، وَيُسْمِعُنَا الْآيَةَ أَحْيَانًا وَكَانَ يُطَوِّلُ الرَّكْعَةَ الْأُولَى مِنَ الظُّهْرِ وَيُقَصِّرُ الثَّانِيَةَ وَكَذَلِكَ فِي الصُّبْحِ.

ئەبو قەتادە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێشنوێژیی بۆ دەکردین، لە نیوەڕۆ و عەسردا لە ڕکاتی یەکەم و دووەمدا سوڕەتی فاتیحە و دوو سوڕەتی دیکەی دەخوێند (لە هەر ڕکاتێکدا سوڕەتێکی دیکەی دەخوێند لەدوای فاتیحە)، هەندێك جار (ناوبەناو دەنگی بەرز دەکردەوە) گوێمان لە ئایەتەکە دەبوو، (وە دەمانزانی چ سوڕەتێك دەخوێنێت)، ڕکاتی یەکەمی نوێژی نیوەڕۆی درێژ دەکردەوە و دووەمیشی کورت دەکردەوە، لە نوێژی بەیانیشدا بە هەمان شێوە (سوننەت وایە ئیمام ڕکاتی یەکەمی درێژتر بێت لە ڕکاتی دووەم).

تێبینی:

دەگوترێت: لەبەر ئەوەی ڕکاتی یەکەم خەڵك زیاتر چالاکتر و گورجوگۆڵترە، ئەگەر درێژتریش بێت گونجاو و ئاساییە، دەشگوترێت: بۆیە ڕکاتی یەکەم درێژترە تا خەڵکی زیاتر فریای نوێژی بەکۆمەڵ بکەون.

١١٣. عَنْ أَبِي مَعْمَرٍ قَالَ: قُلْنَا لِخَبَّابٍ ﷺ هَلْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: يَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ؟ قَالَ: نَعَمْ، قُلْنَا بِمَ كُنْتُمْ تَعْرِفُونَ ذَاكَ؟ قَالَ: بِاضْطِرَابِ لِحْيَتِهِ.

ئەبو مەعمەر دەڵێت: بە خەبابمان ﷺ گوت: ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا قورئانی دەخوێند؟ گوتی: بەڵێ، وتمان: بە چی دەتانزانی کە

قورئان دەخوێنێت (خۆ دەنگی بەرز نەدەکردەوە لە نیوەڕۆ و عەسردا)، گوتی: لەبەر ئەوەی ڕیشی دەجوولا.

بَابُ مَنْ كَرِهَ الْقِرَاءَةَ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ إِذَا جَهَرَ الْإِمَامُ

باسی ئەوەی خوێندنی فاتیحەی پێ ناپەسندە کاتێك ئیمام بەدەنگی بەرز قورئانی خوێند

١١٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ انْصَرَفَ مِنْ صَلَاةٍ جَهَرَ فِيهَا بِالْقِرَاءَةِ فَقَالَ: «هَلْ قَرَأَ مَعِيَ أَحَدٌ مِنْكُمْ آنِفًا؟»، فَقَالَ رَجُلٌ: نَعَمْ، يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: «إِنِّي أَقُولُ مَالِي أُنَازَعُ الْقُرْآنَ؟»، قَالَ: فَانْتَهَى النَّاسُ عَنِ الْقِرَاءَةِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِيمَا جَهَرَ فِيهِ النَّبِيُّ ﷺ بِالْقِرَاءَةِ مِنَ الصَّلَوَاتِ حِينَ سَمِعُوا ذَلِكَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ.

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەکێك لە نوێژەکان کە بەدەنگی بەرز دەیخوێند، کاتێك کە تەواو بوو فەرمووی: «ئایا کەمێك پێش ئێستا کەس لەگەڵ مندا قورئانی دەخوێند؟»، پیاوێك گوتی: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: «لەبەر ئەوەیە دەڵێم ئەوە بۆ قورئانخوێندنەکەم لێ تێك دەدرێت؟». دەڵێت: ئیدی خەڵکی وازیان هێنا لە قورئانخوێندن لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لەو نوێژانەی کە پێغەمبەر ﷺ دەنگی تیادا بەرز دەکاتەوە بە قورئانخوێندن، کاتێك گوێیان لە ئەمە بوو لە پێغەمبەری خوا ﷺ.

بَابُ مَا يُجْزِئُ الْأُمِّيَّ وَالْأَعْجَمِيَّ مِنَ الْقِرَاءَةِ

باسی ئەوەی کە نەخوێندەوار و غەیرە عەرەب خوێندنی چ ئەندازەیەك لە قورئانیان بەسە

١١٥. عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ ﵁ قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَوْمًا وَنَحْنُ

نَقْتَرِئُ، فَقَالَ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ كِتَابُ اللهِ وَاحِدٌ، وَفِيكُمُ الْأَحْمَرُ وَفِيكُمُ الْأَبْيَضُ وَفِيكُمُ لْأَسْوَدُ، اقْرَءُوهُ قَبْلَ أَنْ يَقْرَأَهُ أَقْوَامٌ يُقِيمُونَهُ كَمَا يُقَوَّمُ السَّهْمُ يُتَعَجَّلُ أَجْرُهُ وَلَا يُتَأَجَّلُهُ».

سەهلی کوڕی سەعدی ساعیدی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك هاتە نێومان، ئێمە قورئانمان دەخوێندەوە، فەرمووی: «سوپاس و ستاییش بۆ خوا، کتێبی خوا هەر یەك کتێببە، ئێوە هەتانە سوورە، هەتانە سپییە، هەتانە ڕەشە (واتە: عەرەب و جگە لە عەرەبتان تێدایە)، ئێوە قورئان بخوێنن پێش ئەوەی کەسانێك بێن تەکلیف لە خۆیان دەکەن و زێدەڕۆیی دەکەن لە دەربڕینی پیتەکان و سیفاتی پیتەکاندا و ڕێکی دەخەن هەر وەکوو چۆن تیر ڕێك دەخرێت (تیر کە دارەکەی جوان دەکرێت و ڕێك دەخرێت، ئاوا ئەوانیش بەجوانی دەریدەبڕن)، ئەوان مەبەستیان پاداشتی دونیایە (دەیانەوێت بەو قورئانخوێندنە پاداشتی دونیایان دەست بکەوێت، پارەی پێ پەیدا دەکەن و پێی دەخۆن)، بەڵام چاوەڕێی پاداشتی ڕۆژی دوایی ناکەن لەوەی خوا پاداشتیان بداتەوە».

بَابُ الْإِقْعَاءِ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ

باسی دانیشتن لە نێوان هەردوو سوجدەکەدا

١١٦. عن أَبِي الزُّبَيْرِ: أَنَّهُ سَمِعَ طَاوُسًا يَقُولُ: قُلْنَا لِابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: فِي الْإِقْعَاءِ عَلَى الْقَدَمَيْنِ فِي السُّجُودِ، فَقَالَ: هِيَ السُّنَّةُ، قَالَ: قُلْنَا: إِنَّا لَنَرَاهُ جُفَاءً بِالرَّجُلِ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: هِيَ سُنَّةُ نَبِيِّكَ ﷺ.

ئەبو زوبەیر دەگێڕێتەوە: گوێی لە تاوس بووە دەیگوت: دەربارەی دانیشتن لەسەر پاژنەپێیەکان لە نێوان سوجدەکاندا پرسیارمان لە ئیبن عەبباس ﵄ کرد، ئەویش

گوتی: ئەوە سوننەتە، دەڵێت: گوتمان: ئێمە پێمان وایە بۆ پیاو قورس و زەحمەت بێت و ماندووی بکات، ئیدی ئیبن عەبباس ﵄ گوتی: ئەوە سوننەتی پێغەمبەرەکەتە ﷺ.

تێبینی:

(الْإِقْعَاء): جۆرە دانیشتنێکە کە پەنجەی پێیەکان ڕوویان لە قیبلەیە و کەسەکە لەسەر پاژنەپێیەکانی دادەنیشێت.

(الرَّجُل): ئەگەر وشەکە (الرَّجُل) بێت، واتە: کەسەکە ماندوو دەبێت و تووشی زەحمەت دەبێت، بەڵام ئەگەر بە (الرِّجْل) بخوێندرێتەوە، واتە: هۆی ئازار و زەحمەت و ناڕەحەتییە بۆ پێیەکان، چونکە بە هەردوو بار هاتووە لە سەرچاوەکاندا.

بَابُ الدُّعَاءِ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ

باسی دوعاکردنی نێوانی سوجدەکاندا

١١٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقُولُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، وَارْحَمْنِي، وَعَافِنِي، وَاهْدِنِي، وَارْزُقْنِي».

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ لە نێوان هەردوو سوجدەکاندا دەیفەرموو: «خوایە لێم خۆش بە و ڕەحمم پێ بکە، لەشساغ و سەلامەتم بکە، ڕێنماییم بکە، ڕۆزیشم بدە».

بَابُ صَلَاةِ مَنْ لَا يُقِيمُ صُلْبَهُ فِي الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ

باسی نوێژی کەسێك کە پشتی ڕێك ناکاتەوە لە ڕکووع و سوجدە

١١٨. عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْبَدْرِيِّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تُجْزِئُ صَلَاةٌ

الرَّجُلِ حَتَّى يُقِيمَ ظَهْرَهُ فِي الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ».

ئەبو مەسعوودی بەدری ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «نوێژی هیچ کەسێك تەواو نییە تا پشتی ڕێك نەكاتەوە لە ڕكووع و لە كڕنووشدا».

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ

باسی ئەوەی مرۆڤ دەیڵێت لە ڕكووع و سوجدەكانیدا

١١٩. عَنْ حُذَيْفَةَ ﷺ: أَنَّهُ صَلَّى مَعَ النَّبِيِّ ﷺ، فَكَانَ يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ»، وَفِي سُجُودِهِ: «سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى»، وَمَا مَرَّ بِآيَةِ رَحْمَةٍ إِلَّا وَقَفَ عِنْدَهَا فَسَأَلَ، وَلَا بِآيَةِ عَذَابٍ إِلَّا وَقَفَ عِنْدَهَا فَتَعَوَّذَ.

حوزەیفە ﷺ دەگێڕێتەوە: ئەو لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نوێژی كردووە، پێغەمبەر ﷺ لە ڕكووعدا فەرموویەتی: «(سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ)، واتە: پاك و بێگەردی تەنها شایستەی خوای گەورەیە»، لە سوجدەشدا فەرموویەتی: «(سُبْحَانَ رَبِّيَ الْأَعْلَى)، واتە: پاك و بێگەردی تەنها شایستەی پەروەردگاری بەرزمە»، بە هەر ئایەتێكدا تێپەڕیبێت باسی ڕەحمەتی خوا بێت، ڕاوەستاوە داوای ڕەحمەتی خوای گەورەی كردووە، بەڵای هیچ ئایەتێكیش تێنەپەڕیوە كە ئایەتی سزا بێت حەتمەن ڕاوەستاوە و پەنای گرتووە بە خوای گەورە لە سزای خوا.

١٢٠. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ: «سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ رَبُّ الْمَلَائِكَةِ وَالرُّوحِ».

عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ لە ڕكووع و سوجدەدا دەیفەرموو: «پاك و بێگەردی و پیرۆزی بۆ پەروەردگاری فریشتەكان و ڕووحە (كە جیبریلە)».

بَابٌ فِي الدُّعَاءِ فِي الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ

باسێك دەربارەی دوعا لە ڕكووع و سوجدەدا

١٢١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ، فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەو كاتەی كە بەندە زۆر نزیكە لە پەروەردگاری كاتێكە كە لە سوجدەدایە، بۆیە زۆر بپاڕێنەوە لە كڕنووشدا».

تێبینی:

لەبەر ئەوەی لە كاتی سوجدە مرۆڤ نێوچاوانی كە بەرزترین شوێنە دەیخاتە سەر زەوی و بێدەسەڵاتی و زەلیلی و بەندایەتیی خۆی بۆ خوای گەورە دەردەبڕێت، ئومێدی ئەوە هەیە كە خوای گەورە وەڵام بداتەوە.

١٢٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَشَفَ السِّتَارَةَ وَالنَّاسُ صُفُوفٌ خَلْفَ أَبِي بَكْرٍ، فَقَالَ: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّهُ لَمْ يَبْقَ مِنْ مُبَشِّرَاتِ النُّبُوَّةِ إِلَّا الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ يَرَاهَا الْمُسْلِمُ، أَوْ تُرَى لَهُ، وَإِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَقْرَأَ رَاكِعًا، أَوْ سَاجِدًا، فَأَمَّا الرُّكُوعُ، فَعَظِّمُوا الرَّبَّ فِيهِ، وَأَمَّا السُّجُودُ، فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ، فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ».

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ (لە كاتە سەختەكانی نەخۆشییەكەی) پەردەكەی لابرد (پەردەی نێوانماڵیان لەگەڵ مزگەوتەكەدا)، خەڵكی لەدوای ئەبو بەكرەوە ڕاوەستابوون بۆ نوێژ، فەرمووی: «ئەی خەڵكینە، لە نیشانەكانی پێغەمبەرایەتی هیچ شتێك نەماوە، جگە لە خەوبینینی چاك و ڕاست، كە موسوڵمان خەو ببینێت (بەشێكە لە پێغەمبەرایەتی)، یان كەسێك خەوی پێوە ببینێت، من

ڕێگریم لێ کراوە لە چەمینەوە و سوجدەدا قورئان بخوێنم، لە ڕکووعدا خوای گەورە بەگەورە ڕابگرن، لە سوجدەشدا کۆشش بکەن لە پاڕانەوەدا، شایەنی ئەوەیە کە وەڵامتان بدرێتەوە».

١٢٣. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي»، يَتَأَوَّلُ الْقُرْآنَ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕکووع و سوجدەدا زۆر ئەم دوعایەی دەکرد: «پاك و بێگەردی بۆ تۆ ئەی پەروەردگار، سوپاس و ستایش بۆ تۆ، خوایە لێم خۆش بە». ئەوەی لە قورئان فەرمانی پێکراوە ئەوەی جێبەجێ دەکرد، (مەبەستی ئایەتی سورەتی نەصرە: {فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّابًا} النصر: ٣).

١٢٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقُولُ فِي سُجُودِهِ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ، دِقَّهُ، وَجِلَّهُ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ»، زَادَ ابْنُ السَّرْحِ: عَلَانِيَتَهُ وَسِرَّهُ

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ لە ڕکووعدا دەیفەرموو: «خوایە لە گوناهەکانم خۆش بە، لە هەر هەمووی، لە بچووك و لە ورد و درشتی، (بۆیە بچووکەکەی پێش خستووە، چونکە لە بچووکەوە مرۆڤ زیاتر دەست پێ دەکات، گوناهی گەورەش لە بچووکەوە سەر دەکێشێت، یان جاری وایە مرۆڤ گوێ بە تاوانی بچووك نادات)، لە سەرەتا و کۆتایی گوناهەکانم خۆش بە»، وە ئیبن سەرح ئەمەی زیاد کردووە: لە نهێنی و ئاشکرای لە هەمووی خۆش بە (سەبارەت بە خەڵك، ئەگەرنا لای خوای گەورە نهێنی و ئاشکرا هەمووی هەر ئاشکرایە).

١٢٥. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: فَقَدْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَلَمَسْتُ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا هُوَ سَاجِدٌ وَقَدَمَاهُ مَنْصُوبَتَانِ، وَهُوَ يَقُولُ: «أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ، وَأَعُوذُ بِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، لَا أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ، أَنْتَ كَمَا

أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: شەوێکیان گەڕام بەدوای پێغەمبەری خوا ﷺ نەمدۆزیەوە، دەستم درێژ کرد بۆ شوێنی نوێژکردنەکەی، بینیم لە سوجدەدایە و پێیەکانی چەقاندووە و دەفەرمویێت: «خوایە پەنا دەگرم بە ڕەزامەندیی تۆ لە تووڕەبوونت (لێم تووڕە نەبیت)، وە پەنا دەگرم بە لێخۆشبوونی تۆ لە سزای تۆ (لێم خۆش بیت و سزام نەدەیت)، وە پەنا دەگرم بە خۆت لە خۆت، ناتوانم حەمد و سەنا و ستاییشی تۆ بکەم ئەوەندەی شایەنیت، هەر بەو جۆرەی کە ستاییشی خۆتت کردووە».

بَابُ الدُّعَاءِ فِي الصَّلَاةِ

باسی پاڕانەوە لە نوێژدا

١٢٦. عَنْ مُوسَى بْنِ أَبِي عَائِشَةَ قَالَ: كَانَ رَجُلٌ يُصَلِّي فَوْقَ بَيْتِهِ، وَكَانَ إِذَا قَرَأَ: {أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ} القيامة: ٤٠، قَالَ: سُبْحَانَكَ، فَبَكَى، فَسَأَلُوهُ عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَ: سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، قَالَ أَبُو دَاوُدَ: قَالَ أَحْمَدُ: يُعْجِبُنِي فِي الْفَرِيضَةِ أَنْ يَدْعُوَ بِمَا فِي الْقُرْآنِ.

مووسای کوڕی ئەبو عائیشە دەڵێت: پیاوێك لە سەربانی خۆیان نوێژی دەکرد، کە بگەیشتایەتە ئەم ئایەتە: {أَلَيْسَ ذَٰلِكَ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَنْ يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ}، واتە: ئایا خوا توانای نییە مردوو زیندوو بکاتەوە؟ دەیگوت: پاك و بێگەردی بۆ تۆ ئەی خوایە، بەڵێ ئەی پەروەردگار تۆ توانات هەیە و دەستی کردە گریان (کە گەیشتیە ئەم ئایەتە سوننەتە بڵێیت: (سُبْحَانَكَ فَبَلَى))، پرسیاریان لێ کرد بۆ وا دەڵێیت؟ گوتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە ﷺ وای فەرمووە، ئەبو داود دەڵێت: ئەحمەد گوتی: پێمخۆشە لە نوێژی فەرزیشدا ئەو پاڕانەوانە بکەیت کە لە قورئاندا هاتووە.

بَابُ السُّجُودِ عَلَى الْأَنْفِ وَالْجَبْهَةِ

باسی سوجده بردن لەسەر لووت و دەم و چاو

١٢٧. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ رُئِيَ عَلَى جَبْهَتِهِ، وَعَلَى أَرْنَبَتِهِ أَثَرُ طِينٍ مِنْ صَلَاةٍ صَلَّاهَا بِالنَّاسِ.

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ بینراوە کە شوێنەواری قوڕ بە نێوچاوان و لووتیەوە بووە لە نوێژێك کە پێشنوێژیی بۆ خەڵك کردووە.

بَابُ الْبُكَاءِ فِي الصَّلَاةِ

باسی گریان لە نوێژدا

١٢٨. عَنْ مُطَرِّفٍ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي وَفِي صَدْرِهِ أَزِيزٌ كَأَزِيزِ الرَّحَى مِنَ الْبُكَاءِ ﷺ.

موتەڕریف لە باوکیەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: بینیم پێغەمبەری خوام ﷺ نوێژی دەکرد، دەنگێك لە سینگی دەردەچوو وەکوو دەنگی دەستاڕ (کە دەیهاڕیت دەنگێکی چۆنی لێ دەردەچێت)، یاخود وەکوو دەنگی مەنجەڵی مس (کاتێك لەسەر ئاگر بێت شتێکی تێدا بێت چۆن دەنگی دێت)، بەم شێوازە گوێم لە دەنگی گریانی پێغەمبەری خوا ﷺ بوو.

بَابُ كَرَاهِيَةِ الْوَسْوَسَةِ وَحَدِيثِ النَّفْسِ فِي الصَّلَاةِ

باسی ناپەسندی وەسوەسە و دالغە لە نوێژدا

١٢٩. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَا مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ الْوُضُوءَ، وَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، يُقْبِلُ بِقَلْبِهِ وَوَجْهِهِ عَلَيْهِمَا، إِلَّا وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ».

عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ یەکێك نییە دەستنوێژێکی جوان بشوات، دوو ڕکات نوێژ بکات، وە دڵ و ڕوویشی لای نوێژەکەی بێت، ئیللا بەهەشت بۆ ئەو کەسە پێویست دەبێت».

تێبینی:

ڕوو ڕووکەشەکەیە، دڵیش ناوەڕۆکەکەیە، پێشەوا نەوەوی دەڵێت: بۆیە ئەم دوو شتەی کۆ کردۆتەوە لەبەر ئەوەی ترس و خشوع لە دڵدایە و ملکەچی لە ئەندامەکانی لەشدایە.

بَابُ الِالْتِفَاتِ فِي الصَّلَاةِ

باسی ئاوڕدانەوە لەنێو نوێژدا

١٣٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنِ الْتِفَاتِ الرَّجُلِ فِي الصَّلَاةِ؟ فَقَالَ: «إِنَّمَا هُوَ اخْتِلَاسٌ يَخْتَلِسُهُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلَاةِ الْعَبْدِ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی کەسێك لە نوێژدا ئاوڕ بداتەوە؟ فەرمووی: « دزینێکە شەیتان لە نوێژی بەندە دەیدزێت (پاداشتی کەم دەکاتەوە)».

بَابُ الْعَمَلِ فِي الصَّلَاةِ

باسی جووڵەکردن لەنێو نوێژدا

١٣١. عَنْ أَبِي قَتَادَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، كَانَ يُصَلِّي وَهُوَ حَامِلٌ أُمَامَةَ بِنْتَ زَيْنَبَ بِنْتِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَإِذَا سَجَدَ وَضَعَهَا، وَإِذَا قَامَ حَمَلَهَا.

ئەبو قەتادە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بۆ دەکردن، ئومامەی کچی زەینەبی کچی پێغەمبەری خوا ﷺ (کچەزای بووە) هەڵیگرتووە، کە بچووایەتە سوجدە دایدەنا، کە هەستابایەوە هەڵیدەگرت و لەباوەشی دەگرت.

١٣٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «اقْتُلُوا الْأَسْوَدَيْنِ فِي الصَّلَاةِ: الْحَيَّةَ، وَالْعَقْرَبَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەو دوو شتە ڕەشە بکوژن لە نوێژدا: مار و دووپشک».

١٣٣. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ - قَالَ أَحْمَدُ - يُصَلِّي وَالْبَابُ عَلَيْهِ مُغْلَقٌ، فَجِئْتُ فَاسْتَفْتَحْتُ - قَالَ أَحْمَدُ: - فَمَشَى فَفَتَحَ لِي، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى مُصَلَّاهُ، وَذَكَرَ أَنَّ الْبَابَ كَانَ فِي الْقِبْلَةِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ -ئەحمەد دەڵێت:- نوێژی دەکرد و دەرگاکەی لەسەر داخرابوو، منیش هاتم لە دەرگام دا، -ئەحمەد (لە گێڕانەوەکەیدا) دەڵێت: -پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە پێشەوە دەرگاکەی بۆ کردمەوە، پاشان گەڕایەوە بۆ شوێنی نوێژەکەی، وە باسی کرد دەرگاکەش لای ڕووگە بووە.

بَابُ رَدِّ السَّلَامِ فِي الصَّلَاةِ

باسی وەڵامدانەوەی سەلام لەنێو نوێژدا

١٣٤. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: كُنَّا نُسَلِّمُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَهُوَ فِي الصَّلَاةِ، فَيَرُدُّ عَلَيْنَا، فَلَمَّا رَجَعْنَا مِنْ عِنْدِ النَّجَاشِيِّ، سَلَّمْنَا عَلَيْهِ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْنَا، وَقَالَ: «إِنَّ فِي الصَّلَاةِ لَشُغْلًا».

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﵁ دەڵێت: سەرەتا ئێمە لەنێو نوێژدا سەلاممان لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد (بەدەنگ)، ئەویش وەڵامی دەداینەوە، کاتێك کە لەلای نەجاشی گەڕاینەوە، سەلاممان لێی کرد وەڵامی نەدایەوە، فەرمووی: «لەبەر ئەوەی نوێژ سەرقاڵت دەکات بە قورئانخوێندن و زیکر و پاڕانەوە (نوێژ سەرقاڵیی خۆی هەیە)».

بَابُ التَّأْمِينِ وَرَاءَ الْإِمَامِ

باسی گوتنی ئامین لەدوای ئیمامەوە

١٣٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا أَمَّنَ الْإِمَامُ فَأَمِّنُوا، فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ تَأْمِينُهُ تَأْمِينَ الْمَلَائِكَةِ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ»، قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «آمِينَ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر ئیمام ئامینی گوت ئێوەش ئامین بکەن، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك ئامینەکەی یەکی گرتەوە لەگەڵ ئامینی فریشتەکان، ئەوە لە گوناهەکانی پێشووی دەبووردرێت»، ئیبن شیهاب دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «ئامین».

تێبینی:

زۆر کەس هەیە ئەم هەڵەیە دەکات، کە ئیمام گوتی: (وَلَا الضَّالِّينَ)، یەکسەر دەڵێت: ئامین، چاوەڕێ ناکات ئیمام بڵێت: ئامین.

بَابُ التَّصْفِيقِ فِي الصَّلَاةِ

باسی چەپڵەلێدان لە نوێژدا

١٣٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «التَّسْبِيحُ لِلرِّجَالِ، وَالتَّصْفِيقُ لِلنِّسَاءِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «(سبحان الله) کردن بۆ پیاوانە و چەپڵەلێدان بۆ ئافرەتانە (بۆ ئاگادارکردنەوە لەنێو نوێژدا)».

بَابُ الْإِشَارَةِ فِي الصَّلَاةِ

باسی ئاماژەکردن لەنێو نوێژدا

١٣٧. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يُشِيرُ فِي الصَّلَاةِ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ لەنێو نوێژدا ئاماژەی دەکرد.

١٣٨. عَنْ مُعَيْقِيبٍ ﵁ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «لَا تَمْسَحْ وَأَنْتَ تُصَلِّي، فَإِنْ كُنْتَ لَا بُدَّ فَاعِلًا، فَوَاحِدَةٌ تَسْوِيَةَ الْحَصَى».

موعەیقیب ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «دەستکاری بەردووچکە مەکە کاتێك نوێژ دەکەیت، ئەگەر هەر ناچاریش بووی ئەوە یەك جار ڕێگەپێدراوە بۆ

ڕێکخستنی بەردووچکەکان (بۆئەوەی کڕنووشی لەسەر بەریت و سەرت بخەیتە سەری)».

بَابُ الرَّجُلِ يَعْتَمِدُ فِي الصَّلَاةِ عَلَى عَصًا

باسی پیاوێك لەنێو نوێژدا خۆی بە گۆچانەکەی دابدات

١٣٩. عَنْ هِلَالِ بْنِ يَسَافٍ قَالَ: قَدِمْتُ الرَّقَّةَ، فَقَالَ لِي بَعْضُ أَصْحَابِي: هَلْ لَكَ فِي رَجُلٍ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ؟ قَالَ: قُلْتُ: غَنِيمَةٌ، فَدَفَعْنَا إِلَى وَابِصَةَ، قُلْتُ لِصَاحِبِي: نَبْدَأُ فَنَنْظُرُ إِلَى دَلِّهِ، فَإِذَا عَلَيْهِ قَلَنْسُوَةٌ لَاطِئَةٌ ذَاتُ أُذُنَيْنِ، وَبُرْنُسُ خَزٍّ أَغْبَرُ، وَإِذَا هُوَ مُعْتَمِدٌ عَلَى عَصًا فِي صَلَاتِهِ، فَقُلْنَا بَعْدَ أَنْ سَلَّمْنَا، فَقَالَ: حَدَّثَتْنِي أُمُّ قَيْسٍ بِنْتُ مِحْصَنٍ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَمَّا أَسَنَّ وَحَمَلَ اللَّحْمَ، اتَّخَذَ عَمُودًا فِي مُصَلَّاهُ يَعْتَمِدُ عَلَيْهِ.

هیلالی کوڕی یەساف دەڵێت: هاتمە ڕەققە (شارێکە لە سوریا)، هەندێك لە هاوەڵانم پێیان گوتم: پێتخۆشە بتبەین بۆ لای یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ؟ دەڵێت: گوتم: ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە، ڕۆیشتین بۆ لای وابیسە، بە هاوڕێکەم گوت: با تەماشای ویقار و ئارامی و شێوازی جوانی بکەین، سەیر دەکەین کڵاوێکی لەسەردایە دوو گوێی هەیە، وە پۆشاکێکی لەبەردابوو کە کڵاوی لەگەڵ بوو هەمووی پێکەوە نووسابوو، پۆشاکێك کە چنرابوو لە سوف و ڕەنگەکەی ڕەنگێکی خۆڵەمێشی بوو، خۆی دابوویە سەر گۆچانێك لە نوێژەکەیدا، کاتێك سەلامان لێی کرد پێمان گوت، گوتی: ئوم قەیسی کچی میحسەن بۆی گێڕامەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك تەمەنی گەورە بوو، یان گۆشتی گرت و قەڵەو بوو، کۆڵەگەیەکی لە شوێنی نوێژەکەی دانا خۆی دەدایە سەری.

بَابُ النَّهْيِ عَنِ الْكَلَامِ فِي الصَّلَاةِ

باسی ڕێگریکردن له قسەکردن لەنێو نوێژدا

١٤٠. عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ ﵁ قَالَ: كَانَ أَحَدُنَا يُكَلِّمُ الرَّجُلَ إِلَى جَنْبِهِ فِي الصَّلَاةِ، فَنَزَلَتْ: {وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ} البقرة: ٢٣٨، فَأُمِرْنَا بِالسُّكُوتِ، وَنُهِينَا عَنِ الْكَلَامِ.

زەیدی کوڕی ئەرقەم ﵁ دەڵێت: پێشتر یەکێك له ئێمه لەگەڵ هاوڕێکەیدا له ناو نوێژدا قسەی دەکرد (سەرەتا دروست بووە)، کاتێك ئەم ئایەته دابەزی: {وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ}، واته: ئێوه نوێژ بۆ خوا بکەن به بێدەنگی (لەنێو نوێژدا قسه مەکەن)، فەرمانمان پێ کرا به بێدەنگی و ڕێگریمان لێ کرا له قسەکردن.

١٤١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﵄ قَالَ: حُدِّثْتُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «صَلَاةُ الرَّجُلِ قَاعِدًا نِصْفُ الصَّلَاةِ»، فَأَتَيْتُهُ فَوَجَدْتُهُ يُصَلِّي جَالِسًا، فَوَضَعْتُ يَدَيَّ عَلَى رَأْسِي، فَقَالَ: «مَا لَكَ يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو؟»، قُلْتُ: حُدِّثْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنَّكَ قُلْتَ: «صَلَاةُ الرَّجُلِ قَاعِدًا نِصْفُ الصَّلَاةِ»، وَأَنْتَ تُصَلِّي قَاعِدًا، قَالَ: «أَجَلْ، وَلَكِنِّي لَسْتُ كَأَحَدٍ مِنْكُمْ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﵄ دەڵێت: خەڵکانێك له هاوەڵان بۆیان گێڕامەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کەسێك بەدانیشتنەوە نوێژ بکات، نیوەی پاداشتی ئەو کەسەی هەیە که بەپێوە نوێژ دەکات»، هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ دەبینم بەدانیشتنەوە نوێژ دەکات، دەستم خستە سەر سەرم (وەك سەرسووڕمان)، فەرمووی: «ئەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمر چیتە، بۆ وا سەرت سووڕ ماوە؟»، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هەندێك له هاوەڵان بۆیان گێڕامەوە که تۆ فەرمووتە: «کەسێك بەدانیشتنەوە نوێژ بکات، نیوەی پاداشتی ئەو کەسەی هەیە که بەپێوە نوێژ بکات»، تۆ بەدانیشتنەوە نوێژ دەکەیت، فەرمووی: «بەڵێ وایە، بەڵام من وەکوو هیچ کام له

ئێوە نیم (واتە: ئەمە تایبەتمەندییەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ ئەگەر بەدانیشتنیشەوە نوێژ بکات پاداشتی تەواوی هەیە، ئەگەرچی بشتوانێت بەپێوە نوێژ بکات)».

تێبینی:

لێرەدا مەبەست پێی نوێژی سوننەتە، كەسێك كە بتوانێت نوێژی سوننەت بەپێوە بكات، بەڵام ئەو بەدانیشتنەوە بیكات، بەڵام ئەگەر كەسێك نەتوانێت نوێژی سوننەت بەپێوە بكات دابنیشێت، ئەوە پاداشتی كەم ناكات، وەكوو پێشەوا نەوەوی وا دەڵێت.

بَابُ التَّشَهُّدِ

باسی تەحیات

١٤٢. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي التَّشَهُّدِ: «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ»، -قَالَ: قَالَ ابْنُ عُمَرَ: زِدْتُ فِيهَا: «وَبَرَكَاتُهُ»-، «السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ»، - قَالَ ابْنُ عُمَرَ: زِدْتُ فِيهَا: «وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ»-، «وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ».

ئیبن عومەر رضي الله عنهما لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەگێڕێتەوە كە دەربارەی تەحیات فەرموویەتی: «التَّحِيَّاتُ لِلَّهِ الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ»، -دەڵێت: ئیبن عومەر دەڵێت: ئەوەم لێ زیاد كردووە: «وَبَرَكَاتُهُ»-، (وە فەرمووی:) «السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ»، -ئیبن عومەر گوتی: ئەوەشم لێ زیاد كردووە: «وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ»-، (وە فەرمووی:) «وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ».

بَابُ الصَّلَاةِ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ بَعْدَ التَّشَهُّدِ

باسی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەدوای تەحیات

١٤٣. عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَمَرْتَنَا أَنْ نُصَلِّيَ عَلَيْكَ، وَأَنْ نُسَلِّمَ عَلَيْكَ، فَأَمَّا السَّلَامُ، فَقَدْ عَرَفْنَاهُ، فَكَيْفَ نُصَلِّي عَلَيْكَ، قَالَ: «قُولُوا: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَآلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَآلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ، إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ».

کەعبی کوڕی عوجرە رضي الله عنه دەڵێت: گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانت پێ کردووین صەڵاواتت لەسەر بدەین، وە سەلامت لێ بکەین، دەشزانین چۆن سەلامت لێ بکەین، ئەی چۆن صەڵاواتت لەسەر بدەین؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بڵێن: خوایە صەڵاوات بدە لەسەر موحەممەد و لەسەر خانەوادەی موحەممەد، هەر وەکوو چۆن صەڵاواتت داوە لەسەر ئیبراهیم، وە بەرەکەت بڕژێنە بەسەر موحەممەد و خانەوادەی موحەممەد، هەر وەکوو چۆن بەرەکەتت ڕژاندووە بەسەر خانەوادەی ئیبراهیم (بەرەکەت بەمانای خێرێکی جێگیر)، تۆ سوپاسکراو و وەسفکراوی بەوپەڕی ڕێز و سیفاتە سوپاسکراوەکان».

بَابُ مَا يَقُولُ بَعْدَ التَّشَهُّدِ

باسی ئەوەی دەگوترێت لەدوای تەحیات

١٤٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا فَرَغَ أَحَدُكُمْ مِنَ التَّشَهُّدِ الْآخِرِ، فَلْيَتَعَوَّذْ بِاللَّهِ مِنْ أَرْبَعٍ: مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کەسێك لە ئێوە لە تەحیاتی کۆتایی تەواو بوو، با پەنا بگرێت بە خوا لە چوار شت: لە سزای دۆزەخ، لە سزای گۆڕ، لە فیتنەی ژیان و مردن، لە خراپەی مەسیحی دەججال».

١٤٥. **عَنْ حَنْظَلَةَ بْنِ عَلِيٍّ: أَنَّ مِحْجَنَ بْنَ الْأَدْرَعِ ﵁ حَدَّثَهُ قَالَ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا هُوَ بِرَجُلٍ قَدْ قَضَى صَلَاتَهُ، وَهُوَ يَتَشَهَّدُ وَهُوَ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ يَا اَللَّهُ الْأَحَدُ الصَّمَدُ، الَّذِي لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ، أَنْ تَغْفِرَ لِي ذُنُوبِي، إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ، قَالَ: فَقَالَ: «قَدْ غُفِرَ لَهُ، قَدْ غُفِرَ لَهُ». ثَلَاثًا.**

حەنزەڵەی کوڕی عەلی دەگێڕێتەوە: میحجەنی کوڕی ئەدرەع ﵁ بۆی گێڕاوەتەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ چووە نێو مزگەوت، پیاوێك نوێژەکەی تەواو کردبوو تەحیاتی دەخوێند، تەحیاتەکەی تەواو کردبوو دەیفەرموو: «خوایە من داوات لێ دەکەم کە خوای تاك و تەنهای، هەموو کەس پێویستی بە تۆیە، تۆ پێویستت بە کەس نییە، لە کەس نەبووی، کەست لێ نەبووە، کەس هاوشێوەت نییە، خوایە لێم خۆش بە، هەر تۆ لێخۆشبوو و بەڕەحم و بەزەییت»، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ سێ جار فەرمووی: «ئەوە خوا لەم کەسە خۆش بوو، ئەوە خوا لەم کەسە خۆش بوو (مادام ئەو دوعایەی کرد)».

١٤٦. **عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: «مِنَ السُّنَّةِ أَنْ يُخْفَى التَّشَهُّدُ».**

عەبدوڵڵا ﵁ دەڵێت: لە سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە تەحیات بشاردرێتەوە و بەنهێنی بخوێندرێت.

بَابٌ فِي السَّلَامِ

باسێك دەربارەی سەلامدانەوە (لە نوێژدا)

١٤٧. **عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ، وَعَنْ شِمَالِهِ، حَتَّى يُرَى**

بَيَاضُ خَدِّهِ: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ».

عەبدوڵلا ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ بە لای ڕاست و بە لای چەپدا سەلامی دەدایەوە تا سپیایی ڕوومەتی دەبینرا، بەم شێوازە: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ».

١٤٨. عَنْ عَلْقَمَةَ بْنِ وَائِلٍ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فَكَانَ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ»، وَعَنْ شِمَالِهِ: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ».

عەلقەمەی کوڕی وائیل لە باوکیەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ نوێژم کرد، بە لای ڕاستدا سەلامی دەدایەوە: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ»، بە لای چەپیشدا: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ».

بَابُ التَّكْبِيرِ بَعْدَ الصَّلَاةِ

باسی (الله أكبر) کردن لەدوای نوێژ

١٤٩. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ رَفْعَ الصَّوْتِ لِلذِّكْرِ حِينَ يَنْصَرِفُ النَّاسُ مِنَ الْمَكْتُوبَةِ، كَانَ ذَلِكَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، كُنْتُ أَعْلَمُ إِذَا انْصَرَفُوا بِذَلِكَ وَأَسْمَعُهُ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: دەنگ بەرزکردنەوە بە زیکرکردن کاتێك خەڵکی لە نوێژە فەرزەکە تەواو دەبێت، ئەمە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا ﷺ وا بووە، ئیبن عەبباس گوتی: من بەو زیکرکردنە دەمزانی نوێژ تەواو بووە، گوێشم لێ دەبوو.

بَابٌ: إِذَا صَلَّى خَمْسًا

باسێك: ئەگەر كەسێك پێنج ڕكات نوێژی كرد

١٥٠. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الظُّهْرَ خَمْسًا، فَقِيلَ لَهُ: أَزِيدَ فِي الصَّلَاةِ؟ قَالَ: «وَمَا ذَاكَ؟». قَالَ: صَلَّيْتَ خَمْسًا، فَسَجَدَ سَجْدَتَيْنِ بَعْدَ مَا سَلَّمَ.

عەبدوڵڵا ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی نیوەڕۆ پێنج ڕكاتی كرد، پێی گوترا: ئایا نوێژ زیاد كراوە؟ فەرمووی: «بۆ چی بووە؟»، (كەسەكە) گوتی: جەنابت پێنج ڕكات نوێژت كرد، لەدوای ئەوەی سەلامی دایەوە دوو سوجدەی سەهووی برد.

بَابُ صَلَاةِ الرَّجُلِ التَّطَوُّعَ فِي بَيْتِهِ

باسی نوێژی سوننەتی پیاو لە ماڵەكەی خۆیدا

١٥١. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «اجْعَلُوا فِي بُيُوتِكُمْ مِنْ صَلَاتِكُمْ، وَلَا تَتَّخِذُوهَا قُبُورًا».

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئێوە هەندێك لە نوێژە (سوننەت)ەكان بەرنەوە ماڵ و ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕستان».

١٥٢. عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «صَلَاةُ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ أَفْضَلُ مِنْ صَلَاتِهِ فِي مَسْجِدِي هَذَا، إِلَّا الْمَكْتُوبَةَ».

زەیدی كوڕی سابیت ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «نوێژی پیاو لە ماڵی خۆی بیكات (واتە: نوێژی سوننەت) باشترە لە نوێژەكەی كە لەو مزگەوتەی مندا بیكات، جگە لە فەرزەكان».

تَفْرِيعِ أَبْوَابِ الْجُمُعَةِ

باسەکانی نوێژی هەینی

بَابُ فَضْلِ يَوْمِ الْجُمُعَةِ وَلَيْلَةِ الْجُمُعَةِ

باسی پێگە و گەورەیی ڕۆژ و شەوی هەینی

١٥٣. عَنْ أَوْسِ بْنِ أَوْسٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ قُبِضَ، وَفِيهِ النَّفْخَةُ، وَفِيهِ الصَّعْقَةُ، فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلَاةِ فِيهِ، فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ»، قَالَ: قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَكَيْفَ تُعْرَضُ صَلَاتُنَا عَلَيْكَ وَقَدْ أَرِمْتَ - يَقُولُونَ: بَلِيتَ -؟ فَقَالَ: «إِنَّ اللَّهَ ﷻ حَرَّمَ عَلَى الْأَرْضِ أَجْسَادَ الْأَنْبِيَاءِ».

ئەوسی کوڕی ئەوس ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە باشترین ڕۆژەکانی ئێوە ڕۆژی هەینییە، لەو ڕۆژەدا ئادەم دروست کرا، لەو ڕۆژەدا گیانی کێشرا، لەو ڕۆژەدا قیامەت هەڵدەستێت و فوو دەکرێت بە کەڕەنادا، فووکردنی دووەمیش لەو ڕۆژەدا دەبێت، وە لە ڕۆژی هەینیدا ئێوە زۆر صەڵاوات لەسەر من بدەن، چونکە صەڵاواتی ئێوەم پێ دەگات»، دەڵێت: گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن صەڵاوات ئێمە بە تۆ دەگات لە کاتێکدا تۆ ئێسقانەکانت زەوی خواردوویەتی و نەماوە؟ فەرمووی: «خوا ﷻ قەدەغەی کردووە لەسەر زەوی لاشەی پێغەمبەران بخوات».

بَابُ فَضْلِ الْجُمُعَةِ

باسی پێگەو گەورەیی ڕۆژی هەینی

١٥٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَاسْتَمَعَ وَأَنْصَتَ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَ الْجُمُعَةِ، إِلَى الْجُمُعَةِ، وَزِيَادَةَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ، وَمَنْ مَسَّ الْحَصَى فَقَدْ لَغَا».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك دەستنوێژ بشوات، پاشان بێت بۆ نوێژی هەینی و گوێ بگرێت و بێدەنگ بێت، خوا لە گوناهەکانی ئەو هەینییەی خۆش دەبێت تا هەینییەکی دیکە، زیادەی سێ ڕۆژیش (واتە: دە ڕۆژ، لەبەر ئەوەی چاکە یەك بە دەیە)، هەر کەسێکیش لە کاتی وتاردا بە وردەبەرد خۆی سەرقاڵ بکات و یاری پێ بکات، ئەوە لەغووی کردووە».

بَابُ الْجُمُعَةِ فِي الْيَوْمِ الْمَطِيرِ

باسی ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە ڕۆژێکی باراناویدا

١٥٥. عَنْ أَبِي الْمَلِيحِ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ: أَنَّ يَوْمَ حُنَيْنٍ كَانَ يَوْمَ مَطَرٍ، فَأَمَرَ النَّبِيُّ ﷺ، مُنَادِيَهُ: أَنَّ الصَّلَاةَ فِي الرِّحَالِ.

ئەبو مەلیح، لە باوکیەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: ڕۆژی غەزای حونەنین ڕۆژێکی باراناوی بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد بە بانگدەرەکە هەر کەسە و لە ماڵی خۆیدا نوێژ بکات.

بَابُ الْجُمُعَةِ لِلْمَمْلُوكِ وَالْمَرْأَةِ

باسی نوێژی هەینی بۆ کۆیلە و ئافرەت (ئایا لەسەر ئەوان پێویستە؟)

١٥٦. عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْجُمُعَةُ حَقٌّ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فِي جَمَاعَةٍ إِلَّا أَرْبَعَةً: عَبْدٌ مَمْلُوكٌ، أَوِ امْرَأَةٌ، أَوْ صَبِيٌّ، أَوْ مَرِيضٌ».

تاریقی کوڕی شیهاب ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «نوێژی هەینی هەقە و پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا بیکات، جگە لە چوار چین: کەسێك کۆیلە بوو (پێویستە ئیزنی گەورەکەی وەربگرێت)، یان ئافرەت، یان منداڵ (کە باڵغ نەبووە)، یان کەسی نەخۆش».

بَابٌ: إِذَا وَافَقَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ يَوْمَ عِيدٍ

باسێك: ئەگەر ڕۆژی هەینی و ڕۆژی جەژن کەوتنە یەك ڕۆژەوە

١٥٧. عَنْ إِيَاسِ بْنِ أَبِي رَمْلَةَ الشَّامِيِّ قَالَ: شَهِدْتُ مُعَاوِيَةَ بْنَ أَبِي سُفْيَانَ، وَهُوَ يَسْأَلُ زَيْدَ بْنَ أَرْقَمَ ﵁ قَالَ: أَشَهِدْتَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ عِيدَيْنِ اجْتَمَعَا فِي يَوْمٍ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَكَيْفَ صَنَعَ؟ قَالَ: صَلَّى الْعِيدَ، ثُمَّ رَخَّصَ فِي الْجُمُعَةِ، فَقَالَ: «مَنْ شَاءَ أَنْ يُصَلِّيَ، فَلْيُصَلِّ».

ئیاسی کوڕی ئەبو ڕەملەی شامی دەڵێت: من لە وێ ئامادە بووم کاتێك موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان پرسیاری لە زەیدی کوڕی ئەرقەم ﵁ دەکرد، گوتی: ئایا ئامادەبوویت لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دوو جەژن لە ڕۆژێکدا کۆ ببێتەوە؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ چی کرد؟ گوتی: نوێژی جەژنی کرد، پاشان مۆڵەتی دا بۆ نوێژی هەینی، فەرمووی: «هەر کەسێك ویستی نوێژ بکات، با نوێژ بکات».

بَابُ مَا يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الصُّبْحِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ

باسی لە ڕۆژی هەینی لە نوێژی بەیانی چی بخوێنرێت؟

١٥٨. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ: تَنْزِيلُ السَّجْدَةَ، وَهَلْ أَتَى عَلَى الْإِنْسَانِ حِينٌ مِنَ الدَّهْرِ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی بەیانی ڕۆژی هەینی (لە مزگەوتدا پێشنوێژیی دەکرد)، سووڕەتی سەجدە و سووڕەتی ئینسانی دەخوێندەوە (لەنێو نوێژدا).

بَابٌ فِي اتِّخَاذِ الْمِنْبَرِ

باسێك دەربارەی دانانی مینبەر

١٥٩. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمَّا بَدَّنَ قَالَ لَهُ تَمِيمٌ الدَّارِيُّ: أَلَا أَتَّخِذُ لَكَ مِنْبَرًا يَا رَسُولَ اللَّهِ، يَجْمَعُ - أَوْ يَحْمِلُ - عِظَامَكَ؟ قَالَ: «بَلَى»، فَاتَّخَذَ لَهُ مِنْبَرًا مِرْقَاتَيْنِ.

ئیبن عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: کاتێك پێغەمبەر ﷺ چووە نێو تەمەنەوە، تەمیمی داری پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا مینبەرێکت بۆ دروست نەکەم، کە بچیتە سەری (بۆ وتاردان)؟ فەرمووی: «بەڵێ»، مینبەرێکی بۆ دروست کرد لە دوو پلە (پلیکانە).

بَابُ الْجُلُوسِ إِذَا صَعِدَ الْمِنْبَرَ

باسی دانیشتن کاتێك وتارخوێن دەچێتە سەر مینبەر

١٦٠. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَخْطُبُ خُطْبَتَيْنِ، كَانَ يَجْلِسُ إِذَا صَعِدَ الْمِنْبَرَ حَتَّى يَفْرَغَ - أُرَاهُ قَالَ: الْمُؤَذِّنُ - ثُمَّ يَقُومُ، فَيَخْطُبُ، ثُمَّ يَجْلِسُ فَلَا يَتَكَلَّمُ، ثُمَّ يَقُومُ فَيَخْطُبُ.

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لە وتاری هەینیدا دوو وتاری داوە، کە بچووایەتە سەر مینبەرەکە دادەنیشت (ڕیوایەتی دیکەمان هەیە سەلامی دەکرد، دوای ئەوە دادەنیشت)، تا بانگبێژەکە لە بانگ تەواو بوو، پێغەمبەر ﷺ لەسەر مینبەرەکە دانیشتبوو، پاشان هەڵدەستا وتاری دەدا، پاشان لە نێوان هەردوو وتارەکەدا دادەنیشت و قسەی نەدەکرد، پاشان هەڵدەستایەوە وتاری دووەمی دەفەرموو.

بَابُ إِقْصَارِ الْخُطَبِ

باسی کورتکردنەوەی وتار

١٦١. عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ ﵁ قَالَ: أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِإِقْصَارِ الْخُطَبِ.

عەمماری کوڕی یاسیر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووین بە وتاری کورت (یان کورتکردنەوەی وتار).

١٦٢. عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ السُّوَائِيِّ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَا يُطِيلُ الْمَوْعِظَةَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، إِنَّمَا هُنَّ كَلِمَاتٌ يَسِيرَاتٌ.

جابیری کوڕی سەمورەی سوائی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریکردنی

درێژ نەدەکردەوە لە ڕۆژی هەینیدا، بەڵکوو چەند وشەیەکی کەم و ئاسان بوو.

بَابُ الْكَلَامِ وَالْإِمَامُ يَخْطُبُ

باسی قسەکردن لە کاتێکدا وتاربێژ وتار دەدات

١٦٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا قُلْتَ: أَنْصِتْ وَالْإِمَامُ يَخْطُبُ، فَقَدْ لَغَوْتَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر (کەسێك لە تەنیشتەوە قسە بکات) تۆش پێی بڵێیت: بێدەنگ بە کاتێك کە وتاربێژ وتار دەدات، ئەوە تۆ قسەیەکی بێکەڵکت کردووە».

بَابُ اسْتِئْذَانِ الْمُحْدِثِ الْإِمَامَ

باسی مۆڵەتوەرگرتنی کەسی دەستنوێژ شکاو لە ئیمام

١٦٤. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ قَالَتْ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «إِذَا أَحْدَثَ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاتِهِ فَلْيَأْخُذْ بِأَنْفِهِ، ثُمَّ لِيَنْصَرِفْ».

عائیشە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە دەستنوێژی شکا لەنێو نوێژدا، با دەست بخاتە سەر لووتی، پاشان بچێتە دەرەوە، (وەك ئەوەی کە نیشانی بدات خوێنی لووتی بەر بووە)».

بَابٌ: إِذَا دَخَلَ الرَّجُلُ وَالْإِمَامُ يَخْطُبُ

باسێك: كاتێك كەسێك دەچێتە مزگەوت و وتاربێژ وتار دەدات

١٦٥. عَنْ جَابِرٍ ﷺ: أَنَّ رَجُلاً جَاءَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَالنَّبِيُّ ﷺ يَخْطُبُ، فَقَالَ: «أَصَلَّيْتَ يَا فُلَانُ؟»، قَالَ: لَا، قَالَ: «قُمْ فَارْكَعْ».

جابیر ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك لە ڕۆژی هەینیدا هاتە نێو مزگەوت، پێغەمبەریش ﷺ وتاری دەدا، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «ئایا نوێژت کرد (تحیة المسجد) ئەی فڵان؟»، گوتی: نەخێر، فەرمووی: «دەی هەستە و نوێژ بکە».

تێبینی:

لەم فەرموودەیەدا ڕکووع واتە: نوێژ، لە زانستی بەلاغەدا پێی دەڵێن: (تسمية الكل باسم الجزء).

١٦٦. عَنْ أَبِي سُفْيَانَ عَنْ جَابِرٍ ﷺ، وَعَنْ أَبِي صَالِحٍ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَا: جَاءَ سُلَيْكٌ الْغَطَفَانِيُّ وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَخْطُبُ، فَقَالَ لَهُ: «أَصَلَّيْتَ شَيْئًا؟»، قَالَ: لَا، قَالَ: «صَلِّ رَكْعَتَيْنِ تَجَوَّزْ فِيهِمَا».

ئەبو سوفیان لە جابیرەوە ﷺ، ئەبو صالیحیش لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ دەگێڕنەوە، گوتوویانە: سولەیکی غەتەفانی هاتە ژوورەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ لەو کاتەدا وتاری دەدا، (پێغەمبەر ﷺ وتارەکەی بڕی)، پێی فەرموو: «ئایا هیچ نوێژت کرد (دوو ڕکات نوێژی سڵاوی مزگەوت)؟»، گوتی: نەخێر، فەرمووی: «دوو ڕکات نوێژی سووك و کورت بکە».

بَابُ تَخَطِّي رِقَابِ النَّاسِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ

باسی هەنگاونان بەسەر شان و ملی خەڵکیدا لە ڕۆژی هەینیدا

١٦٧. عَنْ أَبِي الزَّاهِرِيَّةِ قَالَ: كُنَّا مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُسْرٍ ﵁ صَاحِبِ النَّبِيِّ ﷺ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، فَجَاءَ رَجُلٌ يَتَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ بُسْرٍ: جَاءَ رَجُلٌ يَتَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَالنَّبِيُّ ﷺ يَخْطُبُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ: «اجْلِسْ فَقَدْ آذَيْتَ».

ئەبو زاهیرییە دەڵێت: لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی بوسردا بووین ﵁ هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی هەینیدا، پیاوێك هات بەسەر ملی خەڵکیدا تێدەپەڕی، عەبدوڵڵای کوڕی بوسر گوتی: پێغەمبەر ﷺ وتاری هەینی دەدا، پیاوێك بەسەر ملی خەڵکیدا تێدەپەڕی (دەیویست بچێتە ڕیزەکانی پێشەوە)، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: «دانیشە (لە شوێنی خۆت)، بەڕاستی ئازاری خەڵکت دا».

بَابُ مَنْ أَدْرَكَ مِنَ الْجُمُعَةِ رَكْعَةً

باسی ئەو کەسەی بە ڕکاتێکی نوێژی هەینی ڕادەگات

١٦٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الصَّلَاةِ، فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلَاةَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك فریای ڕکاتێك نوێژ بکەوێت، ئەوە فریای نوێژەکە کەوتووە».

بَابُ مَا يُقْرَأُ بِهِ فِي الْجُمُعَةِ

باسی ئەوە (کە سونەتە) لە نوێژی هەینیدا چ سوورەتێك دەخوێنرێ

١٦٩. عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَقْرَأُ فِي الْعِيدَيْنِ وَيَوْمِ الْجُمُعَةِ: بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى، وَهَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ، قَالَ: وَرُبَّمَا اجْتَمَعَا فِي يَوْمٍ وَاحِدٍ، فَقَرَأَ بِهِمَا.

نوعمانی کوڕی بەشیر رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەردوو جەژنەکەدا (ڕەمەزان و قوربان) و لە ڕۆژی هەینیشدا سوورەتی ئەعلا (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى) و سوورەتی غاشیەی (هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ) دەخوێند، گوتی: هەندێك جار جەژن و هەینی بەیەکەوە لە یەك ڕۆژدا دەبوو، لە هەردووکیاندا ئەو دوو سورەتەی دەخوێند.

بَابُ صَلَاةِ الْعِيدَيْنِ

باسی نوێژی هەردوو جەژنەکە (ڕەمەزان و قوربان)

١٧٠. عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه قَالَ: قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الْمَدِينَةَ وَلَهُمْ يَوْمَانِ يَلْعَبُونَ فِيهِمَا، فَقَالَ: «مَا هَذَانِ الْيَوْمَانِ؟»، قَالُوا: كُنَّا نَلْعَبُ فِيهِمَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَبْدَلَكُمْ بِهِمَا خَيْرًا مِنْهُمَا: يَوْمَ الْأَضْحَى، وَيَوْمَ الْفِطْرِ».

ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە مەدینە، خەڵکی مەدینە دوو ڕۆژیان هەبوو یارییان تێدا دەکرد ، فەرمووی: «ئەم دوو ڕۆژە چییە؟»، گوتیان: لە سەردەمی نەزانی (پێش ئیسلام) ئاهەنگمان دەگێڕا و یاریمان دەکرد تێیاندا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «خوای گەورە بە باشتر لەو دوو ڕۆژانەی بۆ گۆڕین، (دوو ڕۆژەکەش) ڕۆژی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزانن».

بَابُ الْخُطْبَةِ يَوْمَ الْعِيدِ

باسی (کاتی) وتاری ڕۆژی جەژن

١٧١. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁ قَالَ: أَخْرَجَ مَرْوَانُ الْمِنْبَرَ فِي يَوْمِ عِيدٍ، فَبَدَأَ بِالْخُطْبَةِ قَبْلَ الصَّلَاةِ، فَقَامَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا مَرْوَانُ، خَالَفْتَ السُّنَّةَ، أَخْرَجْتَ الْمِنْبَرَ فِي يَوْمِ عِيدٍ، وَلَمْ يَكُنْ يُخْرَجُ فِيهِ، وَبَدَأْتَ بِالْخُطْبَةِ قَبْلَ الصَّلَاةِ، فَقَالَ أَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ، فَقَالَ: أَمَّا هَذَا فَقَدْ قَضَى مَا عَلَيْهِ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَنْ رَأَى مُنْكَرًا فَاسْتَطَاعَ أَنْ يُغَيِّرَهُ بِيَدِهِ فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەڵێت: مەڕوان لە ڕۆژی جەژن مینبەری وتاری لە شوێنی خۆی هێنایە دەرێ (بۆ ئەوەی وتاری جەژن بدات)، یەکەمجار وتاری بۆ خوێندنەوە، پاشان نوێژەکەی کرد[1]، پیاوێك هەڵسا گوتی: ئەی مەڕوان پێچەوانەی سوننەتت کرد، مینبەریشت دەرهێنا لە ڕۆژی جەژن کە پێشتر مینبەر دەرنەدەکرا بۆ نوێژگە، هەروەها وتاریشت پێش نوێژەکە خست، ئەبو سەعیدی خودری گوتی: ئەم پیاوە کێیە؟ گوتیان: فڵانی کوڕی فڵانە، گوتی: ئەمە ئەرکی سەر شانی خۆی جێبەجێ کرد (خراپەیەکی بینی نکووڵی لێ کرد)، گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەر کەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی توانی بە دەست بیگۆڕێت، با بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی بیگۆڕێت، ئەگەریش نەیتوانی بە دڵی، کە ئەمیش لاوازترین پلەی ئیمانە».

(١) کە ئەمە پێچەوانەی سوننەتە، لە ڕیوایەتی بوخاریدا هاتووە: دەڵێت: لەبەر ئەوەی خەڵکی دانەدەنیشت گوێ لە وتار بگرێت، کە نوێژیان بکردایە بۆ وتارەکە خەڵکی دانەدەنیشت و دەڕۆیشتن، بۆیە ئەم وتارەکەی خستە پێشەوە بۆ ئەوەی خەڵکی هەمووی دابنیشێت، ئیجتیهادێکی کرد، بەڵام هەڵە بوو.

بَابُ التَّكْبِيرِ فِي الْعِيدَيْنِ

باسی (الله أكبر) گوتن له جه‌ژنه‌كاندا

١٧٢. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يُكَبِّرُ فِي الْفِطْرِ وَالْأَضْحَى، فِي الْأُولَى سَبْعَ تَكْبِيرَاتٍ، وَفِي الثَّانِيَةِ خَمْسًا.

عائیشه ﵂ ده‌گێڕێته‌وه: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له نوێژی جه‌ژنی ڕه‌مه‌زان و جه‌ژنی قوربانداا (الله أكبر)ی ده‌فه‌رموو، له یه‌كه‌م ڕكاتدا حه‌وت (الله أكبر)، له ڕكاتی دووه‌مدا پێنج (الله أكبر)ی ده‌كرد.

بَابُ مَا يُقْرَأُ فِي الْأَضْحَى وَالْفِطْرِ

باسی ئه‌وه‌ی كه له جه‌ژنی قوربان و ڕه‌مه‌زاندا ده‌خوێندرێت

١٧٣. عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ بْنِ مَسْعُودٍ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ ﵁ سَأَلَ أَبَا وَاقِدٍ اللَّيْثِيَّ ﵁، مَاذَا كَانَ يَقْرَأُ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فِي الْأَضْحَى وَالْفِطْرِ؟ قَالَ: كَانَ يَقْرَأُ فِيهِمَا ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ، وَاقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ.

عوبه‌یدوڵڵای كوڕی عه‌بدوڵڵای كوڕی عوتبه‌ی كوڕی مه‌سعوود ده‌گێڕێته‌وه: عومه‌ری كوڕی خه‌تتاب ﵁ پرسیار ده‌كات له ئه‌بو واقیدی له‌یسی ﵁: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ له جه‌ژنی قوربان و ڕه‌مه‌زاندا چی ده‌خوێند؟ گوتی: سووڕه‌تی قاف و سووڕه‌تی قه‌مه‌ری ده‌خوێند.

جُمَّاعُ أَبْوَابِ صَلَاةِ الِاسْتِسْقَاءِ وَتَفْرِيعِهَا

کۆباسی بابەتەکانی نوێژی داواکردنی باران و لقوپۆپەکانی

١٧٤. عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ، عَنْ عَمِّهِ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ، خَرَجَ بِالنَّاسِ لِيَسْتَسْقِيَ فَصَلَّى بِهِمْ رَكْعَتَيْنِ، جَهَرَ بِالْقِرَاءَةِ فِيهِمَا، وَحَوَّلَ رِدَاءَهُ، وَرَفَعَ يَدَيْهِ، فَدَعَا وَاسْتَسْقَى وَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ.

عەببادی کوڕی تەمیم، لە مامیەوە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵکی بردە دەرەوە بۆ ئەوەی نوێژی داواکردنی باران بکات، جا (پێغەمبەر ﷺ) دوو ڕکات نوێژی پێ کردن، قورئانیشی بە دەنگی بەرز خوێند لە هەردوو ڕکاتەکەدا، هەروەها پۆشاکەکەی وەرگێڕا، ئینجا دەستەکانی بەرز کردەوە و پاڕایەوە و داوای بارانبارینی کرد و ڕووشی لە قیبلە کرد.

١٧٥. عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ: أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ زَيْدٍ ﵄ قَالَ: اسْتَسْقَى رَسُولُ اللهِ ﷺ وَعَلَيْهِ خَمِيصَةٌ لَهُ سَوْدَاءُ، فَأَرَادَ رَسُولُ اللهِ ﷺ أَنْ يَأْخُذَ بِأَسْفَلِهَا فَيَجْعَلَهُ أَعْلَاهَا، فَلَمَّا ثَقُلَتْ قَلَبَهَا عَلَى عَاتِقِهِ.

عەببادی کوڕی تەمیم دەگێڕێتەوە: عەبدوڵڵای کوڕی زەید ﵄ گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی بارانی کرد، پۆشاکێکی ڕەشی خەتداری پۆشیبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی لای خواری بکاتە لای سەرەوەی، بەڵام لەبەر ئەوەی قورس بوو هەر وەریگێڕا و بەسەر شانی موبارەکی دادایەوە.

بَابٌ فِي أَيِّ وَقْتٍ يُحَوِّلُ رِدَاءَهُ إِذَا اسْتَسْقَى

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی نوێژەبارانە دەکات کەی پۆشاکەکەی هەڵدەگێڕێتەوە

١٧٦. عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ زَيْدٍ ﵁ أَخْبَرَهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: خَرَجَ إِلَى الْمُصَلَّى يَسْتَسْقِي، وَأَنَّهُ لَمَّا أَرَادَ أَنْ يَدْعُوَ اسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ، ثُمَّ حَوَّلَ رِدَاءَهُ.

عەببادی کوڕی تەمیم دەگێڕێتەوە: عەبدوڵڵای کوڕی زەید ﵁ هەواڵی پێ داوە پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ نوێژگە نوێژی باران بکات، کاتێك کە ویستی نزا بکات ڕووی کردە ڕووگە و پاشان پۆشاکەکەی هەڵگێڕایەوە.

بَابُ رَفْعِ الْيَدَيْنِ فِي الِاسْتِسْقَاءِ

باسی دەست بەرزکردنەوە لە کاتی دوعاکردن لە نوێژەبارانەدا

١٧٧. عَنْ عُمَيْرٍ مَوْلَى بَنِي آبِي اللَّحْمِ ﵁: أَنَّهُ رَأَى النَّبِيَّ ﷺ يَسْتَسْقِي عِنْدَ أَحْجَارِ الزَّيْتِ، قَرِيبًا مِنَ الزَّوْرَاءِ قَائِمًا، يَدْعُو يَسْتَسْقِي رَافِعًا يَدَيْهِ قِبَلَ وَجْهِهِ، لَا يُجَاوِزُ بِهِمَا رَأْسَهُ.

عومەیری مەولای بەنو ئابی لەحم ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوای ﷺ بینی دوعای بارانی دەکرد، لەلای ئەحجار زەیت (شوێنێکە لە مەدینە پێی گوتراوە: بەردی زەیت)، نزیك بووە لە زەوڕا (شوێنێك بووە لەنێو بازاڕی مەدینە)، پێغەمبەری خوا ﷺ بەپێوە ڕاوەستابوو دوعای بارانبارینی دەکرد، دەستی بەرز کردبووەوە تا ئاستی ڕوخساری، دەستی لە ئاستی سەری بەرزتر نەدەکردەوە (یانی: هەر ئەوەندە دەستی بەرز کردبووەوە).

(آبي اللَّحْم): ناوی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولمەلیك بووە، لە غەزای حونەیەندا شەهید بووە، تەنها ئەم فەرموودەیەی لە پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕاوەتەوە.

١٧٨. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: أَتَتِ النَّبِيَّ ﷺ، بَوَاكِي، فَقَالَ: «اللَّهُمَّ اسْقِنَا غَيْثًا مُغِيثًا، مَرِيئًا مَرِيعًا، نَافِعًا غَيْرَ ضَارٍّ، عَاجِلًا غَيْرَ آجِلٍ»، قَالَ: فَأَطْبَقَتْ عَلَيْهِمُ السَّمَاءُ.

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێت: هەندێك ئافرەت بە گریانەوە هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ (لەبەر بێبارانی)، پێغەمبەر ﷺ (دوعای کرد) فەرمووی: «خوایە بارانێکی بەسوودمان بۆ ببارێنە، یارمەتیدەر و پشتیوانمان بێت (بۆ ژیانمان)، بارانێکی سەرەنجام باش بێت و زەرەر و زیانی نەبێت، پڕ پیت و بەرەکەت بێت، سوودبەخش بێت و زیانبەخش نەبێت، ئێستا بێت و دوا نەکەوێت»، گوتی: ئاسمان بە پەڵەهەورێك سەری داپۆشین.

بَابُ صَلَاةِ الْكُسُوفِ

باسی نوێژی خۆرگیران

١٧٩. عَنْ جَابِرٍ ﷺ قَالَ: كُسِفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي يَوْمٍ شَدِيدِ الْحَرِّ، فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِأَصْحَابِهِ، فَأَطَالَ الْقِيَامَ حَتَّى جَعَلُوا يَخِرُّونَ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ رَفَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ رَفَعَ فَأَطَالَ، ثُمَّ سَجَدَ سَجْدَتَيْنِ، ثُمَّ قَامَ فَصَنَعَ نَحْوًا مِنْ ذَلِكَ، فَكَانَ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ، وَأَرْبَعَ سَجَدَاتٍ.

جابیر ﷺ دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ خۆر گیرا، لە ڕۆژێکی زۆر گەرمای سەختدا، پێغەمبەری خوا ﷺ پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی کرد، قورئانخوێندنەکەی زۆر

درێژ کردەوە تا خەڵکی دەکەوت (لەبەر درێژی ئەوەندە درێژ بوو)، پاشان چووە ڕکووع ڕکووعەکەشی زۆر درێژ کردەوە، پاشان سەری بەرز کردەوە دووبارە دەستی کردەوە بە قوڕئانخوێندنێکی درێژ، پاشان چووە ڕکووع ڕکووعەکەشی زۆر درێژ کردەوە، پاشان سەری بەرز کردەوە دەستی کردەوە بە قوڕئانخوێندنێکی درێژ (بۆ سێیەم جار)، پاشان دوو کڕنووشی برد، پاشان ڕکاتی دووەمیشی کرد هاوشێوەی ئەمە، چوار ڕکووع و چوار سوجدەی بردووە.

بَابُ الْقِرَاءَةِ فِي صَلَاةِ الْكُسُوفِ

باسی قوڕئانخوێندن لە نوێژی خۆرگیراندا

١٨٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَرَأَ قِرَاءَةً طَوِيلَةً، فَجَهَرَ بِهَا - يَعْنِي فِي صَلَاةِ الْكُسُوفِ-.

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ قوڕئانخوێندنێکی زۆری خوێند و دەنگی تێدا بەرز کردەوە، -واتە: لە نوێژی خۆرگیران-.

بَابُ يُنَادَى فِيهَا بِالصَّلَاةِ

باسی جاڕدان بۆ نوێژی خۆرگیران

١٨١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كُسِفَتِ الشَّمْسُ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ رَجُلًا فَنَادَى: أَنِ الصَّلَاةُ جَامِعَةٌ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: خۆر گیرا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بە پیاوێك کرد بانگی دەکرد لەنێو خەڵکیدا: کۆ ببنەوە بۆ نوێژی خۆرگیران.

بَابُ الصَّدَقَةِ فِيهَا

باسی خێرکردن لە کاتی خۆرگیراندا

١٨٢. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «الشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا يُخْسَفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ، وَلَا لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلِكَ فَادْعُوا اللَّهَ، وَكَبِّرُوا، وَتَصَدَّقُوا».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «خۆر و مانگ بۆ مردنی هیچ کەسێك و لەدایکبوونی هیچ کەسێك ناگیرێن، ئەگەر شتێکی واتان بینی (خۆرگیران) ئەوە نزا بکەن و لە خوا بپاڕێنەوە، خوا بەگەورە ڕابگرن و بڵێن: (الله أكبر)، خێر و صەدەقە بکەن».

تَفْرِيعِ صَلَاةِ السَّفَرِ

ئەو شتانەی پەیوەندیان هەیە بە نوێژی سەفەرەوە

بَابُ صَلَاةِ الْمُسَافِرِ

باسی نوێژی گەشتیار

١٨٣. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: فُرِضَتِ الصَّلَاةُ رَكْعَتَيْنِ رَكْعَتَيْنِ فِي الْحَضَرِ وَالسَّفَرِ، فَأُقِرَّتْ صَلَاةُ السَّفَرِ، وَزِيدَ فِي صَلَاةِ الْحَضَرِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: نوێژ کە سەرەتا فەرز کرا، دوو ڕکات دوو ڕکات فەرز کرا لە شوێنی نیشتەجێبوون و لە سەفەریشدا، پاشان لە سەفەردا وەکوو خۆی مایەوە، بەڵام لە شوێن و شاری خۆتدا زیاد کرا دوو ڕکاتییەکان بوون بە چوار ڕکات.

بَابُ مَتَى يَقْصُرُ الْمُسَافِرُ؟

باسی ئەوە کە چ کاتێك (گەشتیار) نوێژەکەی کورت دەکاتەوە

١٨٤. عَنْ يَحْيَى بْنِ يَزِيدَ الْهُنَائِيِّ قَالَ: سَأَلْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ ﷺ عَنْ قَصْرِ الصَّلَاةِ، فَقَالَ أَنَسٌ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا خَرَجَ مَسِيرَةَ ثَلَاثَةِ أَمْيَالٍ، أَوْ ثَلَاثَةِ فَرَاسِخَ - شَكَّ شُعْبَةُ - يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ.

یەحیای کوڕی یەزیدی هونائی دەڵێت: پرسیارم کرد لە ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەربارەی نوێژ کورتکردنەوە، ئەنەس گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر سێ میل، یان سێ فەرسەخ دەرچووبایە لە شاری خۆی لە مەدینە، -ڕاوییەکە کە شوعبەیە گومانی هەیە ئایا سێ فەرسەخی گوتووە یان سێ میلی گوتووە-، دوو ڕکاتی دەکرد.

١٨٥. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ يَقُولُ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ الظُّهْرَ بِالْمَدِينَةِ أَرْبَعًا، وَالْعَصْرَ بِذِي الْحُلَيْفَةِ رَكْعَتَيْنِ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ چوار ڕکات نوێژی نیوەڕۆم لەنێو مەدینە کرد، بەڵام کە دەرچووین گەیشتینە زولحولەیفە نوێژی عەسری بە دوو ڕکات کرد.

بَابُ الْأَذَانِ فِي السَّفَرِ

باسی بانگدان لە گەشتدا

١٨٦. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﷺ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «يَعْجَبُ رَبُّكُمْ مِنْ رَاعِي غَنَمٍ فِي رَأْسِ شَظِيَّةٍ بِجَبَلٍ، يُؤَذِّنُ بِالصَّلَاةِ، وَيُصَلِّي، فَيَقُولُ اللَّهُ ﷻ: انْظُرُوا إِلَى

عَبْدِي هَذَا يُؤَذِّنُ، وَيُقِيمُ الصَّلَاةَ، يَخَافُ مِنِّي، قَدْ غَفَرْتُ لِعَبْدِي وَأَدْخَلْتُهُ الْجَنَّةَ».

عوقبەی کوڕی عامیر ﵁ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «پەروەردگارتان تەعەجوبی دێت بە شوانی مەڕێك کە لەسەر تەپۆلکەی شاخێك بانگ بدات و نوێژ بکات، خوا ﷻ بە فریشتەکان دەفەرموێت: تەماشای بەندەکەی من بکەن، بانگ دەدات و قامەت دەکات بۆ نوێژ، لە من دەترسێت، ئەوە منیش لەو بەندەیەی خۆم خۆش بووم و خستمە بەهەشتەوە».

تێبینی:

(شَظِيَّة): واتە: پارچەیەك لە شاخەکە، یان تاوێرێکیان هاتبێتە دەرەوە وەکوو لووتی شاخەکە بچێتە سەر ئەوە.

بَابُ الْجَمْعِ بَيْنَ الصَّلَاتَيْنِ

باسی کۆکردنەوەی دوو نوێژەکان

١٨٧. عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ عَامِرِ بْنِ وَاثِلَةَ: أَنَّ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ ﵁ أَخْبَرَهُمْ، أَنَّهُمْ خَرَجُوا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ، فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَجْمَعُ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ، فَأَخَّرَ الصَّلَاةَ يَوْمًا، ثُمَّ خَرَجَ فَصَلَّى الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ جَمِيعًا، ثُمَّ دَخَلَ، ثُمَّ خَرَجَ، فَصَلَّى الْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ جَمِيعًا.

ئەبو توفەیل عامیری کوڕی واسیلە دەڵێت: موعازی کوڕی جەبەل ﵁ پێی ڕاگەیاندوون، لە غەزای تەبووکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی نیوەڕۆ و عەسری کۆ کردەوە، مەغریب و عیشای پێکەوە کۆ کردەوە، ڕۆژێك نوێژەکەی دوا خست، پاشان هاتە دەرەوە نوێژی نیوەڕۆ و عەسری کرد

بەیەکەوە، پاشان چووەوە ژوورەوە (خێمەیەکی بۆ هەڵدرابوو)، پاشان هاتە دەرەوە لەم شوێنە، نوێژی مەغریب و عیشای پێکەوە کرد.

١٨٨. عَنْ نَافِعٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ رضي الله عنهما اسْتُصْرِخَ عَلَى صَفِيَّةَ وَهُوَ بِمَكَّةَ، فَسَارَ حَتَّى غَرَبَتِ الشَّمْسُ، وَبَدَتِ النُّجُومُ، فَقَالَ: إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ، كَانَ إِذَا عَجِلَ بِهِ أَمْرٌ فِي سَفَرٍ، جَمَعَ بَيْنَ هَاتَيْنِ الصَّلَاتَيْنِ، فَسَارَ حَتَّى غَابَ الشَّفَقُ، فَنَزَلَ فَجَمَعَ بَيْنَهُمَا.

نافیع دەگێڕێتەوە: ئیبن عومەر رضي الله عنهما داوای فریاکەوتنی لێکرا و هاوارێکی بۆ کرا لەبەر ئەوەی صەفییە کۆچی دوایی کردبوو، (ئیبن عومەر لە مەککە بوو هەواڵیان هێنا بۆ مەککە)، ئەمیش هات کەوتە ڕێ تا خۆر ئاوا بوو ئەستێرە دەرکەوت، گوتی: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر پەلەی بووایە لە سەفەردا ئەم دوو نوێژەی کۆ دەکردەوە، تێپەڕی تا سوورایییەکە دیار نەما و ئاوا بوو، دابەزی (نوێژی شێوان و خەوتنانی) پێکەوە کۆ کردنەوە.

١٨٩. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: جَمَعَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِالْمَدِينَةِ مِنْ غَيْرِ خَوْفٍ، وَلَا مَطَرٍ، فَقِيلَ لِابْنِ عَبَّاسٍ: مَا أَرَادَ إِلَى ذَلِكَ؟ قَالَ: أَرَادَ أَنْ لَا يُحْرِجَ أُمَّتَهُ.

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینەدا ڕۆژێك نوێژی نیوەڕۆ و عەسر، وە نوێژی مەغریب و عیشاشی کۆ کردنەوە بێ ئەوەی ترسیان لەسەر بێت، وە بێ ئەوەی باران بێت، بە ئیبن عەبباس گوترا: بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستی لەو کارە چی بوو؟ گوتی: مەبەستی ئەوە بووە کە ئوممەتەکەی تووشی بارقورسی نەبن.

بَابُ قَصْرِ قِرَاءَةِ الصَّلَاةِ فِي السَّفَرِ

باسی قورئانخوێندنی کورت لە نوێژی گەشتدا

١٩٠. عَنِ الْبَرَاءِ ﵁ قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي سَفَرٍ، فَصَلَّى بِنَا الْعِشَاءَ الْآخِرَةَ، فَقَرَأَ فِي إِحْدَى الرَّكْعَتَيْنِ، بِالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ.

بەڕاء ﵁ دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ سەفەرێك دەرچووین، نوێژی عیشای بۆ کردین (کە عادەتەن نوێژی عیشای درێژ دەکردەوە) لە یەکێك لە ڕکاتەکان سوورەتی (والتین والزیتون)ی خوێند (واتە: درێژی نەکردەوە).

بَابُ التَّطَوُّعِ عَلَى الرَّاحِلَةِ وَالْوِتْرِ

باسی ئەنجامدانی نوێژی سوننەت و نوێژی ویتر بەسواری وڵاخ

١٩١. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُسَبِّحُ عَلَى الرَّاحِلَةِ أَيَّ وَجْهٍ تَوَجَّهَ، وَيُوتِرُ عَلَيْهَا، غَيْرَ أَنَّهُ لَا يُصَلِّي الْمَكْتُوبَةَ عَلَيْهَا.

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی سوننەتی بەسواری وڵاخەکەیەوە دەکرد ڕووی لەهەر لایەك بووایە، ویتریشی لەسەر دەکرد، بەڵام نوێژی فەرزی لەسەر نەدەکرد.

بَابُ الْفَرِيضَةِ عَلَى الرَّاحِلَةِ مِنْ عُذْرٍ

باسی نوێژ کردن بکات بەسواری بەهۆی پاساوەوە

١٩٢. عَنْ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ: أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَةَ ﵂، هَلْ رُخِّصَ لِلنِّسَاءِ أَنْ يُصَلِّينَ

عَلَى الدَّوَابِّ؟ قَالَتْ: لَمْ يُرَخَّصْ لَهُنَّ فِي ذَلِكَ، فِي شِدَّةٍ وَلَا رَخَاءٍ. قَالَ مُحَمَّدٌ: هَذَا فِي الْمَكْتُوبَةِ.

عەتائی کوڕی ئەبو ڕەباح، پرسیاری کرد لە عائیشە ﵂، ئایا مۆڵەت دراوە ئافرەتان بەسواری نوێژ بکەن؟ گوتی: مۆڵەتیان پێ نەدراوە بەم شتە نە لە کاتی سەغڵەتی و نە لە کاتی خۆشیدا، (واتە: بەبێ زەڕوورەت). موحەممەد دەڵێت: ئەمەی کە مۆڵەت نییە مەبەست پێی نوێژی فەڕزە.

بَابُ مَتَى يُتِمُّ الْمُسَافِرُ؟

باسی ئەوە کە لە چ کاتێك گەشتیار نوێژ بەتەواوی دەکات

١٩٣. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَقَامَ سَبْعَ عَشْرَةَ بِمَكَّةَ يَقْصُرُ الصَّلَاةَ، قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: وَمَنْ أَقَامَ سَبْعَ عَشْرَةَ قَصَرَ، وَمَنْ أَقَامَ أَكْثَرَ أَتَمَّ، قَالَ أَبُو دَاوُدَ: قَالَ عَبَّادُ بْنُ مَنْصُورٍ، عَنْ عِكْرِمَةَ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: أَقَامَ تِسْعَ عَشْرَةَ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ حەڤدە ڕۆژ لە مەککە مایەوە نوێژی کورت دەکردەوە، هەر ئیبن عەبباس دەڵێت: هەر کەسێك حەڤدە ڕۆژ لە شوێنێك مایەوە نوێژ کورت دەکاتەوە، ئەگەر زیاتر بوو نوێژەکەی تەواو دەکات. ئەبو داود دەڵێت: عەبادی کوڕی مەنسووڕ لە عیکریمەوە گێڕاویەتەوە، ئەویش لە ئیبن عەبباسەوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نۆزدە ڕۆژ ماوەتەوە، (ئەم نۆزدە ڕۆژە لە هەموو ڕیوایەتەکان پەسندترە).

١٩٤. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: فَرَضَ اللَّهُ تَعَالَى الصَّلَاةَ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّكُمْ ﷺ فِي الْحَضَرِ أَرْبَعًا، وَفِي السَّفَرِ رَكْعَتَيْنِ، وَفِي الْخَوْفِ رَكْعَةً.

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: خوای گەورە نوێژی فەرز کردووە لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەتانەوە ﷺ لە شاری خۆتدا چوار (ڕکات)، لە گەشت دوو ڕکات، لە ترسیشدا یەك ڕکات.

بَابُ تَفْرِيعِ أَبْوَابِ التَّطَوُّعِ وَرَكَعَاتِ السُّنَّةِ

باسی ئەوەی پەیوەستە بە نوێژی سوننەت و ئەو ڕکاتانەی کە سوننەتن

١٩٥. عَنْ أُمِّ حَبِيبَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «مَنْ صَلَّى فِي يَوْمٍ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً تَطَوُّعًا، بُنِيَ لَهُ بِهِنَّ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ».

ئومم حەبیبە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك لە ڕۆژێکدا دوانزە ڕکات نوێژی سوننەت بکات، ئەوە بەهۆی ئەوانەوە کۆشکێکی بۆ لە بەهەشت دروست دەکرێت».

بَابُ رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ

باسی دوو ڕکات (سوننەتی پێش نوێژی) بەیانی

١٩٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَمْ يَكُنْ عَلَى شَيْءٍ مِنَ النَّوَافِلِ أَشَدَّ مُعَاهَدَةً مِنْهُ عَلَى الرَّكْعَتَيْنِ قَبْلَ الصُّبْحِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە هیچ نوێژێکی سوننەتدا بەئەندازەی دوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانی پابەند و سوور نەبووە لەسەریان.

بَابٌ فِي تَخْفِيفِهِمَا

باسی پوخت و ئاسانكردنی دوو ڕكات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی

١٩٧. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يُخَفِّفُ الرَّكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلَاةِ الْفَجْرِ، حَتَّى إِنِّي لَأَقُولُ: هَلْ قَرَأَ فِيهِمَا بِأُمِّ الْقُرْآنِ؟!

عائیشه ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بە جۆرێك دوو ڕكاتەكەی پێش نوێژی بەیانی كورت و پوخت دەكرد، دەمگوت: دەبێت (سووڕەتی) فاتیحەی تێدا خوێندبن؟!

١٩٨. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَرْجِسَ ﵁ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ وَالنَّبِيُّ ﷺ يُصَلِّي الصُّبْحَ، فَصَلَّى الرَّكْعَتَيْنِ، ثُمَّ دَخَلَ مَعَ النَّبِيِّ ﷺ فِي الصَّلَاةِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ، قَالَ: «يَا فُلَانُ، أَيَّتُهُمَا صَلَاتُكَ؟ الَّتِي صَلَّيْتَ وَحْدَكَ، أَوِ الَّتِي صَلَّيْتَ مَعَنَا؟».

عەبدوڵڵای كوڕی سەڕجیس ﵁ دەڵێت: پیاوێك هات پێغەمبەر ﷺ نوێژی بەیانی دەكرد (فەڕزەكەی دابەستوو) ئەو دوو ڕكات سوننەتی كرد، پاشان فریاكەوت هاتە نێو نوێژەكە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ، پێغەمبەر ﷺ كە نوێژەكەی تەواو كرد فەرمووی: «ئەی فڵانە كەس كامەیان نوێژە فەڕزەكەت بوو، ئەو دوو ڕكاتەی بەجیا كردت، یان ئەو دوو ڕكاتەی لەگەڵ ئێمەدا كردت».

تێبینی:

پێغەمبەر ﷺ وەكوو تەمبێكردن ئەوەی پێ فەرمووە، واتە: جارێكی دیكە وا مەكە، قامەت كرا سوننەت مەكە، ئەگەر بشزانیت فریای جەماعەتەكە دەكەویت هەر ئەنجامی مەدە.

١٩٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ «إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ، فَلَا صَلَاةَ إِلَّا الْمَكْتُوبَةَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کات قامەت کرا (بۆ نوێژی فەرز)، ئەوە هیچ نوێژێك ناکرێت جگە لە نوێژە فەرزەکە».

بَابُ مَنْ فَاتَتْهُ مَتَى يَقْضِيهَا

باسی ئەو کەسەی نوێژی چووە کەی دەیگێڕێتەوە

٢٠٠. أَنْ قَيْسِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ قَالَ: رَأَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ رَجُلًا يُصَلِّي بَعْدَ رَكْعَتَيْنِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «صَلَاةُ الصُّبْحِ رَكْعَتَانِ»، فَقَالَ الرَّجُلُ: إِنِّي لَمْ أَكُنْ صَلَّيْتُ الرَّكْعَتَيْنِ اللَّتَيْنِ قَبْلَهُمَا، فَصَلَّيْتُهُمَا الْآنَ، فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ.

قەیسی کوڕی عەمر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی بینی لەدوای نوێژی بەیانی (نوێژە فەرزەکە) دوو ڕکاتی کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «نوێژی بەیانی هەر دوو ڕکاتە!»، پیاوەکە گوتی: من ئەو دوو ڕکاتە سونەتەی پێش نوێژی بەیانیم نەکردبوو، ئێستا کردمەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگ بوو.

تێبینی:

پێغەمبەری خوا ﷺ بە کردارەکەی ڕازی بووە، بۆیە دەنگی نەکردووە، ئەوە لە زانستی ئوسوڵی فیقهدا پێی دەڵێن: سونەتی تەقریری.

بَابُ الْأَرْبَعِ قَبْلَ الظُّهْرِ وَبَعْدَهَا

باسی چوار ڕکات پێش نوێژی نیوەڕۆ و چوار ڕکات دوای نوێژی نیوەڕۆ

٢٠١. قَالَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ ﷺ زَوْجُ النَّبِيِّ ﷺ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ حَافَظَ عَلَى

أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَأَرْبَعٍ بَعْدَهَا، حَرُمَ عَلَى النَّارِ».

ئوم حەبیبەی ﷺ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك پارێزگاری لە چوار ڕکات نوێژی سوننەت بکات لەپێش نوێژی نیوەڕۆ، چوار ڕکاتیش لەپاش نوێژی نیوەڕۆ، ئەوە (سوتاندنی) لەسەر ئاگری دۆزەخ حەرام دەبێت.

٢٠٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: شَهِدَ عِنْدِي رِجَالٌ مَرْضِيُّونَ فِيهِمْ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ - وَأَرْضَاهُمْ عِنْدِي عُمَرُ - أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لَا صَلَاةَ بَعْدَ صَلَاةِ الصُّبْحِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، وَلَا صَلَاةَ بَعْدَ صَلَاةِ الْعَصْرِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: کۆمەڵێك پیاو لەلام بوون کە جێگەی ڕەزامەندی (ی خوا و خەڵك) بوون، عومەریشیان لەنێودا بوو، -لە هەمووشیان زیاتر لەلای من عومەر جێگەی ڕەزامەندی بوو-، گوتیان: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لەدوای نوێژی بەیانی هەتاکوو خۆر هەڵدێت هیچ نوێژێکی دیکە بوونی نییە، هەروەها لەدوای نوێژی عەسریش هەتاکوو خۆر تەواو ئاوا دەبێت هیچ نوێژێکی دیکە بوونی نییە».

بَابُ الصَّلَاةِ قَبْلَ الْمَغْرِبِ

باسی نوێژی (سوننەتی) پێش نوێژی شێوان

٢٠٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ الْمُزَنِيِّ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «صَلُّوا قَبْلَ الْمَغْرِبِ رَكْعَتَيْنِ»، ثُمَّ قَالَ: «صَلُّوا قَبْلَ الْمَغْرِبِ رَكْعَتَيْنِ لِمَنْ شَاءَ»، خَشْيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً.

عەبدوڵڵای موزەنی ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «پێش نوێژی شێوان

دوو ڕکات بکەن»، پاشان فەرمووی: «دوو ڕکات نوێژ بکەن پێش نوێژی شێوان کێ ویستی لێ بوو»، لەوە ترساوە نەوەکوو خەڵکی بیکەنە سوننەتێکی بەردەوام.

٢٠٤. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ، بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ لِمَنْ شَاءَ».

عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە نێوان هەموو بانگ و قامەتێکدا نوێژ هەیە، لە نێوان هەموو بانگ و قامەتێکدا نوێژ هەیە بۆ کەسێك کە بیەوێت. (زانایان ئەم فەرموودەیە دەکەنە بەڵگە بۆ سوننەتی پێش نوێژی جومعە)».

بَابُ صَلَاةِ الضُّحَى

باسی نوێژی چێشتەنگاو

٢٠٥. عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلَامَى مِنَ ابْنِ آدَمَ صَدَقَةٌ، تَسْلِيمُهُ عَلَى مَنْ لَقِيَ صَدَقَةٌ، وَأَمْرُهُ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيُهُ عَنِ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ، وَإِمَاطَتُهُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ، وَبُضْعَةُ أَهْلِهِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ كُلِّهِ رَكْعَتَانِ مِنَ الضُّحَى».

ئەبو زەڕ ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەموو ئادەمیزادێك بەیانی کە ڕۆژ دەکاتەوە پێویستە لەسەری خێر بکات لەجیاتی هەموو جومگەیەك لە جومگەکانی، سڵاوکردنی لە کەسێك ئەوە خێرە، فەرمانکردنی بە چاکە خێرە، ڕێگریکردنی لە خراپە خێرە، لابردنی ئازارێك لەسەر ڕێی خەڵکی خێرە، سەرجێییکردنی لەگەڵ خێزانیدا خێرە، ئەوەی جێی هەموویت بۆ پڕ دەکاتەوە دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاوە».

٢٠٦. عَنْ نُعَيْمِ بْنِ هَمَّارٍ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «يَقُولُ اللَّهُ ﷻ: يَا ابْنَ آدَمَ، لَا تُعْجِزْنِي مِنْ أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ فِي أَوَّلِ نَهَارِكَ، أَكْفِكَ آخِرَهُ».

نوعەیمی کوڕی هەممار ﵁ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: خوا ﷻ دەفەرموێت: «ئەی وەچەی ئادەم، دەستەپاچە مەبە لەوەی لە سەرەتای ڕۆژدا چوار ڕکات نوێژ بۆ من بکەی، منیش دەستەبەری کۆتایی ڕۆژەکەت بۆ دەکەم».

بَابٌ فِي صَلَاةِ النَّهَارِ

باسێك دەربارەی نوێژی ڕۆژ

٢٠٧. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «صَلَاةُ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ مَثْنَى مَثْنَى».

ئیبن عومەر ﵄ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «نوێژی (سوننەتی) شەو و ڕۆژ دوو ڕکات دوو ڕکاتە (بە شەو یان بە ڕۆژ کەسێك نوێژی سوننەت بکات، ئەوە با دوو ڕکات دوو ڕکات ئەنجامیان بدات)».

بَابُ قِيَامِ اللَّيْلِ

باسی هەستانەوە بۆ شەونوێژ

٢٠٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ، إِذَا هُوَ نَامَ ثَلَاثَ عُقَدٍ، يَضْرِبُ مَكَانَ كُلِّ عُقْدَةٍ عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ، فَارْقُدْ، فَإِنِ اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَأَصْبَحَ نَشِيطًا، طَيِّبَ النَّفْسِ، وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کاتێك یەکێکتان خەوتووە شەیتان سێ گرێ لە پشتەسەری دەدات، لەگەڵ هەر گرێیەك کە دەیدات لە سەرت، دەڵێت: شەوێکی درێژ، جا پاڵکەوە (خەوێکی قووڵ)، جا هەر کاتێك (ئەو کەسە) هەستا و یادی خوای کرد ئەوە گرێیەك دەکرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژیشی شوشت ئەوە گرێیەك دەبێتەوە، خۆ ئەگەر نوێژیشی کرد ئەوە گرێیەك دەبێتەوە (هەرسێ گرێیەکە دەکرێنەوە)، بۆیە (ئەو کەسە) بەچوست و چالاکی بەیانی دەکاتەوە و دەروونی ئارامە، خۆ ئەگەر وا نەبوو ئەوە بەتەمبەڵی و دەروون پیسی و شڵەژاوی بەیانی دەکاتەوە».

٢٠٩. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي قَيْسٍ ﷺ يَقُولُ: قَالَتْ عَائِشَةُ ﷺ: لَا تَدَعْ قِيَامَ اللَّيْلِ فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ لَا يَدَعُهُ، وَكَانَ إِذَا مَرِضَ، أَوْ كَسِلَ، صَلَّى قَاعِدًا.

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو قەیس دەڵێت: عائیشە ﷺ گوتی: واز لە شەونوێژ نەهێنی لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ وازی لێ نەدەهێنا، پێغەمبەر ﷺ ئەگەر نەخۆش بووایە، یان ماندوو بووایە نەیتوانیایە، ئەوە بەدانیشتنەوە شەونوێژەکانی دەکرد.

٢١٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنَ اللَّيْلِ، فَاسْتَعْجَمَ الْقُرْآنُ عَلَى لِسَانِهِ، فَلَمْ يَدْرِ مَا يَقُولُ، فَلْيَضْطَجِعْ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە شەو هەستا شەونوێژ بکات، قورئانەکە نەهاتە سەر زمانی و قورس بوو لەسەری (لەبەر ئەوەی خەوی دەهات، وە نەیزانی چی دەڵێت)، ئەوە با بخەوێت و پاڵکەوێتەوە».

بَابُ مَنْ نَوَى الْقِيَامَ فَنَامَ

باسی کەسێك نیەتی هێناوە شەونوێژ بکات کەچی دەخەوێت

٢١١. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ زَوْجَ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَا مِنَ امْرِئٍ تَكُونُ

لَهُ صَلَاةٌ بِلَيْلٍ، يَغْلِبُهُ عَلَيْهَا نَوْمٌ، إِلَّا كُتِبَ لَهُ أَجْرُ صَلَاتِهِ، وَكَانَ نَوْمُهُ عَلَيْهِ صَدَقَةً».

عائیشه ﵂ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك شەونوێژی هەبن (عادەتی هەمیشەیی بێت کە شەونوێژ بکات)، خەویشی بەسەردا زاڵ بوو، ئەوە بێگومان پاداشتی نوێژەکانی بۆ دەنووسرێت و نووستنەکەش بۆی دەبێت بە خێر و چاکە».

بَابُ صَلَاةِ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى

باسی شەونوێژ دوو ڕکات دوو ڕکاتە

٢١٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنْ صَلَاةِ اللَّيْلِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ، صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً، تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پیاوێك پرسیاری شەونوێژی کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: «شەونوێژ دوو ڕکات دوو ڕکاتە، ئەگەر یەکێك لە ئێوە ترسا (بانگی) بەیانی بەسەردا بێت، یەك ڕکات بکات، شەونوێژەکانی بە ویتر کۆتاییان دێت».

بَابٌ فِي رَفْعِ الصَّوْتِ بِالْقِرَاءَةِ فِي صَلَاةِ اللَّيْلِ

باسێك دەربارەی دەنگ بەرزکردنەوە لە قوڕئانخوێندنی شەونوێژدا

٢١٣. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: «كَانَتْ قِرَاءَةُ النَّبِيِّ ﷺ عَلَى قَدْرِ مَا يَسْمَعُهُ مَنْ فِي الْحُجْرَةِ، وَهُوَ فِي الْبَيْتِ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ (لە شەودا) کاتێك قورئانی دەخوێند بە ئەندازەیەك دەنگی بەرز دەکردەوە، کە ئەگەر کەسێك لە ماڵەکەیدا بووایە لەنێو ژوورەکەی گوێی لێ دەبوو.

٢١٤. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ ﷺ قَالَ: اعْتَكَفَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي الْمَسْجِدِ، فَسَمِعَهُمْ يَجْهَرُونَ بِالْقِرَاءَةِ، فَكَشَفَ السِّتْرَ، وَقَالَ: «أَلَا إِنَّ كُلَّكُمْ مُنَاجٍ رَبَّهُ، فَلَا يُؤْذِيَنَّ بَعْضُكُمْ بَعْضًا، وَلَا يَرْفَعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الْقِرَاءَةِ»، أَوْ قَالَ: «فِي الصَّلَاةِ».

ئەبو سەعید ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئیعتیکافی کرد لە مزگەوتدا، گوێی لێ بوو هاوەڵان دەنگ بەرز دەکەنەوە لە قورئانخوێندندا، پەردەکەی لابرد و فەرمووی: «ئاگادار بن ئێوە هەمووتان موناجات لەگەڵ پەروەردگاردا دەکەن، هەندێکتان ئازار بە هەندێکی دیکەتان مەگەیەنن، لە قورئانخوێندنیشدا هەندێکتان دەنگ بەرز مەکەنەوە بەسەر هەندێکتاندا»، یان فەرمووی: «لە نوێژدا». (ڕاوییەکە گومانی هەیە).

٢١٥. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الْجَاهِرُ بِالْقُرْآنِ، كَالْجَاهِرِ بِالصَّدَقَةِ، وَالْمُسِرُّ بِالْقُرْآنِ، كَالْمُسِرِّ بِالصَّدَقَةِ».

عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەوەی بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنێت، وەك ئەوە وایە بەئاشکرا خێری کردبێت، ئەوەیشی بە دەنگی نزم و بەنهێنی قورئان دەخوێنێت، وەك ئەوە وایە خێری بەنهێنی کردبێت».

تێبینی:

لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسە بە شێوەیەك دەنگ بەرز بکاتەوە کە پێویست نەبێت، ئەگەرنا دەنگ بەرزکردنەوە بەپێی پێویست و دەنگخۆشی لە قورئاندا سوننەت و فەرمانپێکراوە، دەی دەنگی خۆش بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە دەرناکەوێت و جێبەجێ نابێت.

بَابٌ فِي صَلَاةِ اللَّيْلِ

باسێك دەربارەی شەونوێژ

٢١٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ عَشْرَ رَكَعَاتٍ، وَيُوتِرُ بِسَجْدَةٍ، وَيَسْجُدُ سَجْدَتَيِ الْفَجْرِ، فَذَلِكَ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً.

عائیشه ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ له شەودا ده ڕكات شەونوێژی دەكرد، به یەك ڕكات ویتری كرد، وه دوو ڕكاتیش سوننەتی پێش بەیانی دەكرد، كه ئەمه دەكاته سێزده ڕكات.

٢١٧. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: «كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُصَلِّي بِاللَّيْلِ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً، ثُمَّ يُصَلِّي إِذَا سَمِعَ النِّدَاءَ بِالصُّبْحِ رَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ».

عائیشه ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ به شەو سێزده ڕكاتی دەكرد، پاشان ئەگەر گوێی له بانگ بووایه دوو ڕكاتی كورت و پوختی دەكرد.

٢١٨. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّهُ رَقَدَ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ، فَرَآهُ اسْتَيْقَظَ، فَتَسَوَّكَ وَتَوَضَّأَ، وَهُوَ يَقُولُ: «{إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ}»، حَتَّى خَتَمَ السُّورَةَ، ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ أَطَالَ فِيهِمَا الْقِيَامَ وَالرُّكُوعَ وَالسُّجُودَ، ثُمَّ انْصَرَفَ، فَنَامَ حَتَّى نَفَخَ، ثُمَّ فَعَلَ ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ بِسِتِّ رَكَعَاتٍ، كُلُّ ذَلِكَ يَسْتَاكُ، ثُمَّ يَتَوَضَّأُ وَيَقْرَأُ هَؤُلَاءِ الْآيَاتِ، ثُمَّ أَوْتَرَ - قَالَ عُثْمَانُ: بِثَلَاثِ رَكَعَاتٍ فَأَتَاهُ الْمُؤَذِّنُ، فَخَرَجَ إِلَى الصَّلَاةِ، وَقَالَ ابْنُ عِيسَى: ثُمَّ أَوْتَرَ، فَأَتَاهُ بِلَالٌ، فَآذَنَهُ بِالصَّلَاةِ حِينَ طَلَعَ الْفَجْرُ فَصَلَّى رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ، ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الصَّلَاةِ، ثُمَّ اتَّفَقَا - وَهُوَ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي لِسَانِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي سَمْعِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي بَصَرِي نُورًا، وَاجْعَلْ خَلْفِي نُورًا، وَأَمَامِي نُورًا، وَاجْعَلْ مِنْ فَوْقِي نُورًا، وَمِنْ تَحْتِي نُورًا اللَّهُمَّ، وَأَعْظِمْ لِي نُورًا».

ئیبن عەبباس ﷺ دەگێڕێتەوە: لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ ماوەتەوە و خەوتووە، جا بینیویەتی کەوا هەستاوەتەوە و سیواکی کردووە و دەستنوێژی شوشتووە و فەرموویەتی: «{إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ}»، هەتا کۆتایی سوورەتەکەی خوێندۆتەوە، پاشان هەستا و دوو ڕکات نوێژی کرد کە قورئانخوێندن و ڕکووع و سوجدەی تێدا درێژ کردەوە، پاشان وازی هێنا و خەوت بە جۆرێك پرخەی هات، پاشان سێ جار ئەوەی دووبارە کردۆتەوە بە شەش ڕکات، هەموو جارێك سیواکی دەکرد، پاشان دەستنوێژی دەگرتەوە و ئەو ئایەتانەی دەخوێندەوە، پاشان نوێژی ویتری کرد، - عوسمان گوتوویەتی: بە سێ ڕکات (ویتری) کردووە، ئەوجار بانگبێژەکە هاتە خزمەتی و چوو بۆ نوێژ، ئیبن عیسا گوتی: پاشان ویتری کرد، ئینجا بیلال هات ئاگاداری کرد بۆ نوێژی بەیانی، کاتێك کە بەرەبەیان دەرکەوت، ئینجا دوو ڕکاتی (پێش) نوێژی بەیانی کرد، پاشان چوو بۆ نوێژ، پاشان ڕاوییەکان یەکدەنگن کەوا - پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: «اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي لِسَانِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي سَمْعِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي بَصَرِي نُورًا، وَاجْعَلْ خَلْفِي نُورًا، وَأَمَامِي نُورًا، وَاجْعَلْ مِنْ فَوْقِي نُورًا، وَمِنْ تَحْتِي نُورًا اللَّهُمَّ، وَأَعْظِمْ لِي نُورًا، واتە: خوایە نوور بخەیتە دڵمەوە، نوور بخەیتە زمانم، هەروەها نوور بخەیتە گوێمەوە و نوور بخەیتە چاومەوە و دواوە و پێشەوەم و سەر و خوارووم ڕووناك بکەی، خوایە نووری گەورە و شیاوم پێ بدەیت».

٢١٩. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يُصَلِّي بِاللَّيْلِ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً بِرَكْعَتَيِ الْفَجْرِ.

عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ سێزدە ڕکات نوێژی دەکرد بە دوو ڕکاتەکەی پێش نوێژی بەیانییەوە.

بَابُ مَا يُؤْمَرُ بِهِ مِنَ الْقَصْدِ فِي الصَّلَاةِ

باسی فەرمانکردن بە هاوسەنگی لە نوێژدا (نە کورت نە درێژ)

٢٢٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «اكْلَفُوا مِنَ الْعَمَلِ مَا تُطِيقُونَ، فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَمَلُّ، حَتَّى تَمَلُّوا، وَإِنَّ أَحَبَّ الْعَمَلِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهُ، وَإِنْ قَلَّ»، وَكَانَ إِذَا عَمِلَ عَمَلًا أَثْبَتَهُ.

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بەئەندازەی تواناتان لە کار و کردەوە خۆتان ماندوو بکەن، چونکە لە ڕاستیدا خوا ڕووتان لێ وەرناگێڕێت هەتاکوو ئێوە بێزار و بێتاقەت دەبن (لە عیبادەت)، هەروەها خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوا ئەو کردەوەیە کە بەردەوام بێت، هەرچەند کەمیش بێت»، پێغەمبەر ﷺ هەر کاتێك کار و کردەوەیەکی دەکرد جێگیر و بەردەوامی دەکرد.

٢٢١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ بَعَثَ إِلَى عُثْمَانَ بْنِ مَظْعُونٍ، فَجَاءَهُ، فَقَالَ: «يَا عُثْمَانُ، أَرَغِبْتَ عَنْ سُنَّتِي»، قَالَ: لَا وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَلَكِنْ سُنَّتَكَ أَطْلُبُ، قَالَ: «فَإِنِّي أَنَامُ وَأُصَلِّي، وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأَنْكِحُ النِّسَاءَ، فَاتَّقِ اللَّهَ يَا عُثْمَانُ، فَإِنَّ لِأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِضَيْفِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَإِنَّ لِنَفْسِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، فَصُمْ وَأَفْطِرْ، وَصَلِّ وَنَمْ».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ ناردی بەدوای عوسمانی کوڕی مەزعوندا (کە برای شیری پێغەمبەری خوا ﷺ بوو)، هات بۆلای، فەرمووی: ئەی عوسمان، ئایا تۆ پشتت لە سوننەتی من کردووە»، گوتی: نەخێر سوێند بە خوا ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بەڵکوو من شوێن سوننەتی تۆ دەکەوم، فەرمووی: «من بەشێك لە شەو دەخەوم و بەشێکی نوێژ دەکەم، ڕۆژ هەیە بەڕۆژووم ڕۆژیش هەیە بەڕۆژوو نیم،

ژنیشم هێناوە، تۆش لە خوا بترسە ئەی عوسمان هاوسەرت مافی بەسەرتەوە هەیە، میوانت مافی بەسەرتەوە هەیە، وە نەفس و لاشەی خۆت مافی بەسەرتەوە هەیە، بۆیە هەندێك ڕۆژ بەڕۆژوو بە، هەندێك ڕۆژوویش بەڕۆژوو مەبە، هەندێك لە شەو بخەوە، هەندێکیشی نوێژ بکە».

بَابٌ فِي قِيَامِ شَهْرِ رَمَضَانَ

باسێك دەربارەی شەو زیندووکردنەوە لە مانگی ڕەمەزاندا

٢٢٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ ﷺ: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ، وَمَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ».

ئەبو هورەیرە ﷺ فەرموودەکە دەگەیەنێت بە پێغەمبەر ﷺ (ڕەفعی دەکات، کە فەرموویەتی): «هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت، بڕوای وا بێت کە فەڕزە لەلایەن خوای گەورەوە، چاوەڕێی پاداشت بێت لە خوا و نیەتی بۆ خوا بێت، لە گوناهەکانی پێشووی دەبووردرێت، هەر کەسێکیش لە شەوی قەدر شەونوێژ بکات بڕوای وا بێت کە سوننەتە و چاوەڕێی پاداشت بکات لە خوا، لە گوناهەکانی پێشووی دەبووردرێت».

٢٢٣. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ صَلَّى فِي الْمَسْجِدِ، فَصَلَّى بِصَلَاتِهِ نَاسٌ، ثُمَّ صَلَّى مِنَ الْقَابِلَةِ، فَكَثُرَ النَّاسُ، ثُمَّ اجْتَمَعُوا مِنَ اللَّيْلَةِ الثَّالِثَةِ، فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فَلَمَّا أَصْبَحَ، قَالَ: «قَدْ رَأَيْتُ الَّذِي صَنَعْتُمْ فَلَمْ يَمْنَعْنِي مِنَ الْخُرُوجِ إِلَيْكُمْ، إِلَّا أَنِّي خَشِيتُ أَنْ تُفْرَضَ عَلَيْكُمْ». وَذَلِكَ فِي رَمَضَانَ.

عائیشەی ﷺ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ (لە شەوی

ڕەمەزاندا) لە مزگەوتدا نوێژی کرد، کەسانێکیش لە دوایەوە نوێژیان کرد بەکۆمەڵ (واتە تەڕاویح)، بۆ شەوی دواتر دیسان نوێژی کرد، خەڵکی زیاتر (بیستیان) هاتن (بۆ مزگەوت تەڕاویحیان کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بەکۆمەڵ)، شەوی سێیەم خەڵکی کۆ بووەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ نەهاتە نێویان، جا کە بۆ نوێژی بەیانی هاتە نێویان، فەرمووی: «بینیم و ئاگادار بووم ئەوەی کە ئێوە کردتان، هیچ شتێك ڕێگریی لە من نەکرد کە بێمە نێوتان و پێشنوێژیتان بۆ بکەم تەنها ئەوە نەبێت کە ترسام نەك خوا فەڕزی بکات لەسەرتان (وەکوو ڕەحمەتێك بە ئوممەتەکەی)»، ئەمەش لە ڕەمەزاندا بووە.

بَابٌ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ

باسێك دەربارەی شەوی قەدر

٢٢٤. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْتَمِسُوهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ، فِي تَاسِعَةٍ تَبْقَى، وَفِي سَابِعَةٍ تَبْقَى، وَفِي خَامِسَةٍ تَبْقَى».

ئیبن عەبباس رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمووی: «ئێوە بەدوای شەوی قەدردا بگەڕێن لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان، نۆ ڕۆژی بمێنێت و حەوتی بمێنێت و پێنجی بمێنێت».

أَبْوَابُ قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ وَتَحْزِيبِهِ وَتَرْتِيلِهِ

باسەکانی بەشبەشکردنی قورئان و بە تەرتیل خوێندنەوەی قورئان

بَابٌ فِي كَمْ يُقْرَأُ الْقُرْآنُ

باسێك دەربارەی ئەوەی کە لە چەند ڕۆژدا قورئان بخوێندرێت

٢٢٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لَهُ: «اقْرَإِ الْقُرْآنَ فِي شَهْرٍ»، قَالَ: إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً، قَالَ: «اقْرَأْ فِي عِشْرِينَ»، قَالَ: إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً، قَالَ: «اقْرَأْ فِي خَمْسَ عَشْرَةَ»، قَالَ: إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً، قَالَ: «اقْرَأْ فِي عَشْرٍ»، قَالَ: إِنِّي أَجِدُ قُوَّةً، قَالَ: «اقْرَأْ فِي سَبْعٍ، وَلَا تَزِيدَنَّ عَلَى ذَلِكَ».

عەبدوڵلای کوڕی عەمر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە: «بەردەوام مانگی جارێك قورئان خەتم بکە»، گوتی: من توانام لەوە زیاترە (دەتوانم زیاتر بخوێنم)، فەرمووی: «لە بیست ڕۆژدا بیخوێنە (و خەتم بکە)»، گوتی: من توانام لەوە زیاترە، فەرمووی: «لە پازدە ڕۆژدا بیخوێنە (و خەتم بکە)»، گوتی: من توانام لەوە زیاترە، فەرمووی: «لە دە ڕۆژدا بیخوێنە (و خەتم بکە)»، گوتی: من توانام لەوە زیاترە، فەرمووی: «لە حەوت ڕۆژدا بیخوێنە (و خەتم بکە)، لەوە زیاتر نا».

٢٢٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «صُمْ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، وَاقْرَإِ الْقُرْآنَ فِي شَهْرٍ»، فَنَاقَصَنِي وَنَاقَصْتُهُ، فَقَالَ «صُمْ يَوْمًا، وَأَفْطِرْ يَوْمًا»، قَالَ عَطَاءٌ: وَاخْتَلَفْنَا عَنْ أَبِي، فَقَالَ بَعْضُنَا: سَبْعَةَ أَيَّامٍ، وَقَالَ بَعْضُنَا: خَمْسًا

عەبدوڵلای کوڕی عەمر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: «لە هەموو مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە، قورئانیش (بەتەواوی) بخوێنە لە مانگێکدا»،

ئیدی من هەر داوام کرد و پێم کەم بوو، ئەویش (کاتەکەی) بۆ کەم کردمەوە و فەرمووی: «ڕۆژێك بەڕۆژوو بە و ڕۆژێك بەڕۆژوو مەبە»، عەتاء دەڵێت: لەگەڵ بابم جیاواز بووین یەکێکمان دەیگوت: (بۆ قورئانخوێندنەکە بۆی کرد بە) حەوت ڕۆژ، یەکێکیشمان دەیگوت: پێنج ڕۆژ.

٢٢٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ يَعْنِي ابْنَ عَمْرٍو ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَفْقَهُ مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ فِي أَقَلَّ مِنْ ثَلَاثٍ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك قورئان خەتم بکات لە کەمتر لە سێ ڕۆژ، ئەوا لێی تێناگات».

٢٢٨. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ: سَأَلْتُ أَبَا مَسْعُودٍ ﷺ وَهُوَ يَطُوفُ بِالْبَيْتِ، فَقَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ قَرَأَ الْآيَتَيْنِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ».

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی یەزید دەڵێت: پرسیارم کرد لە ئەبو مەسعوود ﷺ تەوافی بەدەوری کەعبەدا دەکرد، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «هەر کەسێك دوو ئایەتی کۆتایی سووڕەتی بەقەڕە لە شەودا بخوێنێت (پێش خەوتن) ئەوە بەسیەتی».

بَابُ تَفْرِيعِ أَبْوَابِ السُّجُودِ، وَكَمْ سَجْدَةً فِي الْقُرْآنِ

باسی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە سوجدەوە هەیە و
چەند سوجدەی قورئانخوێندن هەیە لە قورئاندا

بَابُ مَا يَقُولُ إِذَا سَجَدَ

باسی ئەوەی دەگوترێت لە سوجدەدا

٢٢٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ فِي سُجُودِ الْقُرْآنِ بِاللَّيْلِ، يَقُولُ فِي السَّجْدَةِ مِرَارًا: «سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ».

عائیشه ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە کڕنووشی قورئانخوێندندا بە شەو چەند جارێك دەیفەرموو: «(سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ)، واتە: ڕووم کڕنووشی برد بۆ ئەو خوایەی کە دروستی کردووە و هەستەوەری بیستن و بینینی پێ بەخشیوە بەهێز و توانای خۆی».

بَابُ تَفْرِيعِ أَبْوَابِ الْوِتْرِ

باسی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ویترەوە هەیە

بَابُ اسْتِحْبَابِ الْوِتْرِ

باسی بەڵگەی ئەوە کە ویتر سونەتە

٢٣٠. عَنْ عَلِيٍّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَا أَهْلَ الْقُرْآنِ، أَوْتِرُوا، فَإِنَّ اللَّهَ وِتْرٌ، يُحِبُّ الْوِتْرَ».

عەلی ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەی ئەهلی قورئان ویتر بکەن، لەبەر ئەوەی خوا تاکە و تاکی خۆش دەوێت».

بَابُ الْقُنُوتِ فِي الْوِتْرِ

باسی قونووت خوێندن لە ویتردا

٢٣١. عَنِ الْحَسَنِ بْنِ عَلِيٍّ ﷺ: عَلَّمَنِي رَسُولُ ﷺ كَلِمَاتٍ أَقُولُهُنَّ فِي الْوِتْرِ، - قَالَ ابْنُ جَوَّاسٍ: فِي قُنُوتِ الْوِتْرِ: - «اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ، وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ، وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ، وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ، وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ، إِنَّكَ تَقْضِي وَلَا يُقْضَى عَلَيْكَ، وَإِنَّهُ لَا يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ، وَلَا يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ، تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ».

حەسەنی کوڕی عەلی ﷺ (دەڵێت): پێغەمبەری خوا ﷺ چەند وشەیەکی فێر کردم لە ویتردا بیانخوێنم، -ئیبن جەوواس دەڵێت: لە قونووتی ویتردا- (فێری کردووم بڵێم): «خوایە هیدایەتم بدەی لەنێو ئەو کەسانەی کە هیدایەتت داون، وە بمپارێزیت لە هەموو هەوا و ئارەزوو و ڕەوشت و بەڵایەك لە کۆی ئەو کەسانەی کە پاراستوونت، خوایە خۆت سەرپەرشتیاری کاروبارم بکەی لەنێو ئەو کەسانەی کە خۆت سەرپەرشتیاری کاروباریان دەکەیت و نایدەیتە دەست خۆیان، لە هەر شتێك کە پێت بەخشیوم بەرەکەتی تێ بکەیت، خوایە بمپارێزە لەخراپەی هەر شتێك کە تۆ بڕیارت داوە، هەر تۆ بڕیار دەدەی کەس نییە بڕیار بەسەر تۆدا بدات، هەر کەسێك تۆ سەرپەرشتی بکەیت و خۆشت بوێت کەس ناتوانێت زەلیلی بکات، هەر کەسێك تۆ دژایەتی بکەیت کەس ناتوانێت بەهێز و باڵادەستی بکات، خێر و بەرەکەتی تۆ لە دونیا و قیامەت گەلێك زۆرە و بەرز و بڵندی لە ناو و سیفەت و کردەوەکانتدا».

بَابٌ فِي وَقْتِ الْوِتْرِ

باسێك دەربارەی کاتی ویتر

٢٣٢. عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: قُلْتُ لِعَائِشَةَ ﵂: مَتَى كَانَ يُوتِرُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ؟ قَالَتْ: كُلَّ ذَلِكَ قَدْ فَعَلَ، أَوْتَرَ أَوَّلَ اللَّيْلِ، وَوَسَطَهُ، وَآخِرَهُ، وَلَكِنِ انْتَهَى وِتْرُهُ حِينَ مَاتَ إِلَى السَّحَرِ.

مەسڕووق دەڵێت: بە عائیشەم ﵂ گوت: پێغەمبەری خوا ﷺ کەی ویترەکەی دەکرد؟ گوتی: بە هەموو شێوازێك و لە هەموو کاتێکدا کردوویەتی، جاری وا بووە لە سەرەتای شەودا کردوویەتی، وە جاری وا هەبووە لە نێوەڕاستی شەودا، وە جاری وا هەبووە لە کۆتایی شەودا، بەڵام لە کۆتایی تەمەنیدا زیاتر ویترەکەی دەگەیشتە کاتی بەرەبەیان (لە کۆتایی شەودا دەیکرد).

٢٣٣. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «اجْعَلُوا آخِرَ صَلَاتِكُمْ بِاللَّيْلِ وِتْرًا».

ئیبن عومەر ﵄ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «با دوا نوێژتان لە شەودا ویتر بێت».

٢٣٤. عَنِ الْبَرَاءِ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْنُتُ فِي صَلَاةِ الصُّبْحِ، زَادَ ابْنُ مُعَاذٍ: وَصَلَاةِ الْمَغْرِبِ.

بەڕاء ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ لە نوێژی بەیانیدا قونووتی دەخوێند، ئیبن موعاز ئەمەی زیاد کردووە: وە لە نوێژی مەغریبیشدا.

بَابُ الْحَثِّ عَلَى قِيَامِ اللَّيْلِ

باسی هاندان بۆ شەونوێژ

٢٣٥. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، وَأَبِي هُرَيْرَةَ ﵄ قَالَا: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنِ اسْتَيْقَظَ مِنَ اللَّيْلِ وَأَيْقَظَ امْرَأَتَهُ، فَصَلَّيَا رَكْعَتَيْنِ جَمِيعًا، كُتِبَا مِنَ الذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا، وَالذَّاكِرَاتِ».

ئەبو سەعیدی خودری و ئەبو هوڕەیرە ﵄ دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك بە شەو هەڵسێت و خێزانەکەشی هەڵسێنێت دوو ڕکات نوێژ بەیەکەوە بکەن، ئەوە ناونووس دەکرێن لەو ژن و پیاوانەی کە زۆر زیکری خوا دەکەن».

بَابٌ فِي ثَوَابِ قِرَاءَةِ الْقُرْآنِ

باسێك دەربارەی پاداشتی قورئانخوێندن

٢٣٦. عَنْ عُثْمَانَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ».

عوسمان ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «باشترینتان ئەو کەسەیە کە خۆی فێری قورئان ببێت و خەڵکیش فێری قورئان بکات».

٢٣٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ تَعَالَى، يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ، إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ، وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ، وَحَفَّتْهُمُ الْمَلَائِكَةُ، وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هیچ کۆمەڵە کەسانێك نین لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوای بەرزدا دابنیشن، کتێبەکەی خوا

بخوێننەوەو دیراسەی بکەن و شی بکەنەوە و لێکی بدەنەوە، مسۆگەر هێمنی و ئارامی و ڕەحمەت دادەبەزێتە سەریان، وە ڕەحمەتی خوا دایاندەپۆشێت، فریشتەکان (فریشتەی ڕەحمەت) دەوریان دەگرن، وە خوا لەلای فریشتە بەڕێزەکان باسیان دەکات (واتە: سەنا و ستاییشیان دەکات)».

بَابُ فَاتِحَةِ الْكِتَابِ

باسی سوورەتی فاتیحە

٢٣٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، أُمُّ الْقُرْآنِ، وَأُمُّ الْكِتَابِ، وَالسَّبْعُ الْمَثَانِي».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «(الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)، بنچینەی هەموو ئایەتەکانی قورئانە، گەورەی هەموو پەرتووکەکەیە و ژمارەی ئایەتەکانی حەوتە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي آيَةِ الْكُرْسِيِّ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئایەتی کورسی

٢٣٩. عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ ﷺ: «أَبَا الْمُنْذِرِ، أَيُّ آيَةٍ مَعَكَ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ أَعْظَمُ؟»، قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «أَبَا الْمُنْذِرِ، أَيُّ آيَةٍ مَعَكَ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ أَعْظَمُ؟»، قَالَ: قُلْتُ: {اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ} البقرة: ٢٥٥. قَالَ: فَضَرَبَ فِي صَدْرِي، وَقَالَ: «لِيَهْنِ لَكَ يَا أَبَا الْمُنْذِرِ الْعِلْمُ».

ئوبەی کوڕی کەعب ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەی باوکی

مونزیر، چ ئایەتێکت لەبەرە یان لەلایە لە کتێبی خوا کە گەورەترین ئایەت بێت (واتە: خوێندنی پاداشتی زیاتر بێت)؟»، دەڵێت: گوتم: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: «ئەی باوکی مونزیر، چ ئایەتێکت لەلایە گەورەترین ئایەت بێت لە کتێبی خوای گەورە؟»، دەڵێت: گوتم: {اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ}، دەستی دا بە سینگمدا و فەرمووی: «زانست و زانیاری دەست تۆ بکەوێت بەئاسانی و بەبێ ماندووبوون ئەی باوکی مونزیر».

بَابٌ فِي سُورَةِ الصَّمَدِ

باسێك دەربارەی پێگەی سوورەتی ئیخلاص

٢٤٠. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ: أَنَّ رَجُلًا سَمِعَ رَجُلًا يَقْرَأُ: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ يُرَدِّدُهَا، فَلَمَّا أَصْبَحَ جَاءَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَذَكَرَ لَهُ، وَكَأَنَّ الرَّجُلَ يَتَقَالُّهَا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنَّهَا لَتَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ».

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك گوێی لە پیاوێکی دیکە بوو سوورەتی ئیخلاصی دەخوێند و دووبارەی دەکردەوە، بەیانی کردەوە پیاوەکە هات بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی باس کرد، گوتی: پیاوێك هەر سوورەتی ئیخلاصی دەخوێند و دووبارەی دەکردەوە، وەکوو ئەوەی ئەو بەکەمی بزانێت، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە، سوورەتی ئیخلاص (پاداشتەکەی) بەرانبەرە بە سێیەکی قورئان».

٢٤١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ ﷺ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ وَهُوَ عَلَى نَاقَةٍ يَقْرَأُ بِسُورَةِ الْفَتْحِ، وَهُوَ يُرَجِّعُ.

عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی لە ڕۆژی

فەتحی مەككەدا، لەسەر حوشترەكەی بوو، سوورەتی فەتحی دەخوێند و تەڕجیعی دەكرد (واتە: بە دەنگی خۆش و تەرتیلەوە دەیخوێند).

٢٤٢. عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «زَيِّنُوا الْقُرْآنَ بِأَصْوَاتِكُمْ».

بەڕائی كوڕی عازیب ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «قوڕئان جوانتر بكەن بە دەنگتان (بە دەنگی خۆشتان و بە تەجویدەكەی)».

٢٤٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَا أَذِنَ اللَّهُ لِشَيْءٍ، مَا أَذِنَ لِنَبِيٍّ حَسَنِ الصَّوْتِ يَتَغَنَّى بِالْقُرْآنِ، يَجْهَرُ بِهِ».

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوای پەروەردگار گوێبیستی بۆ هیچ شتێك نەكردووە وەك گوێبیستی بۆ پێغەمبەرێكی دەنگخۆش لە كاتێكدا كە قوڕئان دەخوێنێت و دەنگی پێی بەرز دەكاتەوە».

بَابُ الدُّعَاءِ

باسی دوعا و پاڕانەوە

٢٤٤. عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ، {قَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ} غافر: ٦٠».

نوعمانی كوڕی بەشیر ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «پاڕانەوە بریتییە لە عیبادەت، خوا فەرموویەتی: {قَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ}، داوام لێ بكەن و لێم بپاڕێنەوە منیش وەڵامتان دەدەمەوە».

٢٤٥. أَنَّ فَضَالَةَ بْنَ عُبَيْدٍ ﷺ صَاحِبَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: سَمِعَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ

رَجُلًا يَدْعُو فِي صَلَاتِهِ لَمْ يُمَجِّدِ اللَّهَ تَعَالَى، وَلَمْ يُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «عَجِلَ هَذَا»، ثُمَّ دَعَاهُ فَقَالَ لَهُ - أَوْ لِغَيْرِهِ -: «إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ، فَلْيَبْدَأْ بِتَمْجِيدِ رَبِّهِ جَلَّ وَعَزَّ، وَالثَّنَاءِ عَلَيْهِ، ثُمَّ يُصَلِّي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، ثُمَّ يَدْعُو بَعْدُ بِمَا شَاءَ».

فەزاڵەی کوڕی عوبەید ﵁ هاوەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لێ بوو پیاوێك لە کۆتایی (یان لەدوای) نوێژەکەیدا دوعای دەکرد، بەڵام حەمد و سەنا و ستاییشی خوای بەرزی نەکرد و صەڵاواتی لەسەر پێغەمبەر ﷺ نەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەمە پەلەی کرد»، پاشان بانگی کرد پێی فەرموو، -یان بە جگە لە ئەوی فەرموو-: «ئەگەر یەکێکتان نوێژی کرد، با حەمد و سەنا و ستاییشی خوا بکات، پاشان صەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر ﷺ، پاشان چ دوعایەك ویستی لێ بوو با بیکات و بپاڕێتەوە (ئاوا زیاتر نزاکە گیرا دەبێت)».

٢٤٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «يُسْتَجَابُ لِأَحَدِكُمْ مَا لَمْ يَعْجَلْ، فَيَقُولُ: قَدْ دَعَوْتُ، فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِي».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دوعای هەر یەکێك لە ئێوە وەڵام دەدرێتەوە مادام پەلە نەکات، (پەلەکردنیش ئەوەیە کە یەکێك دەڵێت: دوعام کرد و وەڵام نەدرامەوە)».

٢٤٧. عَنْ سَلْمَانَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ رَبَّكُمْ ﷻ حَيِيٌّ كَرِيمٌ، يَسْتَحْيِي مِنْ عَبْدِهِ إِذَا رَفَعَ يَدَيْهِ إِلَيْهِ، أَنْ يَرُدَّهُمَا صِفْرًا».

سەلمانی فارسی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بێگومان پەروەردگارتان ﷻ بەشەرمە (وەك چۆن کەسێك شەرم بکات و نەتوانێت نەبەخشێت کاتێك داوای لێ دەکەن)، بەڕێزیشە (ڕێز لە بەندەی خۆی دەگرێت و پێی دەبەخشێت)، پێیناخۆشە ئەگەر بەندەیەکی دەستەکانی بۆ لای بەرز بکاتەوە و

لێی بپاڕێتەوە ڕەتی بکاتەوە بە بەتاڵی».

٢٤٨. عن عَبْد اللَّهِ بْن بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ سَمِعَ رَجُلًا يَقُولُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ أَنِّي أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، الْأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِي لَمْ يَلِدْ، وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ، فَقَالَ: «لَقَدْ سَأَلْتَ اللَّهَ بِالِاسْمِ الَّذِي إِذَا سُئِلَ بِهِ أَعْطَى، وَإِذَا دُعِيَ بِهِ أَجَابَ».

عەبدوڵڵای کوڕی بوڕەیدە، لە باوکییەوە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لە پیاوێك بوو دەیگوت: خوایە من داوا لە تۆ دەکەم، من شایەتی دەدەم کە تۆ تاك و تەنهای، بێهاوتای، بەتەنها شایەنی پەرستنی، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە تۆ، تاك و تەنهایت و هەموو کەس پێویستی بە تۆیە، تۆ پێویستت بە کەس نییە، کەست لێ نەبووە، لە کەس نەبوویت و هیچ کەسێك هاوشێوەی تۆ نییە، (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: «بەدڵنیایی داوات لە خوا کرد بەو ناوەی کە ئەگەر داوای پێ بکرێت دەیبەخشێت، دوعای پێ بکرێت وەڵامی دەداتەوە».

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا سَلَّمَ

باسی ئەوەی کە دەگوترێت دوای سەلامدانەوە

٢٤٩. عَنْ أَبِي الزُّبَيْرِ قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الزُّبَيْرِ ﵁ عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا انْصَرَفَ مِنَ الصَّلَاةِ، يَقُولُ: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ، وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ، أَهْلُ النِّعْمَةِ وَالْفَضْلِ وَالثَّنَاءِ الْحَسَنِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ، وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ».

ئەبو زوبەیر دەڵێت: گوێم لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ﵁ بوو لەسەر مینبەر دەیگوت:

پێغەمبەر ﷺ لە نوێژ تەواو بووایە دەیفەرموو: «(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ، وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ، أَهْلُ النِّعْمَةِ وَالْفَضْلِ وَالثَّنَاءِ الْحَسَنِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ، وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ)، واتە: هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە خوا، تاك و تەنهایە و هیچ هاوبەشێکی نییە، هەموو موڵك و ستاییشێك هەر بۆ ئەوە، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە جگە لە خوا، بەدڵسۆزییەوە پەرستش و عیبادەت و دینداری بۆ دەکەین، با بێبڕوایانیش پێیانناخۆش بێت، هەر خوا خاوەنی هەموو نیعمەتەکانە، ئەو دەبەخشێت، ئەو ئەهلی فەزڵ و چاکە و مەدح و سەنا و ستاییشی چاکە، بەدڵسۆزییەوە پەرستش و عیبادەت و دینداری بۆ دەکەین، با بێبڕوایانیش پێیانناخۆش بێت».

٢٥٠. **عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ ﵁ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا سَلَّمَ مِنَ الصَّلَاةِ، قَالَ:** «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ، وَمَا أَسْرَفْتُ وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ».

عەلی کوڕی ئەبو تالیب ﵁ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر سەلامی بدایاتەوە لە نوێژ دەیفەرموو: «خوایە لێم خۆش بە، لە هەموو ئەو گوناهانەی کە پێشتر کردوومە، لەوانەش کە دوام خستووە یان کەمتەرخەمییەکم هەبووە، لەوەی کە بەنهێنی کردوومە و ئەوەی کە بەئاشکرا کردوومە، ئەوەش کە زێدەڕۆییم کردووە، ئەوەی کە تۆ خۆت زاناتر و شارەزاتری پێی لە من، خوایە تۆ هەر کەسێك پێش بخەیت بە ویستی خۆت پێشی دەخەیت و هەر کەسێکیش دوا بخەی بە ویستی خۆت دوای دەخەیت، هیچ پەرستراوێکی بەهەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە تۆ».

٢٥١. **عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَدْعُو:** «رَبِّ أَعِنِّي وَلَا تُعِنْ عَلَيَّ، وَانْصُرْنِي وَلَا تَنْصُرْ عَلَيَّ، وَامْكُرْ لِي وَلَا تَمْكُرْ عَلَيَّ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرْ هُدَايَ إِلَيَّ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ، اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي لَكَ شَاكِرًا، لَكَ ذَاكِرًا، لَكَ رَاهِبًا، لَكَ

مِطْوَاعًا إِلَيْكَ، مُخْبِتًا، أَوْ مُنِيبًا، رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي، وَأَجِبْ دَعْوَتِي، وَثَبِّتْ حُجَّتِي، وَاهْدِ قَلْبِي، وَسَدِّدْ لِسَانِي، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ دوعای دەکرد: «خوایە یارمەتیم بدە و سەرکەوتووم بکە، یارمەتی کەس مەدە بەسەر مندا (زاڵ بێت)، بەسەر بێبڕوایان زاڵم بکە، ئەوان بەسەر مندا زاڵ مەکە، نەخشە و پلان بۆ من بکە دژی وان، بۆ ئەوان دژی من مەیکە، ڕێنموویم بکە و ڕێنموویشم بۆ ئاسان بکە، خوایە هەر کەسێك ستەمی لێ کردووم بەسەریدا سەرم بخە، خوایە وام لێ بکە هەموو کات سوپاسگوزارت بم، هەموو کات زیکری تۆ بکەم، لە تۆ بترسێم لە نهێنی و ئاشکرادا، زۆر گوێڕایەڵی تۆ بم، خشوع و تەوازوعم بۆ تۆ هەبێت، بۆلای تۆ بگەڕێمەوە، خوایە تەوبەم لێ وەربگرە، خوایە گوناهم بشۆرەوە، وەڵامم بدەرەوە، بەڵگەم جێگیر بکە، هیدایەتی دڵم بدە، زمانم ڕێك و ڕاست بکە (بە گوتنی هەق)، ئەو نەخۆشییانەی لە دڵمدا هەیە خوایە هەمووی دەربکە».

بَابٌ فِي الِاسْتِغْفَارِ

باسێك دەربارەی داوای لێخۆشبوون کردن

٢٥٢. **عَنِ الْأَغَرِّ الْمُزَنِيِّ ﷺ - وَكَانَتْ لَهُ صُحْبَةٌ - قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ:** «إِنَّهُ لَيُغَانُ عَلَى قَلْبِي، وَإِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللهَ فِي كُلِّ يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ».

ئەغەرری موزەنی ﷺ -کە لە هاوەڵان بووە- دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «جاری وایە منیش حاڵەتێکم بۆ دروست دەبێت کە تێبکەوم ئەوەی کە بەسەر مرۆڤدا دێت دڵم بێ ئاگا بێت، هەموو ڕۆژێك من سەد جار داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم».

٢٥٣. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: إِنْ كُنَّا لَنَعُدُّ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي الْمَجْلِسِ الْوَاحِدِ مِائَةَ مَرَّةٍ: «رَبِّ اغْفِرْ لِي، وَتُبْ عَلَيَّ، إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ».

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: ئێمە لە یەك كۆڕ و مەجلیسدا سەد جار دەمانژمارد پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم زیكرەی دەكرد: «(رَبِّ اغْفِرْ لِي، وَتُبْ عَلَيَّ، إِنَّكَ أَنْتَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ)، واتە: خوایە لێم خۆش بە و تەوبەم لێ وەربگرە، بەڕاستی تۆ زۆر تەوبەوەرگر و زۆر بەبەزەییت».

٢٥٤. عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ صُهَيْبٍ قَالَ: سَأَلَ قَتَادَةُ، أَنَسًا ﵁ أَيُّ دَعْوَةٍ كَانَ يَدْعُو بِهَا رَسُولُ ﷺ أَكْثَرُ، قَالَ: كَانَ أَكْثَرُ دَعْوَةٍ يَدْعُو بِهَا: «اللَّهُمَّ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ».

عەبدولعەزیزی كوڕی صوهەیب دەڵێت: قەتادە پرسیاری كرد لە ئەنەس ﵁: پێغەمبەر ﷺ چ دوعایەكی زۆر دەكرد؟ گوتی: زۆرترین دوعای ئەوەبوو: «(اللَّهُمَّ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّار)، واتە: خوایە لە دونیادا چاكەمان پێ ببەخشە، (لە هەموو ناز و نیعمەت و هەموو شتێك كە چاك بێت)، لە قیامەتیشدا چاكەمان پێ ببەخشە (لەدوای مردن)، لە سزای ئاگری دۆزەخیش بمانپارێزە».

٢٥٥. عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ ﷺ أَخَذَ بِيَدِهِ، وَقَالَ: «يَا مُعَاذُ، وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ، وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ»، فَقَالَ: «أُوصِيكَ يَا مُعَاذُ لَا تَدَعَنَّ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ تَقُولُ: اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ، وَشُكْرِكَ، وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ».

موعازی كوڕی جەبەل ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی گرت (وەكوو خۆشویستنێك) و فەرمووی: «ئەی موعاز! سوێند بە خوا خۆشم دەوێیت، سوێند بە خوا خۆشم دەوێیت»، پاشان فەرمووی: «ئەی موعاز وەسییەتت بۆ دەكەم واز نەهێنیت لەم پاڕانەوەیە، لەدوای هەموو نوێژێک، بڵێ: خوایە یارمەتیم بدە لەسەر یادكردن و سوپاسگوزاریكردن و باش پەرستنت».

٢٥٦. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﵁ قَالَ: أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ أَقْرَأَ بِالْمُعَوِّذَاتِ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ.

عوقبەی کوڕی عامیر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردم لەدوای هەموو نوێژە (فەڕزە)کان سووڕەتی (الناس) و سووڕەتی (الفلق) بخوێنم.

٢٥٧. عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ قَالَ: رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك بڵێت: ڕازیم بە پەروەردگارییەتی (الله)، بە ئایینی ئیسلام، بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد، ئەوە بەهەشتی بۆ پێویست دەبێت».

٢٥٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ عَشْرًا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك یەك صەڵاوات لەسەر من بدات، خوای گەورە دە جار صەڵاوات لەسەر ئەو کەسە دەدات».

تێبینی:

صەڵاوات لەلایەن خواوە، واتە: ڕەحمەت و سۆز و بەزەیی و بەخشندەیی.

بَابُ النَّهْيِ عَنْ أَنْ يَدْعُوَ الْإِنْسَانُ عَلَى أَهْلِهِ وَمَالِهِ

باسی ناپەسندی دوعاکردنی خراپ لە منداڵ و ماڵ و سامانی خۆت

٢٥٩. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ،

وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَوْلَادِكُمْ، وَلَا تَدْعُوا عَلَى خَدَمِكُمْ، وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ، لَا تُوَافِقُوا مِنَ اللَّهِ ﷻ سَاعَةَ نَيْلٍ فِيهَا عَطَاءٌ، فَيَسْتَجِيبَ لَكُمْ».

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دوعا لە خۆتان مەکەن، دوعا لە منداڵەکانتان مەکەن، دوعا لە خزمەتکارتان مەکەن، دوعا لە ماڵ و سەروەت و سامانتان مەکەن (بە لەناوچوون)، نەوەکوو ئەو کاتەی کە تۆ دوعا دەکەیت بکەوێتە ئەو کاتەی کە خوا ﷻ دوعای تێدا وەردەگرێت».

بَابُ الصَّلَاةِ عَلَى غَيْرِ النَّبِيِّ ﷺ

باسی صەڵاواتدان لەسەر غەیری پێغەمبەر ﷺ (ئایا دروستە یان نا؟)

٢٦٠. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ: أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ لِلنَّبِيِّ ﷺ: صَلِّ عَلَيَّ وَعَلَى زَوْجِي، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «صَلَّى اللَّهُ عَلَيْكِ وَعَلَى زَوْجِكِ».

جابری کوڕی عەبدوڵلا ﷺ دەگێڕێتەوە: ئافرەتێك گوتی: ئەی پێغەمبەر ﷺ صەڵاوات لەسەر خۆم و لەسەر مێردەکەم بدە (صەڵاوات: واتە: دوعای خێر)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «خوا صەڵاوات لەسەر خۆت و لەسەر مێردەکەشت بدات».

بَابُ الدُّعَاءِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ

باسی دوعا کردن بەنهێنی بۆ موسوڵمان

٢٦١. عن أُمِّ الدَّرْدَاءِ، قَالَتْ: حَدَّثَنِي سَيِّدِي أَبُو الدَّرْدَاءِ ﷺ أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِذَا دَعَا الرَّجُلُ لِأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ، قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ: آمِينَ، وَلَكَ بِمِثْلٍ».

ئوم دەرداء دەڵێت: گەورەم ئەبو دەرداء (ی هاوسەرم) ﷻ بۆی گێڕامەوە: گوێی لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «کاتێك کە کەسێك دوعا بۆ برایەکی موسوڵمانی بکات بەنهێنی، ئەوە فریشتەکان دەڵێن: ئامین، ئەو دوعایەی بۆ ئەوت کردووە هاوشێوەی ئەوە بۆ خۆشت».

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا خَافَ قَوْمًا

باسی کەسێك کە لە کەسانێك بترسێت چی دەڵێت؟

٢٦٢. عَنْ أَبِي بُرْدَةَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷻ: أَنَّ أَبَاهُ حَدَّثَهُ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا خَافَ قَوْمًا، قَالَ: «اللَّهُمَّ إِنَّا نَجْعَلُكَ فِي نُحُورِهِمْ، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شُرُورِهِمْ».

ئەبو بوردەی کوڕی عەبدوڵلا ﷻ دەگێڕێتەوە: باوکی بۆی گێڕاوەتەوە: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر لە کەسانێك بترسایە دەیفەرموو: «خوایە ئێمە دەتکەین بەگژیاندا (لەبەر ئەوەی ئەوان بە گەردەنیان ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە)، پەنا بە تۆ دەگرین لە شەڕ و خراپەیان (لە شەڕ و خراپەیان بمانپارێزە، تۆ خۆت وەڵامیان بدەیتەوە و لەناویان بەریت)».

بَابٌ فِي الِاسْتِعَاذَةِ

باسێك دەربارەی پەناگرتن

٢٦٣. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷻ يَقُولُ: كَانَ رَسُولُ ﷺ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْجُبْنِ وَالْبُخْلِ، وَالْهَرَمِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷻ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «خوایە پەنا بە

تۆ دەگرم لە بێدەسەڵاتی و تەمبەڵی و ترسنۆکی و ڕەزیلی و ئەوپەڕی تەمەن پیری (کە مرۆڤ عەقڵی لەدەست بدات وەکوو منداڵی لێ بێت)، خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە سزای نێو گۆڕ، پەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنەی ژیان و مردن».

٢٦٤. عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ رَسُولَ ﷺ كَانَ يُعَلِّمُهُمْ هَذَا الدُّعَاءَ كَمَا يُعَلِّمُهُمُ السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ، يَقُولُ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فێری ئەم دوعایانەی دەکردن، هەر وەکوو چۆن فێری سوورەتێکی قورئانی دەکردن، دەیفەرموو: «خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە سزای دۆزەخ، پەنا بە تۆ دەگرم لە سزای نێو گۆڕ، پەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنەی مەسیحی دەججال (ئەگەر پێی بگەم)، پەنا بە تۆ دەگرم لە فیتنەی ژیان و مردن».

٢٦٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ يَقُولُ: كَانَ رَسُولُ ﷺ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْأَرْبَعِ، مِنْ عِلْمٍ لَا يَنْفَعُ، وَمِنْ قَلْبٍ لَا يَخْشَعُ، وَمِنْ نَفْسٍ لَا تَشْبَعُ، وَمِنْ دُعَاءٍ لَا يُسْمَعُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە چوار شت، لە زانستێك كە سوودی نەبێت، لە دڵێك كە ترسی تۆی تێدا نەبێت، لە نەفسێك كە تێر نەبێت، لە دوعایەك كە نەبیسترێت (وەڵامی نەدەیتەوە)».

٢٦٦. قَالَ أَبُو الْمُعْتَمِرِ: أُرَى أَنَّ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ ﵁ حَدَّثَنَا: أَنَّ رَسُولَ ﷺ كَانَ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ صَلَاةٍ لَا تَنْفَعُ».

ئەبو موعتەمیر دەڵێت: پێم وایە ئەنەسی كوڕی مالیك ﵁ بوو بۆی گێڕاینەوە:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە هەر نوێژێك كە سوودی (عیبادەتی) نەبێت».

٢٦٧. عَنْ فَرْوَةَ بْنِ نَوْفَلٍ الْأَشْجَعِيِّ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ رضي الله عنها، عَمَّا كَانَ رَسُولُ ﷺ يَدْعُو بِهِ، قَالَتْ: كَانَ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا عَمِلْتُ، وَمِنْ شَرِّ مَا لَمْ أَعْمَلْ».

فەڕوەی كوڕی نەوفەلی ئەشجەعی دەڵێت: پرسیارم كرد لە عائیشەی دایكی بڕواداران رضي الله عنها كە پێغەمبەری خوا ﷺ چ دوعایەكی دەكرد، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم دوعایەی دەكرد: «خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە خراپەی هەر كردەوەیەك كە كردبێتم (لێم خۆش بیت)، لە خراپەی هەر كردەوەیەك كە نەمكردبێت بمپارێزیت (لە داهاتوو)».

٢٦٨. عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَرَصِ، وَالْجُنُونِ، وَالْجُذَامِ، وَمِنْ سَيِّئِ الْأَسْقَامِ».

ئەنەس رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: «خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە بەڵەكی و شێتی و گەڕوگولی، پەنا بە تۆ دەگرم لە هەموو نەخۆشییەكی خراپ».

كِتَابُ الزَّكَاةِ

پەرتووكی زەكات

بَابُ مَا تَجِبُ فِيهِ الزَّكَاةُ

باسی ئەو شتانەی زەكاتیان تێدا واجبە

٢٦٩. عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ ﵁ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَةٌ، وَلَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ صَدَقَةٌ».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر لە پێنج حوشتر كەمتر بوو زەكاتی تێدا نییە (ئەگەر پێنج بوو زەكاتەكەی یەك مەڕە)، ئەگەر كەسێك لە پێنج ئۆقیە كەمتر زیوی هەبوو زەكاتی تێدا نییە (پێنج ئۆقیە دەكاتە چل درهەم، چل جاران پێنج دەكاتە دوو سەد درهەم، ئەگەر كەسێك دوو سەد مسقاڵ زیوی هەبێت، پێویستە زەكاتی بدات)، ئەگەر كەسێك لە دانەوێڵەدا پێنج وەسەق كەمتری هەبوو زەكاتی تێدا نییە».

بَابُ الْكَنْزِ مَا هُوَ؟ وَزَكَاةِ الْحُلِيِّ

باسی ئەوەی کە کەنز چییە؟ هەروەها باسی زەکاتی خشڵ

٢٧٠. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ شَدَّادِ بْنِ الْهَادِ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى عَائِشَةَ ﵂، زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَتْ: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَرَأَى فِي يَدَيَّ فَتَخَاتٍ مِنْ وَرِقٍ، فَقَالَ: «مَا هَذَا يَا عَائِشَةُ؟»، فَقُلْتُ: صَنَعْتُهُنَّ أَتَزَيَّنُ لَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: «أَتُؤَدِّينَ زَكَاتَهُنَّ؟»، قُلْتُ: لَا، أَوْ مَا شَاءَ اللَّهُ، قَالَ: «هُوَ حَسْبُكِ مِنَ النَّارِ».

عەبدوڵڵای کوڕی شەددادی کوڕی هاد دەڵێت: چووینە لای عائیشە ﵂ خێزانی پێغەمبەر ﷺ گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ هاتە ژوورەوە بۆلام لە دەستمدا هەندێك بازنی بینی لە زیو، فەرمووی: «ئەی عائیشە ئەمە چییە؟»، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دروستم کردووە خۆمی پێ دەڕازێنمەوە بۆ تۆ، فەرمووی: «ئایا زەکاتی ئەمە دەدەیت؟»، گوتم: نەخێر، یان ئەگەر خوا ویستی لێ بێت، فەرمووی: «ئەوەندەت بەسە بۆ ئاگر».

٢٧١. عَنْ عَلِيٍّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «قَدْ عَفَوْتُ عَنِ الْخَيْلِ وَالرَّقِيقِ، فَهَاتُوا صَدَقَةَ الرِّقَةِ، مِنْ كُلِّ أَرْبَعِينَ دِرْهَمًا دِرْهَمًا، وَلَيْسَ فِي تِسْعِينَ وَمِائَةٍ شَيْءٌ، فَإِذَا بَلَغَتْ مِائَتَيْنِ، فَفِيهَا خَمْسَةُ دَرَاهِمَ».

عەلی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «(لە زەکاتی) ئەسپ و کۆیلە چاوپۆشیم کردووە، بۆیە لە هەر چل دەرهەمی زیو دەرهەمێك زەکات بدەن، (بزانن) ئەگەر سەد و نەوەد (دەرهەمیش) بێت، زەکاتی تێدا نییە، جا هەر کاتێك گەیشتە دوو سەد (دەرهەم)، ئەوە پێنج دەرهەمی زەکاتە».

٢٧٢. عَنْ مُعَاذٍ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ لَمَّا وَجَّهَهُ إِلَى الْيَمَنِ أَمَرَهُ أَنْ يَأْخُذَ مِنَ الْبَقَرِ مِنْ

كُلِّ ثَلَاثِينَ تَبِيعًا، أَوْ تَبِيعَةً، وَمِنْ كُلِّ أَرْبَعِينَ مُسِنَّةً، وَمِنْ كُلِّ حَالِمٍ - يَعْنِي مُحْتَلِمًا - دِينَارًا، أَوْ عَدْلَهُ مِنَ المَعَافِرِ - ثِيَابٌ تَكُونُ بِالْيَمَنِ -.

موعاز ﷺ دەگێڕێتەوە: کاتێك پێغەمبەر ﷺ ناردی بۆ یەمەن فەرمانی پێ کرد کە لە مانگادا، لە سێ مانگا گوێلکێك وەربگرێت ساڵێکی تەواو کردبێت، نێر بێت یان مێ بێت، لە چلدا گوێلکێك کە دوو ساڵی تەواو کردبێت، لە کۆیلە یان ئەوانەی کە جزیە دەدەن (مەبەست لەوانەی کە جزیە دەدەن ئەهلی کتابن) ساڵانە دینارێکیان لێ وەردەگیرێت، (یان ئەگەر پارەش نەبوو بایی ئەو دینارە ساڵی یەك مسقاڵ ئاڵتوون دەدەن و لێیان وەردەگیرێت)، ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەوە پۆشاکێکی یەمەنییە بایی دینارێك لێیان دەسەنیت و پۆشاکیان لێ وەردەگریت.

✎ تێبینی:

(المَعَافِر): هۆزێکی یەمەنین، جۆرە قوماشێك هەبووە بە ناوی ئەوانەوە ناو نراوە.

بَابُ الرَّجُلِ يَبْتَاعُ صَدَقَتَهُ

باسی ئەو پیاوەی شتێکی کردۆتە خێر و دوایی دەیکڕێتەوە

٢٧٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﷺ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ ﷺ حَمَلَ عَلَى فَرَسٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَوَجَدَهُ يُبَاعُ، فَأَرَادَ أَنْ يَبْتَاعَهُ، فَسَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَ: «لَا تَبْتَعْهُ، وَلَا تَعُدْ فِي صَدَقَتِكَ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ لەپێناوی خوادا بێ بەرامبەر ئەسپێکی بەخشیبوو، بینیی دەفرۆشرێتەوە (خاوەنەکەی دەیەوێت بیفرۆشێتەوە و ئیام عومەریش دیتوویەتی)، بۆیە عومەر ویستی (بۆخۆی)

بیکڕێتەوە، ئیدی لەو بارەوە پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، ئەویش فەرمووی: «مەیکڕە و لە چاکەکردنەکەت پەشیمان مەبەوە (وەکوو بڵێی کڕینەوەی ئەو شتەی دەیبەخشیت جۆرێکە لە پەشیمانبوونەوە)».

بَابُ صَدَقَةِ الرَّقِيقِ

باسی زەکاتی کۆیلە

٢٧٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَيْسَ فِي الْخَيْلِ وَالرَّقِيقِ زَكَاةٌ، إِلَّا زَكَاةُ الْفِطْرِ فِي الرَّقِيقِ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئەسپی سواری و کۆیلە زەکاتیان تێدا نییە، تەنها ئەوە نەبێت کۆیلە زەکاتی سەرفیترەی لەسەرە (خاوەنەکەی سەرفیترەی ڕەمەزانی بۆ دەدات)».

٢٧٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لَيْسَ عَلَى الْمُسْلِمِ فِي عَبْدِهِ، وَلَا فِي فَرَسِهِ صَدَقَةٌ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «موسوڵمان زەکاتی ئەسپ و کۆیلەی لەسەر نییە».

بَابُ صَدَقَةِ الزَّرْعِ

باسی زەکاتی کشتوکاڵ

٢٧٦. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «فِيمَا سَقَتِ السَّمَاءُ وَالْأَنْهَارُ

وَالْعُيُونُ، أَوْ كَانَ بَعْلاً الْعُشْرُ، وَفِيمَا سُقِيَ بِالسَّوَانِي، أَوِ النَّضْحِ نِصْفُ الْعُشْرِ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەو دانەوێڵەیەی کە بە ئاوی باران و ڕووبار و کانییەکان ئاو بدرێت (واتە: خەرجی تێدا نەکرێت)، یاخود باران ئاوی بدات، یاخود ئەو دارانەی لە ژێرەوە لە ڕەگەکانەوە ئاو لە زەوییەوە هەڵدەمژن بەبێ ئەوەی کە ئاویان بدەیت، ئەمانە هەمووی زەکاتەکەیان لە دە یەکە (یەك لەسەر دەیە، دەیەکە)، ئەوەشی کە بە ئاژەڵ و حوشتر ئاو دەدرێت، ئەوە زەکاتەکە نیوەی دەیەکە، (واتە: بیستیەکە)».

٢٧٧. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «فِيمَا سَقَتِ الْأَنْهَارُ وَالْعُيُونُ الْعُشْرُ، وَمَا سُقِيَ بِالسَّوَانِي فَفِيهِ نِصْفُ الْعُشْرِ».

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەو دانەوێڵە و زەرعاتانەی کە بە ئاوی ڕووبار و کانی ئاو دەدرێن ئەوە زەکاتەکەی لە دەدا یەکە (یەك لەسەر دەیە، دەیەکە)، ئەوەی کە بە ئاژەڵ و بە حوشتر ئاو دەدرێت (یان لەم سەردەمەدا بە ماتۆڕ و بە ئاو ڕاکێشان و بەم جۆرە شتانە) ئەگەر مەسرەفی تێدا بکرێت ئەوە لە بیستدا یەکە (یەك لەسەر بیست)».

بَابُ زَكَاةِ الْفِطْرِ

باسی زەکاتی سەرفیترە

٢٧٨. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَرَضَ قَالَ فِيهِ - فِيمَا قَرَأَهُ عَلَيَّ مَالِكٌ -: زَكَاةُ الْفِطْرِ مِنْ رَمَضَانَ صَاعٌ مِنْ تَمْرٍ، أَوْ صَاعٌ مِنْ شَعِيرٍ عَلَى كُلِّ حُرٍّ، أَوْ عَبْدٍ ذَكَرٍ، أَوْ أُنْثَى مِنَ الْمُسْلِمِينَ.

ئیبن عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی سەرفیترەی فەڕز کرد، ڕاوییەکە دەڵێت: (پێشەوا) مالیك بۆی خوێندمەوە بەم شێوازە بووە: پێغەمبەری خوا ﷺ زەکاتی سەرفیترەی فەڕز کردووە لە ڕەمەزاندا صاعێك لە خورما (صاعێك دوو کیلۆ و چل گرام، دوو کیلۆ و نیو بدرێت باشترە)، یاخود صاعێك لە جۆ (لە ڕیوایەتی دیکە خورما و مێوژ و کەشك هاتوون، هەر شتێك کە قوتی موسوڵمانان بێت و خواردنی ئەو سەردەمە بێت، خواردنی سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ زیاتر ئەمانە بووە)، لەسەر هەموو کەسێك ئازاد بێت یان کۆیلەش بێت (ئەگەر خۆی پارەی نەبوو، دەبێت گەورەکەی بۆی دەربکات)، نێر بێت، یان مێ بێت لە موسوڵمانان (لەسەر هەموویان فەڕزە).

٢٧٩. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّهُ فَرَضَ صَدَقَةَ الْفِطْرِ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ، أَوْ تَمْرٍ، عَلَى الصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ، وَالْحُرِّ وَالْمَمْلُوكِ.

عەبدوڵڵا ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: زەکاتی سەرفیترەی فەڕز کردووە صاعێك لە جۆ، یان لە خورما، لەسەر بچووك و گەورە، لەسەر ئازاد و کۆیلە.

٢٨٠. عَنْ نَافِعٍ قَالَ: قَالَ عَبْدُ اللَّهِ ﷺ: فَعَدَلَ النَّاسُ بَعْدُ نِصْفَ صَاعٍ مِنْ بُرٍّ، قَالَ: وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ يُعْطِي التَّمْرَ فَأَعْوَزَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ التَّمْرَ عَامًا فَأَعْطَى الشَّعِيرَ.

نافیع دەڵێت: عەبدوڵڵا ﷺ گوتی: خەڵکی لەدوای ئەوە کردیانە نیو صاع لە گەنم، (چونکە گەنم باشتر بووە لە جۆ، ئەوەش موعاویە و ئەوان کردیان)، گوتی: عەبدوڵڵای کوڕی عومەریش خورمای دەدا، خەڵکی مەدینە ساڵێك پێویستییان بە خورما بوو، ئەو جۆی داوە.

بَابُ مَنْ يَجُوزُ لَهُ أَخْذُ الصَّدَقَةِ وَهُوَ غَنِيٌّ

باسی کەسێك دەوڵەمەند بێت و بۆی دروست بێت زەکات وەربگرێت

٢٨١. **عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: **أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ** ﷺ **قَالَ:** «لَا تَحِلُّ الصَّدَقَةُ لِغَنِيٍّ إِلَّا لِخَمْسَةٍ: لِغَازٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، أَوْ لِعَامِلٍ عَلَيْهَا، أَوْ لِغَارِمٍ، أَوْ لِرَجُلٍ اشْتَرَاهَا بِمَالِهِ، أَوْ لِرَجُلٍ كَانَ لَهُ جَارٌ مِسْكِينٌ فَتُصُدِّقَ عَلَى الْمِسْكِينِ، فَأَهْدَاهَا الْمِسْكِينُ لِلْغَنِيِّ».

عەتائی کوڕی یەسار رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا** ﷺ **فەرموویەتی:** «زەکات حەڵاڵ نییە بۆ دەوڵەمەند جگە لە پێنج کەس: بۆ کەسێك غەزا بکات لە پێناوی خوا، بۆ فەرمانبەری کۆکەرەوەی زەکات، یان کەسێك قەرزدارە (بەهۆی ئەوەی کە چاکسازی دەکات لە نێوان دوو کۆمەڵکدا، بۆ ئەوەی فیتنەیەك بکوژێنێتەوە، ئەمیش پێی دەدەیت بۆ کوژاندنەوەی فیتنە و ئەو شەڕە)، یان کەسێك صەدەقەیەك هەیە بە پارەی خۆی لە هەژارەکە دەیکڕێت، یان پیاوێك هاوسێیەکی هەژاری هەیە خێر بە هەژارەکە دەکرێت، هەژارەکەش بە دیاری دەیداتە هاوسێ دەوڵەمەندەکەی».

بَابُ كَمْ يُعْطَى الرَّجُلُ الْوَاحِدُ مِنَ الزَّكَاةِ

باسی ئەندازەی ئەو زەکاتەی دەدرێت بە یەك کەس

٢٨٢. عَنْ بُشَيْرِ بْنِ يَسَارٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: زَعَمَ أَنَّ رَجُلاً مِنَ الْأَنْصَارِ يُقَالُ لَهُ: سَهْلُ بْنُ أَبِي حَثْمَةَ، أَخْبَرَهُ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ وَدَاهُ بِمِائَةٍ مِنْ إِبِلِ الصَّدَقَةِ - يَعْنِي - دِيَةَ الْأَنْصَارِيِّ الَّذِي قُتِلَ بِخَيْبَرَ.

بەشیری کوڕی یەسار دەگێڕێتەوە: کابرایەکی ئەنصاری کە ناوی سەهلی کوڕی

ئەبو حەسمەیە پێی ڕاگەیاندووە: پێغەمبەر ﷺ سەد حوشتری پێ داوە (لە حوشتری زەکات) وەکوو خوێنی ئەو ئەنصارییەی کە لە خەیبەردا کوژراوە.

بَابُ كَرَاهِيَةِ الْمَسْأَلَةِ

باسی ناپەسندی داواکردن

٢٨٣. **عَنْ ثَوْبَانَ** رضي الله عنه **- قَالَ: وَكَانَ ثَوْبَانُ مَوْلَى رَسُولِ اللَّهِ** ﷺ **- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ: «مَنْ يَكْفُلُ لِي أَنْ لَا يَسْأَلَ النَّاسَ شَيْئًا، وَأَتَكَفَّلُ لَهُ بِالْجَنَّةِ؟»، **فَقَالَ ثَوْبَانُ: أَنَا، فَكَانَ لَا يَسْأَلُ أَحَدًا شَيْئًا.**

سەوبان رضي الله عنه - (ڕاوی) دەڵێت: سەوبان کە خزمەتکاری پێغەمبەری خوا ﷺ بووە-، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کێ زەمانەتی ئەوەم بۆ دەکات کە داوای هیچ شتێك لە خەڵکی نەکات، من زەمانی بەهەشتی بۆ دەکەم؟»، سەوبان رضي الله عنه گوتی: من ئەی پێغەمبەر ﷺ (تا دەمرم داوای هیچ شتێك لە خەڵکی ناکەم)، بۆیە (تا مرد) داوای هیچ شتێکی لە خەڵکی نەدەکرد.

بَابُ عَطِيَّةِ مَنْ سَأَلَ بِاللَّهِ

باسی پێدان (ی یارمەتی) لەبەر خاتری ناوی خوا

٢٨٤. **عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ** رضي الله عنهما **قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ: «مَنِ اسْتَعَاذَ بِاللَّهِ فَأَعِيذُوهُ، وَمَنْ سَأَلَ بِاللَّهِ فَأَعْطُوهُ، وَمَنْ دَعَاكُمْ فَأَجِيبُوهُ، وَمَنْ صَنَعَ إِلَيْكُمْ مَعْرُوفًا فَكَافِئُوهُ، فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا مَا تُكَافِئُونَهُ، فَادْعُوا لَهُ حَتَّى تَرَوْا أَنَّكُمْ قَدْ كَافَأْتُمُوهُ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك پەنای پێ گرتن بە خوا، پەنای بدەن، هەر کەسێکیش گوتی: لەبەر خوا ئەو شتەم پێ ببەخشە، پێی ببەخشە، هەر کەسێك داوەتی کردن، وەڵامی بدەنەوە، هەر کەسێك چاکەی لەگەڵدا کردن، پاداشتی بدەنەوە بە چاکە، ئەگەر نەتانبوو پاداشتی بدەنەوە وەکوو خۆی، دوعای بۆ بکەن، تا وا دەبینن پاداشتان داوەتەوە».

بَابُ أَجْرِ الْخَازِنِ

باسی پاداشتی ئەو کەسەی لەسەر خەزێنە و بەیتولمالی موسوڵمانانە

٢٨٥. عَنْ أَبِي مُوسَى ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ الْخَازِنَ الْأَمِينَ الَّذِي يُعْطِي مَا أُمِرَ بِهِ كَامِلًا مُوَفَّرًا، طَيِّبَةً بِهِ نَفْسُهُ، حَتَّى يَدْفَعَهُ إِلَى الَّذِي أُمِرَ لَهُ بِهِ أَحَدُ الْمُتَصَدِّقَيْنِ».

ئەبو مووسا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەوەی لەسەر بەیتولماله (و فەرمانبەری دەوڵەتە)، بەڵام موسوڵمانە و ئەمینە و چۆنی فەرمان پێ کراوە، بەو شێوازە هەمووی دەبەخشێت، هیچی لێ کەم ناکاتەوە و لە دڵی دەردەچێت و ڕەزیلی ناکات، بۆڵەبۆڵ ناکات بەسەریدا تا دەیداتە ئەو کەسەی کە فەرمان کراوە بیداتە دەستی، ئەمیش یەکێکە لەو کەسانەی کە وەك ئەوە وایە خێری کردبێت».

بَابٌ فِي صِلَةِ الرَّحِمِ

باسێك دەربارەی پەیوەندیی خزمایەتی

٢٨٦. عَنِ الْحَسَنِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَيْسَ الْوَاصِلُ بِالْمُكَافِئِ، وَلَكِنْ هُوَ

الَّذِي إِذَا قُطِعَتْ رَحِمُهُ وَصَلَهَا».

حەسەن ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «گەیاندنی پەیوەندیی خزمایەتی بە بەرانبەر نییە (ئەو هات تۆش بچیت بۆ لای)، بەڵام ئەوەیە ئەگەر کەسێك سەردانی نەکرا، ئەو سەردانی بکات».

بَابٌ فِي الشُّحِّ

باسێك دەربارەی چرووکی

٢٨٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﵁ قَالَ: خَطَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَ: «إِيَّاكُمْ وَالشُّحَّ، فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِالشُّحِّ، أَمَرَهُمْ بِالْبُخْلِ فَبَخِلُوا، وَأَمَرَهُمْ بِالْقَطِيعَةِ فَقَطَعُوا، وَأَمَرَهُمْ بِالْفُجُورِ فَفَجَرُوا».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ وتاری دا و فەرمووی: «(ئەی خەڵکینە) ئاگادارتان دەکەمەوە لە چرووکی، ئوممەتانی پێش ئێوە بەهۆی ڕەزیلی لەناو چوون، ئەم ڕەزیلییە فەرمانی پێ کردن بە ڕەزیلی و چرووکی ئەمانیش ڕەزیل بوون، فەرمانی پێ کردن بە پچڕاندنی پەیوەندیی خزمایەتی پچڕاندیان، فەرمانی پێ کردن بە خراپی و خراپەیان کرد (یان گوتراوە: بە درۆ، واتە: درۆیان کرد)».

٢٨٨. عن أَسْمَاءِ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ ﵄ قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا لِي شَيْءٌ إِلَّا مَا أَدْخَلَ عَلَيَّ الزُّبَيْرُ بَيْتَهُ، أَفَأُعْطِي مِنْهُ؟ قَالَ: «أَعْطِي، وَلَا تُوكِي، فَيُوكَى عَلَيْكِ».

ئەسمائی کچی ئەبو بەکر ﵄ دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، من هیچ شتێکی خۆمم نییە بۆ بەخشین جگە لەو شتە نەبێت کە زوبەیر بۆم دێنێتەوە ماڵەوە، ئایا لەو

ماڵە ببەخشم؟ فەرمووی: «لێی ببەخشە و لە کیسە و توورەکەی مەکە و سەرەکەی ببەستیت، چونکە خواش لە تۆی دەگرێتەوە».

تێبینی:

(الإيكاء): واتە: دەستگرتنەوە و دەستنوقاندن و نەبەخشین.

كِتَابُ اللُّقْطَةِ

پەرتووکی شتی دۆزراوە

٢٨٩. عَنْ سُوَيْدِ بْنِ غَفَلَةَ قَالَ: غَزَوْتُ مَعَ زَيْدِ بْنِ صُوحَانَ، وَسَلْمَانَ بْنِ رَبِيعَةَ فَوَجَدْتُ سَوْطًا، فَقَالَا: لِيَ اطْرَحْهُ، فَقُلْتُ: لَا، وَلَكِنْ إِنْ وَجَدْتُ صَاحِبَهُ وَإِلَّا اسْتَمْتَعْتُ بِهِ، فَحَجَجْتُ، فَمَرَرْتُ عَلَى الْمَدِينَةِ فَسَأَلْتُ أُبَيَّ بْنَ كَعْبٍ ﵁ فَقَالَ: وَجَدْتُ صُرَّةً فِيهَا مِائَةُ دِينَارٍ، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ، فَقَالَ: «عَرِّفْهَا حَوْلًا»، فَعَرَّفْتُهَا حَوْلًا، ثُمَّ أَتَيْتُهُ فَقَالَ: «عَرِّفْهَا حَوْلًا»، فَعَرَّفْتُهَا حَوْلًا، ثُمَّ أَتَيْتُهُ، فَقَالَ: «عَرِّفْهَا حَوْلًا»، فَعَرَّفْتُهَا حَوْلًا، ثُمَّ أَتَيْتُهُ فَقُلْتُ: لَمْ أَجِدْ مَنْ يَعْرِفُهَا فَقَالَ: «احْفَظْ عَدَدَهَا وَوِكَاءَهَا وَوِعَاءَهَا، فَإِنْ جَاءَ صَاحِبُهَا وَإِلَّا فَاسْتَمْتِعْ بِهَا»، وَقَالَ: وَلَا أَدْرِي أَثَلَاثًا قَالَ: «عَرِّفْهَا»، أَوْ مَرَّةً وَاحِدَةً.

سوەیدی کوڕی غەفەلە دەڵێت: غەزام کرد لەگەڵ زەیدی کوڕی صوحان و سەلمانی کوڕی ڕەبیعە قامچییەکم دۆزیەوە، پێیان گوتم: فڕێی بدە، گوتم: نەخێر، بەڵام ئەگەر خاوەنەکەیم دۆزیەوە دەیدەمەوە، ئەگەرنا بۆ خۆم سوودی لێ دەبینم، دەڵێت: حەجم کرد بە مەدینەدا تێپەڕیم، پرسیارم لە ئوبەی کوڕی کەعب ﵁ کرد، گوتی: توورەکەیەکم دۆزیەوە کە سەد دیناری تێدا بوو، هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ساڵێک بیناسێنە و بەدوای خاوەنیدا بگەڕێ، دەڵێت: منیش ساڵێک

بەدوای خاوەنیدا گەڕام، پاشان هاتمەوە (ڕیوایەتی دیکە هاتووە: دەڵێت: خاوەنیم نەدۆزیەوە)، فەرمووی: ساڵێکی دیکەش بەدوای خاوەنیدا بگەڕێ، ساڵێکی دیکەش بەدوای خاوەنیدا گەڕام، پاشان هاتمەوە، فەرمووی: ساڵێکی دیکەش بەدوای خاوەنیدا بگەڕێ، پاشان هاتم گوتم: کەسم نەدۆزیەوە خاوەنی بێت، فەرمووی: ژمارەکەی چەندە لای خۆت بیپارێزە، ئەو شتەی کە تێدایەتی (ئەو توورەکەیە)، وە ئەو پەتەی کە پێی بەستراوە، ئەگەر هەر کاتێك خاوەنی هاتەوە بیدەرەوە، ئەگەرنا بۆ خۆت سوودی لێ ببینە، بەڵام نازانم فەرمووی: سێ ساڵ بەدوای خاوەنیدا بگەڕێ، یاخود یەك ساڵ.

٢٩٠. عَنْ عَلِيٍّ رضي الله عنه: أَنَّهُ الْتَقَطَ دِينَارًا فَاشْتَرَى بِهِ دَقِيقًا، فَعَرَفَهُ صَاحِبُ الدَّقِيقِ فَرَدَّ عَلَيْهِ الدِّينَارَ فَأَخَذَهُ عَلِيٌّ وَقَطَعَ مِنْهُ قِيرَاطَيْنِ فَاشْتَرَى بِهِ لَحْمًا.

عەلی رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: کە دینارێکی دۆزیەوە چوو ئاردی پێ کڕی، خاوەن ئاردەکە (پێشەوا عەلیی) ناسی، دینارەکەی بۆ گەڕاندەوە، عەلیش وەریگرت و کردیە دوو بەشەوە، بە بەشێکیان گۆشتی کڕی (واتە: پارەکەی ورد کردەوە).

كِتَاب الْمَنَاسِكِ

پەرتووكی ڕێوڕەسمی حەج

بَابُ فَرْضِ الْحَجِّ

باسی فەڕزبوونی حەج

٢٩١. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ الْأَقْرَعَ بْنَ حَابِسٍ، سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، الْحَجُّ فِي كُلِّ سَنَةٍ أَوْ مَرَّةً وَاحِدَةً قَالَ: «بَلْ مَرَّةً وَاحِدَةً، فَمَنْ زَادَ فَهُوَ تَطَوُّعٌ».

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: ئەقرەعی کوڕی حابیس رضي الله عنه پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا هەموو ساڵێك فەڕزە لەسەرمان حەج بکەین، یاخود لە تەمەندا جارێکە؟ فەرمووی: «بەڵکوو لە هەموو تەمەندا یەك جارە، هەر کەسێك زیاتر بکات ئەوە سوننەتە و خێری زیادەی کردووە».

٢٩٢. عَنِ ابْنٍ لِأَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ، عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ لِأَزْوَاجِهِ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ: «هَذِهِ ثُمَّ ظُهُورَ الْحُصْرِ».

کوڕێکی ئەبو واقیدی لەیسی، لە باوکییەوە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: گوێم لێ

بوو پێغەمبەری خوا ﷺ لە حەجی ماڵئاوایی بە خێزانەکانی دەفەرموو: «ئەمە حەجە فەڕزەکە بوو کە کردتان، پاشان (پاش ئەو حەجەی کە کردتان) ئیدی لە ماڵەوە بمێننەوە».

بَابٌ فِي الْمَرْأَةِ تَحُجُّ بِغَيْرِ مَحْرَمٍ

باسێك دەربارەی ئافرەت بەبێ مەحرەم حەج بکات

٢٩٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ مُسْلِمَةٍ تُسَافِرُ مَسِيرَةَ لَيْلَةٍ، إِلَّا وَمَعَهَا رَجُلٌ ذُو حُرْمَةٍ مِنْهَا».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتی موسوڵمان سەفەر بکات ماوەی یەك شەو (ڕێگا و دووریەکەی شەوێك بێت)، مەگەر پیاوێکی مەحرەمی لەگەڵدا بێت».

٢٩٤. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَنْ تُسَافِرَ سَفَرًا فَوْقَ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فَصَاعِدًا، إِلَّا وَمَعَهَا أَبُوهَا أَوْ أَخُوهَا أَوْ زَوْجُهَا أَوِ ابْنُهَا أَوْ ذُو مَحْرَمٍ مِنْهَا».

ئەبو سەعید ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «حەڵاڵ نییە بۆ ئافرەتێك بڕوای بە خوا و بەڕۆژی دوایی هەبێت، سەفەرێك بکات لە سەرووی سێ ڕۆژەوە (نەك سێ ڕۆژ بمێنێتەوە، بەڵکوو بە سێ ڕۆژ بگاتە ئەو شوێنە) یان زیاتر بێت، مەگەر باوکی، یان برای، یان مێردی، یان کوڕی، یان مەحرەمێکی لەگەڵدا بێت».

بَابُ التِّجَارَةِ فِي الْحَجِّ

باسی بازرگانیکردن له کاتی حه‌ج

٢٩٥. عَنْ مُجَاهِدٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: قَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ: {لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلاً مِنْ رَبِّكُمْ} البقرة: ١٩٨، قَالَ: كَانُوا لَا يَتَّجِرُونَ بِمِنًى، فَأُمِرُوا بِالتِّجَارَةِ إِذَا أَفَاضُوا مِنْ عَرَفَاتٍ.

موجاهید له عه‌بدوڵلای کوڕی عه‌بباسه‌وه ﵄ ده‌گێڕێته‌وه، ده‌ڵێت: ئه‌م ئایه‌ته‌ی خوێنده‌وه: {لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلاً مِنْ رَبِّكُمْ}، واته: هیچ گوناهبار نابن ئه‌گه‌ر له کاتی حه‌جدا له فه‌زڵی په‌روه‌ردگارتان خۆتان به‌هره‌وه‌ر بکه‌ن (وه‌ك بازرگانی و شت کڕین). گوتی: هاوه‌ڵان بازرگانییان نه‌ده‌کرد له مینا (له کاتی حه‌ج)، پاشان مۆڵه‌تیان پێ درا به بازرگانیکردن دوای ئه‌وه‌ی له کێوی عه‌ره‌فات هاتنه خواره‌وه.

تێبینی:

پێش ئه‌وه‌ی ئه‌م ئایه‌ته دابه‌زێت موسوڵمانان وایان ده‌زانی له کاتی حه‌جکردندا بازرگانیکردن و کڕین و فرۆشتن ڕێگه‌پێدراو نییه، به‌ڵام کاتێك ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه دابه‌زی، موسوڵمانان دڵنیا بوونه‌وه که دوای ته‌واوکردنی فه‌ریزه‌ی عه‌ره‌فات، موسوڵمان حه‌جه‌که‌ی ته‌واو کردووه و به‌ری ده‌که‌وێت، بۆیه له‌دوای عه‌ره‌فات بازرگانیکردن و کڕین و فرۆشتن ئاساییه و ڕێگه‌پێدراوه.

بَابٌ فِي الصَّبِيِّ يَحُجُّ

باسێك ده‌رباره‌ی حه‌جکردنی منداڵ

٢٩٦. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِالرَّوْحَاءِ فَلَقِيَ رَكْبًا فَسَلَّمَ

عَلَيْهِمْ، قَالَ: «مَنِ الْقَوْمُ؟»، فَقَالُوا: الْمُسْلِمُونَ، فَقَالُوا: فَمَنْ أَنْتُمْ؟، قَالُوا: رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فَفَزِعَتِ امْرَأَةٌ فَأَخَذَتْ بِعَضُدِ صَبِيٍّ فَأَخْرَجَتْهُ مِنْ مِحَفَّتِهَا، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ لِهَذَا حَجٌّ؟ قَالَ: «نَعَمْ، وَلَكِ أَجْرٌ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕەوحاء بوو، لەوێ بە کاروانێك گەیشت و سەلامی لێ کردن، فەرمووی: «ئێوە کێن؟»، گوتیان: موسوڵمانین، ئینجا گوتیان: ئەی ئێوە کێن؟ (هاوەڵان) گوتیان: پێغەمبەری خوایە ﷺ، لەو کاتەدا ئافرەتێك ڕاچڵەکی و قۆڵی منداڵێکی گرت و لە کەژاوەکەی خۆی دەریهێنا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا ئەو (منداڵ)ە حەجی بەر دەکەوێت؟ فەرمووی: «بەڵێ، تۆش پاداشتت دەدرێتەوە».

بَابٌ فِي الْمَوَاقِيتِ

باسێك دەربارەی میقاتەکان (شوێنەکانی ئیحرامبەستن)

٢٩٧. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ قَالَ: وَقَّتَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِأَهْلِ الْمَدِينَةِ ذَا الْحُلَيْفَةِ وَلِأَهْلِ الشَّامِ الْجُحْفَةَ وَلِأَهْلِ نَجْدٍ قَرْنَ وَبَلَغَنِي أَنَّهُ وَقَّتَ لِأَهْلِ الْيَمَنِ يَلَمْلَمَ.

ئیبن عومەر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ میقاتی خەڵکی مەدینەی دیاری کرد کە زولحولەیفەیە[١]، وە بۆ خەڵکی شامیش جوحفەی دیاری کرد[٢]، بۆ خەڵکی نەجدیش قەرنی دیاری کرد[٣]، وە پێم گەیشتووە بۆ خەڵکی یەمەنیش یەلەملەمی دیاری کردووە[٤].

....

(١) شوێنێکە (١٩٨) سەد و نەوەد و هەشت میل لە مەککەوە دوورە، (٦) شەش میل لە مەدینەوە دوورە، نزیکەی (١١) یانزە کیلۆمەتر دەکات.

(٢) شوێنێکە نزیکەی (٨٢) هەشتا و دوو میل لە مەککەوە دوورە.

(٣) شاخێکە لە ڕۆژهەڵاتەوە نزیکەی (٣٠) سی میل لە مەککەوە دوورە.

(٤) لەوێوە ئیحرام دەبەستن، کە ئەویش (٣٠) سی میل لە مەککەوە دوورە.

بَابُ الطِّيبِ عِنْدَ الْإِحْرَامِ

باسی بۆن له خۆدان له کاتی ئیحرامدا

٢٩٨. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كُنْتُ أُطَيِّبُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لِإِحْرَامِهِ، قَبْلَ أَنْ يُحْرِمَ، وَلِإِحْلَالِهِ قَبْلَ أَنْ يَطُوفَ بِالْبَيْتِ.

عائیشه ﵂ دەڵێت: من بۆخۆم پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئیحرام دابەستێت بۆ ئیحرامەکەی، بۆنی خۆشم لێ دەدا (له پێغەمبەر ﷺ)، هەروەها کاتێکیش که ئیحرامی دەشکاند، پێش ئەوەی تەوافی ماڵی خوا بکات.

بَابٌ فِي هَدْيِ الْبَقَرِ

باسێك دەربارەی مانگای قوربانی (ڕەشەوڵاخ: مانگا، گا، گامێش)

٢٩٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَحَرَ عَنْ آلِ مُحَمَّدٍ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ بَقَرَةً وَاحِدَةً.

عائیشەی ﵂ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ له حەجی ماڵئاوایی لەجیاتی بنەماڵه و خانەوادەکەی خۆی یەك مانگای سەر بڕی.

بَابٌ فِي الْإِقْرَانِ

باسێك دەربارەی ئەنجامدانی حەج و عومرە بەیەکەوە

٣٠٠. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يُلَبِّي بِالْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ

جَمِيعًا، يَقُولُ: «لَبَّيْكَ عُمْرَةً وَحَجًّا، لَبَّيْكَ عُمْرَةً وَحَجًّا».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ تەلبیەی دەکرد، ئیحرامی دەبەست بەحەج و عومرە، دەیفەرموو: «(لَبَّيْكَ عُمْرَةً وَحَجًّا، لَبَّيْكَ عُمْرَةً وَحَجًّا)، (بەم شێوازە تەلبیەی دەکرد)».

بَابُ الرَّجُلِ يَحُجُّ عَنْ غَيْرِهِ

باسی کەسێك حەج لەبری کەسێکی دیکە بکات

٣٠١. عَنْ رَجُلٍ مِنْ بَنِي عَامِرٍ ﵁ قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ أَبِي شَيْخٌ كَبِيرٌ لَا يَسْتَطِيعُ الْحَجَّ وَلَا الْعُمْرَةَ وَلَا الظَّعْنَ، قَالَ: «احْجُجْ عَنْ أَبِيكَ وَاعْتَمِرْ».

پیاوێك لە بەنو عامیر ﵁ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، باوکم پیاوێکی بەتەمەنە ناتوانێت حەج بکات، ناتوانێت عومرە بکات، ناتوانێت سواری وڵاخ بێت و بڕوات (لەبەر گەورەیی و چوونە نێو ساڵی)، فەرمووی: «بڕۆ لەجیاتی باوکت حەج و عومرەش بکە».

بَابٌ فِي تَقْبِيلِ الْحَجَرِ

باسی ماچکردنی بەردە ڕەشەکە

٣٠٢. عَنْ عُمَرَ ﵁: أَنَّهُ جَاءَ إِلَى الْحَجَرِ فَقَبَّلَهُ، فَقَالَ: إِنِّي أَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ لَا تَنْفَعُ وَلَا تَضُرُّ وَلَوْلَا أَنِّي رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يُقَبِّلُكَ مَا قَبَّلْتُكَ.

عومەر ﵁ هات بەردە ڕەشەکەی ماچ کرد، گوتی: من دەزانم تۆ بەردی نە

سوودبەخشی و نە زیانبەخش، ئەگەر پێغەمبەری خوام ﷺ نەبینیایە ماچت دەکات، منیش ماچم نەدەکردی.

بَابُ الدُّعَاءِ فِي الطَّوَافِ

باسی پاڕانەوە لە تەوافدا

٣٠٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ السَّائِبِ رضي الله عنه قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ مَا بَيْنَ الرُّكْنَيْنِ: «رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ».

عەبدوڵڵای کوڕی سائیب رضي الله عنه دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو لە نێوان هەردوو ڕوکنەکەدا (بەردە ڕەشەکە و ڕوکنی یەمانی) دەیفەرموو: «خوایە لە دونیا چاکەمان پێ ببەخشە، لە ڕۆژی دواییشدا هەر چاکەمان پێ ببەخشە، لە سزای ئاگری دۆزەخ بمانپارێزە».

بَابُ الْوُقُوفِ بِعَرَفَةَ

باسی ڕاوەستان لە عەرەفە

٣٠٤. عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: كَانَتْ قُرَيْشٌ وَمَنْ دَانَ دِينَهَا يَقِفُونَ بِالْمُزْدَلِفَةِ وَكَانُوا يُسَمَّوْنَ الْحُمْسَ وَكَانَ سَائِرُ الْعَرَبِ يَقِفُونَ بِعَرَفَةَ قَالَتْ: فَلَمَّا جَاءَ الْإِسْلَامُ أَمَرَ اللَّهُ تَعَالَى نَبِيَّهُ ﷺ أَنْ يَأْتِيَ عَرَفَاتٍ فَيَقِفَ بِهَا، ثُمَّ يُفِيضُ مِنْهَا فَذَلِكَ قَوْلُهُ تَعَالَى: {ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ} البقرة: ١٩٩.

عائیشە رضي الله عنها دەڵێت: قوڕەیش و ئەوانەی لەسەر ئایینی قوڕەیش بوون (پێش هاتنی ئیسلام) لە موزدەلیفە ڕادەوەستان (لەجیاتی عەرەفات)، هەروەها ناو دەبران بە

(الْحُمُس)، تەواوی عەرەبەکانی دیکەش لە عەرەفە ڕادەوەستان، گوتی: جا کاتێك ئیسلام هات، خوا فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی ﷺ کرد کە بێتە عەرەفە و لەوێ بوەستێت، پاشان لەوێوە بێتەوە خوارێ (بۆ موزدەلیفە)، ئا ئەوە مانای فەرماییشتی خوایە کە دەفەرموێت: {ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ}.

بَابُ يَبِيتُ بِمَكَّةَ لَيَالِيَ مِنًى

باسی کەسێك شەوانی مینا لە مەککە بمێنێتەوە (ئایا دروستە؟)

٣٠٥. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما قَالَ: اسْتَأْذَنَ الْعَبَّاسُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَنْ يَبِيتَ بِمَكَّةَ لَيَالِيَ مِنًى مِنْ أَجْلِ سِقَايَتِهِ، فَأَذِنَ لَهُ.

ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەڵێت: عەبباس رضي الله عنه داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، کە شەوانی مینا بچێت لە مەککە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاو بە خەڵکی بدات، ئەویش مۆڵەتی پێ دا.

بَابٌ فِي رَمْيِ الْجِمَارِ

باسێك دەربارەی ڕەجمکردنی شەیتان

٣٠٦. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّهُ كَانَ يَأْتِي الْجِمَارَ فِي الْأَيَّامِ الثَّلَاثَةِ بَعْدَ يَوْمِ النَّحْرِ مَاشِيًا ذَاهِبًا وَرَاجِعًا، وَيُخْبِرُ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَفْعَلُ ذَلِكَ.

ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەهات بۆ ڕەمی جەمەڕات لە سێ ڕۆژەکەی دوای ڕۆژی جەژندا (أيام التشريق) بەپێ دەهات و بەپێ دەگەڕایەوە، دەیگوت: پێغەمبەر ﷺ وای کردووە.

٣٠٧. عن جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄ يَقُولُ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَرْمِي عَلَى رَاحِلَتِهِ يَوْمَ النَّحْرِ يَقُولُ: «لِتَأْخُذُوا مَنَاسِكَكُمْ، فَإِنِّي لَا أَدْرِي لَعَلِّي لَا أَحُجُّ بَعْدَ حَجَّتِي هَذِهِ».

جابری کوڕی عەبدوڵلا ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی لە ڕۆژی جەژندا ڕەمی جەمەڕاتی دەکرد لەسەر حوشترەکەی، دەیفەرموو: «بۆئەوەی کە دروشمەکانی حەجکردنتان لە من وەربگرن، چونکە نازانم لەوانەیە لەدوای ئەم حەجەوە حەجی دیکە نەکەم (ئەمە وەکوو ئاماژەیەکە، هەر بۆیە پێی گوتراوە: حەجیماڵئاوایی، پێغەمبەری خوا ﷺ ماڵئاوایی لە خەڵکی کرد)».

بَابُ الْحَلْقِ وَالتَّقْصِيرِ

باسی سەرتاشین و کورتکردنەوەی

٣٠٨. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «اللَّهُمَّ ارْحَمِ الْمُحَلِّقِينَ»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَالْمُقَصِّرِينَ؟ قَالَ: «اللَّهُمَّ ارْحَمِ الْمُحَلِّقِينَ»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَالْمُقَصِّرِينَ؟ قَالَ: «وَالْمُقَصِّرِينَ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوایە ڕەحم بەو کەسانە بکە کە قژیان دەتاشن»، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەدی ئەوانەی کە قژیان کورت دەکەنەوە؟ فەرمووی: «خوایە ڕەحم بەو کەسانە بکەیت کە قژیان دەتاشن»، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەدی ئەوانەی کە قژیان کورت دەکەنەوە؟ فەرمووی: «ئەوانەشی کە کورتی دەکەنەوە».

بَابُ الْإِفَاضَةِ فِي الْحَجِّ

باسی تەوافی ئیفازە لە کاتی حەجدا

٣٠٩. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ حَلَقَ رَأْسَهُ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ.

ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە حەجی ماڵئاوایيدا قژی خۆی تاشیوە.

٣١٠. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أَفَاضَ يَوْمَ النَّحْرِ ثُمَّ صَلَّى الظُّهْرَ بِمِنًى يَعْنِي رَاجِعًا.

ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ تەوافی ئیفازەی کرد لە ڕۆژی جەژندا، پاشان کە گەڕایەوە نوێژی نیوەڕۆی لە مینا کرد.

بَابُ الْوَدَاعِ

باسی تەوافی ماڵئاوایی

٣١١. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: كَانَ النَّاسُ يَنْصَرِفُونَ فِي كُلِّ وَجْهٍ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَا يَنْفِرَنَّ أَحَدٌ حَتَّى يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِ الطَّوَافَ بِالْبَيْتِ».

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: خەڵك لەهەموو لایەکەوە دەڕۆیشتن (مەککەیان بەجێ دەهێشت، حەجیان تەواو کرد)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «کەس نەڕوات و بڵاوەی لێ مەکەن با دوا شت کە دەیکەن تەوافی ماڵئاوایی بێت».

بَابٌ فِي إِتْيَانِ الْمَدِينَةِ

باسێك دەربارەی سەردانكردنی مەدینە

٣١٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلَّا إِلَى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِ الْحَرَامِ، وَمَسْجِدِي هَذَا، وَالْمَسْجِدِ الْأَقْصَى».

ئەبو هورەیرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «بارگەوبنە ناپێچرێتەوە (بەنیازی عیبادەت بۆ هیچ شوێنێك)، جگە لە سێ مزگەوت: مزگەوتی حەرام (لە مەککە)، مزگەوتی من (لە مەدینە)، مزگەوتی ئەقصا».

بَابٌ فِي تَحْرِيمِ الْمَدِينَةِ

باسێك دەربارەی ئەوەی لە مەدینە حەرامە

٣١٣. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَأْتِي قُبَاءَ مَاشِيًا وَرَاكِبًا. زَادَ ابْنُ نُمَيْرٍ وَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ.

ئیبن عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەهاتە مزگەوتی قوباء بەپیادە و بەسواری، ئیبن نومەیر ئەوەی بۆ زیاد کردووە، دەڵێت: دوو ڕکات نوێژی دەکرد (لەبەر ئەوەی دوو ڕکات نوێژ لە مزگەوتی قوبائدا خێری عومرەیەکی هەیە).

بَابُ زِيَارَةِ الْقُبُورِ

باسی سەردانکردنی گۆڕستان

٣١٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَا مِنْ أَحَدٍ يُسَلِّمُ عَلَيَّ إِلَّا رَدَّ اللَّهُ

عَلَيَّ رُوحِي حَتَّى أَرُدَّ عَلَيْهِ السَّلَامَ».

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ کەسێك نییە سەلامم لێ بکات (وە صەڵاواتم لەسەر بدات) مەگەر خوا ڕووحم دەخاتەوە بەر تا وەڵامی سەلامەکەی دەدەمەوە».

٣١٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ قُبُورًا، وَلَا تَجْعَلُوا قَبْرِي عِيدًا، وَصَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ تَبْلُغُنِي حَيْثُ كُنْتُمْ».

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ماڵەکانتان مەکەن بەگۆڕستان، گۆڕی منیش مەکەن بە شوێنی پەرستش و پاڕانەوە، صەڵاواتم لەسەر بدەن، چونکە بێگومان لە هەر شوێنێك بوون صەڵاواتەکانتانم پێ دەگات».

كِتَابُ النِّكَاحِ

پەرتووکی هاوسەرگیری

بَابُ التَّحْرِيضِ عَلَى النِّكَاحِ

باسی هاندان بۆ هاوسەرگیریکردن

٣١٦. عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ: إِنِّي لَأَمْشِي مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ ﷺ بِمِنًى إِذْ لَقِيَهُ عُثْمَانُ فَاسْتَخْلَاهُ فَلَمَّا رَأَى عَبْدُ اللَّهِ، أَنْ لَيْسَتْ لَهُ حَاجَةٌ قَالَ لِي: تَعَالَ يَا عَلْقَمَةُ فَجِئْتُ فَقَالَ لَهُ: عُثْمَانُ أَلَا نُزَوِّجُكَ يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ بِجَارِيَةٍ بِكْرٍ لَعَلَّهُ يَرْجِعُ إِلَيْكَ مِنْ نَفْسِكَ مَا كُنْتَ تَعْهَدُ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَئِنْ قُلْتَ ذَاكَ لَقَدْ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ».

عەلقەمە دەڵێت: لە مینادا لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوددا ﷺ دەڕۆیشتم، عوسمان ﷺ پێی گەیشت جیای کردەوە، کاتێک عەبدوڵڵا بینیی کە هیچ پێویستی و کارێکی گرنگ نییە، بانگی کردم گوتی: عەلقەمە وەرە (لەوانەیە دوای ئەوەی کە پێشەوا عوسمان قسەکەی لەگەڵ کردبێت بانگی کردبێت)، هاتم، عوسمان پێی گوت:

ئەی باوکی عەبدوڕڕەحمان، ئایا کچێکت بۆ نەهێنین کە لەوانەیە ئەوەی لە پێشتردا هەتبووە لە گورجوگۆڵی و گەنجی بۆت بگەڕێنێتەوە و لاشەت بژێنێتەوە (گەنجیت بۆ بگەڕێنێتەوە)، عەبدوڵڵا گوتی: کە تۆ هەر ئەم قسەیەت کرد منیش فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە (وەکوو پاڵپشتی بۆ قسەکەی پێشەوا عوسمان ﵁) گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەر کەسێك لە ئێوە توانای هەیە با هاوسەرگیری بکات، لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری چاو دەپۆشێت و داوێن دەپارێزێت (لە کەوتنە نێو حەرامەوە)، هەر کەسێك توانای ئەوەی نەبوو، با بەڕۆژوو بێت، لەبەر ئەوەی ڕۆژوو بۆ مرۆڤ پارێزەرە».

بَابُ مَا يُؤْمَرُ بِهِ مِنْ تَزْوِيجِ ذَاتِ الدِّينِ

باسی فەرمانکردن بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسی پابەند بە ئیسلام

٣١٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «تُنْكَحُ النِّسَاءُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا، وَلِحَسَبِهَا، وَلِجَمَالِهَا، وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: « ئافرەت لەبەر چوار شت مارە دەکرێت: لەبەر ماڵ و دارایی، لەبەر بنەماڵە و ڕەچەڵەکی، لەبەر جوانیی، لەبەر ئایینی، جا دەست بگرە بە خاوەن ئایینەوە، (ئەگەر وا نەکەیت) دەست کورت دەبیت و هەژار دەکەویت (لە گشت خێر و بێرێکی ئافرەتی چاك)».

بَابُ يَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ مَا يَحْرُمُ مِنَ النَّسَبِ

باسی ئەوەی هەرچی بە ڕەچەڵەك حەرام دەبێت، بەهۆی شیرپێدانیشەوە حەرام دەبێت

٣١٨. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «يَحْرُمُ مِنَ الرَّضَاعَةِ مَا يَحْرُمُ مِنَ الْوِلَادَةِ».

عائیشەی ﵂ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەوەی بەهۆی ڕەچەڵەکەوە حەرام دەبێت، بەهۆی شیرخواردنیشەوە حەرام دەبێت، (دەبن بە خوشك و برا و برا و برازا و خاڵ و خوارزا و ... لە شیری)».

بَابُ هَلْ يُحَرِّمُ مَا دُونَ خَمْسِ رَضَعَاتٍ

باسی ئەوەی کە ئایا کەمتر لە پێنج جار شیرخواردن دەیکاتە مەحرەم

٣١٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ فِيمَا أَنْزَلَ اللَّهُ ﷻ مِنَ الْقُرْآنِ عَشْرُ رَضَعَاتٍ يُحَرِّمْنَ، ثُمَّ نُسِخْنَ بِخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ، فَتُوُفِّيَ النَّبِيُّ ﷺ وَهُنَّ مِمَّا يُقْرَأُ مِنَ الْقُرْآنِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: سەرەتا ئایەتێك بووە لە قوڕئاندا کە خوا ﷻ دایبەزاندووە دەبێت ئافرەتێك دە جار شیر بداتە منداڵێك، ئینجا ئەو ئافرەتە دەبێتە دایکی ئەو منداڵە و لەو منداڵە حەرام دەبێت، دوای ئەوە نەسخ بووەوە بە پێنج جار (پێنج جار شیر بخوات ئیدی دەبێت بە دایکی)، کاتێك پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد ئەمە هەر لە قوڕئاندا دەخوێندرایەوە.

٣٢٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تُحَرِّمُ الْمَصَّةُ وَلَا الْمَصَّتَانِ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر منداڵێك مژێك یان دوو مژ (جارێك یان دوو جار) شیری ئافرەتێکی خوارد لێی حەرام نابێت (نابێت بە دایکی)».

بَابُ مَا يُكْرَهُ أَنْ يُجْمَعَ بَيْنَهُنَّ مِنَ النِّسَاءِ

باسی ئەو ئافرەتانەی کە نابێت پیاو بەیەکەوە لەژێر نیکاحی خۆیدا کۆیان بکاتەوە

٣٢١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ عَلَى عَمَّتِهَا، وَلَا الْعَمَّةُ عَلَى بِنْتِ أَخِيهَا، وَلَا الْمَرْأَةُ عَلَى خَالَتِهَا، وَلَا الْخَالَةُ عَلَى بِنْتِ أُخْتِهَا، وَلَا تُنْكَحُ الْكُبْرَى عَلَى الصُّغْرَى، وَلَا الصُّغْرَى عَلَى الْكُبْرَى».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «نابێت ئافرەتێك مارە بکەیت بەسەر پووریدا (خوشکی باوك، واتە: ئافرەتێکت هێناوە پاشان برازاکەی بێنیت بەسەریدا)، نابێت تۆ ئافرەتێکت بهێنیت بەسەر پووریدا (خوشکی باوکی، واتە: لە یەك کاتدا نابێت دوو خێزانت هەبێت یەکێکیان برازا بێت و یەکێکیان خوشکی باوك بێت)، نابێت ئافرەت بێنیت بەسەر پووریدا (خوشکی دایك)، یاخود ئافرەتەکە بێنیت بەسەر خوشکەزادا (لە یەك کاتدا نابێت دوو خێزانت هەبێت یەکێکیان خوشکەزای ئەوەی دیکە بێت، یان برازای ئەوەی دیکە بێت، ئەوەی دیکە پووری بێت)، نابێت گەورە بەسەر بچووکدا مارە بکەیت (گەورە مەبەستی پێی پوورەکانە، خوشکی دایك و خوشکی باوك، وە بچووك مەبەستی پێی برازا و خوشکەزایە)، نابێت بچووك بەسەر گەورەدا مارە بکەیت».

بَابٌ فِي الشِّغَارِ

باسێك دەربارەی ژن بە ژن

٣٢٢. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنِ الشِّغَارِ. زَادَ مُسَدَّد فِي حَدِيثِهِ: قُلْتُ لِنَافِعٍ: مَا الشِّغَارُ قَالَ: يَنْكِحُ ابْنَةَ الرَّجُلِ، وَيُنْكِحُهُ ابْنَتَهُ بِغَيْرِ صَدَاقٍ، وَيَنْكِحُ أُخْتَ الرَّجُلِ، وَيُنْكِحُهُ أُخْتَهُ بِغَيْرِ صَدَاقٍ.

ئیبن عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری کردووە لە ژن بە ژن، موسەددەد لە فەرموودەکەیدا ئەوەی زیاد کرد: بە نافیعم گوت: ئەرێ شیغار چییە؟ گوتی: ئەم مارەی کچی ئەم پیاوە دەکات، ئەویش مارەی کچەکەی ئەم دەکات (ژن بە ژن دەکەن) بەبێ دانانی مارەیی، خوشکەکەی مارە دەکات ئەمیش خوشکەکەی خۆی پێ دەدات بەبێ دانانی مارەیی.

بَابٌ فِي التَّحْلِيلِ

باسێك دەربارەی حەڵاڵکردن

٣٢٣. عَنْ عَلِيٍّ ﵁ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَعَنَ اللَّهُ الْمُحَلِّلَ، وَالْمُحَلَّلَ لَهُ».

عەلی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوا نەفرەتی کردووە لەو پیاوەی ئافرەت بۆ کەسێکی دیکە حەڵاڵ دەکاتەوە و ئەوەیشی بۆی حەڵاڵ دەکرێتەوە».

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ أَنْ يَخْطُبَ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ

باسێك دەربارەی ناپەسندی داخوازی پیاوێك بەسەر داخوازی براكەیەوە

٣٢٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَخْطُبُ الرَّجُلُ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دروست نییە پیاو بچێتە داخوازی ئافرەتێك كە برا (موسوڵمانەكە)ی لەسەر داخوازییەكەی بێت».

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَنْظُرُ إِلَى الْمَرْأَةِ وَهُوَ يُرِيدُ تَزْوِيجَهَا

باسێك دەربارەی كەسێك دەیەوێت ئافرەتێك بخوازێت، دروستە بڕوات سەیری بكات

٣٢٥. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا خَطَبَ أَحَدُكُمُ الْمَرْأَةَ، فَإِنِ اسْتَطَاعَ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى مَا يَدْعُوهُ إِلَى نِكَاحِهَا فَلْيَفْعَلْ»، قَالَ: فَخَطَبْتُ جَارِيَةً فَكُنْتُ أَتَخَبَّأُ لَهَا حَتَّى رَأَيْتُ مِنْهَا مَا دَعَانِي إِلَى نِكَاحِهَا وَتَزَوُّجِهَا فَتَزَوَّجْتُهَا.

جابیری كوڕی عەبدوڵڵا ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەكێك لە ئێوە چووە داخوازی ئافرەتێك ویستی مارەی بكات، ئەگەر توانی تەماشای بكات با تەماشای بكات، ئەگەر ئەو تەماشاكردنە وات لێ دەكات كە بیخوازی، ئەگەر توانیت بڕۆ سەیری بكە، (جابیر خۆی) دەڵێت: چوومە داخوازی ئافرەتێك خۆم دەشاردەوە تا بینیم ئەوەی كە وام لێ دەكات كە بیخوازم، هاوسەرگیریم لەگەڵیدا كرد».

بَابٌ فِي الْوَلِيِّ

باسێك دەربارەی سەرپەشتیار

٣٢٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ نَكَحَتْ بِغَيْرِ إِذْنِ مَوَالِيهَا، فَنِكَاحُهَا بَاطِلٌ»، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، «فَإِنْ دَخَلَ بِهَا فَالْمَهْرُ لَهَا بِمَا أَصَابَ مِنْهَا، فَإِنْ تَشَاجَرُوا فَالسُّلْطَانُ وَلِيُّ مَنْ لَا وَلِيَّ لَهُ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر ئافرەتێك: شوو بكات بەبێ مۆڵەتی سەرپەرشتیاری، ئەو مارەبڕینە پووچەڵە»، سێ جار (فەرمووی: بەتاڵە)، «ئەگەر ئەو كەسە گواستیەوە ئەوە ئەو ئافرەتە مارەیی خۆی وەردەگرێت لەبەر ئەوەی ئەو كەسە گواستوویەتیەوە چۆتە لای، ئەگەر هاتوو سەرپەرشتیارەكان كێشەیان كەوتە نێوانەوە، ئەوا حاكم وەلی هەر كەسێكە كە وەلی نەبێت».

٣٢٧. عَنْ أَبِي مُوسَى ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «لَا نِكَاحَ إِلَّا بِوَلِيٍّ».

ئەبو مووسا ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هیچ مارەبڕینێك بەبێ (مۆڵەتی) سەرپەرشتیار دانامەزرێت».

بَابٌ فِي الِاسْتِئْمَارِ

باسێك دەربارەی وەرگرتنی بۆچوونی ئافرەت (كاتی مارەبڕین)

٣٢٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا تُنْكَحُ الثَّيِّبُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ، وَلَا الْبِكْرُ إِلَّا بِإِذْنِهَا»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا إِذْنُهَا؟ قَالَ: «أَنْ تَسْكُتَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «بێوەژن مارە

نابڕدرێت تا قسە و فەرمانی لێ وەرنەگیرێت، کچیش مارە نابڕدرێت تا مۆڵەتی لێ وەرنەگیرێت»، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا مۆڵەتوەرگرتنی کچ چۆنە؟ فەرمووی: «بێدەنگبوونیەتی».

٣٢٩. عَنْ خَنْسَاءَ بِنْتِ خِذَامٍ الْأَنْصَارِيَّةِ ﵂: أَنَّ أَبَاهَا زَوَّجَهَا وَهِيَ ثَيِّبٌ فَكَرِهَتْ ذَلِكَ فَجَاءَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَذَكَرَتْ ذَلِكَ لَهُ، فَرَدَّ نِكَاحَهَا.

خەنسائی کچی خیزامی ئەنصاری ﵂ دەگێڕێتەوە: بێوەژن بووە و باوکی بەشووی داوە، ئەو هاوسەرگیرییەی پێناخۆش بووە، دێت بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی باس دەکات (باوکم بەشووی داوم و منیش ڕازی نیم)، پێغەمبەر ﷺ مارەبڕینەکەی هەڵوەشاندەوە.

بَابُ الصَّدَاقِ

باسی مارەیی

٣٣٠. عَنْ أَبِي الْعَجْفَاءِ السُّلَمِيِّ قَالَ: خَطَبَنَا عُمَرُ ﵁، فَقَالَ: أَلَا لَا تُغَالُوا بِصُدُقِ النِّسَاءِ، فَإِنَّهَا لَوْ كَانَتْ مَكْرُمَةً فِي الدُّنْيَا، أَوْ تَقْوَى عِنْدَ اللَّهِ لَكَانَ أَوْلَاكُمْ بِهَا النَّبِيُّ ﷺ، مَا أَصْدَقَ رَسُولُ اللَّه ﷺ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِهِ، وَلَا أُصْدِقَتْ امْرَأَةٌ مِنْ بَنَاتِهِ أَكْثَرَ مِنْ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ أُوقِيَّةً.

ئەبو عەجفائی سولەمیی دەڵێت: عومەر ﵁ وتاری بۆ داین، گوتی: ئاگادار بن زێدەڕۆیی نەکەن لە دانانی مارەیی ئافرەتدا، ئەگەر دانانی مارەیی زۆر نیشانەی ڕێزلێنان بووایە بۆ ئافرەت لە دونیا، یان تەقوای خوا بووایە، ئەوە پێغەمبەر ﷺ لە هەمووتان لەپێشتر بوو کە ئەو کارەی بکردایە، پێغەمبەری خوا ﷺ مارەیی بۆ هیچ ئافرەتێك لە خێزانەکانی دانەناوە، مارەییش بۆ هیچ یەکێك لە کچەکانی پێغەمبەر

ﷺ دانەنراوە، زیاتر بێت لە دوازدە ئۆقیە.

بَابُ مَا يُقَالُ لِلْمُتَزَوِّجِ

باسی ئەوەی دەگوترێت وەك پیرۆزبایی بۆ كەسی تازە زەواجكردوو

٣٣١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا رَفَّأَ الْإِنْسَانَ إِذَا تَزَوَّجَ، قَالَ: «بَارَكَ اللَّهُ لَكَ، وَبَارَكَ عَلَيْكَ، وَجَمَعَ بَيْنَكُمَا فِي خَيْرٍ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ كە پیرۆزبایی لە كەسێك بكردایە كە ژنی بهێنایە و بیگواستایەتەوە، دەیفەرموو: «خوا بۆت بكاتە مایەی فەڕ و خێر، هەروەها پیت و فەڕت بەسەردا برژێنێت، لەسەر چاكە و خێر كۆتان بكاتەوە (ژیانتان و منداڵتان بەرەكەتدار بێت)».

بَابٌ فِي الْقَسْمِ بَيْنَ النِّسَاءِ

باسێك دەربارەی دابەشكردنی شەوەكان لە نێوان هاوسەراندا

٣٣٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ كَانَتْ لَهُ امْرَأَتَانِ فَمَالَ إِلَى إِحْدَاهُمَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَشِقُّهُ مَائِلٌ».

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «هەر پیاوێك دوو خێزانی هەبێت بەلای یەكێكیاندا لاری بكاتەوە (نادادگەر بێت)، لە ڕۆژی قیامەتدا دێت و لایەكی لارە (شانی خوارە)».

٣٣٣. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ زَوْجَ النَّبِيِّ ﷺ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَرَادَ سَفَرًا

أَقْرَعَ بَيْنَ نِسَائِهِ، فَأَيَّتُهُنَّ خَرَجَ سَهْمُهَا خَرَجَ بِهَا مَعَهُ، وَكَانَ يَقْسِمُ لِكُلِّ امْرَأَةٍ مِنْهُنَّ يَوْمَهَا، وَلَيْلَتَهَا غَيْرَ أَنَّ سَوْدَةَ بِنْتَ زَمْعَةَ وَهَبَتْ يَوْمَهَا لِعَائِشَةَ.

عائیشەی ﵂ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ کاتێك دەیویست سەفەرێك بکات، یان غەزایەك بکات تیروپشکی لە نێوان خێزانەکانیدا دەکرد، هەر کامێکیان دەرچووایە ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، بۆ هەر خێزانێکیش شەو و ڕۆژێکی دانابوو، بەڵام سەودەی کچی زەمعە شەوەکەی خۆی بەخشی بە (دایکمان) عائیشە.

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَشْتَرِطُ لَهَا دَارَهَا

باسی پیاوێك ژنەکەی مەرجی بۆ دابنێت کە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە

٣٣٤. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﵁ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: «إِنَّ أَحَقَّ الشُّرُوطِ أَنْ تُوفُوا بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ».

عوقبەی کوڕی عامیر ﵁ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «شایستەترین مەرج کە شایەنی جێبەجێکردن بێت، ئەو مەرجەیە کە بەهۆیەوە ئافرەتتان بۆ حەڵاڵ بووە».

بَابٌ فِي حَقِّ الْمَرْأَةِ عَلَى زَوْجِهَا

باسێك دەربارەی مافی ئافرەت لەسەر پیاوەکەی

٣٣٥. عَنْ مُعَاوِيَةَ الْقُشَيْرِيِّ ﵁ قَالَ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: فَقُلْتُ: مَا تَقُولُ: فِي نِسَائِنَا؟ قَالَ: «أَطْعِمُوهُنَّ مِمَّا تَأْكُلُونَ، وَاكْسُوهُنَّ مِمَّا تَكْتَسُونَ، وَلَا تَضْرِبُوهُنَّ، وَلَا تُقَبِّحُوهُنَّ».

موعاویەی قوشەیری ﷺ دەڵێت: هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، پێم گوت: چی دەڵێیت دەربارەی خێزانەکانمان؟ فەرمووی: «جا خۆتان چی دەخۆن ئەوەیان بدەنێ بیخۆن، چی دەپۆشن لەو پۆشاکەش بیاندەنێ بیپۆشن، لێیان مەدەن و مەڵێن ئەم شوێنەت ناشیرینە (نەڵێیت خوا ناشیرین و ڕیسوات بکات)».

بَابٌ فِي ضَرْبِ النِّسَاءِ

باسێك دەربارەی لێدانی ئافرەتان

٣٣٦. عَنْ إِيَاسِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي ذُبَابٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَضْرِبُوا إِمَاءَ اللَّهِ».

ئیاسی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو زوباب ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە ئافرەتانی بەندەی خوا مەدەن».

تێبینی:

پیاو (عَبْدُ الله)یە، ئافرەتیش (أَمَةُ لله)یە، هەردووکی واتە: بەندەی خوا.

بَابُ مَا يُؤْمَرُ بِهِ مِنْ غَضِّ الْبَصَرِ

باسی ئەوەی فەرمان کراوە بە چاوداخستن لە حەرام

٣٣٧. عَنْ جَرِيرٍ ﷺ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَنْ نَظْرَةِ الْفَجْأَةِ؟ فَقَالَ: «اصْرِفْ بَصَرَكَ».

جەریر ﷺ دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی سەیرکردنی لەپڕ

و لەناكاو؟ فەرمووی: «چاوت وەرگێڕە و تەماشای مەكە».

٣٣٨. عَنِ ابْنِ بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِعَلِيٍّ: «يَا عَلِيُّ لَا تُتْبِعِ النَّظْرَةَ النَّظْرَةَ، فَإِنَّ لَكَ الْأُولَى وَلَيْسَتْ لَكَ الْآخِرَةُ».

ئیبن بوڕەیدە، لە باوكییەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ بە عەلی فەرموو: «ئەی عەلی یەك لەدوای یەك تەماشای ئافرەت مەكە، بەڵكوو یەكەمجار كە بەرچاوت كەوت ئەوا ئاساییە (لەبەر ئەوەی بەبێ مەبەست بووە گوناهبار نابیت)، بەڵام ئەمەی دووەمجار (كە بەویستی خۆت تەماشا دەكەیت) ئەوە گوناهبار دەبیت».

٣٣٩. عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تُبَاشِرُ الْمَرْأَةُ الْمَرْأَةَ، لِتَنْعَتَهَا لِزَوْجِهَا كَأَنَّمَا يَنْظُرُ إِلَيْهَا».

ئیبن مەسعوود ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «نابێت ژن زۆر تێكەڵی ژنێكی دیكە بێت و سەرنجی بدات و بە جۆرێك بۆ مێردەكەی باس بكات كە وەكوو (پیاوەكە خۆی) بینیبێتی ئاوا بێت».

٣٤٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «لِكُلِّ ابْنِ آدَمَ حَظُّهُ مِنَ الزِّنَا». بِهَذِهِ الْقِصَّةِ قَالَ: «وَالْيَدَانِ تَزْنِيَانِ فَزِنَاهُمَا الْبَطْشُ، وَالرِّجْلَانِ تَزْنِيَانِ فَزِنَاهُمَا الْمَشْيُ، وَالْفَمُ يَزْنِي فَزِنَاهُ الْقُبَلُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەموو ئادەمیزادێك بەشی خۆی تووشی زینا دەبێت»، هەمان شت باس دەكات، دەفەرموێت: «هەردوو دەستیش زینا دەكەن زیناكردنیان دەستبەركەوتنە (دەستیان بەر ئافرەتی نامەحرەم بكەوێت)، هەردوو پێ زینا دەكەن زینای پێ ڕۆیشتنە (هەنگاونانە بۆ ئەو شوێنە خراپانە)، دەمیش زینا دەكات زینای دەم ماچكردنە».

٣٤١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ بِهَذِهِ الْقِصَّةِ قَالَ: «وَالْأُذُنُ زِنَاهَا الِاسْتِمَاعُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ هەمان بەسەرهات لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە، کە تێیدا فەرموویەتی: «گوێش زینا دەکات، زینای گوێ بریتییە لە بیستن (گوێگرتن بۆ باسکردنی شتی فاحیشە، دەبێت مرۆڤ دڵ و دەست و دەم و گوێ و چاوی بپارێزێت)».

بَابٌ فِي جَامِعِ النِّكَاحِ

باسێك دەربارەی کۆباسی هاوسەرگیری

٣٤٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ، قَالَ: بِسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا، ثُمَّ قُدِّرَ أَنْ يَكُونَ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ فِي ذَلِكَ لَمْ يَضُرَّهُ شَيْطَانٌ أَبَدًا».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی بچێتە لای خێزانی (بۆ سەرجێیی)، بڵێت: بە ناوی خوا، خوایە شەیتانمان لێ دوور بخەرەوە و شەیتانیش دوور خەیتەوە لەو منداڵەی کە پێمان دەبەخشیت، پاشان ئەگەر لەو پرۆسەدا خوا تەقدیری بکات و منداڵیان ببێت ئەوە هەرگیز شەیتان زەرەر بەو منداڵە ناگەیەنێت».

بَابٌ فِي كَفَّارَةِ مَنْ أَتَى حَائِضًا

باسێك دەربارەی کەفارەتی پیاوێك بچێتە لای خێزانی لە حەیزدا

٣٤٣. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: فِي الَّذِي يَأْتِي امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ؟ قَالَ: «يَتَصَدَّقُ بِدِينَارٍ، أَوْ بِنِصْفِ دِينَارٍ».

ئیبن عەبباس ﵄ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: پرسیاری لێ کراوە دەربارەی کەسێك بچێتە لای خێزانی لە حەیزدا؟ فەرمووی: «(کەفارەتی ئەوەیە) دینارێك، یاخود نیو دینار بکاتە خێر و صەدەقە».

كِتَاب الطَّلَاقِ

پەرتووكی تەڵاق (جیابوونەوە)

أَبْوَابُ تَفْرِيعِ أَبْوَابِ الطَّلَاقِ

كۆباسەكانی بابەتی جیابوونەوە (طلاق)

بَابٌ فِيمَنْ خَبَّبَ امْرَأَةً عَلَى زَوْجِهَا

باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی ژنێك لە مێردەكەی هەڵدەگێڕێتەوە (خۆی مارەی دەكات)

٣٤٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ خَبَّبَ امْرَأَةً عَلَى زَوْجِهَا، أَوْ عَبْدًا عَلَى سَيِّدِهِ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە ئێمە نییە كەسێك ئافرەت لە مێردەكەی هەڵگەڕێنێتەوە و كێشە بخاتە نێوانیانەوە و بیخەڵەتێنێت، یاخود كۆیلەیەك لە گەورەكەی بكات».

بَابٌ فِي الْمَرْأَةِ تَسْأَلُ زَوْجَهَا طَلَاقَ امْرَأَةٍ لَهُ

باسێك دەربارەی ئافرەتێك داوا لە پیاوەكەی دەكات كە هاوسەرەكەی تەڵاق بدات

٣٤٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَسْأَلِ الْمَرْأَةُ طَلَاقَ أُخْتِهَا لِتَسْتَفْرِغَ صَحْفَتَهَا وَلِتَنْكِحَ، فَإِنَّمَا لَهَا مَا قُدِّرَ لَهَا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «با ئافرەتێك داوای تەڵاقی خوشكەكەی نەكات[1] بۆئەوەی قاپەكەی ئەم بەتاڵ بێت و هەمووی بۆ ئەو بێت، با شوو بكات، ئەوەی كە خوا بۆ ئەوی تەقدیر كردووە دەستی دەكەوێت».

بَابٌ فِي طَلَاقِ السُّنَّةِ

باسێك دەربارەی تەڵاقی سوننی (شەرعی)

٣٤٦. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ، وَهِيَ حَائِضٌ، فَذَكَرَ ذَلِكَ عُمَرُ لِلنَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا، ثُمَّ لِيُطَلِّقْهَا إِذَا طَهُرَتْ، أَوْ وَهِيَ حَامِلٌ».

لە ئیبن عومەرەوە ﵄ دەگێڕنەوە: خێزانەكەی لە سووڕی مانگانەدا تەڵاق دا، عومەریش ﵁ ئەم بابەتەی بۆ پێغەمبەر ﷺ باس كرد، جا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «پێی بڵێ (فەرمانی پێ بكە) با بیگێڕێتەوە ژێر نیكاحی خۆی، پاشان هەر كات پاك بۆوە (نەچێتە لای) یان هەر كات دەركەوت دووگیانە، ئەوكات تەڵاقی بدات».

---

(١) خوشكە ئایینییەكەی، بۆیە دەفەرموێت: خوشكی، بۆ ئەوەی كە زیاتر ڕەحم و سۆزی بۆی هەبێت، لەبەر ئەوەی ئافرەتی وا هەیە كاتێك پیاو دەچێتە داخوازیی، دەڵێت: شووت پێ ناكەم تا خێزانەكەت تەڵاق نەدەیت، بۆیە داوای تەڵاقدانی خوشكە دینییەكەت مەكە.

بَابٌ فِيمَا عُنِيَ بِهِ الطَّلَاقُ وَالنِّيَّاتُ

باسێك دەربارەی پەیوەندیی نیەت بە تەڵاقەوە

٣٤٧. عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ﵁ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ».

عومەری کوڕی خەتتاب ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بێگومان (قبووڵبوونی) کردەوەکان بەپێی نیازەکانە، هەموو کەسێك بە پێی نیازەکەی پاداشت دەدرێتەوە، جا هەر کەسێك کۆچکردنی بۆ لای خوا و پێغەمبەری خوا بێت، ئەوە کۆچکردنەکەی بۆ لای خوا و پێغەمبەری خوایە، هەر کەسێك کۆچکردنی بۆ بەدەستهێنانی (دەستکەوتێکی) دونیایی بێت، یان بۆ مارەکردنی ئافرەتێك بێت، ئەوە کۆچکردنەکەی بۆ ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووە».

بَابٌ فِي الْوَسْوَسَةِ بِالطَّلَاقِ

باسێك دەربارەی پەیوەندیی خوتخوتە بە تەڵاقەوە

٣٤٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِأُمَّتِي عَمَّا لَمْ تَتَكَلَّمْ بِهِ، أَوْ تَعْمَلْ بِهِ، وَبِمَا حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَهَا».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «بێگومان خوا چاوپۆشیی کردووە لە ئوممەتەکەم لە شتێك کە بە قسە نەیڵێت، یان کردەوەیەك کە ئەنجامی نەدات، هەروەها لەو شتەش کە لە دڵی خۆیدا دەیڵێت».

تێبینی:

واتە ئەگەر شتێك بە دڵی مرۆڤدا بێت و قسەیەکی خراپ بێت، ئەوە ئەگەر قسەکە نەکات لەسەری حیساب نییە، ئەگەر کردەوەش بێت، مادام کردەوەکە ئەنجام نەدات دیسان لەسەری حیساب ناکرێت.

بَابٌ فِي الْخُلْعِ

باسێك دەربارەی خولع (خۆداڕنینی ژن لە مێردەکەی)

٣٤٩. عَنْ ثَوْبَانَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ سَأَلَتْ زَوْجَهَا طَلَاقًا فِي غَيْرِ مَا بَأْسٍ، فَحَرَامٌ عَلَيْهَا رَائِحَةُ الْجَنَّةِ».

سەوبان ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر ئافرەتێك داوای تەڵاق بکات لە مێردەکەی، بەبێ هیچ هۆکارێکی شەرعی ئەوە بۆنی بەهەشت حەرامە لەو ئافرەتە (بۆنی بەهەشت ناکات)».

بَابٌ إِلَى مَتَى تُرَدُّ عَلَيْهِ امْرَأَتُهُ إِذَا أَسْلَمَ بَعْدَهَا؟

باسێك: ئایا ئەگەر مێرد بووە موسوڵمان ژنەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە؟

٣٥٠. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: رَدَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ابْنَتَهُ زَيْنَبَ عَلَى أَبِي الْعَاصِ بِالنِّكَاحِ الْأَوَّلِ. لَمْ يُحْدِثْ شَيْئًا، قَالَ مُحَمَّدُ بْنُ عَمْرٍو، فِي حَدِيثِهِ: بَعْدَ سِتِّ سِنِينَ، وَقَالَ الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ: بَعْدَ سَنَتَيْنِ.

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ زەینەبی کچی دایەوە بە ئەبولعاص هەر بە مارەکردنی پێشوو، هیچ شتێکی نوێ ڕووی نەدا. موحەممەدی کوڕی عەمر

له گێڕانەوەکەی خۆیدا دەڵێت: لە دوای شەش ساڵ پێی دایەوە. حەسەنی کوڕی عەلی دەڵێت: لە دوای دوو ساڵ.

تێبینی:

مەبەست ئەوەیە ژن و پیاوێك ناموسوڵمانن، ژنەکە سەرەتا موسوڵمان دەبێت و جیا دەبێتەوە لە پیاوەکە، ئایا دوای ئەوەی ماوەیەکی بەسەردا دەڕوات پیاوەکە دەبێتە موسوڵمان ژنەکەی خۆی پێ دەدرێتەوە؟ بەپێی ئەم فەرموودە بەڵێ پێی دەدرێتەوە.

بَابُ الْوَلَدُ لِلْفِرَاشِ

باسی ئەوەی کە منداڵ لەسەر جێگەی کێ لەدایك ببێت هیی ئەوە

٣٥١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: اخْتَصَمَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ، وَعَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي ابْنِ أَمَةِ زَمْعَةَ، فَقَالَ سَعْدٌ: أَوْصَانِي أَخِي عُتْبَةُ إِذَا قَدِمْتُ مَكَّةَ أَنْ أَنْظُرَ إِلَى ابْنِ أَمَةِ زَمْعَةَ فَأَقْبِضَهُ فَإِنَّهُ ابْنُهُ، وَقَالَ عَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ: أَخِي ابْنُ أَمَةِ أَبِي، وُلِدَ عَلَى فِرَاشِ أَبِي، فَرَأَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ شَبَهًا بَيِّنًا بِعُتْبَةَ، فَقَالَ: «الْوَلَدُ لِلْفِرَاشِ وَلِلْعَاهِرِ الْحَجَرُ، وَاحْتَجِبِي عَنْهُ يَا سَوْدَةُ»، زَادَ مُسَدَّد فِي حَدِيثِهِ، وَقَالَ: «هُوَ أَخُوكَ يَا عَبْدُ».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص ﵁ لەگەڵ عەبدی کوڕی زەمعە لەسەر کوڕێکی کەنیزەکی زەمعە لێیان بوو بە کێشە، (کێشەکەیان برد) بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، سەعد گوتی: عوتبەی برام ڕایسپاردم کە هەر کات هاتمەوە مەککە بەدوای کوڕی کەنیزەکی زەمعەدا بگەڕێم و وەریبگرمەوە، چونکە کوڕیەتی، عەبدی کوڕی زەمعەش گوتی: کوڕی کەنیزەکی باوکمە بۆیە برامە، لەنێو نوێنی باوکمدا لەدایك بووە، ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ بینیی کە بەئاشکرا دیارە کە بە عوتبە دەچێت، بۆیە فەرمووی: «منداڵ هیی سەر جێگا و نوێنە (هیی خاوەن

جێگەیە) و داوێنپیسیش تەنها دەستخەڕۆیی و خەسارەتمەندی بۆ دەمێنێتەوە، ئەی سەودە (کە کچی زەمعە بوو) خۆتی لێ پەنا بدە (و بە مەحرەمی مەزانە)»، موسەددەد لە گێڕانەوەکەیدا ئەوەشی زیاد کردووە، هەروەها فەرمووی: «ئەوە برای تۆیە ئەی عەبد».

بَابٌ فِي الْمُرَاجَعَةِ

باسێك دەربارەی گێڕانەوەی ئافرەت (دوای تەڵاقدان)

٣٥٢. عَنْ عُمَرَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ طَلَّقَ حَفْصَةَ، ثُمَّ رَاجَعَهَا.

عومەر ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ حەفصەی (کچی پێشەوا عومەری) تەڵاق دا (کە خێزانی بوو)، پاشان گەڕاندیەوە.

بَابٌ فِي عِدَّةِ أُمِّ الْوَلَدِ

باسێك دەربارەی کەنیزەکێك کە مێردەکەی بمرێت (ئایا عیددەی ئەم چەندە؟)

٣٥٣. عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ﵁ قَالَ: «لَا تُلَبِّسُوا عَلَيْنَا سُنَّةً»، قَالَ ابْنُ الْمُثَنَّى: «سُنَّةَ نَبِيِّنَا ﷺ عِدَّةُ الْمُتَوَفَّى عَنْهَا أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ وَعَشْرٌ يَعْنِي أُمَّ الْوَلَدِ».

عەمری کوڕی عاص ﵁ دەڵێت: سوننەتەکەمان لێ تێك مەدەن، ئیبن موسەننا دەڵێت: سوننەتی پێغەمبەرمانە ﷺ (لێیان تێکەڵ مەکەن)، کەنیزەکیش کە مێردەکەی بمرێت عیددەکەی هەر چوار مانگ و دە ڕۆژە، وەکوو ئافرەتی ئازاد وایە.

بَابُ الْمَبْتُوتَةِ لَا يَرْجِعُ إِلَيْهَا زَوْجُهَا حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ

باسی ئافرەتی سێ جار تەڵاقدراو ناتوانێت شوو بکاتەوە بە مێردەکەی، تا شوو بەپیاوێکی دیکە نەکات

٣٥٤. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، عَنْ رَجُلٍ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ - يَعْنِي ثَلَاثًا - فَتَزَوَّجَتْ زَوْجًا غَيْرَهُ، فَدَخَلَ بِهَا، ثُمَّ طَلَّقَهَا قَبْلَ أَنْ يُوَاقِعَهَا أَتَحِلُّ لِزَوْجِهَا الْأَوَّلِ؟ قَالَتْ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَا تَحِلُّ لِلْأَوَّلِ حَتَّى تَذُوقَ عُسَيْلَةَ الْآخَرِ، وَيَذُوقَ عُسَيْلَتَهَا».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی پیاوێك خێزانەکەی تەڵاق داوە، -واتە: تەڵاقی سێیەم-، شووی کرد بە پیاوێکی دیکە و ئەو پیاوە گواستیەوە، بەڵام ئەو پیاوە تەڵاقی دەدات پێش ئەوەی سەرجێیی لەگەڵدا بکات، ئایا بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ دەبێت؟ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «بۆ مێردی یەکەمی حەڵاڵ نییە تا سەرجێیی لەگەڵدا نەکات و چێژ لەم پیاوە دەبینێت و پیاوەکەش چێژ لەو دەبینێت».

بَابٌ فِي تَعْظِيمِ الزِّنَا

باسێك دەربارەی بەگەورەزانینی زینا

٣٥٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ؟ قَالَ: «أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ»، قَالَ: فَقُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: «أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ مَخَافَةَ أَنْ يَأْكُلَ مَعَكَ»، قَالَ: قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: «أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ»، قَالَ: وَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى تَصْدِيقَ قَوْلِ النَّبِيِّ ﷺ: {وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ} الفرقان: ٦٨، الْآيَةَ.

عەبدوڵڵا ﵁ دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، چ گوناهێك لە هەموو گوناهان

گەورەترە؟ فەرمووی: «تۆ هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدەیت، کەسێك بکەیتە هاوشێوەی خوا لە کاتێکدا خوا تۆی دروست کردووە»، دەڵێت: گوتم: ئەی لەدوای ئەوە؟ فەرمووی: «منداڵەکەت بکوژیت لە ترسی ئەوەی نەك لەگەڵتدا نان بخوات»، دەڵێت: گوتم: ئەی لەدوای ئەوە؟ فەرمووی: «زینا بکەیت لەگەڵ خێزانی هاوسێکەتدا»، دەڵێت: ئەم ئایەتە دابەزی وەکوو پشتڕاستکردنەوەی فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ: {وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ}، واتە: ئەوانەی کە لەگەڵ خوادا هیچ پەرستراوێکی دیکە ناکەنە هاوبەش بۆ خوا، ئەو نەفسەی خوا حەرامی کردووە نایکوژن تەنها بەهەق نەبێت، زیناش ناکەن.

٣٥٦. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنهما يَقُولُ: جَاءَتْ مِسْكِينَةٌ لِبَعْضِ الْأَنْصَارِ، فَقَالَتْ: إِنَّ سَيِّدِي يُكْرِهُنِي عَلَى الْبِغَاءِ فَنَزَلَ فِي ذَلِكَ: {وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ} النور: ٣٣.

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا رضي الله عنهما دەڵێت: میسکینە هات بۆلای یەکێك لە ئەنصارییەکان، گوتی: گەورەکەم تۆبزیم لێ دەکات بۆ زیناکردن، ئیدی ئەو ئایەتە لەسەر ئەوە دابەزی: {وَلَا تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ}، واتە: تۆبزی لە کەنیزەکەکانتان مەکەن بۆ داوێنپیسی.

✎ تێبینی:

ئەو ئایەتە مەفهومی موخالەفەی لێ وەرناگیرێت، واتە کە دەفەرموێت: زۆریان لێ مەکەن مادام خۆیان داوێنپاکن، مانای ئەوە نییە ئەگەر خۆیان پێیانخۆش بێت ڕێگەیان پێ بدرێت.

كِتَابُ الصَّوْمِ

پەرتووکی ڕۆژوو

بَابُ الشَّهْرِ يَكُونُ تِسْعًا وَعِشْرِينَ

باسی مانگی کۆچی (جار وایە سییە) جاری وایە بیست و نۆیە

٣٥٧. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّا أُمَّةٌ أُمِّيَّةٌ لَا نَكْتُبُ، وَلَا نَحْسُبُ، الشَّهْرُ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا»، وَخَنَسَ سُلَيْمَانُ أُصْبُعَهُ فِي الثَّالِثَةِ، يَعْنِي تِسْعًا وَعِشْرِينَ وَثَلَاثِينَ.

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئێمەی عەرەب نەتەوەیەکی نەخوێندەوارین[1]، نووسین و حیساب نازانین، مانگ ئاوا و ئاوا و ئاوایە، (سێ جار دەستەکانی نوقاند، واتا: دە و دە و دە دەکاتە سی)»، (لە ڕاوی کە سولەیمانە) لە سێیەم جاردا جارێکی دیکەیان پەنجە گەورەکەی خەواند، واتە: مانگ هەیە بیست و نۆیە.

---

(١) لەبەر ئەوەی پێشتر کتێبی ئاسمانییان بۆ دانەبەزیوە بەشێوازێکی گشتی خەڵکی نەخوێندەوار بووە، هەر چەندە کەمێکیان تیادا بووە خوێندەوار بوونە.

٣٥٨. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﭬ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الشَّهْرُ تِسْعٌ وَعِشْرُونَ، فَلَا تَصُومُوا حَتَّى تَرَوْهُ، وَلَا تُفْطِرُوا حَتَّى تَرَوْهُ، فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُمْ فَاقْدُرُوا لَهُ ثَلَاثِينَ».

ئیبن عومەر ﭬ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «مانگ بیست و نۆیە، بەڕۆژوو مەبن تا مانگ نەبینن (مانگی یەکشەوەی ڕەمەزان)، وە مەیکەن بە جەژن تا مانگ (ی یەکشەوەی شەوال) نەبینن، ئەگەر هەور بوو (مانگ دیار نەبوو)، ئەوە (شەعبان) سی بگرن یان ڕەمەزان سی بگرن».

٣٥٩. عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه قَالَ: لَمَا صُمْنَا مَعَ النَّبِيِّ ﷺ تِسْعًا وَعِشْرِينَ أَكْثَرَ مِمَّا صُمْنَا مَعَهُ ثَلَاثِينَ.

ئیبن مەسعوود رضي الله عنه دەڵێت: زۆربەی ئەو مانگانەی لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژوو دەبووین زیاتر بیست و نۆ بووە نەك سی (مانگی کۆچی زۆربەی بیست و نۆیە).

٣٦٠. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْرَةَ، عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «شَهْرَا عِيدٍ لَا يَنْقُصَانِ رَمَضَانُ، وَذُو الْحِجَّةِ».

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکرە، لە باوکیەوە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەردوو مانگەکەی جەژن کەم ناکەن، مانگی جەژن مانگی ڕەمەزانە کە دوای ئەوە مانگی شەوال دێت و جەژنی ڕەمەزانە، مانگی زیلحیججەیە (کە جەژنی قوربانی تیادایە)».

تێبینی:

بە مانگی ڕەمەزان گوتراوە: مانگی جەژن، لەبەر نزیکیی لە جەژنەوە، کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان بۆ شەوەکەی مانگی یەکشەوەی شەوال دەبینرێت و جەژنە، بۆیە پێی دەگوترێت ئەم دوو مانگەی جەژن کەم ناکەن، واتە: لە پاداشتدا کەم ناکەن، یاخود

گوتراوە: ئەگەر یەکێکیان بیست و نۆ بێت، ئەوی دیکە سی دەبێت، بەڵکوو مەبەستی کردەوەیە، واتە: کردەوەی چاك لە مانگی ڕەمەزان و لە مانگی زیلحیجەدا پاداشتیان یەکجار زۆرە و کەم ناکات، ئەم دوو مانگە دوو مانگی زۆر پیرۆزن کە مانگی ڕەمەزان و زیلحیجەیە.

بَابٌ: إِذَا أُغْمِيَ الشَّهْرُ

باسێك: ئەگەر مانگی یەکشەوەی شەعبان بەهۆی هەور دیار نەبوو

٣٦١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَتَحَفَّظُ مِنْ شَعْبَانَ مَا لَا يَتَحَفَّظُ مِنْ غَيْرِهِ، ثُمَّ يَصُومُ لِرُؤْيَةِ رَمَضَانَ، فَإِنْ غُمَّ عَلَيْهِ عَدَّ ثَلَاثِينَ يَوْمًا ثُمَّ صَامَ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندەی پارێزگاری دەکرد لە ژماردنی ڕۆژەکانی شەعباندا ئەوەندە پارێزگاری نەدەکرد لە مانگەکانی دیکەدا، پاشان مانگی (یەکشەوەی ڕەمەزانی) ببینیایە بەڕۆژوو دەبوو، ئەگەر هەور بووایە شەعبانی دەکرد بە سی ڕۆژ و دوای ئەوە بەڕۆژوو دەبوو.

٣٦٢. عَنْ حُذَيْفَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تُقَدِّمُوا الشَّهْرَ حَتَّى تَرَوُا الْهِلَالَ، أَوْ تُكْمِلُوا الْعِدَّةَ، ثُمَّ صُومُوا حَتَّى تَرَوُا الْهِلَالَ، أَوْ تُكْمِلُوا الْعِدَّةَ».

حوزەیفە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئێوە پێش مانگ بەڕۆژوو مەبن پەلە مەکەن تا مانگ دەبینن، (یان مانگی یەکشەوە دەبینن) یان سی پڕ دەگرن (ئەوە لە شەعباندا کە مانگت بینی ئینجا بەڕۆژوو دەبیت، مانگت نەبینی شەعبان سی پڕ دەکەیت)، پاشان بەڕۆژوو بن تا مانگ دەبینن، یاخود ژمارەکە تەواو دەکەن (بۆ ڕەمەزانیش هەر وایە)».

بَابُ مَنْ قَالَ: فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُمْ فَصُومُوا ثَلاثِينَ

باسی ئەوەی دەڵێت: ئەگەر هەور بوو ئێوە سی (ڕۆژ) بەڕۆژوو بن

٣٦٣. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تُقَدِّمُوا الشَّهْرَ بِصِيَامِ يَوْمٍ، وَلَا يَوْمَيْنِ إِلَّا أَنْ يَكُونَ شَيْءٌ يَصُومُهُ أَحَدُكُمْ، وَلَا تَصُومُوا حَتَّى تَرَوْهُ، ثُمَّ صُومُوا حَتَّى تَرَوْهُ، فَإِنْ حَالَ دُونَهُ غَمَامَةٌ، فَأَتِمُّوا الْعِدَّةَ ثَلَاثِينَ، ثُمَّ أَفْطِرُوا وَالشَّهْرُ تِسْعٌ وَعِشْرُونَ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «پێش ڕەمەزان بە ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ بەڕۆژوو مەبن، جگە لە یەکێك کە ڕۆژووی نەزری لەسەرە، بەڕۆژوو مەبن تا مانگی یەکشەوە (ی ڕەمەزان) دەبینن، پاشان بەڕۆژوو بن (تا لەو سەرەوە) مانگی یەکشەوە (ی شەوال) دەبینن، ئەگەر هەور بەری مانگی گرتبوو، ڕەمەزان بکەن بە سی، پاشان بیکەن بە جەژن، جاری واش هەیە مانگ بیست و نۆیە».

بَابٌ فِيمَنْ يَصِلُ شَعْبَانَ بِرَمَضَانَ

باسێك دەربارەی کەسێك هەموو شەعبان بەڕۆژوو دەبێت و دەیگەیەنێت بە ڕەمەزان

٣٦٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا تُقَدِّمُوا صَوْمَ رَمَضَانَ بِيَوْمٍ، وَلَا يَوْمَيْنِ، إِلَّا أَنْ يَكُونَ صَوْمٌ يَصُومُهُ رَجُلٌ، فَلْيَصُمْ ذَلِكَ الصَّوْمَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان بەڕۆژوو مەبن، مەگەر هاتوو کەسێك عادەتی وایە بەڕۆژوو دەبێت (یان نەزرێکی لەسەرە)، ئەوە ئاساییە ئەگەر بەڕۆژوو بێت».

بَابٌ فِي شَهَادَةِ الْوَاحِدِ عَلَى رُؤْيَةِ هِلَالِ رَمَضَانَ

باسێك دەربارەی شایەتیدانی یەك كەس لەسەر بینینی مانگی نوێ (ی یەكشەوەی) ڕەمەزان

٣٦٥. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: تَرَائِي النَّاسُ الْهِلَالَ، فَأَخْبَرْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، أَنِّي رَأَيْتُهُ فَصَامَهُ، وَأَمَرَ النَّاسَ بِصِيَامِهِ.

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: خەڵكی بۆ مانگی یەكشەوەیان دەڕوانی (بۆی دەگەڕان و چاودێرییان دەكرد)، منیش هەواڵم بە پێغەمبەری خوا ﷺ دا كە من بینیومە، ئەویش خۆی بەڕۆژوو بوو، هەروەها فەرمانیشی بە خەڵك كرد كە بەڕۆژوو بن.

بَابٌ فِي تَوْكِيدِ السُّحُورِ

باسێك دەربارەی جەختكردنەوە لەسەر پارشێوكردن

٣٦٦. عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ فَصْلَ مَا بَيْنَ صِيَامِنَا وَصِيَامِ أَهْلِ الْكِتَابِ أَكْلَةُ السَّحَرِ».

عەمری كوڕی عاص ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «جیاوازی نێوان ڕۆژووی ئێمە و ڕۆژووی خاوەن كتێبەكان خواردنی پارشێوە».

٣٦٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «نِعْمَ سَحُورُ الْمُؤْمِنِ التَّمْرُ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «باشترین خواردنێك كە بڕوادار لە پارشێودا بیخوات خورمایە».

بَابُ وَقْتِ السُّحُورِ

باسی کاتی پارشێوکردن

٣٦٨. عَنْ قَيْسِ بْنِ طَلْقٍ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «كُلُوا وَاشْرَبُوا، وَلَا يَهِيدَنَّكُمُ السَّاطِعُ الْمُصْعِدُ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَعْتَرِضَ لَكُمُ الْأَحْمَرُ».

قەیسی کوڕی تەلق، لە باوکییەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بخۆن و بخۆنەوە، با ئەو ڕووناکییەی کە بەرز دەبێتەوە، ڕێگریتان نەکات لە خواردن و خواردنەوە، بخۆن و بخۆنەوە تا سوورایییەکە بە باری پانیدا دەردەکەوێت».

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَسْمَعُ النِّدَاءَ وَالْإِنَاءُ عَلَى يَدِهِ

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی گوێی لە بانگ دەبێت و قاپی بەدەستەوەیە

٣٦٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا سَمِعَ أَحَدُكُمُ النِّدَاءَ وَالْإِنَاءُ عَلَى يَدِهِ، فَلَا يَضَعْهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ مِنْهُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێکتان گوێی لە بانگی بەیانی بوو (بانگی دووەم)، قاپەکە بەدەستیەوە بوو، با دایەنێت تا پێویستی خۆی جێبەجێ دەکات».

بَابُ مَا يُسْتَحَبُّ مِنْ تَعْجِيلِ الْفِطْرِ

باسی ئەوەی کە سوننەتە بەپەلە و لە کاتی خۆیدا ڕۆژوو بشکێنرێت

٣٧٠. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ يَقُولُ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُفْطِرُ عَلَى رُطَبَاتٍ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ رُطَبَاتٌ، فَعَلَى تَمَرَاتٍ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ حَسَا حَسَوَاتٍ مِنْ مَاءٍ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژووی دەشکاند بە چەند دەنکە خورمایەکی تەڕ، پێش ئەوەی نوێژی شێوان بکات، ئەگەر خورما تەڕەکە نەبووایە بە هەر جۆرە خورمایەکی دیکە بووایە ڕۆژووی دەشکاند، ئەگەر نەبووایە سێ قوم ئاوی دەخواردەوە.

بَابُ الْفِطْرِ قَبْلَ غُرُوبِ الشَّمْسِ

باسی ڕۆژووشکاندن پێش خۆرئاوابوون

٣٧١. عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ ﵄ قَالَتْ: أَفْطَرْنَا يَوْمًا فِي رَمَضَانَ فِي غَيْمٍ، فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، ثُمَّ طَلَعَتِ الشَّمْسُ، قَالَ أَبُو أُسَامَةَ: قُلْتُ لِهِشَامٍ: أُمِرُوا بِالْقَضَاءِ، قَالَ: وَبُدٌّ مِنْ ذَلِكَ.

ئەسمائی کچی ئەبو بەکر ﵄ دەڵێت: ڕۆژێکیان لە مانگی ڕەمەزان هەور بوو لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ، ڕۆژوومان شکاند وامان زانی خۆر ئاوا بووە، پاشان کە هەورەکە لاچوو خۆر دەرکەوت، ئەبو ئوسامە دەڵێت: بە هیشامم گوت: ئایا فەرمانیان پێ کرا بە قەزاکردنەوەی ئەو ڕۆژە؟ گوتی: هەر دەبێت ئەو شتە بکەن.

بَابٌ فِي الْوِصَالِ

باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون بەبێ پچڕاندن (ڕۆژ و شەو)

٣٧٢. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنِ الوِصَالِ، قَالُوا: فَإِنَّكَ تُوَاصِلُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: «إِنِّي لَسْتُ كَهَيْئَتِكُمْ إِنِّي أُطْعَمُ وَأُسْقَى».

ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە لە هاوەڵان ڕۆژوو بگەیەنن بەیەکدی و نەیشکێنن، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەتا خۆت ویصال دەکەیت؟ فەرمووی: «من وەکوو ئێوە نیم، من خواردن و خواردنەوەم پێ دەدرێت».

بَابُ الْغِيبَةِ لِلصَّائِمِ

باسی غەیبەتکردن بۆ کەسی ڕۆژووەوان

٣٧٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ، وَالْعَمَلَ بِهِ، فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك واز لە درۆ و کرداری خراپ نەهێنێت، ئەوە خوا پێویستیی بەوە نییە ئەو واز لە خواردن و خواردنەوەی خۆی بێنێت».

٣٧٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «الصِّيَامُ جُنَّةٌ إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ صَائِمًا فَلَا يَرْفُثْ، وَلَا يَجْهَلْ، فَإِنْ امْرُؤٌ قَاتَلَهُ، أَوْ شَاتَمَهُ، فَلْيَقُلْ: إِنِّي صَائِمٌ، إِنِّي صَائِمٌ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ڕۆژوو قەڵغانە، ئەگەر

یەكێك لە ئێوە بەڕۆژوو بوو با قسەی بێمانا و پووچ نەكات، با نەزانی و نەفامیش نەكات، ئەگەر كەسێكیش شەڕی لەگەڵدا كرد، یان جوێنی پێ دا، با بڵێت: من بەڕۆژووم، من بەڕۆژووم».

بَابُ الصَّائِمِ يَسْتَقِيءُ عَامِدًا

باسی كەسی ڕۆژووگر بەئەنقەست خۆی بڕشێنێتەوە

٣٧٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ ذَرَعَهُ قَيْءٌ، وَهُوَ صَائِمٌ، فَلَيْسَ عَلَيْهِ قَضَاءٌ، وَإِنْ اسْتَقَاءَ فَلْيَقْضِ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر كەسێك بەڕۆژوو بێت و ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و ڕشایەوە، قەزاكردنەوەی لەسەر نییە، بەڵام كەسێك خۆی خۆی بڕشێنێتەوە، پێویستە ڕۆژووەكە بگێڕێتەوە».

بَابُ الْقُبْلَةِ لِلصَّائِمِ

باسی ماچكردن بۆ ڕۆژووەوان

٣٧٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: يُقَبِّلُ وَهُوَ صَائِمٌ وَيُبَاشِرُ وَهُوَ صَائِمٌ، وَلَكِنَّهُ كَانَ أَمْلَكَ لِإِرْبِهِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ماچی خێزانەكانی دەكرد لە كاتێكدا ئەو بەڕۆژوو بوو، لێیان نزیك دەبووەوە بەڕۆژووش بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو كەس زیاتر خۆی دەگرت.

بَابُ مَنْ أَكَلَ نَاسِيًا

باسی کەسێك (ڕۆژووگر) لەبیری چوو شتی خوارد

٣٧٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَكَلْتُ وَشَرِبْتُ نَاسِيًا، وَأَنَا صَائِمٌ؟ فَقَالَ: «اللَّهُ أَطْعَمَكَ وَسَقَاكَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من خواردنم خوارد و خواردنەوەم خواردۆتەوە لەبیرم کردووە و بەڕۆژووش بوومە (ئایا ڕۆژووەکەم شکاوە)؟ فەرمووی: «خوا خواردن و خواردنەوەی بە تۆ بەخشیوە».

بَابُ تَأْخِيرِ قَضَاءِ رَمَضَانَ

باسی دواخستنی گێڕانەوەی مانگی ڕەمەزان

٣٧٨. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ تَقُولُ: إِنْ كَانَ لَيَكُونُ عَلَيَّ الصَّوْمُ مِنْ رَمَضَانَ، فَمَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَقْضِيَهُ حَتَّى يَأْتِيَ شَعْبَانُ.

عائیشە ﷺ دەڵێت: ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانم لەسەر بوو (قەرزدار دەبووم بەهۆی حەیزەوە)، نەمدەتوانی بیگێڕمەوە هەتا دەگەیشتمەوە مانگی شەعبان.

بَابٌ فِيمَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی مردووە و ڕۆژوو قەرزدار بووە

٣٧٩. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ»،

قَالَ أَبُو دَاوُدَ: «هَذَا فِي النَّذْرِ وَهُوَ قَوْلُ أَحْمَدَ بْنِ حَنْبَلٍ».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك بمرێت و ڕۆژووی لەسەر بێت (قەرزدار بێت)، کەسوکاری ڕۆژووەکەی لەجیاتی دەگرنەوە»، ئەبو داود دەڵێت: ئەمە ڕۆژووی نەزرە، ئەمە وتەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیشە.

بَابُ الصَّوْمِ فِي السَّفَرِ

باسی بەڕۆژووبوون لە سەفەردا

٣٨٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ حَمْزَةَ الْأَسْلَمِيَّ، سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي رَجُلٌ أَسْرُدُ الصَّوْمَ أَفَأَصُومُ فِي السَّفَرِ؟ قَالَ: «صُمْ إِنْ شِئْتَ، وَأَفْطِرْ إِنْ شِئْتَ».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: حەمزەی ئەسلەمی ﵁ پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من پیاوێکم بەردەوام بەڕۆژوو دەبم، ڕۆژووەکانم یەك لەدوای یەکە، ئایا لە گەشتدا هەر بەڕۆژوو بم؟ فەرمووی: «ویستت بەڕۆژوو بە، نەتویست بەڕۆژوو مەبە».

بَابُ اخْتِيَارِ الْفِطْرِ

باسی هەڵبژاردنی بەڕۆژوونەبوون لە گەشتدا

٣٨١. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، رَأَى رَجُلًا يُظَلَّلُ عَلَيْهِ، وَالزِّحَامُ عَلَيْهِ، فَقَالَ: «لَيْسَ مِنَ الْبِرِّ الصِّيَامُ فِي السَّفَرِ».

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە گەشتدا پیاوێکی

بینی سێبەری بۆ کراوە و قەرەباڵەغی لەسەرە، فەرمووی: «لە گەشتدا بەڕۆژووبوون لە چاکەکاریی نییە».

بَابٌ فِي صَوْمِ الْعِيدَيْنِ

باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون لە جەژنەکان

٣٨٢. عَنْ أَبِي عُبَيْدٍ قَالَ: شَهِدْتُ الْعِيدَ مَعَ عُمَرَ ﷺ فَبَدَأَ بِالصَّلَاةِ قَبْلَ الْخُطْبَةِ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنْ صِيَامِ هَذَيْنِ الْيَوْمَيْنِ، أَمَّا يَوْمُ الْأَضْحَى فَتَأْكُلُونَ مِنْ لَحْمِ نُسُكِكُمْ، وَأَمَّا يَوْمُ الْفِطْرِ فَفِطْرُكُمْ مِنْ صِيَامِكُمْ.

ئەبو عوبەید دەڵێت: لەگەڵ عومەر ﷺ ئامادەی نوێژی جەژن بووم، یەکەمجار نوێژەکەی کرد، پاشان وتاری دا (وەك پێغەمبەری خوا ﷺ)، پاشان گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی بەڕۆژووبوونی ئەم دوو ڕۆژەی کردووە، ڕۆژی جەژنی قوربان، ئێوە قوربانی دەکەن و لە قوربانییەکەی خۆتان دەخۆن، جەژنی ڕەمەزانیش بۆیە جەژنە، لەبەر ئەوەی ئێوە ڕۆژووی ڕەمەزانتان شکاندووە (نابێت تێیاندا بەڕۆژوو بن).

بَابُ النَّهْيِ أَنْ يَخُصَّ يَوْمُ الْجُمُعَةِ بِصَوْمٍ

باسی ناپەسندی تایبەتکردنی ڕۆژی هەینی بە ڕۆژووگرتن

٣٨٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَصُمْ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، إِلَّا أَنْ يَصُومَ قَبْلَهُ بِيَوْمٍ أَوْ بَعْدَهُ».

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ یەکێکتان (بەتەنها) لە ڕۆژی هەینیدا بەڕۆژوو نەبێت، مەگەر ڕۆژێك پێشی یاخود ڕۆژێك

پاشی بەڕۆژوو بێت».

بَابٌ فِي صَوْمِ الْمُحَرَّمِ

باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون لە مانگی موحەڕڕەمدا

٣٨٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ شَهْرِ رَمَضَانَ شَهْرُ اللَّهِ الْمُحَرَّمُ، وَإِنَّ أَفْضَلَ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْمَفْرُوضَةِ صَلَاةٌ مِنَ اللَّيْلِ»، لَمْ يَقُلْ قُتَيْبَةُ: «شَهْرٌ»، قَالَ: «رَمَضَانُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «باشترین ڕۆژوو لەدوای مانگی ڕەمەزان مانگی خوایە کە مانگی موحەڕڕەمە[١]، باشترین نوێژیش لەدوای نوێژە فەڕزەکان شەونوێژە». قوتەیبە نەیگوتووە: «مانگ»، تەنها گوتوویەتی: «لەدوای ڕەمەزان (نەك لە دوای مانگی ڕەمەزان، واتە: وشەی مانگی نەهێناوە)».

٣٨٥. عَنْ عُثْمَانَ ابْنِ حَكِيمٍ قَالَ: سَأَلْتُ سَعِيدَ بْنَ جُبَيْرٍ عَنْ صِيَامِ رَجَبٍ، فَقَالَ: أَخْبَرَنِي ابْنُ عَبَّاسٍ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَصُومُ حَتَّى نَقُولَ لَا يُفْطِرُ، وَيُفْطِرُ حَتَّى نَقُولَ لَا يَصُومُ.

عوسمانی کوڕی حەکیم دەڵێت: پرسیارم لە سەعیدی کوڕی جوبەیر کرد دەربارەی بەڕۆژووبوون لە مانگی ڕەجەب، گوتی: ئیبن عەبباس ﷺ هەواڵی پێ داوم پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕۆژوو بووە، تا دەمانگوت ئیدی ڕۆژوو ناشکێنێت، ڕۆژووی دەشکاند، تا دەمانگوت ئیدی بەڕۆژوو نابێت.

(١) لەبەر ئەوەی دەگوترێت: ناوی مانگەکانی دیکە هەمووی لەپێش ئیسلامدا ناو نراوە، تەنها مانگی موحەڕڕەم لە ئیسلامدا ناو نراوە بە موحەڕڕەم، کە پێیان دەگوت: صەفەری دووەم، پێغەمبەری خوا ﷺ گۆڕی بۆ موحەڕڕەم، بۆیە پێی دەگوترێت: مانگی خوا، ئەگەرنا مانگەکانی دیکە هەمووی مانگی خوایە، بەڵام ئەمە لە ئیسلامدا ناو نراوە.

بَابٌ فِي صَوْمِ شَعْبَانَ

باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون لە مانگی شەعباندا

٣٨٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ تَقُولُ: كَانَ أَحَبَّ الشُّهُورِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ أَنْ يَصُومَهُ: شَعْبَانُ، ثُمَّ يَصِلُهُ بِرَمَضَانَ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: خۆشەویستترین مانگ لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە تێیدا بەڕۆژوو بێت مانگی شەعبان بووە، پاشان دەیگەیاند بە ڕەمەزان.

بَابٌ فِي صَوْمِ سِتَّةِ أَيَّامٍ مِنْ شَوَّالٍ

باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی شەش ڕۆژ لە شەوال

٣٨٧. عَنْ أَبِي أَيُّوبَ ﵁ صَاحِبِ النَّبِيِّ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ بِسِتٍّ مِنْ شَوَّالٍ، فَكَأَنَّمَا صَامَ الدَّهْرَ».

ئەبو ئەییووب ﵁ هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت، پاشان شەش ڕۆژ لە شەوال بەدوایدا بەڕۆژوو بێت، وەك ئەوە وایە ساڵ دوازدەی مانگ بەڕۆژوو بووبێت».

بَابٌ فِي صَوْمِ الِاثْنَيْنِ وَالْخَمِيسِ

باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی دووشەممە و پێنجشەممان

٣٨٨. عَنْ مَوْلَى أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ ﵁: أَنَّهُ انْطَلَقَ مَعَ أُسَامَةَ إِلَى وَادِي الْقُرَى فِي

طَلَبِ مَالٍ لَهُ، فَكَانَ يَصُومُ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ، فَقَالَ لَهُ مَوْلَاهُ: لِمَ تَصُومُ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ، وَأَنْتَ شَيْخٌ كَبِيرٌ؟، فَقَالَ: إِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَصُومُ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ، وَسُئِلَ عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَ: «إِنَّ أَعْمَالَ الْعِبَادِ تُعْرَضُ يَوْمَ الِاثْنَيْنِ وَيَوْمَ الْخَمِيسِ».

خزمەتکاری ئوسامەی کوڕی زەید رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: لەگەڵ ئوسامەی کوڕی زەیددا هاتووە بۆ وادیلقوڕا (شوێنێکە لە نێوان مەدینە و شامدا)، بەدوای ماڵێکی خۆیدا گەڕاوە، (ئوسامەی کوڕی زەید) دووشەممان و پێنجشەممان بەڕۆژوو دەبوو، خزمەتکارەکەی پێی گوت: تۆ پیاوێکی بەساڵاچووی، بۆ دووشەممان و پێنجشەممان بەڕۆژوو دەبیت؟ گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ دووشەممان و پێنجشەممان بەڕۆژوو دەبوو، پرسیاریان لێ کرد لەو بارەوە، فەرمووی: «کردەوەی مرۆڤ دووشەممان و پێنجشەممان بەرز دەبێتەوە».

بَابٌ فِي صَوْمِ الْعَشْرِ

باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی دە ڕۆژی سەرەتای مانگی زیلحیججە

٣٨٩. عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَصُومُ تِسْعَ ذِي الْحِجَّةِ، وَيَوْمَ عَاشُورَاءَ، وَثَلَاثَةَ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، أَوَّلَ اثْنَيْنِ مِنَ الشَّهْرِ وَالْخَمِيسَ.

لە یەکێك لە خێزانەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕدرێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ نۆیەم ڕۆژی مانگی زیلحیججە بەڕۆژوو دەبوو، ڕۆژی عاشووڕاش بەڕۆژوو دەبوو، سێ ڕۆژیش لە هەموو مانگێدا بەڕۆژوو دەبوو، یەکەم دووشەممە لە مانگدا لەگەڵ پێنجشەممە.

٣٩٠. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷠ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا مِنْ أَيَّامٍ الْعَمَلُ الصَّالِحُ فِيهَا

أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ هَذِهِ الْأَيَّامِ». يَعْنِي أَيَّامَ الْعَشْرِ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَلَا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ؟ قَالَ: «وَلَا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، إِلَّا رَجُلٌ خَرَجَ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ، فَلَمْ يَرْجِعْ مِنْ ذَلِكَ بِشَيْءٍ».

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ ڕۆژانێك نییە کردەوەی چاك تیایاندا خۆشەویستتر بێت لای خوا لەم ڕۆژانەدا»، واتە: دە ڕۆژی سەرەتای مانگی زیلحیججە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەنانەت جیهادکردنیش لەپێناو خوا؟ فەرمووی: «نەخێر تەنانەت جیهادکردنیش لەپێناو خوا، مەگەر پیاوێك بە خۆی و بە ماڵەکەی دەرچووە بۆ جیهادکردن، نە خۆی دەگەڕێتەوە نە ماڵی دەگەڕێتەوە».

بَابٌ فِي صَوْمِ الثَّلَاثِ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ

باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێکدا

٣٩١. عَنْ ابْنِ مِلْحَانَ الْقَيْسِيِّ عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَأْمُرُنَا أَنْ نَصُومَ الْبِيضَ ثَلَاثَ عَشْرَةَ، وَأَرْبَعَ عَشْرَةَ، وَخَمْسَ عَشْرَةَ، قَالَ: وَقَالَ: «هُنَّ كَهَيْئَةِ الدَّهْرِ».

ئیبن میلحانی قەیسی لە باوکییەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ دەکردین سێ ڕۆژی ڕۆژە سپییەکان بەڕۆژوو بین: سێزدە و چواردە و پازدە، فەرمووی: «ڕۆژووگرتنی ئەو سێ ڕۆژە وەك ئەوە وایە ساڵ دوازدەی مانگ بەڕۆژوو بوو بیت».

بَابٌ فِي الصَّائِمِ يُدْعَى إِلَى وَلِيمَةٍ

باسێك دەربارەی ئەوەی کە ڕۆژووگر بانگ دەکرێت بۆ خواردنی هاوسەرگیری

٣٩٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ فَلْيُجِبْ، فَإِنْ كَانَ مُفْطِرًا فَلْيَطْعَمْ، وَإِنْ كَانَ صَائِمًا فَلْيُصَلِّ»، قَالَ هِشَامٌ: وَالصَّلَاةُ: الدُّعَاءُ.

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر کەسێك لە ئێوە بانگهێشت کرا بۆ وەلیمە، با وەڵام بداتەوە، ئەگەر بەڕۆژوو نەبوو با خواردنەکە بخوات، ئەگەر بەڕۆژووش بوو با دوعایان بۆ بکات». هیشام دەڵێت: (الصلاة)، واتە: دوعا و پاڕانەوە.

بَابُ الِاعْتِكَافِ

باسی ئیعتیکاف (لە مزگەوتدا)

٣٩٣. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَعْتَكِفُ الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ مِنْ رَمَضَانَ حَتَّى قَبَضَهُ اللَّهُ، ثُمَّ اعْتَكَفَ أَزْوَاجُهُ مِنْ بَعْدِهِ.

عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ دە شەوی کۆتایی (شەو و ڕۆژەکەی) لە مانگی ڕەمەزان ئیعتیکافی دەکرد و لە مزگەوتدا دەمایەوە، تا خوا بردیەوە بۆ لای خۆی، لەدوای خۆی خێزانەکانی ئیعتیکافیان کرد.

تێبینی:

(الِاعْتِكَاف): لە زماندا: مانەوە و پابەندبوونە بە شوێنێکەوە.

لە شەرعدا: مانەوەیە لە مزگەوت، لە کەسێکی دیاریکراو بە شێوازێکی دیاریکراو، بەمەبەستی پەرستنی خوا.

زانایانی موسوڵمان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئیعتیکاف و مانەوە لە مزگەوتدا بۆ عیبادەت سوننەتە و واجب نییە، زیاتر لە دە شەوی کۆتایی مانگی ڕەمەزان جەختی لێ کراوەتەوە.

بَابُ الْمُعْتَكِفِ يَدْخُلُ الْبَيْتَ لِحَاجَتِهِ

باسی ئەو کەسەی لە ئیعتیکافە و دروستە بچێتەوە ماڵەوە بۆ پێویستیی خۆی

٣٩٤. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا اعْتَكَفَ يُدْنِي إِلَيَّ رَأْسَهُ فَأُرَجِّلُهُ، وَكَانَ لَا يَدْخُلُ الْبَيْتَ إِلَّا لِحَاجَةِ الْإِنْسَانِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر ئیعتیکافی بکردایە سەری دەهێنایە ژوورەوە[1] پرچیم بۆ شانە دەکرد، پێغەمبەر ﷺ نەدەهاتە ژوورەوە تەنها بۆ پێویستیی مرۆڤ نەبێت (وەکوو دەستنوێژگرتنەوە).

(١) دەرگای ژوورەکەی عائیشە هەر لەنێو مزگەوتەکەدا بووە، سەری دەکردە ژوورەوە و سەری لێم نزیک دەکردەوە.

كِتَابُ الْجِهَادِ

پەرتووکی تێکۆشان لەپێناو خوادا

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْهِجْرَةِ وَسُكْنَى الْبَدْوِ

باسی کۆچکردن و شوێنی نیشتەجێبوونی دەشتەکیان

٣٩٥. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّ أَعْرَابِيًّا سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ عَنِ الْهِجْرَةِ؟ فَقَالَ: «وَيْحَكَ إِنَّ شَأْنَ الْهِجْرَةِ شَدِيدٌ، فَهَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ؟»، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: «فَهَلْ تُؤَدِّي صَدَقَتَهَا؟»، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: «فَاعْمَلْ مِنْ وَرَاءِ الْبِحَارِ، فَإِنَّ اللَّهَ لَنْ يَتِرَكَ مِنْ عَمَلِكَ شَيْئًا».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەگێڕێتەوە: پیاوێکی دەشتنشین هات پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ، دەربارەی کۆچکردن، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «هاوار بۆ خۆت کاروباری کۆچکردن و هەڵسان بە مافی کۆچکردن زۆر قورسە، ئایا وشترت هەیە؟»، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: «ئایا زەکاتەکەی دەدەیت؟»، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: «لەپشتی شار و دێی خۆتەوە کار و عیبادەتی خۆت بکە، ئەوە خوا هیچ لە کار و کردەوەکەت کەم ناکات (پاداشتی تەواوت بۆ دەنووسێت)».

بَابٌ فِي الْهِجْرَةِ هَلِ انْقَطَعَتْ؟

باسێك دەربارەی ئەوەی ئایا كۆچكردن كۆتایی هاتووە؟

٣٩٦. عَنْ مُعَاوِيَةَ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «لَا تَنْقَطِعُ الْهِجْرَةُ حَتَّى تَنْقَطِعَ التَّوْبَةُ، وَلَا تَنْقَطِعُ التَّوْبَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا».

موعاوییە ﵁ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەتا تەوبە كۆتایی نەیەت و نەپچڕێت كۆچكردنیش كۆتایی نایەت و ناپچڕێت، تەوبەش كۆتایی نایەت و ناپچڕێت هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت».

٣٩٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَوْمَ الْفَتْحِ فَتْحِ مَكَّةَ: «لَا هِجْرَةَ وَلَكِنْ جِهَادٌ وَنِيَّةٌ، وَإِذَا اسْتُنْفِرْتُمْ فَانْفِرُوا».

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئیدی كۆچكردن (لە مەككەوە بۆ مەدینە) نەما، بەڵام جیهاد و نیەتی باش هەر دەمێنێت، جا هەر كاتێك داواتان لێ كرا دەربچن (بۆ جەنگ)، دەربچن».

٣٩٨. عَنْ عَامِرٍ قَالَ: أَتَى رَجُلٌ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو ﵄ وَعِنْدَهُ الْقَوْمُ حَتَّى جَلَسَ عِنْدَهُ، فَقَالَ: أَخْبِرْنِي بِشَيْءٍ سَمِعْتَهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ، وَالْمُهَاجِرُ مَنْ هَجَرَ مَا نَهَى اللَّهُ عَنْهُ».

عامیر دەڵێت: پیاوێك هاتە لای عەبدوڵڵای كوڕی عەمر ﵄ ئەمیش كۆمەڵێك پیاوی لەلا بوو، ئەویش هات تا لەگەڵیدا لەلایان دانیشت، گوتی: شتێكم پێ بڵێ كە لە پێغەمبەری خوات ﷺ بیستبێت، گوتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «موسوڵمان ئەو كەسەیە موسوڵمانان پارێزراو بن لە زمان و لە دەستی،

کۆچکەریش ئەو کەسەیە کە واز بێنێت لەهەر شتێك کە خوا قەدەغەی کردووە».

بَابٌ فِي دَوَامِ الْجِهَادِ

باسێك دەربارەی بەردەوامبوونی جیهاد

٣٩٩. عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ عَلَى مَنْ نَاوَأَهُمْ، حَتَّى يُقَاتِلَ آخِرُهُمُ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ».

عیمرانی کوڕی حوصەین ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەی من جیهاد دەکەن و لەسەر هەقن، زاڵن بەسەر ئەوانەی کە دژایەتییان دەکەن، تا دوا کەسیان جیهادی مەسیحی دەججال دەکات».

بَابٌ فِي ثَوَابِ الْجِهَادِ

باسێك دەربارەی پاداشتی جیهادکردن

٤٠٠. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ سُئِلَ: أَيُّ الْمُؤْمِنِينَ أَكْمَلُ إِيمَانًا؟ قَالَ: «رَجُلٌ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ، وَرَجُلٌ يَعْبُدُ اللَّهَ فِي شِعْبٍ مِنَ الشِّعَابِ قَدْ كُفِيَ النَّاسُ شَرَّهُ».

ئەبو سەعید ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە پرسیاری لێ کرا: کام بڕوادار بڕواکەی تەواوترە؟ فەرمووی: «پیاوێك جیهاد دەکات لەپێناو خوا بە نەفس و ماڵی خۆی، هەروەها کەسێك لە چیا و چۆڵەکان خواپەرستی دەکات، کە بێگومان خەڵکی لە خراپەی ئەو کەسە پارێزراون».

بَابٌ فِي فَضْلِ الْقَفْلِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَعَالَى

باسێك دەربارەی گەورەیی گەڕانەوە لە جیهادکردن لەپێناو خوای بەرز

٤٠١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ابْن عَمْرٍو ﭬ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «قَفْلَةٌ كَغَزْوَةٍ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﭬ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوەکە فەرموویەتی: «گەڕانەوە لە جیهاد وەك ڕۆیشتنە بۆ جەنگ و جیهاد».

تێبینی:

لەبەر ئەوەی کە دەگەڕێتەوە ماندوو دەبێت، پشوو دەدات، خۆی بەهێز دەکاتەوە بۆ دوژمن، هەروەها دەگەڕێتەوە نێو کەسوکاری دەیانبینێت، پارێزگارییان لێ دەکات و چاودێرییان دەکات، وەکوو چۆن کەسێك دەچێت بۆ مزگەوت هەموو هەنگاوەکانی بۆ هەژمار دەکرێت و گوناهی لێ دەسڕدرێتەوە بە هەر هەنگاوێك، بە هەر هەنگاوێکی دیکەی خێرێکی بۆ دەنووسرێت، لە گەڕانەوەشدا بەهەمان شت، بۆ جیهادکردنەکەش هەمان شتە.

بَابٌ فِي فَضْلِ مَنْ قَتَلَ كَافِرًا

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی بێبڕوایەکی کوشتووە

٤٠٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَجْتَمِعُ فِي النَّارِ كَافِرٌ وَقَاتِلُهُ أَبَدًا».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەرگیز لە ئاگری دۆزەخدا بێبڕوایەك و بکوژەکەی کۆ نابنەوە».

بَابٌ فِي السَّرِيَّةِ تَخْفِقُ

باسێك دەربارەی ئەو سریەی (دەچێت بۆ غەزا) غەنیمەتی دەست ناكەوێت

٤٠٣. عَنْ عَبْدَ اللَّهِ بْن عَمْرٍو ﵄ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا مِنْ غَازِيَةٍ تَغْزُو فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُصِيبُونَ غَنِيمَةً إِلَّا تَعَجَّلُوا ثُلُثَيْ أَجْرِهِمْ مِنَ الْآخِرَةِ، وَيَبْقَى لَهُمُ الثُّلُثُ، فَإِنْ لَمْ يُصِيبُوا غَنِيمَةً تَمَّ لَهُمْ أَجْرُهُمْ».

عەبدوڵڵای كوڕی عەمر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ كۆمەڵە خەڵكێك نییە كە غەزا بكەن لەپێناو خوا و دەستكەوتیان بەربكەوێت، بێگومان دوو لەسەر سێی پاداشتی قیامەتیان بۆ پێش خراوە بۆ دونیا، یەك لەسەر سێی پاداشتەكەیان بۆ قیامەت دەمێنێت، ئەگەر غەزا بكەن و غەنیمەتیان دەست نەكەوێت، پاداشتەكەیان لە قیامەتدا تەواو دەست دەكەوێت».

بَابٌ فِي فَضْلِ الرِّبَاطِ

باسێك دەربارەی ئێشكگریی بەرانبەر دوژمن

٤٠٤. عَنْ فَضَالَةَ بْنِ عُبَيْدٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « كُلُّ الْمَيِّتِ يُخْتَمُ عَلَى عَمَلِهِ إِلَّا الْمُرَابِطَ، فَإِنَّهُ يَنْمُو لَهُ عَمَلُهُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَيُؤَمَّنُ مِنْ فَتَّانِ الْقَبْرِ».

فەزالەی كوڕی عوبەید ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەموو مردوویەك كردەوەكانی كۆتایی دێت (هیچ كردەوەیەكی بۆ نانووسرێت) تەنها كەسێك كە لە بەرانبەر دوژمندا ڕاوەستاوە (كە مردووە یان كوژراوە)، ئەو كردەوەكانی گەشە دەكەن هەتا ڕۆژی قیامەت و پارێزراویشە لە سزای گۆڕ».

بَابُ كَرَاهِيَةِ تَرْكِ الْغَزْوِ

باسی ناپەسندی وازهێنان لە غەزا

٤٠٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ مَاتَ وَلَمْ يَغْزُ، وَلَمْ يُحَدِّثْ نَفْسَهُ بِالْغَزْوِ مَاتَ عَلَى شُعْبَةٍ مِنْ نِفَاقٍ».

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوەکە فەرموویەتی: «هەر کەسێك بمرێت و غەزا نەکات، یاخود لەگەڵ نەفسی خۆیدا قسە نەکات کە خۆی ئامادە بکات، ئەوە لەسەر لقێك لە لقەکانی دووڕوویی مردووە».

٤٠٦. عَنْ أَنَسٍ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «جَاهِدُوا الْمُشْرِكِينَ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ وَأَلْسِنَتِكُمْ».

ئەنەس ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «بە ماڵ و گیان و زمانتان جیهادی هاوبەشدانەران بکەن».

بَابٌ فِي الرُّخْصَةِ فِي الْقُعُودِ مِنَ الْعُذْرِ

باسێك دەربارەی مۆڵەتدان بۆ کەسی خاوەن پاساو نەچێت بۆ جیهاد

٤٠٧. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لَقَدْ تَرَكْتُمْ بِالْمَدِينَةِ أَقْوَامًا مَا سِرْتُمْ مَسِيرًا، وَلَا أَنْفَقْتُمْ مِنْ نَفَقَةٍ، وَلَا قَطَعْتُمْ مِنْ وَادٍ، إِلَّا وَهُمْ مَعَكُمْ فِيهِ»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَكَيْفَ يَكُونُونَ مَعَنَا، وَهُمْ بِالْمَدِينَةِ؟ فَقَالَ: «حَبَسَهُمُ الْعُذْرُ».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئێوە لەنێو مەدینە کەسانێکتان بەجێ هێشتووە هیچ شوێنێکتان نەبڕیوە و هیچ خێرێکیشتان

نەکردووە، هیچ دۆڵێکیشتان نەبڕیوە، بێگومان ئەوان لەگەڵتانن (لە پاداشتەکەتاندا)»، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن ئەوان (لە پاداشتدا) لەگەڵ ئێمەن کەچی لە مەدینەن؟ فەرموی: « ئەوان پاساوەکانیان ڕێگریان بوون لەگەڵ ئێوەدا نەیەن».

بَابُ مَا يُجْزِئُ مِنَ الْغَزْوِ

باسی ئەندازەی پێویست بۆ تێکۆشان لەپێناو خوا

٤٠٨. عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ جَهَّزَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَقَدْ غَزَا، وَمَنْ خَلَفَهُ فِي أَهْلِهِ بِخَيْرٍ فَقَدْ غَزَا».

زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کەسێك موجاهیدێك ئامادە بکات لەپێناو خوا، (ئەوەی کە لە سەفەرەکەی پێویستی پێیەتی)، ئەمە وەك ئەوە وایە خۆی غەزای کردبێت، ئەوەی کە لە ماڵەوە سەرپەرشتیی ماڵ و منداڵی کەسێکی موجاهید بکات و خزمەتیان بکات، ئەویش بەهەمان شێوە وەك ئەوە وایە کە خۆی غەزای کردبێت (بەشدارە لەو پاداشتە)».

بَابٌ فِي الْجُرْأَةِ وَالْجُبْنِ

باسێك دەربارەی بوێری و ترسنۆکی

٤٠٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «شَرُّ مَا فِي رَجُلٍ شُحٌّ هَالِعٌ وَجُبْنٌ خَالِعٌ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «خراپترین ڕەوشت لە پیاودا چرووکییەکە کە ترسێنەرە، هەروەها ترسنۆکییەکە کە دڵی

دەربکات لە ترساندا».

بَابٌ فِي الرَّمْيِ

باسێك دەربارەی تیرهاویشتن

٤١٠. عَنْ عُقْبَةَ بْن عَامِرٍ الْجُهَنِيِّ ﷺ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: {وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ} الأنفال: ٦٠، أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ، أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ، أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ».

عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنی ﷺ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر مینبەر دەیفەرموو: «{وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ}، واتە: بۆ کافرانی ئامادە بکەن چەندێك لە تواناتاندا هەیە لە هێز. ئاگادار بن بەدڵنیایی هێز لەم ئایەتە نیشانە شکاندن و تیرهاویشتنە، ئاگادار بن بەدڵنیایی هێز لەم ئایەتە نیشانە شکاندن و تیرهاویشتنە، ئاگادار بن بەدڵنیایی هێز لەم ئایەتە نیشانە شکاندن و تیرهاویشتنە (سێ جار وای فەرموو)».

بَابُ مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا

باسی ئەو کەسەی دەجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی خوا بەرز بێت

٤١١. عَنْ أَبِي مُوسَى ﷺ: أَنَّ أَعْرَابِيًّا جَاءَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: إِنَّ الرَّجُلَ يُقَاتِلُ لِلذِّكْرِ، وَيُقَاتِلُ لِيُحْمَدَ، وَيُقَاتِلُ لِيَغْنَمَ، وَيُقَاتِلُ لِيُرِيَ مَكَانَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ قَاتَلَ حَتَّى تَكُنَ كَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ أَعْلَى، فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ﷻ».

ئەبو مووسا ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ

گوتی: پیاوی وا هەیە جەنگ دەکات بۆ ئەوەی کە باس بکرێت، جەنگ دەکات بۆ ئەوەی کە سوپاس و ستاییش بکرێت، جەنگ دەکات بۆ ئەوەی غەنیمەتی دەست بکەوێت، جەنگ دەکات بۆ ئەوەی کە شوێن و پێگەی دیار بێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «هەر کەسێك بجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی خوا بەرزترین بێت، ئەوە لەپێناو خوایە ﷻ (ئەوەی دیکە بۆ دونیایە)».

بَابٌ فِي فَضْلِ الشَّهَادَةِ

باسێك دەربارەی پێگە و پاداشتی شەهیدی

٤١٢. عن حَسْنَاءِ بِنْتِ مُعَاوِيَةَ الصَّرِيمِيَّةُ قَالَتْ: حَدَّثَنَا عَمِّي رضي الله عنه قَالَ: قُلْتُ لِلنَّبِيِّ ﷺ: مَنْ فِي الْجَنَّةِ؟ قَالَ: «النَّبِيُّ ﷺ فِي الْجَنَّةِ، وَالشَّهِيدُ فِي الْجَنَّةِ، وَالْمَوْلُودُ فِي الْجَنَّةِ، وَالْوَئِيدُ فِي الْجَنَّةِ».

حەسنائی کچی موعاویەی صەریمییە دەڵێت: مامم رضي الله عنه پێی گوتم، بە پێغەمبەری خوام ﷺ گوت: کێ لە بەهەشتدایە؟ فەرمووی: «پێغەمبەر ﷺ لە بەهەشتدایە، ئەوەی لەپێناو خوا بکوژرێت و شەهید بێت لە بەهەشتدایە، منداڵ لە بەهەشتدایە، ئەو منداڵانەشی کە زیندەبەچاڵ کراون ئەوانیش لە بەهەشتدان».

بَابٌ فِي الشَّهِيدِ يُشَفَّعُ

باسێك دەربارەی شەفاعەتکردنی شەهید

٤١٣. عَنْ نِمْرَانِ بْنِ عُتْبَةَ الذِّمَارِيُّ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى أُمِّ الدَّرْدَاءِ وَنَحْنُ أَيْتَامٌ، فَقَالَتْ: أَبْشِرُوا، فَإِنِّي سَمِعْتُ أَبَا الدَّرْدَاءَ رضي الله عنه يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يُشَفَّعُ الشَّهِيدُ

فِي سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ بَيْتِهِ».

نیمرانی کوڕی عوتبەی زیاری دەڵێت: چووینە لای ئوم دەرداء، ئێمە منداڵی بێباوك بووین، (باوکمان کوژراو بوو لە یەکێك لە غەزاکاندا)، گوتی: موژدە بێت لێتان، من گوێم لە ئەبو دەرداء ﷺ بوو (هاوسەرم) دەیگوت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «شەهید شەفاعەت دەکات و لێشی وەردەگیرێت بۆ حەفتا کەس لە کەسوکاری خۆی».

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَغْزُو، وَأَبَوَاهُ كَارِهَانِ

باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی جیهاد دەکات و دایك و باوکی پێیاناخۆشە

٤١٤. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: جِئْتُ أُبَايِعُكَ عَلَى الْهِجْرَةِ، وَتَرَكْتُ أَبَوَيَّ يَبْكِيَانِ، فَقَالَ: «ارْجِعْ عَلَيْهِمَا فَأَضْحِكْهُمَا كَمَا أَبْكَيْتَهُمَا».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەڵێت: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: هاتووم بەیعەتت پێ بدەم لەسەر کۆچکردن، دایك و باوکم بەجێ هێشت بەدوامدا دەگریان، فەرمووی: «بگەڕێرەوە بیانخەرەوە پێکەنین هەر وەکوو چۆن گریاندووتن (چۆن دڵت ناخۆش کردوون ئاوا دڵیان خۆش بکەوە)».

٤١٥. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ: أَنَّ رَجُلًا هَاجَرَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ مِنَ الْيَمَنِ فَقَالَ: «هَلْ لَكَ أَحَدٌ بِالْيَمَنِ؟»، قَالَ: أَبَوَايَ، قَالَ: «أَذِنَا لَكَ؟». قَالَ: «لَا»، قَالَ: «ارْجِعْ إِلَيْهِمَا فَاسْتَأْذِنْهُمَا، فَإِنْ أَذِنَا لَكَ فَجَاهِدْ، وَإِلَّا فَبِرَّهُمَا».

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك لە یەمەنەوە کۆچی کرد و هات بۆ

خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «کەست لە یەمەن بەجێ هێشتووە؟»، گوتی: بەڵێ دایك و باوکم، فەرمووی: «ئایا مۆڵەتیان داویت؟»، گوتی: نەخێر، فەرمووی: «بگەڕێرەوە بۆلایان مۆڵەتیان لێ وەربگرە، ئەگەر مۆڵەتیان دایت جیهاد بکە، ئەگەر مۆڵەتیان نەدایت ئەوە لەگەڵ ئەوان چاکەکار بە».

بَابٌ فِي النِّسَاءِ يَغْزُونَ

باسێك دەربارەی غەزاکردنی ئافرەت

٤١٦. عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَغْزُو بِأُمِّ سُلَيْمٍ، وَنِسْوَةٍ مِنَ الْأَنْصَارِ لِيَسْقِينَ الْمَاءَ، وَيُدَاوِينَ الْجَرْحَى.

ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئوم سولەیم و ئافرەتانێکی دیکەی لە ئەنصارِ لەگەڵ خۆیدا دەبرد بۆ غەزا بۆئەوەی ئاو بدەن بە موجاهیدەکان، بریندارەکان تیمار بکەن.

بَابُ الدُّعَاءِ عِنْدَ اللِّقَاءِ

باسی دوعاکردن لە کاتی پێکگەیشتن (ی سوپای موسوڵمانان و سوپای کافران)

٤١٧. عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «ثِنْتَانِ لَا تُرَدَّانِ، أَوْ قَلَّمَا تُرَدَّانِ الدُّعَاءُ عِنْدَ النِّدَاءِ، وَعِنْدَ الْبَأْسِ حِينَ يُلْحِمُ بَعْضُهُمْ بَعْضاً».

سەهلی کوڕی سەعد رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دوو دوعا ڕەت ناکرێنەوە، یان زۆر بەکەمی ڕەت دەکرێنەوە، دوعا لە کاتی بانگ و لە کاتی

جەنگدا، لە کاتی تێکرژان لەگەڵ کافران کە هەندێکیان هەندێکیان دەکوژن».

بَابٌ فِيمَنْ سَأَلَ اللَّهَ تَعَالَى الشَّهَادَةَ

باسێك دەربارەی کەسێك داوای شەهیدی لە خوای گەورە بکات (خوای گەورە پلەی بەرزی شەهادەتی پێ ببەخشێت)

٤١٨. عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ ﷺ: أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَنْ قَاتَلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فُوَاقَ نَاقَةٍ فَقَدْ وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ، وَمَنْ سَأَلَ اللَّهَ الْقَتْلَ مِنْ نَفْسِهِ صَادِقًا، ثُمَّ مَاتَ أَوْ قُتِلَ، فَإِنَّ لَهُ أَجْرَ شَهِيدٍ».

موعازی کوڕی جەبەل ﷺ دەگێڕێتەوە: گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «هەر کەسێك لەپێناو خوا جەنگ بکات لە نێوان دوو جار دۆشینی وشتردا (ئەو ماوەیە چەندێکە ئەوەندە)، ئەوە بەهەشتی بۆ پێویست دەبێت، هەر کەسێکیش لە دڵی خۆیەوە بەڕاستگۆیی داوا لە خوا بکات لەپێناو ئەم ئایینەدا شەهیدی پێ ببەخشێت، پاشان بمرێت، یان بکوژرێت، پاداشتی شەهیدیی بۆ هەیە».

بَابٌ فِي لُبْسِ الدُّرُوعِ

باسێك دەربارەی لەبەرکردنی قەڵغانەکان (ی جەنگ)

٤١٩. عَنِ السَّائِبِ بْنِ يَزِيدَ ﷺ عَنْ رَجُلٍ قَدْ سَمَّاهُ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ظَاهَرَ يَوْمَ أُحُدٍ بَيْنَ دِرْعَيْنِ، أَوْ لَبِسَ دِرْعَيْنِ.

سائیبی کوڕی یەزید لە پیاوێك کە ناوی هێناوە هاوەڵە (نادیاریش بێت زیانی نییە)، دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دوو قەڵغانی لەسەر یەك لەبەرکردووە لە جەنگی

ئوحوددا (بۆ خۆپاراستن).

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا سَافَرَ

باسی ئەو زیكرەی كەسێك دەیڵێ لە كاتی چوونە گەشتدا

٤٢٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ ﷺ إِذَا سَافَرَ قَالَ: «اللَّهُمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، وَالْخَلِيفَةُ فِي الْأَهْلِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ، وَكَآبَةِ الْمُنْقَلَبِ، وَسُوءِ الْمَنْظَرِ فِي الْأَهْلِ وَالْمَالِ، اللَّهُمَّ اطْوِ لَنَا الْأَرْضَ، وَهَوِّنْ عَلَيْنَا السَّفَرَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر سەفەری بكردایە دەیفەرموو: «خوایە تۆ هاوەڵمانی لە سەفەر، خوایە كەسوكارمان لە ماڵەوە بە تۆ دەسپێرین، خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە نارەحەتیی ئەم سەفەرە، گۆڕانكاری نەفس لە غەم و خەفەت و ئەو شتانە بمانپارێزە، یان كاتێك كە دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە بەغەم و خەفەتەوە نەگەڕێمەوە ئیش و پێویستییەكەم لە سەفەرەكە جێبەجێ نەكرابێت، وە خراپی شێوە لە ماڵ و كەسوكاردا، خوایە زەویمان بۆ لوول بكە (واتە: ڕۆیشتنی تێدا ئاسان بكە)، خوایە سەفەرەكەمان لەسەر ئاسان بكە».

بَابٌ فِي الدُّعَاءِ عِنْدَ الْوَدَاعِ

باسێك دەربارەی دوعاكردن لە كاتی ماڵئاواییكردندا

٤٢١. عَنْ قَزَعَةَ قَالَ: قَالَ لِي ابْنُ عُمَرَ ﷺ هَلُمَّ أُوَدِّعْكَ كَمَا وَدَّعَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، «أَسْتَوْدِعُ اللَّهَ دِينَكَ وَأَمَانَتَكَ وَخَوَاتِيمَ عَمَلِكَ».

قەزەعە دەڵێت: ئیبن عومەر ﷺ پێی گوتم: وەرە با ماڵئاواییت لێ بكەم، هەر وەكوو

چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ ماڵئاوایی لە من کرد: «ئایینەکەت و ئەمانەتەکەت وە کۆتا کردەوەت هەمووی بە خوا دەسپێرم».

٤٢٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ الْخَطْمِيِّ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَسْتَوْدِعَ الْجَيْشَ قَالَ: «أَسْتَوْدِعُ اللَّهَ دِينَكُمْ وَأَمَانَتَكُمْ وَخَوَاتِيمَ أَعْمَالِكُمْ».

عەبدوڵڵای خەتمی رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بیویستایە ماڵئاوایی لە سوپایەك بكات، دەیفەرموو: «ئایین و ئەمانەت و کۆتایی کردەوەتان بە خوا دەسپێرم».

بَابٌ فِي الِابْتِكَارِ فِي السَّفَرِ

باسێك دەربارەی بەیانی زوو دەرچوون بۆ سەفەر

٤٢٣. عَنْ صَخْرٍ الْغَامِدِيِّ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «اللَّهُمَّ بَارِكْ لِأُمَّتِي فِي بُكُورِهَا». وَكَانَ إِذَا بَعَثَ سَرِيَّةً أَوْ جَيْشًا بَعَثَهُمْ مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ «وَكَانَ صَخْرٌ رَجُلًا تَاجِرًا، وَكَانَ يَبْعَثُ تِجَارَتَهُ مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ فَأَثْرَى وَكَثُرَ مَالُهُ».

صەخری غامیدی رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «خوایە بەرەکەت بخەرە کردەوەی ئوممەتەکەم لە بەیانییانی زوودا»، کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ سریەیەك، یان سوپایەکی بناردایە، لە سەرەتای ڕۆژدا بەیانی زوو دەینارد، (ڕاوییەکەش) صەخر پیاوێکی بازرگان بووە، ئەمیش بازرگانییەکەی لە بەیانی زوودا دەنارد، دەوڵەمەند بوو و ماڵ و سامانی زۆر بوو.

بَابٌ فِي الْقَوْمِ يُسَافِرُونَ يُؤَمِّرُونَ أَحَدَهُمْ

باسێك دەربارەی ئەوانەی گەشت دەكەن و یەكێك دەكەنە گەورەیان

٤٢٤. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا خَرَجَ ثَلَاثَةٌ فِي سَفَرٍ فَلْيُؤَمِّرُوا أَحَدَهُمْ».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر سێ كەس بۆ سەفەر دەرچوون با یەكێكیان ببێت بە برا گەورە».

بَابٌ فِي الطَّاعَةِ

باسێك دەربارەی گوێڕایەڵی (ی فەرمانڕەوایان)

٤٢٥. عَنْ عَلِيٍّ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ بَعَثَ جَيْشًا وَأَمَّرَ عَلَيْهِمْ رَجُلًا، وَأَمَرَهُمْ أَنْ يَسْمَعُوا لَهُ وَيُطِيعُوا، فَأَجَّجَ نَارًا وَأَمَرَهُمْ أَنْ يَقْتَحِمُوا فِيهَا، فَأَبَى قَوْمٌ أَنْ يَدْخُلُوهَا وَقَالُوا: إِنَّمَا فَرَرْنَا مِنَ النَّارِ، وَأَرَادَ قَوْمٌ أَنْ يَدْخُلُوهَا، فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ ﷺ فَقَالَ: «لَوْ دَخَلُوهَا أَوْ دَخَلُوا فِيهَا لَمْ يَزَالُوا فِيهَا»، وَقَالَ: «لَا طَاعَةَ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ».

عەلی ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ سوپایەكی نارد و پیاوێكی كردە ئەمیریان، فەرمانی پێ كردن گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بن، ئەمیرەكەیان ئاگرێك دادەگیرسێنێت و دەڵێت: هەمووتان بچنە نێویەوە، كەسانێك گوتیان: ئێمە ناچینە نێو ئاگرەوە، ئێمە وازمان لە ئاینی باوك و باپیرانمان هێناوە بۆ ئەوەی نەچینە ئاگرەوە، كەسانێك گوتبوویان: دەچینە نێو ئاگرەكەوە، ئەم هەواڵە بە پێغەمبەر ﷺ گەیشت، فەرمووی: «ئەگەر بچونایە نێوی بەردەوام تیایدا دەبوون»، فەرمووی: «گوێڕایەڵی

بۆ هیچ کەسێك نییە لە سەرپێچی خوادا، بەڵکوو گوێڕایەڵی تەنها لە چاکەدا دەبێت».

٤٢٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: «السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ مَا لَمْ يُؤْمَرْ بِمَعْصِيَةٍ، فَإِذَا أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ».

عەبدوڵلا ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «گوێگرتن و گوێڕایەڵی بۆ فەرمانڕەوای موسوڵمان پێویستە لەسەر مرۆڤی موسوڵمان لە هەر شتێك کە پێیخۆش بوو و پێشیناخۆش بوو، مادەم فەرمانت پێ نەکرێت بە سەرپێچی، ئەگەر فەرمان کرا بە سەرپێچی، ئەوە نە گوێگرتن هەیە و نە گوێڕایەڵی هەیە».

بَابُ مَا يُدْعَى عِنْدَ اللِّقَاءِ

باسی لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمندا چ دوعایەك بکەیت؟

٤٢٧. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا غَزَا قَالَ: «اللَّهُمَّ أَنْتَ عَضُدِي وَنَصِيرِي، بِكَ أَحُولُ، وَبِكَ أَصُولُ، وَبِكَ أُقَاتِلُ».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ غەزای بکردایە دەیفەرموو: «خوایە تۆ پشتیوانمی و سەرخەرمی، بەهۆی تۆوە نەخشە و پیلان لادەبەم، بەهۆی تۆوە بەسەر دوژمندا زاڵ دەبم، بە پشتیوانی تۆ جەنگیان لەگەڵدا دەکەم».

بَابُ الْمَكْرِ فِي الْحَرْبِ

باسی فێڵکردن لە جەنگدا

٤٢٨. عَنْ جَابِرٍ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «الْحَرْبُ خُدْعَةٌ».

جابیر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «جەنگ فێڵە (واتە: پلان و نەخشەیە)».

بَابٌ عَلَى مَا يُقَاتَلُ الْمُشْرِكُونَ

باسێك دەربارەی لەسەر چی هاوبەشدانەر جەنگی لەگەڵ دەكرێت

٤٢٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَإِذَا قَالُوهَا مَنَعُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «فەرمانم پێ كراوە كەوا بجەنگم لەگەڵ خەڵكدا هەتاكوو دەڵێن: (لا إله إلا الله)، جا هەر كات ئەوەیان گوت، ئیدی خوێن و ماڵیان لە من حەرام دەبێت مەگەر بەهەق نەبێت، حیساب و لێپرسینەوەشیان بۆ خوای بەرزە».

تێبینی:

ئەم فەرموودەیە مانای ئەوە نییە كە لەخۆوە بەبێ هۆ هەڵكبوترێتە سەر خەڵك، نا، هەرگیز، مەبەست ئەوەیە كار و گرینگی كاری موسوڵمانان شەڕكردنە لەگەڵ فكرەی بێباوەڕی و ستەم و زۆرداری، جگە لەوەش بڕیاری جەنگ و شەڕ بەشێكە لە سیاسەتی شەرعی و هیچ كەس ناتوانێت لەخۆیەوە بڕیاری لەسەر بدات، بەڵكوو ئەوە پەیوەستە بە دەسەڵات و دەوڵەت و بەرژەوەندیی گشتی.

٤٣٠. عَنِ الْمِقْدَادِ بْنِ الْأَسْوَدِ ﷺ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ لَقِيتُ رَجُلًا مِنَ الْكُفَّارِ، فَقَاتَلَنِي فَضَرَبَ إِحْدَى يَدَيَّ بِالسَّيْفِ، ثُمَّ لَاذَ مِنِّي بِشَجَرَةٍ، فَقَالَ: أَسْلَمْتُ

لِلَّهِ أَفَأَقْتُلُهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بَعْدَ أَنْ قَالَهَا؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَقْتُلْهُ»، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ قَطَعَ يَدِي، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَقْتُلْهُ، فَإِنْ قَتَلْتَهُ فَإِنَّهُ بِمَنْزِلَتِكَ قَبْلَ أَنْ تَقْتُلَهُ، وَأَنْتَ بِمَنْزِلَتِهِ قَبْلَ أَنْ يَقُولَ كَلِمَتَهُ الَّتِي قَالَ».

لە میقدادی کوڕی ئەسوەدەوە ﵁ دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هەواڵم پێ بدە، ئەگەر گەیشتم بە پیاوێك لە کافران، بە شمشێر شەڕی لەگەڵ کردم و دەستێکی بڕیم، پاشان پەنای برد بۆ دارێك (خۆی پاراست لە من بە دارەکە)، گوتی: ئەوە لەبەر خوا موسوڵمان بوومە، ئەی پێغەمبەری خوا ئایا من بیکوژم لەدوای ئەوەی کە گوتی: موسوڵمان بوومە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مەیکوژە»، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو دەستی بڕیوم، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «مەیکوژە، لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ ئەو بکوژیت، ئەو دێتە ئەو شوێنەی تۆ پێش ئەوەی کە بیکوژیت و تۆش دەچیتە شوێنی ئەو پێش ئەوەی کە قسەکەی بکات».

بَابٌ فِي أَيِّ وَقْتٍ يُسْتَحَبُّ اللِّقَاءُ

باسێك دەربارەی ئەوەی چ کاتێك گونجاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن

٤٣١. عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ: أَنَّ النُّعْمَانَ يَعْنِي ابْنَ مُقَرِّنٍ ﵁ قَالَ: شَهِدْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ إِذَا لَمْ يُقَاتِلْ مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ أَخَّرَ الْقِتَالَ حَتَّى تَزُولَ الشَّمْسُ، وَتَهُبَّ الرِّيَاحُ، وَيَنْزِلَ النَّصْرُ.

مەعقیلی کوڕی یەسار دەگێڕێتەوە: نوعمان واتە ئیبن موقەررین ﵁ دەڵێت: ئامادەبووم لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر لە سەرەتای ڕۆژدا بەیانی زووەکەی شەڕی نەکردایە، ئەوە جەنگەکەی دوا دەخست تا کاتێك خۆر لار دەبووەوە (دەبووە کاتی نیوەڕۆ، لەبەر ئەوەی کاتی قبووڵبوونی دوعا و نزایە)، بۆئەوەی کاتێك بێت

با هەڵبكات، لەبەر ئەوەی با هەڵكردنیش هەر مانای دابەزینی سەركەوتنی تێدایە.

بَابٌ فِي الصُّفُوفِ

باسێك دەربارەی ڕیزەكانی جەنگ (لە مەیدانی جەنگ)

٤٣٢. عَنْ حَمْزَةَ بْنِ أَبِي أُسَيْدٍ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حِينَ اصْطَفَفْنَا يَوْمَ بَدْرٍ: «إِذَا أَكْثَبُوكُمْ - يَعْنِي: إِذَا غَشُوكُمْ - فَارْمُوهُمْ بِالنَّبْلِ وَاسْتَبْقُوا نَبْلَكُمْ».

حەمزەی كوڕی ئەبو ئوسەید لە باوكییەوە ﷺ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: لە غەزای بەدر كە ڕیز بووین پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەگەر (دوژمن) لێتان نزیك بوونەوە بەجۆرێك كە تیرەكانتان پێیان بگات، ئەوە تیربارانیان بكەن، هەندێك لە تیرەكانتان بهێڵنەوە (هەموویان تێمەگرن)».

بَابٌ فِي قَتْلِ النِّسَاءِ

باسی دەربارەی كوشتنی ئافرەت (ی بێبڕوایان لە جەنگدا)

٤٣٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ: أَنَّ امْرَأَةً وُجِدَتْ فِي بَعْضِ مَغَازِي رَسُولِ اللَّهِ ﷺ مَقْتُولَةً، فَأَنْكَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَتْلَ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ.

عەبدوڵلا ﷺ دەگێڕێتەوە: لە یەكێك لە غەزاكانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئافرەتی (بێبڕوایان) بینران كە كوژرابوون، پێغەمبەری خوا ﷺ پێیناخۆش بوو كە ئافرەتان و منداڵان بكوژرێن.

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ حَرْقِ الْعَدُوِّ بِالنَّارِ

باسێك دەربارەی ناپەسندی سوتاندنی دوژمن بە ئاگر

٤٣٤. عن حَمْزَةَ الْأَسْلَمِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَمَّرَهُ عَلَى سَرِيَّةٍ قَالَ: فَخَرَجْتُ فِيهَا، وَقَالَ: «إِنْ وَجَدْتُمْ فُلَانًا فَأَحْرِقُوهُ بِالنَّارِ». فَوَلَّيْتُ فَنَادَانِي فَرَجَعْتُ إِلَيْهِ فَقَالَ: «إِنْ وَجَدْتُمْ فُلَانًا فَاقْتُلُوهُ وَلَا تُحْرِقُوهُ، فَإِنَّهُ لَا يُعَذِّبُ بِالنَّارِ إِلَّا رَبُّ النَّارِ».

حەمزەی ئەسلەمی ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ کردیە ئەمیری سریەیەك، دەڵێت: لەگەڵ سریەکەدا دەرچووین، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەگەر فڵانە کەستان دەست کەوت ئەوە بە ئاگر بیسووتێنن»، کاتێك ویستم بڕۆم، پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کردم گەڕامەوە بۆ لای، فەرمووی: «ئەگەر فڵانە کەستان دەست کەوت بیکوژن، بەڵام مەیسووتێنن، چونکە دروست نییە و هیچ کەسێك سزا نادرێت بە ئاگر، جگە لە پەروەردگاری ئاگر (واتە: تەنیا خوا بۆی هەیە خەڵك سزا بدات بە ئاگر)».

٤٣٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي سَفَرٍ، فَانْطَلَقَ لِحَاجَتِهِ فَرَأَيْنَا حُمَرَةً مَعَهَا فَرْخَانِ فَأَخَذْنَا فَرْخَيْهَا، فَجَاءَتِ الْحُمَرَةُ فَجَعَلَتْ تَفْرِشُ، فَجَاءَ النَّبِيُّ ﷺ فَقَالَ: «مَنْ فَجَعَ هَذِهِ بِوَلَدِهَا؟ رُدُّوا وَلَدَهَا إِلَيْهَا»، وَرَأَى قَرْيَةَ نَمْلٍ قَدْ حَرَّقْنَاهَا فَقَالَ: «مَنْ حَرَّقَ هَذِهِ؟»، قُلْنَا: نَحْنُ، قَالَ: «إِنَّهُ لَا يَنْبَغِي أَنْ يُعَذِّبَ بِالنَّارِ إِلَّا رَبُّ النَّارِ».

عەبدوڵلا ﷺ دەڵێت: لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بووین، بۆ پێویستییەکی خۆی ڕۆیشت، چۆلەکەیەکی بچووکمان بینی و دوو بێچووی پێ بوو، هەردوو بێچووەکەیان برد، ئەو چۆلەکەیە دەهات و باڵەکانی بەیەکدیدا دەدا و لە زەوی نزیك دەبووەوە، لەبەر دوو بێچووەکەی، پێغەمبەر ﷺ یەکسەر هەستی

کرد، هات فەرمووی: «کێ ئازاری ئەم چۆلەکەیەی داوە و بێچووەکانی بردووە؟ بێچووەکانی بۆ بگەڕێننەوە»، شارە مێروولەیەکی بینی سووتاندبوومان، فەرمووی: «کێ ئەم شارە مێروولەیەی سووتاندووە؟»، گوتمان: ئێمە، فەرمووی: «بێگومان دروست نییە هیچ کەسێك سزا بدرێت بەئاگر، جگە لە پەروەردگاری ئاگر (واتە: تەنیا خوا بۆی هەیە خەڵك سزا بدات بە ئاگر)».

بَابُ قَتْلِ الْأَسِيرِ وَلَا يُعْرَضُ عَلَيْهِ الْإِسْلَامُ

باسی کوشتنی بەندەیەك کە پێشنیازی موسوڵمانبوونی بۆ نەکرێت

٤٣٦. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ دَخَلَ مَكَّةَ عَامَ الْفَتْحِ وَعَلَى رَأْسِهِ الْمِغْفَرُ، فَلَمَّا نَزَعَهُ جَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: ابْنُ خَطَلٍ مُتَعَلِّقٌ بِأَسْتَارِ الْكَعْبَةِ فَقَالَ: «اقْتُلُوهُ». قَالَ أَبُو دَاوُدَ: ابْنُ خَطَلٍ اسْمُهُ عَبْدُ اللَّهِ، وَكَانَ أَبُو بَرْزَةَ الْأَسْلَمِيُّ قَتَلَهُ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە ساڵی فەتحی مەککە چووە نێو مەککە کڵاوێکی قەڵغان کە چنرابوو لەسەری بوو، کاتێك کە لە سەری دایکەند، پیاوێك هاتە خزمەتی، گوتی: ئیبن خەتەل خۆی هەڵواسیوە بە پەردەی کەعبەوە، (پێغەمبەری خوا ﷺ) فەرمووی: «بیکوژن». ئەبو داود دەڵێت: ئیبن خەتەل ناوی عەبدوڵڵا بووە، ئەبو بەرزەی ئەسلەمی کوشتوویەتی.

بَابٌ فِي الْمَنِّ عَلَى الْأَسِيرِ بِغَيْرِ فِدَاءٍ

باسێك دەربارەی چاکەکردن بەسەر بەندەوە بەبێ بەرانبەر (ئازاد بکرێت)

٤٣٧. عَنْ أَنَسٍ ﵁: أَنَّ ثَمَانِينَ رَجُلاً مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ هَبَطُوا عَلَى النَّبِيِّ ﷺ وَأَصْحَابِهِ

مِنْ جِبَالِ التَّنْعِيمِ عِنْدَ صَلَاةِ الْفَجْرِ لِيَقْتُلُوهُمْ، فَأَخَذَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ سِلْمًا، فَأَعْتَقَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ ﷻ: {وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ} الفتح: ٢٤، إِلَى آخِرِ الْآيَةِ.

واتە: ئەنەس ؓ دەگێڕێتەوە: هەشتا پیاو لە خەڵکی مەککە لە ساڵی صولحی حودەیبیە هاتن دابەزین بۆ پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لە شاخی تەنعیم لە نوێژی بەیانی بۆ ئەوەی بیانکوژن، پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لێ کردن خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەوانیش خۆیان بەدەستەوە دا و پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی کردن، خوا ﷻ ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ}، واتە: خوا ئەو زاتەیە کە دەستی ئەوانی لە ئێوە پاراست و دەستی ئێوەشی لە ئەوان پاراست لەو دۆڵەی مەککەدا (واتە: ئێوەی پاراست لە شەڕکردن). تا کۆتایی ئایەتەکە.

٤٣٨. عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ ؓ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لِأُسَارَى بَدْرٍ: «لَوْ كَانَ مُطْعِمُ بْنُ عَدِيٍّ حَيًّا، ثُمَّ كَلَّمَنِي فِي هَؤُلَاءِ النَّتْنَى لَأَطْلَقْتُهُمْ لَهُ».

جوبەیری کوڕی موتعیم ؓ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ بە دیلەکانی بەدری فەرموو: «ئەگەر موتعیمی کوڕی عەدی زیندوو بووایە و قسەی لەگەڵمدا بکردایە، داوای لێم بکردایە ئەم بۆگەن و پیسانە بەربدەم، ئەوە لەبەر خاتری ئەو ئەوانم بەردەدا (هەرچەندە کافر بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی چاکەی بەسەر پێغەمبەری خواوە ﷺ هەبووە، پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك لە تائیف گەڕایەوە ئەم پاراستی لە کافران، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بەوەفا بووە، فەرموویەتی: ئەگەر ئێستا زیندوو بووایە، داوای بکردایە وەڵامی چاکەکەیم دەدایەوە و بە قسەیم دەکرد)».

بَابٌ فِي فِدَاءِ الْأَسِيرِ بِالْمَالِ

باسێك دەربارەی بەردانی بەند بە پارە

٤٣٩. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ جَعَلَ فِدَاءَ أَهْلِ الْجَاهِلِيَّةِ يَوْمَ بَدْرٍ أَرْبَعَ مِائَةٍ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ كافرە نەفامەكانی بەردا لە غەزای بەدردا هەر یەكێك بە چوار سەد دەرهەم (چوار سەد دەرهەمی لێ وەرگرتوون).

بَابٌ فِي الْوَفَاءِ بِالْعَهْدِ

باسی وەفاكردن بە پەیمان

٤٤٠. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ الْغَادِرَ يُنْصَبُ لَهُ لِوَاءٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُقَالُ: هَذِهِ غَدْرَةُ فُلَانِ بْنِ فُلَانٍ».

ئیبن عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەو كەسەی كە پەیمانی هەڵوەشاندۆتەوە و غەدر و خیانەتی كردووە، لە ڕۆژی قیامەتدا ئاڵایەكی بۆ هەڵدەدرێت و دەگوترێت: ئەمە غەدرەكەی فڵانی كوڕی فڵانە».

بَابٌ فِي الْإِمَامِ يُسْتَجَنُّ بِهِ فِي الْعُهُودِ

باسێك دەربارەی پێشەوا كە خۆی سەروكاری پەیمانەكە دەكات

٤٤١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّمَا الْإِمَامُ جُنَّةٌ يُقَاتَلُ بِهِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بێگومان پێشەوا قەڵغانە

و جەنگ لە پەنایەوە دەکرێت».

تێبینی:

لە جەنگ و پەیانبەستن و پاراستنی پەیمان و بڕیاردانی شەڕدا، ئەوە پێشەوایە ناهێڵێت هیچ لایەنێك زەرەر لە لایەنەکەی دیکە بدات، مادام پەیمان لە نێواندا هەیە.

بَابٌ فِي الْوَفَاءِ لِلْمُعَاهِدِ وَحُرْمَةِ ذِمَّتِهِ

باسێك دەربارەی وەفابوون بۆ خاوەن پەیمان و حەرامی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەی

٤٤٢. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ قَتَلَ مُعَاهِدًا فِي غَيْرِ كُنْهِهِ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ».

ئەبو بەکرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك خاوەن پەیمانێك بکوژێت لە غەیری کاتی خۆیدا (چونکە پەیمانی سەلامەتی پێ دراوە)، ئەوە ئەو کەسە خوا بەهەشتی لەسەر حەرام کردووە».

بَابٌ فِي الرُّسُلِ

باسێك دەربارەی نوێنەر و نێردراو (ی کافران)

٤٤٣. عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ إِسْحَاقَ، قَالَ: كَانَ مُسَيْلِمَةُ كَتَبَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، عَنْ سَلَمَةَ بْنِ نُعَيْمِ بْنِ مَسْعُودٍ الْأَشْجَعِيِّ، عَنْ أَبِيهِ نُعَيْمٍ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ لَهُمَا حِينَ قَرَأَ كِتَابَ مُسَيْلِمَةَ: «مَا تَقُولَانِ أَنْتُمَا؟»، قَالَا: نَقُولُ كَمَا قَالَ، قَالَ: «أَمَا وَاللَّهِ لَوْلَا أَنَّ الرُّسُلَ لَا تُقْتَلُ لَضَرَبْتُ أَعْنَاقَكُمَا».

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەڵێت: موسەیلەمە (ی درۆزن) نامەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ نووسی، سەلەمەی کوڕی نوعەیمی کوڕی مەسعوودی ئەشجەعی، دەگێڕێتەوە، لە باوکی نوعەیم کە گوتوویەتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ بەو دوو کەسەی موسەیلەمە نامەکەی پێیاندا ناردبوو، کاتێك نامەکەیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ خوێندەوە، پێیانی فەرموو: «ئەی ئێوە چی دەڵێن؟»، گوتیان: موسەیلەمە چی دەڵێت ئێمەش وا دەڵێین (بە پێغەمبەری دەزانین)، فەرمووی: «سوێند بە خوا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت کە نێردراو نابێت بکوژرێت، ئێستا لە گەردنم دەدان».

بَابٌ فِي أَمَانِ الْمَرْأَةِ

باسێك دەربارەی پەیماندانی ئافرەتێك بە کافرێك (کە پارێزراو بێت)

٤٤٤. عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: إِنْ كَانَتِ الْمَرْأَةُ لَتُجِيرُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ فَيَجُوزُ.

عائیشە رضي الله عنها دەڵێت: ئافرەت پەنای کافرانی دەدا و دروستیش بووە.

٤٤٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْإِيمَانُ قَيَّدَ الْفَتْكَ لَا يَفْتِكُ مُؤْمِنٌ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «بڕوادار بیروباوەڕەکەی ڕێگرە کە کەسێك بکوژێت پەیانی سەلامەتی هەبێت، بڕوادار پەیمان هەڵناوەشێنێتەوە و غەدر ناکات».

بَابٌ فِي التَّكْبِيرِ عَلَى كُلِّ شَرَفٍ فِي الْمَسِيرِ

باسێك دەربارەی (الله أكبر) گوتن لە كاتی ڕۆیشتن بە شوێنی بەرزدا

٤٤٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا قَفَلَ مِنْ غَزْوٍ أَوْ حَجٍّ أَوْ عُمْرَةٍ يُكَبِّرُ عَلَى كُلِّ شَرَفٍ مِنَ الْأَرْضِ ثَلَاثَ تَكْبِيرَاتٍ وَيَقُولُ: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ آيِبُونَ تَائِبُونَ عَابِدُونَ سَاجِدُونَ لِرَبِّنَا حَامِدُونَ صَدَقَ اللَّهُ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ».

عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ كە گەڕابایەوە لە غەزا بووایە، لە حەج بووایە، لە عومڕە بووایە، لەسەر هەموو شوێنێكی بەرز سێ جار (الله أكبر)ی دەكرد و دەیفەرموو: «هیچ پەرستراوێكی بەهەق نییە شایەنی پەرستن بێ جگە لە خوا، تاك و تەنهایە، هاوبەشی نییە، موڵك هەمووی هیی خوایە، سەنا و ستاییش هەر شایەنی خوایە، خوا توانا و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە، گەڕاینەوە، بەتەوبەكار پەرستشی خوا ئەنجام دەدەین، كڕنووش بۆ خوا دەبەین، سوپاس و ستاییشی خوا دەكەین، خوا ڕاستگۆ بوو بەڵێنەكانی بردە سەر، بەندەی خۆی سەر خست (كە پێغەمبەری خوایە ﷺ)، بەتەنها هەموو گروپەكانی تێك شكاند[١]».

بَابٌ فِي سُجُودِ الشُّكْرِ

باسێك دەربارەی سوجدەی شوكر

٤٤٧. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّهُ كَانَ إِذَا جَاءَهُ أَمْرُ سُرُورٍ أَوْ بُشِّرَ بِهِ خَرَّ

(١) كە لە غەزای خەندەقدا كۆ ببوونەوە بۆ لەناوبردنی پێغەمبەری خوا ﷺ، خوای گەورە بەبێ شەڕ بایەكی هەڵكرد و تێكی شكاندن و بەناچاری گەڕانەوە.

سَاجِدًا شَاكِرًا لِلَّهِ.

ئەبو بەکرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: کاتێك هەواڵێکی خۆشی بۆ بهاتایە، یان موژدەیەکی پێ بدرایە، یەکسەر دەچووە سەر زەوییەکە و سوجدەی شوکری بۆ خوا دەبرد.

بَابٌ فِي الْإِقَامَةِ بِأَرْضِ الشِّرْكِ

باسێك دەربارەی مانەوە لە زەویی هاوبەشدانەران

٤٤٨. عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ ﷺ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ جَامَعَ الْمُشْرِكَ وَسَكَنَ مَعَهُ فَإِنَّهُ مِثْلُهُ».

سەمورەی کوڕی جوندوب ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «هەر کەسێك هاونشین و تێکەڵی هاوبەشدانەر (مشرك) بێت، ئەوە ئەویش وەکوو ئەو وایە».

كِتَابُ الضَّحَايَا

پەرتووکی قوربانیکردن

بَابٌ فِي الْبَقَرِ وَالْجَزُورِ عَنْ كَمْ تُجْزِئُ؟

باسێك دەربارەی مانگا و وشتر بۆ چەند کەس دەبێت؟

٤٤٩. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «الْبَقَرَةُ عَنْ سَبْعَةٍ، وَالْجَزُورُ عَنْ سَبْعَةٍ».

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «مانگا بەبری حەوت کەس دەکەوێت (بۆ قوربانی)، هەروەها وشتریش بەبری حەوت کەس دەکەوێت».

بَابٌ فِي الشَّاةِ يُضَحَّى بِهَا عَنْ جَمَاعَةٍ

باسێك دەربارەی مەڕێك کە لەبری کۆمەڵێك دەکرێتە قوربانی

٤٥٠. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄ قَالَ: شَهِدْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ الْأَضْحَى بِالْمُصَلَّى،

فَلَمَّا قَضَى خُطْبَتَهُ نَزَلَ مِنْ مِنْبَرِهِ وأُتِيَ بِكَبْشٍ فَذَبَحَهُ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِيَدِهِ، وَقَالَ: «بِسْمِ اللَّهِ، وَاللَّهُ أَكْبَرُ، هَذَا عَنِّي، وَعَمَّنْ لَمْ يُضَحِّ مِنْ أُمَّتِي».

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ﵄ دەڵێت: ئامادەی جەژنی قوربان بووم لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژگەدا، کە وتارەکەی تەواو کرد، لە مینبەرەکە دابەزی و بەرانێکیان بۆی هێنا، پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی خۆی سەری بڕی و فەرمووی: «بە ناوی خوا، (الله أكبر)ی کرد، خوایە خێری ئەم بەرانە لەجیاتی خۆم و لەجیاتی هەر کەسێکیش لە ئوممەتی من لێرە بەدوا کە قوربانی نەکردووە و توانای نییە و هەژارە، خێر بۆ هەمووی بچێت».

بَابٌ فِي النَّهْيِ أَنْ تُصْبَرَ الْبَهَائِمُ، وَالرِّفْقِ بِالذَّبِيحَةِ

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە بەنیشانەگرتنی ئاژەڵ، هەروەها بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵی قوربانی

٤٥١. عَنْ شَدَّادِ بْنِ أَوْسٍ ﵁ قَالَ: خَصْلَتَانِ سَمِعْتُهُمَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ اللَّهَ كَتَبَ الْإِحْسَانَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ، فَإِذَا قَتَلْتُمْ فَأَحْسِنُوا الْقِتْلَةَ، وَإِذَا ذَبَحْتُمْ فَأَحْسِنُوا الذَّبْحَ، وَلْيُحِدَّ أَحَدُكُمْ شَفْرَتَهُ، وَلْيُرِحْ ذَبِيحَتَهُ».

شەددادی کوڕی ئەوس ﵁ دەڵێت: دوو شتم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستووە، کە فەرموویەتی: «خوا چاکەی لەسەر هەموو شتێك نووسیوە، ئەگەر هەر شتێکتان کوشت بەجوانترین شێواز بیکوژن، ئاژەڵێکیش (کە چەقۆی لەسەرە و) سەری دەبڕن بەجوانترین شێواز سەری ببڕن، با یەکێك لە ئێوە چەقۆکەی تیژ بکات، با پشوو بدات بە ئاژەڵەکەی کە سەری دەبڕێت».

٤٥٢. عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ ﵁ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ إِنْ أَحَدُنَا أَصَابَ

صَيْدًا وَلَيْسَ مَعَهُ سِكِّينٌ أَيَذْبَحُ بِالْمَرْوَةِ وَشِقَّةِ الْعَصَا؟ فَقَالَ: «أَمْرِرِ الدَّمَ بِمَا شِئْتَ، وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ ﷻ».

عەدی کوڕی حاتیم ﷺ دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، پێم بڵێ ئەگەر یەکێك لە ئێمە شتێکی ڕاو کرد و چەقۆی پێ نەبوو، ئایا بەو بەردە سپییە تیژانە و بە لایەکی گۆپاڵەکەی کە تیژە، ئایا بەوە سەری ببڕێت؟ فەرمووی: «بە ملیدا بهێنە و خوێنی لێ بڕژێت، ناوی خوای ﷻ لێ بێنە».

تێبینی:

(شِقَّةِ الْعَصَا): کاتێك دەبێتە دوو لەت تیژ دەبێت و بڕەڕ دەبێت.

(الْمَرْوَة): جۆرە بەردێکە ڕەنگی سپییە و کاتی خۆی تیژیان کردووە وەکوو تیغێك (چەقۆ).

بَابٌ فِي الْعَقِيقَةِ

باسێك دەربارەی هۆزەبانە

٤٥٣. عَنْ أُمِّ كُرْزٍ ﷺ قَالَتْ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: «أَقِرُّوا الطَّيْرَ عَلَى مَكِنَاتِهَا». قَالَتْ: وَسَمِعْتُهُ يَقُولُ: «عَنِ الْغُلَامِ شَاتَانِ، وَعَنِ الْجَارِيَةِ شَاةٌ لَا يَضُرُّكُمْ أَذُكْرَانًا كُنَّ أَمْ إِنَاثًا».

ئوم کوڕز ﷺ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: «واز لە باڵندە بێنن لە جێی خۆی بمێنێتەوە و هەڵیمەفڕێنن»، گوتی: گوێشم لێ بوو دەیفەرموو: «ئەگەر منداڵەکە کوڕ بوو، دوو ئاژەڵی بۆ سەر دەبڕێت، ئەگەر کچ بوو ئاژەڵێکی بۆ سەر دەبڕێت، ئیدی ئەگەر ئاژەڵەکە نێر بێت، یان مێ بێت ئاساییە».

تێبینی:

لەبەر ئەوەی لە نەفامێتیدا کەسێك بیویستایە کارێك بکات دەڕۆیی باڵندەی هەڵدەستاند لە هێلانەکەی، ئەگەر بە لای ڕاستدا بڕۆیشتایە، دەیگوت: کارەکەم خێر و باش دەبێت، دەڕۆیی ئیشەکەی دەکرد، ئەگەر باڵندەکە بە لای چەپدا بڕۆیشتایە، دەگەڕایەوە دەیگوت: کارەکەم شەڕ و خراپ دەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کرد لەم کارە، باڵندە مەفڕێنن لە هێلانەکەی لەبەر ئەوەی سوود و زیان بە دەستی ئەو نییە و بە دەستی خوای گەورەیە.

(مَكِنَاتِهَا): واتە: لەسەر هێلکە و هێلانەکەی هەڵیمەستێنن.

٤٥٤. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عَقَّ عَنِ الْحَسَنِ، وَالْحُسَيْنِ كَبْشًا كَبْشًا.

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ هەریەك لە حەسەن و حوسەین بەرانێکی بۆ کردن بە هۆزەبانە.

كِتَابُ الصَّيْدِ

پەرتووکی ڕاوکردن

بَابٌ فِي اتِّخَاذِ الْكَلْبِ لِلصَّيْدِ وَغَيْرِهِ

باسێك دەربارەی ڕاگرتنی سەگ بۆ ڕاوکردن یان هەر شتێکی دیکە

٤٥٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنِ اتَّخَذَ كَلْبًا إِلَّا كَلْبَ مَاشِيَةٍ أَوْ صَيْدٍ أَوْ زَرْعٍ انْتَقَصَ مِنْ أَجْرِهِ كُلَّ يَوْمٍ قِيرَاطٌ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك سەگ ڕابگرێت، هەموو ڕۆژێك کێوێك پاداشتی لەدەست دەچێت، مەگەر سەگی مەڕ بێت یان بۆ ڕاو بێت یان بۆ نێو کشتوکاڵ بێت (ئەوکات زیانی نییە و ڕێگەپێدراوە)».

٤٥٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَوْلَا أَنَّ الْكِلَابَ أُمَّةٌ مِنَ الْأُمَمِ لَأَمَرْتُ بِقَتْلِهَا، فَاقْتُلُوا مِنْهَا الْأَسْوَدَ الْبَهِيمَ».

عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر سەگەکانیش ئوممەتێك نەبوونایە لە ئوممەتەکان (ئەوانیش دروستکراوی خوای

گەورەن)، ئەوا فەرمانم دەکرد بە کوشتنیان، بەڵام ئێستا تەنها ئەو جۆرە سەگانە بکوژن کە ڕەنگیان ڕەشی قەترانی بێپەڵەیە (ئەوانە لە فەرموودەی دیکەدا هاتووە شەیتانن، سەگی ڕەش شەیتانە بیکوژن، بەڵام جگە لەوە ناکوژرێت)».

تێبینی:

(الْبَهِيم): ڕەشێك كە ڕەنگی دیکەی تێکەڵ نەبووبێت.

بَابٌ فِي صَيْدٍ قُطِعَ مِنْهُ قِطْعَةٌ

باسێك دەربارەی نێچیرێك كە یەكێك لە پارچەكانی لێ بووبێتەوە

٤٥٧. عَنْ أَبِي وَاقِدٍ ﷺ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «مَا قُطِعَ مِنَ الْبَهِيمَةِ وَهِيَ حَيَّةٌ فَهِيَ مَيْتَةٌ».

ئەبو واقید ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر پارچە گۆشتێك لە ئاژەڵ ببێتەوە و ئاژەڵەكەش زیندوو بێت، ئەو پارچەیە مردارەوەبوویە (خواردنی حەرامە)».

كِتَاب الْوَصَايَا

پەرتووكی وەسییەتكردن

بَابُ مَا جَاءَ فِي مَا يُؤْمَرُ بِهِ مِنَ الْوَصِيَّةِ

باسی ئەو شتەی فەرمانی پێ كراوە لە وەسییەتكردندا

٤٥٨. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ يَعْنِي ابْنَ عُمَرَ رضي الله عنهما عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَا حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ لَهُ شَيْءٌ يُوصِي فِيهِ يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ إِلَّا وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْدَهُ».

عەبدوڵڵا واتە: ئیبن عومەر رضي الله عنهما لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «شیاو نییە بۆ موسوڵمان دوو شەوی بەسەردا تێپەڕێت و شتێكی هەبێت كە شایەنی وەسییەت بۆ كردن بێت و وەسییەتی بۆ نەكردبێت، ئەگەر ماوەیەكی كەمیش بێت، بەڵكوو دەبێت وەسییەتەكەی نووسیبێت و لەلای خۆی بێت».

٤٥٩. عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: مَا تَرَكَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ دِينَارًا وَلَا دِرْهَمًا وَلَا بَعِيرًا وَلَا شَاةً وَلَا أَوْصَى بِشَيْءٍ.

عائیشە رضي الله عنها دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نە دیناری بەجێ هێشت، نە دەرهەم، نە

وشتر، نە مەڕ و بزن، نە وەسییەتی کرد بە شتێك (لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتووە تا وەسییەت بکات، بفەرموێت ئەم شتە ئاوا لێ بکەن).

بَابُ مَا جَاءَ فِي كَرَاهِيَةِ الْإِضْرَارِ فِي الْوَصِيَّةِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خراپی زیانگەیاندن لە کاتی وەسییەتکردن

٤٦٠. **عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَجُلٌ لِلنَّبِيِّ ﷺ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ الصَّدَقَةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ:** «أَنْ تَصَدَّقَ وَأَنْتَ صَحِيحٌ حَرِيصٌ تَأْمُلُ الْبَقَاءَ وَتَخْشَى الْفَقْرَ، وَلَا تُمْهِلَ حَتَّى إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ قُلْتَ لِفُلَانٍ كَذَا وَلِفُلَانٍ كَذَا، وَقَدْ كَانَ لِفُلَانٍ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پیاوێك بە پێغەمبەری ﷺ گوت: ئەی پێغەمبەری خوا، چ خێرێك باشترینە؟ فەرمووی: « خێر و چاکە بکەیت لە کاتێکدا کە لەشساغیت و سووریت لەسەر ژیان، بە ئومێدی مانەوە بێت لە ژیان، لە هەژاری بترسێیت، وا مەبە خێر نەکەیت تا ڕووح بگاتە گەرووت، ئینجا بڵێیت ئەمە بدەنە فڵانە کەس، ئەوە بدەنە فڵانە کەس، لە کاتێکدا تازە گەیشت بەو کەسەی کە میراتگرە و لەدەست دەرچوو».

٤٦١. **عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﵁ قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ:** «يَا أَبَا ذَرٍّ إِنِّي أَرَاكَ ضَعِيفًا، وَإِنِّي أُحِبُّ لَكَ مَا أُحِبُّ لِنَفْسِي فَلَا تَأَمَّرَنَّ عَلَى اثْنَيْنِ وَلَا تَوَلَّيَنَّ مَالَ يَتِيمٍ».

ئەبو زەر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو: «ئەی ئەبو زەر، من وا دەبینم تۆ لاوازی (لە ڕووی ئیدارییەوە)، من ئەوەی بۆ خۆم پێمخۆشە بۆ تۆش پێمخۆشە، بۆیە مەبە فەرمانڕەوا بەسەر دوو کەسەوە (فەرمانڕەوایی لێپرسینەوەی لەسەرە) و سەرپەرشتیی ماڵی منداڵی بێباوك مەکە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْوَصِيَّةِ لِلْوَارِثِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی وەسییەتکردن بۆ میراتگر

٤٦٢. عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﵁: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَعْطَى كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ فَلَا وَصِيَّةَ لِوَارِثٍ».

ئەبو ئومامە ﵁ (دەڵێت:) گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «بێگومان خوا مافی هەموو خاوەن مافەکانی داوە، بۆیە میراتگر وەسییەتی بۆ دروست نییە».

بَابُ مَا جَاءَ مَتَى يَنْقَطِعُ الْيُتْمُ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی کاتی کۆتاییهاتنی ماوەی هەتیوی

٤٦٣. عن عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ ﵁: حَفِظْتُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: «لَا يُتْمَ بَعْدَ احْتِلَامٍ، وَلَا صُمَاتَ يَوْمٍ إِلَى اللَّيْلِ».

عەلی کوڕی ئەبو تالیب ﵁ (دەڵێت): لەبەرم کردووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ (فەرمووی): «هەتیوی نامێنێت لەپاش باڵغبوون و ڕۆژێك هەتا شەو بێدەنگ بێت شتی وا نییە».

تێبینی:

لە سەردەمی نەزانی و نەفامیدا کە ئیعتیکافیان بکردایە ئەو ڕۆژە تا شەو قسەیان نەدەکرد، شتی وا نییە، چونکە ئیعتیکاف بۆ عیبادەتە نەك بۆ قسەنەکردن بێت.

بَابُ مَا جَاءَ فِي التَّشْدِيدِ فِي أَكْلِ مَالِ الْيَتِيمِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی هەڕەشەی سەبارەت بە خواردنیماڵی هەتیوو

٤٦٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: «اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ». قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: «الشِّرْكُ بِاللَّهِ، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خۆتان بەدوور بگرن لە حەوت کردەوە لەناوبەرەکان»، گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەم حەوت کردارە چین؟ فەرمووی: «هاوەڵدانان بۆ خوا، جادووکردن، کوشتنی ئەو نەفسەی کە خوا حەرامی کردووە تەنها بەهەق نەبێت (بەناهەق خەڵك بکوژیت)، خواردنی سوو، خواردنی ماڵی منداڵی بێباوك، پشتهەڵکردن لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی کافراندا، تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێنپاکی بێئاگای بڕوادار بە زیناکردن (ئەمە هەمووی تاوانی گەورەن و مرۆڤ لەناو دەبەن)».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الدَّلِيلِ عَلَى أَنَّ الْكَفَنَ مِنْ جَمِيعِ الْمَالِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەو بەڵگەیەی کەوا کفنی مردوو لەسەر کۆی ماڵەکەیە

٤٦٥. عَنْ خَبَّابٍ قَالَ: مُصْعَبُ بْنُ عُمَيْرٍ ﵁ قُتِلَ يَوْمَ أُحُدٍ وَلَمْ تَكُنْ لَهُ إِلَّا نَمِرَةٌ كُنَّا إِذَا غَطَّيْنَا بِهَا رَأْسَهُ خَرَجَتْ رِجْلَاهُ، وَإِذَا غَطَّيْنَا رِجْلَيْهِ خَرَجَ رَأْسُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «غَطُّوا بِهَا رَأْسَهُ، وَاجْعَلُوا عَلَى رِجْلَيْهِ مِنَ الْإِذْخِرِ».

خەبباب دەڵێت: موصعەبی کوڕی عومەیر ﷺ لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو، هیچی پێ نەبوو تەنها عەبایەك نەبێت، بماندایە بەسەریدا بۆ کفنەکەی قاچەکانی دەردەکەوت، بماندایا بە قاچیدا سەری دەردەکەوت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بیدەن بەسەریدا و گیای ئیزخیر (جۆرە گیایەکە) بدەن بە قاچیدا».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الصَّدَقَةِ عَنِ الْمَيِّتِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خێرکردن بۆ مردوو

٤٦٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةِ أَشْيَاءَ: مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر مرۆڤ بمرێت کردەوەکانی دەپچڕێت جگە لە سێ ڕێگەوە: لە خێرێکی نەبڕاوە، یان زانیارییەکی بڵاو کردبێتەوە (خەڵك لەدوای خۆی سوودی لێ ببینێت)، یان منداڵێکی چاکەکاری لەدوای خۆی بەجێ هێشتبێت دوعای خێری بۆ بکات».

بَابُ مَا جَاءَ فِيمَنْ مَاتَ عَنْ غَيْرِ وَصِيَّةٍ يُتَصَدَّقُ عَنْهُ؟

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی کەسی مردوو کە وەسییەتی نەکردبێت خێری بۆ بکرێت؟

٤٦٧. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ: أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أُمِّي افْتُلِتَتْ نَفْسُهَا، وَلَوْلَا ذَلِكَ لَتَصَدَّقَتْ وَأَعْطَتْ، أَفَيُجْزِئُ أَنْ أَتَصَدَّقَ عَنْهَا؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «نَعَمْ فَتَصَدَّقِي عَنْهَا».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: ئافرەتێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، دایکم لەناکاودا (کتوپڕ) مردووە، ئەگەر لەناکاو نەبووایە و فریا بکەوتایە، وەسییەتی دەکرد خێر بکات و شتی دەبەخشی، ئایا خێرەکەی بۆ دەچێت ئەگەر من لەجیاتی ئەو خێری بۆ بکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «بەڵێ، خێری بۆ بکە».

كِتَابُ الْفَرَائِضِ

پەرتووکی میرات

بَابٌ فِي الْكَلَالَةِ

باسێك دەربارەی کەلالە

٤٦٨. عَنِ ابْنَ الْمُنْكَدِرِ: أَنَّهُ سَمِعَ جَابِرًا ﵁ يَقُولُ: مَرِضْتُ فَأَتَانِي النَّبِيُّ ﷺ يَعُودُنِي، هُوَ وَأَبُو بَكْرٍ مَاشِيَيْنِ، وَقَدْ أُغْمِيَ عَلَيَّ، فَلَمْ أُكَلِّمْهُ، فَتَوَضَّأَ وَصَبَّهُ عَلَيَّ فَأَفَقْتُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ أَصْنَعُ فِي مَالِي وَلِي أَخَوَاتٌ؟ قَالَ: فَنَزَلَتْ آيَةُ الْمَوَارِيثِ: {يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ} النساء: ١٧٦.

ئیبن مونکەدیر دەگێڕێتەوە: گوێی لە جابیر بوو ﵁ دەیگوت: نەخۆش بووم پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەبو بەکر بەپێ هاتن سەردانیان کردم، لەهۆش خۆم چووبووم بوورابوومەوە، نەمتوانی قسە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بکەم، دەستنوێژی شوشت ئاوی دەستنوێژەکەی پێدا کردم و هاتمەوە هۆش خۆم، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، نەخۆشم (لەوانەیە بمرم)، چی لەم ماڵە بکەم کە بەجێی دێڵم و خوشکیشم هەن؟ دەڵێت: ئینجا ئایەتی میرات دابەزی: {يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي

الْكَلَالَةِ}، واتە: ئەی موحەممەد ﷺ، داوای فەتوات لێ دەکەن دەربارەی کەلالە، بڵێ: خوا فەتواتان بۆ دەدات دەربارەی کەلالە.

✎ تێبینی:

ئەم ئایەتە لە کۆتایی تەمەنی پێغەمبەری خوا ﷺ دابەزی، واتە: کاتێك دابەزی جابیر باوکی وەفاتی کردبوو لە ئوحوددا، وە منداڵیشی نییە تەنها حەوت خوشکی هەیە، گوتی: ماڵەکەم چی لێ بکەم؟ خوای گەورە ئایەتی دابەزاند: ئەی موحەممەد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ئەم بابەتە، بڵێ: خوای گەورە فەتواتان بۆ دەدات سەبارەت بە کەلالە، کەسێك کە بمرێت کوڕ یان باوك لەدوای خۆی بەجێ نەهێڵێت، تا کۆتایی ئایەتەکە: {إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ وَهُوَ يَرِثُهَا إِنْ لَمْ يَكُنْ لَهَا وَلَدٌ فَإِنْ كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ وَإِنْ كَانُوا إِخْوَةً رِجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَنْ تَضِلُّوا وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ}، واتە: کەسێك بمرێت و منداڵ بەجێ نەهێڵێت، یان خوشك بەجێ بێڵێت، ئەوە نیوەی میراتییەکە بۆ خوشکەکەی دەبێت و براکەش میراتی لە خوشکەکەی دەبات هەموو میراتەکەی دەبات کە ئەگەر کوڕی نەبێت، ئەگەر دوو خوشك بوون ئەوە دوو لەسەر سێی دەبەن.

بَابُ مَا جَاءَ فِي مِيرَاثِ الصُّلْبِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی میراتی کوڕ و کچ و نەوە

٤٦٩. عَنْ هُزَيْلِ بْنِ شُرَحْبِيلَ الْأَوْدِيِّ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ رضي الله عنه وَسَلْمَانَ بْنِ رَبِيعَةَ فَسَأَلَهُمَا، عَنِ ابْنَةٍ، وَابْنَةِ ابْنٍ، وَأُخْتٍ لِأَبٍ وَأُمٍّ، فَقَالَا: لِلابْنَةِ النِّصْفُ وَلِلْأُخْتِ مِنَ الْأَبِ، وَالْأُمِّ النِّصْفُ، وَلَمْ يُوَرِّثَا ابْنَةَ الِابْنِ شَيْئًا، وَأْتِ ابْنَ

مَسْعُودٍ، فَإِنَّهُ سَيُتَابِعُنَا، فَأَتَاهُ الرَّجُلُ فَسَأَلَهُ وَأَخْبَرَهُ بِقَوْلِهِمَا، فَقَالَ: لَقَدْ ضَلَلْتُ إِذًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُهْتَدِينَ، وَلَكِنِّي سَأَقْضِي فِيهَا بِقَضَاءِ النَّبِيِّ ﷺ «لِابْنَتِهِ النِّصْفُ، وَلِابْنَةِ الِابْنِ سَهْمٌ تَكْمِلَةُ الثُّلُثَيْنِ، وَمَا بَقِيَ فَلِلْأُخْتِ مِنَ الْأَبِ وَالْأُمِّ».

هوزەیلی کوڕی شوڕەحبیلی ئەودی دەڵێت: پیاوێك هات بۆ لای ئەبو مووسای ئەشعەری ﷺ و سەلمانی کوڕی ڕەبیعە پرسیاری لێ کردن دەربارەی کەسێك لەدوای خۆی کچێکی و کچی کوڕێکی، خوشکێکی دایك و باوکی بەجێ هێشتووە، چۆن میراتییەکەی دابەش دەکرێت؟ گوتیان: کچەکەی نیوەی دەبات، خوشکی دایك و بابیشی نیوەی دیکە دەبات، بەڵام هیچ میراتیان بۆ کچی کوڕەکەی دانەنا، گوتیان: بڕۆ بۆ لای ئیبن مەسعوودیش پرسیاری لێ بکە ئەویش لەگەڵ ئێمە یەکدەنگ دەبێت لەو فەتوایەی ئێمە داومانە، پیاوەکە هاتە لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود پرسیاری لێی کرد، (گوتی: پیاوێك مردووە کچێکی و کچی کوڕێکی و خوشکێکیشی لە دایك و باوکەوە بەجێ هێشتووە، چۆن میراتییەکەی دابەش دەکرێت؟)، گوتیشی: چوومەتە لای ئەبو مووسای ئەشعەری و سەلمانی کوڕی ڕەبیعە بەم شێوازە دابەشیان کردووە، ئەمیش گوتی: ئەگەر منیش شوێن ئەوان بکەوم و وەکوو ئەوان فەتواکە بدەم و هاودەنگی ئەوان بم، ئەوە گومڕا بوومە و لە شارەزایان نیم، گوتی: بەڵام پێغەمبەر ﷺ لەم بابەتەدا چۆن بڕیاری داوە ئێستا منیش بەو شێوازە بڕیار دەدەم: «کچەکەی نیوە دەبات، کچی کوڕەکەی پشکێکی هەیە تەواوکەری دوو لەسەر سێیەکە، ئەوەیشی کە دەمێنێتەوە بۆ خوشکەکەیە لە دایك و لە باوك (واتە: بەم شێوازە دابەشی کرد)».

بَابٌ فِي مِيرَاثِ الْعَصَبَةِ

باسێك دەربارەی میراتی خزمانی پشتێ

٤٧٠. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «اقْسِمْ الْمَالَ بَيْنَ أَهْلِ الْفَرَائِضِ،

عَلَى كِتَابِ اللَّهِ فَمَا تَرَكَتِ الْفَرَائِضُ فَلِأَوْلَى ذَكَرٍ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە نێوان خاوەن پشکە دیاریکراوەکاندا ماڵەکە و میراتییەکە دابەش بکە، بەگوێرەی کتێبی خوا، ئەوەیشی کە لە خاوەن پشکەکان مایەوە ئەوە بۆ نزیکترین کەسی نێرە».

بَابٌ فِي مِيرَاثِ ذَوِي الْأَرْحَامِ

باسێك دەربارەی میراتی خزمانی لای ژن (خزم لە ژنانەوە)

٤٧١. عَنِ الْمِقْدَامِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ تَرَكَ كَلًّا فَإِلَيَّ»، وَرُبَّمَا قَالَ: «إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ، وَمَنْ تَرَكَ مَالاً فَلِوَرَثَتِهِ، وَأَنَا وَارِثُ مَنْ لَا وَارِثَ لَهُ، أَعْقِلُ لَهُ وَأَرِثُهُ، وَالْخَالُ وَارِثُ مَنْ لَا وَارِثَ لَهُ، يَعْقِلُ عَنْهُ وَيَرِثُهُ».

میقدام ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك بارێکی قورسی بەجێ هێشت ئەوە لەسەر منە»، لەوانەیە فەرمووبێتی: «بۆ خوا و بۆ پێغەمبەرەکەی، بەڵام کەسێك ماڵی بەجێ هێشت بۆ میراتگرەکانیەتی، کەسێك میراتگری نەبوو من دەبم بە میراتگری، خوێنبایی لەبری دەدەم و میراتیشی لێ دەگرم، خاڵۆش میراتگری هەر کەسێکە کە میراتگری نەبێت، خوێنبایی لەبری دەدات و میراتیشی لێ دەگرێت».

بَابٌ هَلْ يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ؟

باسی ئەوەی ئایا موسوڵمان میرات لە کافر دەگرێت؟

٤٧٢. عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ، وَلَا الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ».

ئوسامەی کوڕی زەید ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هیچ موسوڵمانێك میرات لە هیچ کافرێك ناگرێت، هیچ کافرێکیش میرات لە هیچ موسوڵمانێك ناگرێت».

٤٧٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَتَوَارَثُ أَهْلُ مِلَّتَيْنِ شَتَّى».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەهلی دوو ئایینی لێك جیاواز میرات لەیەکدی نابەن».

بَابٌ فِيمَنْ أَسْلَمَ عَلَى مِيرَاثٍ

باسی کەسێك پێش دابەشکردنی میراتییەکە موسوڵمان ببێت

٤٧٤. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «كُلُّ قَسْمٍ، قُسِمَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ فَهُوَ عَلَى مَا قُسِمَ لَهُ، وَكُلُّ قَسْمٍ أَدْرَكَهُ الْإِسْلَامُ فَهُوَ عَلَى قَسْمِ الْإِسْلَامِ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر دابەشکارییەك لە سەردەمی نەفامیدا دابەش کرابێت، ئەوە بەگوێرەی ئەو دابەشکردنەیە، هەر دابەشکردنێکیش لە سەردەمی ئیسلامدا بێت، ئەوە بەگوێرەی ئیسلام دابەش دەکرێت».

بَابٌ فِي الْحِلْفِ

باسێك دەربارەی هاوپەیمانێتی

٤٧٥. عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «لَا حِلْفَ فِي الْإِسْلَامِ، وَأَيُّمَا حِلْفٍ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، لَمْ يَزِدْهُ الْإِسْلَامُ إِلَّا شِدَّةً».

جوبەیری کوڕی موتعیم ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ هاوپەیمانێتییەك لە ئیسلامدا نییە، هەر هاوپەیمانێتییەکیش لە نەفامییەتیدا هەبووبێت ئەوەی کە باش بووبێت (وەکوو بۆ گەیاندنی پەیوەندیی خزمایەتی و سەرخستنی ستەملێکراو و چاکە و هاوکاریکردن)، ئیسلام هیچ شتێکی بۆ ئەو هاوپەیمانانە زیاد نەکردووە جگە لە زیاتر تۆکمەکردن و جەختلێکردنەوە و پاراستنی».

٤٧٦. عَنْ سَعِيدٍ قَالَ: كَانَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ﵁: يَقُولُ: الدِّيَةُ لِلْعَاقِلَةِ، وَلَا تَرِثُ الْمَرْأَةُ مِنْ دِيَةِ زَوْجِهَا شَيْئًا، حَتَّى قَالَ لَهُ الضَّحَّاكُ بْنُ سُفْيَانَ: كَتَبَ إِلَيَّ رَسُولُ اللهِ ﷺ: أَنْ أُوَرِّثَ امْرَأَةَ أَشْيَمَ الضِّبَابِيِّ، مِنْ دِيَةِ زَوْجِهَا.

سەعید دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب ﵁ دەیگوت: خوێنبایی بۆ کەسوکاری کوژراوە، هەروەها ژن هیچ بەشە میراتێك لە خوێنبایی مێردەکەی نابات، هەتا زەححاکی کوڕی سوفیان پێی گوت: پێغەمبەری خوا ﷺ نووسراوی بۆ من نووسی کەوا: میراتی ژنەکەی ئەشیەمی زەبابی بدەم لە خوێنبایی مێردەکەی.

تێبینی:

پێشەوا عومەر بە ئیجتیهادی خۆی قیاسی کرد گوتی: ئەم کەسە کاتێك کە کوژراوە، هیچی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتووە، ئەم خوێنباییە لەدوای مردنەکەی دەستی دەکەوێت، ئەوەیشی کە لەدوای مردنی کوژراوەکە دەستی بکەوێت نابێت بە میراتی،

بەڵام کاتێك کە سوننەت و فەرموودەی پێغەمبەری خوای ﷺ پێ گەیشت، وازی لە بۆچوونی خۆی هێنا و گەڕایەوە بۆ سوننەتەکە و کاری بە فەرموودەکە کرد کە لە زەححاکی کوڕی سوفیانەوە بیستی، پێغەمبەری خوا ﷺ زەححاکی کوڕی سوفیانی کردبوو بە والی بەسەر ئەعرابییەکانەوە، فەرمانڕەوا بووە بەسەریانەوە، پیاوێکی یەکجار ئازا بووە، تا دەگوترێت: ئازایەتییەکەی لە بەرامبەر سەد سوار چاکدا بووە، هەمیشە بەدیار سەری پێغەمبەری خوا ﷺ بە شمشێرەکەیەوە ڕاوەستاوە پارێزگاری لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە، خوای گەورە لێی ڕازی بێت.

كِتَابُ الْخَرَاجِ وَالْإِمَارَةِ وَالْفَيْءِ

پەرتووکی باج و فەرمانڕەوایی و دەستکەوت

بَابُ مَا يَلْزَمُ الْإِمَامَ مِنْ حَقِّ الرَّعِيَّةِ

باسی چی پێویستە لەسەر ئیمام لە مافی خەڵکی (مافی خەڵکی بەسەر فەرمانڕەوا و کاربەدەستەوە چییە؟)

٤٧٧. **عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ** رضي الله عنهما: **أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ** ﷺ **قَالَ:** «أَلَا كُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ، فَالْأَمِيرُ الَّذِي عَلَى النَّاسِ رَاعٍ عَلَيْهِمْ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ بَعْلِهَا وَوَلَدِهِ، وَهِيَ مَسْئُولَةٌ عَنْهُمْ، وَالْعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِهِ، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، فَكُلُّكُمْ رَاعٍ، وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِهِ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئاگادار بن هەمووتان چاودێرن و هەمووتان (بەشی خۆتان) بەرپرسیارن لەوانەی کە لەژێر سەرپەرشتیی ئەودایە، ئەو کاربەدەستەی کە بەسەر خەڵکییەوە چاودێرە و لێیان بەرپرسیارە، هەروەها پیاویش چاودێرە بەسەر خێزانی ماڵەکەیدا و هەر ئەویش بەرپرسیاریانە، وە ژنیش چاودێرە بەسەر ماڵی مێردەکەیدا و منداڵەکانیدا

و لێشیان بەرپرسیارە، بەندە بەسەر ماڵی گەورەکەیدا چاودێر و بەرپرسیارە، بۆیە هەمووتان چاودێرن و هەمووشتان بەرپرسیارن بەسەر ئەوانەی لەبەر دەستتاندان».

بَابُ مَا جَاءَ فِي طَلَبِ الْإِمَارَةِ

باسی ئەوەی هاتووە سەبارەت بە داواکردنی بەرپرسیارییەتی

٤٧٨. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ سَمُرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ لِي النَّبِيُّ ﷺ: «يَا عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ سَمُرَةَ، لَا تَسْأَلِ الْإِمَارَةَ، فَإِنَّكَ إِذَا أُعْطِيتَهَا عَنْ مَسْأَلَةٍ وُكِلْتَ فِيهَا إِلَى نَفْسِكَ، وَإِنْ أُعْطِيتَهَا عَنْ غَيْرِ مَسْأَلَةٍ أُعِنْتَ عَلَيْهَا».

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی سەمورە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ پێمی فەرموو: «ئەی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی سەمورە، داوای فەرمانڕەوایەتی مەکە، لەبەر ئەوەی ئەگەر خۆت داوای بکەیت و پێت بدرێت، ئەوە دەسپێردرێیت بەو کارە و خوای گەورە پشتیوانیت ناکات و خۆت و هێز و توانای خۆت، ئەگەر پێت ببەخشرێت بەبێ ئەوەی خۆت داوای بکەیت، یارمەتی دەدرێیت».

بَابٌ فِي اتِّخَاذِ الْوَزِيرِ

باسێك دەربارەی دانانی وەزیر

٤٧٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِالْأَمِيرِ خَيْرًا جَعَلَ لَهُ وَزِيرَ صِدْقٍ، إِنْ نَسِيَ ذَكَّرَهُ، وَإِنْ ذَكَرَ أَعَانَهُ، وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهِ غَيْرَ ذَلِكَ جَعَلَ لَهُ وَزِيرَ سُوءٍ، إِنْ نَسِيَ لَمْ يُذَكِّرْهُ، وَإِنْ ذَكَرَ لَمْ يُعِنْهُ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر خوا خێری بۆ

فەرمانڕەوایەك بوێت ئەوە وەزیرێکی ڕاستگۆی بۆ دادەنێت (چاکەکار بێت)، ئەگەر فەرمانڕەواکە شتێکی لەبیر کرد ئەو بیری دەهێنێتەوە، ئەگەر لەبیری بوو ئەو پشتیوانیی دەکات، ئەگەر خوا جگە لەمەی بۆ فەرمانڕەوا بوێت، ئەوە وەزیرێکی خراپی بۆ دادەنێت، ئەگەر لەبیری بکات ئەو وەزیرە بیری ناخاتەوە، ئەگەر لەبیریشی بوو ئەو یارمەتی نادات».

بَابٌ فِي السِّعَايَةِ عَلَى الصَّدَقَةِ

باسێك دەربارەی کەسێك سەرپەرشتیی کاری زەکات بکات

٤٨٠. عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «الْعَامِلُ عَلَى الصَّدَقَةِ بِالْحَقِّ كَالْغَازِي فِي سَبِيلِ اللَّهِ، حَتَّى يَرْجِعَ إِلَى بَيْتِهِ».

ڕافیعی کوڕی خەدیج ﵁ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «ئەو کەسەی بە کاروباری کۆکردنەوەی زەکات هەڵدەستێت و بەتەواوی مافی خۆی پێ دەدات، وەکوو ئەو کەسە وایە کە لەپێناو خوادا چووە بۆ غەزا، هەتا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی».

٤٨١. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: قَالَ عُمَرُ: إِنِّي إِنْ لَا أَسْتَخْلِفْ، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَمْ يَسْتَخْلِفْ، وَإِنْ أَسْتَخْلِفْ فَإِنَّ أَبَا بَكْرٍ، قَدِ اسْتَخْلَفَ، قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلَّا أَنْ ذَكَرَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ وَأَبَا بَكْرٍ، فَعَلِمْتُ أَنَّهُ لَا يَعْدِلُ بِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ أَحَدًا، وَأَنَّهُ غَيْرُ مُسْتَخْلِفٍ.

(کاتێك کە پێشەوا عومەر بریندار کرا گوتیان: ئایا کەسێك لە جێی خۆت ناکەیت بە خەلیفە؟) ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: عومەر گوتی: من کەس ناکەم بە خەلیفە، پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد، کەسی لە شوێنی خۆی دانەنا، ئەگەر

کەسێکیش لە جێی خۆم دابنێم ئەوە ئەبو بەکریش کەسێکی لە جێی خۆی داناوە، (ئیبن عومەر) گوتی: سوێند بە خوا کە باوکم باسی پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبو بەکری کرد، زانیم لە پێغەمبەری خوا ﷺ لانادا بە هیچ جۆرێك و کەس ناکات بە خەلیفە لە شوێنی خۆی.

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْبَيْعَةِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی بەیعەتدان

٤٨٢. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ قَالَ: كُنَّا نُبَايِعُ النَّبِيَّ ﷺ عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَيُلَقِّنُنَا: «فِيمَا اسْتَطَعْتَ».

ئیبن عومەر ﷺ دەڵێت: ئێمە بەیعەتمان بە پێغەمبەر ﷺ دەدا لەسەر گوێگرتن و گوێڕایەڵی بووین، بە گوێیدا دەداین و دەیفەرموو:«ئەوەندەی لە تواناتدا بێت».

بَابٌ فِي أَرْزَاقِ الْعُمَّالِ

باسێك دەربارەی ڕۆزی خواردنی فەرمانڕەواكان

٤٨٣. عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ عَلَى عَمَلٍ فَرَزَقْنَاهُ رِزْقًا، فَمَا أَخَذَ بَعْدَ ذَلِكَ فَهُوَ غُلُولٌ».

عەبدوڵڵای کوڕی بوڕەیدە، لە باوکی ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك کارێکمان پێ سپارد و کردمان بە فەرمانڕەوا، پاشان (مووچەیەك) ڕۆزییەکمان پێی دا، دەبێت هەر ئەوەندە بەرێت، جگە لەوە هەر شتێکی دیکە بەرێت ئەوە دزییە».

بَابٌ فِي هَدَايَا الْعُمَّالِ

باسێك دەربارەی دیاریدان بە فەرمانبەران

٤٨٤. عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ اسْتَعْمَلَ رَجُلًا مِنَ الْأَزْدِ يُقَالُ لَهُ ابْنُ اللُّتْبِيَّةِ - قَالَ ابْنُ السَّرْحِ: ابْنُ الْأُتْبِيَّةِ - عَلَى الصَّدَقَةِ فَجَاءَ، فَقَالَ: هَذَا لَكُمْ وَهَذَا أُهْدِيَ لِي، فَقَامَ النَّبِيُّ ﷺ عَلَى الْمِنْبَرِ فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، وَقَالَ: «مَا بَالُ الْعَامِلِ نَبْعَثُهُ فَيَجِيءُ فَيَقُولُ هَذَا لَكُمْ وَهَذَا أُهْدِيَ لِي، أَلَا جَلَسَ فِي بَيْتِ أُمِّهِ أَوْ أَبِيهِ فَيَنْظُرَ أَيُهْدَى لَهُ أَمْ لَا؟ لَا يَأْتِي أَحَدٌ مِنْكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ ذَلِكَ إِلَّا جَاءَ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، إِنْ كَانَ بَعِيرًا فَلَهُ رُغَاءٌ، أَوْ بَقَرَةً فَلَهَا خُوَارٌ، أَوْ شَاةً تَيْعَرُ»، ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ حَتَّى رَأَيْنَا عُفْرَةَ إِبِطَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: «اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ، اللَّهُمَّ هَلْ بَلَّغْتُ».

ئەبو حومەیدی ساعیدی ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی کرد بە فەرمانبەر لە هۆزی ئوزد، پێی دەگوترا: کوڕی لوتبییە[١]، ئیبن سەرح دەڵێت: گوتوویانە ئیبن ئوتبییە، پێغەمبەر ﷺ کردییە فەرمانبەر بۆ کۆکردنەوەی زەکات، پاشان کە هاتەوە گوتی: ئەمە زەکاتەکەی ئێوەیە، ئەوەش بە دیاری هێنراوە بۆم، پێغەمبەر ﷺ چووە سەر مینبەر، سوپاس و سەنا و ستایشی خوای کرد، فەرمووی: «چییە فەرمانبەرێك دەینێرین بۆ کۆکردنەوەی زەکات پاشان زەکاتەکە دێنێتەوە، دەڵێت: ئەمە زەکاتەکەی ئێوەیە، ئەمەش بە دیاری دراوە بە خۆم، ئەی با لە ماڵی باوکی یان دایکی دابنیشێت بزانە کەس دیاری بۆ دەبات یان نا[٢]، هەر کەسێك فەرمانبەری دەوڵەت بێت دیاری لە خەڵك وەربگرێت، لە ڕۆژی

(١) وەکوو نیسبەتە بۆ قەبیلەکەی، بەنو لوتب قەبیلەیەکی ناسراو بوونە، حافیز ئیبن حەجەر دەڵێت: ئیبن لوتبییە ناوی عەبدوڵلا بووە، لوتبییەش دایکی بووە، یان نیسبەت بووە بۆ هۆزەکەی.

(٢) ئەم دیارییەی پێ دراوە لەبەر ئەوەی فەرمانبەری دەوڵەتە، بۆیە حەرامە نابێت فەرمانبەری دەوڵەت دیاری لە خەڵك وەربگرێت، لەبەر ئەوەی چاوی شۆڕ دەبێت بەرامبەری، لەوانەیە نیشێکی بۆ بکات کە مافی نەبووە، بۆیە نابێت دیاری وەربگرێت بۆ ئەوەی سەربەرز بێت، لەبەر ئەوەی فەرمانبەری دەوڵەت نەبووایە کەس دیاری بۆ نەدەبرد، بۆ پێشتر بۆیان نەدەبرد بۆ ئێستا بۆی دەبەن؟ لەبەر کار و دەسەڵاتەکەیە.

قیامەت دەیهێنێت (حەرامە پێی)، ئەگەر وشتر بێت بۆڕەی دێت، یان مانگا بێت بۆ ڕەی دێت، یان مەڕ و بزن بێت دەبارێنێت»، پاشان پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرز کردەوە تا سپیایی ژێر باڵیهان بینی، پاشان فەرمووی: «خوایە ئایا گەیاندم، خوایە ئایا گەیاندم».

بَابٌ فِي غُلُولِ الصَّدَقَةِ

باسێك دەربارەی دزیكردن لە زەكات و دەستكەوت

٤٨٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا أُوتِيكُمْ مِنْ شَيْءٍ وَمَا أَمْنَعُكُمُوهُ، إِنْ أَنَا إِلَّا خَازِنٌ أَضَعُ حَيْثُ أُمِرْتُ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «من هیچ شتێكتان پێ نادەم، یان هیچ شتێك قەدەغە ناكەم، من تەنها گەنجینەبەدەستم، ئەوەی خوا چۆن فەرمانی پێ كردووم ئاوا ماڵ لە نێوانتاندا دابەش دەكەم».

بَابٌ فِي أَرْزَاقِ الذُّرِّيَّةِ

باسێك دەربارەی ڕۆزی و مووچەی منداڵ

٤٨٦. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنهما قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «أَنَا أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِن أَنْفُسِهِمْ، مَنْ تَرَكَ مَالاً فَلِأَهْلِهِ، وَمَنْ تَرَكَ دَيْنًا أَوْ ضَيَاعًا فَإِلَيَّ وَعَلَيَّ».

جابیری كوڕی عەبدوڵڵا رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «من لەپێشتر و شایەنترم بە بڕواداران لە خودی خۆشیان (سەریان دەخەم و كاروباریان بەڕێوە دەبەم)، هەر كەسێك سەروەت و سامانی بەجێ هێشت ئەوە بۆ میراتگرەكانیەتی، بەڵام كەسێك قەرزی بەجێ هێشت (بمرێت و قەرزدار بێت)، ئەوەندەی پارە بەجێ نەهێشتبێت لە

ماڵی خۆی قەرزەکەی بۆ بدەنەوە، ئەوە من قەرزەکەی بۆ دەدەمەوە و لەسەر منە».

٤٨٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ تَرَكَ مَالاً فَلِوَرَثَتِهِ، وَمَنْ تَرَكَ كَلًّا فَإِلَيْنَا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك ماڵێکی (سەروەت و سامانێکی) بەجێ هێشت بۆ میراتگرەکانیەتی، ئەوەشی بارێکی قورسی بەجێ هێشت (وەکوو منداڵ) ئەوە لەسەر ئێمەیە، (ئێمە سەرپەرشتی دەکەین و بەڕێوەیان دەبەین)».

بَابٌ فِي صَفَايَا رَسُولِ اللَّهِ ﷺ مِنَ الْأَمْوَالِ

باسێك دەربارەی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵ و سامان‌دا

٤٨٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا تَقْتَسِمُ وَرَثَتِي دِينَارًا، مَا تَرَكْتُ بَعْدَ نَفَقَةِ نِسَائِي، وَمُؤْنَةِ عَامِلِي فَهُوَ صَدَقَةٌ»، قَالَ أَبُو دَاوُدَ: مُؤْنَةُ عَامِلِي: يَعْنِي أَكَرَةَ الْأَرْضِ.

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «میراتگرانم میراتی من دابەش ناکەن ئەوەی بەجێم هێشتووە لەدوای نەفەقەی خێزانەکانم و کرێی کرێکارانم ئەوە دەبێت بە صەدەقە»، ئەبو داود دەڵێت: واتە: ئەوانەی کرێکاری زەوی بوونە.

٤٨٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: إِنَّ أَزْوَاجَ النَّبِيِّ ﷺ حِينَ تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَرَدْنَ أَنْ يَبْعَثْنَ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ إِلَى أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ، فَيَسْأَلْنَهُ ثُمُنَهُنَّ مِنَ النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَتْ لَهُنَّ عَائِشَةُ: أَلَيْسَ قَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا نُورَثُ مَا تَرَكْنَا فَهُوَ صَدَقَةٌ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی دوایی کرد، خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ ویستیان عوسمانی کوڕی عەففان بنێرن بۆلای ئەبو بەکری صدیق، داوای

هەشت یەکەکەیان کرد (پیاو کە بمرێت و منداڵی هەبێت خێزانەکانی هەشت یەك دەبەن)، عائیشە پێی گوتن: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ نەیفەرمووە: «ئێمە کەس نابێت بە میراتگرمان ئەوەی بەجێیان هێشتووە دەبێتە صەدەقە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي حُكْمِ أَرْضِ خَيْبَرَ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی بڕیاری زەوی خەیبەر

٤٩٠. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما: أَنَّ عُمَرَ رضي الله عنه قَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ عَامَلَ يَهُودَ خَيْبَرَ عَلَى أَنَّا نُخْرِجُهُمْ إِذَا شِئْنَا، فَمَنْ كَانَ لَهُ مَالٌ فَلْيَلْحَقْ بِهِ، فَإِنِّي مُخْرِجٌ يَهُودَ، فَأَخْرَجَهُمْ.

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: عومەر رضي الله عنه گوتی: ئەی خەڵکینە، پێغەمبەری خوا ﷺ پەیماننامەی لەگەڵ جوولەکەکانی خەیبەر هەبووە کە هەر کاتێك ویستمان لێ بوو دەریانبکەین، هەر کەسێك ماڵی لای ئەوانە با ماڵەکەی وەربگرێتەوە، لەبەر ئەوەی من دەریان دەکەم لە خەیبەردا، جوولەکەکانی دەرکرد.

بَابُ مَا جَاءَ فِي خَبَرِ الطَّائِفِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی تائیف

٤٩١. عَنْ وَهْبٍ قَالَ: سَأَلْتُ جَابِرًا رضي الله عنه عَنْ شَأْنِ ثَقِيفٍ إِذْ بَايَعَتْ؟ قَالَ: اشْتَرَطَتْ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، أَنْ لَا صَدَقَةَ عَلَيْهَا، وَلَا جِهَادَ، وَأَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ بَعْدَ ذَلِكَ يَقُولُ: «سَيَتَصَدَّقُونَ، وَيُجَاهِدُونَ إِذَا أَسْلَمُوا».

وەهب دەڵێت: پرسیارم لە جابیر رضي الله عنه کرد دەربارەی هۆزی سەقیف کاتێك کە

بەیعەتیان دا؟ گوتی: مەرجیان دانا بۆ پێغەمبەر ﷺ، گوتیان: نە زەکات دەدەین، نە جیهاد دەکەین، گوێی لە پێغەمبەر ﷺ بوو لەدوای ئەمە فەرمووی: «ئەوانە ئەگەر موسوڵمان بن زەکاتیش دەدەن و جیهادیش دەکەن».

تێبینی:

دەگوترێت: یەکەمجار ڕازی بووە لەبەر ئەوەی ئەوکات جیهادیان لەسەر پێویست نەبووە، یان ساڵ بەسەر ماڵیاندا تێنەپەڕیوە تا زەکات بدەن، بۆیە فەرموویەتی: تا ساڵی داهاتوو ئیمانەکەیان دامەزراو دەبێت، زەکاتیش دەدەن و جیهادیش دەکەن.

بَابٌ فِي إِخْرَاجِ الْيَهُودِ مِنْ جَزِيرَةِ الْعَرَبِ

باسێك دەرکردنی جوولەکە لە دوورگەی عەرەب

٤٩٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَوْصَى بِثَلَاثَةٍ، فَقَالَ: «أَخْرِجُوا الْمُشْرِكِينَ مِنْ جَزِيرَةِ الْعَرَبِ، وَأَجِيزُوا الْوَفْدَ بِنَحْوِ مِمَّا كُنْتُ أُجِيزُهُمْ»، قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: وَسَكَتَ عَنِ الثَّالِثَةِ، أَوْ قَالَ: فَأُنْسِيتُهَا، وَقَالَ الْحُمَيْدِيُّ: عَنْ سُفْيَانَ، قَالَ سُلَيْمَانُ: لَا أَدْرِي أَذَكَرَ سَعِيدٌ الثَّالِثَةَ فَنَسِيتُهَا أَوْ سَكَتَ عَنْهَا.

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ سێ وەسییەتی کرد (پێش مردن)، فەرمووی: «هاوبەشدانەران لە دوورگەی عەرەب وەدەرنێن، هەر وەفدێکیش هات چەندێك ویستیان بمێننەوە چۆن من ڕێگایان دەدەم ئاوا ڕێگایان بدەن و خزمەتیان بکەن»، ئیبن عەبباس دەڵێت: لە سێیەم بێدەنگ بوو، یان دەڵێت: لەبیرم کردووە، حومەیدی لە سوفیانەوە دەگێڕێتەوە کە دەڵێت: نازانم سەعید سێیەمی باس کرد یان من لەبیرم کرد، یان لێی بێدەنگ بوو.

بَابٌ فِي إِيقَافِ أَرْضِ السَّوَادِ وَأَرْضِ الْعَنْوَةِ

باسێك دەربارەی وەقفكردنی زەوی ڕەش و زەوی عەنوە

(زەوی ڕەش): ئەو شوێنانەیە كە دار و دارخورمای تیادا هەیە، لە سەردەمی جێنشینایەتی پێشەوا عومەر ﵁ فەتح كرا، بوو بە وەقف، نەدرا بەو كەسانەی كە فەتحی ئەو شوێنانەیان كرد.

(زەوی عەنوە): ئەو زەوییەیە كە بە شەڕ و بە زاڵبوون دەكەوێتە ژێر دەستی موسوڵمانان، نەك بە سوڵح و ڕێككەوتن، ئینجا ئەو زەوییانە كە ئاوا ڕزگار دەكرێن ئایا دابەش دەكرێت یان دەهێڵدرێتەوە؟ هەیە دەڵێت: نابنە غەنیمەت، پێشەوای موسوڵمانان سەرپشكە لەوەی بەگوێرەی بەرژەوەندیی موسوڵمانان دابەشی بكات، پێغەمبەری خوا ﷺ جاری وا بووە دابەشی كردووە، جاری واش هەبووە دابەشی نەكردووە لە نێوان جەنگاوەراندا، وە پێشەوا عومەر دابەشی نەكردووە.

٤٩٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنَعَتِ الْعِرَاقُ قَفِيزَهَا وَدِرْهَمَهَا، وَمَنَعَتِ الشَّامُ مُدْيَهَا وَدِينَارَهَا، وَمَنَعَتْ مِصْرُ إِرْدَبَّهَا وَدِينَارَهَا، ثُمَّ عُدْتُمْ مِنْ حَيْثُ بَدَأْتُمْ»، قَالَهَا زُهَيْرٌ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، شَهِدَ عَلَى ذَلِكَ لَحْمُ أَبِي هُرَيْرَةَ وَدَمُهُ.

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هاكە عێراق باج و خەلە و خەرمانی نەدا، هەروەها شامیش هاكە باج و خەلە و خەرمانی نەدا، وە هاكە میسریش باج و خەلە و خەرمانی نەدا، پاشان دەگەڕێتەوە هەر وەكوو چۆن دەستتان پێ كردووە». زوهەیر سێ جار ئەوەی گوتووە، گۆشت و خوێنی ئەبو هوڕەیرە شایەتی لەسەر ئەو فەرموودەیە دەدات.

تێبینی:

مانای ئەو مەنع و قەدەغەكردنە دوو شتە:

یەکەم: لەبەر ئەوەی خەڵکەکە موسوڵمان دەبێت و سەرانەیان لەسەر نامێنێت.
دووەم: عەجەم و ڕووم دەست بەسەر خێر و بێری ئەو شوێنانەدا دەگرن و ناهێڵن بۆ موسوڵمانان بێت.
ڕای دووەم بەهێزترە لەلای زۆربەی زانایانی ئیسلام.
(قَفِيز): پێوانە و کێشانەیەکی ناسراوی خەڵکی عێراق بوو.
(مُدْى): پێوانەی ناسراوی خەڵکی شام بووە.
(إِرْدَبّ): پێوانەی ناسراوی خەڵکی میسر بووە.

بَابٌ فِي التَّشْدِيدِ فِي جِبَايَةِ الْجِزْيَةِ

باسێك دەربارەی شێوازی توندوتیژی لە وەرگرتنی سەرانەدا

٤٩٤. عَنْ عُرْوَةَ بْنِ الزُّبَيْرِ ﵁: أَنَّ هِشَامَ بْنَ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ، وَجَدَ رَجُلاً وَهُوَ عَلَى حِمْصَ يُشَمِّسُ نَاساً مِنَ الْقِبْطِ فِي أَدَاءِ الْجِزْيَةِ، فَقَالَ: مَا هَذَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ اللَّهَ يُعَذِّبُ الَّذِينَ يُعَذِّبُونَ النَّاسَ فِي الدُّنْيَا».

عوڕوەی کوڕی زوبەیر ﵁ دەگێڕێتەوە: هیشامی کوڕی حەکیمی کوڕی حیزام، پیاوێکی بینی کە والی بوو بەسەر حیمصەوە (حیمص شارێکە لە سوریا)، لەبەر خۆر ڕایدەگرتن و سزای دەدان لە قیبتییەکان (گاوری میسرن)، گوتوویەتی: ئەمە سەرانە نادات، ئەویش گوتوویەتی: ئەم سزادانە بۆچی؟ من گوێم لێ بووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «ئەو کەسانەی لە دونیا سزای خەڵك دەدەن خوا سزایان دەدات».

بَابٌ فِي إِحْيَاءِ الْمَوَاتِ

باسێك دەربارەی زیندووکردنەوەی زەوییە مردووەکان

٤٩٥. عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: «مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيْتَةً فَهِيَ لَهُ، وَلَيْسَ لِعِرْقٍ ظَالِمٍ حَقٌّ».

سەعیدی کوڕی زەید ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك زەوییەکی مردوو زیندوو بکاتەوە ئەوە موڵکی ئەوە، بەڵام کەسێك کە دارێکی لە شوێنێکدا چاندووە و ڕەگی بڵاو بۆتەوە لە زەوی کەسێکی دیکە، ئەم کەسە ستەمکارە حەقی نییە کە لە زەوی خەڵکدا داڕ بڕوێنێت».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الرِّكَازِ وَمَا فِيهِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خەزێنە و ئەو مافەی کە تێیدایە

٤٩٦. عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ، وَأَبِي سَلَمَةَ: سَمِعَا أَبَا هُرَيْرَةَ ﷺ يُحَدِّثُ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «فِي الرِّكَازِ الْخُمُسُ».

سەعیدی کوڕی موسەییب و ئەبو سەلەمە دەگێڕنەوە: گوێیان لە ئەبو هوڕەیرە ﷺ بووە، لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەیگێڕایەوە کە فەرموویەتی: «خەزێنە پێنجیەکی (یەك لەسەر پێنجی) زەکاتە».

كِتَابُ الْجَنَائِزِ

پەرتووكی جەنازە

بَابُ عِيَادَةِ النِّسَاءِ

باسی سەردانكردنی ئافرەتی نەخۆش

٤٩٧. عَنْ أُمِّ الْعَلَاءِ ﵂ قَالَتْ: عَادَنِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَأَنَا مَرِيضَةٌ، فَقَالَ: «أَبْشِرِي يَا أُمَّ الْعَلَاءِ، فَإِنَّ مَرَضَ الْمُسْلِمِ يُذْهِبُ اللَّهُ بِهِ خَطَايَاهُ، كَمَا تُذْهِبُ النَّارُ خَبَثَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ».

ئوم عەلاء ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی كردم من نەخۆش بووم، فەرمووی: «موژدە بێت ئەی دایكی عەلاء، مرۆڤی موسوڵمان كاتێك نەخۆش دەبێت بەهۆی نەخۆشییەكە خوا گوناهەكانی لێ هەڵدەوەرێنێت، هەروەكو چۆن ئاگر پیسی ئاڵتوون و زیو ناهێڵێت».

بَابٌ فِي عِيَادَةِ الذِّمِّيِّ

باسێك دەربارەی سەردانكردنی خاوەن پەیمانەكان

٤٩٨. عَنْ أَنَسٍ ﵁: أَنَّ غُلَامًا مِنَ الْيَهُودِ كَانَ مَرِضَ فَأَتَاهُ النَّبِيُّ ﷺ يَعُودُهُ فَقَعَدَ عِنْدَ رَأْسِهِ، فَقَالَ لَهُ: أَسْلِمْ فَنَظَرَ إِلَى أَبِيهِ، وَهُوَ عِنْدَ رَأْسِهِ، فَقَالَ لَهُ أَبُوهُ: أَطِعْ أَبَا الْقَاسِمِ فَأَسْلَمَ، فَقَامَ النَّبِيُّ ﷺ، وَهُوَ يَقُولُ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنْقَذَهُ بِي مِنَ النَّارِ».

ئەنەس ﵁ دەگێڕێتەوە: گەنجێك لە جوولەكەكان نەخۆش بوو، پێغەمبەر ﷺ هات سەردانی كرد، لەلای سەری دانیشت، پێی فەرموو: موسوڵمان بە، ئەویش تەماشای باوكی كرد، باوكی لەلای سەریەوە بوو، باوكی پێی گوت: بە قسەی ئەبولقاسیم (پێغەمبەری خوا) بكە، ئەویش موسوڵمان بوو (شایەتمانی هێنا)، پێغەمبەر ﷺ هەڵسا دەیفەرموو: «سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە بەهۆی منەوە لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری كرد».

بَابٌ فِي الْعِيَادَةِ مِرَارًا

باسێك دەربارەی چەندین جار سەردانكردنی نەخۆش

٤٩٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: لَمَّا أُصِيبَ سَعْدُ بْنُ مُعَاذٍ يَوْمَ الْخَنْدَقِ، رَمَاهُ رَجُلٌ فِي الْأَكْحَلِ فَضَرَبَ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خَيْمَةً فِي الْمَسْجِدِ لِيَعُودَهُ مِنْ قَرِيبٍ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: سەعدی كوڕی موعاز ﵁ لە غەزای خەندەقدا (غەزای ئەحزابیشی پێ دەگوترێت) بریندار بوو، پیاوێك لە هاوبەشدانەران تیرێكی تێگرت دای لە دەمارێك لە نێوەڕاستی باڵیدا، پێغەمبەری خوا ﷺ خێمەیەكی بۆ هەڵدا لەنێو مزگەوتەكەدا بۆ ئەوەی لە نزیكەوە سەردانی بكات.

بَابُ الْخُرُوجِ مِنَ الطَّاعُونِ

باسی دەرچوون (لە شوێن و وڵات) بەهۆی تاعوونەوە

٥٠٠. عَنْ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ ﵁: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِذَا سَمِعْتُمْ بِهِ بِأَرْضٍ، فَلَا تُقْدِمُوا عَلَيْهِ، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بِهَا فَلَا تَخْرُجُوا فِرَارًا مِنْهُ». يَعْنِي الطَّاعُونَ.

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف ﵁ (دەڵێت): گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «ئەگەر بیستتان (تاعوون) لە زەوییەکدا (لە شارێکدا) بڵاوبۆتەوە، مەچنە ئەو شارەوە، ئەگەر لە شوێنیکیش بوون تێیدا بڵاو بووەوە لێی دەرمەچن». (ئەبو داود دەڵێت: فەرموودەکە) مەبەست پێی تاعوونە.

بَابُ الدُّعَاءِ لِلْمَرِيضِ بِالشِّفَاءِ عِنْدَ الْعِيَادَةِ

باسی دوعاکردن بۆ نەخۆش کە خوا شیفای بدات لە کاتی سەرداندا

٥٠١. عَنْ عَائِشَةَ بِنْتِ سَعْدٍ: أَنَّ أَبَاهَا ﵁ قَالَ: اشْتَكَيْتُ بِمَكَّةَ فَجَاءَنِي النَّبِيُّ ﷺ يَعُودُنِي، وَوَضَعَ يَدَهُ عَلَى جَبْهَتِي، ثُمَّ مَسَحَ صَدْرِي وَبَطْنِي، ثُمَّ قَالَ: «اللَّهُمَّ اشْفِ سَعْدًا وَأَتْمِمْ لَهُ هِجْرَتَهُ».

عائیشەی کچی سەعد دەگێڕێتەوە: باوکی ﵁ (واتە: سەعد) گوتوویەتی: لە مەککە نەخۆش کەوتم، پێغەمبەر ﷺ هات سەردانی کردم، دەستی خستە نێوچاوانم، پاشان دەستی هێنا بە سنگ و سکمدا، پاشان فەرمووی: «خوایە شیفای سەعد بدە و کۆچەکەی بۆ تەواو بکە».

تێبینی:

لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە لە مەککە کۆچیان کرد بۆ مەدینە، پاشان لە فەتحی مەککە هاتنەوە پێیانخۆش نەبوو لە مەککەدا وەفات بکەن، لەبەر ئەوەی لە مەککە کۆچیان کردبوو لەبەر خوای گەورە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ دوعای بۆ کرد کۆچکردنەکەی تەواو بکات، دوعاکەی قبووڵ بوو، دواتر سەعد ﵁ گەڕایەوە بۆ مەدینە و لەوێ کۆچی دوایی کرد.

٥٠٢. عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَطْعِمُوا الْجَائِعَ، وَعُودُوا الْمَرِيضَ، وَفُكُّوا الْعَانِيَ». قَالَ سُفْيَانُ: وَالْعَانِي الْأَسِيرُ.

ئەبو مووسای ئەشعەری ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خواردن بە برسی بدەن و سەردانی نەخۆش بکەن و بەندە ڕزگار بکەن»، سوفیان دەڵێت: عانی، واتە: بەند، دیل، دەستبەسەرکراو.

بَابُ الدُّعَاءِ لِلْمَرِيضِ عِنْدَ الْعِيَادَةِ

باسی دوعاکردن بۆ نەخۆش لە کاتی سەردانکردندا

٥٠٣. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ عَادَ مَرِيضًا، لَمْ يَحْضُرْ أَجَلُهُ فَقَالَ عِنْدَهُ سَبْعَ مِرَارٍ: أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ، إِلَّا عَافَاهُ اللَّهُ مِنْ ذَلِكَ الْمَرَضِ».

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «کەسێك سەردانی نەخۆشێك بکات ئەو نەخۆشە ئەجەلی نەهاتبێت، حەوت جار ئەم دوعایەی بەسەردا بخوێنێت: (أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ)، واتە: داواکارم لە خوای گەورە، پەروەردگاری عەرشی گەورە شیفات بدات، بێگومان خوا لەو

نەخۆشییە شیفای دەدات (مادام ئەجەلی نەهاتبێت)».

٥٠٤. عَنِ ابْنِ عَمْرٍو ﵄ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «إِذَا جَاءَ الرَّجُلُ يَعُودُ مَرِيضًا، فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ اشْفِ عَبْدَكَ يَنْكَأُ لَكَ عَدُوًّا، أَوْ يَمْشِي لَكَ إِلَى جَنَازَةٍ». قَالَ أَبُو دَاوُدَ: وَقَالَ ابْنُ السَّرْحِ: إِلَى صَلَاةٍ.

ئیبن عەمر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر کەسێك سەردانی نەخۆشێکی کرد با ئەم نزایەی بۆ بکات: خوایە شیفای ئەم بەندەیەت بدەی، لەپێناوی تۆدا دوژمن بریندار دەکات و لەگەڵی دەجەنگێت، یان لەپێناوی تۆدا دوای جەنازەیەك دەکەوێت»، ئەبو داود دەڵێت: ئیبن سەرح گوتی: یان دەچێت بۆ نوێژ.

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ تَمَنِّي الْمَوْتِ

باسێك دەربارەی ناپەسندی و خراپی خۆزگەخوازی بۆ مردن

٥٠٥. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَدْعُوَنَّ أَحَدُكُمْ بِالْمَوْتِ لِضُرٍّ نَزَلَ بِهِ، وَلَكِنْ لِيَقُلْ: اللَّهُمَّ أَحْيِنِي مَا كَانَتِ الْحَيَاةُ خَيْرًا لِي، وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الْوَفَاةُ خَيْرًا لِي».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کەسێك تووشی زیانێك بوو با ئاوات نەخوازێت بۆ مردن (نەڵێت: خوایە لەناوم بەریت)، بەڵکوو با بڵێت: خوایە تا ژیان خێری بۆ من تێدایە بمژیێنیت، ئەگەر مردنیش خێری بۆ من تێدایە خوایە بممرێنیت».

٥٠٦. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «لَا يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدُكُمُ الْمَوْتَ». فَذَكَرَ مِثْلَهُ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «با یەکێك لە ئێوە ئاوات نەخوازێت بە مردن (ئەگەر هەر ناچار بووی ئەم نزایە بکە کە لە فەرموودەی پێشوو هاتووە)». پاشان هاوشێوەی فەرموودەکەی پێشووی باس کرد.

بَابُ مَوْتُ الْفَجْأَةِ

باسی مردنی کتوپڕ و لەناکاو

٥٠٧. عَنْ عُبَيْدِ بْنِ خَالِدٍ السُّلَمِيِّ، رَجُلٍ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ مَرَّةً: عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، ثُمَّ قَالَ مَرَّةً: عَنْ عُبَيْدٍ، قَالَ: «مَوْتُ الْفَجْأَةِ أَخْذَةُ أَسَفٍ».

عوبەیدی کوڕی خالیدی سولەمی، پیاوێك بووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ جارێك دەڵێت: لە پێغەمبەرەوە ﷺ، پاشان جارێك دەڵێت: لە عوبەیدەوە، فەرموویەتی: «مردنی لەناکاو و کتوپڕ جێگەی تووڕەبوونی خوایە (بۆ کەسی بێبڕوا)».

بَابُ مَا يُسْتَحَبُّ مِنْ حُسْنِ الظَّنِّ بِاللَّهِ عِنْدَ الْمَوْتِ

باسی ئەوەی کە لە کاتی مردندا گومانی چاك بە خوا بردن سوننەتە

٥٠٨. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ قَبْلَ مَوْتِهِ بِثَلَاثٍ: قَالَ: «لَا يَمُوتُ أَحَدُكُمْ إِلَّا وَهُوَ يُحْسِنُ الظَّنَّ بِاللَّهِ».

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ سێ ڕۆژ پێش مردنەکەی فەرمووی: «هیچ کەسێك لە ئێوە نەمرێت مەگەر با حاڵی وا بێت کە گومانی باش بە خوا ببات».

بَابُ مَا يُسْتَحَبُّ مِنْ تَطْهِيرِ ثِيَابِ الْمَيِّتِ عِنْدَ الْمَوْتِ

باسی ئەوەی کە پاکڕاگرتنی پۆشاکی کەسێك کە نزیکی مردنە سوننەتە

٥٠٩. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّهُ لَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتُ، دَعَا بِثِيَابٍ جُدُدٍ فَلَبِسَهَا، ثُمَّ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ الْمَيِّتَ يُبْعَثُ فِي ثِيَابِهِ الَّتِي يَمُوتُ فِيهَا».

لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە ﵁ دەگێڕنەوە: کاتێك لە سەرەمەرگدا بوو، داوای پۆشاکی نوێی کرد و پۆشیی، پاشان گوتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «مردوو لەو پۆشاکەدا زیندوو دەکرێتەوە کە تێیدا دەمرێت».

بَابُ مَا يُسْتَحَبُّ أَنْ يُقَالَ عِنْدَ الْمَيِّتِ مِنَ الْكَلَامِ

باسی ئەوەی سوننەتە بگوترێت لەلای مردوو

٥١٠. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا حَضَرْتُمُ الْمَيِّتَ فَقُولُوا خَيْرًا، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ»، فَلَمَّا مَاتَ أَبُو سَلَمَةَ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا أَقُولُ؟ قَالَ: «قُولِي اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَأَعْقِبْنَا عُقْبَى صَالِحَةً»، قَالَتْ: فَأَعْقَبَنِي اللَّهُ تَعَالَى بِهِ مُحَمَّدًا ﷺ.

ئوم سەلەمە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر ئامادە بوون لای کەسێك کە نزیکە دەمرێت، ئێوە قسەی باش بکەن (واتە: دوعای بۆ بکەن بە لێخۆشبوون)، چونکە فریشتەکان ئامین دەکەن لەسەر ئەو قسانەی ئێوە کە دەیکەن»، جا کاتێك ئەبو سەلەمە (ی هاوسەرم) کۆچی دوایی کرد، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، چی بڵێم؟ فەرمووی: «بڵێ خوایە لە ئەبو سەلەمە خۆش بە و بە کەسێکی باشتر

لە ئەبو سەلەمە بۆم قەرەبوو بکەرەوە و جێی بگرێتەوە»، دەڵێت: ئەم دوعایەم کرد، خوا بە موحەممەد پێغەمبەری خوا ﷺ جێی ئەبو سەلەمەی بۆ گرتمەوە.

بَابٌ فِي التَّلْقِينِ

باسێك دەربارەی چرپاندن بە گوێدا

٥١١. عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ كَانَ آخِرُ كَلَامِهِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ».

موعازی کوڕی جەبەل رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك (پێش مردن) دوا وشەی (لا إله إلا الله) بێت، ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە».

٥١٢. عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ رضي الله عنه يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ قَوْلَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ».

ئەبو سەعیدی خودری رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «تەڵقینی ئەو کەسانە بکەن لە سەرەمەرگدان بە وشەی (لا إله إلا الله)».

٥١٣. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى أَبِي سَلَمَةَ، وَقَدْ شَقَّ بَصَرَهُ، فَأَغْمَضَهُ، فَصَيَّحَ نَاسٌ مِنْ أَهْلِهِ، فَقَالَ: «لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلَّا بِخَيْرٍ، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ»، ثُمَّ قَالَ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَبِي سَلَمَةَ وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ، وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الْغَابِرِينَ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ رَبَّ الْعَالَمِينَ، اللَّهُمَّ افْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ، وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ». قَالَ أَبُو دَاوُدَ: وَتَغْمِيضُ الْمَيِّتِ بَعْدَ خُرُوجِ الرُّوحِ، سَمِعْتُ مُحَمَّدَ بْنَ مُحَمَّدِ بْنِ النُّعْمَانِ الْمُقْرِيَّ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا مَيْسَرَةَ رَجُلًا عَابِدًا يَقُولُ: غَمَّضْتُ جَعْفَرًا الْمُعَلِّمَ وَكَانَ رَجُلًا عَابِدًا فِي حَالَةِ الْمَوْتِ، فَرَأَيْتُهُ فِي

مَنَامِي لَيْلَةَ مَاتَ، يَقُولُ: أَعْظَمُ مَا كَانَ عَلَيَّ تَغْمِيضُكَ لِي قَبْلَ أَنْ أَمُوتَ.

ئوم سەلەمە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆلای ئەبو سەلەمە دوای مردن چاوی کرابوویەوە، چاوی (مردووەکەی) داخست، خزم و کەسی هاواریان کرد، (پێغەمبەر ﷺ) فەرمووی: «تەنها دوعای چاکە بۆ خۆتان بکەن، چونکە فریشتەکان ئامین دەکەن لە کاتی ئەو دوعایانەی ئێوەدا»، پاشان فەرمووی: «خوایە لە ئەبو سەلەمە خۆش بیت، پلەی بەرز بکەرەوە لەنێو ئەو کەسانەی کە هیدایەتت داون بۆ ئیسلام (ئەوانەی سەرەتاکان)، وە جێگای بۆ پڕ بکەرەوە خوایە لە ئێمە و لەویش خۆش بە، خوایە گۆڕەکەی بۆ فراوان و ڕووناك بکەرەوە». ئەبو داود دەڵێت: نوقاندنی چاوی مردوو لەدوای دەرچوونی ڕووح، (دەڵێت:) گوێم لە موحەممەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی نوعمانی موقری بوو، گوتی: گوێم لە ئەبو مەیسەرە بوو پیاوێکی خواپەرست بوو دەیگوت: لە کاتی مردندا چاوەکانی جەعفەری موعەللیمم داخست کە پیاوێکی خواپەرست بوو، ئیدی لە خەودا بینیم ئەو شەوەی کە مرد گوتی: گەورەترین شت بەسەرمەوە ئەوەیە کە پێش ئەوەی بمرم چاومت نوقاند.

بَابٌ فِي الِاسْتِرْجَاعِ

باسێك دەربارەی گوتنی: (إنا لله وإنا إليه راجعون) لە کاتی ناخۆشیدا

٥١٤. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا أَصَابَتْ أَحَدَكُمْ مُصِيبَةٌ فَلْيَقُلْ: إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، اللَّهُمَّ عِنْدَكَ أَحْتَسِبُ مُصِيبَتِي، فَآجِرْنِي فِيهَا، وَأَبْدِلْ لِي بِهَا خَيْرًا مِنْهَا».

ئوم سەلەمە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە

تووشی بەڵایەك بوو، با بڵێت: بێگومان ئێمە هەموومان موڵكی خواین و بێگومان هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە، خوایە من لەو بەڵایە چاوەڕێی پاداشت لە تۆ دەكەم، پاداشتم بدەوە و بە لەوەش باشتر بۆم قەرەبوو بكەوە».

بَابُ الصَّبْرِ عِنْدَ الصَّدْمَةِ

باسی ئەوەی كە ئارامگری لە سەرەتای ناخۆشییەكەدایە

٥١٥. عَنْ أَنَسٍ ﵁ قَالَ: أَتَى نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ عَلَى امْرَأَةٍ تَبْكِي عَلَى صَبِيٍّ لَهَا، فَقَالَ لَهَا: «اتَّقِي اللَّهَ، وَاصْبِرِي»، فَقَالَتْ: وَمَا تُبَالِي أَنْتَ بِمُصِيبَتِي، فَقِيلَ لَهَا: هَذَا النَّبِيُّ ﷺ، فَأَتَتْهُ، فَلَمْ تَجِدْ عَلَى بَابِهِ بَوَّابِينَ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَمْ أَعْرِفْكَ، فَقَالَ: «إِنَّمَا الصَّبْرُ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الْأُولَى -أَوْ: عِنْدَ أَوَّلِ صَدْمَةٍ-».

ئەنەس ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر گۆڕستان ئافرەتێك دەبینێت منداڵێكی مردبوو، پێی فەرموو: پارێز لە خوا بكە و ئارام بگرە، گوتی: تۆ گرینگی نادەیت بە بەڵای من (پێغەمبەری خوای ﷺ نەناسی)، گوتیان: ئەوە پێغەمبەرە ﷺ، (پێغەمبەر ﷺ كە گەڕایەوە بۆ ماڵ) ئافرەتەكەش هات بۆ ماڵ، لای دەرگا دەرگاوانی نەبینی، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، تۆم نەناسی، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەو ئارامییەی كە پاداشتە گەورەكەی لەسەرە لە كاتی یەكەم ساتی لێقەوماندایە».

بَابٌ فِي الْبُكَاءِ عَلَى الْمَيِّتِ

باسێك دەربارەی گریان لەسەر مردوو

٥١٦. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «وُلِدَ لِي اللَّيْلَةَ غُلَامٌ فَسَمَّيْتُهُ

بِاسْمِ أَبِي إِبْرَاهِيمَ» - فَذَكَرَ الْحَدِيثَ - قَالَ أَنَسٌ: لَقَدْ رَأَيْتُهُ يَكِيدُ بِنَفْسِهِ بَيْنَ يَدَيْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَدَمَعَتْ عَيْنَا رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: «تَدْمَعُ الْعَيْنُ وَيَحْزَنُ الْقَلْبُ، وَلَا نَقُولُ إِلَّا مَا يُرْضِي رَبَّنَا، إِنَّا بِكَ يَا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەمشەو منداڵێکمان بوو بە ناوی ئیبراهیمی باوکمەوە ناوم لێ نا ئیبراهیم، فەرمودەکە باس دەکات، ئەنەس ﷺ دەڵێت: بينيم ئيبراهيمی کوڕی پێغەمبەری خوا ﷺ لە سەرەمەرگدا بوو، لەبەر دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ، فرمێسك بە چاوەکانی پێغەمبەری خوادا ﷺ دەهاتە خوارەوە، فەرمووی: «چاو فرمێسك دەڕێژێت، دڵ خەفەتبار دەبێت، بەڵام هیچ قسەیەك ناکەین تەنها ئەوە نەبێت خوا لێمان ڕازی بێت، ئێمە (بە جیابوونەوەی تۆ) ئەی ئیبراهیم خەفەتبارین».

بَابٌ فِي النَّوْحِ

باسێك دەربارەی شين و ڕۆڕۆکردن

٥١٧. عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ ﷺ قَالَتْ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَانَا عَنِ النِّيَاحَةِ.

ئوم عەتییە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی لێ کردین لە شیوەن و بەرزکردنەوەی دەنگ و باسکردنی مردووەکە.

بَابٌ فِي الشَّهِيدِ يُغَسَّلُ

باسێك دەربارەی شوشتنی شەهید

٥١٨. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَجْمَعُ بَيْنَ الرَّجُلَيْنِ مِنْ

قَتْلَى أُحُدٍ وَيَقُولُ: «أَيُّهُمَا أَكْثَرُ أَخْذًا لِلْقُرْآنِ؟»، فَإِذَا أُشِيرَ لَهُ إِلَى أَحَدِهِمَا، قَدَّمَهُ فِي اللَّحْدِ، وَقَالَ: «أَنَا شَهِيدٌ عَلَى هَؤُلَاءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»، وَأَمَرَ بِدَفْنِهِمْ بِدِمَائِهِمْ، وَلَمْ يُغَسَّلُوا.

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دوو پیاوی لە کوژراوانی ئوحود لە یەك گۆڕدا دەناشت، دەیفەرموو: کامیان قوڕئانی زیاتر لەبەرە ئەویان لەپێشدا بنێژن، کە ئاماژەیان بدایە فڵان کەس لەوی دیکەیان زیاتری لەبەرە، لەنێو گۆڕەکەدا پێشی دەخست، فەرمووی: «من شایەتی بۆ ئەوانە دەدەم لە ڕۆژی قیامەت»، ئینجا فەرمانی کرد بە خوێنەکانیانەوە بنێژرێن و نەشۆردران.

بَابٌ فِي الْكَفَنِ

باسێك دەربارەی (چۆنیەتی) کفن

٥١٩. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ قَالَتْ: أُدْرِجَ النَّبِيُّ ﷺ فِي ثَوْبِ حِبَرَةٍ ثُمَّ أُخِّرَ عَنْهُ.

عائیشە ﷺ دەڵێت: (کاتێك پێغەمبەریان ﷺ شوشت) عەبایەکی یەمەنی تێوە پێچرا، پاشان لایانبرد وَ لێیان کردەوە (بە قوماشی دیکە کفن کرا).

٥٢٠. عن عَائِشَةَ ﷺ قَالَتْ: كُفِّنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي ثَلَاثَةِ أَثْوَابٍ يَمَانِيَةٍ بِيضٍ، لَيْسَ فِيهَا قَمِيصٌ وَلَا عِمَامَةٌ.

عائیشە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ کفن کرا لە سێ پارچە پۆشاکی یەمەنی سپیدا، نە قەمیصی بۆ دانرا، نە مێزەر.

بَابٌ فِي تَقْبِيلِ الْمَيِّتِ

باسێك دەربارەی ماچکردنی مردوو

٥٢١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يُقَبِّلُ عُثْمَانَ بْنَ مَظْعُونٍ وَهُوَ مَيِّتٌ، حَتَّى رَأَيْتُ الدُّمُوعَ تَسِيلُ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوام ﷺ بینی عوسمانی کوڕی مەزعونی ماچ کرد کە مردبوو (برای شیری پێغەمبەری خوا ﷺ بوو)، تەنانەت بینیم پێغەمبەری خوا ﷺ فرمێسکەکانی بە چاویدا دەهاتنە خوارەوە.

بَابٌ فِي الْمَيِّتِ يُحْمَلُ مِنْ أَرْضٍ إِلَى أَرْضٍ وَكَرَاهَةِ ذَلِكَ

باسێك دەربارەی ناپەسندی گواستنەوەی مردوو لە شارێك بۆ شارێکی دیکە

٥٢٢. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: كُنَّا حَمَلْنَا الْقَتْلَى يَوْمَ أُحُدٍ لِنَدْفِنَهُمْ، فَجَاءَ مُنَادِي النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تَدْفِنُوا الْقَتْلَى فِي مَضَاجِعِهِمْ، فَرَدَدْنَاهُمْ.

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﵁ دەڵێت: ئێمە شەهیدانی ئوحودمان هەڵگرت بۆ ئەوەی بیانگوازینەوە و بیاننێژین، بانگکەری پێغەمبەر ﷺ هات گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانتان پێ دەکات کوژراوان لە کوێ شەهید بوونە لە شوێنی خۆیاندا بیاننێژن، ئێمەش ئەوانمان گەڕاندەوە.

بَابُ اتِّبَاعِ النِّسَاءِ الْجَنَائِزَ

باسێك دەربارەی ڕۆیشتنی ئافرەتان بەشوێن جەنازەدا

٥٢٣. عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ ﵂ قَالَتْ: نُهِينَا أَنْ نَتَّبِعَ الْجَنَائِزَ، وَلَمْ يُعْزَمْ عَلَيْنَا.

ئوم عەتییە ﵂ دەڵێت: ئێمە لێمان قەدەغە کرابوو کە شوێن جەنازە بکەوین، بەڵام تۆبزیان لێ نەدەکرا.

بَابُ فَضْلِ الصَّلَاةِ عَلَى الْجَنَائِزِ وَتَشْيِيعِهَا

باسی فەزڵی نوێژکردن لەسەر جەنازەو شاردنەوەی

٥٢٤. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلًا، لَا يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ شَيْئًا، إِلَّا شُفِّعُوا فِيهِ».

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: «هیچ موسوڵمانێك نییە بمرێت و چل کەس لەسەری نوێژ بکەن کە هاوبەشیان بۆ خوا دانەنابێت، بێگومان خوا تکا و دوعایان بۆی وەردەگرێت».

بَابُ الْقِيَامِ لِلْجَنَازَةِ

باسی هەڵسان لەبەر جەنازە

٥٢٥. عَنْ عَامِرِ بْنِ رَبِيعَةَ ﵁ يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ ﷺ: «إِذَا رَأَيْتُمُ الْجَنَازَةَ فَقُومُوا لَهَا، حَتَّى تُخَلِّفَكُمْ أَوْ تُوضَعَ».

عامیری كوڕی ڕەبیعە ﵁ فەرموودەكە بەرز دەكاتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر جەنازەیەكتان بینی هەڵسن لەبەری تا جەنازەكە تێدەپەڕێت و ئێوە بەجێ دێڵێت، یان ئەگەر لەگەڵیدا بوون تا دادەنرێت لە زەوییەكە (واتە: بەپێوە بن و دامەنیشن)».

بَابُ الرُّكُوبِ فِي الْجَنَازَةِ

باسی شوێنكەوتنی جەنازە بەسواری

٥٢٦. عَنْ ثَوْبَانَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، أُتِيَ بِدَابَّةٍ وَهُوَ مَعَ الْجَنَازَةِ فَأَبَى أَنْ يَرْكَبَهَا، فَلَمَّا انْصَرَفَ أُتِيَ بِدَابَّةٍ فَرَكِبَ، فَقِيلَ لَهُ، فَقَالَ: «إِنَّ الْمَلَائِكَةَ كَانَتْ تَمْشِي، فَلَمْ أَكُنْ لِأَرْكَبَ وَهُمْ يَمْشُونَ، فَلَمَّا ذَهَبُوا رَكِبْتُ».

سەوبان ﵁ دەگێڕێتەوە: (وڵاخێكیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هێنا)، پێغەمبەری خوا ﷺ دوای جەنازەیەك كەوتبوو ڕەتی كردەوە سوار وڵاخەكە ببێت، پاشان لە گەڕانەوەدا وڵاخێكیان بۆی هێنا سوار بوو، پێی گوترا (بۆ سەرەتا سەر نەكەوتیت، ئێستا لە گەڕانەوەدا سەر دەكەویت؟)، فەرمووی: «لەبەر ئەوەی فریشتەكان بەپێ دوای جەنازەكە كەوتبوون، نەدەبوایە من سوار (ئەسپێك یان ماینێك) بم ئەوانیش بەپێ بڕۆن، پاشان لە گەڕانەوەدا كە ئەوان ڕۆیشتن ئینجا منیش سوار بووم».

بَابُ الْمَشْيِ أَمَامَ الْجَنَازَةِ

باسی ڕۆیشتن لە پێش جەنازەوە بەپێ

٥٢٧. عَنْ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ وَأَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ ﵄ يَمْشُونَ أَمَامَ الْجَنَازَةِ.

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ و ئەبو بەکر و عومەریشم ﵄ بینیوە لەپێش جەنازەوە ڕۆیشتوونە.

بَابُ الْإِسْرَاعِ بِالْجَنَازَةِ

باسی پەلەکردن لە بردنی جەنازەدا

٥٢٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «أَسْرِعُوا بِالْجَنَازَةِ فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ تُقَدِّمُونَهَا إِلَيْهِ، وَإِنْ تَكُ سِوَى ذَلِكَ فَشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ».

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «خێرا جەنازە هەڵبگرن و بیبەن بۆ گۆڕستان، ئەگەر ئەم جەنازەیە کەسێکی چاك بێت، ئەوە باشترین شتە کە پێشکەشی دەکەن و دەیگەیەنن بە شوێنی خۆی، ئەگەر واش نەبێت کەسێکی خراپ بێت، ئەوە خراپەیەکە لەکۆڵ خۆتانی دەکەنەوە».

بَابُ الدَّفْنِ عِنْدَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَعِنْدَ غُرُوبِهَا

باسی ناشتنی مردوو لە سەرەتای خۆرهەڵاتن و کاتی خۆرئاوابوون

٥٢٩. عَنْ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ ﵁ قَالَ: ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ، أَوْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا: حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ أَوْ كَمَا، قَالَ.

عوقبەی کوڕی عامیر ﵁ دەڵێت: سێ کات هەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی دەکردین نوێژی تێدا بکەین، یان مردووەکانمانی تێدا بنێژین: سەرەتای خۆر

دەرکەوتن چاوەڕێ بکرێت تا تەواو بەرز دەبێتەوە، کاتێك خۆر لە نێوەڕاستی ئاسماندا لە نیوەڕۆ ڕادەوەستێت، کاتێك کە خۆر لار دەبێتەوە بۆ ئاوابوون، یان بەم شێوازەی کە فەرموویەتی.

بَابٌ إِذَا حَضَرَ جَنَائِزُ رِجَالٍ وَنِسَاءٍ مَنْ يُقَدَّمُ؟

باسێك: ئەگەر جەنازەی کۆمەڵێك ژن و پیاو دانرا بۆ نوێژ لەسەرکردن، کامیان پێش دەخرێت؟

٥٣٠. عَنْ يَحْيَى بْنِ صَبِيحٍ قَالَ: حَدَّثَنِي عَمَّارٌ، مَوْلَى الْحَارِثِ بْنِ نَوْفَلٍ، أَنَّهُ شَهِدَ جَنَازَةَ أُمِّ كُلْثُومٍ، وَابْنِهَا، فَجُعِلَ الْغُلَامُ مِمَّا يَلِي الْإِمَامَ، فَأَنْكَرْتُ ذَلِكَ، وَفِي الْقَوْمِ ابْنُ عَبَّاسٍ، وَأَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ، وَأَبُو قَتَادَةَ، وَأَبُو هُرَيْرَةَ، فَقَالُوا: «هَذِهِ السُّنَّةُ».

یەحیای کوڕی صوبەیح دەڵێت: عەممارى خزمەتکاری حاریسی کوڕی نەوفەل، بۆی گێڕامەوە (و گوتی): ئامادەی نوێژی ئوم کولسوم بوو لەگەڵ کوڕەکەیدا[1]، کوڕەکە لەلای ئیمامەوە دادەنرێت، ئافرەتەکە لەلای قیبلەوە دادەنرێت، دەڵێت: نکووڵی ئەو شتەم کرد، لەنێو قەومەکەدا ئیبن عەبباس و ئەبو سەعیدی خودری و ئەبو قەتادە و ئەبو هوڕەیرەی تیادا بوو، گوتیان: ئەمە سوننەتە.

تێبینی:

بەم شێوازە کە ئەگەر ژن و پیاوێك بوو، یان منداڵێکی کوڕ لەگەڵ ئافرەتێکدا بوو، منداڵەکە لەلای ئیمامەوە دادەنرێت و ئافرەتەکە لەلای قیبلەوە دادەنرێت، وە ڕیوایەتی دیکە هاتووە لە ئیبن عومەرەوە نوێژی لەسەر حەوت جەنازە کردووە

(١) کە ناوی زەیدی ئەکبەر بوو کوڕی پێشەوا عومەر بوو، ئەم ئوم کولسومە کچی پێشەوا عەلییە، خێزانی پێشەوا عومەرە، پێشەوا عومەر زاوای پێشەوا عەلی بووە، لەگەڵ کوڕەکەیدا هەردووکیان بەیەکەوە لە یەك کاتدا مردن، هەتا نەیانزانی کامیان پێش کامیان مردوونە، بۆیە کەسیان میراتیان لە کەسیان نەبرد.

کە ژن و پیاو بوونە، پیاوەکانی لەلای ئیمامەوە داناوە، وە ژنەکانی لەلای قیبلەوە داناوە، وە بە یەك ڕیز ڕێکی خستوون، وە نوێژی لەسەر کردوون، کەواتە دروستە هەمووی بەیەکەوە یەك نوێژی لەسەر بکەیت، وە دەگوترێت: دروستیشە یەك یەك نوێژیان لەسەر بکەیت، پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر کوژراوانی ئوحود یەك یەك نوێژی لەسەر کردوون، یان گوتراوە: دە دە دایناون و نوێژی لەسەر کردوون، وە پێشەوا عوسمان و عەبدوڵڵای کوڕی عومەر و ئەبو هوڕەیرەش لە مەدینەدا ژن و پیاو بمردنایە بەیەکەوە نوێژیان لەسەر دەکردن، پیاوەکانیان لەلای ئیمامەوە دادەنا، ئافرەتەکان لەلای قیبلەوە.

بَابُ أَيْنَ يَقُومُ الْإِمَامُ مِنَ الْمَيِّتِ إِذَا صَلَّى عَلَيْهِ؟

باسی ئیمام کە نوێژی لەسەر مردوو کرد لەکوێوە ڕادەوەستێت؟

٥٣١. عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ ﵁ قَالَ: صَلَّيْتُ وَرَاءَ النَّبِيِّ ﷺ عَلَى امْرَأَةٍ مَاتَتْ فِي نِفَاسِهَا، فَقَامَ عَلَيْهَا لِلصَّلَاةِ وَسَطَهَا.

سەمورەی کوڕی جوندوب ﵁ دەڵێت: ئافرەتێك بەسەر منداڵێکەوە کۆچی دوایی کرد لە زەیستانیدا، نوێژم لەسەری کرد لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ، پێغەمبەر ﷺ لە نێوەڕاستی ئافرەتەکە ڕاوەستا.

بَابُ مَا يَقْرَأُ عَلَى الْجَنَازَةِ

باسی چ شتێك لەسەر جەنازە دەخوێندرێت؟

٥٣٢. عَنْ طَلْحَةَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَوْفٍ قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ عَلَى جَنَازَةٍ،

فَقَرَأَ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ، فَقَالَ: إِنَّهَا مِنَ السُّنَّةِ.

تەلحەی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەوف دەڵێت: لەگەڵ ئیبن عەبباس ﵄ لەسەر جەنازەیەك نوێژمان کرد، فاتیحەی خوێند، گوتی: ئەمە سوننەتە.

بَابُ الدُّعَاءِ لِلْمَيِّتِ

باسی دوعاکردن بۆ مردوو

٥٣٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى جَنَازَةٍ، فَقَالَ: «اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا، وَمَيِّتِنَا، وَصَغِيرِنَا، وَكَبِيرِنَا، وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا، وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الْإِيمَانِ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الْإِسْلَامِ، اللَّهُمَّ لَا تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ، وَلَا تُضِلَّنَا بَعْدَهُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر جەنازەیەك نوێژی کرد، فەرمووی: «خوایە لە زیندوو و مردوومان خۆش بیت و لە بچووك و گەورەمان خۆش بیت و لە نێر و مێیان خۆش بە، لەوەی ئامادەیە و لەوەی لێرە نییە، خوایە ئەوەی ژیاندت لە ئێمە لەسەر ئیمان بیژیێنیت و ئەوەیشی کە مراندت لە ئێمە لەسەر ئیسلام بیمرێنیت، خوایە لە پاداشتی نوێژکردن لەسەر ئەو جەنازەیە بێبەشمان نەکەیت، لە دوای ئەویش گومڕامان نەکەیت».

بَابُ الصَّلَاةِ عَلَى الْقَبْرِ

باسی نوێژکردن لەسەر گۆڕ

٥٣٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ امْرَأَةً سَوْدَاءَ - أَوْ رَجُلًا - كَانَ يَقُمُّ الْمَسْجِدَ، فَفَقَدَهُ

النَّبِيُّ ﷺ فَسَأَلَ عَنْهُ، فَقِيلَ: مَاتَ، فَقَالَ: «أَلَا آذَنْتُمُونِي بِهِ؟»، قَالَ: «دُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ»، فَدَلُّوهُ، فَصَلَّى عَلَيْهِ.

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: ئافرەتێکی ڕەشپێست، یان پیاوێك، مزگەوتی پاك دەکردەوە (خزمەتی دەکرد)، پێغەمبەر ﷺ بینیی دیار نییە، پرسیاری کرد، گوترا: کۆچی دوایی کرد، فەرمووی: «ئەی بۆ منتان ئاگادار نەکردەوە (کە مردووە بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکەم)؟»، فەرمووی: «گۆڕەکەیم پێ نیشان بدەن»، نیشانیان دا، (پێغەمبەر ﷺ چوو لەسەر گۆڕەکەی) نوێژی لەسەر کرد.

بَابٌ فِي الصَّلَاةِ عَلَى الْمُسْلِمِ يَمُوتُ فِي بِلَادِ الشِّرْكِ

باسێك دەربارەی نوێژکردن لەسەر موسوڵمانێك کە لە وڵاتی کافران بمرێت

٥٣٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَعَى لِلنَّاسِ النَّجَاشِيَّ فِي الْيَوْمِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ، وَخَرَجَ بِهِمْ إِلَى الْمُصَلَّى، فَصَفَّ بِهِمْ، وَكَبَّرَ أَرْبَعَ تَكْبِيرَاتٍ.

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: ئەو ڕۆژەی نەجاشی کۆچی دوایی کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی مردنەکەی بە خەڵك ڕاگەیاند، دەریکردن لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ نوێژگە (لە دەرەوەی شار)، ئەوانی کردە چەند پۆلێکەوە، (نوێژی غائیبی لەسەر نەجاشی کرد) چوار (الله أكبر)ی لەسەر کرد.

بَابُ الْجُلُوسِ عِنْدَ الْقَبْرِ

باسی دانیشتن لەلای گۆڕ (کە تازە هەڵکەندراوە و دانەپۆشراوە)

٥٣٦. عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ ﷺ قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي جَنَازَةِ رَجُلٍ مِنَ

الْأَنْصَارِ فَانْتَهَيْنَا إِلَى الْقَبْرِ، وَلَمْ يُلْحَدْ بَعْدُ فَجَلَسَ النَّبِيُّ ﷺ مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ وَجَلَسْنَا مَعَهُ.

بەڕائی کوڕی عازیب ﷺ دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچووین بۆ جەنازەی پیاوێکی ئەنصارڕی، گەیشتینە لای گۆڕەکە، هێشتا لەحدەکەی لەلاوە بۆ چاڵ نەکرابوو، پێغەمبەر ﷺ ڕووەو قیبلە دانیشت ئێمەش لەگەڵیدا دانیشتین.

بَابٌ فِي الدُّعَاءِ لِلْمَيِّتِ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ

باسی دوعاکردن بۆ مردوو کاتێك دەخرێتە ناو گۆڕەکەیەوە

٥٣٧. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا وَضَعَ الْمَيِّتَ فِي الْقَبْرِ قَالَ: «بِسْمِ اللَّهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ».

ئیبن عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ کاتێك کە مردوو لەنێو گۆڕ دادەنرا، دەیفەرموو: «بە ناوی خوا و لەسەر سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەری خوا».

بَابُ الِاسْتِغْفَارِ عِنْدَ الْقَبْرِ لِلْمَيِّتِ فِي وَقْتِ الِانْصِرَافِ

باسی داوای لێخۆشبوونکردن بۆ مردوو کاتی گەڕانەوە (لەدوای ناشتن)

٥٣٨. عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ ﷺ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ الْمَيِّتِ وَقَفَ عَلَيْهِ، فَقَالَ: «اسْتَغْفِرُوا لِأَخِيكُمْ، وَسَلُوا لَهُ بِالتَّثْبِيتِ، فَإِنَّهُ الْآنَ يُسْأَلُ».

عوسمانی کوڕی عەففان ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ کاتێك لە ناشتنی مردووە دەبوویەوە لەلای گۆڕەکە ڕادەوەستا و دەیفەرموو: «داوای لێخۆشبوون بۆ براکەتان

بکەن، داوا بکەن لە خوا بۆ ئەوەی جێگیری بکات، لەبەر ئەوەی ئێستا پرسیاری لێ دەکرێت (فریشتەکان دێن پرسیاری لێ دەکەن)».

بَابُ كَرَاهِيَةِ الذَّبْحِ عِنْدَ الْقَبْرِ

باسی ناپەسندی سەربڕینی ئاژەڵ لەلای گۆڕ

٥٣٩. عَنْ أَنَسٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا عَقْرَ فِي الْإِسْلَامِ»، قَالَ عَبْدُ الرَّزَّاقِ: كَانُوا يَعْقِرُونَ عِنْدَ الْقَبْرِ بَقَرَةً أَوْ شَاةً.

ئەنەس ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «سەربڕینی ئاژەڵ لەلای گۆڕ (عەقر) لە ئیسلامدا نییە»، عەبدوڕڕەزاق دەڵێت: مەبەستی ئەوەیە لە نەفامێتیدا لەلای گۆڕەکە ئاژەڵیان سەر دەبڕی، ئیدی مانگا بووایە یان مەڕ.

بَابُ الْمَيِّتِ يُصَلَّى عَلَى قَبْرِهِ بَعْدَ حِينٍ

باسی نوێژی مردوو لەسەر گۆڕەکەی لەدوای ماوەیەکی زۆر

٥٤٠. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ خَرَجَ يَوْمًا فَصَلَّى عَلَى أَهْلِ أُحُدٍ، صَلَاتَهُ عَلَى الْمَيِّتِ، ثُمَّ انْصَرَفَ.

عوقبەی کوڕی عامیر ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێکیان دەرچوو بۆ لای ئەهلی ئوحود نوێژی لەسەر کردن، پاشان ڕۆیشت.

بَابٌ فِي الْبِنَاءِ عَلَى الْقَبْرِ

باسێك دەربارەی دروستكردنی خانوو لەسەر گۆڕ

٥٤١. عن جَابِرٍ ﵁ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى أَنْ يَقْعُدَ عَلَى الْقَبْرِ، وَأَنْ يُقَصَّصَ وَيُبْنَى عَلَيْهِ.

جابیر ﵁ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی كرد لە دانیشتن لەسەر گۆڕ، ڕێگریشی كردووە هەڵبەسترێت (واتە: گەچ بكرێت و هەڵبەسترێت)، قەدەغەی كردووە خانووشی لەسەر دروست بكرێت.

٥٤٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «قَاتَلَ اللَّهُ الْيَهُودَ اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوا جوولەكە بكوژێت (یاخود نەفرەتی خوا لە جوولەكە بێت) لەبەر ئەوەی گۆڕی پێغەمبەرانیان كردووە بە مزگەوت».

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ الْقُعُودِ عَلَى الْقَبْرِ

باسێك دەربارەی ناپەسندی (حەرامی) دانیشتن لەسەر گۆڕ

٥٤٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَأَنْ يَجْلِسَ أَحَدُكُمْ عَلَى جَمْرَةٍ فَتُحْرِقَ ثِيَابَهُ، حَتَّى تَخْلُصَ إِلَى جِلْدِهِ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَجْلِسَ عَلَى قَبْرٍ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەكێك لە ئێوە لەسەر پشكۆیەك لە ئاگر دابنیشێت، پۆشاكەكانی بسووتێنێت تا دەگات بە پێستەكەی

(و پێستەکەشی بسووتێنێت)، باشترە بۆی لەوەی لەسەر گۆڕێك دابنیشێت».

٥٤٤. عَنْ أَبِي مَرْثَدٍ الْغَنَوِيِّ ﵁ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَجْلِسُوا عَلَى الْقُبُورِ، وَلَا تُصَلُّوا إِلَيْهَا».

ئەبو مەرسەدی غەنەوی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لەسەر گۆڕ دامەنیشن، ڕووەو گۆڕیش نوێژ مەکەن (چونکە بەگەورەزانینی گۆڕەکەی تێدایە)».

بَابُ الْمَشْيِ فِي النَّعْلِ بَيْنَ الْقُبُورِ

باسی ڕۆیشتن بە نەعلەوە بەنێو گۆڕەکاندا

٥٤٥. عَنْ أَنَسٍ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: «إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ، وَتَوَلَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ إِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ».

ئەنەس ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «کاتێك بەندە دەخرێتە نێو گۆڕەوە، هاوەڵەکانی پشتی لێ دەکەن و دەگەڕێنەوە، ئەو گوێی لە دەنگی نەعلەکانیان دەبێت کاتێك کە دەگەڕێنەوە».

بَابٌ فِي تَحْوِيلِ الْمَيِّتِ مِنْ مَوْضِعِهِ لِلْأَمْرِ يَحْدُثُ

باسێك دەربارەی گواستنەوەی گۆڕ لەبەر پێویستی و شتێك کە ڕوو بدات

٥٤٦. عَنْ جَابِرٍ ﵁ قَالَ: دُفِنَ مَعَ أَبِي رَجُلٌ، فَكَانَ فِي نَفْسِي مِنْ ذَلِكَ حَاجَةٌ، فَأَخْرَجْتُهُ بَعْدَ سِتَّةِ أَشْهُرٍ، فَمَا أَنْكَرْتُ مِنْهُ شَيْئًا، إِلَّا شُعَيْرَاتٍ كُنَّ فِي لِحْيَتِهِ مِمَّا يَلِي الْأَرْضَ.

جابیر ﷺ دەڵێت: باوکم لەگەڵ پیاوێکی دیکە نێژرابوو (لە ئوحود)، منیش لە دڵمدا شتێك دروست بووبوو (پێم خۆش بوو بیگوازمەوە)، بۆیە دوای شەش مانگ (لە گۆڕەکەی) دەرمهێنایەوە، هیچ شتێکی نامۆم نەبینی (کە بەسەر لاشەکەیدا هاتبێت)، تەنها چەند تاڵە موویەك نەبێت لە ڕیشی کە شۆڕ بووبوونەوە سەر زەوییەکە (ڕەنگیان گۆڕابوو).

بَابٌ فِي الثَّنَاءِ عَلَى الْمَيِّتِ

باسێك دەربارەی ستاییشکردنی مردوو

٥٤٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: مَرُّوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ بِجَنَازَةٍ فَأَثْنَوْا عَلَيْهَا خَيْرًا، فَقَالَ: «وَجَبَتْ»، ثُمَّ مَرُّوا بِأُخْرَى فَأَثْنَوْا عَلَيْهَا شَرًّا، فَقَالَ: «وَجَبَتْ»، ثُمَّ قَالَ: «إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ شُهَدَاءُ».

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەڵێت: جەنازەیەکیان بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕاند، خەڵکی ستاییشی خێریان کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «(ئەمە بەهەشتی) بۆ پێویست بوو»، پاشان جەنازەیەکی دیکەیان تێپەڕ کرد بە خراپە باسیان کرد، فەرمووی: «(ئەوە دۆزەخی) بۆ پێویست بوو»، پاشان فەرمووی: «ئێوە هەندێکتان شایەتن بەسەر هەندێکتانەوە (شایەتی ئێوە بۆ کەسێك کە دەمرێت حیسابی لەسەر دەکرێت)».

بَابٌ فِي زِيَارَةِ الْقُبُورِ

باسێك دەربارەی سەردانکردنی گۆڕستان

٥٤٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: أَتَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَبْرَ أُمِّهِ فَبَكَى، وَأَبْكَى مَنْ حَوْلَهُ،

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «اسْتَأْذَنْتُ رَبِّي تَعَالَى عَلَى أَنْ أَسْتَغْفِرَ لَهَا فَلَمْ يُؤْذَنْ لِي، فَاسْتَأْذَنْتُ أَنْ أَزُورَ قَبْرَهَا فَأَذِنَ لِي، فَزُورُوا الْقُبُورَ فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ بِالْمَوْتِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ سەردانی گۆڕی دایکی کرد، خۆی گریا، ئەوانەی دەورویشتی هەمووی هێنایە گریان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «داوای مۆڵەتم لە خوا کرد مۆڵەتم بدات داوای لێخۆشبوون بۆ دایکم بکەم، مۆڵەتی نەدام، داوای مۆڵەتم کرد کە ڕێگام بدات سەردانی گۆڕەکەی بکەم مۆڵەتی دام، بۆیە ئێوە سەردانی گۆڕستان بکەن لەبەر ئەوەی مردنتان بیر دەخاتەوە».

بَابُ مَا يَقُولُ إِذَا زَارَ الْقُبُورَ أَوْ مَرَّ بِهَا

باسی ئەوەی دەگوترێت لە کاتی سەردانی گۆڕستان یان تێپەڕبوون پێیدا

٥٤٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ خَرَجَ إِلَى الْمَقْبَرَةِ، فَقَالَ: «السَّلَامُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَاحِقُونَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ گۆڕستان، فەرمووی: «سڵاوی خواتان لێ بێت ئەی کەسانی خەڵکی ئەم شوێنە لە بڕواداران، ئێمەش إن شاء الله بە ئێوە دەگەین».

كِتَابُ الْأَيْمَانِ وَالنُّذُورِ

پەرتووکی سوێندخواردن و نەزرکردن

بَابُ التَّغْلِيظِ فِي الْأَيْمَانِ الْفَاجِرَةِ

باسی هەڕەشەی توند لەسەر سوێندخواردنی بەدرۆ

٥٥٠. عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ ﵁ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ مَصْبُورَةٍ كَاذِبًا فَلْيَتَبَوَّأْ بِوَجْهِهِ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ».

عیمرانی کوڕی حوصەین ﵁ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك سوێندی مەحکەمە بەدرۆ بخوات، با شوێنی خۆی لەنێو ئاگردا دیاری بکات، کە لەسەر ڕوو دەخرێتە نێویەوە».

تێبینی:

(يَمِينٍ مَصْبُورَة): ئەو سوێندەی کە لەلای حاکم و دادوەر دەخورێت و بۆ پابەندکردنە.

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ الْحَلْفِ بِالْآبَاءِ

باسێك دەربارەی ناپەسندیی سوێندخواردن بە باوك و باپیران

٥٥١. عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَدْرَكَهُ وَهُوَ فِي رَكْبٍ وَهُوَ يَحْلِفُ بِأَبِيهِ، فَقَالَ: «إِنَّ اللَّهَ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ، فَمَنْ كَانَ حَالِفًا فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ، أَوْ لِيَسْكُتْ».

عومەری كوڕی خەتتاب ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی گەیشتوە ئەم لەنێو كاروانێكدا بوو (كۆمەڵێك وشتر بوو) سوێندی خوارد بە باوكی (سەرەتای ئیسلام بوو، نەیزانی)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ دەكات سوێند بە باوك و باپیرانتان بخۆن، ئەگەر كەسێك سوێندی خوارد یان با سوێند بە خوا بخوات، یان بێدەنگ بێت و سوێند نەخوات».

بَابُ لَغْوِ الْيَمِينِ

باسی سوێند بەدەمداهاتن

٥٥٢. قَالَتْ عَائِشَةُ ﵂: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: «هُوَ كَلَامُ الرَّجُلِ فِي بَيْتِهِ، كَلَّا وَاللَّهِ، وَبَلَى وَاللَّهِ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لەماڵەوە كەسێك دەڵێت نە والله، بەڵێ والله (مادام بەسەر زمانیدا دێت ئەمە لەغووی پێ دەگوترێت و كەفارەت ناكەوێتە سەری)».

بَابُ الْمَعَارِيضِ فِي الْيَمِينِ

باسی سوێندخواردن لەلارِا (شاردنەوەی مەبەست)

٥٥٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَمِينُكَ عَلَى مَا يُصَدِّقُكَ عَلَيْهَا صَاحِبُكَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «سوێندخواردنەکەت ئەوەیە کە هاوڕێکەت سوێندت دەدا لەسەری و بەڕاستت دەزانێت».

تێبینی:

لێرە نابێت تەورییە بەکار بهێنرێت، نابێت کەسێك لەسەر شتێك تۆ سوێند بدات، تۆ بە نیەتی خۆت سوێند لەسەر شتێکی دیکە بخۆیت، بەڵکوو ئەو لەسەر چی سوێندت دەدات بەگوێرەی نیەتی ئەوە نەك نیەتی تۆ، چونکە ئەمە بە درۆ دادەنرێت، مرۆڤ لەسەر چی سوێندیان دا، دەبێت لەسەر ئەوە سوێند بخوات، ئەگەرنا خۆی دەخەڵەتێنێت و گوناهبار و تاوانبار دەبێت.

بَابُ الِاسْتِثْنَاءِ فِي الْيَمِينِ

باسی هەڵاواردن لە سوێندخواردن

٥٥٤. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ حَلَفَ فَاسْتَثْنَى، فَإِنْ شَاءَ رَجَعَ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ غَيْرَ حِنْثٍ».

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك سوێندی خوارد و لە سوێندەکەیدا هەڵاواردنی تێدا بوو (گوتی: إن شاء الله)، ئەوە ئەگەر

ویستی با کارەکە جێبەجێ بکات، ئەگەریش نەیویست با وازی لێ بێنێت و سوێندەکەش ناکەوێت».

بَابُ الرَّجُلِ يُكَفِّرُ قَبْلَ أَنْ يَحْنَثَ

باسی کەسێك کەفارەت بدات پێش ئەوەی سوێندەکەی بشکێنێت

٥٥٥. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ سَمُرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ لِي النَّبِيُّ ﷺ: «يَا عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ سَمُرَةَ، إِذَا حَلَفْتَ عَلَى يَمِينٍ فَرَأَيْتَ غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا، فَأْتِ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ، وَكَفِّرْ يَمِينَكَ».

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی سەموڕە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ پێمی فەرموو: «ئەی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی سەموڕە، ئەگەر سوێندت خوارد لەسەر شتێك پاشان زانیت یان بۆت دەرکەوت کە ئەوەی دیکە بکەیت باشترە، ئەوە بڕۆ بیکە و کەفارەتی سوێندەکەت بدە».

بَابٌ فِي الرَّقَبَةِ الْمُؤْمِنَةِ

باسێك دەربارەی ئازادکردنی کۆیلەیەکی بڕوادار

٥٥٦. عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ الْحَكَمِ السُّلَمِيِّ ﵁ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، جَارِيَةٌ لِي صَكَكْتُهَا صَكَّةً، فَعَظَّمَ ذَلِكَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فَقُلْتُ: أَفَلَا أُعْتِقُهَا؟ قَالَ: «ائْتِنِي بِهَا»، قَالَ: فَجِئْتُ بِهَا، قَالَ: «أَيْنَ اللَّهُ؟»، قَالَتْ: فِي السَّمَاءِ، قَالَ: «مَنْ أَنَا؟»، قَالَتْ: أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ، قَالَ: «أَعْتِقْهَا فَإِنَّهَا مُؤْمِنَةٌ».

موعاویەی کوڕی حەکەمی سولەمی ﵁ دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا

کەنیزەکێکم هەیە زللەیەکم لێ داوە، پێغەمبەریش ﷺ ئەو کارەی زۆر لەسەر گەورە کردم، بۆیە گوتم: ئەدی ئازادی نەکەم؟ فەرمووی: «بیهێنە بۆ لام»، گوتی: منیش هێنام بۆ خزمەتی، فەرمووی: «خوا لەکوێیە؟»، کەنیزەکەکەش گوتی: لە سەرەوەیە (لە ئاسمانە)، فەرمووی: «من کێم؟»، گوتی: تۆ پێغەمبەری خوای، فەرمووی: «ئازادی بکە، چونکە بەڕاستی بڕوادارە».

بَابُ الِاسْتِثْنَاءِ فِي الْيَمِينِ بَعْدَ السُّكُوتِ

باسی هەڵاواردن لە سوێندا لەدوای بێدەنگبوون

٥٥٧. عَنْ عِكْرِمَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «وَاللَّهِ لَأَغْزُوَنَّ قُرَيْشًا، وَاللَّهِ لَأَغْزُوَنَّ قُرَيْشًا، وَاللَّهِ لَأَغْزُوَنَّ قُرَيْشًا»، ثُمَّ قَالَ: «إِنْ شَاءَ اللَّهُ».

عیکریمە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «سوێند بە خوا دەبێت غەزای قوڕەیش بکەم، سوێند بە خوا دەبێت غەزای قوڕەیش بکەم، سوێند بە خوا دەبێ غەزای قوڕەیش بکەم»، پاشان فەرمووی: «إن شاء الله، واتە: ئەگەر خوا ویستی لەسەربوو (پاشان غەزای قوڕەیشی نەکرد، سوێندەکەشی شکاند و کەفارەتیشی نەدا، چونکە فەتحی مەککەی کرد بەبێ غەزا)».

بَابُ النَّهْيِ عَنِ النُّذُورِ

باسی ڕێگریکردن لە نەزر

٥٥٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لَا يَأْتِي ابْنَ آدَمَ النَّذْرُ الْقَدَرَ بِشَيْءٍ لَمْ أَكُنْ قَدَّرْتُهُ لَهُ، وَلَكِنْ يُلْقِيهِ النَّذْرُ الْقَدَرَ قَدَّرْتُهُ، يُسْتَخْرَجُ مِنَ الْبَخِيلِ

يُؤْتِي عَلَيْهِ مَا لَمْ يَكُنْ يُؤْتِي مِنْ قَبْلُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ (لە فەرموودەیەکی قودسیدا) دەفەرموێت (خوا فەرموویەتی:) ئەو نەزرەی مرۆڤ دەیکات هیچ شتێك لەو قەدەرەی کە من بۆم دیاری کردووە ناگۆڕێت، بەڵام جار هەیە قەدەر لەگەڵ نەزرەکەی ئەو یەك دەگرنەوە، نەزر ئەو شتەیە (ئەو ماڵەیە) کە لە کەسی چرووك وەردەگیردرێت، ئەو ماڵەی لێ وەردەگیردرێت کە پێش نەزرەکە ئامادە نەبوو بیدات.

بَابُ مَا جَاءَ فِي النَّذْرِ فِي الْمَعْصِيَةِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی نەزری لە سەرپێچیی خوادا

٥٥٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ نَذَرَ أَنْ يُطِيعَ اللَّهَ فَلْيُطِعْهُ، وَمَنْ نَذَرَ أَنْ يَعْصِيَ اللَّهَ فَلَا يَعْصِهِ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك نەزری کرد و نەزرەکەی گوێڕایەڵیی خوا بوو، با جێبەجێی بکات، هەر کەسێکیش نەزری کرد نەزرەکەی سەرپێچیی خوا بوو، با نەیکات».

بَابُ مَنْ رَأَى عَلَيْهِ كَفَّارَةً إِذَا كَانَ فِي مَعْصِيَةٍ

باسی ئەو کەسەی کە پێی وایە نەزری سەرپێچی کەفارەتی دەکەوێتە سەر

٥٦٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «لَا نَذْرَ فِي مَعْصِيَةٍ وَكَفَّارَتُهُ كَفَّارَةُ يَمِينٍ».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «نەزر لەسەرپێچیدا نییە (کەسێك

نەزری کرد نەزرەکەی سەرپێچی بوو پێویستە بیشکێنێت) و کەفارەتی سوێندەکەشی بدات».

٥٦١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ سَعْدَ بْنَ عُبَادَةَ، اسْتَفْتَى رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَقَالَ: إِنَّ أُمِّي مَاتَتْ وَعَلَيْهَا نَذْرٌ لَمْ تَقْضِهِ؟ فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «اقْضِهِ عَنْهَا».

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: سەعدی کوڕی عوبادە رضي الله عنه داوای فەتوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، وە پرسیاری لێ کرد و گوتی: دایکم وەفاتی کردووە و نەزرێکی لەسەر بووە جێبەجێی نەکردووە؟[1] پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «لەجیاتی دایکت نەزرەکەی بۆ جێبەجێ بکە».

بَابُ مَا جَاءَ فِيمَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ

باسی دەربارەی ئەوەی هاتووە کەسێك مردووە و ڕۆژوو قەرزدار بێت وماڵەوە بۆی بگرنەوە

٥٦٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ امْرَأَةً جَاءَتْ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَتْ: إِنَّهُ كَانَ عَلَى أُمِّهَا صَوْمُ شَهْرٍ أَفَأَقْضِيهِ عَنْهَا، فَقَالَ: «لَوْ كَانَ عَلَى أُمِّكِ دَيْنٌ أَكُنْتِ قَاضِيَتَهُ؟»، قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ: «فَدَيْنُ اللَّهِ أَحَقُّ أَنْ يُقْضَى».

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: ئافرەتێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ پێی گوت: دایکم ڕۆژووی مانگێکی لەسەر بووە مردووە، ئایا لەجیاتی ئەو بۆی بگرمەوە؟ فەرمووی: «ئەگەر دایکت قەرزدار بوایە تۆ قەرزەکەت بۆی دەدایەوە؟»، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: «دەی قەرزی خوا لەپێشترە کە بدرێتەوە».

---

(١) دەگوترێت: ڕۆژووی نەزری لەسەر بووە، یان ئازادکردنی کۆیلە بووە، خێر بووە، یان نەزرێکی موتڵەق و ڕەها بووە، هەر شتێك بێت باس نەکراوە، بەڵام نەزری کردووە و جێبەجێی نەکردووە و وەفاتی کردووە.

بَابٌ فِيمَنْ نَذَرَ أَنْ يَتَصَدَّقَ بِمَالِهِ

باسێك دەربارەی ئەو كەسەی نەزر دەكات هەموو ماڵەكەی ببەخشێت

٥٦٣. عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ مِنْ تَوْبَتِي أَنْ أَنْخَلِعَ مِنْ مَالِي صَدَقَةً إِلَى اللَّهِ وَإِلَى رَسُولِهِ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَمْسِكْ عَلَيْكَ بَعْضَ مَالِكَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ»، قَالَ: فَقُلْتُ: إِنِّي أُمْسِكُ سَهْمِيَ الَّذِي بِخَيْبَرَ.

(كاتێك كەعبی كوڕی مالیك ﵁ چاوی كوێر بوو، عەبدوڵلا دەستی باوكی دەگرت)، كەعبی كوڕی مالیك دەڵێت: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، من تەوبەم كردووە (لەو سێ كەسەی كە دوا كەوتن لە غەزای تەبووك، خوا تەوبەكەی قبووڵ كردن)، لە تەوبەكەم ئەوە بێت كە دەستبەرداری هەموو ماڵەكەم دەبم و هەمووی دەكەم بە خێر بۆ خوا و بۆ پێغەمبەرەكەی ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «هەندێك لە ماڵەكەت بهێڵەرەوە ئەمە باشترە بۆت»، دەڵێت: گوتم: من ئەم پشكەی لە خەیبەر هەمە ئەوە دەهێڵمەوە ئەوەی دیكە هەمووی دەكەم بە خێر.

بَابُ مَنْ نَذَرَ نَذْرًا لَمْ يُسَمِّهِ

باسی كەسێك نەزری كردوە و ناوی نەهێناوە (دیاری نەكردوە)

٥٦٤. عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «كَفَّارَةُ النَّذْرِ كَفَّارَةُ الْيَمِينِ».

عوقبەی كوڕی عامر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «كەفارەتی نەزرێك كە ناو نەهێنرابێت، كەفارەتی سوێند خواردنە».

بَابُ مَنْ نَذَرَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ ثُمَّ أَدْرَكَ الْإِسْلَامَ

باسی کەسێك لە نەفامیدا نەزری کردووە دوایی موسوڵمان بووە

٥٦٥. عَنْ عُمَرَ ﷺ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي نَذَرْتُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ أَنْ أَعْتَكِفَ فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ لَيْلَةً، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ: «أَوْفِ بِنَذْرِكَ».

عومەر ﷺ دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا، من لە نەفامێتیدا نەزرم کردبوو کە شەوێك لە کەعبەی پیرۆزدا ئیعتیکاف بکەم، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: «وەفادار بە بۆ نەزرەکەت (جێبەجێی بکە)».

كِتَابُ الْبُيُوعِ

پەرتووكی مامەڵەكردن

بَابٌ فِي التِّجَارَةِ يُخَالِطُهَا الْحَلْفُ وَاللَّغْوُ

باسێك دەربارەی كڕین و فرۆشتن سوێندخواردن و قسەی بێمانا و ناشەرعی تێبكەوێت

٥٦٦. عَنْ قَيْسِ بْنِ أَبِي غَرَزَةَ ﵁ قَالَ: كُنَّا فِي عَهْدِ رَسُولِ اللهِ ﷺ نُسَمَّى السَّمَاسِرَةَ فَمَرَّ بِنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ فَسَمَّانَا بِاسْمٍ هُوَ أَحْسَنُ مِنْهُ، فَقَالَ: «يَا مَعْشَرَ التُّجَّارِ، إِنَّ الْبَيْعَ يَحْضُرُهُ اللَّغْوُ وَالْحَلْفُ، فَشُوبُوهُ بِالصَّدَقَةِ».

قەیسی كوڕی ئەبو غەڕزە ﵁ دەڵێت: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان دەگوترا: سەماسیرە (واتە: دەلاَڵ)، پێغەمبەری خوا ﷺ بەلاماندا تێپەڕی ناوێكی لەوە باشتری لێ ناین، فەرمووی: «ئەی گرۆی بازرگانان (ناومانی گۆڕی بۆ بازرگان)، ئەم كڕین و فرۆشتنانە قسەی بێمانا و بێسوود و سوێندخواردنی تێدەكەوێت، بۆیە كڕین و فرۆشتنەكەتان تێكەڵ بكەن بە خێر».

بَابٌ فِي اجْتِنَابِ الشُّبُهَاتِ

باسێك دەربارەی خۆدوورخستنەوە لەهەر شتێك كە گومانی تێدا بێت

٥٦٧. عن النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ ﵄ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ الْحَلَالَ بَيِّنٌ، وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ، وَبَيْنَهُمَا أُمُورٌ مُشْتَبِهَاتٌ، وَسَأَضْرِبُ لَكُمْ فِي ذَلِكَ مَثَلًا، إِنَّ اللَّهَ حَمَى حِمًى، وَإِنَّ حِمَى اللَّهِ مَا حَرَّمَ، وَإِنَّهُ مَنْ يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يُخَالِطَهُ، وَإِنَّهُ مَنْ يُخَالِطُ الرِّيبَةَ يُوشِكُ أَنْ يَجْسُرَ».

نوعمانی كوڕی بەشیر ﵄ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «حەڵاڵ ئاشكرا و ڕوونە، حەرامیش ئاشكرا و ڕوونە، هەندێك شتیش هەیە لەو نێوانەدایە، لەم بابەتە نموونەیەكتان بۆ دەهێنمەوە: خوا سنووری هەیە، سنوورەكانی خوا ئەو شتانەیە كە حەرامی كردووە، (نموونەكە ئەوەیە) ئەگەر شوانێك ڕانەمەڕێكی هەبێت لە نزیك پاوانێك ڕانەمەڕەكەی بلەوەڕێنێت، نزیكە بچنە نێو ئەو پاوانە، بەڵام خۆتی لێ بپارێزیت ئەوە پارێزراو دەبیت، هەر كەسێك تێكەڵی ئەو گومانانە ببێت نزیكە بكەوێتە نێو حەرامەوە».

بَابٌ فِي آكِلِ الرِّبَا وَمُوكِلِهِ

باسێك دەربارەی سووخۆر سووەرگر

٥٦٨. عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ ﵁ قَالَ: لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ آكِلَ الرِّبَا، وَمُؤْكِلَهُ وَشَاهِدَهُ وَكَاتِبَهُ.

عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی كردووە لەو كەسەی سوو دەخوات، لەو كەسەی سووی پێ دەدات، لەو كەسەی كە شایەتە

و لەو کەسەی کە نووسەری بەڵێننامەی مامەڵەی سوویە (نەفرەت لە هەموویان کراوە).

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ الْيَمِينِ فِي الْبَيْعِ

باسێك دەربارەی ناپەسندیی سوێندخواردن لە کاتی کڕین و فرۆشتندا

٥٦٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «الْحَلِفُ مَنْفَقَةٌ لِلسِّلْعَةِ مَمْحَقَةٌ لِلْبَرَكَةِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «سوێندخواردنی درۆ دەبێتە هۆی ڕەواجدان بە شتومەکەکە و خێرا فرۆشتنی، بەڵام بەرەکەت ناهێڵێت و لەناوی دەبات».

بَابٌ فِي التَّشْدِيدِ فِي الدَّيْنِ

باسێك دەربارەی هەڕەشە لە قەرزداریدا

٥٧٠. عَنْ جَابِرٍ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لَا يُصَلِّي عَلَى رَجُلٍ مَاتَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ، فَأُتِيَ بِمَيِّتٍ، فَقَالَ: «أَعَلَيْهِ دَيْنٌ؟»، قَالُوا: نَعَمْ، دِينَارَانِ، قَالَ: «صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ»، فَقَالَ أَبُو قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيُّ: هُمَا عَلَيَّ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَصَلَّى عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فَلَمَّا فَتَحَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: «أَنَا أَوْلَى بِكُلِّ مُؤْمِنٍ مِنْ نَفْسِهِ، فَمَنْ تَرَكَ دَيْنًا فَعَلَيَّ قَضَاؤُهُ وَمَنْ تَرَكَ مَالاً فَلِوَرَثَتِهِ».

جابیر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر کەسێك نەدەکرد مردبێت و قەرزدار بێت، مردوویەکیان هێنا، فەرمووی: «ئایا قەرزی لەسەرە؟»، گوتیان:

بەڵێ، دوو دینار قەرزدارە، فەرمووی: «خۆتان نوێژ لەسەر هاوڕێكەتان بكەن»، ئەبو قەتادەی ئەنصاڕی گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، نوێژی لەسەر بكە ئەو دوو دینارە من بۆی دەدەمەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی لەسەر كرد، دوای ئەوەی كە خوا فەتحی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ كرد و غەنیمەی دەست كەوت، فەرمووی: «من لە هەموو بڕوادارێك لەپێشترم لە خودی خۆشیان، هەر كەسێك قەرزی بەجێ هێشت لەسەر منە من بۆی دەدەمەوە (قەرزی قەرزداری داوەتەوە)، ئەوەی ماڵی بەجێ هێشت بۆ من نییە بۆ میراتگرانیەتی».

بَابٌ فِي الْمَطْلِ

باسێك دەربارەی دواخستنی قەرز (بەئەنقەست)

٥٧١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَطْلُ الْغَنِيِّ ظُلْمٌ، وَإِذَا أُتْبِعَ أَحَدُكُمْ عَلَى مَلِيءٍ فَلْيَتْبَعْ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دواخستنی قەرز لەلایەن قەرزدارەوە كە دەوڵەمەند بێت، ئەوە ستەمە، ئەگەر یەكێك لە ئێوە ڕەوانە كرا بۆلای كەسێكی دەوڵەمەند (واتە: قەرزت لای كەسێكە پێت دەڵێت: بڕۆ لە فڵانە كەسی دەوڵەمەند كە قەرزم لایەتی لەجیاتی من لێی وەربگرەوە)، با بچێت وەریبگرێتەوە».

بَابٌ فِي حُسْنِ الْقَضَاءِ

باسێك دەربارەی دانەوەی قەرز بەجوانی

٥٧٢. عَنْ أَبِي رَافِعٍ رضي الله عنه قَالَ: اسْتَسْلَفَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بَكْرًا، فَجَاءَتْهُ إِبِلٌ مِنَ

الصَّدَقَةِ، فَأَمَرَنِي أَنْ أَقْضِيَ الرَّجُلَ بَكْرَهُ، فَقُلْتُ: لَمْ أَجِدْ فِي الْإِبِلِ إِلَّا جَمَلًا خِيَارًا رَبَاعِيًا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «أَعْطِهِ إِيَّاهُ، فَإِنَّ خِيَارَ النَّاسِ أَحْسَنُهُمْ قَضَاءً».

ئەبو ڕافیع ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بەچکە وشترێکی بەقەرز لێ وەرگرتبوو (قەرزی کردبوو)، پاشان وشتری صەدەقەی بۆ هات، فەرمانی پێ کردم وشترێك بدەمەوە بەو پیاوەی قەرزی لێی کردبوو، گوتم: لەنێو وشترەکاندا تەنها وشتری گەورەی هەڵبژاردەی تێدایە کە شەش ساڵی تەواو کردووە چۆتە نێو حەوت ساڵەوە، دانە چوارینەکانی دەرچووە زۆر چاکە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «بڕۆ ئەو چاکەی بدەرێ، لەبەر ئەوەی باشترین کەس ئەو کەسەیە کە قەرز بەباشەوە دەداتەوە».

٥٧٣. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄ قَالَ: كَانَ لِي عَلَى النَّبِيِّ ﷺ دَيْنٌ فَقَضَانِي وَزَادَنِي.

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﵄ دەڵێت: قەرزم لەسەر پێغەمبەر ﷺ بوو، بە زیادەوە پێی دامەوە. (ئەو زیادەیە وەکوو هەدیە وایە، لە کاتی قەرزکردندا نابێت مەرجی زیادە وەرگرتنی تێدا بێت، دەنا دەبێتە سوو).

بَابٌ فِي الصَّرْفِ

باسێك دەربارەی ئاڵوگۆڕکردنی پارە

٥٧٤. عَنْ عُمَرَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الذَّهَبُ بِالْوَرِقِ رِبًا، إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ رِبًا، إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ».

عومەر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئاڵتوون بە زیو بگۆڕیتەوە ڕیبایە، مەگەر تۆ بڵێیت: ها، ئەویش بڵێت: ها، گەنم بە گەنم بگۆڕیتەوە دەبێت بە

ڕیبا، مەگەر دەست بە دەست بێت، خورما بە خورما بگۆڕیتەوە ڕیبایە مەگەر دەست بە دەست بێت، تۆ بڵێیت: ها، ئەویش بڵێت: ها (ئەو بڵێت: وەریبگرە، ئەویش بڵێت: وەریبگرە، وە دەبێت وەکوو یەکیش بێت)، وە جۆ بە جۆ بگۆڕیتەوە ڕیبایە مەگەر تۆ بڵێیت: ها، ئەویش بڵێت: ها».

بَابٌ فِي بَيْعِ الثِّمَارِ قَبْلَ أَنْ يَبْدُوَ صَلَاحُهَا

باسێك دەربارەی فرۆشتنی بەروبووم پێش ئەوەی كە پێبگات

٥٧٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنْ بَيْعِ الثِّمَارِ حَتَّى يَبْدُوَ صَلَاحُهَا، نَهَى الْبَائِعَ وَالْمُشْتَرِيَ.

عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی كردووە بەرهەمی دار بفرۆشرێت هەتا چاكێتییەكەی دەرنەكەوێت، قەدەغەی لە كڕیار و فرۆشیاریش كردووە.

بَابٌ فِي زَرْعِ الْأَرْضِ بِغَيْرِ إِذْنِ صَاحِبِهَا

باسێك دەربارەی كشتوكاڵكردن بەبێ مۆڵەتی خاوەن زەوی

٥٧٦. عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ زَرَعَ فِي أَرْضِ قَوْمٍ بِغَيْرِ إِذْنِهِمْ، فَلَيْسَ لَهُ مِنَ الزَّرْعِ شَيْءٌ وَلَهُ نَفَقَتُهُ».

ڕافیعی كوڕی خەدیج ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر كەسێك كشتوكاڵی كرد لە زەوی كەسێكدا بەبێ مۆڵەتیان، ئەوە هیچ شتێك لەو كشتوكاڵەی بۆ نییە، ئەمیش چەندێك خەرجیی كردووە پێی دەدرێتەوە».

أَبْوَابُ الْإِجَارَةِ

باسەکانی بەکرێدان

فِي كَسْبِ الْمُعَلِّمِ

باسی داهاتی مامۆستای فێرکار

٥٧٧. عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ ﷺ قَالَ: عَلَّمْتُ نَاسًا مِنْ أَهْلِ الصُّفَّةِ الْكِتَابَ، وَالْقُرْآنَ فَأَهْدَى إِلَيَّ رَجُلٌ مِنْهُمْ قَوْسًا فَقُلْتُ: لَيْسَتْ بِمَالٍ وَأَرْمِي عَنْهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ﷻ، لَآتِيَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَلَأَسْأَلَنَّهُ فَأَتَيْتُهُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، رَجُلٌ أَهْدَى إِلَيَّ قَوْسًا مِمَّنْ كُنْتُ أُعَلِّمُهُ الْكِتَابَ وَالْقُرْآنَ، وَلَيْسَتْ بِمَالٍ وَأَرْمِي عَنْهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ، قَالَ: «إِنْ كُنْتَ تُحِبُّ أَنْ تُطَوَّقَ طَوْقًا مِنْ نَارٍ فَاقْبَلْهَا».

عوبادەی کوڕی صامت ﷺ دەڵێت: هەژارانی ئەهلی صوففە کە لە مزگەوتدا دەژیان، کەسانێکم لەوانە فێرە قورئان و فێرە نووسین کرد، پیاوێك لەوان تیروکەوانێکی بە دیاری پێ دام، گوتم: ئەمە ماڵ نییە (شتی دونیایی نییە) و لەپێناوی خوا تیری پێ دەهاوێژم و دژی کافران جیهادی پێ دەکەم، بەڵام دەبێت بچمە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێ بکەم، هاتم بۆ خزمەتی گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا، یەکێك لەو پیاوانەی کە فێری نووسین و قورئانم کرد، کەوانێکی بە دیاری پێ داوم، ماڵێکی زۆر نییە (شتی دونیایی بێت)، لە پێناوی خوادا جیهادی پێ دەکەم تیری پێ دەهاوێژم، فەرمووی: «ئەگەر پێت خۆشە ئەو کەوانە ببێتە تەوقێك لە ئاگر ئەوە وەریبگرە».

✎ تێبینی:

ئەگەر کەسێك خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ فێربوون و فێرکردنی زانستی شەرعی و هیچ

داهاتێکی دیکەی نەبێت کە پێی بژێت، ئەوە دروستە و ڕێگەپێدراوە بەپێی پێویست پارەش وەربگرێت، بەتایبەت ئەوڕۆ کە زانستی شەرعی خەڵکی شارەزا و دانای زۆر کەمە و پێویستی بە شۆڕشێکی زانستیی حەتمی هەیە.

بَابٌ فِي كَسْبِ الْحَجَّامِ

باسێك دەربارەی پارەی کەسێك کە کەڵەشاخ دەکات

٥٧٨. عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «كَسْبُ الْحَجَّامِ خَبِيثٌ، وَثَمَنُ الْكَلْبِ خَبِيثٌ، وَمَهْرُ الْبَغِيِّ خَبِيثٌ».

ڕافیعی کوڕی خەدیج ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کاسبی و پارەی ئەو کەسەی کەڵەشاخ دەکات و لەبری کەڵەشاخ وەریدەگرێت، پارەکەی پیسە، کەسێکیش سەگ دەفرۆشێت، پارەی سەگ پیسە، ئافرەتێکیش زینا دەکات بە پارە، پارەکەی پیسە».

٥٧٩. عَنِ ابْنِ مُحَيِّصَةَ عَنْ أَبِيهِ ﵁: أَنَّهُ اسْتَأْذَنَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فِي إِجَارَةِ الْحَجَّامِ فَنَهَاهُ عَنْهَا فَلَمْ يَزَلْ يَسْأَلُهُ وَيَسْتَأْذِنُهُ، حَتَّى أَمَرَهُ أَنْ أَعْلِفْهُ نَاضِحَكَ وَرَقِيقَكَ.

ئیبن موحەییصە لە باوکییەوە ﵁ دەگێڕێتەوە: داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە ڕێگای بدات کرێ وەربگرێت لە بەرامبەر کەڵەشاخکردندا، پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کرد، بەردەوام هەر پرسیاری دەکرد و داوای لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد، تا فەرمانی پێ کرد: ئەگەر پارەشت وەرگرت، بۆ ئاژەڵەکەت بەکاری بهێنە (ئالیکی ئاژەڵی پێ بکڕە و بیدە بە ئاژەڵەکەت)، یان بۆ کۆیلەکەت بەکاری بهێنە.

٥٨٠. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: احْتَجَمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ وَأَعْطَى الْحَجَّامَ أَجْرَهُ وَلَوْ

عَلِمَهُ خَبِيثًا لَمْ يُعْطِهِ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: کەڵەشاخیان بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، ئەوەی کەڵەشاخەکەی بۆ کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ کرێی پێ دا، ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ بیزانیایە حەرامە پارەی پێ نەدەدا.

٥٨١. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ قَالَ: حَجَمَ أَبُو طَيْبَةَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: فَأَمَرَ لَهُ بِصَاعٍ مِنْ تَمْرٍ، وَأَمَرَ أَهْلَهُ أَنْ يُخَفِّفُوا عَنْهُ مِنْ خَرَاجِهِ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەڵێت: ئەبو تەیبە کەڵەشاخی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، فەرمانی کرد: صاعێك خورمای بدەنێ لەجیاتی ئەوە، بۆیە فەرمانی کرد بە خاوەنەکەی کە باجی لەسەر کەم بکەنەوە.

بَابٌ فِي كَسْبِ الْإِمَاءِ

باسێك دەربارەی ئافرەتی کۆیلە ئەگەر ئیش بکات (ئایا پارەکەی حەڵاڵە؟)

٥٨٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنْ كَسْبِ الْإِمَاءِ.

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە لەو پارەیەی کە ئافرەتە کۆیلەکان دەستیان دەکەوێت.

بَابٌ فِي حُلْوَانِ الْكَاهِنِ

باسێك دەربارەی شیرینیی فاڵچی

٥٨٣. عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّهُ نَهَى عَنْ ثَمَنِ الْكَلْبِ، وَمَهْرِ الْبَغِيِّ

وَحُلْوَانِ الْكَاهِنِ.

ئەبو مەسعوود ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە: پارەی سەگ و ئافرەتی زیناکار و پارەی فاڵگرەوەی حەرام کردووە.

بَابٌ فِي التَّلَقِّي

باسێك دەربارەی ئەوانەی بەرەو ڕووی کاروان دەچن

٥٨٤. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لَا يَبِعْ بَعْضُكُمْ عَلَى بَيْعِ بَعْضٍ، وَلَا تَلَقَّوُا السِّلَعَ حَتَّى يُهْبَطَ بِهَا الْأَسْوَاقَ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەندێکتان مامەڵە بەسەر مامەڵەی هەندێکتان نەکات (لەو کاتەی هێشتا لەیەك جیا نەبوونەتەوە، بۆ نموونە: پێی بڵێت: بە ئەوەندە مەیدەرێ، بیدە بە من، من زیاترت دەدەمێ، یاخود بڵێت: وەرە لای من بیکڕە لەوی مەکڕە، من بە هەرزانتر دەتدەمێ، ئەمە حەرامە)، مەڕۆن بەرەو پیری شتومەك تا لەسەر ئاژەڵەکە دادەگیرێت و دەهێنرێت بۆ بازاڕ».

٥٨٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ نَهَى عَنْ تَلَقِّي الْجَلَبِ، فَإِنْ تَلَقَّاهُ مُتَلَقٍّ مُشْتَرٍ فَاشْتَرَاهُ، فَصَاحِبُ السِّلْعَةِ بِالْخِيَارِ إِذَا وَرَدَتِ السُّوقَ.

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ بەپیرەوەچوونی کاروانی قەدەغە کردووە (پێش ئەوەی بگاتە بازاڕ)، خۆ ئەگەر کەسێك بەپیریەوە چوو کڕیار بوو شتەکەی لێ کڕی، ئەوە خاوەنی کەلوپەلەکە سەرپشکە لە پەشیمانبوونەوە کاتێك دەگاتە بازاڕ (بۆی ڕوون بۆوە فێڵی لێ کراوە).

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنِ النَّجْشِ

باسێك دەربارەی ڕێگریكردن لە شتومەك گرانكردن لەسەر یەكدی

٥٨٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَا تَنَاجَشُوا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «بێئەوەی مەبەستتان بێت شتەكە بكڕن و تەنها بۆ فێڵكردن لە كڕیار نرخی كەلوپەل زیاد مەكەن».

بَابُ مَنِ اشْتَرَى مُصَرَّاةً فَكَرِهَهَا

باسێك دەربارەی كەسێك ئاژەڵێك بكڕێت
شیر لە گوانیدا ڕاگیرابێت و كڕیاریش ناڕازی بێت

٥٨٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «مَنِ اشْتَرَى شَاةً مُصَرَّاةً فَهُوَ بِالْخِيَارِ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، إِنْ شَاءَ رَدَّهَا، وَصَاعًا مِنْ طَعَامٍ لَا سَمْرَاءَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر كەسێك ئاژەڵێكی كڕی، كە شیر لە گوانەكانیدا كۆ كرابۆوە (حەپس كرابوو، بۆ ئەوەی گوانی گەورە دیار بێت، بۆ ئەوەی شیری زۆر تێدا بێتو فێڵ لە خەڵك بكرێت)، ئەو كەسەی كڕیویەتی تا سێ ڕۆژ سەرپشكە، ویستی دەیگەڕێنێتەوە، صاعێك لە خواردنیشی دەداتێ نەك گەنم».

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنِ الْحُكْرَةِ

باسێك دەربارەی حەرامکردنی قۆرغکردن (قۆرغکاری)

٥٨٨. عَنْ مَعْمَرِ بْنِ أَبِي مَعْمَرٍ، أَحَدِ بَنِي عَدِيِّ بْنِ كَعْبٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَحْتَكِرُ إِلَّا خَاطِئٌ»، فَقُلْتُ لِسَعِيدٍ: فَإِنَّكَ تَحْتَكِرُ، قَالَ: وَمَعْمَرٌ كَانَ يَحْتَكِرُ، قَالَ أَبُو دَاوُدَ: وَسَأَلْتُ أَحْمَدَ مَا الْحُكْرَةُ، قَالَ: مَا فِيهِ عَيْشُ النَّاسِ، قَالَ أَبُو دَاوُدَ: قَالَ الْأَوْزَاعِيُّ: الْمُحْتَكِرُ: مَنْ يَعْتَرِضُ السُّوقَ.

مەعمەری کوڕی باوکی مەعمەر، یەکێك بووە لە کوڕەکانی عەدی کوڕی کەعب ﵁، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ کەسێك شت قۆرغ ناکات مەگەر کەسێك تاوانبار و سەرپێچیکار بێت»، (ڕاوییەکە) دەڵێت: بە سەعیدم گوت: تۆ خۆت شت قۆرغ دەکەیت، دەڵێت: مەعمەر ئەویش هەر شتی قۆرغ کردووە[1]، ئەبو داود دەڵێت: پرسیارم لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کرد قۆرغکردن چییە؟ گوتی: ئەوەی ژیانی خەڵکی لەسەر بێت، ئەبو داود دەڵێت: ئەوزاعی گوتوویەتی: قۆرغکار ئەو کەسەیە دەچێت لە بازاڕدا شت کۆ دەکاتەوە (گرانی دەخاتە بازاڕ).

بَابُ النَّهْيِ عَنِ الْغِشِّ

باسی ڕێگریکردن لە فێڵکردن

٥٨٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ مَرَّ بِرَجُلٍ يَبِيعُ طَعَامًا فَسَأَلَهُ كَيْفَ

(١) ئەم هاوەڵە بەڕێزە و تابیعییە بەڕێزە دەڵێت: ئێوە هەردووکتان شتتان قۆرغ کردووە، پێشەوا حەسەن و ئەوزاعی دەڵێن: ئەگەر کەسێك خواردن لە وڵاتێکی دیکەوە بهێنێت یەکسەر نەیفرۆشێت، چاوەڕێ بکات نرخەکەی کەمێك بەرزتر بێتەوە ئینجا بیفرۆشێت، دەڵێن: ئەمە قۆرغکردن نییە، لەبەر ئەوەی ئەم نەهاتووە لە بازاڕدا شت کۆ بکاتەوە و شتی بازاڕ نەهێڵێت، بەڵکوو خۆی لە وڵات و شارێکی دیکەوە هێناویەتی، ئەوەی مەعمەر و سەعیدی کوڕی موسەییبیش لەم جۆرە بووە کە دروستە.

تَبِيعُ؟ فَأَخْبَرَهُ فَأُوحِيَ إِلَيْهِ أَنْ أَدْخِلْ يَدَكَ فِيهِ، فَأَدْخَلَ يَدَهُ فِيهِ فَإِذَا هُوَ مَبْلُولٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَيْسَ مِنَّا مَنْ غَشَّ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەلای کەسێکدا تێپەڕی خواردنی دەفرۆشت، فەرمووی: چۆن دەیفرۆشیت؟ ئەویش پێی گوت: خوا وەحی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ نارد دەست بخەرە نێو خواردنەکە، کاتێك دەستی دەخاتە نێو خواردنەکە سەیر دەکات ژێری تەڕە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەوەی فێڵ بکات لە ئێمە نییە».

بَابٌ فِي خِيَارِ الْمُتَبَايِعَيْنِ

باسێك دەربارەی سەرپشکیی کڕیار و فرۆشیار

٥٩٠. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، قَالَ: «الْمُتَبَايِعَانِ كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بِالْخِيَارِ عَلَى صَاحِبِهِ مَا لَمْ يَفْتَرِقَا، إِلَّا بَيْعَ الْخِيَارِ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کڕیار و فرۆشیار هەردووکیان سەرپشکن بەسەر هاوەڵەکەیانەوە، مادام لەیەك جیا نەبوونەتەوە (بە لاشە، نەك بە قسە)، مەگەر خۆیان یەکدی سەرپشك بکەن».

بَابٌ فِي فَضْلِ الْإِقَالَةِ

باسێك دەربارەی پاداشتی قبووڵکردنی هەڵوەشاندنەوەی مامەڵە

٥٩١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ أَقَالَ مُسْلِمًا أَقَالَهُ اللَّهُ عَثْرَتَهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کەسێك شتێك دەکڕێت پاشان پەشیمان دەبێتەوە، (بە هەر هۆکارێك) ئەم شتەی گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەگەر خاوەنەکەی لێی وەربگرێتەوە ئەوە خوا لە ڕۆژی قیامەتدا فریای دەکەوێت».

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنِ العِينَةِ

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە مامەڵەی عینە

٥٩٢. **عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ:** «إِذَا تَبَايَعْتُمْ بِالْعِينَةِ، وَأَخَذْتُمْ أَذْنَابَ الْبَقَرِ، وَرَضِيتُمْ بِالزَّرْعِ، وَتَرَكْتُمُ الْجِهَادَ، سَلَّطَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ذُلًّا لَا يَنْزِعُهُ حَتَّى تَرْجِعُوا إِلَى دِينِكُمْ».

ئیبن عومەر ﷺ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «ئەگەر ئێوە کڕین و فرۆشتنتان ئەم (عینە) بوو، دەستتان گرت بە کلکی مانگاوە (خەریکی ئاژەڵداری بوون)، ڕازی بوون بە کشتوکاڵکردن و وازتان لە جیهادکردن هێنا، ئەوە خوا ڕیسوایی بەسەرتاندا زاڵ دەکات و لەسەرتانی هەڵناگرێت تا نەگەڕێنەوە بۆ ئایینەکەتان».

تێبینی:

(العِينَة): واتە: خودی شتەکە، بۆ نموونە: سەیارەیەك دەفرۆشیت بە دە ملیۆن دینار بە قەرز، هیچت وەرنەگرتووە یان هەندێکت وەرگرتووە، هەمان سەیارە لە هەمان کەس دەکڕیتەوە بە نۆ ملیۆنی حازری، ملیۆنێکی دەدەیتێ سەیارەکەی خۆت وەردەگریتەوە، واتە: لێرەدا تۆ هیچت نەکردووە، خودی سەیارەکەی خۆت بۆ هاتۆتەوە، نۆ ملیۆنت داوەتە کابرا، کابرا ملیۆنێکی وەرگرتووە دە ملیۆن قەرزارە، ئەمە بەیعی عینەیە، عەینی شتەکەیە و جۆرێکە لە ڕیبا.

بَابٌ فِي السَّلَفِ

باسێك دەربارەی سەلەف

(السلف): زمانی ئەهلی عێراقە، ئەهلی حیجاز پێی دەڵێن: (السَّلَم) سەلەم، سەلەف و سەلەم هەر قەرزە: تۆ شتێك دەكڕیت و وەریدەگریت، بەڵام پارە نادەیت، كەچی سەلەف یان سەلەم پارەكە دەدەیت دواتر شتومەكەكە وەردەگریت، ئەمە دروستە بەم شێواز و مەرجانەی كە ئێستا لە فەرموودەكە باسی دەكات:

٥٩٣. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الْمَدِينَةَ وَهُمْ يُسْلِفُونَ فِي التَّمْرِ السَّنَةَ، وَالسَّنَتَيْنِ وَالثَّلَاثَةَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ أَسْلَفَ فِي تَمْرٍ فَلْيُسْلِفْ فِي كَيْلٍ مَعْلُومٍ، وَوَزْنٍ مَعْلُومٍ، إِلَى أَجَلٍ مَعْلُومٍ».

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ مەدینە، لەو ڕۆژگارەدا خەڵكی بۆ ساڵێك و دوو ساڵ و سێ ساڵ مامەڵەی سەلەمیان لە خورمادا دەكرد، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ (ڕێنمایی كردن و) فەرمووی: «هەر كەسێك لە خورمادا سەلەم دەكات با سەلەمەكە بە جۆرێك بێت پێوانە و كێشانە و كاتەكەی زانراو بێت (ئەندازەی شتەكە و كاتەكەی دیاری بكرێت)».

تێبینی:

(السلم): پارەدانە بە شتێك كە هێشتا شتەكە بەردەست نییە. قەرز: شتەكە دەكڕیت و پارەكە بە قەرز دەمێنێتەوە، واتە: پێچەوانەی یەكدین.

بَابٌ فِي مَنْعِ الْمَاءِ

باسێك دەربارەی قەدەغەكردنی ئاو لە خەڵكی

٥٩٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يُمْنَعُ فَضْلُ الْمَاءِ لِيُمْنَعَ بِهِ الْكَلَأُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «زیادەی ئاوی كانی و سەرچاوە و ڕووبار هەرگیز قەدەغە ناكرێت، (چونكە ئەگەر قەدەغە بكرێت) دەبێتە هۆی ئەوەی لەوەڕ و گژوگیا ڕێگریی لێ بكرێت (لە گەشەكردن و پێگەیشتن)».

٥٩٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، رَجُلٌ مَنَعَ ابْنَ السَّبِيلِ فَضْلَ مَاءٍ عِنْدَهُ، وَرَجُلٌ حَلَفَ عَلَى سِلْعَةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ -يَعْنِي كَاذِبًا-، وَرَجُلٌ بَايَعَ إِمَامًا فَإِنْ أَعْطَاهُ وَفَى لَهُ، وَإِنْ لَمْ يُعْطِهِ لَمْ يَفِ لَهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «سێ كۆمەڵ خەڵك هەن، خوا نایاندوێنێت لە ڕۆژی قیامەتدا: كەسێك ڕێبوارە پێویستیی بە ئاوە، كەسێكیش ئاوی زیادەی هەیە ڕێگریی لە ئاوەكە دەكات لێی، كەسێكیش لەدوای نوێژی عەسر شتومەكێكی هەیە دەیفرۆشێت بە سوێندخواردن، -(ڕاوی) دەڵێت: واتە: سوێندی درۆی خواردووە-، كەسێكیش بەیعەت دەداتە پێشەوایەك ئەو پێشەوایە تا ماڵی دونیای بداتێ ئەم وەفای دەبێت بەرانبەری، ئەگەر نەیداتێ وەفای نابێت بەرانبەری».

بَابٌ فِي ثَمَنِ الخَمْرِ وَالْمَيْتَةِ

باسێك دەربارەی پارەی عارەق (سەرخۆشكەر) و مردارەوەبوو

٥٩٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ الْخَمْرَ وَثَمَنَهَا، وَحَرَّمَ الْمَيْتَةَ، وَحَرَّمَ الخِنْزِيرَ وَثَمَنَهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بێگومان خوا عارەق و پارەكەیشی حەرام كردووە، مردارەوەبوو و پارەكەیشی حەرام كردووە (نابێت بفرۆشرێت)، گۆشتی بەراز و پارەكەیشی حەرام كردووە».

بَابٌ فِي الشُّفْعَةِ

باسێك دەربارەی هەڵگرتنەوەی بەشی هاوبەش (شەریك)

٥٩٧. عَنْ جَابِرٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الشُّفْعَةُ فِي كُلِّ شِرْكٍ رَبْعَةٍ، أَوْ حَائِطٍ لَا يَصْلُحُ أَنْ يَبِيعَ، حَتَّى يُؤْذِنَ شَرِيكَهُ، فَإِنْ بَا عَ فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ حَتَّى يُؤْذِنَهُ».

جابیر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەڵگرتنەوە (بە شوفعە) لە هەموو هاوبەشییەكی خانووبەرە و باخ و باخاتدا هەیە، (هیچ هاوبەشێك) بۆی نییە بیفرۆشێت هەتاكوو مۆڵەت لە هاوبەشەكەی وەردەگرێت، خۆ ئەگەر فرۆشتی (ویستی بیفرۆشێت و سوور بوو لەسەر فرۆشتنی)، ئەوە هاوبەشەكەی لەپێشترە لە هەموو كەس بۆ كڕینەوەی، هەتاكوو خۆی مۆڵەتی دەدات (كە بە كەسێكی دیكەی بفرۆشێت)».

تێبینی:

(الشُّفْعَة): واتە: هەڵگرتنەوە، بۆ نموونە: دوو كەس پێكەوە خاوەنی خانوویەكن،

یەکێکیان ویستی بیفرۆشێت، دەبێت پرس بە هاوبەشەکەی بکات، چونکە ئەو لە هەموو کەس لەپێشترە بۆ هەڵگرتنەوەی، خۆ ئەگەر بەبێ پرسی هاوبەشەکەی فرۆشتی، ئەوە هاوبەشەکەی بۆی هەیە بەبێ ڕەزامەندی کڕیار و فرۆشیار بۆخۆی هەڵیگرێتەوە و مامەڵەکەیان لێ تێک بدات.

٥٩٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا قُسِّمَتِ الْأَرْضُ وَحُدَّتْ، فَلَا شُفْعَةَ فِيهَا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر زەوی دابەش کرا و سنوور جیا کرایەوە، ئەوکاتە شوفعە نامێنێت (هەر کەسێك سەرپشکە بەشی خۆی بە کێ دەفرۆشێت و چۆن دەیفرۆشێت، زەرەر و زیان بەیەکدی ناگەیەنن و سنووریان جیایە و وەکوو دوو پارچە زەوی سەربەخۆ وایە)».

بَابٌ فِي الرَّهْنِ

باسێك دەربارەی بارمتە

٥٩٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَبَنُ الدَّرِّ يُحْلَبُ بِنَفَقَتِهِ إِذَا كَانَ مَرْهُونًا، وَالظَّهْرُ يُرْكَبُ بِنَفَقَتِهِ إِذَا كَانَ مَرْهُونًا، وَعَلَى الَّذِي يَرْكَبُ وَيَحْلِبُ النَّفَقَةُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئەگەر ئەو ئاژەڵەی کرا بە بارمتە دەدۆشرا (لەبەر ئەوەی ڕەهن نابێت دەستکاری بکرێت، دەبێت هەڵبگیرێت، چونکە ئەمانەتە، بەڵام ئەگەر ئاژەڵ بوو شیری هەبوو، ئەوە دەیدۆشێت لەبەر ئەوەی ئەگەر نەدۆشرێت ئەو ئاژەڵە گوانی تێك دەچێت)، ئەگەر شیردارە دەدۆشرێت و شیرەکەی دەخۆیتەوە، لەبەر ئەوەی خەرجی دەکێشێت، ئەگەر ئاژەڵی سواریش بوو دروستە بۆ سواری بەکاری بهێنێت، لەبەر ئەوەی

ئەویش خەرجی دەکێشێت، ئەگەر لە ڕەهنیشدا بوو (ئەم دووانە دروستە بەکاریان بهێنێت)، ئەوەیشی کە شیرەکەی دەخواتەوە یان سواری دەبێت، ئەوە پێویستە لەسەری نەفەقەی ئەو ئاژەڵانە بکات».

تێبینی:

(الرَّهْن): لە زماندا واتە: حەپسکردن، بەڵام لە شەرعدا: کەسێك شتێك دەکڕێت پارەی نییە، دەڕوات ماڵێك یان شتێکی لەلا دادەنێت، بۆ نموونە: شتێك دەکڕێت بایی دەفتەرێکە، سەیارەکەی بایی دەفتەر و نیوێکە، سەیارەکەی بە ڕەهن دادەنێت هەر کاتێك پارەکەم بۆت هێنا سەیارەکەم بدەرەوە، ئەمە ڕەهنە، وەك پێغەمبەرى خوا ﷺ کاتێك جۆی کڕی لە پیاوێکی جوولەکە پارەی پێ نەبوو، قەڵغانەکەی بە ڕەهن لەلای دانا، فەرمووی: «هەر کاتێك پارەکەم بۆت هێنا قەڵغانەکەم بدەرەوە»، ئەوە ڕەهنی پێ دەگوترێت.

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَأْكُلُ مِنْ مَالِ وَلَدِهِ

باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی لە ماڵی کوڕەکەی خۆی دەخوات

٦٠٠. عَنْ عُمَارَةَ بْنِ عُمَيْرٍ، عَنْ عَمَّتِهِ: أَنَّهَا سَأَلَتْ عَائِشَةَ رضي الله عنها فِي حِجْرِي يَتِيمٌ أَفَآكُلُ مِنْ مَالِهِ؟ فَقَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ مِنْ أَطْيَبِ مَا أَكَلَ الرَّجُلُ مِنْ كَسْبِهِ وَوَلَدُهُ مِنْ كَسْبِهِ».

عومارەی کوڕی عومەیر، لە پووریەوە دەگێڕێتەوە: پرسیاری لە عائیشە رضي الله عنها کردووە دەربارەی بێباوکێك لە باوەشمدایە من بەخێوی دەکەم (کە کوڕی خۆیەتی)، ئایا لە ماڵەکەی بخۆم؟ (عائیشە) گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بەدڵنیایی پاکترین شت کە مرۆڤ بیخوات شتێکە بە دەستی خۆی بەدەستی هێنابێت، منداڵی مرۆڤیش لە دەستکەوتی خۆیەتی».

٦٠١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: «وَلَدُ الرَّجُلِ مِنْ كَسْبِهِ مِنْ أَطْيَبِ كَسْبِهِ، فَكُلُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ».

عائیشە ﵂ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «منداڵ دەستکەوتی باوکە و لە پاکترین دەستکەوتیەتی، بۆیە لە ماڵی منداڵەکانتان بخۆن (خۆتان منداڵتان پێگەیاندووە، ماڵەکەیشی هیی ئێوەیە)».

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَأْخُذُ حَقَّهُ مَنْ تَحْتَ يَدِهِ

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی مافی خۆی وەردەگرێت لە سەرپەرشتیارەکەی

٦٠٢. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ هِنْدًا أُمَّ مُعَاوِيَةَ، جَاءَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، فَقَالَتْ: إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ، رَجُلٌ شَحِيحٌ وَإِنَّهُ لَا يُعْطِينِي مَا يَكْفِينِي وَبَنِيَّ، فَهَلْ عَلَيَّ جُنَاحٌ أَنْ آخُذَ مِنْ مَالِهِ شَيْئًا؟ قَالَ: «خُذِي مَا يَكْفِيكِ وَبَنِيكِ بِالْمَعْرُوفِ».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: هیندی دایکی موعاویە[1] هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ گوتی: ئەبو سوفیان پیاوێکی ڕەزیلە، ئەوەندەم ناداتێ بەشی خۆم و منداڵەکانم بکات، ئایا گوناهبار دەبم ئەگەر شتێك لە ماڵەکەی بەرم، (پێغەمبەری خوا ﷺ) فەرمووی: «ئەوەندەی بەشی خۆت و منداڵەکانت بکات بەگوێرەی عادەت لە ماڵەکەی ببە».

٦٠٣. عَنْ يُوسُفَ بْنِ مَاهَكَ الْمَكِّيِّ قَالَ: كُنْتُ أَكْتُبُ لِفُلَانٍ نَفَقَةَ أَيْتَامٍ كَانَ وَلِيَّهُمْ فَغَالَطُوهُ بِأَلْفِ دِرْهَمٍ، فَأَدَّاهَا إِلَيْهِمْ فَأَدْرَكْتُ لَهُمْ مِنْ مَالِهِمْ مِثْلَيْهَا، قَالَ: قُلْتُ: أَقْبِضُ الْأَلْفَ الَّذِي ذَهَبُوا بِهِ مِنْكَ؟ قَالَ: لَا، حَدَّثَنِي أَبِي، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ

(١) هیندی کچی عوتبە، خێزانی ئەبو سوفیان، کە لە فەتحی مەککەدا موسوڵمان بوو لەدوای موسوڵمانبوونی ئەبو سوفیانی مێردی.

يَقُولُ: «أَدِّ الْأَمَانَةَ إِلَى مَنِ ائْتَمَنَكَ، وَلَا تَخُنْ مَنْ خَانَكَ».

یوسوفی کوڕی ماهەکی مەککی دەڵێت: من خەرجی ژیانی هەتیوانم بۆ فڵان کەس دەنووسی کە سەرپەرشتیاریان بوو، ئەوانیش بەهەڵەیان برد و هەزار دەرهەمیان زیاد لێ وەرگرت، ئەویش پێی دان، منیش ماڵی ئەو هەتیوانەم کەوتە بەردەست کە دوو هێندە بوو (دوو هەزار دەرهەم)، گوتی: نا، باوکم بۆی گێڕامەوە کەوا گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «کەسێك کە تۆی بە ئەمیندار داناوە، سپاردەکەی بدەوە، وە خیانەت لە کەسێك مەکە کە خیانەتی لە تۆ کردوە».

بَابٌ فِي قَبُولِ الْهَدَايَا

باسێك دەربارەی وەرگرتنی دیاری

٦٠٤. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْبَلُ الْهَدِيَّةَ وَيُثِيبُ عَلَيْهَا.

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ دیاری لە خەڵك وەردەگرت و پاداشتیشی دەدایەوە.

بَابُ الرُّجُوعِ فِي الْهِبَةِ

باسی پەشیمانبوونەوە لە بەخشینی دیاری

٦٠٥. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْعَائِدُ فِي هِبَتِهِ كَالْعَائِدِ فِي قَيْئِهِ».

ئیبن عەبباس ﵄ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك لە بەخشینی دیارییەکەی پەشیمان ببێتەوە، وەکوو ئەو کەسە وایە ڕشانەوەی خۆی

بخواتەوە (واتە: هێندە کارێکی قێزەونە)».

بَابٌ فِي عَطِيَّةِ الْمَرْأَةِ بِغَيْرِ إِذْنِ زَوْجِهَا

باسێك دەربارەی دیاری بەخشینی ژن بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی

٦٠٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «لَا يَجُوزُ لِامْرَأَةٍ عَطِيَّةٌ، إِلَّا بِإِذْنِ زَوْجِهَا».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بۆ هیچ ئافرەتێك دروست نییە دیاری بدات، مەگەر مێردەکەی مۆڵەتی بدات».

تێبینی:

هەندێك لە زانایان دەڵێن: نابێت ئافرەت لە ماڵی خۆیشی ببەخشێت بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی، پێویستە مێردەکەی مۆڵەتی بدات، بەڵام هەیشە ڕێگا دەدات، واتە: جمهور بەڕەهایی دەڵێن: دروستە ئافرەت خێر بکات لە ماڵی خۆی، دەڵێن: ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئافرەتی فەرموو: «خێر بکەن»، کە مێردەکانیشیان لەوێ نەبوون، هەبوو ئەنگوستیلەکەی، هەبوو ملوانکەکەی، هەبوو بازنەکەی، هەبوو گوارەکەی دەردەکرد و دەیبەخشی بەبێ مۆڵەتی مێردەکانیان، کەواتە ئەگەر کێشە دروست نەبێت، دروستە ئافرەت بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی خێر بکات و دیاری بدات.

كِتَابُ الْأَقْضِيَةِ

پەرتووكی دادوەریكردن

بَابٌ فِي طَلَبِ الْقَضَاءِ

باسێك دەربارەی كەسێك داوا بكات ببێتە دادوەر

٦٠٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ جُعِلَ قَاضِيًا بَيْنَ النَّاسِ فَقَدْ ذُبِحَ بِغَيْرِ سِكِّينٍ».

ئەبو هورەیرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «هەر كەسێك لەلایەن فەرمانڕەواوە بە دادوەر دانرا لە نێوان خەڵكدا، ئەوە بەبێ چەقۆ سەری براوە (بۆ خۆپاراستن و ئاگاداربوونە)».

بَابٌ فِي الْقَاضِي يُخْطِئُ

باسێك دەربارەی ئەو دادوەرەی هەڵە دەكات

٦٠٨. عَنِ ابْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْقُضَاةُ ثَلَاثَةٌ: وَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ،

وَاثْنَانِ فِي النَّارِ، فَأَمَّا الَّذِي فِي الْجَنَّةِ فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ، وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَجَارَ فِي الْحُكْمِ، فَهُوَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ».

ئیبن بورەیدە لە باوکییەوە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «دادوەرەکان سێ جۆرن: یەکێکیان لە بەهەشتدایە، دووانیان لە ئاگردایە، ئەوەی کە دەچێتە بەهەشتەوە هەق دەزانێت و کاریشی پێ دەکات، کەسێکیش کە هەقەکە بزانێت (بڕیاری خوا و پێغەمبەر ﷺ لەو شتەدا چییە)، بەڵام کاری پێ نەکات و ستەم بکات، ئەوە لە ئاگری دۆزەخدایە، کەسێکیش بەنەزانین بڕیار لە نێوان خەڵکیدا بدات، ئەویش هەر لە ئاگردایە».

٦٠٩. عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ فَأَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ فَأَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ».

عەمری کوڕی عاص ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کاتێك دادوەر کۆششی کرد (بۆ بڕیاری دروست) و (بڕیارەکەی) پێکا، دوو پاداشتی هەیە، هەروەها ئەگەر کۆششی کرد، بەڵام بڕیارەکەی نەپێکا، ئەوە پاداشتێکی هەیە».

تێبینی:

ئەوە تایبەتە بە خەڵکانێکی تایبەت کە هەموو سیفەتەکانی کەسی موجتەهیدیان تێدایە، ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە کاڵفام و کەم زانست و کەمتەرخەمن، سیفەتەکانی موجتەهید و چۆنیەتی ئیجتیهاد لە زانستی (أصول الفقه) بەتێروتەسەلی باس کراوە.

بَابٌ فِي طَلَبِ الْقَضَاءِ وَالتَّسَرُّعِ إِلَيْهِ

باسێك دەربارەی داواکردنی بوون بە دادوەر و هەڵپەکردن بۆی

٦١٠. قَالَ أَبُو مُوسَى ﵁: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَنْ نَسْتَعْمِلَ، أَوْ لَا نَسْتَعْمِلُ عَلَى عَمَلِنَا

مَنْ أَرَادَهُ».

ئەبو مووسا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك داوای فەرمانڕەوایی و بڕیاردان بکات ئێمە پێی نادەین (نابێت خۆی داوا بکات، چەندەها کەس هەبووە داوایان کردووە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕەتی کردۆتەوە)».

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ الرَّشْوَةِ

باسێك دەربارەی حەرامییەتی بەرتیل

٦١١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ قَالَ: لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ الرَّاشِي وَالْمُرْتَشِي.

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی کردووە لەو کەسەی بەرتیل دەدات و لەوەیشی بەرتیل وەردەگرێت.

بَابٌ فِي هَدَايَا الْعُمَّالِ

باسێك دەربارەی وەرگرتنی دیاری لەلایەن فەرمانبەرانەوە

٦١٢. قَالَ عَدِيُّ بْنُ عُمَيْرَةَ الْكِنْدِيُّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ، مَنْ عُمِّلَ مِنْكُمْ لَنَا عَلَى عَمَلٍ فَكَتَمَنَا مِنْهُ مِخْيَطًا، فَمَا فَوْقَهُ فَهُوَ غُلٌّ يَأْتِي بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»، فَقَامَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ أَسْوَدُ كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْهِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، اقْبَلْ عَنِّي عَمَلَكَ، قَالَ: «وَمَا ذَاكَ؟»، قَالَ: سَمِعْتُكَ تَقُولُ: كَذَا وَكَذَا، قَالَ: وَأَنَا أَقُولُ: «ذَلِكَ مَنِ اسْتَعْمَلْنَاهُ عَلَى عَمَلٍ فَلْيَأْتِ بِقَلِيلِهِ، وَكَثِيرِهِ، فَمَا أُوتِيَ مِنْهُ أَخَذَهُ وَمَا نُهِيَ عَنْهُ انْتَهَى».

عەدی کوڕی عومەیرەی کیندی ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەی خەڵکینە هەر کەسێك کاری بۆ ئێمە کرد (کاری بۆ دەوڵەت کرد)، شتێکمان لێ بشارێتەوە ئەگەر بەئەندازەی دەرزیەکیش بێت تا سەرووتر، ئەوە دزییە یان خیانەتە، لە ڕۆژی قیامەت دەیهێنێت»، پیاوێکی ڕەش لەنێو ئەنصارییەکاندا وەك ئەوەی من شێوەی ئەوم لەبەر چاو بێت هەڵسا گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو کارەی بە منت سپاردووە لێم وەربگرەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چی وای لێ کردی وا بڵێیت؟ گوتی: گوێم لێ بوو تۆ وات فەرموو (ئەو فەرموودەیەی کە ئێستا فەرمووت)، فەرمووی: «ئێستاش هەر وا دەڵێم، هەر کەسێك کارێکمان پێی سپارد چی دەست کەوت با زۆر و کەمی بهێنێت، ئەوەی کە پێی دراوە (وەکوو مووچە) با وەریبگرێت، ئەوەیشی لێی قەدەغە کراوە با دەستی بۆ نەبات».

بَابٌ فِي قَضَاءِ الْقَاضِي إِذَا أَخْطَأَ

باسێك دەربارەی بەهەڵەداچوونی دادوەر لە کاتی بڕیارداندا

٦١٣. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﷺ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ، وَإِنَّكُمْ تَخْتَصِمُونَ إِلَيَّ وَلَعَلَّ بَعْضَكُمْ أَنْ يَكُونَ أَلْحَنَ بِحُجَّتِهِ مِنْ بَعْضٍ، فَأَقْضِيَ لَهُ عَلَى نَحْوِ مَا أَسْمَعُ مِنْهُ، فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ مِنْ حَقِّ أَخِيهِ بِشَيْءٍ، فَلَا يَأْخُذْ مِنْهُ شَيْئًا، فَإِنَّمَا أَقْطَعُ لَهُ قِطْعَةً مِنَ النَّارِ».

ئوم سەلەمە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «من مرۆڤێکم وەکوو ئێوە، ئێوەش کێشەی خۆتان دێنن بۆلای من، لەوانەیە لەنێو ئێوە کەسانێك هەبێت لە بەرانبەرەکەی زمانپاراوتر بێت بۆ خستنەڕووی بەڵگەکەی، منیش بەگوێرەی بیستنەکە بڕیار دەدەم، ئەگەر بڕیارم دا بۆ کەسێك و لە ماڵەکەی براکەیم بۆ دابڕی، ئەوە با هیچ شتێك وەرنەگرێت (کە خۆی دەزانێت هەقی ئەم نییە)، چونکە ئەوە

پارچەیەك لە ئاگرم بۆی بڕیوە».

بَابُ الْقَاضِي يَقْضِي وَهُوَ غَضْبَانُ

باسی دادوەریکردنی دادوەر لە کاتی توڕەییدا

٦١٤. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ: أَنَّهُ كَتَبَ إِلَى ابْنِهِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَقْضِي الْحَكَمُ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ».

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکرە، لە باوکییەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: نامەی بۆ کوڕەکەی نووسی گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «با دادوەر بڕیار لە نێوان دوو کەسدا نەدات لە کاتێکدا کە تووڕەیە، (چونکە دادوەری بە عاتیفە ناکرێت، بەڵکوو دەبێت بە بەڵگە و دەلیل بڕیار بدات و ئەقڵی لە جێی خۆی بێت)».

بَابٌ فِي الشَّهَادَاتِ

باسێك دەربارەی شایەتیدان

٦١٥. عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ الشُّهَدَاءِ الَّذِي يَأْتِي بِشَهَادَتِهِ، أَوْ يُخْبِرُ بِشَهَادَتِهِ، قَبْلَ أَنْ يُسْأَلَهَا».

زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئایا پێتان بڵێم باشترین شایەتییەکان کامانەن؟ کەسێك شایەتییەکەی دێنێت، یان هەواڵ بە شایەتییەکەی دەدات، پێش ئەوەی کە داوای لێ بکرێت، (بە مەرجێك شایەتییەکەی کێشەکە ئاڵۆزتر نەکات، ئەگەر زانی ئاڵۆزتری دەکات، لەخۆوە شایەتی نادات هەتاکوو پێی نەگوترێت)».

بَابُ شَهَادَةِ الْبَدَوِيِّ عَلَى أَهْلِ الْأَمْصَارِ

باسی شایەتی دەشتەکی و کۆچەری بەسەر کەسی نیشتەجێوە

٦١٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «لَا تَجُوزُ شَهَادَةُ بَدَوِيٍّ عَلَى صَاحِبِ قَرْيَةٍ».

واتە: ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: گوێی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «شایەتیدانی خێمەنشینەکان و دەوارنشینەکان قبووڵ نییە بەسەر کەسێك کە شارنشینە یان دێنشینە».

بَابُ الْقَضَاءِ بِالْيَمِينِ وَالشَّاهِدِ

باسی دادوەریکردن بە سوێندێك و یەك شایەت

٦١٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَضَى بِيَمِينٍ وَشَاهِدٍ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ بە سوێندێك و شایەتێك کێشەی چارەسەر کردووە (دادوەریی بڕاندۆتەوە).

بَابُ الْيَمِينِ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ

باسی ئەوەی کە سوێندخواردن لەسەر کەسی داوا لەسەر تۆمارکراوە

٦١٨. عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ قَالَ: كَتَبَ إِلَيَّ ابْنُ عَبَّاسٍ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَضَى بِالْيَمِينِ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ.

ئیبن ئەبو مولەیکە دەڵێت: ئیبن عەبباس ﵄ نامەی بۆ نووسیم کە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو جۆرە بڕیاری داوە کەوا (لە کاتی مەحکەمەدا) سوێندخواردن دەکەوێتە سەر داوا لەسەر تۆمارکراو (نەك داواکار).

بَابٌ إِذَا كَانَ الْمُدَّعَى عَلَيْهِ ذِمِّيًّا أَيَحْلِفُ؟

باسێك دەربارەی ئەوە کاتێك داوالێکراو خاوەن پەیمان بێت، ئایا سوێند دەدرێت؟

٦١٩. عَنِ الْأَشْعَثِ ﵁ قَالَ: كَانَ بَيْنِي وَبَيْنَ رَجُلٍ مِنَ الْيَهُودِ أَرْضٌ فَجَحَدَنِي فَقَدَّمْتُهُ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ لِي النَّبِيُّ ﷺ: «أَلَكَ بَيِّنَةٌ؟»، قُلْتُ: لَا، قَالَ لِلْيَهُودِيِّ: «احْلِفْ»، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِذًا يَحْلِفَ وَيَذْهَبَ بِمَالِي، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: {إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا} آل عمران: ٧٧، إِلَى آخِرِ الْآيَةِ.

ئەشعەس ﵁ دەڵێت: لە زەوییەك کێشە هەبوو لە نێوان من و پیاوێکی جوولەکە، نکووڵی کرد گوتی: هیی تۆ نییە، هێنام بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ، پێغەمبەر ﷺ پێمی فەرموو: «ئایا تۆ بەڵگەت هەیە (کە ئەم زەوییە هیی تۆیە)؟»، گوتم: نەخێر، بە جوولەکەکەی فەرموو: «سوێند بخۆ»، گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە جوولەکەیە سوێند دەخوات و ماڵەکەم دەبات (سوێندخواردن بۆ ئەو چییە)، خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند: {إِنَّ الَّذِينَ يَشْتَرُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَأَيْمَانِهِمْ ثَمَنًا قَلِيلًا}، واتە: ئەوانەی کە سوێند دەخۆن سزایان ئاوا بەم شێوازەیە، واتە: لە دونیادا پێی دەدرێت، بەڵام لە قیامەتدا خوای گەورە سزای سەختی بۆ داناون. تا کۆتایی ئایەتەکە.

كِتَابُ الْعِلْمِ

پەرتووكی زانست و زانیاری

بَابُ الْحَثِّ عَلَى طَلَبِ الْعِلْمِ

باسی هاندان بۆ فێربوون و گەڕان بەدوای زانستدا

٦٢٠. عَنْ كَثِيرِ بْنِ قَيْسٍ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا مَعَ أَبِي الدَّرْدَاءِ ﵁ فِي مَسْجِدِ دِمَشْقَ فَجَاءَهُ رَجُلٌ، فَقَالَ: يَا أَبَا الدَّرْدَاءِ: إِنِّي جِئْتُكَ مِنْ مَدِينَةِ الرَّسُولِ ﷺ لِحَدِيثٍ بَلَغَنِي، أَنَّكَ تُحَدِّثُهُ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ مَا جِئْتُ لِحَاجَةٍ، قَالَ فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَطْلُبُ فِيهِ عِلْمًا سَلَكَ اللَّهُ بِهِ طَرِيقًا مِنْ طُرُقِ الْجَنَّةِ، وَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ لَتَضَعُ أَجْنِحَتَهَا رِضًا لِطَالِبِ الْعِلْمِ، وَإِنَّ الْعَالِمَ لَيَسْتَغْفِرُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ، وَمَنْ فِي الْأَرْضِ، وَالْحِيتَانُ فِي جَوْفِ الْمَاءِ، وَإِنَّ فَضْلَ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ، كَفَضْلِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ عَلَى سَائِرِ الْكَوَاكِبِ، وَإِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ، وَإِنَّ الْأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَارًا، وَلَا دِرْهَمًا وَرَّثُوا الْعِلْمَ، فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ».

کەسیری کوڕی قەیس دەڵێت: دانیشتبووم لەگەڵ ئەبو دەرداء ﵁ لە مزگەوتی دیمەشق، پیاوێك هات گوتی: ئەی ئەبو دەرداء من لە شاری پێغەمبەری خواوە ﷺ

بۆ لای تۆ هاتوومە، لەبەر فەرموودەیەك کە پێم گەیشتووە تۆ لە پێغەمبەری خوای ﷺ دەگێڕیتەوە، بۆ غەیری ئەوە نەهاتوومە، ئەبو دەرداء گوتی: من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ فێربوونی زانست، خوا ڕێگایەك لە ڕێگاکانی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات و فریشتەش باڵەکانی شۆڕ دەکاتەوە و دادەنێت وەکوو ڕەزامەندییەك بۆ فێرخواز، ئەوەی کە زانا بێت هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی هەیە هەموویان داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن، تەنانەت ماسییەکان لەنێو دەریادا، گەورەیی مرۆڤی زانا بەسەر مرۆڤی خواپەرستەوە، وەکوو گەورەیی مانگی چواردە وایە بەسەر تێکڕای ئەستێرەکان (لە شەودا)، زانایان میراتگری پێغەمبەرانن (ئەو زانستەیان لە پێغەمبەرانەوە بۆ ماوەتەوە)، پێغەمبەرانیش دینار و دەرهەم لەدوای خۆیان جێ ناهێڵن، بەڵکوو زانستیان جێ هێشتووە، هەر کەسێك ئەو زانستەیان لێ وەربگرێت، ئەوە بەش و پشکێکی زۆری دەست کەوتووە».

٦٢١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا مِنْ رَجُلٍ يَسْلُكُ طَرِيقًا يَطْلُبُ فِيهِ عِلْمًا، إِلَّا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقَ الْجَنَّةِ، وَمَنْ أَبْطَأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ ئەوەی تیایدا فێری زانست و زانیاری بێت، مسۆگەر خوا ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات، هەر کەسێك کردەوەکانی خراپ بێت و دوای بخات، ئەوە ڕەچەڵەکی پێشی ناخات (بڵێت: من کوڕی فڵانم یان لە هۆزی فڵانم یان خزمی فڵانم، ئەمانە سوودی پێ ناگەیەنێت، بەڵکوو کردەوەی چاکی خۆت پێشت دەخات)».

بَابٌ فِي كِتَابِ الْعِلْمِ

باسێك دەربارەی نووسینەوەی زانست و زانیاری

٦٢٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﵄ قَالَ: كُنْتُ أَكْتُبُ كُلَّ شَيْءٍ أَسْمَعُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ أُرِيدُ حِفْظَهُ، فَنَهَتْنِي قُرَيْشٌ وَقَالُوا: أَتَكْتُبُ كُلَّ شَيْءٍ تَسْمَعُهُ وَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ بَشَرٌ يَتَكَلَّمُ فِي الْغَضَبِ، وَالرِّضَا، فَأَمْسَكْتُ عَنِ الْكِتَابِ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَأَوْمَأَ بِأُصْبُعِهِ إِلَى فِيهِ، فَقَالَ: «اكْتُبْ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا يَخْرُجُ مِنْهُ إِلَّا حَقٌّ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﵄ دەڵێت: هەموو شتێك كە لە پێغەمبەری خوام ﷺ دەبیست دەمنووسیەوە، مەبەستم ئەوەبوو لەبەری بكەم، قوڕەیش ڕێگرییان لێ كردم گوتیان: هەموو شتێك مەنووسە، گوتیان: ئایا تۆ هەموو شتێك لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ببیستی دەینووسی، لە كاتێكدا ئەو مرۆڤە قسە دەكات لە كاتی تووڕەبوون و ڕەزامەندیدا، منیش دەستم گرتەوە لە نووسین (وازم هێنا)، ئەم شتەم بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ باس كرد، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پەنجەی ئاماژەی بۆ دەمی موبارەكی كرد و فەرمووی: «بنووسە، سوێند بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە جگە لە هەق هیچ شتێكی دیكە لەم دەمە نایەتە دەرەوە (ئەگەر تووڕەش بم جگە لە هەق ناڵێم)».

٦٢٣. عن أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: لَمَّا فُتِحَتْ مَكَّةُ قَامَ النَّبِيُّ ﷺ، فَذَكَرَ الْخُطْبَةَ خُطْبَةَ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: فَقَامَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْيَمَنِ يُقَالُ لَهُ: أَبُو شَاهٍ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، اكْتُبُوا لِي، فَقَالَ: «اكْتُبُوا لِأَبِي شَاهٍ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: كاتێك فەتحی مەككە كرا، پێغەمبەر ﷺ هەڵسا، (ڕاوی دەڵێت) جا باسی وتارەكەی پێغەمبەر ﷺ دەكات، دەڵێت: پیاوێك هەڵسا خەڵكی یەمەن بوو ناوی ئەبو شاهـ بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆم بنووسنەوە

(وتارەکەتم بۆ بنووسن)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بۆ ئەبو شاهی بنووسن».

بَابٌ فِي التَّشْدِيدِ فِي الْكَذِبِ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ

باسێك دەربارەی هەڕەشەی توووند بۆ درۆهەڵبەستن بە زاری پێغەمبەری خواوە ﷺ

٦٢٤. عَنْ عَامِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ، عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنهما قَالَ: قُلْتُ لِلزُّبَيْرِ: مَا يَمْنَعُكَ أَنْ تُحَدِّثَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ كَمَا يُحَدِّثُ عَنْهُ أَصْحَابُهُ، فَقَالَ: أَمَا وَاللَّهِ لَقَدْ كَانَ لِي مِنْهُ وَجْهٌ وَمَنْزِلَةٌ، وَلَكِنِّي سَمِعْتُهُ يَقُولُ: «مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ».

عامری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر، لە باوکییەوە رضي الله عنهما (واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە) دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: بە زوبەیرم گوت: چ ڕێگرە لە تۆ فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بگێڕیتەوە، وەکوو چۆن هاوەڵانی فەرموودە دەگێڕنەوە؟ گوتی: سوێند بە خوا من لە پێغەمبەری خوا ﷺ نزیك بووم، بەڵام گوێم لێ بووە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «هەر کەسێك بەئەنقەست درۆ بە دەم منەوە بکات، با شوێنێك لە ئاگر بۆ خۆی دیاری بکات».

بَابُ فَضْلِ نَشْرِ الْعِلْمِ

باسی پێگە و گەورەیی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری

٦٢٥. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «تَسْمَعُونَ وَيُسْمَعُ مِنْكُمْ وَيُسْمَعُ مِمَّنْ سَمِعَ مِنْكُمْ».

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئێوە فەرموودە لە

منەوە ببیستن و بیگەیەنن بە کەسانێك کە لە ئێوەی ببیستن و ئەوانیش بیگەیەنن (واتە: فەرمانکردنە نەك خەبەر)».

٦٢٦. عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ ﷺ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: «نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثًا، فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ، فَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ، وَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ لَيْسَ بِفَقِيهٍ».

زەیدی کوڕی سابیت ﷺ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «خوا ڕووی جوان بکات، (یان ئەوەندە ناز و نیعمەتی پێ بدات کە لە ڕوویدا دیار بن، یان ڕووی بدرەوشێتەوە، یان ڕەوشت و ئاکاری جوان بێت)، هەر کەسێك کە فەرموودەیەك لە ئێمە ببیستێت لەبەری بکات تا بیگەیەنێت، لەوانەیە زۆرێك لەوانەی کە فیقهیان هەڵگرتووە دەیگەیەنن بە کەسێك کە لە خۆیان زاناترە (لەوانەیە تۆ فەرموودەیەکت پێیە وەکوو پێویست سوودی لێ نەبینیت، بە کەسێکی دیکەی دەدەیت، ئەو زیاتر سوودی لێ دەبینێت و لێی تێدەگات)، لەوانەیە کەسێك هەڵگری فیقهـ بێت، بەڵام خۆی فەقیهـ نەبێت (زۆر سوودی لێ نەبینێت)».

٦٢٧. عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «وَاللَّهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِهُدَاكَ رَجُلاً وَاحِدًا خَيْرٌ لَكَ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ».

سەهلی کوڕی سەعد ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «سوێند بە خوا، ئەگەر خوا هیدایەتی یەك کەس بدات لەسەر دەستی تۆ، بۆت باشترە لە ڕانە وشتری سوور (کە بەنرخترین ماڵی عەرەب بووە لە کاتی خۆیدا)».

بَابُ الْحَدِيثِ عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ

باسی گێڕانەوەی زانیاری لە بەنو ئیسرائیل

٦٢٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «حَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلَا حَرَجَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «قسە لە بەنو ئیسرائیل بگێڕنەوە و ئاساییە».

بَابٌ فِي طَلَبِ الْعِلْمِ لِغَيْرِ اللَّهِ تَعَالَى

باسێك دەربارەی کەسێك فێری زانستی شەرعی ببێت بۆ غەیری خوای بەرز

٦٢٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمًا مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللَّهِ ﷻ لَا يَتَعَلَّمُهُ إِلَّا لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضًا مِنَ الدُّنْيَا، لَمْ يَجِدْ عَرْفَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ». يَعْنِي: رِيحَهَا.

واتە: ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك زانستێك فێر ببێت کە زانستەکە ئەوە بێت کە لەبەر خوا بخوێندرێت (مەبەستت ڕەزامەندی خوا بێت)، بەڵام ئەم بۆیە بیخوێنێت شتێك لە دونیای دەست بکەوێت، ئەوە بۆنی بەهەشت ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا».

كِتَابُ الْأَشْرِبَةِ

پەرتووکی خواردنەوەکان

بَابٌ فِي تَحْرِيمِ الْخَمْرِ

باسێك دەربارەی حەرامكردنی عارەق (سەرخۆشكەرەكان)

٦٣٠. عَنْ أَنَسٍ ﵁ قَالَ: كُنْتُ سَاقِيَ الْقَوْمِ حَيْثُ حُرِّمَتِ الْخَمْرُ فِي مَنْزِلِ أَبِي طَلْحَةَ، وَمَا شَرَابُنَا يَوْمَئِذٍ إِلَّا الْفَضِيخُ، فَدَخَلَ عَلَيْنَا رَجُلٌ، فَقَالَ: إِنَّ الْخَمْرَ قَدْ حُرِّمَتْ، وَنَادَى مُنَادِي رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَقُلْنَا: هَذَا مُنَادِي رَسُولِ اللَّهِ ﷺ.

ئەنەس ﵁ دەڵێت: من مەییم دەگێڕا بەسەر خەڵكیدا لە ماڵی ئەبو تەلحە، خواردنەوەی ئێمە لەو ڕۆژەدا تەنها فەزیخ بوو (فەزیخ عارەقێكە لە خورما دروست دەكرا كە تازە پێ دەگات و ورد دەكرێت)، پیاوێك هاتە نێومان گوتی: بەدڵنیاییی عارەق حەرام كرا، بانگكەری پێغەمبەری خواش ﷺ بانگی دەكرد (عارەق حەرام كرا)، گوتمان: ئەمە بانگدەری پێغەمبەری خوایە ﷺ.

بَابُ الْعِنَبِ يُعْصَرُ لِلْخَمْرِ

باسی ترێ کە بگوشرێت بۆ ئەوەی عارەقی لێ دروست بکرێت

٦٣١. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَعَنَ اللَّهُ الْخَمْرَ، وَشَارِبَهَا، وَسَاقِيَهَا، وَبَائِعَهَا، وَمُبْتَاعَهَا، وَعَاصِرَهَا، وَمُعْتَصِرَهَا، وَحَامِلَهَا، وَالْمَحْمُولَةَ إِلَيْهِ».

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوا نەفرەتی کردووە لە عارەق و لەوەی کە عارەق دەخواتەوە و ئەوەی کە دەیگێڕێت و ئەوەی دەیفرۆشێت و ئەوەی کە دەیکڕێت و ئەوەی کە دەیگوشێت (بۆ خۆی یان بۆ غەیری خۆی)، ئەوەی کە داوا دەکات بۆی بگوشرێت، ئەوەی کە باری دەکات و هەڵیدەگرێت، ئەو کەسەش کە بۆی دەبردرێت (نەفرەت لە هەموویان کراوە)».

بَابُ الْخَمْرِ مِمَّا هُوَ

باسی عارەق (مەی) لە چی دروست دەکرێت؟

٦٣٢. عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ مِنَ الْعِنَبِ خَمْرًا، وَإِنَّ مِنَ التَّمْرِ خَمْرًا، وَإِنَّ مِنَ الْعَسَلِ خَمْرًا، وَإِنَّ مِنَ الْبُرِّ خَمْرًا، وَإِنَّ مِنَ الشَّعِيرِ خَمْرًا».

نوعمانی کوڕی بەشیر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەیە لە ترێ مەی دروست دەکات، هەیە لە خورما مەی دروست دەکات، هەیە لە هەنگوین مەی دروست دەکات، هەیە لە گەنم مەی دروست دەکات، هەیە لە جۆ مەی دروست دەکات».

بَابُ النَّهْيِ عَنِ الْمُسْكِرِ

باسی قەدەغەکردن لە شتە سەرخۆشکەرەکان

٦٣٣. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «كُلُّ مُسْكِرٍ خَمْرٌ، وَكُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ، وَمَنْ مَاتَ وَهُوَ يَشْرَبُ الْخَمْرَ يُدْمِنُهَا لَمْ يَشْرَبْهَا فِي الْآخِرَةِ».

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەموو شتێك کە مرۆڤ سەرخۆش بکات عارەقە، هەموو سەرخۆشکەرێکیش حەرامە، وە هەر کەسێکیش بمرێت و عارەقی خواردبێتەوە و ئالوودەی بووبێت (تەوبەی لێ نەکردبێت)، ئەوە بچێتە بەهەشتیشەوە لە بەهەشتدا نایخواتەوە».

تێبینی:

لەبەر ئەوەی لە بەهەشتدا خواردنەوەی ئەهلی بەهەشت مەیە، بەڵام وەکوو ئەو مەیە نییە کە مرۆڤ سەرخۆش بکات و تووشی سەرئێشەی بکات، بەڵکوو یەکێکە لە خۆشترین خواردنەوەی بەهەشتییەکان، پێشەوا نەوەوی دەڵێت: مانای وایە ئەگەر ئەو کەسە بچێتە بەهەشتیش لەبیری دەچێت ئارەزووی خواردنەوەی مەی بکات، داوای مەی ناکات لەبەر ئەوەی لە بەهەشت مرۆڤ ئارەزووی هەر شتێك بکات پێی دەدرێت، ئەم لەبیری دەچێتەوە ئارەزووی بکات، یاخود گوتراوە: ئارەزووی ناکات، ئەگەر لەبیریشی بێت بیشیبینێت ئارەزووی ناکات، بۆئەوەی بێبەش بێت لەو خواردنەوە خۆشە، چونکە لە دونیادا خواردوویەتەوە، یاخود دەگوترێت: بچێتە بەهەشتیش پێی نادرێت.

٦٣٤. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا أَسْكَرَ كَثِيرُهُ، فَقَلِيلُهُ حَرَامٌ».

جابری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەوەی زۆرەکەی خەڵك سەرخۆش بکات، کەمەکەیشی حەرامە».

٦٣٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ: أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ: نَهَى عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَالْكُوبَةِ وَالْغُبَيْرَاءِ، وَقَالَ: «كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە لە عارەق (لە مەی خواردنەوە) و لە قومارکردن، لە کوبە (دەڵێن: مەبەست پێی تەپڵە، هەیشە دەڵێت: مەبەست پێی تاوڵەیە) و لە غوبەیرا (گوتراوە: جۆرێکە لە خواردنەوە حەبەشییەکان لە گەنمەشامی دروستیان دەکرد، ئەمانە هەمووی حەرامە)، وە فەرمووی: «هەر شتێك کە مرۆڤ سەرخۆش بکات حەرامە».

بَابٌ فِي الشُّرْبِ فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ

باسێك دەربارەی خواردنەوە لە قاپی زێڕ و زیودا

٦٣٦. عَنِ ابْنِ أَبِي لَيْلَى قَالَ: كَانَ حُذَيْفَةُ ﷺ بِالْمَدَائِنِ فَاسْتَسْقَى، فَأَتَاهُ دِهْقَانٌ بِإِنَاءٍ مِنْ فِضَّةٍ، فَرَمَاهُ بِهِ، وَقَالَ: إِنِّي لَمْ أَرْمِهِ بِهِ إِلَّا أَنِّي قَدْ نَهَيْتُهُ فَلَمْ يَنْتَهِ، وَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنِ الْحَرِيرِ، وَالدِّيبَاجِ، وَعَنِ الشُّرْبِ فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ، وَقَالَ: «هِيَ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الْآخِرَةِ».

ئیبن ئەبو لەیلا دەڵێت: حوزەیفە ﷺ لە مەدائین بوو (شوێنێکە لە عێراقدا، شارێکی گەورەیە لە نێوان دیجلە و بەغدایە، شوێنی پادشای فارس بووە لە کاتی خۆیدا) داوای ئاوی کرد، کەسێك لە قاپێکی زیودا ئاوی بۆ هێنا، حوزەیفە تێی گرت، گوتی: من تێم نەگرت تەنها لەبەر ئەوە نەبێت کە چەندەها جارە پێی دەڵێم: لە قاپی زیودا ئاو بۆ من مەهێنە ئەو هەر دەیهێنێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی

لێ کردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە لە ئاوریشم، لە دیباج و ڕێگریی کردووە لە خواردنەوە لە قاپی زێڕ و زیودا، فەرمووی: «ئەمە بۆ کافرانە لە دونیا، بەڵام لە بەهەشتدا ئێوە لەو قاپانەدا خواردن و خواردنەوە دەخۆن».

تێبینی:

دەگوترێت: دیباج ئاوریشمێکی ناسکە، ئیستبەریق ئاوریشمێکی ئەستوورە، یان دیباج ئەو ئاوریشمانەیە بۆ جلی ژێرەوە بەکار دێت، لەبەر ئەوەی ناسك و تەنکە، وە ئیستەبریق ئەستوورە بۆ جلی سەرەوە بەکار دێت، هەردووکی هەر ئاوریشمە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە لە ئاوریشم بۆ پیاو، بەڵام بۆ ئافرەت حەڵاڵە.

بَابٌ فِي السَّاقِي مَتَى يَشْرَبُ

باسێك دەربارەی ئاوگێڕ کەی خۆی ئاو دەخواتەوە

٦٣٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي أَوْفَى رضي الله عنه: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «سَاقِي الْقَوْمِ آخِرُهُمْ شُرْبًا».

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئەوفا رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەو کەسەی کە خواردنەوە بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکات، خۆی دەبێت لەدوای هەموویان بیخواتەوە».

بَابٌ فِي النَّفْخِ فِي الشَّرَابِ وَالتَّنَفُّسِ فِيهِ

باسێك دەربارەی فووکردنە خواردنەوە و هەناسەدان تێیدا

٦٣٨. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ يُتَنَفَّسَ فِي الْإِنَاءِ، أَوْ يُنْفَخَ فِيهِ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە هەناسە بدەیتە نێو قاپی خواردنەوە (ئەو قاپەی کە شتی تێدایە)، یان فووی لێ بکەیت.

٦٣٩. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُسْرٍ ﵁ مَنْ بَنِي سُلَيْمٍ قَالَ: جَاءَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِلَى أَبِي فَنَزَلَ عَلَيْهِ فَقَدَّمَ إِلَيْهِ طَعَامًا فَذَكَرَ حَيْسًا أَتَاهُ بِهِ، ثُمَّ أَتَاهُ بِشَرَابٍ فَشَرِبَ فَنَاوَلَ مَنْ عَلَى يَمِينِهِ، وَأَكَلَ تَمْرًا فَجَعَلَ يُلْقِي النَّوَى عَلَى ظَهْرِ أُصْبُعَيْهِ السَّبَّابَةُ وَالْوُسْطَى، فَلَمَّا قَامَ قَامَ أَبِي فَأَخَذَ بِلِجَامِ دَابَّتِهِ فَقَالَ: ادْعُ اللَّهَ لِي، فَقَالَ: «اللَّهُمَّ بَارِكْ لَهُمْ فِيمَا رَزَقْتَهُمْ، وَاغْفِرْ لَهُمْ وَارْحَمْهُمْ».

عەبدوڵڵای کوڕی بوسر ﵁ لە بەنو سولەیم دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆلای باوکم، لەلای لایدا بووە میوانی، باوکم خواردنی پێشکەش بە پێغەمبەری خوا ﷺ کرد، حەیسی داوە پێی (حەیس: خورما و کەشك و ڕۆن و ئاردە تێکەڵ دەکرێت)، پاشان خواردنەوەی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هێنا، پێغەمبەری خوا ﷺ لێی خواردەوە، ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ دایە ئەو کەسەی لەلای ڕاستی بوو، خورماشی خوارد، کە خورماکەی دەخوارد نێوکەکەی دەکردە سەر هەردوو پەنجەی ناوەڕاست و پەنجەی شایەتومانی[١]، کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵسا و ویستی بڕوات، باوکم هەڵسا لغاوی وڵاخەکەی گرت، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ دوعام بۆ بکە، فەرمووی: «خوایە هەر ڕۆزییەکەت پێ داون بەرەکەتی تێ بخەیت بۆیان و لێیان خۆش بیت و بەزەییان لەگەڵ بنوێنیت».

(١) ناوکەکەی نەدەکردەوە ناو خورماکە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ خورماکەدا، ئەویش ئەدەبێکی جوانە لە کاتی خواردندا ئەگەر کەسێك شتێکی خوارد نێوکی هەبوو نەیکاتەوە نێو ئەو قاپەی کە شتەکەی تێدایە، بۆ نموونە: خورما دەخۆیت، یان ترێ دەخۆیت، یان هەر میوەیەکە کە نێوکی هەیە، یان بیخەیتە سەر سینییەکە یان قاپێکی دیکە، ئەگەر نەبوو دەیخەیتە نێو دەستەکەی دیکەت یان دەیخەیتە سەر دەستت بە جیا.

بَابٌ فِي إِيكَاءِ الْآنِيَةِ

باسێك دەربارەی سەرپۆشكردنی دەفر و قاپ و كوندە

٦٤٠. **عَنْ جَابِرٍ** رضي الله عنه **عَنِ النَّبِيِّ** ﷺ **قَالَ:** «أَغْلِقْ بَابَكَ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ لَا يَفْتَحُ بَابًا مُغْلَقًا، وَأَطْفِ مِصْبَاحَكَ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، وَخَمِّرْ إِنَاءَكَ وَلَوْ بِعُودٍ تَعْرِضُهُ عَلَيْهِ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ، وَأَوْكِ سِقَاءَكَ وَاذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ».

جابیر رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «دەرگاكەت دابخە و (بسم الله) بكە، لەبەر ئەوەی شەیتان ناتوانێت دەرگایەكی داخراو بكاتەوە، چرا و لامپا و ئاگرەكان بكوژێنەوە و (بسم الله) بكەن، قاپەكەت داپۆشە ئەگەر هەر هیچت دەست نەكەوت چیلكەیەك بخەرە سەری و (بسم الله) بكە، دەمی كوندەكەت بە پەتێك ببەستە و (بسم الله) بكە».

كِتَابُ الْأَطْعِمَةِ

پەرتووکی خواردنەکان

بَابُ مَا جَاءَ فِي إِجَابَةِ الدَّعْوَةِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی وەڵامدانەوەی دەعوەت

٦٤١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْوَلِيمَةِ فَلْيَأْتِهَا».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە بانگ کرا بۆ دەعوەتی ژن گواستنەوە، ئەوە با بڕوات».

٦٤٢. عَنْ جَابِرٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ دُعِيَ فَلْيُجِبْ، فَإِنْ شَاءَ طَعِمَ، وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ».

جابیر ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك دەعوەت کرا، با وەڵام بداتەوە و بڕوات، لەوێ ویستی لێ بوو خواردن بخوات و ویستی لێ بوو نەخوات (بە ئارەزووی خۆیەتی بەڵام ئامادە بێت)».

بَابٌ فِي اسْتِحْبَابِ الْوَلِيمَةِ عِنْدَ النِّكَاحِ

باسێك دەربارەی پەسندییەتی داوەتکردن لە کاتی ژنهێناندا

٦٤٣. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ فَقَالَ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَوْلَمَ عَلَى أَحَدٍ مِنْ نِسَائِهِ مَا أَوْلَمَ عَلَيْهَا أَوْلَمَ بِشَاةٍ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەڵێت: نەمبینی پێغەمبەری خوا ﷺ وەلیمە بکات بۆ هیچ کام لە خێزانەکانی وەك ئەو وەلیمەیەی کە بۆ زەینەبی کرد، بۆ ئەم مەڕ یان بزنێکی سەر بڕیوە.

بَابٌ إِذَا حَضَرَتِ الصَّلَاةُ وَالْعَشَاءُ

باسێك دەربارەی ئامادەبوونی خواردن لە کاتی نوێژدا

٦٤٤. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «إِذَا وُضِعَ عَشَاءُ أَحَدِكُمْ، وَأُقِيمَتِ الصَّلَاةُ فَلَا يَقُومُ حَتَّى يَفْرُغَ». زَادَ مُسَدَّدٌ: وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ إِذَا وُضِعَ عَشَاؤُهُ، أَوْ حَضَرَ عَشَاؤُهُ، لَمْ يَقُمْ حَتَّى يَفْرُغَ، وَإِنْ سَمِعَ الْإِقَامَةَ، وَإِنْ سَمِعَ قِرَاءَةَ الْإِمَامِ.

ئیبن عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر خواردنی ئێوارەی یەکێك لە ئێوە دانرا و بانگ درا، با نەچێت بۆ نوێژەکەی تا لە خواردنەکە تەواو دەبێت». موسەددەد ئەوەشی زیاد کردووە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ئەگەر خواردنی ئێوارەی بۆ دابنرایە، هەڵنەدەستا تا تەواو نەبووایە، ئەگەر گوێی لە قامەتیش بووایە و گوێی لە خوێندنی قورئانی ئیمامەکەش بووایە.

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ ذَمِّ الطَّعَامِ

باسێك دەربارەی ناپەسندی بەخراپە باسكردنی خواردن

٦٤٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: مَا عَابَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ طَعَامًا قَطُّ إِنِ اشْتَهَاهُ أَكَلَهُ، وَإِنْ كَرِهَهُ تَرَكَهُ.

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز ڕەخنەی لە هیچ خواردنێك نەگرتووە، ئەگەر ئارەزووی بكردایە دەیخوارد، ئەگەر حەزیشی پێ نەبووایە وازی لێ دەهێنا و نەیدەخوارد.

بَابُ التَّسْمِيَةِ عَلَى الطَّعَامِ

باسی (بسم الله) كردن لەسەر خواردن

٦٤٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى، فَإِنْ نَسِيَ أَنْ يَذْكُرَ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى فِي أَوَّلِهِ فَلْيَقُلْ بِسْمِ اللَّهِ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ».

عائیشە ﵂، دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر یەكێك لە ئێوە نانی خوارد با (بسم الله) بكات، ئەگەر لەبیری كرد لە سەرەتادا (بسم الله) بكات، با بڵێت: بە ناوی خوا لە سەرەتا و لە كۆتاییی».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْأَكْلِ مِنْ أَعْلَى الصَّحْفَةِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خواردن لە سەرووی قاپەکەوە

٦٤٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ طَعَامًا فَلَا يَأْكُلْ مِنْ أَعْلَى الصَّحْفَةِ، وَلَكِنْ لِيَأْكُلْ مِنْ أَسْفَلِهَا، فَإِنَّ الْبَرَكَةَ تَنْزِلُ مِنْ أَعْلَاهَا».

ئیبن عەبباس ﵄ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە خواردنێکی خوارد با لە بەرزی قاپەکەوە نەیخوات، بەڵکوو لە ژێرەوە (لە لاوە) بیخوات (لەبەردەم و پێش خۆیەوە)، لەبەر ئەوەی بەرەکەت دادەبەزێتە سەر بەرزیی خواردنەکە».

بَابُ الْأَكْلِ بِالْيَمِينِ

باسی خواردن بە دەستی ڕاست

٦٤٨. عَنْ عُمَرَ بْنِ أَبِي سَلَمَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «ادْنُ بُنَيَّ فَسَمِّ اللَّهَ وَكُلْ بِيَمِينِكَ، وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ».

عومەری کوڕی ئەبو سەلەمە ﵁ (منداڵێك بووە) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «کوڕی خۆم نزیك ببەوە و (بسم الله) بکە، هەروەها بە دەستی ڕاستت بخۆ، لەپێش خۆشتەوە بخۆ».

بَابُ النَّهْيِ عَنْ أَكْلِ الْجَلَّالَةِ وَأَلْبَانِهَا

باسی ڕێگریکردن لە خواردنی گۆشت و شیری ئەو پەلەوەرانەی پیسخۆرن

٦٤٩. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنْ أَكْلِ الْجَلَّالَةِ وَأَلْبَانِهَا.

ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە لە خواردنی گۆشتی ئەو پەلەوەر و ئاژەڵانەی کە پیسخۆرن، شیرەکەیشیان نابێت بخورێتەوە.

تێبینی:

(الْجَلَّالَة): واتە: ئاژەڵی پیسخۆر.

بَابُ النَّهْيِ عَنْ أَكْلِ السِّبَاعِ

باسی ڕێگریکردن لە خواردنی گۆشتی دڕندە

٦٥٠. عَنْ أَبِي ثَعْلَبَةَ الْخُشَنِيِّ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: نَهَى عَنْ أَكْلِ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السَّبُعِ.

ئەبو سەعلەبەی خوشەنی رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە لە خواردنی هەموو دڕندەیەك کە کەڵبەی هەبێت[1].

٦٥١. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنْ أَكْلِ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السَّبُعِ، وَعَنْ كُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ.

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی کردووە لە خواردنی هەموو

(١) وەك: شێرو پڵنگ و چەقەڵ و گورگ.

خاوەن کەڵبەیەك لە دڕندەکاندا (ئەوەی دڕندە بێت و کەڵبەی هەبێت خواردنی حەرامە، تەنها کەمتیار جیا کراوەتەوە و حەڵاڵە)، وە هەر شتێك کە چڕنووکی هەبێت لە باڵندەدا (وەکوو: هەڵۆ، باز، نەسر).

بَابٌ فِي الْجَمْعِ بَيْنَ لَوْنَيْنِ فِي الْأَكْلِ

باسێك دەربارەی دوو جۆر خواردن کۆبکەیتەوە لە کاتی خواردندا

٦٥٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَعْفَرٍ رضي الله عنهما: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ: كَانَ يَأْكُلُ الْقِثَّاءَ بِالرُّطَبِ.

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ خەیار یان ترۆزی بە خورماوە دەخوارد (بەیەکەوە خواردوویەتی).

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا طَعِمَ

باسی ئەو (زیکر)ەی کە موسوڵمان دوای نان خواردن دەیڵێت

٦٥٣. عَنْ أَبِي أُمَامَةَ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا رُفِعَتِ الْمَائِدَةُ قَالَ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ غَيْرَ مَكْفِيٍّ، وَلَا مُوَدَّعٍ، وَلَا مُسْتَغْنًى عَنْهُ رَبَّنَا».

واتە: ئەبو ئومامە رضي الله عنه دەڵێت: کاتێك سفرە و خوان هەڵدەگیرایەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «سوپاس و ستاییش تەنها شایەنی خوایە، سوپاس و ستاییشێکی زۆری پاکی بێگەردی بەرەکەتدار، خوای گەورەمان بەسە و وەلا نەنراوین، پەروەردگارمان زاتێکە کە هیچ شتێك لێی بێنیاز نییە».

بَابٌ فِي غَسْلِ الْيَدِ مِنَ الطَّعَامِ

باسێك دەربارەی دەستشوشتن لەدوای نانخواردن

٦٥٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ نَامَ وَفِي يَدِهِ غَمَرٌ، وَلَمْ يَغْسِلْهُ فَأَصَابَهُ شَيْءٌ، فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك شەوان بخەوێت و دەستی چەوری خواردنەکەی پێوە بێت، نەیشوات و دواتر تووشی شتێك بوو، ئەوە با لۆمەی کەس نەکات جگە لە خۆی».

كِتَابُ الطِّبِّ

پەرتووکی پزیشکی

بَابٌ فِي النُّشْرَةِ

باسێك دەربارەی نوشرە (کە جۆرە نوشتەیەکە)

٦٥٥. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵄ قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنِ النُّشْرَةِ فَقَالَ: «هُوَ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ».

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﵄ دەڵێت: دەربارەی نوشرە پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا، ئەویش فەرمووی: «ئەوە (کردەوەیەکە) لە کردەوەی شەیتانە».

تێبینی:

(النُّشْرَة): جۆرە نوشتەیەك بووە کە بە حیساب چارەسەری شێت و نەخۆش و ئەو کەسانەیان پێ کردووە کە پێیان وا بووە جن دەستی لێ وەشاندووە، گوتراویشە: بەشێکە لە جادوو (سیحر).

بَابٌ فِي الْأَدْوِيَةِ الْمَكْرُوهَةِ

باسێك دەربارەی (بەکارهێنانی) دەرمانی ناپەسند و خراپ

٦٥٦. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عُثْمَانَ ﵁: أَنَّ طَبِيبًا سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ عَنْ ضِفْدَعٍ يَجْعَلُهَا فِي دَوَاءٍ، فَنَهَاهُ النَّبِيُّ ﷺ عَنْ قَتْلِهَا.

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عوسمان ﵁ دەگێڕێتەوە: پزیشکێك دەربارەی بۆق کە بکرێتە نێو دەرمانەوە پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد، پێغەمبەریش ﷺ ڕێگریی لێ کرد کە بۆق بکوژێت.

٦٥٧. عَنْ سُوَيْدِ بْنِ طَارِقٍ ﵁: سَأَلَ النَّبِيَّ ﷺ عَنِ الْخَمْرِ، فَنَهَاهُ، ثُمَّ سَأَلَهُ فَنَهَاهُ، فَقَالَ لَهُ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، إِنَّهَا دَوَاءٌ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَا، وَلَكِنَّهَا دَاءٌ».

سوەیدی کوڕی تاریق ﵁ دەگێڕێتەوە: پرسیاری کرد لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی مەی، ئەویش قەدەغەی کرد، پاشان پرسیاری لێی کرد، ئەوجاریش قەدەغەی کرد، پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمە چارەسەرە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «نەخێر هەرگیز چارەسەر نییە، بەڵکوو نەخۆشییە».

بَابٌ فِي تَمْرَةِ الْعَجْوَةِ

باسێك دەربارەی خورمای عەجوە

٦٥٨. عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ تَصَبَّحَ سَبْعَ تَمَرَاتٍ عَجْوَةٍ لَمْ يَضُرَّهُ ذَلِكَ الْيَوْمَ سَمٌّ وَلَا سِحْرٌ».

عامیری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص، لە باوکییەوە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ

دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك بەیانی بکاتەوە بە حەوت دەنك خورمای عەجوە (واتە: بەیانییان حەوت دەنك خورمای عەجوە بخوات)، ئەوە ئەو ڕۆژە نە ژەهر نە جادوو زەرەر و زیانی پێ ناگەیەنێت».

بَابٌ فِي الْأَمْرِ بِالْكَحْلِ

باسێك دەربارەی فەرمانکردن بە چاوڕشتن

٦٥٩. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الْبَسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ الْبَيَاضَ فَإِنَّهَا مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُمْ، وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ، وَإِنَّ خَيْرَ أَكْحَالِكُمُ الْإِثْمِدُ: يَجْلُو الْبَصَرَ، وَيُنْبِتُ الشَّعْرَ».

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە بەرگ و پۆشاکدا پۆشاکی سپی لەبەر بکەن، لەبەر ئەوەی باشترین پۆشاکتان سپییە، مردووەکانیشتان هەر بە خامی سپی کفن بکەن، باشترین ئەو شتەشی کە چاوی پێ دەڕێژن کلە، کە چاو ڕووناك و بەهێز دەکات، هەروەها برژانگی چاویش دەڕوێنێتەوە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْعَيْنِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی چاوپیسی

٦٦٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «الْعَيْنُ حَقٌّ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «چاو هەقە (کاریگەری چاو شتێکی ڕاستییە و نکووڵی لێ ناکرێت)».

٦٦١. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ يُؤْمَرُ الْعَائِنُ فَيَتَوَضَّأُ ثُمَّ يَغْتَسِلُ مِنْهُ الْمَعِينُ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دەکرد ئەگەر گومانت لە کەسێکە زەرەری لێ داویت بە چاوی، پێی دەڵێیت: دەستنوێژ بشوات لە قاپێکدا، پاشان (ئاوی دەستنوێژەکە دێنێت)، ئەو کەسەی کە تووش بووە ئاوەکە بە خۆیدا دەکات.

بَابٌ فِي تَعْلِيقِ التَّمَائِمِ

باسێك دەربارەی هەڵواسینی نوشتە

٦٦٢. عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا رُقْيَةَ إِلَّا مِنْ عَيْنٍ، أَوْ حُمَةٍ».

عیمرانی کوڕی حوصەین ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «نوشتەکردن ڕێگەپێدراو نییە، تەنها بۆ چاوەزار و چارەسەری ژەهری جڕوجانەوەری ژەهردار نەبێت».

بَابُ كَيْفَ الرُّقَى

باسی چۆنیەتی نوشتە

٦٦٣. عَنْ عَبْدِ الْعَزِيزِ بْنِ صُهَيْبٍ قَالَ: قَالَ أَنَسٌ يَعْنِي لِثَابِتٍ: أَلَا أَرْقِيكَ بِرُقْيَةِ رَسُولِ اللَّهِ؟ قَالَ: بَلَى، قَالَ: فَقَالَ: «اللَّهُمَّ رَبَّ النَّاسِ مُذْهِبَ الْبَأْسِ، اشْفِ أَنْتَ الشَّافِي، لَا شَافِيَ إِلَّا أَنْتَ، اشْفِهِ شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا».

عەبدولعەزیزی کوڕی صوهەیب دەڵێت: ئەنەس ﵁ بە سابیت دەڵێت: ئایا ڕوقیەت بۆ نەکەم بەو ڕوقیەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردی؟ گوتی: بەڵێ، بۆم بکە، دەڵێت:

فەرمووی: «ئەی پەروەردگاری هەموو خەڵكی، ئەی ئەو خوایەی كە نەخۆشی لادەبەیت، شیفای ئەم نەخۆشە بدە، هەر تۆ شیفادەری، هیچ شیفادەرێك نییە جگە لە تۆ، شیفایەكی تەواوی بدە كە هیچ نەخۆشییەك نەهێڵێت».

٦٦٤. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ يَقُولُ لِلْإِنْسَانِ إِذَا اشْتَكَى يَقُولُ: بِرِيقِهِ ثُمَّ قَالَ بِهِ فِي التُّرَابِ: «تُرْبَةُ أَرْضِنَا، بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، يُشْفَى سَقِيمُنَا، بِإِذْنِ رَبِّنَا».

عائیشە ﵂ دەڵێت: كەسێك نەخۆش بووایە پێغەمبەر ﷺ بە تفەكەی ئاوای دەكرد و دەیكردە نێو خۆڵەوە (واتە: هەندێك تفی دەكردە سەر پەنجەی دەیكردە نێو خۆڵەكەوە)، چەندێك خۆڵی هەڵگرتایە پاشان دەیخستە سەر شوێنی ئەو برینە، دەیفەرموو: «خۆڵی زەوییەكەمان، بە تفی هەندێكمان، شیفای نەخۆشەكەمان بدە، بە مۆڵەتی پەروەردگارمان».

٦٦٥. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا اشْتَكَى يَقْرَأُ فِي نَفْسِهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ وَيَنْفُثُ، فَلَمَّا اشْتَدَّ وَجَعُهُ كُنْتُ أَقْرَأُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُ عَلَيْهِ بِيَدِهِ رَجَاءَ بَرَكَتِهَا.

عائیشەی ﵂ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ نەخۆش بووایە و ئێش و ئازاری هەبووایە سوورەتی (ناس و فەلەق) ی دەخوێند بەسەر خۆیدا و فووی پێدا دەكرد، بەڵام لە سەرەمەرگدا ئازارەكەی زۆر زۆر بوو (نەیدەتوانی بەسەر خۆیدا بیخوێنێت)، من سوورەتی (ناس و فەلەق)م بەسەردا دەخوێند، بەڵام دەستی خۆیم بەسەر خۆیدا دەهێنا بە ئومێدی بەرەكەت (لەبەر ئەوەی دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ موبارەكە).

بَابٌ فِي الطِّيَرَةِ

باسێك دەربارەی شوومی (ڕەشبینی)

٦٦٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ ﵁ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «الطِّيَرَةُ شِرْكٌ، الطِّيَرَةُ شِرْكٌ» ثَلَاثًا، وَمَا مِنَّا إِلَّا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُذْهِبُهُ بِالتَّوَكُّلِ.

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﵁ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە سێ جار فەرموویەتی: «تیەڕە شیرکە، تیەڕە شیرکە»، (ئیبن مەسعوود خۆی دەڵێت:) هەموو کەسێك لە ئێمە شتی ئاوا لە دڵیدایە، بەڵام چەندێك پشتت بە خوای گەورە بەستبێت، خوا ئەم شتە ناهێڵێت.

تێبینی:

(الطِّيَرَة): ئەو شتەیە کە مرۆڤ بەهۆیەوە خۆی تووشی ڕەشبینی یان گەشبینی دەکات، ئەوەی بێزراوە لە شەرعدا ئەوەیە کە تووشی ڕەشبینیت بکات.

كِتَابُ الْحُرُوفِ وَالْقِرَاءَاتِ

پەرتووكی پیتەكانی قورئان و شێوازی خوێندنەوەكانی

٦٦٧. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ يَقُولُ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْبَخَلِ وَالْهَرَمِ».

ئەنەسی كوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە ڕەزیلی و پیری و پەككەوتەیی».

٦٦٨. عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ يَزِيدَ ﷺ: أَنَّهَا سَمِعَتِ النَّبِيَّ ﷺ يَقْرَأُ: «(إِنَّهُ عَمِلَ غَيْرَ صَالِحٍ)».

ئەسمائی كچی یەزید ﷺ دەگێڕێتەوە: گوێی لە پێغەمبەر ﷺ بوو بەم شێوازە ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە «(إِنَّهُ عَمِلَ غَيْرَ صَالِحٍ)». (واتە: -عمِل- بە فیعلێك كە عەین فیعلەكەی مەكسورە، چونكە لە موصحەفدا ئاوا هاتووە (عَمَلٌ) بە ئیسم).

٦٦٩. عَنْ شَهْرِ بْنِ حَوْشَبٍ قَالَ: سَأَلْتُ أُمَّ سَلَمَةَ ﷺ: كَيْفَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَقْرَأُ هَذِهِ الْآيَةَ: {إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ} هود: ٤٦؟ فَقَالَتْ: قَرَأَهَا: «(إِنَّهُ عَمِلَ غَيْرَ صَالِحٍ)».

شەهری کوڕی حەوشەب دەڵێت: پرسیارم لە ئوم سەلەمە ﵂ کرد ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ئایەتەی چۆن دەخوێندەوە: {إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيْرُ صَٰلِحٍ}؟ گوتی: ئاوای دەخوێندەوە: «(إِنَّهُ عَمِلَ غَيْرَ صَالِحٍ)».

٦٧٠. عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا دَعَا بَدَأَ بِنَفْسِهِ وَقَالَ: «رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى مُوسَى لَوْ صَبَرَ لَرَأَى مِنْ صَاحِبِهِ الْعَجَبَ».

ئوبەی کوڕی کەعب ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نزای خێری بکردایە لە خۆیەوە دەستی پێ دەکرد (یەکەمجار دوعا و نزای بۆ خۆی دەکرد، ئینجا بۆ جگە لە خۆی)، دەیفەرموو: «ڕەحمەتی خوا لە ئێمە و لە مووسا بێت، ئەگەر ئارامی بگرتایە ئەوە لە (خدری) هاوڕێیەوە شتی زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەری دەبینی (سێ شتی لێ بینی زۆر سەیر بوو، بەڵام ئارامی نەگرت و لێی جیا بۆوە)».

٦٧١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ يَقْرَؤُهَا: {فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ} القمر: ١٥، يَعْنِي مُثَقَّلًا، قَالَ أَبُو دَاوُدَ: مَضْمُومَةُ الْمِيمِ مَفْتُوحَةُ الدَّالِ مَكْسُورَةُ الْكَافِ.

عەبدوڵڵا ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتەی ئاوا دەخوێندەوە: {فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ}، واتە: دالەکە شەددەی لەسەر بێت، ئەبو داود دەڵێت: بە زەممەی میمەکە و دالەکەش فەتحەی لەسەر بێت و کافەکەش کەسرەی لەژێر بێت (وە موصحەفەکەش هەر بەو شێوازەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ بەم شێوازە خوێندوویەتەوە، مانای ئایەتەکەش: ئایا کەس هەیە پەند و ئامۆژگاری لەم ئایەتانە وەربگرێت؟).

٦٧٢. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ ذَكَرَتْ أَوْ كَلِمَةً غَيْرَهَا قِرَاءَةَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ: {بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ. الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ. الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ. مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ}، يُقَطِّعُ قِرَاءَتَهُ آيَةً آيَةً. قَالَ أَبُو دَاوُدَ: سَمِعْتُ أَحْمَدَ يَقُولُ الْقِرَاءَةُ الْقَدِيمَةُ: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ).

ئوم سەلەمە ﵂ گێڕاویەتەوە خوێندنەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاوا بووە: {بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ}، کەمێك ڕاوەستاوە، {الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ}، کەمێك وەستاوە، {الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ}، وەستاوە، {مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ}، بە فەتحەی میمەکە، (پێغەمبەر ﷺ) ئایەت ئایەت قورئانی خوێندووە و لەسەریان دەوەستا. ئەبو داود دەڵێت: گوێم لە ئەحمەد بوو دەیگوت: خوێندنەوەی کۆنی بەم شێوەیە بوو: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ)، (واتە: میمەکە مەددێکی دوو حەڕەکەیی هەبووە و بە ئەلیف نووسراوە، نەك فەتحە).

٦٧٣. عَنْ ابْنِ الْأَسْقَعِ ﵁ يَقُولُ: إِنَّ النَّبِيَّ ﷺ جَاءَهُمْ فِي صُفَّةِ الْمُهَاجِرِينَ فَسَأَلَهُ إِنْسَانٌ: أَيُّ آيَةٍ فِي الْقُرْآنِ أَعْظَمُ؟ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «{اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ} البقرة: ٢٥٥».

ئیبن ئەسقەع ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ چووە لای ئەهلی صوففە (موهاجیرە هەژارەکان لە مزگەوتدا)، کەسێك پرسیاری لێ کرد: ئەی پێغەمبەری خوا، گەورەترین ئایەت لە قورئاندا کامەیە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «{اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ}».

٦٧٤. عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ ﵁: أَنَّهُ قَرَأَ: {هَيْتَ لَكَ} يوسف: ٢٣، فَقَالَ: شَقِيقٌ: إِنَّا نَقْرَؤُهَا (هِئْتُ لَكَ) يَعْنِي فَقَالَ: ابْنُ مَسْعُودٍ: أَقْرَؤُهَا كَمَا عُلِّمْتُ أَحَبُّ إِلَيَّ.

ئیبن مەسعود ﵁ ئەم ئایەتەی بە: {هَيْتَ لَكَ}، خوێندۆتەوە، شەقیق گوتی: ئێمە بە (هِئْتُ لَكَ)، دەیخوێنینەوە، ئیبن مەسعود گوتی: بەم شێوازەی پێغەمبەری خوا ﷺ فێری کردووم ئاوا پێمخۆشترە بیخوێنمەوە.

٦٧٥. عَنْ شَقِيقٍ قَالَ: قِيلَ لِعَبْدِ اللَّهِ ﵁: إِنَّ أُنَاسًا يَقْرَءُونَ هَذِهِ الْآيَةَ: {وَقَالَتْ هِيتَ لَكَ} يوسف: ٢٣، فَقَالَ: إِنِّي أَقْرَأُ كَمَا عُلِّمْتُ أَحَبُّ إِلَيَّ: {وَقَالَتْ هَيْتَ

لَكَ} یوسف: ٢٣.

شەقیق دەڵێت: بە عەبدوڵڵا (ی کوڕی مەسعوود) ﵁ گوترا: کەسانێك ئەم ئایەتە: {وَقَالَتْ هِيْتَ لَكَ}، ئاوا دەیخوێننەوە، گوتی: من وا پێمخۆشە چۆن فێر کراوم لەلایەن پێغەمبەری خواوە ﷺ ئاوا بیخوێنمەوە، من دەڵێم: {وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ}، (لە موصحەفەکەش ئاوایە).

كِتَابُ الْحَمَّامِ

پەرتووكی باسی گەرماو

٦٧٦. عَنْ أَبِي الْمَلِيحِ قَالَ: دَخَلَ نِسْوَةٌ مِنْ أَهْلِ الشَّامِ عَلَى عَائِشَةَ ﵂، فَقَالَتْ: مِمَّنْ أَنْتُنَّ؟ قُلْنَ: مِنْ أَهْلِ الشَّامِ، قَالَتْ: لَعَلَّكُنَّ مِنَ الْكُورَةِ الَّتِي تَدْخُلُ نِسَاؤُهَا الْحَمَّامَاتِ، قُلْنَ: نَعَمْ، قَالَتْ: أَمَا إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَا مِنَ امْرَأَةٍ تَخْلَعُ ثِيَابَهَا فِي غَيْرِ بَيْتِهَا، إِلَّا هَتَكَتْ مَا بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ تَعَالَى».

ئەبو مەلیح دەڵێت: کۆمەڵە ژنێکی خەڵکی شام چوونە لای عائیشە ﵂، ئەویش گوتی: ئێوە لەکوێوە هاتوون؟ گوتیان: خەڵکی شامین (لەوێوە هاتووین)، عائیشە گوتی: لەوانەیە ئێوە خەڵکی ئەو ناوچەیە بن کە ژنەکانیان دەچنە گەرماوەکان (گەرماوە گشتییەکان)، گوتیان: بەڵێ، گوتی: بەڵام من خۆم گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «هیچ ئافرەتێك نییە کە جلەکانی لە خۆی دانێت و لە ماڵی خۆی نەبێت، ئەوا بێگومان ئەو سنوورەی نێوان خۆی و خوای شکاندووە».

بَابُ النَّهْيِ عَنِ التَّعَرِّي

باسی ڕێگریکردن لە خۆڕووتکردنەوە

٦٧٧. عَنْ يَعْلَى ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ رَأَى رَجُلاً يَغْتَسِلُ بِالْبَرَازِ بِلَا إِزَارٍ، فَصَعَدَ الْمِنْبَرَ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ ﷺ: «إِنَّ اللَّهَ ﷻ حَيِيٌّ سِتِّيرٌ، يُحِبُّ الْحَيَاءَ وَالسَّتْرَ، فَإِذَا اغْتَسَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَتِرْ».

یەعلا ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ پیاوێکی بینی لە دەشتێکی فراواندا خۆی دەشوشت بەبێ ئەوەی کە شتێکی لەپێدا بێت (شەرواڵ)، دواتر پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر مینبەر حەمد و سەنا و ستاییشی خوای کرد، پاشان فەرمووی: «خوا ﷻ زۆر بەشەرمە، وە زۆر داپۆشەری کەموکوڕی خەڵکییە (ئابڕووی خەڵك نابات)، شەرمی خۆش دەوێت و داپۆشینیشی خۆش دەوێت، ئەگەر یەکێك لە ئێوە خۆی شوشت، با پەردەیەك هەبێت و لەبەر چاوی خەڵك خۆی نەشوات».

٦٧٨. عَنْ زُرْعَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ جَرْهَدٍ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: كَانَ جَرْهَدٌ هَذَا مِنْ أَصْحَابِ الصُّفَّةِ قَالَ: جَلَسَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عِنْدَنَا وَفَخِذِي مُنْكَشِفَةٌ فَقَالَ: «أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الْفَخِذَ عَوْرَةٌ».

زورعەی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی کوڕی جەرهەد، لە باوکییەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: جەرهەد (کە باوکی عەبدوڕڕەحمانە، وە باپیری زورعەیە) یەکێك بووە لەوانەی کە ئەهلی صوففە بوونە و لە موهاجیرە هەژارەکان بوونە، لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ ماونەتەوە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەلامان دانیشت، ڕانم دەرکەوتبوو، فەرمووی: «ئایا نازانی ڕان عەوڕەتە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي التَّعَرِّي

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خۆڕووتکردنەوە

٦٧٩. عَنِ الْمِسْوَرِ بْنِ مَخْرَمَةَ قَالَ: حَمَلْتُ حَجَرًا ثَقِيلاً، فَبَيْنَا أَمْشِي فَسَقَطَ عَنِّي ثَوْبِي، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «خُذْ عَلَيْكَ ثَوْبَكَ وَلَا تَمْشُوا عُرَاةً».

میسوەری کوڕی مەخرەمە دەڵێت: بەردێکی قورسم هەڵگرت، کاتێك کە دەڕۆیشتم پۆشاکەکەم بەربووەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو: «پۆشاکەکەت هەڵبگرە و لەبەری بکەوە، بەڕووتی مەڕۆن بە ڕێگادا».

٦٨٠. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا يَنْظُرُ الرَّجُلُ إِلَى عُرْيَةِ الرَّجُلِ، وَلَا الْمَرْأَةُ إِلَى عُرْيَةِ الْمَرْأَةِ، وَلَا يُفْضِي الرَّجُلُ إِلَى الرَّجُلِ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ، وَلَا تُفْضِي الْمَرْأَةُ إِلَى الْمَرْأَةِ فِي ثَوْبٍ».

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «با پیاو تەماشای عەوڕەتی پیاو نەکات، وە با ئافرەتیش تەماشای عەوڕەتی ئافرەت نەکات، با پیاو لەگەڵ پیاودا بەڕووتی لەژێر یەك پۆشاکدا نەبن، با ئافرەتیش لەگەڵ ئافرەتدا بەڕووتی لەژێر یەك پۆشاکدا نەبن».

كِتَابُ اللِّبَاسِ

پەرتووكی بەرگ و پۆشاك

بَابُ مَا يَقُولُ إِذَا لَبِسَ ثَوْبًا جَدِيدًا

باسی ئەوەی دەگوترێت لە کاتی پۆشینی پۆشاکی نوێ

٦٨١. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا اسْتَجَدَّ ثَوْبًا سَمَّاهُ بِاسْمِهِ إِمَّا قَمِيصًا، أَوْ عِمَامَةً ثُمَّ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ كَسَوْتَنِيهِ أَسْأَلُكَ مِنْ خَيْرِهِ وَخَيْرِ مَا صُنِعَ لَهُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهِ، وَشَرِّ مَا صُنِعَ لَهُ».

ئەبو سەعیدی خودری ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پۆشاکێکی تازەی لەبەر بکردایە بەناوی خۆیەوە ناوی دەهێنا، جا کراس بووایە یان مێزەر بووایە ناوی دەهێنا، پاشان دەیفەرموو: «سوپاس و ستاییش بۆ تۆ خوایە ئەم پۆشاکە تۆ پێت بەخشیم و تۆ پۆشتەت کردم، خوایە داوای خێر و چاکەی ئەم پۆشاکەت لێ دەکەم (ناوی دەهێنا)، ئەو خێر و چاکەیەش کە بۆی دروست کراوە، پەناشت پێ دەگرم لە شەڕ و خراپەی ئەو پۆشاکە، ئەو شەڕ و خراپەیەش کە بۆی دروست کراوە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْقَمِيصِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی كراس

٦٨٢. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ أَحَبُّ الثِّيَابِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ الْقَمِيصَ.

ئوم سەلەمە ﵂ دەڵێت: خۆشەویستترین پۆشاك لای پێغەمبەری خوا ﷺ كراس بوو.

بَابٌ فِي لُبْسِ الشُّهْرَةِ

باسێك دەربارەی لەبەركردنی پۆشاكی ناوبانگدەركردن

٦٨٣. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ».

ئیبن عومەر ﵄ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر كەسێك خۆی بچوێنێت بە هەر قەومێك، ئەوە لەوان ئەژمار دەكرێت».

بَابُ لِبَاسِ الْغَلِيظِ

باسی لەبەركردنی پۆشاكی ئەستوور

٦٨٤. عَنْ أَبِي بُرْدَةَ ﵁ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ ﵂، فَأَخْرَجَتْ إِلَيْنَا إِزَارًا غَلِيظًا مِمَّا يُصْنَعُ بِالْيَمَنِ وَكِسَاءً مِنَ الَّتِي يُسَمُّونَهَا الْمُلَبَّدَةَ فَأَقْسَمَتْ بِاللَّهِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قُبِضَ فِي هَذَيْنِ الثَّوْبَيْنِ.

ئەبو بوردە ﵁ دەڵێت: چووم بۆ لای عائیشە ﵂، پۆشاكێكی ئەستووری دەرهێنا

لەوانەی لە یەمەن دروست کرابوو، پۆشاکێکیش بوو کە مولەبەدەیان پێ دەگوت (واتە: پینەکراو)، سوێندی خوارد بە خوا، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەم دوو پۆشاکەدا گیانی سپارد و کۆچی دوایی کرد.

بَابٌ فِي لُبْسِ الْحَرِيرِ لِعُذْرٍ

باسێك دەربارەی لەبەرکردنی پۆشاکی ئاوریشم بەهۆی نەخۆشییەوە

٦٨٥. عَنْ أَنَسٍ ﷺ قَالَ: رَخَّصَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ، وَلِلزُّبَيْرِ بْنِ الْعَوَّامِ فِي قُمُصِ الْحَرِيرِ فِي السَّفَرِ مِنْ حِكَّةٍ كَانَتْ بِهِمَا.

ئەنەس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی دا بە عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیری کوڕی عەووام کە کراسی ئاوریشم بپۆشن لە سەفەردا، بەهۆی ئەوەی لاشەیان دەخورا (خرورویەك لە لاشەیاندا پەیدا بوو، ئاوریشمیش نەرمە، ئەم خرووە ناهێڵێت، پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر ئەم حاڵەتە ڕێگای پێ دان بیپۆشن).

بَابٌ فِي الْحَرِيرِ لِلنِّسَاءِ

باسێك دەربارەی ئاوریشم بۆ ئافرەتان (حەڵاڵە)

٦٨٦. عَن عَلِيّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ ﷺ يَقُولُ: إِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ أَخَذَ حَرِيرًا فَجَعَلَهُ فِي يَمِينِهِ، وَأَخَذَ ذَهَبًا فَجَعَلَهُ فِي شِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ: «إِنَّ هَذَيْنِ حَرَامٌ عَلَى ذُكُورِ أُمَّتِي».

عەلی کوڕی ئەبو تالیب ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پارچەیەك ئاوریشمی بە دەستی ڕاستی گرت و ئاڵتوونێکیشی بە دەستی چەپی گرت، پاشان فەرمووی: «ئەم دووانە حەرامن بۆ پیاوانی ئوممەتەکەم».

بَابٌ فِي الْبَيَاضِ

باسێك دەربارەی پۆشاكی سپی

٦٨٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ «الْبَسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ الْبَيَاضَ، فَإِنَّهَا مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُمْ، وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ، وَإِنَّ خَيْرَ أَكْحَالِكُمُ الْإِثْمِدُ: يَجْلُو الْبَصَرَ، وَيُنْبِتُ الشَّعْرَ».

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لەنێو ڕەنگەكاندا پۆشاكی سپی لەبەر بكەن، لەبەر ئەوەی باشترین پۆشاكە و پاكە، مردووەكانیشتان بە پۆشاكی سپی كفن بكەن، باشترین ئەوەی كە چاوی پێ برێژن كلە (ئیسمید: كلێكە لە وڵاتی حیجاز، لە ئەصفەهان باشترین جۆری هەیە)، چاو بەهێز دەكات و ڕووناكی چاو بەهێز دەكات، برژانگیش دەڕوێنێتەوە».

٦٨٨. عَنْ أَبِي الْأَحْوَصِ، عَنْ أَبِيهِ رضي الله عنه قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ فِي ثَوْبٍ دُونٍ، فَقَالَ: «أَلَكَ مَالٌ؟»، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: «مِنْ أَيِّ الْمَالِ؟»، قَالَ: قَدْ آتَانِي اللَّهُ مِنَ الإِبِلِ، وَالْغَنَمِ، وَالْخَيْلِ، وَالرَّقِيقِ، قَالَ: «فَإِذَا آتَاكَ اللَّهُ مَالاً فَلْيُرَ أَثَرُ نِعْمَةِ اللَّهِ عَلَيْكَ، وَكَرَامَتِهِ».

ئەبولئەحوەص، لە باوكییەوە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: هاتمە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بە پۆشاكێكی هەرزان و كەمبایەخەوە (لەو كاتەدا دەوڵەمەند بووم)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ماڵ و سامانت هەیە؟»، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: «چیت هەیە؟»، گوتی: خوا وشتر و مەڕ و بزن و مایین و ئەسپ و كۆیلە و خزمەتكاریشی پێ داوم، فەرمووی: «ئەگەر خوا ماڵێكی پێ بەخشیت، ئەوە با شوێنەواری نیعمەت و ڕێزەكەی بە سەرتەوە ببینرێت».

بَابٌ فِي الْخُضْرَةِ

باسێك دەربارەی ڕەنگی سەوز

٦٨٩. عَنْ أَبِي رِمْثَةَ ﵁ قَالَ: انْطَلَقْتُ مَعَ أَبِي نَحْوَ النَّبِيِّ ﷺ: فَرَأَيْتُ عَلَيْهِ بُرْدَيْنِ أَخْضَرَيْنِ.

ئەبو ریمسە ﵁ دەڵێت: لەگەڵ باوكمدا چووین بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ، بینیم (پێغەمبەر ﷺ) دوو پارچە پۆشاكی سەوزی پۆشیبوون.

بَابٌ فِي الْعَمَائِمِ

باسێك دەربارەی مێزەرەكان

٦٩٠. عَنْ جَابِرٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ دَخَلَ عَامَ الْفَتْحِ مَكَّةَ وَعَلَيْهِ عِمَامَةٌ سَوْدَاءُ.

جابیر ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺساڵی فەتحی مەككە، هاتە نێو مەككەوە مێزەرێكی ڕەشی لەسەردا بوو.

٦٩١. عَنْ جَعْفَرِ بْنِ عَمْرِو بْنِ حُرَيْثٍ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ عَلَى الْمِنْبَرِ، وَعَلَيْهِ عِمَامَةٌ سَوْدَاءُ قَدْ أَرْخَى طَرَفَهَا بَيْنَ كَتِفَيْهِ.

جەعفەری كوڕی عەمری كوڕی حوڕەیس، لە باوكییەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەرم ﷺ بینی لەسەر مینبەر، مێزەرێكی ڕەشی بەسەرەوە بوو، لایەكەشی شۆڕ كردبووە خوارەوە بە نێوانی هەردوو شانیدا.

بَابُ مَا جَاءَ فِي إِسْبَالِ الْإِزَارِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی درێژکردنەوەی پۆشاک

٦٩٢. عَنْ ابْنِ عُمَرَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ جَرَّ ثَوْبَهُ خُيَلَاءَ لَمْ يَنْظُرِ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ»، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ ﷺ: إِنَّ أَحَدَ جَانِبَيْ إِزَارِي يَسْتَرْخِي، إِنِّي لَأَتَعَاهَدُ ذَلِكَ مِنْهُ، قَالَ: «لَسْتَ مِمَّنْ يَفْعَلُهُ خُيَلَاءَ».

ئیبن عومەر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك بۆ لووتبەرزی شەرواڵەکەی شۆڕ بکاتەوە، لە ڕۆژی قیامەت خوا تەماشای ناکات»، ئەبو بەکر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا لایەکی شەرواڵەکەم شۆڕ دەبێتەوە (لەبەر ئەوەی ئەبو بەکر پیاوێکی لاواز بووە)، منیش چاودێری دەکەم و هەڵیدەکێشم، فەرمووی: «تۆ لەو کەسانە نیت کە بۆ لووتبەرزیت بێت».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْكِبْرِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی لووتبەرزی

٦٩٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ مِنْ كِبْرٍ، وَلَا يَدْخُلُ النَّارَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ خَرْدَلَةٍ مِنْ إِيمَانٍ».

عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك تۆزقاڵێك لووتبەرزی لە دڵیدا هەبێت ناچێتە بەهەشتەوە، (هەتا سزای خۆی وەردەگرێت)، هەر کەسێکیش تۆزقاڵێك بڕوا و ئیمان لە دڵیدا هەبێت ناچێتە دۆزەخەوە».

٦٩٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَجُلاً أَتَى النَّبِيَّ ﷺ: وَكَانَ رَجُلاً جَمِيلاً، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي رَجُلٌ حُبِّبَ إِلَيَّ الْجَمَالُ، وَأُعْطِيتُ مِنْهُ مَا تَرَى، حَتَّى مَا أُحِبُّ أَنْ يَفُوقَنِي أَحَدٌ، إِمَّا قَالَ: بِشِرَاكِ نَعْلِي، وَإِمَّا قَالَ: بِشِسْعِ نَعْلِي، أَفَمِنَ الْكِبْرِ ذَلِكَ؟ قَالَ: «لَا، وَلَكِنَّ الْكِبْرَ مَنْ بَطِرَ الْحَقَّ، وَغَمَطَ النَّاسَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، پیاوێکی زۆر جوان بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا من پیاوێکم زۆر حەزم بە جوانی دێت، جەنابیشت دەبینی کە جوانیم پێ بەخشراوە، (بە جۆرێك پێمخۆشە و حەز بە جوانی دەکەم کە) حەز ناکەم هیچ کەسێك لە سەرووی منەوە بێت، گوتی: تەنانەت نامەوێت پەتی نەعلەکانیشی لە هیی من جوانتر بێت، جا ئایا ئەوە خۆبەزلزانینە؟ فەرمووی: «نەخێر، بەڵام خۆبەزلزانین ئەوەیە هەق وەرنەگریت و خەڵکیش بەکەم و سووك سەیر بکەیت».

بَابٌ فِي لِبَاسِ النِّسَاءِ

باسێك دەربارەی پۆشاکی ئافرەتان

٦٩٥. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّهُ لَعَنَ الْمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بِالرِّجَالِ، وَالْمُتَشَبِّهِينَ مِنَ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ.

ئیبن عەبباس ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خۆیان دەچوێنن بە پیاوان، نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کە خۆیان دەچوێنن بە ئافرەتان.

بَابٌ فِيمَا تُبْدِي الْمَرْأَةُ مِنْ زِينَتِهَا

باسێك دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئافرەت بۆی هەیە چەندەی لە جوانییەکەی بەدەرەوە بێت؟

٦٩٦. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ أَسْمَاءَ بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ، دَخَلَتْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَعَلَيْهَا ثِيَابٌ رِقَاقٌ، فَأَعْرَضَ عَنْهَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، وَقَالَ: «يَا أَسْمَاءُ، إِنَّ الْمَرْأَةَ إِذَا بَلَغَتِ الْمَحِيضَ لَمْ تَصْلُحْ أَنْ يُرَى مِنْهَا إِلَّا هَذَا وَهَذَا»، وَأَشَارَ إِلَى وَجْهِهِ وَكَفَّيْهِ.

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: ئەسمائی کچی ئەبو بەکر ﵄ (خوشکی عائیشە)، هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ پۆشاکێکی تەنکی لەبەردا بوو، پێغەمبەری خوا ﷺ پشتی تێ کرد، فەرمووی: «ئەی ئەسماء، گەر ئافرەت کەوتە حەیزەوە (یانی: باڵغ بوو)، ئیدی دروست نییە هیچ شوێنێکی ببینرێت، جگە لە ئێرە و ئێرە»، ئاماژەی بۆ ڕوخسار و دەستی کرد.

بَابٌ فِي قَوْلِهِ: {وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ} النور: ٣١

باسێك دەربارەی فەرمایشتی خوا: بە ئافرەتانی بڕوادار بڵێ چاویان بپۆشن سەیری پیاوانی نامەحرەم نەکەن

٦٩٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄: {وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ} النور: ٣١، الْآيَةَ، فَنُسِخَ، وَاسْتَثْنَى مِنْ ذَلِكَ: {وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا} النور: ٦٠، الْآيَةَ.

ئیبن عەبباس ﵄ دەربارەی ئەم ئایەتە: {وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ}، دەڵێت: نەسخ بۆتەوە و ئەمە جیا کراوەتەوە: {وَالْقَوَاعِدُ مِنَ النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا يَرْجُونَ نِكَاحًا}، واتە: ئەو ئافرەتانەی کە لەبەر پیری، یان لە حەیز

بوونەتەوە، لە منداڵبوون بوونەتەوە لەبەر گەورەییان ئومێدی هاوسەرگیرییان نییە.

تێبینی:

ئەم فەرموودەیە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کەوا چەمکی (النسخ) لەلای هاوەڵان بە مانای (تخصیص العام)، یان (تقیید المطلق) هاتووە.

بَابٌ فِي الإِنْتِعَالِ

باسێك دەربارەی پێڵاو لەپێکردن

٦٩٨. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُحِبُّ التَّيَمُّنَ مَا اسْتَطَاعَ فِي شَأْنِهِ كُلِّهِ، فِي طُهُورِهِ وَتَرَجُّلِهِ، وَنَعْلِهِ.

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێیخۆش بووە چەندەی لە توانایدا بووایە لای ڕاست پێش بخات لە هەموو کاروبارێکی، لە دەستنوێژ شوشتن و پرچ شانەکردن و نەعل لەپێکردن (و سیواککردنی).

بَابٌ فِي الصُّوَرِ

باسێك دەربارەی وێنە (و وێنەکێشان)

٦٩٩. عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ، عَنْ أَبِي طَلْحَةَ الْأَنْصَارِيِّ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: «لَا تَدْخُلُ الْمَلَائِكَةُ بَيْتًا فِيهِ كَلْبٌ، وَلَا تِمْثَالٌ»، وَقَالَ: انْطَلِقْ بِنَا إِلَى أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ عَائِشَةَ نَسْأَلُهَا عَنْ ذَلِكَ، فَانْطَلَقْنَا، فَقُلْنَا: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، إِنَّ أَبَا طَلْحَةَ حَدَّثَنَا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ بِكَذَا، وَكَذَا، فَهَلْ سَمِعْتِ النَّبِيَّ ﷺ يَذْكُرُ

ذَلِكَ؟ قَالَتْ: لَا، وَلَكِنْ سَأُحَدِّثُكُمْ بِمَا رَأَيْتُهُ فَعَلَ، خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي بَعْضِ مَغَازِيهِ، وَكُنْتُ أَتَحَيَّنُ قُفُولَهُ، فَأَخَذْتُ نَمَطًا كَانَ لَنَا، فَسَتَرْتُهُ عَلَى الْعَرَضِ، فَلَمَّا جَاءَ اسْتَقْبَلْتُهُ، فَقُلْتُ: السَّلَامُ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَعَزَّكَ وَأَكْرَمَكَ، فَنَظَرَ إِلَى الْبَيْتِ فَرَأَى النَّمَطَ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيَّ شَيْئًا، وَرَأَيْتُ الْكَرَاهِيَةَ فِي وَجْهِهِ، فَأَتَى النَّمَطَ حَتَّى هَتَكَهُ، ثُمَّ قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَأْمُرْنَا فِيمَا رَزَقَنَا أَنْ نَكْسُوَ الْحِجَارَةَ وَاللَّبِنَ». قَالَتْ: فَقَطَعْتُهُ وَجَعَلْتُهُ وِسَادَتَيْنِ، وَحَشَوْتُهُمَا لِيفًا، فَلَمْ يُنْكِرْ ذَلِكَ عَلَيَّ.

زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی لە ئەبو تەڵحەی ئەنصاری ﵁ گوتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەیفەرموو: «فریشتە ناچێتە ماڵێك سەگ و پەیکەری تێدابێت»، گوتی: با بڕۆین بۆلای دایکی بڕواداران عائیشە ﵂ دەربارەی ئەم فەرموودەیە پرسیاری لێ بکەین، چووین بۆ لای گوتمان: ئەی دایکی بڕواداران ئەبو تەڵحە ئەم فەرموودەیەمان لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئاوا و ئاوا بۆ دەگێڕێتەوە، ئایا تۆ شتی وات لە پێغەمبەری خوا ﷺ بیستووە؟ گوتی: نەخێر، بەڵام شتێکتان بۆ باس دەکەم خۆم بینیومە لە پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ یەکێك لە غەزاکانی و منیش چاوەڕێی گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بووم، ڕاخەرێکی ناسك و تەنکمان هەبوو هێنام بەسەر ئەو دارڕایەڵەم دادا، کە هاتەوە پێشوازیم لێ کرد گوتم: سڵاوی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، سوپاس بۆ خوا کە سەری خستی و ڕێزی گرتی، ئەویش سەیری ماڵەکەی کرد و ئەو پەردەیەی بینی، وەڵامی نەدامەوە، پێناخۆشبوونم بە نێوچاوانیدا بینی، هات پەردەکەی لابرد و دڕاندی، پاشان فەرمووی: خوا ئەو شتەی بە ئێمەی بەخشیوە فەرمانی پێ نەکردووین پۆشاك بۆ دار و بەرد بکەین، دەڵێت: منیش پارچە پارچەم کرد، کردمە دوو ڕاخەر، پووشی دارخورمام کردە نێوی وەکوو ڕاخەر بەکارم هێنا، ئەوکاتە نکوڵی نەکرد.

٧٠٠. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: حَدَّثَتْنِي مَيْمُونَةُ ﵂، زَوْجُ النَّبِيِّ ﷺ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ

قَالَ: «إِنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَامُ كَانَ وَعَدَنِي أَنْ يَلْقَانِي اللَّيْلَةَ، فَلَمْ يَلْقَنِي»، ثُمَّ وَقَعَ فِي نَفْسِهِ جَرْوُ كَلْبٍ تَحْتَ بِسَاطٍ لَنَا، فَأَمَرَ بِهِ فَأُخْرِجَ، ثُمَّ أَخَذَ بِيَدِهِ مَاءً فَنَضَحَ بِهِ مَكَانَهُ، فَلَمَّا لَقِيَهُ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَالَ: إِنَّا لَا نَدْخُلُ بَيْتًا فِيهِ كَلْبٌ وَلَا صُورَةٌ.

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: مەیموونە رضي الله عنها خێزانی پێغەمبەر ﷺ پێی ڕاگەیاندم پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «جیبریل عليه السلام بەڵێنی دا ئەمشەو بێت بۆ لام، بەڵام نەهات و یەکدیمان نەبینی»، دوایی دڵی پێغەمبەر ﷺ هەستی کرد کە توتکە سەگێکی بچووک لەژێر ڕاخەرێکدایە، بۆیە جیبریل عليه السلام نەهاتووە، بۆیە فەرمانی کرد دەرکرا، دوایی بە دەستیشی ئەو شوێنەی ئاوپرژێن کرد، ئینجا بە جیبریل عليه السلام گەیشت، فەرمووی: ئێمە ناچینە ماڵێکەوە کە سەگ یان وێنەی تێدا بێت.

تێبینی:

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شوێنێك سەگی لێ بخەوێت، بە ئاوپرژێن خاوێن دەبێتەوە، وێنەکەش وەك زانایان باسیان کردووە زیاتر مەبەست پێی پەیکەری بت و صەنەم پیاوچاکانی پێشووە کە دوای خۆیان وەك پەرستراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

٧٠١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَتَانِي جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَامُ، فَقَالَ لِي: أَتَيْتُكَ الْبَارِحَةَ فَلَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَكُونَ دَخَلْتُ إِلَّا أَنَّهُ كَانَ عَلَى الْبَابِ تَمَاثِيلُ، وَكَانَ فِي الْبَيْتِ قِرَامُ سِتْرٍ فِيهِ تَمَاثِيلُ، وَكَانَ فِي الْبَيْتِ كَلْبٌ، فَمُرْ بِرَأْسِ التِّمْثَالِ الَّذِي فِي الْبَيْتِ يُقْطَعُ، فَيَصِيرُ كَهَيْئَةِ الشَّجَرَةِ، وَمُرْ بِالسِّتْرِ فَلْيُقْطَعْ، فَلْيُجْعَلْ مِنْهُ وِسَادَتَيْنِ مَنْبُوذَتَيْنِ تُوطَآنِ، وَمُرْ بِالْكَلْبِ فَلْيُخْرَجْ»، فَفَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، وَإِذَا الْكَلْبُ لِحَسَنٍ -أَوْ حُسَيْنٍ- رضي الله عنهما كَانَ تَحْتَ نَضَدٍ لَهُمْ، فَأُمِرَ بِهِ فَأُخْرِجَ. قَالَ أَبُو دَاوُدَ: وَالنَّضَدُ: شَيْءٌ تُوضَعُ عَلَيْهِ الثِّيَابُ شَبَهُ السَّرِيرِ.

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «جیبریل ﷺ هات گوتی: دوێنی هاتم بۆلات، بەڵام ئەوەی ڕێگری لێ کردم کە بێمە ژوورەوە بۆلات ئەوە بوو، دەرگاکە پەیکەری تێدا بوو، ماڵیش پەردەیەکی تێدا بوو کە وێنەی پەیکەری تێدا بوو، سەگێکیش لە ماڵەوە بووە، فەرمان بکە ئەو پەیکەرەی کە لەلای دەرگای ماڵەوەیە با سەری لێ بکرێتەوە، کە سەری نەما ئیدی بە پەیکەر و وێنە دانانرێت، وەکوو داری لێ دێت، وە پەردەکەش با بدڕێنرێت و بکرێتە دوو ڕاخەر ڕایبخەن، با دابنرێت و پێی بەسەردا بنرێت، فەرمان بکە با سەگەکەش لە ماڵ دەربکرێت»، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوانەی جێبەجێ کرد، بەڵام سەیر دەکەن سەگەکە سەگی حەسەن یان حوسەین ﷺ بووە، کە لەژێر مێزێك بووە کە جێگایان لەسەری داناوە, بۆیە فەرمان بە دەرکردنی کرا و دەرکرا. ئەبو داود دەڵێت: (النَّضَدُ) شتێکە پۆشاك و شتی لەسەر دادەنرێت وەکوو جێگا.

كِتَابُ التَّرَجُّلِ

پەرتووکی پرچ و قژ داهێنان

٧٠٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ ﷺ قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَنِ التَّرَجُّلِ إِلَّا غِبًّا.

عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پرچداهێنانی (بەبەردەوامی) ڕێگریی لێ کردووە، تەنها جار جار (ڕێگەی پێ داوە دابهێنرێت).

تێبینی:

واتە نابێت زێدەڕۆیی بکرێت و مرۆڤ هەر خەریکی خۆڕازاندنەوە و ڕابواردن بێت، بەڵکوو بەگوێرەی پێویست، بای ئەوەندە کە سەر و پرچ خاوێن و ڕێکوپێك بێت و ئاڵۆز و بلۆز نەبێت بەسیەتی، ئەگەرنا خزمەتکردنی سەر و قژ فەرمانی پێ کراوە و یەکێکە لە سوننەتەکان.

(التَرَجُّل): واتە: سەرداهێنان و خاوێنڕاگرتنی و جوانکردنی.

(غبًّا): واتە: ڕۆژێك نا ڕۆژێك ئەنجامدانی کارێك.

بَابُ مَا جَاءَ فِي اسْتِحْبَابِ الطِّيبِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی پەسندیی بۆنیخۆش

٧٠٣. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: كَانَتْ لِلنَّبِيِّ ﷺ سُكَّةٌ يَتَطَيَّبُ مِنْهَا.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ شووشەیەکی هەبووە کە بۆنی تێدا بووە و لەو شووشەیەوە خۆی بۆنخۆش کردووە.

بَابٌ فِي إِصْلَاحِ الشَّعَرِ

باسێك دەربارەی ڕێکخستنی قژ و پرچ

٧٠٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ كَانَ لَهُ شَعْرٌ فَلْيُكْرِمْهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك قژی هەبوو، با خزمەتی بکات و ڕێزی بگرێت».

بَابٌ فِي رَدِّ الطِّيبِ

باسێك دەربارەی ڕەتکردنەوەی بۆنی خۆش

٧٠٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ عُرِضَ عَلَيْهِ طِيبٌ فَلَا يَرُدَّهُ، فَإِنَّهُ طَيِّبُ الرِّيحِ، خَفِيفُ الْمَحْمَلِ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك بۆنیان پێی دا با ڕەتی نەکاتەوە، چونکە بۆنی خۆشە و هەڵگرتنیشی ئاسانە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْمَرْأَةِ تَتَطَيَّبُ لِلْخُرُوجِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئافرەت
کە بۆ دەرچوون لە ماڵ بۆن لە خۆی بدات

٧٠٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «أَيُّمَا امْرَأَةٍ أَصَابَتْ بَخُورًا، فَلَا تَشْهَدَنَّ مَعَنَا الْعِشَاءَ». قَالَ ابْنُ نُفَيْلٍ: عِشَاءَ الْآخِرَةِ

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر ئافرەتێك بۆنی بخووری لە خۆی دا (یان هەر بۆنێك بێت کە بۆنی بڕوات)، با ئامادەی نوێژی عیشا نەبێت لەگەڵ ئێمەدا». ئیبن نوفەیل دەڵێت: مەبەست نوێژی خەوتنانە.

بَابُ مَا جَاءَ فِي الشَّعَرِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی قژ و پرچ

٧٠٧. عَنِ الْبَرَاءِ ﷺ قَالَ: مَا رَأَيْتُ مِنْ ذِي لِمَّةٍ أَحْسَنَ فِي حُلَّةٍ حَمْرَاءَ مِنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ.

بەڕاء ﷺ دەڵێت: هیچ کەسێکم نەبینیوە کە قژەکەی شۆڕ بووبێتەوە، بەڵام نەگاتە شانی و پۆشاکێکی سووری پۆشیبێت جوانتر لە پێغەمبەری خوا ﷺ.

٧٠٨. عَنِ الْبَرَاءِ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ لَهُ شَعْرٌ يَبْلُغُ شَحْمَةَ أُذُنَيْهِ.

بەڕاء ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ قژی هەبوو دەگەیشتە نەرمایی گوێیەکانی.

بَابٌ فِي حَلْقِ الرَّأْسِ

باسێك دەربارەی سەرتاشین

٧٠٩. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَعْفَرٍ ﭬ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ أَمْهَلَ آلَ جَعْفَرٍ ثَلَاثًا أَنْ يَأْتِيَهُمْ، ثُمَّ أَتَاهُمْ، فَقَالَ: «لَا تَبْكُوا عَلَى أَخِي بَعْدَ الْيَوْمِ»، ثُمَّ قَالَ: «ادْعُوا لِي بَنِي أَخِي»، فَجِيءَ بِنَا كَأَنَّا أَفْرُخٌ، فَقَالَ: «ادْعُوا لِي الْحَلَّاقَ»، فَأَمَرَهُ فَحَلَقَ رُءُوسَنَا.

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر ﭬ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی دا بە کەسوکاری جەعفەر (کە جەعفەر شەهید بوو) سێ ڕۆژ تازیەبار بن، دوای سێیەم ڕۆژ هات بۆلایان، فەرمووی: «لەدوای ئەمڕۆوە بۆ جەعفەری برام مەگرین» (جەعفەر ئامۆزای بوو)، دوایی فەرمووی: «برازاکانم بۆ بانگ بکەن» (کە سێ کوڕی هەبوو: عەبدوڵڵا، عەون، موحەممەد)، (ڕاوی کە عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەرە) دەڵێت: ئێمەیان هێنا بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ وەکوو بێچووی باڵندە وا بووین قژمان درێژ بوو، فەرمووی: «بانگی سەرتاشم بۆ بکەن»، فەرمانی پێ کرد سەرمانی تاشی.

بَابٌ فِي أَخْذِ الشَّارِبِ

باسێك دەربارەی کورتکردنەوەی سمێڵ

٧١٠. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه قَالَ: وَقَّتَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حَلْقَ الْعَانَةِ، وَتَقْلِيمَ الْأَظْفَارِ، وَقَصَّ الشَّارِبِ، وَنَتْفَ الْإِبِطِ، أَرْبَعِينَ يَوْمًا مَرَّةً.

ئەنەسی کوڕی مالیك رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ تاشین و لابردنی مووی دامێن و نینۆککردن و کورتکردنەوەی سمێڵ و هەڵکەندنی مووی بنباڵ کاتی بۆ دیاری کردین، (کە کاتەکە بەو جۆرە بوو) هەر چل ڕۆژێك جارێك (ئەو کارە بکەن).

تێبینی:

دیاره كه ئەوه لایەنی زۆریەتی، ئەگەرنا وا باشتره زوو زوو ئەو خاوێنكارییه بكرێت، هەر نەبێت هەفتەی جارێك.

بَابٌ فِي الْخِضَابِ

باسێك دەربارەی ڕەنگكردنی سەر و ڕیش

٧١١. عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ أَحْسَنَ مَا غُيِّرَ بِهِ هَذَا الشَّيْبُ الْحِنَّاءُ، وَالْكَتَمُ».

ئەبو زەڕ ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «باشترین شتێك كه سەر و ڕیشی سپی پێ بگۆڕدرێت خەنه و وسمەیه».

تێبینی:

(الْحِنَّاء): جۆره گیایەكه ڕەنگەكەی سووره (خەنه).

(الْكَتَم): جۆره گیایەكه ڕەنگی ڕەشی لێ دروست دەكرێت، ئەگەر حەناء و كەتم تێكەڵ بكرێت ڕەنگەكه له نێوان ڕەش و سووردا دەبێت.

بَابُ مَا جَاءَ فِي خِضَابِ السَّوَادِ

باسی ئەوەی هاتووه دەربارەی ڕەنگكردن به ڕەنگی ڕەش

٧١٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَكُونُ قَوْمٌ يَخْضِبُونَ فِي آخِرِ الزَّمَانِ بِالسَّوَادِ، كَحَوَاصِلِ الْحَمَامِ، لَا يَرِيحُونَ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کەسانێك لە کۆتایی زەماندا پەیدا دەبن سەر و ڕیشیان ڕەنگ دەکەن بە ڕەش وەکوو پەڕی سەر سینگی کۆتر (کە بە شێوازێکی گشتی ڕەشە)، ئەمانە بۆنی بەهەشت ناکەن».

تێبینی:

ئەم فەرموودەیە نابێتە بەڵگە لەسەر حەرامی ڕەنگی ڕەش، بەڵکوو بەڵگەیە بۆ ناسینەوەی یەکێك لە سیفەتەکانی ئەو کەسانە، چونکە ئاماژەی تێدا نییە کە بەهۆی ڕەنگە ڕەشەکەوە دەچنە دۆزەخ!

كِتَابُ الْخَاتَمِ

پەرتووکی ئەنگوستیلە (ی پێغەمبەر ﷺ)

بَابُ مَا جَاءَ فِي اتِّخَاذِ الْخَاتَمِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی لەپەنجەکردنی ئەنگوستیلە

٧١٣. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه قَالَ: أَرَادَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ يَكْتُبَ إِلَى بَعْضِ الْأَعَاجِمِ، فَقِيلَ لَهُ: إِنَّهُمْ لَا يَقْرَءُونَ كِتَابًا إِلَّا بِخَاتَمٍ، فَاتَّخَذَ خَاتَمًا مِنْ فِضَّةٍ، وَنَقَشَ فِيهِ: مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ.

ئەنەسی کوڕی مالیك رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی نامە بنێرێت بۆ هەندێك لە پاشاکانی غەیری عەرەب (وەك: کیسرا و قەیسەر و ... هتد)، گوتیان: ئەوان هیچ نامەیەك ناخوێننەوە ئەگەر مۆری لەسەر نەبێت، ئەویش ئەنگوستیلەیەکی دروست کرد لە زیو نەقشەکەی: محمد رسول الله بوو.

٧١٤. عن أَنَسٍ رضي الله عنه قَالَ: كَانَ خَاتَمُ النَّبِيِّ ﷺ مِنْ وَرِقٍ فَصُّهُ حَبَشِيٌّ.

ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت: ئەنگوستیلەی پێغەمبەر ﷺ لە زیو بوو، وەستاکەی حەبەشی

بوو، یان بە شێوازێکی حەبەشی دروست کرابوو.

بَابُ مَا جَاءَ فِي تَرْكِ الْخَاتَمِ

باسی وازهێنان لە ئەنگوستیلە

٧١٥. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁: أَنَّهُ رَأَى فِي يَدِ النَّبِيِّ ﷺ خَاتَمًا مِنْ وَرِقٍ يَوْمًا وَاحِدًا، فَصَنَعَ النَّاسُ، فَلَبِسُوا، وَطَرَحَ النَّبِيُّ ﷺ، فَطَرَحَ النَّاسُ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﵁ دەگێڕێتەوە: یەك ڕۆژ لە دەستی پێغەمبەر ﷺ ئەنگوستیلەیەکی بینیوە لە زیو، خەڵکیش لە زیو دروستیان کرد، دوایی پێغەمبەر ﷺ فڕێی دا و خەڵکەکەش فڕێیان دا.

تێبینی:

زانایانی فەرموودەناس دەڵێن: ئەو ئەنگوستیلەیەی پێغەمبەر ﷺ فڕێی داوە و هاوەڵانیش فڕێیان داوە لە زێڕ بووە، دواتر ئەنگوستیلەیەکی زیوی بۆ کاروباری نامەناردن و مۆر و ئیمزا لەدەست کردووە.

كِتَابُ الْفِتَنِ وَالْمَلَاحِمِ

پەرتووکی ئاشووبەکان و جەنگ و کوشتار

بَابُ ذِكْرِ الْفِتَنِ وَدَلَائِلِهَا

باسی ئاشووبەکان و بەڵگەکانی

٧١٦. عَنْ حُذَيْفَةَ ﵁ قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ قَائِمًا، فَمَا تَرَكَ شَيْئًا يَكُونُ فِي مَقَامِهِ ذَلِكَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ إِلَّا حَدَّثَهُ، حَفِظَهُ مَنْ حَفِظَهُ، وَنَسِيَهُ مَنْ نَسِيَهُ، قَدْ عَلِمَهُ أَصْحَابُهُ هَؤُلَاءِ، وَإِنَّهُ لَيَكُونُ مِنْهُ الشَّيْءُ، فَأَذْكُرُهُ كَمَا يَذْكُرُ الرَّجُلُ وَجْهَ الرَّجُلِ إِذَا غَابَ عَنْهُ، ثُمَّ إِذَا رَآهُ عَرَفَهُ.

حوزەیفە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێوماندا هەستا و وتارێکی دا، لەو شوێنەدا هیچ شتێك نەما کە باسی نەکات ئەوەی ڕوو دەدات تاکوو ڕۆژی کۆتایی دونیا، ئەوەی لەبەری کرد ئەو بەبیری ماوە و ئەوەیشی لەبیری کرد ئەوە لەبیری چۆتەوە، بێگومان ئەو هاوەڵانەی کە لەوێ بوون هەموویان ئەوە دەزانن، جاریش هەیە من شتێکم لەو شتانە لەبیر چۆتەوە، بەڵام (کاتێك ڕووداوەکە دەبینم) یەکسەر بەبیرم دێتەوە، هەر وەکوو چۆن پیاوێك ماوەیەك پیاوێك نابینێت، بەڵام هەر کە بینیی یەکسەر دەیناسێتەوە.

٧١٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ ﷺ يَقُولُ: كُنَّا قُعُودًا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ، فَذَكَرَ الْفِتَنَ فَأَكْثَرَ فِي ذِكْرِهَا حَتَّى ذَكَرَ فِتْنَةَ الْأَحْلَاسِ، فَقَالَ قَائِلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا فِتْنَةُ الْأَحْلَاسِ؟ قَالَ: «هِيَ هَرَبٌ وَحَرْبٌ، ثُمَّ فِتْنَةُ السَّرَّاءِ، دَخَنُهَا مِنْ تَحْتِ قَدَمَيْ رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ بَيْتِي يَزْعُمُ أَنَّهُ مِنِّي، وَلَيْسَ مِنِّي، وَإِنَّمَا أَوْلِيَائِي الْمُتَّقُونَ، ثُمَّ يَصْطَلِحُ النَّاسُ عَلَى رَجُلٍ كَوَرِكٍ عَلَى ضِلَعٍ، ثُمَّ فِتْنَةُ الدُّهَيْمَاءِ، لَا تَدَعُ أَحَدًا مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ إِلَّا لَطَمَتْهُ لَطْمَةً، فَإِذَا قِيلَ: انْقَضَتْ، تَمَادَتْ يُصْبِحُ الرَّجُلُ فِيهَا مُؤْمِنًا، وَيُمْسِي كَافِرًا، حَتَّى يَصِيرَ النَّاسُ إِلَى فُسْطَاطَيْنِ، فُسْطَاطِ إِيمَانٍ لَا نِفَاقَ فِيهِ، وَفُسْطَاطِ نِفَاقٍ لَا إِيمَانَ فِيهِ، فَإِذَا كَانَ ذَاكُمْ فَانْتَظِرُوا الدَّجَّالَ، مِنْ يَوْمِهِ، أَوْ مِنْ غَدِهِ».

عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ﷺ دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبووین، ئەویش باسی ئاشووب و ئاژاوەی كرد (كە لەمەودوا سەر هەڵدەدات)، ئیدی زۆر باسی كرد، هەتا گەیشتە ئەوەی باسی فیتنەی ئەحلاسی كرد، یەكێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، فیتنەی ئەحلاس چییە؟ فەرمووی: «ئەوەیە كە خەڵكی لەبەر یەكدی ڕادەكەن و هەڵدێن (چونكە دوژمنایەتی و شەڕ لە نێوانیاندا هەیە)، هەروەها ماڵڕفاندن و دزی و تاڵان سەر هەڵدەدات، پاشان بەڵای دیكە سەر هەڵدەدات، (السراء) كە دووكەڵەكەی لەژێر پێیەكانی پیاوێك دێتەدەر كە پێی وایە لە خانەوادەی منە، لە كاتێكدا لە بنەماڵەكەی منیش نییە، چونكە لە ڕاستیدا تەنها ئەوانەی لەخواترسن دۆستی منن، پاشان خەڵكی لەسەر كەسێك ڕێك دەكەون، وەكوو ئەوە وایە گۆشتی ڕانی بخەیتە سەر ئێسقانی پەراسوو (ئێسكی پەراسووش توانای هەڵگرتنی گۆشتی ڕانی نییە)، پاشان ئاشووبێكی ڕەش و تاریك سەر هەڵدەدات (لەبەر گەورەیی ئاشووبەكە بە ڕەش و تاریك ناوی بردووە)، هیچ كەسێك نامێنێت كە پڕشكی ئەو ئاگرەی بەرنەكەوێت، جا هەر كات گوتیان: شەڕ و ئاژاوە كۆتایی هات، دیسان سەر هەڵدەداتەوە، بە جۆرێك پیاو هەیە بەیانییەكەی بڕواداری ئێوارە بە كافری دەكاتەوە، هەتا وای لێ دێت خەڵكی دەبنە دوو تاقم، تاقمێكیان باوەڕداری

تەواون و دووڕوویی لەنێویاندا بوونی نییە، تاقمێکیش دووڕووی یەکلابووەن و بڕوا و ئیمان لەنێویاندا بوونی نییە، جا هەر کات ئەوە ڕووی دا، ئیدی چاوەڕێی دەججال بکەن لەو ڕۆژەدا یان بەیانییەکەی».

٧١٨. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يُوشِكُ الْمُسْلِمُونَ أَنْ يُحَاصَرُوا إِلَى الْمَدِينَةِ، حَتَّى يَكُونَ أَبْعَدَ مَسَالِحِهِمْ سَلَاحِ».

ئیبن عومەر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «نزیکە موسوڵمانان لە مەدینەدا گەمارۆ بدرێن (بەهۆی دوژمن پەنا بۆ ئەوێ ببەن)، بە جۆرێك کە دوورترین سەنگەر لە خۆیانەوە لە سەلاح دەبێت».

تێبینی:

(سلاح): شوێنێکە لە نزیك خەیبەر.

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنِ السَّعْيِ فِي الْفِتْنَةِ

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە هەوڵدان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە

٧١٩. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّهَا سَتَكُونُ فِتْنَةٌ يَكُونُ الْمُضْطَجِعُ فِيهَا خَيْرًا مِنَ الْجَالِسِ، وَالْجَالِسُ خَيْرًا مِنَ الْقَائِمِ، وَالْقَائِمُ خَيْرًا مِنَ الْمَاشِي، وَالْمَاشِي خَيْرًا مِنَ السَّاعِي»، قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا تَأْمُرُنِي؟ قَالَ: «مَنْ كَانَتْ لَهُ إِبِلٌ، فَلْيَلْحَقْ بِإِبِلِهِ، وَمَنْ كَانَتْ لَهُ غَنَمٌ، فَلْيَلْحَقْ بِغَنَمِهِ، وَمَنْ كَانَتْ لَهُ أَرْضٌ فَلْيَلْحَقْ بِأَرْضِهِ»، قَالَ: فَمَنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ شَيْءٌ مِنْ ذَلِكَ؟ قَالَ: «فَلْيَعْمِدْ إِلَى سَيْفِهِ، فَلْيَضْرِبْ بِحَدِّهِ عَلَى حَرَّةٍ، ثُمَّ لِيَنْجُ مَا اسْتَطَاعَ النَّجَاءَ».

ئەبو بەکرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئاشووب ڕوو دەدات

ئەوەی ڕاکشاوە باشترە لەوەی دانیشتووە ئەوەی دانیشتووە باشترە لەوەی کە بەپێوەیە، ئەوەی بەپێوە ڕاوەستاوە باشترە لەوەی کە بەپێوە دەڕوات، ئەوەی کە بەپێ دەڕوات باشترە لەوەی کە هەوڵی بۆ دەدات»، (ئەبو بەکرە) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمانم بە چ پێ دەکەیت؟ فەرمووی: «ئەوەی وشتری هەیە دوای وشترەکانی بکەوێت (دووركەوێتەوە لە ئاوەدانی)، ئەوەی مەڕ و بزنی هەیە با دوای مەڕ و بزنی بکەوێت (دووركەوێتەوە لە ئاوەدانی)، ئەوەی زەوییەکی هەیە لەو دەشتە با بڕوات خەریکی زەویوزاری خۆی بێت»، گوتی: ئەی ئەگەر کەسێك هیچ لەم شتانەی نەبوو؟ فەرمووی: «با نووکی شمشێرەکەی و تیژایی شمشێرەکەی لە بەردێك بدات (تاکوو بەشداری فیتنەکە نەبێت)، پاشان هەوڵ بدات بەپێی توانا خۆی ڕزگار بکات».

بَابٌ فِي تَعْظِيمِ قَتْلِ الْمُؤْمِنِ

باسێك دەربارەی گەورەیی تاوانی کوشتنی بڕوادار

٧٢٠. عَنْ خَالِدِ بْنِ دِهْقَانَ قَالَ: كُنَّا فِي غَزْوَةِ الْقُسْطَنْطِينِيَّةِ بِذُلُقْيَةَ، فَأَقْبَلَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ فِلَسْطِينَ مِنْ أَشْرَافِهِمْ وَخِيَارِهِمْ، يَعْرِفُونَ ذَلِكَ لَهُ، يُقَالُ لَهُ: هَانِئُ بْنُ كُلْثُومِ بْنِ شَرِيكٍ الْكِنَانِيُّ، فَسَلَّمَ عَلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي زَكَرِيَّا، وَكَانَ يَعْرِفُ لَهُ حَقَّهُ، قَالَ لَنَا خَالِدٌ: فَحَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي زَكَرِيَّا، قَالَ: سَمِعْتُ أُمَّ الدَّرْدَاءِ تَقُولُ: سَمِعْتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ ﵁ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «كُلُّ ذَنْبٍ عَسَى اللَّهُ أَنْ يَغْفِرَهُ، إِلَّا مَنْ مَاتَ مُشْرِكًا، أَوْ مُؤْمِنٌ قَتَلَ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا».

خالیدی کوڕی دیهقان دەڵێت: لە غەزای قوستەنتینییە بووین لە شاری زولقییە (شارێکی ڕۆمییەکان بوو)، پیاوێك لە باشترین و چاکترینی خەڵکی فەلەستین هات، دەیانزانی کە ئەم پیاوە چەند کەسێکی بەڕێز و چاکە، ناویشی هانیئی کوڕی کولسومی کوڕی شەریکی کینانی بوو، سەلامی لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو زەکەریا

کرد، ئەویش ئەم پیاوەی دەناسی کە چەند بەڕێزە، خالید پێی گوتین: عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو زەکەریا ئەم فەرموودەیەی بۆ گێڕاینەوە دەڵێت: گوێم لە ئوم دەرداء بووە، دەڵێت: گوێم لە ئەبو دەرداء ﷺ بووە دەیگوت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «هەموو تاوانێك ئومێد دەکرێت خوا لێی خۆش بێت، تەنها ئەگەر کەسێك مردبێت و هاوبەشی بۆ خوا دانابێت، خوا هەرگیز لێی خۆش نابێت، یان بڕوادارێك بڕوادارێکی کوشتبێت بەئەنقەست».

٧٢١. عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما فَقَالَ: لَمَّا نَزَلَتِ الَّتِي فِي الْفُرْقَانِ: {وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ، وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ} الفرقان: ٦٨، قَالَ مُشْرِكُو أَهْلِ مَكَّةَ: قَدْ قَتَلْنَا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ، وَدَعَوْنَا مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ، وَأَتَيْنَا الْفَوَاحِشَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: {إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ} الفرقان: ٧٠، فَهَذِهِ لِأُولَئِكَ، قَالَ: وَأَمَّا الَّتِي فِي النِّسَاءِ: {وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ} النساء: ٩٣، الْآيَةَ، قَالَ: الرَّجُلُ إِذَا عَرَفَ شَرَائِعَ الْإِسْلَامِ، ثُمَّ قَتَلَ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا، فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ لَا تَوْبَةَ لَهُ، فَذَكَرْتُ هَذَا لِمُجَاهِدٍ، فَقَالَ: إِلَّا مَنْ نَدِمَ.

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێت: پرسیارم لە ئیبن عەبباس رضي الله عنهما کرد، گوتی: کە ئەم ئایەتەی فورقان دابەزی: {وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ، وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ}، هاوبەشدانەرانی ئەهلی مەککە گوتیان: (ئەم تاوانانە ئێمە هەموومان کردووە)، خەڵکمان بەناهەق کوشتووە، هاوبەشمان بۆ خوا داناوە، زینامان کردووە، خوای گەورە ئەم ئایەتەی دیکەی دابەزاند: {إِلَّا مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ}، واتە: مەگەر کەسێك تەوبە بکات و بڕوابهێنێت و کردەوەی چاك بکات خوا خراپەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە. دەڵێت: ئەم ئایەتە بۆ کافرانە (ئەمە بۆ ئەهلی شیرك دابەزیوە)،

بەڵام ئایەتەکەی النساء: {وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ}، دەڵێت: کەسێك یاسا و ڕێساکانی ئیسلام بزانێت و ئەوجار بڕواداریك بکوژێت بەناهەق و بەئەنقەست، ئەوە دەچێتە دۆزەخەوە تەوبەی بۆ نییە، ئەمەم باس کرد بۆ موجاهید، موجاهید گوتی: مەگەر کەسێك تەوبە بکات (ئەوکات خوا لێی خۆش دەبێت، ئەگەر تەوبە نەکات خوا لێی خۆش نابێت).

كِتَابُ الْمَهْدِيِّ(١)

پەرتووکی مەهدیی

٧٢٢. عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «لَا يَزَالُ هَذَا الدِّينُ عَزِيزًا إِلَى اثْنَيْ عَشَرَ خَلِيفَةً»، قَالَ: فَكَبَّرَ النَّاسُ وَضَجُّوا، ثُمَّ قَالَ كَلِمَةً خَفِيفَةً، قُلْتُ لِأَبِي: يَا أَبَتِ، مَا قَالَ؟ قَالَ: «كُلُّهُمْ مِنْ قُرَيْشٍ».

جابیری کوڕی سەمورە ﵁ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «ئەم دینە هەمیشە بەبەهێزی و شکۆمەندی دەمێنێتەوە هەتاکوو دوازدە جێنشین (خەلیفە)»، گوتی: خەڵکەکە دەستیان کرد بە (الله أکبر) کردن و هاواریان کرد، پاشان (پێغەمبەر ﷺ) بەچرپەوە قسەیەکی فەرموو، (ڕاوی دەڵێت:) بە باوکم گوت: ئەرێ باوکە، چی فەرموو؟ (گوتی:) فەرمووی: «هەموو خەلیفەکان لە قوڕەیشن».

٧٢٣. عَنْ عَلِيٍّ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَوْ لَمْ يَبْقَ مِنَ الدَّهْرِ إِلَّا يَوْمٌ، لَبَعَثَ اللَّهُ رَجُلًا مِنْ أَهْلِ بَيْتِي، يَمْلَؤُهَا عَدْلًا كَمَا مُلِئَتْ جَوْرًا».

عەلی ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئەگەر تەنها ڕۆژێك لە

(١) باسی موحەممەدی مەهدی کە پیاوێکی صالحە، لە نەوەی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە کۆتایی زەماندا دەردەکەوێت و دەججالیش لەدوای ئەو دێت و نیشانەکانی دیکەی قیامەت دێن، عیساش دادەبەزێت دەججال دەکوژێت و لەپشت مەهدییەوە نوێژ دەکات، چەند فەرموودەیەك لەم بارەیەوە هاتووە.

ڕۆژگار مابێت، (ئا لەو ڕۆژەدا بێگومان دەبێت ئەم شتە ڕوو بدات)، حەتمەن دەبێت خوا پیاوێکی لە ئال و بەیتی من ناردووە، سەر زەوی پڕ دەکات لە دادگەری، هەر وەکوو چۆن پێش ئەوە پڕ بووە لە ستەم و خراپەکاری».

٧٢٤. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «الْمَهْدِيُّ مِنْ عِتْرَتِي، مِنْ وَلَدِ فَاطِمَةَ».

ئوم سەلەمە ﵂ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «مەهدی لە نەوەی منە، لە نەوەی فاتیمەیە».

٧٢٥. عَنْ هِلَالِ بْنِ عَمْرٍو، قَالَ: سَمِعْتُ عَلِيًّا ﵁ يَقُولُ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «يَخْرُجُ رَجُلٌ مِنْ وَرَاءِ النَّهْرِ يُقَالُ لَهُ: الْحَارِثُ بْنُ حَرَّاثٍ، عَلَى مُقَدِّمَتِهِ رَجُلٌ يُقَالُ لَهُ: مَنْصُورٌ، يُوَطِّئُ - أَوْ يُمَكِّنُ - لِآلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا مَكَّنَتْ قُرَيْشٌ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ، وَجَبَ عَلَى كُلِّ مُؤْمِنٍ نَصْرُهُ»، أَوْ قَالَ: «إِجَابَتُهُ».

هیلالی کوڕی عەمر، دەڵێت: گوێم لە پێشەوا عەلی ﵁ بوو دەیگوت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «پیاوێك لە پشت ڕووبارەکانەوە (وەك: بوخارا و سەمەرقەند) دەردەچێت پێی دەگوترێت: حاریسی کوڕی حەڕڕاس، (ئەوەی زەرعات دەکات)، لە پێشەوەی سوپاکەی پیاوێکی لێیە ناوی مەنصوورە، ماڵ و سەروەت و سامان و چەکی دەخاتە خزمەت خەلافەتەکەی موحەممەدی مەهدییەوە (بەهێزی دەکات و یارمەتی دەدات)، وەکوو چۆن بڕوادارانی قوڕەیش یارمەتی پێغەمبەری خوایان ﷺ دا و بەرگرییان لێ کرد، پێویستە لەسەر هەموو بڕوادارێك ئەو حاریسە سەر بخات، یان ئەو مەنصوورە سەر بخات (یان موحەممەدی مەهدی سەر بخات، جیاوازییان نییە هەموویان هەر یەکن)، یان وەڵامی بداتەوە».

كِتَابُ الْمَلَاحِمِ

پەرتووکی داستانەکان (شەڕی گەورە)

بَابُ مَا يُذْكَرُ فِي قَرْنِ الْمِائَةِ

ئەوەی باس کراوە لە سەد ساڵ (جارێك خوا تازەکەرەوەی ئایینەکەی دەنێرێت)

٧٢٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا دِينَهَا».

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «خوا هەر سەد ساڵێك کەسێك دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتە کە ئایینەکەی بۆ تازە بکاتەوە».

بَابٌ فِي أَمَارَاتِ الْمَلَاحِمِ

باسێك دەربارەی نیشانەکانی شەڕە گەورەکە

٧٢٧. عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «عُمْرَانُ بَيْتِ الْمَقْدِسِ خَرَابُ يَثْرِبَ، وَخَرَابُ يَثْرِبَ خُرُوجُ الْمَلْحَمَةِ، وَخُرُوجُ الْمَلْحَمَةِ فَتْحُ قُسْطَنْطِينِيَّةَ،

وَفَتْحُ الْقُسْطَنْطِينِيَّةِ خُرُوجُ الدَّجَّالِ»، ثُمَّ ضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى فَخِذِ الَّذِي حَدَّثَهُ، - أَوْ مَنْكِبِهِ - ثُمَّ قَالَ: «إِنَّ هَذَا لَحَقٌّ كَمَا أَنَّكَ هَاهُنَا»، أَوْ «كَمَا أَنَّكَ قَاعِدٌ»، يَعْنِي مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ.

موعازی کوڕی جەبەل ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئاوەدانکرانەوەی بەیتولمەقدیس (بەهۆی ئەوەی خەڵك زۆر ڕووی تێ دەكات)، ئەمە وێرانبوونی مەدینەیە، وێرانبوونی مەدینەش دەرچوونی شەڕ و جەنگە گەورەکەیە، کە شەڕە گەورەکە دەستی پێ کرد فەتحی قوستەنتینییە دەکەن، دوای فەتحی قوستەنتینییەش دەرچوونی دەججالە، دونیا تێك دەچێت»، دوایی پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی موبارەکی کێشای بەڕانی یان شانی ئەوەی قسەکەی بۆ کرد کە موعاز بوو، پێی فەرموو: «ئەمەی بۆت دەگێڕمەوە ڕاستییە و ڕوو دەدات تۆ چۆن ئێستا لێرە دانیشتوویتە هیچ گومانی تێدا نییە»، یان «تۆ لێرەیت، ئەوەیش ئاوا ڕوو دەدات».

بَابٌ فِي تَدَاعِي الْأُمَمِ عَلَى الْإِسْلَامِ

باسێك دەربارەی کۆبوونەوەی ئوممەتان (ی کافر) لەسەر ئیسلام

٧٢٨. عَنْ ثَوْبَانَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يُوشِكُ الْأُمَمُ أَنْ تَدَاعَى عَلَيْكُمْ كَمَا تَدَاعَى الْأَكَلَةُ إِلَى قَصْعَتِهَا»، فَقَالَ قَائِلٌ: وَمِنْ قِلَّةٍ نَحْنُ يَوْمَئِذٍ؟ قَالَ: «بَلْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ كَثِيرٌ، وَلَكِنَّكُمْ غُثَاءٌ كَغُثَاءِ السَّيْلِ، وَلَيَنْزَعَنَّ اللَّهُ مِنْ صُدُورِ عَدُوِّكُمُ الْمَهَابَةَ مِنْكُمْ، وَلَيَقْذِفَنَّ اللَّهُ فِي قُلُوبِكُمُ الْوَهْنَ»، فَقَالَ قَائِلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا الْوَهْنُ؟ قَالَ: «حُبُّ الدُّنْيَا، وَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ».

سەوبان ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «نزیکە ئوممەتان لەسەرتان کۆ ببنەوە بۆ لەناوبردنتان، هەر وەکوو چۆن کەسانێك لەسەر تاسێکی خواردن کۆ

دەبنەوە»، کەسێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئێمە لەو ڕۆژەدا ژمارەمان کەمە؟ فەرمووی: «نەخێر، ئێوە لەم ڕۆژەدا زۆرن، بەڵام وەکوو کەفی سەر دەریان، خوا لاوازی و کەمیی ئێوە لە دڵی دوژمنەکان دەردەکات، خوای گەورە ترس دەخاتە دڵی ئێوە»، یەکێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ترس و لاوازی چییە کە دەیخاتە دڵمانەوە و لاوازمان دەکات؟ فەرمووی: «دونیاتان خۆش دەوێت و ڕقتان لە مردن دەبێت».

بَابٌ فِي الْمَعْقِلِ مِنَ الْمَلَاحِمِ

باسێك دەربارەی پەناگە (ی موسوڵمانان) لە کاتی شەڕە گەورەکە

٧٢٩. عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ فُسْطَاطَ الْمُسْلِمِينَ يَوْمَ الْمَلْحَمَةِ بِالْغُوطَةِ، إِلَى جَانِبِ مَدِينَةٍ يُقَالُ لَهَا: دِمَشْقُ، مِنْ خَيْرِ مَدَائِنِ الشَّامِ».

ئەبو دەرداء ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «قەڵای قایم و بەهێزی کۆمەڵی موسوڵمانان لە ڕۆژی شەڕە گەورەکەدا لە (غوطة) دەبێت، لە نزیك شارێکە پێی دەگوترێت: دیمەشق، کە یەکێکە لە باشترین شارەکانی وڵاتی شام».

بَابُ ارْتِفَاعِ الْفِتْنَةِ فِي الْمَلَاحِمِ

باسی زۆربوونی ئاشووب و ئاژاوە لە کاتی شەڕە گەورەکەدا

٧٣٠. عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَنْ يَجْمَعَ اللَّهُ عَلَى هَذِهِ الْأُمَّةِ سَيْفَيْنِ، سَيْفًا مِنْهَا، وَسَيْفًا مِنْ عَدُوِّهَا».

عەوفی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوا دوو

شمشێر کۆ ناکاتەوە لەسەر ئەم ئوممەتە (ئەمە تایبەتمەندیەتی ئەم ئوممەتەیە) کە شمشێرێك لە خۆیان بێت و شمشێرێك لە دوژمنەکەیان».

بَابُ أَمَارَاتِ السَّاعَةِ

باسی نیشانەکانی دونیا تێکچوون

٧٣١. عَنْ أَبِي زُرْعَةَ ﷺ قَالَ: جَاءَ نَفَرٌ إِلَى مَرْوَانَ بِالْمَدِينَةِ، فَسَمِعُوهُ يُحَدِّثُ فِي الْآيَاتِ: أَنَّ أَوَّلَهَا الدَّجَّالُ، قَالَ: فَانْصَرَفْتُ إِلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، فَحَدَّثْتُهُ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَمْ يَقُلْ شَيْئًا، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ أَوَّلَ الْآيَاتِ خُرُوجًا طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، أَوِ الدَّابَّةُ عَلَى النَّاسِ ضُحًى، فَأَيَّتُهُمَا كَانَتْ قَبْلَ صَاحِبَتِهَا، فَالْأُخْرَى عَلَى أَثَرِهَا». قَالَ عَبْدُ اللَّهِ، وَكَانَ يَقْرَأُ الْكُتُبَ: وَأَظُنُّ أَوَّلَهُمَا خُرُوجًا طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا.

ئەبو زورعە ﷺ دەڵێت: کەسانێك هاتن بۆلای مەڕوانی کوڕی حەکەم (والی بوو) لە مەدینە، باسی نیشانەکانی کۆتاییهاتنی دونیای کرد، گوتی: یەکەم نیشانە دەججالە، دەڵێت: منیش چووم بۆ لای عەبدوڵلای کوڕی عەمر ﷺ بۆم باس کرد، عەبدوڵلا گوتی: مەڕوان هیچی نەگوتووە، (قسەکانی وا نییە، چونکە ئەو صەحابە نەبووە تا فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بگێڕێتەوە، جا گوتی:) گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بووە دەیفەرموو: «یەکەم نیشانە لە نیشانە گەورەکانی قیامەت دەرکەوتن و هەڵاتنی خۆرە لە خۆرئاواوە، یاخود ئاژەڵێکە بە ڕۆژی نیوەڕۆ بە چێشتەنگاو دەردەچێت قسە لەگەڵ خەڵك دەکات، هەر کامێکیان بێت لەمە ئەوەی دیکە یەکسەر بەدوایدا دێت»، لەو کاتەدا عەبدوڵلا کتێبی دەخوێندەوە، گوتی: من پێم وایە یەکەمیان دەرکەوتن و هەڵاتنی خۆرە لە خۆرئاواوە.

٧٣٢. عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ أَسِيدٍ الْغِفَارِيِّ ﵁ قَالَ: كُنَّا قُعُودًا نَتَحَدَّثُ فِي ظِلِّ غُرْفَةٍ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَذَكَرْنَا السَّاعَةَ، فَارْتَفَعَتْ أَصْوَاتُنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَنْ تَكُونَ -أَوْ لَنْ تَقُومَ- السَّاعَةُ حَتَّى يَكُونَ قَبْلَهَا عَشْرُ آيَاتٍ: طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، وَخُرُوجُ الدَّابَّةِ، وَخُرُوجُ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ، وَالدَّجَّالُ، وَعِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ، وَالدُّخَانُ، وَثَلَاثَةُ خُسُوفٍ، خَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ، وَخَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ، وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ، وَآخِرُ ذَلِكَ تَخْرُجُ نَارٌ مِنَ الْيَمَنِ، مِنْ قَعْرِ عَدَنٍ، تَسُوقُ النَّاسَ إِلَى الْمَحْشَرِ».

حوزەیفەی کوڕی ئوسەیدی غیفاری ﵁ دەڵێت: لەژێر سێبەری ژوورێك لە ژوورەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبووین قسەمان دەکرد، باسی قیامەتمان کرد، دەنگمان بەرز بووەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «دونیا تێك ناچێت هەتا دە نیشانە لەپێشیدا نەیەن: هەڵاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، دەرچوونی ئاژەڵێك لە زەوییەوە، هاتنی یەئجووج و مەئجووج، هاتنی دەججال، دابەزینی عیسای کوڕی مەریەم، دووکەڵەکە و سێ ڕۆچوون بە زەویدا، ڕۆچوونێك لە ڕۆژئاوا، ڕۆچوونێك لە ڕۆژهەڵات، ڕۆچوونێك لە دوورگەی عەرەب، دوا نیشانەش ئاگرێکە لەوپەڕی عەدەنەوە دێت کە شارێکە لە یەمەن، خەڵك ڕاودەنێت و بەڕێیان دەکات بەرەو ساحەی مەحشەر (کە دەگوترێت: زەوی شامە)».

٧٣٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا، فَإِذَا طَلَعَتْ وَرَآهَا النَّاسُ آمَنَ مَنْ عَلَيْهَا، فَذَاكَ حِينَ: {لَا يَنفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِن قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا} الأنعام: ١٥٨، الْآيَةَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «دونیا تێك ناچێت هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵنەیەت، جا کاتێك خۆرهەڵات لە خۆرئاواوە خەڵك ببینێت هەمووی

بڕوا دێنن، ئەمیش مانای ئەم ئایەتەیە کە خوا دەفەرموێت: {لَا يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا}، واتە: ئەوکاتە بڕواهێنان سوود بە کەس ناگەیەنێت کە پێشتر بڕوای نەهێنابێت، یان ئەگەر بڕواداریش بێت، بەڵام خراپەکار بێت و تەوبەی نەکردبێت تەوبەکردن سوودی پێ ناگەیەنێت».

بَابٌ فِي حَسْرِ الْفُرَاتِ عَنْ كَنْزٍ

باسێك دەربارەی وشکبوونی فوڕات و دەردەکەوتنی گەنجینەی زێڕ

٧٣٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يُوشِكُ الْفُرَاتُ أَنْ يَحْسِرَ عَنْ كَنْزٍ مِنْ ذَهَبٍ، فَمَنْ حَضَرَهُ فَلَا يَأْخُذْ مِنْهُ شَيْئًا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «نزیکە فوڕات گەنجینەیەك لە ئاڵتوونی لێ دەرکەوێت، هەر کەسێك ئامادە بوو، با هیچی لێ نەبات».

بَابُ خُرُوجِ الدَّجَّالِ

باسی دەرچوونی دەججال

٧٣٥. قَالَ حُذَيْفَةُ ﵁: لَأَنَا بِمَا مَعَ الدَّجَّالِ أَعْلَمُ مِنْهُ، إِنَّ مَعَهُ بَحْرًا مِنْ مَاءٍ، وَنَهَرًا مِنْ نَارٍ، فَالَّذِي تَرَوْنَ أَنَّهُ نَارٌ مَاءٌ، وَالَّذِي تَرَوْنَ أَنَّهُ مَاءٌ نَارٌ، فَمَنْ أَدْرَكَ ذَلِكَ مِنْكُمْ، فَأَرَادَ الْمَاءَ فَلْيَشْرَبْ مِنَ الَّذِي يَرَى أَنَّهُ نَارٌ، فَإِنَّهُ سَيَجِدُهُ مَاءً.

حوزەیفە ﵁ دەڵێت: ئەوەی کە دەججال پێیەتی من لە خۆی شارەزاترم پێی، دەریایەك لە ئاو و ڕووبارێك لە ئاگری پێیە، ئەوەی کە نیشانی ئێوەی دەدا ئاگرە، ئەوە ئاوە، ئەوەیشی واتان نیشان دەدات ئاوە، ئەوە ئاگرە، هەر کەسێك لە ئێوە

گەیشت بە دەججال ویستی لە ئاوەکە بخواتەوە، با لە ئاگرەکە بخواتەوە، ئەوەی کە دەیبینی ئاگرە دەبینی ئەوە ئاوە.

٧٣٦. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَا بُعِثَ نَبِيٌّ إِلَّا قَدْ أَنْذَرَ أُمَّتَهُ الدَّجَّالَ، الْأَعْوَرَ الْكَذَّابَ، أَلَا وَإِنَّهُ أَعْوَرُ، وَإِنَّ رَبَّكُمْ لَيْسَ بِأَعْوَرَ، وَإِنَّ بَيْنَ عَيْنَيْهِ مَكْتُوبًا كَافِرٌ».

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «خوا هیچ پێغەمبەرێکی نەناردووە مەگەر ئوممەتەکەی ئاگادار کردۆتەوە لە دەججالی کوێری درۆزن، ئاگادار بن ئەو چاوێکی کوێرە، پەروەردگاری ئێوە کوێر نییە، لە نێوەڕاستی هەردوو چاوی لە نێوچاوانی نووسراوە کافر».

٧٣٧. عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ سَمِعَ بِالدَّجَّالِ فَلْيَنْأَ عَنْهُ، فَوَاللَّهِ إِنَّ الرَّجُلَ لَيَأْتِيهِ وَهُوَ يَحْسِبُ أَنَّهُ مُؤْمِنٌ فَيَتَّبِعُهُ، مِمَّا يَبْعَثُ بِهِ مِنَ الشُّبُهَاتِ».

عیمرانی کوڕی حوصەین ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك گوێبیستی هاتنی دەججال بوو، با خۆی لێ دوور بخاتەوە (بەرەو لای نەچێت)، سوێند بە خوا گەورە پیاوی وا هەیە دەچێت بۆ لای دەججال، وا گومان دەبات کە بڕوادارە، بەڵام ئەوەندە گومان و شوبهەکانی بەهێزن بڕوای پێ دەکات و شوێنی دەکەوێت».

تێبینی:

دەججال توانایەکی زۆری پێ دراوە لەلایەن خواوە، ئەوەش بۆ تاقیکردنەوەی ئیمانی ئیماندارانە، سیحر دەکات، مردوو زیندوو دەکاتەوە، باران دەبارێنێت، ڕووەك و دانەوێڵە سەوز دەکات، ئەوەی کە بتەوێت دەیکات.

٧٣٨. عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْفِ، عُصِمَ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ».

ئەبو دەرداء ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك دە ئایەت لە سەرەتای سوورەتی کەهف لەبەر بکات، ئەوە دەپارێزرێت لە ئاشووبی دەججال».

بَابُ قِيَامُ السَّاعَةِ

باسی دونیا تێکچوون

٧٣٩. عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ لَا تَعْجِزَ أُمَّتِي عِنْدَ رَبِّهَا أَنْ يُؤَخِّرَهُمْ نِصْفَ يَوْمٍ»، قِيلَ لِسَعْدٍ: وَكَمْ نِصْفُ ذَلِكَ الْيَوْمِ؟ قَالَ: «خَمْسُ مِائَةِ سَنَةٍ».

سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «دەوڵەمەندەکانی ئوممەتم ئومێد دەکەم خوا بێدەسەڵاتیان نەکات، توانای ئەوەیان بداتێ ئارام بگرن ئەو نیو ڕۆژە ڕابوەستن»، (کە نیو ڕۆژ هەژاران پێش دەوڵەمەندان دەچنە بەهەشتەوە)، بە سەعد گوترا: نیو ڕۆژ چەندێکە؟ فەرمووی: «پێنج سەد ساڵە».

كِتَابُ الْحُدُودِ

پەرتووكی سزای تاوانەكان

بَابٌ فِي الْحَدِّ يُشْفَعُ فِيهِ

باسێك دەربارەی تكاكردن لە دەركردنی سزای شەرعی

٧٤٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂: أَنَّ قُرَيْشًا أَهَمَّهُمْ شَأْنُ الْمَرْأَةِ الْمَخْزُومِيَّةِ الَّتِي سَرَقَتْ، فَقَالُوا: مَنْ يُكَلِّمُ فِيهَا؟ - يَعْنِي - رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، قَالُوا: وَمَنْ يَجْتَرِئُ إِلَّا أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ، حِبُّ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ؟ فَكَلَّمَهُ أُسَامَةُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَا أُسَامَةُ، أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ؟». ثُمَّ قَامَ فَاخْتَطَبَ، فَقَالَ: «إِنَّمَا هَلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ، وَإِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الضَّعِيفُ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ، وَايْمُ اللَّهِ، لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ، لَقَطَعْتُ يَدَهَا».

عائیشە ﵂ دەگێڕێتەوە: كاری ئەو ئافرەتە مەخزوومییەی كە دزی كرد، قوڕەیشی خەفەتبار كرد، بۆئەوەی ئابڕوویان نەچێت لەنێو هۆزەكانی دیكەدا (بەنو مەخزووم هۆزێكی گەورەیە لە قوڕەیش)، گوتیان: كێ دەچێت لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ قسە بكات؟ گوتیان: كێ دەوێرێت بڕوات بۆ ئەم بابەتە، جگە لە ئوسامەی كوڕی زەید

خۆشەویستی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ ئوسامە قسەی لەگەڵ کرد (و داوای کرد دەستی نەبڕێتەوە)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەی ئوسامە تۆ هاتوویت تکا دەکەیت بۆ ئەوەی سنوورێك لە سنوورەکانی خوا جێبەجێ نەکرێت»، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵسا وتاری دا، فەرمووی: «ئوممەتانی دیکە خوا بۆیە لەناوی بردوون یەکێك لە هۆکارەکان ئەوە بووە، کاتێك کەسێکی ناودار دزی بکردایە وازیان لێ دەهێنا، وە کاتێك کەسێکی لاواز دزی بکردایە حەددیان بەسەردا جێبەجێ دەکرد، سوێند بە خوای گەورە ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد ﷺ دزی بکات، ئەوە دەستی دەبڕم».

٧٤١. عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَقِيلُوا ذَوِي الْهَيْئَاتِ عَثَرَاتِهِمْ إِلَّا الْحُدُودَ».

عائیشە رضي الله عنها دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «گەورە و خاوەن پێگەکان ئەگەر تووشی هەڵە و ترازانێك بوون، چاوپۆشییان لێ بکەن، جگە لە سزا شەرعییەکان».

٧٤٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ رضي الله عنهما: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «تَعَافُّوا الْحُدُودَ فِيمَا بَيْنَكُمْ، فَمَا بَلَغَنِي مِنْ حَدٍّ فَقَدْ وَجَبَ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە نێوان خۆتاندا ئەگەر کەسێك تاوانی کرد و سزای لەسەر بوو، لە یەکدی خۆش بن، بەڵام ئەگەر بگات بە من، من جێبەجێی دەکەم».

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَعْتَرِفُ بِحَدٍّ وَلَا يُسَمِّيهِ

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی دەڵێت سزام لەسەرە و ناوی سزاکەش ناهێنێت

٧٤٣. عَنْ أَبِي أُمَامَةَ رضي الله عنه: أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ ﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ: إِنِّي أَصَبْتُ

حَدًّا، فَأَقِمْهُ عَلَيَّ، قَالَ «تَوَضَّأْتَ حِينَ أَقْبَلْتَ؟»، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: «هَلْ صَلَّيْتَ مَعَنَا حِينَ صَلَّيْنَا؟»، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: «اذْهَبْ فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَدْ عَفَا عَنْكَ».

ئەبو ئومامە ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من تاوانێکم کردووە تووشی سزای شەرعی بووم، لەسەرم جێبەجێ بکە، فەرمووی: « دەستنوێژت شوشت کە هاتی بۆ ئێرە؟»، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: «ئەی کاتێك ئێمە نوێژی بەکۆمەڵمان کرد لەگەڵمان نوێژت کرد؟»، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: «دە بڕۆ خوا لێت خۆش بووە».

بَابُ مَا يُقْطَعُ فِيهِ السَّارِقُ

باسی ئەو شتەی دەستی دزی لەسەر دەبڕدرێت

٧٤٤. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «تُقْطَعُ يَدُ السَّارِقِ فِي رُبُعِ دِينَارٍ فَصَاعِدًا».

عائیشە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «دەستی دز دەبڕێتەوە لە ڕوبعە دینارێك بەرەو سەرەوە».

٧٤٥. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَطَعَ فِي مِجَنٍّ ثَمَنُهُ ثَلَاثَةُ دَرَاهِمَ.

ئیبن عومەر ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی کەسێکی بڕیەوە کە قەڵغانێکی دزیبوو، نرخەکەی سێ دەرهەم بووە (واتە: ڕوبعە دینارێك بوو).

بَابُ الْقَطْعِ فِي الْخُلْسَةِ وَالْخِيَانَةِ

باسی دەستبڕین لەسەر شت ڕفاندن و خیانەت

٧٤٦. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَيْسَ عَلَى الْمُنْتَهِبِ

قَطْعٌ، وَمَنْ انْتَهَبَ نُهْبَةً مَشْهُورَةً فَلَيْسَ مِنَّا».

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کەسێك کە شتێك دەبات وەکوو تاڵانی و بە بەرچاوی خەڵکەوە دەیبات، ئەوە دەستبڕینی لەسەر نییە، ئەگەر کەسێك شتێکی ئاوا بیات کە نەشاردرابێتەوە، ئەوە لە ئێمە نییە».

بَابٌ فِي الْمَجْنُونِ يَسْرِقُ أَوْ يُصِيبُ حَدًّا

باسێك دەربارەی شێت دزی بکات یان سنوورەکان بشکێنێت

٧٤٧. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثَةٍ: عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الْمُبْتَلَى حَتَّى يَبْرَأَ، وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَكْبُرَ».

دایکمان عائیشە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «قەڵەم لەسەر سێ کەس هەڵگیراوە: نوستوو هەتا بەئاگا دێتەوە، شێت تاکوو چاك دەبێتەوە، منداڵیش هەتا گەورە دەبێت».

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يَسْرِقُ فِي الْغَزْوِ أَيُقْطَعُ؟

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی لە غەزا دزی دەکات، ئایا دەستی دەبڕدرێتەوە؟

٧٤٨. عَنْ جُنَادَةَ بْنِ أَبِي أُمَيَّةَ قَالَ: كُنَّا مَعَ بُسْرِ بْنِ أَرْطَاةَ فِي الْبَحْرِ، فَأُتِيَ بِسَارِقٍ يُقَالُ لَهُ: مِصْدَرٌ، قَدْ سَرَقَ بُخْتِيَّةً، فَقَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «لَا تُقْطَعُ الْأَيْدِي فِي السَّفَرِ، وَلَوْلَا ذَلِكَ لَقَطَعْتُهُ».

جونادەی کوڕی ئەبو ئومەییە دەڵێت: لەگەڵ بوسری کوڕی ئەرتاتدا لە غەزایەك

بووین له دەریا، دزێکیان هێنا ناوی میصدەر بوو، وشترێکی (بوختی) دزیبوو، (وشتری خوڕاسانی مێی ملدرێژە)، بوسر گوتی: گوێم له پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «دەستی دز له سەفەردا نابڕدرێت، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە دەستیم دەبڕی».

بَابٌ فِي الرَّجْمِ

باسێك دەربارەی بەردبارانکردن

٧٤٩. عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «خُذُوا عَنِّي، خُذُوا عَنِّي، قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً: الثَّيِّبُ بِالثَّيِّبِ جَلْدُ مِائَةٍ وَرَمْيٌ بِالْحِجَارَةِ، وَالْبِكْرُ بِالْبِكْرِ جَلْدُ مِائَةٍ وَنَفْيُ سَنَةٍ».

عوبادەی کوڕی صامیت ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لێم وەربگرن، لێم وەربگرن خوا ڕێی بۆ دۆزینەوە، (بۆ ئەو ئافرەتانەی خوا لەبارەیانەوە فەرموویەتی: {حَتَّى يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً} النساء: ١٥)، پیاوی هاوسەردار و ئافرەتی هاوسەردار و کوڕی گەنج و کچی گەنج (هیی زیناکار) پێکەوە سزا دەدرێن، پیاو و ئافرەتی هاوسەردار یەکی سەد قامچییان لێ دەدرێت، دواییش بەردباران دەکرێن (تاکوو دەمرن)، کوڕ و کچی (بێهاوسەر)یش یەکی سەد قامچییان لێ دەدرێت و ساڵێکیش دوور دەخرێنەوە.

٧٥٠. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﵄ قَالَ: جَاءَ مَاعِزُ بْنُ مَالِكٍ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَاعْتَرَفَ بِالزِّنَا مَرَّتَيْنِ، فَطَرَدَهُ، ثُمَّ جَاءَ فَاعْتَرَفَ بِالزِّنَا مَرَّتَيْنِ، فَقَالَ: «شَهِدْتَ عَلَى نَفْسِكَ أَرْبَعَ مَرَّاتٍ، اذْهَبُوا بِهِ فَارْجُمُوهُ».

ئیبن عەبباس ﵄ دەڵێت: ماعیزی کوڕی مالیك هات بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ دوو

جار دانی پێدا هێنا کە زینام کردووە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەریکرد، دوایی هاتەوە دوو جاری دیکە دانی پێدا نا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەوە چوار جار شایەتی لەسەر خۆت بدەیت، بیبەن سزای شەرعیی لەسەر جێبەجێ بکەن».

٧٥١. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لِمَاعِزِ بْنِ مَالِكٍ: «لَعَلَّكَ قَبَّلْتَ، أَوْ غَمَزْتَ، أَوْ نَظَرْتَ؟»، قَالَ: لَا، قَالَ: «أَفَنِكْتَهَا؟»، قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَعِنْدَ ذَلِكَ أَمَرَ بِرَجْمِهِ.

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ بە ماعیزی کوڕی مالیك دەفەرموێت: «لەوانەیە ماچت کردبێت، لەوانەیە دەستت لێ دابێت، لەوانەیە تەماشات کردبێت» (هەر بۆئەوەی بڕوات، بگەڕێرەوە زینات نەکردووە با حەددی خوات لەسەر جێبەجی نەکەین، پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی نەدەکرد حەد لە کەس دەربکات)، هەر دەیگوت: نەخێر، (ئەمیش دەیزانی تاوانی کردووە و دەیویست لە دونیا پاك بێتەوە پێش قیامەت)، فەرمووی: «ئەی لەگەڵی جووت بوویت؟»، گوتی: بەڵێ، فەرمووی: دوای ئەوە فەرمانی کرد کە سزای شەرعیی لەسەر جێبەجێ بکرێت.

بَابٌ فِيمَنْ عَمِلَ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ

باسێك دەربارەی ئەو کەسەی کردەوەی قەومی لووطی کردووە (نێربازی)

٧٥٢. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ وَجَدْتُمُوهُ يَعْمَلُ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ، فَاقْتُلُوا الْفَاعِلَ، وَالْمَفْعُولَ بِهِ».

ئیبن عەبباس رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێکتان بینی کردەوەی قەومی لووط دەکات، بکەر و لەگەڵکراو هەردووکیان بکوژن».

تێبینی:

جێبەجێکردنی ئەم سزا شەرعییانە کاری دەسەڵات و دەوڵەتە، نەك تاك، بۆیە بە هیچ جۆرێك نابێت تاك تاکی کۆمەڵگا هەڵسن بە جێبەجێکردنی سزا شەرعییەکان، ئەگەرنا فەوزا و ئاژاوە لەنێو کۆمەڵگا دروست دەبێت.

بَابٌ إِذَا أَقَرَّ الرَّجُلُ بِالزِّنَا، وَلَمْ تُقِرَّ الْمَرْأَةُ

باسێك دەربارەی ئەوەی کاتێك پیاو دان دەنێت
بە زینا و ژنەکەش دانی پێدا نانێت

٧٥٣. عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ رَجُلاً أَتَاهُ فَأَقَرَّ عِنْدَهُ أَنَّهُ زَنَى بِامْرَأَةٍ سَمَّاهَا لَهُ، فَبَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِلَى الْمَرْأَةِ، فَسَأَلَهَا عَنْ ذَلِكَ، فَأَنْكَرَتْ أَنْ تَكُونَ زَنَتْ، فَجَلَدَهُ الْحَدَّ وَتَرَكَهَا.

سەهلی کوڕی سەعد ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ دانی نا بەوەی کە زینای کردووە لەگەڵ ئافرەتێکدا و ناوی ئافرەتەکەشی هێنا، پێغەمبەری خوا ﷺ یەکێکی نارد بۆلای ئافرەتەکە پرسیاری کرد (ئایا تۆ لەگەڵ ئەم پیاوە زینات کردووە)؟ نکووڵی کرد کە زینای کردبێت، جەڵدی لە پیاوەکە دا، بەڵام وازی لە ئافرەتەکە هێنا (لەبەر ئەوەی مادام شایەت نییە و خۆیشی دانی پێدا نانێت، ناچار وازی لێ دەهێنرێت، نێوان خۆی و خوای گەورە).

بَابٌ فِي الرَّجُلِ يُصِيبُ مِنَ الْمَرْأَةِ دُونَ الْجِمَاعِ، فَيَتُوبُ قَبْلَ أَنْ يَأْخُذَهُ الْإِمَامُ

باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی ژنێك ماچ بكات و جووت نەبێت و تەوبە بكات پێش ئیمام بیگرێت

٧٥٤. قَالَ عَبْدُ اللَّهِ ﷺ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: إِنِّي عَالَجْتُ امْرَأَةً مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ، فَأَصَبْتُ مِنْهَا مَا دُونَ أَنْ أَمَسَّهَا، فَأَنَا هَذَا، فَأَقِمْ عَلَيَّ مَا شِئْتَ، فَقَالَ عُمَرُ: قَدْ سَتَرَ اللَّهُ عَلَيْكَ لَوْ سَتَرْتَ عَلَى نَفْسِكَ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ النَّبِيُّ ﷺ شَيْئًا، فَانْطَلَقَ الرَّجُلُ، فَأَتْبَعَهُ النَّبِيُّ ﷺ رَجُلًا، فَدَعَاهُ، فَتَلَا عَلَيْهِ، ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ﴾ هود:١١٤، إِلَى آخِرِ الْآيَةِ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَهُ خَاصَّةً أَمْ لِلنَّاسِ كَافَّةً؟ فَقَالَ: «لِلنَّاسِ كَافَّةً».

عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێت: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: من لە ئافرەتێك نزیك بوومەتەوە هەموو شتێکم لەگەڵی کردووە جگە لە زینا، لە شوێنێکی دوور لە مەدینە، ئێستا من لەبەر دەستتدام چۆن ویستت لێیە سنووری خوای گەورەم بەسەردا جێبەجێ بکە (من ئامادەم و پابەندم)، عومەر ﷺ گوتی: خوای گەورە بۆتی داپۆشیوە بۆ خۆت لەسەر خۆتی داناپۆشیت (برۆ لە نێوان خۆت و خوا تەوبە بکە)، پێغەمبەر ﷺ وەڵامی نەدایەوە، پیاوەکە دوایی ڕۆیشت، پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی بەدوادا نارد بانگی کرد ئەم ئایەتەی بەسەردا خوێندەوە: ﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ﴾، واتە: نوێژ بکە لە هەردوو لای ڕۆژەوە[1]، تا کۆتایی ئایەتەکە، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمە تایبەت بۆ ئەوە، یان بۆ هەموو

(١) هەردوولا دەگوترێت: لای یەکەمی بەیانییە نوێژی ڕۆژ، لای دووەمیشی نیوەڕۆ و عەسرە، زولەفیش لە شەودا مەغریب و عیشایە، واتە هەر پێنج نوێژە فەرزەکان بکە لەبەر ئەوەی چاکە خراپەکە دەسڕێتەوە، واتە تۆ ئەگەر ئەو شتەشت کردووە کە نوێژت کردووە لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو تاوانانەت، واتە حەددی لەسەر نییە.

خەڵکە؟ فەرمووی: « (ئەم حوکمە) بۆ تێکڕای خەڵکە».

بَابُ الْحَدِّ فِي الْخَمْرِ

باسی دەرکردنی سزای شەرعی لەسەر مەیخۆر

٧٥٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أُتِيَ بِرَجُلٍ قَدْ شَرِبَ، فَقَالَ: «اضْرِبُوهُ»، قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: فَمِنَّا الضَّارِبُ بِيَدِهِ، وَالضَّارِبُ بِنَعْلِهِ، وَالضَّارِبُ بِثَوْبِهِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ، قَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: أَخْزَاكَ اللَّهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَقُولُوا هَكَذَا، لَا تُعِينُوا عَلَيْهِ الشَّيْطَانَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پیاوێکیان هێنا بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ عارەقی خواردبووەوە، فەرمووی: «لێی بدەن»، ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: هەبوو بە دەست لێی دەدا، هەبوو بە نەعلەکەی لێی دەدا، هەبوو بە پۆشاکەکەی لێی دەدا، کاتێك کە لە لێدانەکەی بوونەوە، هەندێك لەو کەسانەی لەوێ بوون گوتیان: ئەی خوا ڕیسوات بکات، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «وا مەڵێن، یارمەتیدەری شەیتان مەبن بەسەریدا (لەبەر ئەوەی شەیتان تاوانی بۆ دەڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی سەرشۆڕی بکات، ئێوەش ئەگەر دوعای سەرشۆڕیی لێ بکەن، وەك ئەوە وایە یارمەتی شەیتانتان دابێت بەسەر براکەتاندا)».

بَابُ إِذَا تَتَابَعَ فِي شُرْبِ الْخَمْرِ

باسێك دەربارەی کەسی ئالوودەبوو بە مەیخواردنەوە

٧٥٦. عَنْ عَلِيٍّ ﵁ قَالَ: لَا أَدِي - أَوْ مَا كُنْتُ لِأَدِيَ - مَنْ أَقَمْتُ عَلَيْهِ حَدًّا، إِلَّا

شَارِبَ الْخَمْرِ، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ لَمْ يَسُنَّ فِيهِ شَيْئًا، إِنَّمَا هُوَ شَيْءٌ قُلْنَاهُ نَحْنُ.

عەلی ﷺ دەڵێت: دیه و خوێنی هیچ کەسێك نادەم کە حەددی بەسەردا جێبەجێ بکەم، مەگەر کەسێك جەڵدی لێ بدەم لەبەر مەیخواردنەوە و بمرێت، ئەوە خوێنەکەی دەدەم، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی لەمەیان بە سوننەت دانەناوە (یانی زیاد لە چل، مەبەستی ئەوەیە ئەگەرنا فەرموودەکان هەیە پێغەمبەری خوا ﷺ جەڵدەی داوە و فەرمانیشی کردووە)، (بەڵکوو هەشتاکە) شتێکە کە ئێمە گوتوومانە (پێشەوا عومەر هەشتاکەی کردووە لەبەر ئەو حیکمەتە).

بَابٌ فِي التَّعْزِيرِ

باسێك دەربارەی تەمبێکردن

٧٥٧. عَنْ أَبِي بُرْدَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ يَقُولُ: «لَا يُجْلَدُ فَوْقَ عَشْرِ جَلَدَاتٍ إِلَّا فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ ﷻ».

ئەبو بوردە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «ئەگەر کەسێك سنوورێك لە سنوورەکانی خوای بەزاندبێت، ئەگەرنا کەس لە دە جەڵد زیاتری لێ نادرێت (وەکوو تەمبێکردن)».

كِتَابُ الدِّيَاتِ

پەرتووکی خوێنبایی

بَابُ الْإِمَامِ يَأْمُرُ بِالْعَفْوِ فِي الدَّمِ

باسی ئەوە کە دەسەڵاتدار داوا دەکات بە لێبووردنی (تاوانبار) کە کەسێکی کوشتووە

٧٥٨. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ قَالَ: مَا رَأَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ رُفِعَ إِلَيْهِ شَيْءٌ فِيهِ قِصَاصٌ، إِلَّا أَمَرَ فِيهِ بِالْعَفْوِ.

ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ دەڵێت: نەمبینیوە پێغەمبەر ﷺ لە تۆڵەسەندنەوەدا هیچ شتێکی بۆلا بەرز بکرێتەوە، مەگەر فەرمانی کردووە بە لێخۆشبوونی.

بَابُ يُقَادُ مِنَ الْقَاتِلِ

باسی تۆڵەکردنەوە لە بکوژ

٧٥٩. عَنْ أَنَسٍ ﷺ: أَنَّ جَارِيَةً وُجِدَتْ قَدْ رُضَّ رَأْسُهَا بَيْنَ حَجَرَيْنِ، فَقِيلَ لَهَا:

مَنْ فَعَلَ بِكِ هَذَا؟ أَفُلَانٌ؟ أَفُلَانٌ؟ حَتَّى سُمِّيَ الْيَهُودِيُّ، فَأَوْمَتْ بِرَأْسِهَا، فَأُخِذَ الْيَهُودِيُّ، فَاعْتَرَفَ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ يُرَضَّ رَأْسُهُ بِالْحِجَارَةِ.

ئەنەس ﷺ دەگێڕێتەوە: کیژۆڵەیەکی بچووك بینرایەوە سەری لە نێوان دوو بەرددا شکێندرابوو، پێی گوترا: کێ وای لێ کردیت؟ ئایا فڵانە کەس بوو، ئایا فڵانە کەس بوو؟ تا ناوی جوولەکەیەکیان هێنا فڵانی جوولەکە وای لێ کردوویت؟ بە سەری ئاماژەی کرد جوولەکەکەیان هێنا، (پاش ئەوەی) دانی پێدا نا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد سەری بخەنە نێوان دوو بەردەوە.

بَابُ دِيَاتِ الْأَعْضَاءِ

باسی خوێنبایی ئەندامەکانی لەش (چەندە؟)

٧٦٠. عَنْ أَبِي مُوسَى ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْأَصَابِعُ سَوَاءٌ عَشْرٌ عَشْرٌ مِنَ الْإِبِلِ».

ئەبو مووسا ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «پەنجەکان یەکسانن (پەنجەی دەست بێت، یان پێ بێت، تەنانەت ئەگەر پەنجە بچووکەکانیش بێت)، هەر یەکێك لەوانە ئەگەر ببڕدرێتەوە خوێنباییەکەی دە وشترە».

٧٦١. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «الْأَصَابِعُ سَوَاءٌ، وَالْأَسْنَانُ سَوَاءٌ، الثَّنِيَّةُ وَالضِّرْسُ سَوَاءٌ، هَذِهِ وَهَذِهِ سَوَاءٌ».

ئیبن عەبباس ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «پەنجەکان هەموویان یەکسانن، ددانەکانیش دووانەکان یان خرێنەکان یەکسانن، ئەوە و ئەوەش یەکسانن (پەنجەی گەورە و پەنجەی گچکە)».

٧٦٢. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ: أَنَّ امْرَأَتَيْنِ مِنْ هُذَيْلٍ قَتَلَتْ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى

وَلِكُلِّ وَاحِدَةٍ مِنْهُمَا زَوْجٌ وَوَلَدٌ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ دِيَةَ الْمَقْتُولَةِ عَلَى عَاقِلَةِ الْقَاتِلَةِ، وَبَرَّأَ زَوْجَهَا وَوَلَدَهَا، قَالَ: فَقَالَ عَاقِلَةُ الْمَقْتُولَةِ: مِيرَاثُهَا لَنَا؟ قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا، مِيرَاثُهَا لِزَوْجِهَا وَوَلَدِهَا».

جابیری کوڕی عەبدوڵلا ﵁ دەگێڕێتەوە: دوو ئافرەت لە هوزەیل یەکێکیان ئەوەی دیکەی کوشت، هەر یەکێك لەوانە مێردی هەبوو منداڵیشی هەبووە، پێغەمبەری خوا ﷺ خوێنبایی کوژراوەکەی خستە سەر کەسوکاری بکوژەکە، مێردەکەی و منداڵەکەی تەبرئە کرد لەوەی کە خوێنبایی بدەن (خوێنبایی ناکەوێتە سەر مێرد و منداڵەکەی، دەکەوێتە سەر کەسوکاری ئافرەتەکە)، کەسوکاری کوژراوەکەش گوتیان: میراتی ئەمە بۆ ئێمەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «نەخێر، میراتەکەی بۆ کوڕ و مێردەکەیەتی».

بَابٌ فِيمَنْ تَطَبَّبَ بِغَيْرِ عِلْمٍ فَأَعْنَتَ

باسێك دەربارەی کەسێك بەبێ زانیاری خۆی بکات بە پزیشك و زیان لە نەخۆشەکە بدات

٧٦٣. عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ تَطَبَّبَ، وَلَا يُعْلَمُ مِنْهُ طِبٌّ، فَهُوَ ضَامِنٌ».

عەمری کوڕی شوعەیب، لە باوکیەوە، لە باپیریەوە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك خۆی بکات بە پزیشك و چارەسەری خەڵکی بکات و نەزانرێت کە ئەمە پزیشکە و شارەزایی هەیە (هەر زەرەرێکی لە نەخۆشێك دا)، ئەوە زەمانە (و دەبێت بۆی ببژێرێت و خوێنباییەکەی لێ دەسەنرێت)».

كِتَابُ السُّنَّةِ

پەرتووکی سوننەت

بَابُ شَرْحِ السُّنَّةِ

باسی ڕاڤەکردنی سوننەت

٧٦٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً، وَتَفَرَّقَتِ النَّصَارَى عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً، وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً».

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «جوولەکە بوونە حەفتا و یەك، یان حەفتا و دوو کۆمەڵەوە، گاورەکانیش بوونە حەفتا و یەك، یان حەفتا و دوو کۆمەڵەوە، ئوممەتی منیش دەبێتە حەفتا و سێ کۆمەڵ».

تێبینی:

ئەم فەرموودەیە هەموو کەس مافی ئەوەی نییە بە ئارەزووی خۆی و بۆ سەرخستنی بیروباوەڕ و گرووپی خۆی بەکاری بێنێت و پێی وا بێت گرووپەکانی دیکەی

موسوڵمانان لەو حەفتا و سێ کۆمەڵەیەن، چونکە گومانی تێدا نییە موسوڵمان بە هەر ناوێك بن مادام ئەهلی قیبلە بن و لە چوارچێوەی ئیسلامدا بن، هەموویان بە یەك کۆمەڵ هەژمار دەکرێن.

بَابٌ فِي لُزُومِ السُّنَّةِ

باسێك دەربارەی پابەندبوون بە سوننەتەوە

٧٦٥. عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي رَافِعٍ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ يَأْتِيهِ الْأَمْرُ مِنْ أَمْرِي مِمَّا أَمَرْتُ بِهِ أَوْ نَهَيْتُ عَنْهُ فَيَقُولُ لَا نَدْرِي مَا وَجَدْنَا فِي كِتَابِ اللَّهِ اتَّبَعْنَاهُ».

عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەبو ڕافیع، لە باوکیەوە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «با کەسی وا نەبینم پاڵی دابێتەوە لەسەر لایەکانی و لەسەر جێگای ڕازاوە، فەرمانی بۆ بێت لەو شتانەی کە من فەرمانم پێ کردووە لە کاروباری دیندا، یان لەوەی کە من ڕێگریم لێ کردووە، بڵێت: نازانم شتی وام نەبیستووە ئێمە ئەوەی لە قورئاندا هەبێت شوێن قورئان دەکەوین (شوێن سوننەت ناکەوین)».

٧٦٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «أَلَا هَلَكَ الْمُتَنَطِّعُونَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ».

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئاگادار بن ئەوانەی کە ڕۆدەچن لە شتدا، زێدەڕۆیی دەکەن (سنوور دەبەزێنن لە وتە و لە کردەوەدا)، ئەوانە تیا چوون».

تێبینی:

مەبەست قووڵبوونەوە و زێدەڕۆیی لە شتی پووچ، کە ئەو کەسە تەکلیفی ئەوەی لێ

نەکراوە، ئەگەرنا مەبەستی ئەوە نییە مرۆڤ بیر لە هیچ نەکاتەوە و بەدوای حیکمەت و زانیاری ورددا نەگەڕێت، نەخێر، ئەوە فەرمانی پێ کراوە کە ئەنجام بدرێت.

بَابُ مَنْ دَعَا إِلَى السُّنَّةِ

باسی ئەو کەسەی بانگەوازی خەڵك بکات بۆ ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ

٧٦٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الْأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا، وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلَالَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الْإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ تَبِعَهُ لَا يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك خەڵکی بەرەو هیدایەت بانگ بکات، بەئەندازەی هەموو ئەوانەی کە شوێنی کەوتوون پاداشتی هەیە، بێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەوانیش کەم ببێتەوە، هەر کەسێك خەڵکی بەرەو گومڕایی بانگ بکات، ئەوە بەئەندازەی هەموو ئەوانەی شوێنی کەوتوون گوناهی هەیە، بێ ئەوەی هیچ لە گوناهی ئەوانیش کەم ببێتەوە».

تێبینی:

واتە: هەر کەسێك بەرچاوی خەڵکی ڕوون بکاتەوە بەرانبەر بە بەرنامەی خوا، هەروەها خەڵکی فێری زانست و زانیاری بکات، ئەوە پاداشتی ئەوانەشی بۆ دێت کە شوێنی دەکەون، بێ ئەوەی لە پاداشتی خۆیان کەم ببێتەوە، پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوەیە.

٧٦٨. عَنْ سَعْدٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ أَعْظَمَ الْمُسْلِمِينَ فِي الْمُسْلِمِينَ جُرْمًا، مَنْ سَأَلَ عَنْ أَمْرٍ لَمْ يُحَرَّمْ فَحُرِّمَ عَلَى النَّاسِ، مِنْ أَجْلِ مَسْأَلَتِهِ».

سەعد ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «گەورەترین تاوانباری موسوڵمانان کەسێکە کە پرسیار لە شتێك بکات کە حەرام نەکرابێت بەهۆی پرسیارەکەی ئەوەوە لەسەر خەڵك حەرام بکرێت».

تێبینی:

ئەم فەرموودەیە بۆ کاتی ڕۆژگاری پێغەمبەری خوایە ﷺ کە ئایەت دادەبەزی، ئێستا حەڵاڵ و حەرام کۆتایی هاتووە، بەڵام ئەو کاتە ئەگەر کەسێك پرسیاری کردبێت لە شتێك و بەهۆی ئەوەوە ئەو شتە حەرام کرابێت، ئەوە تاوانێکی گەورەی بەرانبەر موسوڵمانان ئەنجام داوە، بەڵام ئەو پرسیارانەی سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی ئایینە و صەحابە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردووە ئەوە ناگرێتەوە، بەڵام پرسیارێکە بۆ ڕۆچوون و زێدەڕۆییە لە شتێکدا پێویست نییە، هەر زۆر پرسیار دەکات هەتا شتەکە حەرام دەبێت، بەبێ ئەوەی پێویست بێت و گرینگ بێت ئەوە دەیگرێتەوە.

بَابٌ فِي الْخُلَفَاءِ

باسێك دەربارەی جێنشینەکان

٧٦٩. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ذَاتَ يَوْمٍ: «مَنْ رَأَى مِنْكُمْ رُؤْيَا؟». فَقَالَ رَجُلٌ: أَنَا، رَأَيْتُ كَأَنَّ مِيزَانًا نَزَلَ مِنَ السَّمَاءِ فَوُزِنْتَ أَنْتَ وَأَبُو بَكْرٍ فَرَجَحْتَ أَنْتَ بِأَبِي بَكْرٍ، وَوُزِنَ عُمَرُ وَأَبُو بَكْرٍ، فَرَجَحَ أَبُو بَكْرٍ، وَوُزِنَ عُمَرُ وَعُثْمَانُ، فَرَجَحَ عُمَرُ ثُمَّ رُفِعَ الْمِيزَانُ، فَرَأَيْنَا الْكَرَاهِيَةَ فِي وَجْهِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ.

ئەبو بەکرە ﷺ دەگێڕێتەوە: ڕۆژێك پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «کێ لە ئێوە خەونێکی بینیوە؟»، پیاوێك گوتی: من، (گوتی:) بینیم لە ئاسمانەوە شتێك وەکوو تەرازوو دابەزی، ئیدی جەنابت و ئەبو بەکر کێشران، تۆ لە سەرووی ئەوەوە بوویت، هەروەها عومەر

و ئەبو بەکر کێشران، ئەبو بەکر قورستر بوو، عومەر و عوسمان کێشران، عومەر قورستر بوون، پاشان تەرازووەکە هەڵگیرایەوە، لەو کاتەدا بە ڕوخساری زانیمان کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێیناخۆش بوو. (پێدەچێت مەبەستی ئەوە بووبێت کە خیلافەتی بێ کێشە و گیروگرفت زوو کۆتایی دێت، بۆیە پێیناخۆش بووە).

٧٧٠. عَنْ سَفِينَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «خِلَافَةُ النُّبُوَّةِ ثَلَاثُونَ سَنَةً، ثُمَّ يُؤْتِي اللَّهُ الْمُلْكَ مَنْ يَشَاءُ، أَوْ مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ».

سەفینە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خیلافەت لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرایەتی سی (٣٠) ساڵە، پاشان خوای گەورە موڵك بە هەر کەسێك دەدات کە ویستی لێ بێت».

تێبینی:

سی (٣٠) ساڵەکە:

جێنشینایەتی پێشەوا ئەبو بەکر ﷺ: (٢) ساڵ و (٣) مانگ و (١٠) ڕۆژ بووە.

جێنشینایەتی پێشەوا عومەر ﷺ: (١٠) ساڵ و (٥) مانگ و (٢١) ڕۆژ بووە.

جێنشینایەتی پێشەوا عوسمان ﷺ: (١١) ساڵ و (١١) مانگ و (٩) ڕۆژ بووە.

جێنشینایەتی پێشەوا عەلی ﷺ: (٤) ساڵ و (٩) مانگ و (٧) ڕۆژ بووە.

جێنشینایەتی پێشەوا حەسەنیش نزیکەی (٧) مانگ، ئەمە هەمووی سی (٣٠) ساڵ و چەند مانگێك دەکات، ئەمە جێنشینایەتی پێغەمبەرایەتی ﷺ بووە.

بَابٌ فِي فَضْلِ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ

باسێك دەربارەی پێگە و گەورەیی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ

٧٧١. عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ ؓ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «خَيْرُ أُمَّتِي الْقَرْنُ الَّذِينَ بُعِثْتُ فِيهِمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، -وَاللَّهُ أَعْلَمُ أَذَكَرَ الثَّالِثَ أَمْ لَا-، ثُمَّ يَظْهَرُ قَوْمٌ يَشْهَدُونَ، وَلَا يُسْتَشْهَدُونَ، وَيَنْذِرُونَ، وَلَا يُوفُونَ، وَيَخُونُونَ، وَلَا يُؤْتَمَنُونَ، وَيَفْشُو فِيهِمُ السِّمَنُ».

عیمرانی کوڕی حوصەین ؓ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «باشترینی ئوممەتەکەم ئەوانەن کە من تێیاندا نێردراوم، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان، ئنجا ئەوانەی دوای ئەوان، -خوا زاناترە نازانم سێیەمی باس کرد یان نا-، پاشان کەسانێك پەیدادە بن شایەتی دەدەن بێ ئەوەی داوای شایەتییان لێ بکرێت[١]، نەزر دەکەن و جێبەجێی ناکەن و ناپاکی دەکەن و دەستپاك نین، قەڵەوی تیایاندا دەردەکەوێت».

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنْ سَبِّ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ

٧٧٢. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ ؓ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَسُبُّوا أَصْحَابِي، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنْفَقَ أَحَدُكُمْ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ وَلَا نَصِيفَهُ».

ئەبو سەعید ؓ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «جنێو مەدەن بە هاوەڵانم، سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر یەکێك لە ئێوە بەئەندازەی کێوی

(١) بەڵام ڕیوایەتی دیکە کە دەفەرموێت: باشترین شایەت ئەوەیە کە شایەتی دەدات پێش ئەوەی داوای لێ بکرێت، ئەمە بۆ ئەوەیە هەقێك نەفەوتێت، بەڵام ئەمیان شتەکە زانراوە داوای لێ نەکراود لەخۆیەوە شایەتی دەدات.

ئوحود ئاڵتوون ببەخشێت، ناگاتە ئەوەی ئەوان کە مشتێك، یان نیو مشت ببەخشن».

بَابُ مَا يَدُلُّ عَلَى تَرْكِ الْكَلَامِ فِي الْفِتْنَةِ

باسی ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر (پەسندی) بێدەنگبوون لە کاتی ئاشووبدا

٧٧٣. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِلْحَسَنِ بْنِ عَلِيٍّ: «إِنَّ ابْنِي هَذَا سَيِّدٌ، وَلَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يُصْلِحَ بِهِ بَيْنَ فِئَتَيْنِ مِنَ الْمُسْلِمِينَ عَظِيمَتَيْنِ».

ئەبو بەكرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بە حەسەنی كوڕی عەلی ﷺ فەرموو: «ئەم كوڕەی من پیاوێكی گەورەی لێ دەردەچێت و ئومێد دەكەم خوای گەورە چاكسازی و ئاشتەوایی بكات لەسەر دەستی ئەم لە نێوان دوو كۆمەڵی گەورە لە موسوڵمانان».

بَابٌ فِي الْقَدَرِ

باسێك دەربارەی قەدەر

٧٧٤. عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ ﷺ قَالَ: قِيلَ لِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَعُلِمَ أَهْلُ الْجَنَّةِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ؟ قَالَ: «نَعَمْ»، قَالَ: فَفِيمَ يَعْمَلُ الْعَامِلُونَ؟ قَالَ: «كُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ».

عیمڕانی كوڕی حوصەین ﷺ دەڵێت: پرسیار كرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا دەزانرێت كێ بەهەشتییە و كێ دۆزەخییە؟ فەرمووی: «بەڵێ»، (یەكێك) گوتی: ئیدی خەڵك بۆ كار دەكات؟ فەرمووی: «هەموو كەسێك بۆچی دروست كرابێت، كردەوەی ئەو شوێنەی بۆ ئاسان كراوە».

بَابٌ فِي ذَرَارِيِّ الْمُشْرِكِينَ

باسێك دەربارەی منداڵی هاوبەشدانەران

٧٧٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «كُلُّ مَوْلُودٍ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ، كَمَا تَنَاتَجُ الْإِبِلُ مِنْ بَهِيمَةٍ جَمْعَاءَ، هَلْ تُحِسُّ مِنْ جَدْعَاءَ؟»، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَفَرَأَيْتَ مَنْ يَمُوتُ وَهُوَ صَغِيرٌ؟ قَالَ: «اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا عَامِلِينَ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەموو منداڵێک لەسەر سروشتی خواپەرستی و خواناسی لەدایک دەبێت، دوایی دایک و باوکی دەیکەنە جوولەکە، یان دەیکەنە نەسرانی، (یان دەیکەنە ئاگرپەرست)، (وێنە دێنێتەوە و دەفەرموێت:) وەک چۆن بەچکەی ئاژەڵ کە لەدایک دەبێت، بەسەلامەتی لەدایک دەبێت، ئایا هیچ دەبینن گوێی بڕابێت، یاخود داخ کرابێت؟ (نەخێر، بەڵکوو دوایی مرۆڤ دەستکاری دەکات)»، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵمان پێ بدە بە حاڵی ئەو منداڵانە کە بە بچووکی دەمرن سەرەنجامیان چییە؟ فەرمووی: «خوا زاناترە داخۆ (ئەگەر گەورە بوونایە) چ کردەوەیەکیان دەکرد».

بَابٌ فِي الرُّؤْيَةِ

باسێك دەربارەی بینینی خوا لە ڕۆژی دوایی

٧٧٦. عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﵁ قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ جُلُوسًا، فَنَظَرَ إِلَى الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ لَيْلَةَ أَرْبَعَ عَشْرَةَ، فَقَالَ: «إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا لَا تُضَامُّونَ فِي رُؤْيَتِهِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ لَا تُغْلَبُوا عَلَى صَلَاةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ

وَقَبْلَ غُرُوبِهَا فَافْعَلُوا»، ثُمَّ قَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ: «{فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا} طه: ١٣٠».

جەریری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشتبووین، تەماشای مانگی چواردەی کرد، فەرمووی: «ئێوە پەروەردگارتان دەبینن (لە ڕۆژی قیامەتدا) هەر وەکوو چۆن ئەم مانگە دەبینن کە پێویستتان بە قەرەباڵغیکردن نییە، ئەگەر توانیتان شەیتان بەسەرتاندا زاڵ نەبێت بۆ نوێژی بەیانی و نوێژی عەسر، ئەم نوێژانە لە سەرەتای کاتەکەیدا بکەن»، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: «{فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا}، واتە: خوا بەپاك بگرە و سوپاس و ستاییشی بکە (واتە: نوێژ بکە) لەپێش خۆهەڵاتن و لەپێش خۆرئاوابوون».

بَابٌ فِي الْقُرْآنِ

باسێك دەربارەی قورئان

٧٧٧. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَعْرِضُ نَفْسَهُ عَلَى النَّاسِ فِي الْمَوْقِفِ، فَقَالَ: «أَلَا رَجُلٌ يَحْمِلُنِي إِلَى قَوْمِهِ، فَإِنَّ قُرَيْشًا قَدْ مَنَعُونِي أَنْ أُبَلِّغَ كَلَامَ رَبِّي».

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی پیشانی خەڵکی دەدا لە مەوقیفدا (شوێنێکە لە مەککە)، فەرمووی: «ئایا پیاوێك هەیە بمباتەوە بۆ لای قەومەکەی پەنام بدات، لەبەر ئەوەی قورەیش ڕێگریم لێ دەکەن فەرمایشتی پەروەردگارم بگەیەنم».

بَابٌ فِي الشَّفَاعَةِ

باسێك دەربارەی تكاكردن (الشفاعة)

٧٧٨. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «شَفَاعَتِي لِأَهْلِ الْكَبَائِرِ مِنْ أُمَّتِي».

ئەنەسی كوڕی مالیك ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «تكاكاریی من (لە قیامەتدا) ئەوانەش دەگرێتەوە كە گوناهی گەورەیان هەیە».

٧٧٩. عَنْ جَابِرٍ ﷺ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ يَأْكُلُونَ فِيهَا وَيَشْرَبُونَ».

جابیر ﷺ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: «بەهەشتییەكان لە بەهەشتدا دەخۆن و دەخۆنەوە».

بَابٌ فِي ذِكْرِ الْبَعْثِ وَالصُّورِ

باسێك دەربارەی زیندووبوونەوە و فووكردن بە كەڕەنادا

٧٨٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «كُلُّ ابْنِ آدَمَ تَأْكُلُ الْأَرْضُ، إِلَّا عَجْبَ الذَّنَبِ مِنْهُ خُلِقَ وَفِيهِ يُرَكَّبُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «زەوی هەموو لاشەی ئادەمیزاد دەخوات جگە لە كلێنچە، مرۆڤ لەوە دروست كراوە و دواتریش لەوە دروست دەكرێتەوە».

تێبینی:

پێغەمبەرانی خوا صەڵات و سەلامی خوایان لەسەر بێت، وەكوو خۆیان لاشەیان

دەمێنێتەوە، خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەر زەوی لاشەی پێغەمبەران بڕزێنێت و بخوات.

بَابٌ فِي الْمَسْأَلَةِ فِي الْقَبْرِ وَعَذَابِ الْقَبْرِ

باسێك دەربارەی پرسیاری نێو گۆڕ و سزای گۆڕ

٧٨١. عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا سُئِلَ فِي الْقَبْرِ فَشَهِدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، فَذَلِكَ قَوْلُ اللَّهِ ﷻ: {يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ} إبراهيم: ٢٧».

بەڕائی کوڕی عازیب ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «کاتێك موسوڵمان لەنێو گۆڕدا پرسیاری لێ دەکرێت، ئەگەر ئەویش وەڵامی دایەوە، شایەتی بدات بە (لا إله إلا الله)، بە محمد (رسول الله ﷺ)، ئەوە مانای ئەم ئایەتەی خوای گەورەیە ﷻ کە دەفەرموێت: {يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ}، واتە: خوا بڕواداران جێگیر دەکات بە وتەی جێگیر کە وتەی (لا إله إلا الله)یە لە ژیانی دونیا و لە قیامەتیشدا کە مەبەست پێی نێو گۆڕە».

٧٨٢. عَنْ عَرْفَجَةَ ﵁ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «سَتَكُونُ فِي أُمَّتِي هَنَاتٌ، وَهَنَاتٌ، وَهَنَاتٌ، فَمَنْ أَرَادَ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ الْمُسْلِمِينَ وَهُمْ جَمِيعٌ فَاضْرِبُوهُ بِالسَّيْفِ كَائِنًا مَنْ كَانَ».

عەرفەجە ﵁ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «لەنێو ئوممەتی مندا خراپە و ئاژاوەگێڕی دەبێت و خراپە و ئاژاوەگێڕی دەبێت و خراپە و ئاژاوەگێڕی دەبێت، هەر کەسێك ویستی جیاوازی بخاتە نێوان موسوڵمانانەوە، ڕیزی موسوڵمانان پارچە پارچە بکات لە کاتێکدا یەك ڕیزن، ئەوە بە شمشێر لێی

بدەن، جا ئەو کەسە هەر کەسێك بێت».

بَابٌ فِي قِتَالِ اللُّصُوصِ

باسێك دەربارەی جەنگان لەگەڵ دز

٧٨٣. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ أُرِيدَ مَالُهُ بِغَيْرِ حَقٍّ فَقَاتَلَ فَقُتِلَ فَهُوَ شَهِيدٌ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك خەڵکی ویستیماڵەکەی بەناهەق بیات، ئەمیش شەڕی لەسەر کرد لەپێناو ماڵەکەیدا کوژرا، ئەوە شەهیدە».

٧٨٤. عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ قُتِلَ دُونَ أَهْلِهِ، أَوْ دُونَ دَمِهِ، أَوْ دُونَ دِينِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ».

سەعیدی کوڕی زەید ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەر کەسێك لەپێناو ماڵیدا بکوژرێت شەهیدە، هەر کەسێك لەپێناو بەرگریکردن لە ناموسیدا (خێزانی یان کچی یان خزمێکی نزیکی، بیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەریان، بەرگری بکات و بکوژرێت شەهیدە)، هەر کەسێك لەپێناو خوێنیدا بکوژرێت شەهیدە، هەر کەسێك لە پێناوی ئایینەکەیدا بکوژرێت شەهیدە».

كِتَابُ الْأَدَبِ

پەرتووکی ئەدەب

بَابٌ فِي الْحِلْمِ وَأَخْلَاقِ النَّبِيِّ ﷺ

باسێك دەربارەی نەرمونیانی و ڕەوشتجوانی پێغەمبەر ﷺ

٧٨٥. عَنْ أَنَسٍ رضي الله عنه قَالَ: خَدَمْتُ النَّبِيَّ ﷺ عَشْرَ سِنِينَ بِالْمَدِينَةِ وَأَنَا غُلَامٌ لَيْسَ كُلُّ أَمْرِي كَمَا يَشْتَهِي صَاحِبِي أَنْ أَكُونَ عَلَيْهِ مَا قَالَ لِي فِيهَا: «أُفٍّ قَطُّ»، وَمَا قَالَ لِي: «لِمَ فَعَلْتَ هَذَا»، أَوْ: «أَلَّا فَعَلْتَ هَذَا».

ئەنەس رضي الله عنه دەڵێت: دە ساڵ خزمەتی پێغەمبەرم ﷺ کرد لە مەدینەدا، من منداڵ بووم، هەموو شتێکیش لەو خزمەتەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەمکرد بەم شێوازە نەبووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی ڕازی بێت، (بێگومان هەڵەم هەبووە، بەڵام) هەرگیز پێمی نەفەرمووە: «ئۆف لە دەستت»، یان پێمی نەفەرمووە: «بۆ ئەم ئیشەت کرد»، یان: «بۆ ئەم ئیشەت نەکرد»[1].

---

(١) واتە: هەموو ئیشەکانیشم بەگوێرەی ویستی پێغەمبەری خوا ﷺ نەبووە، بەڵام هەرگیز گلەیی و گازندەشی نەکردووە، کە ئەمە ڕەوشت جوانی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە ماوەی دە ساڵدا گلەیی لە کەسێك نەکردووە!

بَابُ مَا يُقَالُ عِنْدَ الْغَضَبِ

باسی ئەوەی دەگوترێ لە کاتی تووڕەییدا

٧٨٦. عَنْ أَبِي ذَرٍّ ﵁ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ لَنَا: «إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ فَلْيَجْلِسْ، فَإِنْ ذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ وَإِلَّا فَلْيَضْطَجِعْ».

ئەبو زەڕ ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووین: «ئەگەر یەکێك لە ئێوە تووڕە بوو، بەپێوە بوو با دابنیشێت، ئەگەر تووڕەبوونەکەی ڕۆیشت باشە، ئەگەرنا با پاڵ بکەوێت».

بَابٌ فِي التَّجَاوُزِ فِي الْأَمْرِ

باسێك دەربارەی لێبووردەیی و ئاسانکاری

٧٨٧. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: مَا خُيِّرَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فِي أَمْرَيْنِ إِلَّا اخْتَارَ أَيْسَرَهُمَا، مَا لَمْ يَكُنْ إِثْمًا، فَإِنْ كَانَ إِثْمًا كَانَ أَبْعَدَ النَّاسِ مِنْهُ، وَمَا انْتَقَمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِنَفْسِهِ، إِلَّا أَنْ تُنْتَهَكَ حُرْمَةُ اللَّهِ تَعَالَى فَيَنْتَقِمُ لِلَّهِ بِهَا.

دایکمان عائیشە ﵂ دەڵێت: هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ سەرپشك نەکراوە لە نێوانی دوو شتاندا حەتمەن کامەی ئاسانە ئەوەی هەڵبژاردوە مادام گوناح نەبووبێت، ئەگەر گوناهیش بووبێت، ئەوە لە هەموو خەڵکی لێی دوورتر بووە، هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ نەفسی خۆی تۆڵەی نەسەندۆتەوە، تەنها (کاتێك تۆڵەی سەندۆتەوە) ئەگەر سنوور و حەرامکراوەکانی خوای بەرز بەزێنرابن، ئەوکات تۆڵەی وەرگرتۆتەوە بۆ خوا.

٧٨٨. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: مَا ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ خَادِمًا وَلَا امْرَأَةً قَطُّ.

عائیشه ﵂ دەڵێت: هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ نە لە خزمەتکارێکی داوە، نە لە خێزانێك لە خێزانەکانی داوە.

بَابٌ فِي حُسْنِ الْعِشْرَةِ

باسێك دەربارەی جوان مامەڵەکردن

٧٨٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂، قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا بَلَغَهُ عَنِ الرَّجُلِ الشَّيْءُ لَمْ يَقُلْ: «مَا بَالُ فُلَانٍ يَقُولُ؟»، وَلَكِنْ يَقُولُ: «مَا بَالُ أَقْوَامٍ يَقُولُونَ كَذَا وَكَذَا؟».

عائیشه ﵂ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر کارێکی نابەجێی لە کەسێکەوە پێ بگەیشتایە، نەیدەیفەرموو: «ئەمە فلانە کەس بۆ ئەم قسەیەی کردووە، یان بۆ ئەم کردەوەی کردووە؟»، بەڵکوو دەیفەرموو: «چییە ئەوە کەسانێك وا دەڵێن و وا دەڵێن؟».

٧٩٠. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: اسْتَأْذَنَ رَجُلٌ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: «بِئْسَ ابْنُ الْعَشِيرَةِ»، أَوْ «بِئْسَ رَجُلُ الْعَشِيرَةِ»، ثُمَّ قَالَ: «ائْذَنُوا لَهُ». فَلَمَّا دَخَلَ أَلَانَ لَهُ الْقَوْلَ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلَنْتَ لَهُ الْقَوْلَ وَقَدْ قُلْتَ لَهُ مَا قُلْتَ، قَالَ: «إِنَّ شَرَّ النَّاسِ عِنْدَ اللَّهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ وَدَعَهُ، أَوْ تَرَكَهُ، النَّاسُ لِاتِّقَاءِ فُحْشِهِ».

عائیشه ﵂، دەڵێت: پیاوێك داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر ﷺ کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «(مۆڵەتی بدەن، بەڵام) ئەمە خراپترین کەسی عەشیرەتەکەی خۆیەتی»، یان:«ئەمە خراپترین پیاوی عەشیرەتەکەی خۆیەتی»، دوایی فەرمووی: «مۆڵەتی بدەن»، کاتێك هاتە ژوورەوە پێغەمبەر ﷺ نەرمی لەگەڵیدا نواند، بەنەرمی قسەی لەگەڵ کرد، عائیشه ﵂ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تۆ نەرمیت لەگەڵدا نواند، کەچی پێشتریش ئەوەی کە فەرمووت (دەربارەی) فەرمووت، فەرمووی: «خراپترین کەس لە ڕۆژی قیامەت لای خوا کەسێکە کە خەڵك وازی لێ بێنێت و

خۆی لێ بپارێزێت بۆ خۆپاراستن لە خراپییەکانی».

بَابٌ فِي الْحَيَاءِ

باسێك دەربارەی شەرم و شكۆ

٧٩١. عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الْأُولَى إِذَا لَمْ تَسْتَحِ فَافْعَلْ مَا شِئْتَ».

ئەبو مەسعوود ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەوەی کە خەڵکی پێی گەیشتووە لە قسەی پێغەمبەرانی سەرەتا (ئەم شتەیان بۆ ماوەتەوە دەستاودەست و دەماودەم کە ئەمە قسەی پێغەمبەرانە) ئەگەر هاتو شەرمت نەکرد، ئەوە هەرچییەك دەکەیت بیکە».

بَابٌ فِي حُسْنِ الْخُلُقِ

باسێك دەربارەی ڕەوشتجوانی

٧٩٢. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «کەسی وا هەیە لە برواداران بە ڕەوشتجوانی دەگاتە پلەی کەسێك کە بە ڕۆژ بەڕۆژوو بێت و بە شەو شەونوێژ بکات».

٧٩٣. عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «مَا مِنْ شَيْءٍ أَثْقَلُ فِي الْمِيزَانِ مِنْ

حُسْنِ الْخُلُقِ».

ئەبو دەرداء ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «لە تەرازووی کردەوە چاکەکاندا هیچ شتێك قورستر نییە لە ڕەوشتجوانی».

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ التَّمَادُحِ

باسێك دەربارەی ناپەسندی مەدحی ڕووبەڕوو

٧٩٤. عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْرَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ: أَنَّ رَجُلاً أَثْنَى عَلَى رَجُلٍ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ لَهُ: «قَطَعْتَ عُنُقَ صَاحِبِكَ»، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ قَالَ: «إِذَا مَدَحَ أَحَدُكُمْ صَاحِبَهُ لَا مَحَالَةَ فَلْيَقُلْ: إِنِّي أَحْسِبُهُ، كَمَا يُرِيدُ أَنْ يَقُولَ، وَلَا أُزَكِّيهِ عَلَى اللَّهِ».

عەبدوڕڕەحمانی کوڕی ئەبو بەکرە، لە باوکییەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ مەدح و سەنای پیاوێکی دیکەی کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «ئەوە ملی براکەت بڕی»، سێ جار وای فەرموو، پاشان فەرمووی: «ئەگەر کەسێك لە ئێوە مەدح و سەنای براکەی خۆی کرد و چار نەبوو هەر دەیویست مەدحی بکات، با بڵێت: من وا گومان دەبەم ئەم کەسە وا بێت، هەر وەکوو پێویستە بڵێت: کەس بەپاك ناگرم لە سەرووی خواوە (خوا زاناترە بە بەندەکان)».

بَابٌ فِي الرِّفْقِ

باسێك دەربارەی نەرمونیانی

٧٩٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِنَّ اللَّهَ رَفِيقٌ: يُحِبُّ الرِّفْقَ، وَيُعْطِي عَلَيْهِ مَا لَا يُعْطِي عَلَى الْعُنْفِ».

عەبدوڵڵای كوڕی موغەففەل ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بێگومان خوا نەرمونیانە لەگەڵ بەندەكانی، نەرمونیانی خۆش دەوێت، ئەوەی بە نەرمونیانی دەبەخشێت، بە توندوتیژی نابەخشێت».

٧٩٦. عَنْ شُرَيْحٍ ﵁ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ ﵂ عَنِ الْبَدَاوَةِ، فَقَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَبْدُو إِلَى هَذِهِ التِّلَاعِ، وَإِنَّهُ أَرَادَ الْبَدَاوَةَ مَرَّةً فَأَرْسَلَ إِلَيَّ نَاقَةً مُحَرَّمَةً مِنْ إِبِلِ الصَّدَقَةِ، فَقَالَ لِي: «يَا عَائِشَةُ، ارْفُقِي فَإِنَّ الرِّفْقَ لَمْ يَكُنْ فِي شَيْءٍ قَطُّ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا نُزِعَ مِنْ شَيْءٍ قَطُّ إِلَّا شَانَهُ».

شورەیح ﵁ دەڵێت: پرسیارم كرد لە خاتوو عائیشە ﵂ دەربارەی دەرچوون بۆ بادییە (مانەوە لە دەشتدا)، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ دەردەچوو بۆ لای تیلاع، ڕۆژێكیان پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی دەربچێت بۆ دەرەوە وشترێكی بۆ ناردم لەو وشترانەی كە بۆ سواری بەكار نەهێنرابوون، وشتری صەدەقە بوو، پێمی فەرموو: «ئەی عائیشە، نەرمونیان بە، بەڕاستی نەرمونیانی لە هەر شتێكدا هەبێت جوانی دەكات، لە هەر شتێكیشدا دابڕنرێت ناشیرینی دەكات».

تێبینی:

(التِّلَاعِ): یانی ڕێڕەوی ئاو لە سەرەوە بۆ خوارەوە، كە ئاو دێتە خوارەوە، دەچووە ئەو شوێنانە.

بَابٌ فِي شُكْرِ الْمَعْرُوفِ

باسێك دەربارەی سوپاسكردنی چاكەكار

٧٩٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «لَا يَشْكُرُ اللَّهَ مَنْ لَا يَشْكُرُ النَّاسَ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «سوپاسی خوا ناکات، ئەو کەسەی سوپاسی خەڵك نەکات».

٧٩٨. عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ رضي الله عنه قَالَ: كُنَّا إِذَا أَتَيْنَا النَّبِيَّ ﷺ، جَلَسَ أَحَدُنَا حَيْثُ يَنْتَهِي.

جابیری کوڕی سەمورە رضي الله عنه دەڵێت: کاتێك یەکێکمان دەچووینە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، کۆتا ڕیزی دانیشتن لە کوێ بووایە لەوێ دادەنیشتین.

بَابُ مَنْ يُؤْمَرُ أَنْ يُجَالِسَ

باسی ئەوەی کە فەرمان کراوە مرۆڤ هاونشینی کێ بێت

٧٩٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الْأَرْوَاحُ جُنُودٌ مُجَنَّدَةٌ، فَمَا تَعَارَفَ مِنْهَا ائْتَلَفَ، وَمَا تَنَاكَرَ مِنْهَا اخْتَلَفَ».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ڕووحەکان کۆمەڵێك سەربازی مەشقپێکراون ئەوەندەی کە یەکدی دەناسن هۆگری یەکدی دەبن، ئەوەندەیشی کە یەکدی نەناسن و لەیەك دوور بن، جیاوازی دەکەوێتە نێوانیانەوە و هۆگری یەکدی نابن».

بَابٌ فِي كَرَاهِيَةِ الْمِرَاءِ

باسێك دەربارەی ناپەسندییەتی مشتومڕ و شەڕەقسە

٨٠٠. عَنْ أَبِي مُوسَى رضي الله عنه قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: إِذَا بَعَثَ أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِهِ فِي بَعْضِ أَمْرِهِ قَالَ: «بَشِّرُوا وَلَا تُنَفِّرُوا، وَيَسِّرُوا وَلَا تُعَسِّرُوا».

ئەبوو موسای ئەشعەری ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك یەکێك لە هاوەڵانی دەنارد بۆ هەندێك لە کاروبارەکانی، دەیفەرموو: «موژدەدەر بن (بۆ خەڵکی)و دووریان مەخەنەوە (لە دین)، ئاسانکار بن، سەختگیری و قورسی مەکەن (لە دیندا)».

بَابُ الْهَدْيِ فِي الْكَلَامِ

باسی شێوازی باش لە قسەکردن و گفتوگۆدا

٨٠١. عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: كَانَ فِي كَلَامِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ تَرْتِيلٌ، أَوْ تَرْسِيلٌ.

جابیری کوڕی عەبدوڵڵا ﷺ دەیگوت: قسەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەرخۆ بووە، وشەکان و جووڵەکانی دەربڕیوە.

٨٠٢. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ قَالَتْ: كَانَ كَلَامُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ كَلَامًا فَصْلاً يَفْهَمُهُ كُلُّ مَنْ سَمِعَهُ.

عائیشە ﷺ دەڵێت: فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ نێوانیان هەبوو (تێکەڵ و بەپەلەپەل نەبوو)، بە جۆرێك هەر کەسێك گوێبیستی بووایە لێی تێدەگەیشت.

بَابٌ فِي الْخُطْبَةِ

باسێك دەربارەی وتاردان

٨٠٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «كُلُّ خُطْبَةٍ لَيْسَ فِيهَا تَشَهُّدٌ، فَهِيَ كَالْيَدِ الْجَذْمَاءِ».

ئەبو هورەیرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «هەموو وتارێك کە شایەتومانی تێدا نەبێت (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدا رسول الله)، ئەوە وەکوو دەستێکی بڕاو وایە، کە هیچ سوودێکی نەبێت».

بَابُ النَّهْيِ عَنِ السَّمَرِ بَعْدَ الْعِشَاءِ

باسی ناپەسندیی قسەکردن لەدوای نوێژی عیشا

٨٠٤. عَنْ أَبِي بَرْزَةَ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَنْهَى عَنِ النَّوْمِ قَبْلَهَا وَالْحَدِيثِ بَعْدَهَا.

ئەبو بەرزە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە پێش نوێژی عیشا بخەویت (لەبەر ئەوەی کاتەکەی کورتە لەوانەیە بۆ نوێژی عیشا خەبەرت نەبێتەوە و نوێژی بەکۆمەڵت بفەوتێت)، قسەکردنیش لەدوای عیشا (لەبەر ئەوەی لەوانەیە مرۆڤ شەونوێژی یان نوێژی بەیانی بفەوتێت).

بَابٌ فِي التَّنَاجِي

باسێك دەربارەی چپەچپکردن (ی دوو کەس بەتەنها)

٨٠٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَنْتَجِي اثْنَانِ دُونَ الثَّالِثِ، فَإِنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ».

عەبدوڵلا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «(ئەگەر سێ کەس بوون)، با دووانیان جیا لەوەی سێیەم چپەچپ نەکەن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خەفەتی پێ بخوات، (گومانی لە دڵدا دروست بێت کە ڕەنگە باسی ئەو بکەن)».

بَابُ إِذَا قَامَ الرَّجُلُ مِنْ مَجْلِسٍ ثُمَّ رَجَعَ

باسێك دەربارەی پیاوێك لە شوێنی خۆی هەڵسێت و پاشان بگەڕێتەوە

٨٠٦. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «إِذَا قَامَ الرَّجُلُ مِنْ مَجْلِسٍ ثُمَّ رَجَعَ إِلَيْهِ فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر کەسێك لە مەجلیس هەڵسا و چووە دەرەوە، پاشان گەڕایەوە ئەو لە هەموو کەس شایانترە بەو شوێنەی خۆی».

بَابُ كَرَاهِيَةِ أَنْ يَقُومَ الرَّجُلُ مِنْ مَجْلِسِهِ وَلَا يَذْكُرَ اللَّهَ

باسی ناپەسندیی ئەوەی کەسێك لە کۆڕێك هەڵسێت و یادی خوا نەکات

٨٠٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا مِنْ قَوْمٍ يَقُومُونَ مِنْ مَجْلِسٍ لَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ فِيهِ، إِلَّا قَامُوا عَنْ مِثْلِ جِيفَةِ حِمَارٍ وَكَانَ لَهُمْ حَسْرَةً».

ئەبو هوڕەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ کۆمەڵێك نییە لە شوێنێکدا هەڵسن و زیکری خوایان نەکردبێت، بێگومان وەك ئەوە وایە لەسەر لاشەی گوێدرێژێکی بۆگەن هەڵسابن، ئەو مەجلیسە دەبێتە پەشیمانی بۆیان (لە ڕۆژی قیامەت)».

بَابٌ فِي كَفَّارَةِ الْمَجْلِسِ

باسێك دەربارەی کەفارەتی مەجلیس

٨٠٨. عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الْأَسْلَمِيِّ ﵁ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ، يَقُولُ: بِأَخَرَةٍ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَقُومَ مِنَ الْمَجْلِسِ: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ»، فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّكَ لَتَقُولُ قَوْلاً مَا كُنْتَ تَقُولُهُ فِيمَا مَضَى، فَقَالَ: «كَفَّارَةٌ لِمَا يَكُونُ فِي الْمَجْلِسِ».

ئەبو بەرزەی ئەسلەمی ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە کۆتایی مەجلیسیدا کە بیویستایە هەڵبستێت دەیفەرموو: «سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ»، پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، تۆ ئێستا شتێك دەفەرموویت، پێشتر نەتدەفەرموو، فەرمووی: «ئەمە دوعای کەفارەتی مەجلیسە».

بَابٌ فِي الْقَتَّاتِ

باسێك دەربارەی دووزمانی

٨٠٩. عَنْ حُذَيْفَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ».

حوزەیفە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەوەی دووزمانی دەکات (و ئاشووب دەنێتەوە) ناچێتە بەهەشتەوە».

بَابٌ فِي ذِي الْوَجْهَيْنِ

باسێك دەربارەی کەسی دووڕوو

٨١٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «مِنْ شَرِّ النَّاسِ ذُو الْوَجْهَيْنِ، الَّذِي يَأْتِي هَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ، وَهَؤُلَاءِ بِوَجْهٍ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «خراپترینی نێو خەڵکی، کەسی دووڕووە: دەچێت بۆ لای ئەملا بە ڕوویەك و بەرەو ئەولاش بە ڕوویەکی دیکە».

تێبینی:

پێشەوا نەوەوی دەڵێت: دەڕواتە لای هەر کەسێك بۆ ئەوەی ڕازییان بکات بەدڵی ئەوان قسە دەکات کە لەگەڵیاندایە پێچەوانەی بەرانبەرەکەی، دەچێتە لای بەرانبەرەکەش وا دەڵێت، ئەمانە خراپترین کەسن، دەگوترێت: ئەمە ئەگەر بۆ مەبەستی چاکسازی نێوان خەڵکی بێت دروستە، بەڵام بۆ بەرژەوەندیی خۆی بێت حەرامە.

بَابٌ فِي الْغِيبَةِ

باسێك دەربارەی غەیبەتکردن

٨١١. عَنْ عَائِشَةَ ﷺ قَالَتْ: قُلْتُ لِلنَّبِيِّ ﷺ: حَسْبُكَ مِنْ صَفِيَّةَ كَذَا وَكَذَا، -قَالَ غَيْرُ مُسَدَّدٍ: تَعْنِي قَصِيرَةً-، فَقَالَ: «لَقَدْ قُلْتِ كَلِمَةً لَوْ مُزِجَتْ بِمَاءِ الْبَحْرِ لَمَزَجَتْهُ». قَالَتْ: وَحَكَيْتُ لَهُ إِنْسَانًا، فَقَالَ: «مَا أُحِبُّ أَنِّي حَكَيْتُ إِنْسَانًا وَأَنَّ لِي كَذَا وَكَذَا».

عائیشە ﷺ دەڵێت: بە پێغەمبەرم ﷺ گوت: سەفیەت بەسە کە ئاوا و ئاوایە، -جگە لە موسەددەد لە ڕاوییەکان گوتوویەتی: مەبەستی ئەوە بووە کورتەباڵا بووە-، ئەویش فەرمووی: «لە ڕاستیدا قسەیەکت کرد ئەگەر تێکەڵی ئاوی دەریای بکەیت بۆگەنی دەکات»، عائیشە گوتی: جارێکیان لاسایی کەسێکم کردەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ، ئەویش

فەرمووی: «ئەگەر ئەوەندە و ئەوەندەم بدەنێ (لە ماڵی دونیا) هەرگیز پێمخۆش نییە لاسایی یەك كەسیش بكەمەوە».

٨١٢. عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ رضي الله عنه عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «إِنَّ مِنْ أَرْبَى الرِّبَا الِاسْتِطَالَةَ فِي عِرْضِ الْمُسْلِمِ بِغَيْرِ حَقٍّ».

سەعیدی كوڕی زەید رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «بێگومان خراپترین جۆری ڕیبا و سووخۆری، بریتییە لە: زێدەڕۆییكردن و قسەی ناشرین گوتن و بەسووك تەماشاكردن و باسكردنی نامووسی موسوڵمان بەناهەق».

٨١٣. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَمَّا عُرِجَ بِي مَرَرْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أَظْفَارٌ مِنْ نُحَاسٍ يَخْمُشُونَ وُجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُمْ، فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ، قَالَ: هَؤُلَاءِ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ، وَيَقَعُونَ فِي أَعْرَاضِهِمْ».

ئەنەسی كوڕی مالیك رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «كاتێك كە شەوڕەویم پێ كرا و بەرز كرامەوە بۆ ئاسمان، بەلای كەسانێكدا تێپەڕیم كە نینۆكیان هەبوو لە مس، دەموچاو و سینگی خۆیان پێ دەڕنی، گوتم: ئەی جیبریل ئەمانە كێن؟ گوتی: ئەمانە كەسانێكن گۆشتی خەڵك دەخۆن باسی نامووس و كەسایەتییان دەكەن».

٨١٤. عَنْ أَبِي بَرْزَةَ الْأَسْلَمِيِّ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَا مَعْشَرَ مَنْ آمَنَ بِلِسَانِهِ، وَلَمْ يَدْخُلِ الْإِيمَانُ قَلْبَهُ، لَا تَغْتَابُوا الْمُسْلِمِينَ، وَلَا تَتَّبِعُوا عَوْرَاتِهِمْ، فَإِنَّهُ مَنِ اتَّبَعَ عَوْرَاتِهِمْ يَتَّبِعُ اللَّهُ عَوْرَتَهُ، وَمَنْ يَتَّبِعِ اللَّهُ عَوْرَتَهُ يَفْضَحْهُ فِي بَيْتِهِ».

ئەبو بەرزەی ئەسلەمی رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەی ئەوانەی بە زمان بڕوایان هێناوە! بەڵام ئیمان نەچۆتە نێو دڵیانەوە، غەیبەتی موسوڵمانان مەكەن، بەدوای كەموكوڕییەكانیاندا مەگەڕێن، چونكە هەر كەسێك بەدوای كەموكوڕییاندا

بگەڕێت، خواش بەدوای کەموکوڕیی ئەودا دەچێت، هەر کەسێکیش خوا بەدوای کەموکوڕیدا بچێت، لە ماڵی خۆیدا ئابڕووی دەبات (پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێت و عەیبی دەردەخات)».

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنِ التَّجَسُّسِ

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە سیخوڕی

٨١٥. عَنْ مُعَاوِيَةَ ﷺ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «إِنَّكَ إِنِ اتَّبَعْتَ عَوْرَاتِ النَّاسِ أَفْسَدْتَهُمْ، أَوْ كِدْتَ أَنْ تُفْسِدَهُمْ». فَقَالَ أَبُو الدَّرْدَاءِ ﷺ: كَلِمَةٌ سَمِعَهَا مُعَاوِيَةُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ نَفَعَهُ اللَّهُ تَعَالَى بِهَا.

موعاویە ﷺ دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «تۆ ئەگەر بەدوای کەموکوڕییەکانی خەڵکدا بگەڕێیت (لەنێو خەڵکدا باسیان بکەیت)، ئەوە تێکیان دەدەیت، یان خەریکە تێکیان بدەیت»، ئەبو دەرداء ﷺ گوتی: فەرموودەیەك بووە پێشەوا موعاویە ﷺ لە پێغەمبەری خوای ﷺ بیست، خوای بەرز بەهۆیەوە سوودی پێ گەیاند.

٨١٦. عَنْ زَيْدِ بْنِ وَهْبٍ قَالَ: أُتِيَ ابْنُ مَسْعُودٍ ﷺ فَقِيلَ: هَذَا فُلَانٌ تَقْطُرُ لِحْيَتُهُ خَمْرًا، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: إِنَّا قَدْ نُهِينَا عَنِ التَّجَسُّسِ وَلَكِنْ إِنْ يَظْهَرْ لَنَا شَيْءٌ نَأْخُذْ بِهِ.

زەیدی کوڕی وەهب دەڵێت: پیاوێك هات بۆلای ئیبن مەسعوود ﷺ گوتی: فلانە کەسە عارەق بە ڕیشیدا دەچۆڕێتەوە، عەبدوڵڵا ﷺ گوتی: ئێمە ڕێگریمان لێ کراوە لە جاسووسیکردن، بەڵام ئەگەر خۆی شتێکمان بۆ ئاشکرا بکات و لێی ببینین، ئەوە لۆمەی دەکەین و سزای دەدەین لەسەر ئەوە.

بَابُ الْمُؤَاخَاةِ

باسی نواندنی برایەتی (لەبەر خوا)

٨١٧. عَنْ سَالِمٍ، عَنْ أَبِيهِ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لَا يَظْلِمُهُ، وَلَا يُسْلِمُهُ، مَنْ كَانَ فِي حَاجَةِ أَخِيهِ فَإِنَّ اللَّهَ فِي حَاجَتِهِ، وَمَنْ فَرَّجَ عَنْ مُسْلِمٍ كُرْبَةً فَرَّجَ اللَّهُ عَنْهُ بِهَا كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».

سالیم، لە باوکی ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «موسوڵمان برای موسوڵمانە ستەمی لێ ناکات، پشتی بەرنادات، کەسێك پێویستی برایەکی جێبەجێ بکات خوا پێویستییەکانی ئەو جێبەجێ دەکات، هەر کەسێك خەم و گرفتی موسوڵمانێك لابەرێت و چارەسەری بکات خوا خەم و گرفتەکانی ڕۆژی قیامەتی بۆ چارەسەر دەکات و لایدەبات، هەر کەسێك عەیبی برای موسوڵمانی داببۆشێت، خوا لە ڕۆژی قیامەت عەیبی دادەپۆشێت».

بَابٌ فِي التَّوَاضُعِ

باسێك دەربارەی سادەیی

٨١٨. عَنْ عِيَاضِ بْنِ حِمَارٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ اللَّهَ أَوْحَى إِلَيَّ أَنْ تَوَاضَعُوا حَتَّى لَا يَبْغِيَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ، وَلَا يَفْخَرَ أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ».

عیازی کوڕی حیمار ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خوا وەحی

بۆ ناردم کە ئێوە سادە بن بەرانبەر یەکدی، تا هیچ کەسێك ستەم لە کەس نەکات، کەس شانازی بەسەر کەسی دیکەدا نەکات و خۆی پێ لە خەڵك گەورەتر نەبێت».

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنْ سَبِّ الْمَوْتَى

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە جنێودان بە مردوو

٨١٩. عَنْ عَائِشَةَ ﵂ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «إِذَا مَاتَ صَاحِبُكُمْ فَدَعُوهُ، وَلَا تَقَعُوا فِيهِ».

عائیشە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئەگەر هاوڕێیەکتان (کەسێکتان) مرد، وازی لێ بهێنن و قسەی نەشیاوی پێ مەڵێن».

بَابٌ فِي النَّهْيِ عَنِ البَغْيِ

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە زوڵم و ستەم

٨٢٠. عَنْ أَبِي بَكْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: «مَا مِنْ ذَنْبٍ أَجْدَرُ أَنْ يُعَجِّلَ اللَّهُ تَعَالَى لِصَاحِبِهِ الْعُقُوبَةَ فِي الدُّنْيَا، مَعَ مَا يَدَّخِرُ لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِثْلُ الْبَغْيِ وَقَطِيعَةِ الرَّحِمِ».

ئەبو بەکرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هیچ گوناهێک نییە کە هێندە بەپەلە خاوەنەکەی پەلکێش بکات بۆ سزای خوا (هەر لە دونیا)، سەرباری ئەوەش کە بۆی هەڵدەگیرێت لە دواڕۆژ، ئەوانیش بریتین لە: ستەم و دەستدرێژی و پچڕاندنی پەیوەندیی خزمایەتی (ئەو دوو گوناهە زۆر بەپەلە خاوەنەکەیان تووشی سزا دەبن)».

بَابُ فِيمَنْ يَهْجُرُ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ

باسێك دەربارەی ئەو كەسەی قسە ناكات لەگەڵ برای موسوڵمانی

٨٢١. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ ﵁ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «لَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللَّهِ إِخْوَانًا، وَلَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثِ لَيَالٍ».

ئەنەسی كوڕی مالیك ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «یەكدی مەبوغزێنن، ئیرەیی بەیەكدی مەبەن، پشت لەیەكدی مەكەن، بەندەی خوا بن، پێكەوە برا بن، دروست نییە بۆ هیچ موسوڵمانێك لە سێ شەو زیاتر قسە لەگەڵ برای موسوڵمانی نەكات».

٨٢٢. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «تُفْتَحُ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ كُلَّ يَوْمِ اثْنَيْنِ، وَخَمِيسٍ فَيُغْفَرُ فِي ذَلِكَ الْيَوْمَيْنِ لِكُلِّ عَبْدٍ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا إِلَّا مَنْ بَيْنَهُ وَبَيْنَ أَخِيهِ شَحْنَاءُ، فَيُقَالُ: أَنْظِرُوا هَذَيْنِ حَتَّى يَصْطَلِحَا». قَالَ أَبُو دَاوُدَ: النَّبِيُّ ﷺ هَجَرَ بَعْضَ نِسَائِهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، وَابْنُ عُمَرَ هَجَرَ ابْنًا لَهُ إِلَى أَنْ مَاتَ قَالَ أَبُو دَاوُدَ: «إِذَا كَانَتِ الْهِجْرَةُ لِلَّهِ فَلَيْسَ مِنْ هَذَا بِشَيْءٍ». وَإِنَّ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ غَطَّى وَجْهَهُ عَنْ رَجُلٍ.

ئەبو هورەیرە ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی: «دەرگاكانی بەهەشت هەموو ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە دەكرێنەوە، لەو دوو ڕۆژەدا هەموو بەندەیەك لێی دەبووردرێت كە هیچ شتێكی نەكردبێتە هاوبەشی خوا، مەگەر كەسێك لە نێوان خۆی و براكەیدا ساردی هەبووبێت، ئەو كاتە خوا دەفەرموێت: ئەم دوو كەسە دوا بخەن جارێ لێیان خۆش نابم هەتاوەكوو ئاشت دەبنەوە و ڕێك

دەکەون و ڕق و کینە نامێنێت لە نێوانیاندا»، ئەبو داود دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ پشتی لە هەندێك لە خێزانەکانی کردووە چل ڕۆژ، ئیبن عومەریش پشتی لە کوڕێکی کردووە تا مردووە (لەبەر ئەوەی تەنها فەرموودەیەکی ڕەت کردۆتەوە)، ئەبو داود دەڵێت: ئەگەر پشتتێکردنەکە بۆ خوا بوو لەپێناو دین بوو، ئەوە ئەم فەرموودانە نایگرێتەوە، (پێشەوا) عومەری کوڕی عەبدولعەزیز پیاوێکی بینیوە دەموچاوی خۆی داپۆشیوە بۆ ئەوەی نەیبینێت.

بَابٌ فِي الظَّنِّ

باسێك دەربارەی گومانبردنی خراپ

٨٢٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ، وَلَا تَحَسَّسُوا، وَلَا تَجَسَّسُوا».

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئاگادار بن خۆتان لە گومانی خراپ بپارێزن، چونکە گومانی خراپ درۆترین قسەوباسە، هەروەها بەشوێن هەست و خوستی خەڵکەوە مەبن و سیخوڕی مەکەن».

بَابٌ فِي إِصْلَاحِ ذَاتِ الْبَيْنِ

باسێك دەربارەی ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵك

٨٢٤. عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِأَفْضَلَ مِنْ دَرَجَةِ الصِّيَامِ وَالصَّلَاةِ وَالصَّدَقَةِ؟». قَالُوا: بَلَى، يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: «إِصْلَاحُ ذَاتِ الْبَيْنِ، وَفَسَادُ ذَاتِ الْبَيْنِ الْحَالِقَةُ».

ئەبو دەرداء ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «ئایا شتێکتان پێ بڵێم کە لە ڕۆژوو و نوێژ و بەخشین پلەی چاکەی بەرزترە؟»، گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (پێمان بڵێ)، فەرمووی: «ئاشتەوایی و ڕێکخستنی نێوانی خەڵکی، هەروەها خراپە و تێکدانی نێوانی خەڵکی دین ڕادەماڵێت و دەیتاشێت».

بَابٌ فِي الرَّحْمَةِ

باسێك دەربارەی بەزەیی و میهرەبانی

٨٢٥. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﷺ يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ ﷺ «الرَّاحِمُونَ يَرْحَمُهُمُ الرَّحْمَنُ ارْحَمُوا أَهْلَ الْأَرْضِ يَرْحَمْكُمْ مَنْ فِي السَّمَاءِ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ﷺ فەرموودە کە دەیگەیەنێت بە پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: «ئەو کەسانەی میهرەبان و بەبەزەیین خوا بەزەییان لەگەڵ دەنوێنێت، ئێوە بەزەییتان بێتەوە بە خەڵکی سەر زەوی، ئەوەی لە ئاسمانە بەزەیی بە ئێوەدا دێتەوە».

بَابٌ فِي النَّصِيحَةِ

باسێك دەربارەی نواندنی دڵسۆزی

٨٢٦. عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه ﷺ: «إِنَّ الدِّينَ النَّصِيحَةُ إِنَّ الدِّينَ النَّصِيحَةُ إِنَّ الدِّينَ النَّصِيحَةُ»، قَالُوا: لِمَنْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: «لِلَّهِ وَكِتَابِهِ وَرَسُولِهِ، وَأَئِمَّةِ الْمُؤْمِنِينَ، وَعَامَّتِهِمْ، أَوْ أَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ، وَعَامَّتِهِمْ».

تەمیمی داری ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بەڕاستی ئایین بریتییە لە دڵسۆزی، بەڕاستی ئایین بریتییە لە دڵسۆزی، بەڕاستی ئایین بریتییە لە دڵسۆزی»،

گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا دڵسۆزییە بۆ کێ؟ فەرمووی: «بۆ خوا، بۆ قورئانەکەی، بۆ پێغەمبەرەکەی، بۆ پێشەوایانی موسوڵمانان و تێکڕای موسوڵمانان بەگشتی».

بَابٌ فِي تَغْيِيرِ الِاسْمِ الْقَبِيحِ

باسێك دەربارەی گۆڕینی ناوێك كەوا ناخۆش و ناشیرین بێت

٨٢٧. عَنِ ابْنِ عُمَرَ ﵄ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ: غَيَّرَ اسْمَ عَاصِيَةَ، وَقَالَ: «أَنْتِ جَمِيلَةٌ».

ئیبن عومەر ﵄ دەگێڕێتەوە: ئافرەتێك ناوی عاصیە بوو (واتە: یاخیبوو)، پێغەمبەری خوا ﷺ ناوەکەی گۆڕی فەرمووی: «تۆ ناوت جەمیلەیە (واتە: جوان)».

٨٢٨. عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرِو بْنِ عَطَاءٍ: أَنَّ زَيْنَبَ بِنْتَ أَبِي سَلَمَةَ، سَأَلَتْهُ: مَا سَمَّيْتَ ابْنَتَكَ؟ قَالَ: سَمَّيْتُهَا مُرَّةَ، فَقَالَتْ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ نَهَى عَنْ هَذَا الِاسْمِ، سُمِّيتُ بَرَّةَ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «لَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ، اللَّهُ أَعْلَمُ بِأَهْلِ الْبِرِّ مِنْكُمْ». فَقَالَ: مَا نُسَمِّيهَا؟ قَالَ: «سَمُّوهَا زَيْنَبَ».

موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی عەتاء دەگێڕێتەوە: زەینەبی کچی ئەبو سەلەمە پرسیاری لێ کرد کچەکەت ناو ناوە چی؟ گوتی: ناوم ناوە چاکەکار، گوتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لەو ناوە کردووە، گوتی: من خۆم بە بەڕرە (واتە: چاکەکار) ناو نرابووم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «تەزکیەی نەفسی خۆتان مەکەن خوا خۆی زاناترە کێ لە ئێوە چاکەکارە»، گوتی: ئەی کچەکەم ناو بنێم چی؟ فەرمووی: «ناوی بنێن زەینەب».

٨٢٩. عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ لَهُ: «مَا اسْمُكَ؟». قَالَ: حَزْنٌ، قَالَ: «أَنْتَ سَهْلٌ». قَالَ: لَا، السَّهْلُ يُوطَأُ وَيُمْتَهَنُ، قَالَ

سَعِيدٌ: «فَظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُصِيبُنَا بَعْدَهُ حُزُونَةٌ».

سەعیدی کوڕی موسەییب، لە باوکییەوە، لە باپیرییەوە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ بەباوکی سەعیدی کوڕی موسەییبی فەرمووە: «ناوت چییە؟»، گوتوویەتی: ناوم حەزنە (حەزن: زەوییەکە بەرز و نزمی تێدا بێت و ئەستوور بێت، بە مانای خەم و خەفەتیش دێت)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «(نەخێر، حەزن باش نییە) تۆ سەهل و ئاسانی (یان بە مانای زەوی تەخت)»، گوتی: نەخێر ئەگەر زەوییەك تەخت بێت خەڵك بەسەریدا دەڕوات و سووکایەتی پێ دەکرێت بەپێ بەسەریدا دەڕۆن، حەزم لەوە نییە (یانی ناوەکەی پێغەمبەری خوای ﷺ ڕەت کردەوە)، سەعید دەڵێت: لەمەوە زانیم بنەماڵەی ئێمە لەمەودوا خەم و خەفەتی لێ نابڕێت!

٨٣٠. قَالَ أَبُو دَاوُدَ: «وَغَيَّرَ النَّبِيُّ ﷺ اسْمَ الْعَاصِ، وَعَزِيزٍ، وَعَتَلَةَ، وَشَيْطَانٍ، وَالْحَكَمِ، وَغُرَابٍ، وَحُبَابٍ، وَشِهَابٍ، فَسَمَّاهُ هِشَامًا، وَسَمَّى حَرْبًا سَلْمًا، وَسَمَّى الْمُضْطَجِعَ الْمُنْبَعِثَ، وَأَرْضًا تُسَمَّى عَفِرَةَ سَمَّاهَا خَضِرَةَ، وَشَعْبَ الضَّلَالَةِ، سَمَّاهُ شَعْبَ الْهُدَى، وَبَنُو الزِّنْيَةِ، سَمَّاهُمْ بَنِي الرِّشْدَةِ، وَسَمَّى بَنِي مُغْوِيَةَ، بَنِي رِشْدَةَ». قَالَ أَبُو دَاوُدَ: تَرَكْتُ أَسَانِيدَهَا لِلاخْتِصَارِ.

ئەبو داود دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ هەندێك ناوی گۆڕیوە: ناوی عاصی گۆڕیوە (واتە: یاخیبوو)، عەزیزی گۆڕیوە (دەڵێن: لەبەر ئەوەی ناوی خوایە)، عەتەلەی گۆڕیوە (بەمانای توندوتیژی)، شەیتانی گۆڕیوە، حەکەمی گۆڕیوە (لەبەر ئەوەی خوای گەورە حەکەمە خوای گەورە بڕیار دەدات)، غوراب (قەڵەڕەش)ی گۆڕیوە (لەبەر ئەوەی خراپترین باڵندەیە دەچێتە سەر کەلاك و بەدوای شتی پیسدا دەگەڕێت)، حوبابی گۆڕیوە (دەڵێن: لەبەر ئەوەی ناوی شەیتان بووە و بە ماریش دەگوترێت)، وە شیهابی گۆڕیوە (لەبەر ئەوەی پشکۆی ئاگرە کە بەردەبێتەوە)، شیهابی کردووە بە هیشام، حەرب (جەنگ)ی کردووە بە ئاشتی (سلیم)، (الْمُضْطَجِعَ) کەسی ڕاکشاوی

گۆڕیوە (مانای تەمبەڵی تێدایە) کردوویەتی بە (الْمُنْبَعِثَ) ئەوەی کە هەڵدەستێتەوە و دەژییێتەوە و بەرز دەبێتەوە، زەوییەك ناوی عیفەڕە بووە زەوییەکە کەوا هیچ شتێکی لێ نەڕوێ ناوی ناوە سەوزایی، دۆڵێك ناوی دۆڵی گومڕایی و وێڵی بووە ناوی ناوە بە دۆڵی ڕێنمایی، نەوەی زینا پێیانی فەرمووە نەوەی ڕێگای ڕاست، بەنو موغویەی وێڵ و گومڕابوونی گۆڕیوە بۆ نەوەی ڕێگای ڕاست، ئەبو داود دەڵێت: بۆیە سەنەدی ئەوانەم باس نەکردووە بۆ کورتکردنەوە و کورتبڕی.

بَابٌ فِي الْأَلْقَابِ

باسێك دەربارەی نازناو

٨٣١. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا تَقُولُوا لِلْمُنَافِقِ: سَيِّدٌ، فَإِنَّهُ إِنْ يَكُ سَيِّدًا، فَقَدْ أَسْخَطْتُمْ رَبَّكُمْ ﷻ».

عەبدوڵڵای کوڕی بورەیدە، لە باوکییەوە ﷺ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بە مرۆڤی دووڕوو مەڵێن: گەورەم، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو گەورەتان بێت، ئێوە خوای گەورەتان ﷻ تووڕە کردووە».

بَابٌ فِي التَّشْدِيدِ فِي الْكَذِبِ

باسێك دەربارەی هەڕەشەی توند لەسەر درۆکردن

٨٣٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِيَّاكُمْ وَالْكَذِبَ، فَإِنَّ الْكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الْفُجُورِ، وَإِنَّ الْفُجُورَ يَهْدِي إِلَى النَّارِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَكْذِبُ وَيَتَحَرَّى الْكَذِبَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ كَذَّابًا، وَعَلَيْكُمْ بِالصِّدْقِ، فَإِنَّ الصِّدْقَ يَهْدِي إِلَى

الْبِرِّ، وَإِنَّ الْبِرَّ يَهْدِي إِلَى الْجَنَّةِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَصْدُقُ وَيَتَحَرَّى الصِّدْقَ حَتَّى يُكْتَبَ عِنْدَ اللَّهِ صِدِّيقًا».

عەبدوڵلا ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خۆتان لە درۆ بپارێزن، چونکە درۆ (خاوەنەکەی) بەرەو خراپەکاری دەبات، کاری خراپەش بەرەو ئاگری دەبات، مرۆڤ درۆ دەکات و بەشوێن درۆدا دەگەڕێت، هەتا وای لێ دێت لە لایەن خواوە ناوی بە درۆزن تۆمار دەکرێت، (هەروەها فەرموویەتی): پابەند و پەیوەست بن بە ڕاستییەوە، چونکە ڕاستگۆیی (خاوەنەکەی) بەرەو چاکە و چاکەکاری پەلکێش دەکات، چاکەکاریش بەرەو بەهەشتی دەبات، پیاو ڕاست و ڕاستگۆ دەبێت و بەشوێن ڕاستییەوە دەبێت، بەجۆرێک هەتاکوو لەلایەن خواوە بە ڕاستگۆ ناوی تۆمار دەکرێت».

٨٣٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ».

ئەبو هوڕەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری ﷺ فەرموویەتی: «مرۆڤ ئەوەندەی بەسە کە گوناهبار بێت هەر شتێکی بیست بیگێڕێتەوە (بەبێ بەدواداچوون)».

بَابٌ فِي حُسْنِ الظَّنِّ

باسێك دەربارەی گومانی باش

٨٣٤. عَنْ صَفِيَّةَ ﷺ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مُعْتَكِفًا، فَأَتَيْتُهُ أَزُورُهُ لَيْلًا، فَحَدَّثْتُهُ وَقُمْتُ، فَانْقَلَبْتُ، فَقَامَ مَعِي لِيَقْلِبَنِي، وَكَانَ مَسْكَنُهَا فِي دَارِ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ، فَمَرَّ رَجُلَانِ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَلَمَّا رَأَيَا النَّبِيَّ ﷺ أَسْرَعَا، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «عَلَى رِسْلِكُمَا إِنَّهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ» قَالَا: سُبْحَانَ اللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: «إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي

مِنَ الْإِنْسَانِ مَجْرَى الدَّمِ، فَخَشِيتُ أَنْ يَقْذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَيْئًا» أَوْ قَالَ: «شَرًّا».

صەفییە ﵂ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئیعتیکافدا بوو، منیش شەو هاتم سەردانم کرد، ئیدی قسەم لەگەڵیدا کرد و هەستام ڕۆشتم، ئەویش لەگەڵ من هەستا بۆئەوەی بەڕێم بکات، شوێنی مانەوەی صەفییە لە ماڵەکەی ئوسامەی کوڕی زەید بوو (دواتر بوو بە ماڵی ئوسامە)، لەو کاتەدا دوو پیاو لە ئەنصارەکان بەوێدا ڕەت بوون، جا کە پێغەمبەریان ﷺ بینی پەلەیان کرد (خێرا ڕۆیشتن)، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: «پەلە مەکەن و هێواش بن، ئا ئەوە صەفییەی کچی حویەییەیە»، گوتیان: پاک و بێگەردی بۆ خوا، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ (چۆن گومان بە تۆ دەبەین)، فەرمووی: «لە ڕاستیدا شەیتان بەشوێن خوێنی دەمارەکانی مرۆڤدا دێت و دەچێت، بۆیە ترسام کەوا شتێکتان بخاتە دڵەوە»، یان فەرمووی: «خراپە و گومانی خراپ بختاە دڵتانەوە».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْمِزَاحِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی گاڵتەکردن

٨٣٥. عَنْ أَنَسٍ ﵁: أَنَّ رَجُلاً أَتَى النَّبِيَّ ﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، احْمِلْنِي، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «إِنَّا حَامِلُوكَ عَلَى وَلَدِ نَاقَةٍ». قَالَ: وَمَا أَصْنَعُ بِوَلَدِ النَّاقَةِ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «وَهَلْ تَلِدُ الْإِبِلَ إِلَّا النُّوقُ».

ئەنەس ﵁ دەڵێت: پیاوێک هات بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا وڵاخێکی سواریم بدەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بێچووی وشترێکت دەدەینێ»، گوتی: جا من چی لە بێچووە وشتر بکەم (خۆ بۆ سواری نابێت)؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «ئەی وشتریش (وشتری گەورە) هەر بێچووی وشتری مێیە نییە».

تێبینی:

ئەو فەرموودەیە ئەوەمان فێر دەکات لە وەڵامدانەوە پەلە نەکەین هەتا جوان لە قسەی بەرانبەر تێنەگەین و ڕانەمێنین.

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْمُتَشَدِّقِ فِي الْكَلَامِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەوانەی زۆر قسە دەکەن

٨٣٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ابْن عَمْرٍو رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ اللَّهَ عز وجل يُبْغِضُ الْبَلِيغَ مِنَ الرِّجَالِ الَّذِي يَتَخَلَّلُ بِلِسَانِهِ تَخَلُّلَ الْبَاقِرَةِ بِلِسَانِهَا».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بەڕاستی خوا ڕقی لەو کەسەیە کە زێدەڕۆیی دەکات لە کاتی قسەکردن و قسەی زل دەکات و زمان لە هەموو کون و کەلێن دەگێڕێت (بۆ هێنانی قسەی زل)، هەر وەکوو چۆن مانگا بە زمانی پووش و پەڵاش و لەوەڕ ڕادەماڵێت».

٨٣٧. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما أَنَّهُ قَالَ: قَدِمَ رَجُلَانِ مِنَ الْمَشْرِقِ، فَخَطَبَا، فَعَجِبَ النَّاسُ - يَعْنِي لِبَيَانِهِمَا - فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ مِنَ الْبَيَانِ لَسِحْرًا». أَوْ «إِنَّ بَعْضَ الْبَيَانِ لَسِحْرٌ».

عەبدوڵڵای کوڕی عومەر رضي الله عنهما دەڵێ: دوو پیاو لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و قسەیان کرد، خەڵکەکەش لە ڕەوانبێژیی ئەوان سەریان سووڕ ما و کاریگەرییان تێ کرا، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «بێگومان جوان ڕوونکردنەوە (جوان قسەکردن لە جێی خۆیدا) دەڵێی جادووە»، یان فەرمووی: «بەڕاستی هەندێ ڕوونکردنەوە جادووی تێدایە (سەرنجی بەرانبەر ڕادەکێشێت)».

بَابُ مَا جَاءَ فِي الرُّؤْيَا

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خەونبینین

٨٣٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا انْصَرَفَ مِنْ صَلَاةِ الْغَدَاةِ يَقُولُ: «هَلْ رَأَى أَحَدٌ مِنْكُمُ اللَّيْلَةَ رُؤْيَا»، وَيَقُولُ «إِنَّهُ لَيْسَ يَبْقَى بَعْدِي مِنَ النُّبُوَّةِ إِلَّا الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەگێڕێتەوە: هەرکات پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی بەیانی تەواو دەبوو، دەیفەرموو: «ئایا هیچ یەکێک لە ئێوە ئەوشەو خەونی بینیوە؟»، دەیفەرموو: «بێگومان لەدوای من پێغەمبەرایەتی نامێنێت، جگە لە خەونی باش و چاک (کە موسوڵمان خۆی ببینێت، یان کەسی چاک خەونی پێوە ببینێت)».

٨٣٩. عَنْ وَكِيعِ بْنِ عُدُسٍ، عَنْ عَمِّهِ أَبِي رَزِينٍ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «الرُّؤْيَا عَلَى رِجْلِ طَائِرٍ، مَا لَمْ تُعَبَّرْ، فَإِذَا عُبِّرَتْ وَقَعَتْ». قَالَ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ: «وَلَا تَقُصَّهَا إِلَّا عَلَى وَادٍّ، أَوْ ذِي رَأْيٍ».

وەکیعی کوڕی عودوس، لە ئەبو ڕەزینی مامیەوە ﵁ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «خەون لەسەر پێیە و جێگیر نابێت و دەڕوات، مادام لێکدانەوەی بۆ نەکرابێت، جا هەرکات لێکدانەوەی بۆ کرا دێتە جێ»، ڕاوی دەڵێت: پێموایە فەرمووشی: «هەرگیز مەیگێڕنەوە تەنها بۆ کەسی خۆشەویست نەبێت، یان تەنها بۆ کەسێکی ئاقڵ و ژیر و تێگەیشتوو نەبێت».

٨٤٠. عَنْ أَبِي قَتَادَةَ ﵁ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، يَقُولُ: «الرُّؤْيَا مِنَ اللَّهِ، وَالْحُلْمُ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلْيَنْفُثْ عَنْ يَسَارِهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ لِيَتَعَوَّذْ مِنْ شَرِّهَا، فَإِنَّهَا لَا تَضُرُّهُ».

ئەبو قەتادە ﷺ دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: «خەوبینینی باش لە خواوەیە، خەونی ناخۆشیش لە شەیتانەوەیە، بۆیە هەر کات یەکێکتان شتێکی بینی (لە خەودا) و پێیناخۆش بوو، با سێ جار تف بکاتە لای چەپی، پاشان پەنا بگرێت (بە خوا) لە خراپەی ئەو خەونە، چونکە ئەوکات هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنێت».

٨٤١. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، يَقُولُ: «مَنْ رَآنِي فِي الْمَنَامِ، فَسَيَرَانِي فِي الْيَقَظَةِ، أَوْ لَكَأَنَّمَا رَآنِي فِي الْيَقَظَةِ، وَلَا يَتَمَثَّلُ الشَّيْطَانُ بِي».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێک لە خەونیدا منی بینی، ئەوە بە بەخەبەری من دەبینێت، یان وەکوو ئەوە وایە منی بەزیندوویی بینبێت، هەرگیز شەیتان ناتوانێت خۆی بە من بچوێنێت».

بَابُ مَا جَاءَ فِي التَّثَاؤُبِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی باوێشکدان

٨٤٢. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيُمْسِكْ عَلَى فِيهِ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَدْخُلُ».

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەرکات یەکێکتان باوێشکی دا با دەستی بخاتە سەر دەمی، چونکە (لەو کاتەدا) شەیتان دەچێتە نێویەوە».

٨٤٣. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْعُطَاسَ، وَيَكْرَهُ التَّثَاؤُبَ، فَإِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَرُدَّهُ مَا اسْتَطَاعَ، وَلَا يَقُلْ هَاهْ هَاهْ، فَإِنَّمَا ذَلِكُمْ مِنَ الشَّيْطَانِ يَضْحَكُ مِنْهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە ڕاستیدا خوا پژمینی خۆش دەوێت و باوێشکی پێ ناپەسند و خراپە، بۆیە هەر کات یەکێکتان باوێشکی هات، با چەندەی دەتوانێت بیگێڕێتەوە، با نەڵێت: ها، ها، (دەنگی لێ نەهێنێت)، چونکە ئەوە لە شەیتانەوەیە و لەو کاتەدا شەیتان پێی پێدەکەنێت».

بَابٌ فِي الْعُطَاسِ

باسێك دەربارەی پژمین

٨٤٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: «إِذَا عَطَسَ أَحَدُكُمْ فَلْيَقُلِ: الْحَمْدُ لِلَّهِ عَلَى كُلِّ حَالٍ، وَلْيَقُلْ أَخُوهُ أَوْ صَاحِبُهُ: يَرْحَمُكَ اللَّهُ، وَيَقُولُ هُوَ: يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەرکات یەکێکتان پژمی با بڵێت: (الْحَمْدُ لِلَّهِ عَلَى كُلِّ حَال)، واتە: سوپاس بۆ خوا لە هەموو بارودۆخێکدا، با براکەی یان هاوڕێکەشی (لە وەڵامدا) بڵێت: (يَرْحَمُكَ اللَّه)، واتە: خوا ڕەحمت پێ بکات، ئەویش پێی بڵێتەوە: (يَهْدِيكُمُ اللَّهُ وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ)، واتە: خوا ڕێنوێنیتان بکات و کاروبارتان چاك بکات».

بَابُ كَيْفَ يُشَمَّتُ الذِّمِّيُّ

باسی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ناموسوڵمان کاتێك دەپژمێت

٨٤٥. عَنْ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ ﷺ قَالَ: كَانَتِ الْيَهُودُ تَعَاطَسُ عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ: رَجَاءَ أَنْ يَقُولَ لَهَا يَرْحَمُكُمُ اللَّهُ، فَكَانَ يَقُولُ: «يَهْدِيكُمُ اللَّهُ، وَيُصْلِحُ بَالَكُمْ».

ئەبو بوردە، لە باوکیەوە ﷺ دەگێڕێتەوە، گوتوویەتی: جوولەکە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ دەپژمین، بەئومێدی ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پێیان بفەرموێت: خوا ڕەحمتان پێ بکات، بەڵام پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: «خوا ڕێی ڕاستتان پیشان بدات و کاروبارتان چاك بکات».

بَابٌ فِي النَّوْمِ عَلَى طَهَارَةٍ

باسێك دەربارەی نووستن بەدەستنوێژەوە

٨٤٦. عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، قَالَ: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَبِيتُ عَلَى ذِكْرٍ طَاهِرًا، فَيَتَعَارُّ مِنَ اللَّيْلِ فَيَسْأَلُ اللَّهَ خَيْرًا مِنَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ إِلَّا أَعْطَاهُ إِيَّاهُ».

موعازی کوڕی جەبەل ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «هەر موسوڵمانێک شەو بەیادی خواوە و بەپاکی بخەوێت، ئینجا شەو بەئاگا بێتەوە و داوای خێری دونیا و دواڕۆژ لە خوا بکات، بەدڵنیایی خوا داواکەی وەردەگرێت».

٨٤٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَامَ مِنَ اللَّيْلِ فَقَضَى حَاجَتَهُ فَغَسَلَ وَجْهَهُ، وَيَدَيْهِ، ثُمَّ نَامَ.

ئیبن عەبباس ﷺ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ شەوێك هەستایەوە و چووە سەرئاو، دوایی دەست و دەموچاوی شوشت، پاشان نوستەوە.

بَابُ مَا يُقَالُ عِنْدَ النَّوْمِ

باسی ئەوەی دەگوترێت لە کاتی خەوتن

٨٤٨. عَنْ حَفْصَةَ ﵂ زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَرْقُدَ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمْنَى تَحْتَ خَدِّهِ ثُمَّ يَقُولُ: «اللَّهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَبْعَثُ، عِبَادَكَ ثَلَاثَ مِرَارٍ».

حەفصەی ﵂ خێزانی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕێتەوە: هەر کات پێغەمبەری خوا ﷺ بیویستبایە بخەوێت، دەستی ڕاستی دەخستە ژێر ڕوومەتی ڕاستی، پاشان دەیفەرموو: «خوایە ئەو ڕۆژەی کە بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە لە سزا و تووڕەیی خۆت بمپارێزە، سێ جار ئەوەی دووبارە دەکردەوە».

٨٤٩. عَنْ حُذَيْفَةَ ﵁ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا نَامَ قَالَ: «اللَّهُمَّ بِاسْمِكَ أَحْيَا وَأَمُوتُ». وَإِذَا اسْتَيْقَظَ قَالَ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَمَا أَمَاتَنَا، وَإِلَيْهِ النُّشُورُ».

حوزەیفە ﵁ دەڵێت: هەر کات پێغەمبەر ﷺ دەخەوت دەیفەرموو: خوایە بە ناوی تۆوەیە دەژین و دەمرین (ژیان و مردنمان لە دەستی تۆدایە) هەر کات لە خەویش هەستابایە دەیفەرموو: «سوپاس و ستاییش بۆ ئەو خوایەی لەدوای مردن زیندووی کردینەوە، سەرەنجامی گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە».

بَابُ مَا يَقُولُ إِذَا أَصْبَحَ

باسی ئەوەی دەگوترێ کاتێك بەیانی دەبێتەوە

٨٥٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁: أَنَّ أَبَا بَكْرٍ الصِّدِّيقَ ﵁ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مُرْنِي بِكَلِمَاتٍ أَقُولُهُنَّ إِذَا أَصْبَحْتُ، وَإِذَا أَمْسَيْتُ، قَالَ: «قُلْ: اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ، عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي، وَشَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ، قَالَ: قُلْهَا إِذَا أَصْبَحْتَ، وَإِذَا أَمْسَيْتَ، وَإِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەگێڕێتەوە: ئەبو بەکری صدیق ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چەند وشەیەکم پێ بڵێ کە هەر کات بەیانیم کردەوە بیانڵێم و ئێوارەشم کردەوە هەر بیانڵێم، فەرمووی: «بڵێ: خوایە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، ئەو زاتەی کە بە هەموو پەنهان و ئاشکرایەك ئاگاداریت، خاوەنی هەموو شتێک کە مافی خاوەندارێتی هەر بۆ تۆیە، شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق بوونی نییە جگە لە تۆ، پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی نەفسی خۆم، هەروەها لە خراپەی شەیتان و هاوبەشدانانی، فەرمووی: ئەگەر بەیانیت کردەوە و ئێوارەت کردەوە و چوویتە سەر جێگا (بۆ نوستن) ئەو زیکرە بڵێ».

٨٥١. **عَنْ بُرَيْرَةَ عَنْ أَبِيهِ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ:** «مَنْ قَالَ حِينَ يُصْبِحُ أَوْ حِينَ يُمْسِي: اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ بِنِعْمَتِكَ، وَأَبُوءُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي، إِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، فَمَاتَ مِنْ يَوْمِهِ أَوْ مِنْ لَيْلَتِهِ دَخَلَ الْجَنَّةَ».

بورەیرە لە باوکیەوە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: «هەر کەسێک بەیانی دەکاتەوە یان ئێوارە دەکاتەوە بڵێت: خوایە تۆ پەروەردگاری منیت، دروستت کردووم و من بەندەی تۆم، من لەسەر بەڵێن و پەیمانەکەمم (کە تۆ بپەرستم)، بەپێی ئەوەی لە توانامدایە، پەنا دەگرم بە تۆ لەو خراپەیەی کە خۆم ئەنجامم داوە، دان دەنێم بە نیعمەتەکانت، هەروەها دان دەنێم بە گوناهەکانمدا، جا لێم خۆش بە، چونکە کەس نییە لە گوناهەکان خۆش بێت جگە لە تۆ، ئەگەر لە ڕۆژەکەیدا یان شەوەکەیدا بمرێت، دەچێتە بەهەشتەوە».

بَابُ مَا يَقُولُ الرَّجُلُ إِذَا خَرَجَ مِنْ بَيْتِهِ

باسی ئەوەی دەگوترێت لە کاتی چوونەدەر لەماڵ

٨٥٢. عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ ﵂ قَالَتْ: مَا خَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ مِنْ بَيْتِي قَطُّ إِلَّا رَفَعَ طَرْفَهُ إِلَى السَّمَاءِ فَقَالَ: «اللَّهُمَّ أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَضِلَّ، أَوْ أُضَلَّ، أَوْ أَزِلَّ، أَوْ أُزَلَّ، أَوْ أَظْلِمَ، أَوْ أُظْلَمَ، أَوْ أَجْهَلَ، أَوْ يُجْهَلَ عَلَيَّ».

ئوم سەلەمە ﵂ دەڵێت: هەرگیز پێغەمبەر ﷺ لە ماڵەکەی من دەرنەچووە مەگەر سەری بۆ ئاسمان هەر بەرز کردۆتەوە و فەرموویەتی: «خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لەوەی کە لە ڕێگەی هەق لابدەم یان لامبدەن، یان تووشی تاوان بم و بخلیسکێم یان بمخلیسکێنن، هەروەها لەوەش کە ستەم لە کەسێك بکەم یان ستەمم لێ بکرێت، یان نەزانی بەرانبەر کەسێک بکەم یان نەزانی و نەفامی بەرانبەرم بکرێت».

بَابُ إِخْبَارِ الرَّجُلِ الرَّجُلَ بِمَحَبَّتِهِ إِيَّاهُ

باسی ئەوەی کەسێك کەسێکی خۆش ویست هەواڵی پێ بدات

٨٥٣. عَنِ الْمِقْدَامِ بْنِ مَعْدِي كَرِبَ ﵁ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: «إِذَا أَحَبَّ الرَّجُلُ أَخَاهُ فَلْيُخْبِرْهُ أَنَّهُ يُحِبُّهُ».

میقدامی کوڕی مەعدی کەریب ﵁ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگیڕێتەوە کە فەرموویەتی: «ئەگەر کەسێك کەسێکی خۆش ویست (کەسێك برای موسوڵمانی خۆی خۆش بوێت)، ئەوە با پێی بڵێت کە خۆشی دەوێت».

بَابٌ فِي الدَّالِّ عَلَى الْخَيْرِ

باسێك دەربارەی كەسێك ڕێگەی چاكە نیشانی خەڵك بدات

٨٥٤. عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ ﷺ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أُبْدِعَ بِي فَاحْمِلْنِي، قَالَ: «لَا أَجِدُ مَا أَحْمِلُكَ عَلَيْهِ، وَلَكِنِ ائْتِ فُلَانًا فَلَعَلَّهُ أَنْ يَحْمِلَكَ»، فَأَتَاهُ فَحَمَلَهُ، فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ».

ئەبو مەسعوودی ئەنصاری ﷺ دەڵێت: پیاوێک هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من وڵاخم نەماوە وڵاخی سواریم پێ بدە، فەرمووی: «هیچ وڵاخێكم لەلا نییە (لەم كاتەدا) تا بتدەمێ، بەڵام بچۆ بۆ لای فڵان كەس كە هیوام وایە پێت بدات»، ئەویش چوو بۆ لای و وڵاخی سواری پێ دا، ئینجا هاتەوە بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵی پێ دا (كە وڵاخی پێ داوە)، ئەوجار پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: «هەر كەسێک كەسێكی دیكە ڕێنوێنی بكات بۆ ڕێگای چاكە، ئەوە بەئەندازەی ئەو كەسە چاكەی بۆ دەنووسرێت».

بَابٌ فِي بِرِّ الْوَالِدَيْنِ

باسێك دەربارەی چاكەكردن لەگەڵ دایك و باوكدا

٨٥٥. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «لَا يَجْزِي وَلَدٌ وَالِدَهُ، إِلَّا أَنْ يَجِدَهُ مَمْلُوكًا فَيَشْتَرِيَهُ فَيُعْتِقَهُ».

ئەبو هورەیرە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەرگیز منداڵ ناتوانێت پاداشتی باوكی بداتەوە، مەگەر ببینێت باوكی كۆیلەیە و ئەویش بیكڕێتەوە و ئازادی

بکات».

٨٥٦. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ مِنْ أَكْبَرِ الْكَبَائِرِ أَنْ يَلْعَنَ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ»، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَيْفَ يَلْعَنُ الرَّجُلُ وَالِدَيْهِ؟، قَالَ: «يَلْعَنُ أَبَا الرَّجُلِ، فَيَلْعَنُ أَبَاهُ، وَيَلْعَنُ أُمَّهُ، فَيَلْعَنُ أُمَّهُ».

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «بێگومان لە گەورەترینی گوناهەکان ئەوەیە کەسێک نەفرەت لە دایک و باوکی بکات»، گوترا: ئەی پێغەمبەری خوا، جا چۆن پیاو نەفرەت لە دایک و باوکی دەکات؟ فەرمووی: «(پیاو هەیە) نەفرین لە باوکی کەسێک دەکات، ئەویش نەفرین لە باوکی ئەو دەکات، نەفرەت لە دایکی کەسێک دەکات، ئەو کەسەش نەفرەت لە دایکی ئەو دەکات».

تێبینی:

واتە: لەبەر ئەوەی ئەو دەستپێشخەری دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێکی دیکە جنێو و قسەی سووک بە باوک و دایکی بگوترێت، ئەوە وەکوو ئەوە وایە خۆی قسەکە بکات و نەفرەتەکە بکات.

٨٥٧. عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ أَبَرَّ الْبِرِّ صِلَةُ الْمَرْءِ أَهْلَ وُدِّ أَبِيهِ، بَعْدَ أَنْ يُوَلِّيَ».

ئیبن عومەر رضي الله عنهما دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لە ڕاستیدا باشترین چاکەکاری (کە کەسێک بیکات) پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و خۆشەویستییە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خۆشەویست و هاوڕێی باوکی بووە، (ئەو پەیوەندییەش) لەدوای نەمانی باوکەوە (دەست پێ دەکات)».

بَابٌ فِي مَنْ ضَمَّ الْيَتِيمَ

باسێك دەربارەی ئەو كەسەی سەپەرشتیی بێباوكان دەكات

٨٥٨. عَنْ سَهْلٍ ﵁: أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: «أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ كَهَاتَيْنِ فِي الْجَنَّةِ». وَقَرَنَ بَيْنَ أُصْبُعَيْهِ الْوُسْطَى وَالَّتِي تَلِي الْإِبْهَامَ

سەهل ﵁ دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «من و ئەو كەسەی هاوكار و پشتیوانی بێباوكانە (كەفیلی ژیانیانە) وەكوو ئەو دوو پەنجەین لە بەهەشتدا». لە كاتی فەرمایشتەكەدا هەردوو پەنجەی نێوەڕاست و پەنجەی شایەتمانی بەیەكەوە جووت كرد (واتە: ئاوا لەیەك نزیكن لە بەهەشتدا).

بَابٌ فِي حَقِّ الْجِوَارِ

باسێك دەربارەی مافی دراوسێ

٨٥٩. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ﵄: أَنَّهُ ذَبَحَ شَاةً فَقَالَ: أَهْدَيْتُمْ لِجَارِي الْيَهُودِيِّ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ، حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ».

عەبدوڵڵای كوڕی عەمر ﵄ دەگێڕێتەوە: مەڕێكی (بۆ خێر) سەر بڕیبوو، گوتی: ئەرێ بەشی دراوسێ جوولەكەكەتان داوە؟ چونكە گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «بەردەوام جیبریل ئامۆژگاری دەكردم و ڕایدەسپاردم بە باشبوونم لەگەڵ دراوسێ، هەتا وا گومانم برد كە دراوسێ میرات لە دراوسێ دەگرێت!».

٨٦٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ، وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ، وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، فَلَا يُؤْذِ جَارَهُ، وَمَنْ

كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ، وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر کەسێك بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانی بگرێت، هەر کەسێك بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با دراوسێکەی ئەزیەت نەدات، وە هەر کەسێك بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی چاك بکات، یان بێدەنگ بێت».

بَابُ كَيْفَ الِاسْتِئْذَانُ

باسی چۆنیەتی مۆڵەتوەرگرتن

٨٦١. عَنْ رَجُلٍ مَنْ بَنِي عَامِرٍ: أَنَّهُ اسْتَأْذَنَ عَلَى النَّبِيِّ ﷺ وَهُوَ فِي بَيْتٍ فَقَالَ: أَلِجُ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ لِخَادِمِهِ: «اخْرُجْ إِلَى هَذَا فَعَلِّمْهُ الِاسْتِئْذَانَ، فَقُلْ لَهُ: قُلِ السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، أَأَدْخُلُ؟»، فَسَمِعَهُ الرَّجُلُ، فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، أَأَدْخُلُ؟ فَأَذِنَ لَهُ النَّبِيُّ ﷺ، فَدَخَلَ.

پیاوێک لە بەنو عامیر دەگێڕێتەوە: داوای مۆڵەتی چوونەژوورەوەی لە پێغەمبەر ﷺ کردووە کە لە ماڵەوە بووە، گوتوویەتی: ئایا بێمە ژوورەوە؟ پێغەمبەریش ﷺ بە خزمەتکارەکەی فەرموو: «بچۆ دەرێ بۆ لای ئەو پیاوە و فێری مۆڵەتوەرگرتنی بکە و پێی بڵێ: (سەرەتا بڵێ) السلام علیکم، (ئەوجار بڵێ): ئایا بێمە ژوورەوە؟ کابراش گوێی لێبوو بۆیە گوتی: -السلام علیکم- ئەرێ (مۆڵەت هەیە) بێمە ژوورەوە؟»، ئینجا پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی پێ دا و کابراش هاتە ژوورەوە. (واتە: سەرەتا سەلامکردن سوننەتە و ڕاستە، ئەوجار بڵێی: مۆڵەت هەیە؟).

بَابُ كَمْ مَرَّةً يُسَلِّمُ الرَّجُلُ فِي الِاسْتِئْذَانِ

باسی ئەوەی کە پیاو لە کاتی مۆڵەوەتوەرگرتندا چەند جار سەلام دەکات

٨٦٢. عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ بُسْرٍ ﷺ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَتَى بَابَ قَوْمٍ لَمْ يَسْتَقْبِلِ الْبَابَ مِنْ تِلْقَاءِ وَجْهِهِ، وَلَكِنْ مِنْ رُكْنِهِ الْأَيْمَنِ، أَوِ الْأَيْسَرِ، وَيَقُولُ السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، وَذَلِكَ أَنَّ الدُّورَ لَمْ يَكُنْ عَلَيْهَا يَوْمَئِذٍ سُتُورٌ.

عەبدوڵڵای کوڕی بوسر ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بهاتبایە بەر دەرگای کەسێک بەرەو ڕووی دەرگاکە ڕانەدەوەستا و بچێتە ژوورەوە، بەڵکوو لە گۆشەی ڕاستەوە، یان لە گۆشەی چەپی دەرگاوە ڕادەوەستا و دەیفەرموو: -السلام علیکم، السلام علیکم- (دوو جار)، ئەوە ئەو کاتە بوو کە خانووەکان پەردە و دیواری حەوشەیان نەبوو.

بَابُ الرَّجُلِ يَسْتَأْذِنُ بِالدَّقِّ

باسی مۆڵەتوەرگرتن بە لەدەرگادان (یان جەڕەس)

٨٦٣. عَنْ جَابِرٍ ﷺ: أَنَّهُ ذَهَبَ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فِي دَيْنِ أَبِيهِ فَدَقَقْتُ الْبَابَ، فَقَالَ: «مَنْ هَذَا؟». قُلْتُ: أَنَا، قَالَ: «أَنَا أَنَا»، كَأَنَّهُ كَرِهَهُ.

جابیر ﷺ دەگێڕێتەوە: چووە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ لەبەر ئەو قەرزەی کە لەسەر باوکی بووە، (دەڵێت: کە چووم) لە دەرگام دا، ئەویش فەرمووی: «ئەوە کێیە؟»، گوتم: منم، فەرمووی: «منم، منم»، وەکوو بڵێیت پێیناخۆش بوو (چونکە دەبێت بڵێیت: منم فلان کەسم، ناوی خۆت بڵێیت).

بَابٌ فِي إِفْشَاءِ السَّلَامِ

باسێك دەربارەی بڵاوكردنەوەی سڵاو

٨٦٤. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَفَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى أَمْرٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە، ناچنە بەهەشت هەتا ئیمان نەهێنن، بڕواشتان تەواو نابێت هەتا یەكدیتان خۆش نەوێت! جا ئایا كارێكتان پێ بڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن بەهۆیەوە یەكدیتان خۆش دەوێت؟ لەنێو خۆتان سڵاو بڵاو بكەنەوە».

بَابٌ كَيْفَ السَّلَامُ؟

باسی چۆنیەتی سڵاوكردن

٨٦٥. عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ ﵁ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ، فَرَدَّ عَلَيْهِ السَّلَامَ، ثُمَّ جَلَسَ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «عَشْرٌ»، ثُمَّ جَاءَ آخَرُ فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، فَرَدَّ عَلَيْهِ، فَجَلَسَ، فَقَالَ: «عِشْرُونَ»، ثُمَّ جَاءَ آخَرُ فَقَالَ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، فَرَدَّ عَلَيْهِ، فَجَلَسَ، فَقَالَ: «ثَلَاثُونَ».

عیمرانی كوڕی حوصەین ﵁ دەڵێت: پیاوێک هات بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوتی: -السَّلَامُ عَلَيْكُمْ-، پێغەمبەریش ﷺ وەڵامی سڵاوەكەی دایەوە، پاشان دانیشت، ئینجا

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «ئەوە دە»، پاشان یەکێکی دیکە هات و گوتی: -السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ- وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، ئینجا دانیشت، ئینجا فەرمووی: «ئەوە بیست» (چونکە وشەی -ورحمة الله-ی زیاد کرد)، پاشان یەکێکی دیکە هات و گوتی: -السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ-، ئەویش وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، ئەویش دانیشت، ئینجا فەرمووی: «ئەوە سی».

تێبینی:

مەبەستی خۆشەویستمان ﷺ لەوەی فەرمووی: (١٠) و (٢٠) و (٣٠) واتە: ئەوەندە خێر و چاکەی بۆ نووسرا.

بَابٌ فِي فَضْلِ مَنْ بَدَأَ السَّلَامَ

باسێك دەربارەی گەورەیی ئەو کەسەی کە سەرەتا سڵاو دەکات

٨٦٦. عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «إِنَّ أَوْلَى النَّاسِ بِاللَّهِ مَنْ بَدَأَهُمْ بِالسَّلَامِ».

ئەبو ئومامە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «لەپێشترین کەس (شایستە بێت بە پاداشتی خوا) لەلای خوا، ئەو کەسەیە کە سەرەتا سڵاو دەکات».

بَابُ مَنْ أَوْلَى بِالسَّلَامِ؟

باسی ئەوەی کە کێ لەپێشترە بۆئەوەی سەلام بکات؟

٨٦٧. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يُسَلِّمُ الصَّغِيرُ عَلَى الْكَبِيرِ،

وَالْمَارُّ عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ».

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «(یاساکە بەو جۆرەیە) گچکە سەلام لە گەورە دەکات، ئەو کەسەی ڕێ دەکات سەلام لە کەسی دانیشتوو دەکات، هەروەها کەمیش سەلام لە زۆران دەکەن».

بَابٌ فِي السَّلَامِ عَلَى النِّسَاءِ

باسێك دەربارەی سەلامکردن لە ئافرەتان

٨٦٨. عَنْ أَسْمَاءِ ابْنَةِ يَزِيدَ: مَرَّ عَلَيْنَا النَّبِيُّ ﷺ فِي نِسْوَةٍ فَسَلَّمَ عَلَيْنَا.

ئەسمائی کچی یەزید دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ بەلاماندا تێپەڕی کۆمەڵێك ئافرەت بووین، ئەویش سەلامی لێ کردین.

بَابُ مَا جَاءَ فِي الْقِيَامِ

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی لەبەرهەستان

٨٦٩. عَنِ الْبَرَاءِ ﵁ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «مَا مِنْ مُسْلِمَيْنِ يَلْتَقِيَانِ، فَيَتَصَافَحَانِ إِلَّا غُفِرَ لَهُمَا قَبْلَ أَنْ يَفْتَرِقَا».

بەڕاء ﵁ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «هەر دوو موسوڵمانێك بەیەك بگەن و تەوقە لەگەڵ یەکدی بکەن، ئەوە بێگومان لە گوناهەکانیان دەبووردرێن پێش ئەوەی لەیەکدی جیا ببنەوە».

٨٧٠. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ﵁: أَنَّ أَهْلَ قُرَيْظَةَ لَمَّا نَزَلُوا عَلَى حُكْمِ سَعْدٍ أَرْسَلَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ ﷺ فَجَاءَ عَلَى حِمَارٍ أَقْمَرَ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «قُومُوا إِلَى سَيِّدِكُمْ أَوْ إِلَى

خَيْرِكُمْ»، فَجَاءَ حَتَّى قَعَدَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ.

ئەبو سەعیدی خودری ﷺ دەگێڕێتەوە: کاتێک بەنو قورەیزە هاتن ڕازی بوون بە دادوەریی سەعد ﷺ، پێغەمبەر ﷺ ناردی بەدوایدا، ئەویش بەسواری گوێدرێژێکی سپی هات، جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: «لەبەر گەورەکەتان یان لەبەر باشترینتان هەستنەوە»، جا کە هات لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشت.

تێبینی:

ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە هەستانەوە وەك ڕێزنواندن بۆ کەسی ڕێزدار و براگەورە و کەسی بەتەمەن دروستە، بەتایبەت ئەگەر لەنێو کۆمەڵگایەك هەڵنەستانەوە مانای بەسووك سەیرکردن و بێڕێزی لێ وەردەگیرا، گرینگە ڕەچاوی نەریت و باوی ئەو کۆمەڵگایە بکرێت.

الحمدلله الذي بنعمته تتم الصالحات

نێوەڕۆك

سیفەتەکانی و شکۆ و گەورەیی ﷺ ٧
چەند ڕێنماییەکی پێویست بۆ خوێنەری خۆشەویست ٩
پێشەکی... ١٠
بەرنامەی کارکردنمان لەم پرۆژەیە: ١٢
پوختەی ژیانی ئیمام ئەبو داود ﷺ ١٤
پەرتووکی پاکوخاوێنی.. ٢٢
باسی دوورکەوتنەوە و خۆپەنادان لە کاتی سەرئاوکردندا ٢٢
باسی ئەو (دوعایەی) مرۆڤ دەیڵێت لە کاتی چوونە سەرئاو ٢٣
باسێك دەربارەی کەسێك کە بەبێدەستنوێژی یادی خوا بکات....... ٢٣
باسی ئەو (زیکرەی) مرۆڤ دەیڵێت لە کاتی دەرچوون لە سەرئاو ٢٤
باسی سیواك ٢٤
باسی پێویستییەتی (فەرزییەتی) دەستنوێژ ٢٥
باسی ئەوەی کە ئاو پیس نابێت.................................. ٢٥
باسی دەستنوێژ شوشتن بە ئاوی پاشماوەی سەگ ٢٦
باسی پاشماوەی پشیلە ٢٧
باسی دەستنوێژ شوشتن بە ئاوی دەریا ٢٩
باسێك دەربارەی ئەوەی ئایا پیاو دەتوانێت لە تەنگاویدا نوێژ بکات؟ ٢٩
باسی زیادەڕۆییکردن لە (بەکارهێنانی) ئاودا ٣٠
باسێك دەربارەی جوان دەستنوێژ شوشتن ٣١
باسێك دەربارەی ئەوەی کەسێك پێش دەستشوشتن دەست بخاتە نێو دەفری ئاوەکە ٣١
باسی چۆنیەتی دەستنوێژی پێغەمبەر ﷺ........................... ٣٢

باسی دەست خستنە نێو ڕیش (لە کاتی دەستنوێژ)........................ ٣٢
باسی مەسحکردن لەسەر خوففەکان............................ ٣٣
باسی کاتدانان بۆ مەسحکردن............................ ٣٣
باسی چۆنیەتی مەسحکردن ٣٤
باسی ئەو زیکرەی کە مرۆڤ لەدوای دەستنوێژ دەیڵێت (لە زیکرەکان).......... ٣٥
باسی کەسێك هەر پێنج نوێژەکە بە یەك دەستنوێژەوە بکات.......... ٣٦
باسێك دەربارەی ئەوە ئەگەر کەسێك گومانی هەبوو لە دەستنوێژشکانی ٣٧
باسێك دەربارەی دەستنوێژ شوشتنەوە بەهۆی خەوتن ٣٧
باسێك دەربارەی مەزی ٣٨
باسی دەستنوێژ شوشتنەوە بۆ کەسێك کە دەیەوێت دووبارە سەرجێیی بکات ٣٩
باسێك دەربارەی خەوتنی کەسی لەشگران ٣٩
باسێك دەربارەی تەوقەکردنی کەسی لەشگران ٤٠
باسێك دەربارەی ئیمام کە لەشگران بێت و پێشنوێژیی بۆ خەڵك بکات و لەبیری نەبێت
.... ٤٠
باسێك دەربارەی ئەو کەسەی لە خەودا تەڕی ببینێت ٤١
باسێك دەربارەی خۆشوشتن بەهۆی لەشگرانی ٤١
باسێك دەربارەی ئەوەی کە ئافرەت قژی بەستبوو، بۆ خۆشوشتن دەیکاتەوە ٤٢
باسێك دەربارەی خواردن و تێکەڵاوی لەگەڵ ئافرەتی حەیزدار ٤٢
باسێك دەربارەی چوونە لای ئافرەتی حەیزدار (بۆ سەرجێیی)........ ٤٣
باسی ئەوانەی ڕیوایەتی ئەوەیان کردووە: ئەگەر حەیز تەواو بوو ئافرەت واز لە نوێژ ناهێنێت ٤٤
باسی تەیەممومکردن.......................... ٤٤
باسێك دەربارەی خۆشوشتن لە ڕۆژی هەینیدا.......................... ٤٥
باسی ئەوەی کە میزی منداڵ بەر پۆشاك بکەوێت.......................... ٤٦
باسی زەوییەك کە میزی لەسەر دەکرێت.......................... ٤٧

باسێك دەربارەی پاكبوونەوەی زەوی كاتێك وشك دەبێتەوە ٤٨
باسی پیسییەك بەر نەعل بكەوێت (نەعل و پێڵاو)................... ٤٨
پەرتووكی نوێژ ٥٠
باسی فەڕزبوونی نوێژ ٥٠
باسێك دەربارەی كاتەكانی نوێژ.................................. ٥١
باسێك دەربارەی كاتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ و چۆنیەتی نوێژكردنی تێیاندا........ ٥٢
باسێك دەربارەی كاتی نوێژی عیشا ٥٢
باسێك دەربارەی كاتی نوێژی بەیانی ٥٤
باسێك دەربارەی پارێزگاریكردن لە كاتی نوێژەكان.................... ٥٤
باسێك دەربارەی ئەوە كە ئیمام نوێژەكەی دوا بخات و لە كاتی خۆی نەیكات ٥٥
باسێك دەربارەی ئەو كەسەی دەخەوێت لە كاتی نوێژ یاخود لە بیری دەچێت ٥٧
باسی دروستكردنی مزگەوت لەنێو ماڵاندا ٥٩
باسێك دەربارەی ئەو زیكرەی مرۆڤ دەیڵێت: لە كاتی چوونی بۆ نێو مزگەوت ... ٥٩
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی نوێژ لە كاتی چوونە نێو مزگەوت................ ٦٠
باسێك دەربارەی پێگە و پاداشتی دانیشتن لە مزگەوتدا........................ ٦٠
باسی كەی فەرمان دەكرێت بە منداڵ نوێژ بكات؟.......................... ٦١
باسی چۆنیەتی بانگدان ٦١
باسێك دەربارەی قامەت... ٦٤
باسی دەنگبەرزكردنەوە لە بانگداندا ٦٤
باسی ئەوەی كە پێویستە لەسەر بانگبێژ ئاگای لە كاتی بانگدان بێت............ ٦٤
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی پاڕانەوە لە نێوان بانگ و قامەتدا.............. ٦٥
باسی ئەوەی كە دەگوترێت لە كاتی گوێبیستبوونی بانگبێژ ٦٥
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی دوعا و پاڕانەوە لە كاتی بانگدا ٦٧
باسی دەرچوون لە مزگەوت لەدوای بانگدان.......................... ٦٧

باسێك دەربارەی ئەوەی قامەت کراوە و ئیمام نەهاتووە و خەڵك بەدانیشتنەوە چاوەڕێی دەکەن.. ٦٨
باسێك دەربارەی هەڕەشەی وازهێنەرانی نوێژی بەکۆمەڵ ٦٨
باسێك دەربارەی پێگە و گەورەیی نوێژی بەکۆمەڵ ٦٩
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی گەورەیی و پاداشتی ڕێکردن بۆ نوێژ.......... ٦٩
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی چوون بۆ نوێژ بەتاریکی.................. ٦٩
باسێك دەربارەی ئەو کەسەی دەچێت بۆ مزگەوت و نوێژ تەواو بووە........... ٧٠
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی چوونی ژنان بۆ مزگەوت ٧١
باسێك دەربارەی کۆباسی پێشنوێژی و گەورەییەکەی ٧٣
باسی پێشنوێژیکردنی میوان ٧٣
باسی پێشنوێژیکردن بەدانیشتنەوە ٧٤
باسی ئیمام کە دوای سەلامدانەوە ڕووی بۆ لای خەڵك دەسووڕێنێت ٧٥
باسی ئەوەی کە فەرمان کراوە بە نوێژخوێن لەپەیڕەوکردنی ئیمام............ ٧٥
باسی ڕێك و ڕاستکردنی ڕیزەکانی نوێژ.............................. ٧٦
باسی ئەوە سوننەتە کێ لەدوای ئیمام بێت لە ڕیزدا، کێ ناپەسندە دوا بکەوێت ٧٧
باسی ئەو کەسەی بەتەنیا نوێژ دەکات لەدوای ڕیزی نوێژخوێنان.............. ٧٧
باسی کەسێك کە پێش چوونە ڕیزی نوێژخوێنان دەچێتە ڕکووعەوە ٧٨
باسی ئەو شتەی کە نوێژخوێن دەیکات بە بەربەست ٧٨
باسی فەرمانکردن بە نوێژخوێن بە پاڵنان بەو کەسەی کە دەیەوێت لە پێشیەوە تێبپەڕێت ٧٩
باسێك دەربارەی ئەوەی کە سوترەی ئیمام سوترەی نوێژخوێنانیشە ٧٩
باسی ئەوەی کە گوتوویەتی: ئافرەت نوێژ نابڕێت ٨٠
باسی بەرزکردنەوەی دەستەکان لە نوێژدا ٨١
باسی دەستپێکی نوێژ... ٨١
باسی ئەو کەسانەی دەڵێن: ئەگەر لە دووەم ڕکاتدا هەستایەوە دەست بەرز دەکاتەوە ٨٢

باسی ئەو دوعایانەی نوێژی پێ دەست پێ دەکرێت................ ٨٢
باسی ئەوانەی بە زیکری (سبحانك اللهم وبحمدك) دەست بە نوێژ دەکەن ٨٣
باسی کورتکردنەوەی نوێژ بەهۆی ڕوودانی ڕووداوێك ٨٤
باسێك دەربارەی کورتکردنەوەی نوێژ ٨٥
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی قورئانخوێندن لە نوێژی نیوەڕۆدا............. ٨٦
باسی ئەوەی خوێندنی فاتیحەی پێ ناپەسندە کاتێك ئیمام بەدەنگی بەرز قورئانی خوێند ٨٧
باسی ئەوەی کە نەخوێندەوار و غەیرە عەرەب خوێندنی چ ئەندازەیەك لە قورئانیان بەسە ٨٧
باسی دانیشتن لە نێوان هەردوو سوجدەکەدا...................... ٨٨
باسی دوعاکردنی نێوانی سوجدەکاندا ٨٩
باسی نوێژی کەسێك کە پشتی ڕێك ناکاتەوە لە ڕکووع و سوجدە.............. ٨٩
باسی ئەوەی مرۆڤ دەیڵێت لە ڕکووع و سوجدەکانیدا ٩٠
باسێك دەربارەی دوعا لە ڕکووع و سوجدەدا ٩١
باسی پاڕانەوە لە نوێژدا ٩٣
باسی سوجدە بردن لەسەر لووت و دەم و چاو...................... ٩٤
باسی گریان لە نوێژدا ٩٤
باسی ناپەسندی وەسوەسە و داڵغە لە نوێژدا ٩٥
باسی ئاوڕدانەوە لەنێو نوێژدا ٩٥
باسی جووڵەکردن لەنێو نوێژدا ٩٦
باسی وەڵامدانەوەی سەلام لەنێو نوێژدا ٩٧
باسی گوتنی ئامین لەدوای ئیمامەوە ٩٧
باسی چەپڵەلێدان لە نوێژدا............................. ٩٨
باسی ئاماژەکردن لەنێو نوێژدا.............................. ٩٨
باسی پیاوێك لەنێو نوێژدا خۆی بە گۆچانەکەی دابدات................. ٩٩

باسی ڕێگریکردن لە قسەکردن لەنێو نوێژدا ١٠٠
باسی تەحیات ١٠١
باسی صەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ لەدوای تەحیات ١٠٢
باسی ئەوەی دەگوترێت لەدوای تەحیات.......................... ١٠٢
باسێك دەربارەی سەلامدانەوە (لە نوێژدا)........................ ١٠٣
باسی (الله أكبر) کردن لەدوای نوێژ ١٠٤
باسێك: ئەگەر کەسێك پێنج ڕکات نوێژی کرد ١٠٥
باسی نوێژی سوننەتی پیاو لە ماڵەکەی خۆیدا ١٠٥
باسەکانی نوێژی هەینی ١٠٦
باسی پێگە و گەورەیی ڕۆژ و شەوی هەینی ١٠٦
باسی پێگەو گەورەیی ڕۆژی هەینی ١٠٧
باسی ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە ڕۆژێکی باراناویدا.................. ١٠٧
باسی نوێژی هەینی بۆ کۆیلە و ئافرەت (ئایا لەسەر ئەوان پێویستە؟) ١٠٨
باسێك: ئەگەر ڕۆژی هەینی و ڕۆژی جەژن کەوتنە یەك ڕۆژەوە ١٠٨
باسی لە ڕۆژی هەینی لە نوێژی بەیانی چی بخوێنرێت؟.................. ١٠٩
باسێك دەربارەی دانانی مینبەر ١٠٩
باسی دانیشتن کاتێك وتارخوێن دەچێتە سەر مینبەر ١١٠
باسی کورتکردنەوەی وتار............................. ١١٠
باسی قسەکردن لە کاتێکدا وتاربێژ وتار دەدات ١١١
باسی مۆڵەتوەرگرتنی کەسی دەستنوێژ شکاو لە ئیمام ١١١
باسێك: کاتێك کەسێك دەچێتە مزگەوت و وتاربێژ وتار دەدات ١١٢
باسی هەنگاونان بەسەر شان و ملی خەڵکیدا لە ڕۆژی هەینیدا ١١٣
باسی ئەو کەسەی بە ڕکاتێکی نوێژی هەینی ڕادەگات ١١٣
باسی ئەوە (کە سوننەتە) لە نوێژی هەینیدا چ سووڕەتێك دەخوێنرێ ١١٤

باسی نوێژی هەردوو جەژنەکە (ڕەمەزان و قوربان) ١١٤
باسی (کاتی) وتاری ڕۆژی جەژن ١١٥
باسی (الله أكبر) گوتن لە جەژنەکاندا ١١٦
باسی ئەوەی کە لە جەژنی قوربان و ڕەمەزاندا دەخوێندرێت ١١٦
کۆباسی بابەتەکانی نوێژی داواکردنی باران و لقوپۆپەکانی ١١٧
باسێك دەربارەی ئەو کەسەی نوێژەبارانە دەکات کەی پۆشاکەکەی هەڵدەگێڕێتەوە ١١٨
باسی دەست بەرزکردنەوە لە کاتی دوعاکردن لە نوێژەبارانەدا ١١٨
باسی نوێژی خۆرگیران ١١٩
باسی قورئانخوێندن لە نوێژی خۆرگیراندا ١٢٠
باسی جاڕدان بۆ نوێژی خۆرگیران ١٢٠
باسی خێرکردن لە کاتی خۆرگیراندا ١٢١
ئەو شتانەی پەیوەندیان هەیە بە نوێژی سەفەرەوە ١٢١
باسی نوێژی گەشتیار ١٢١
باسی ئەوە کە چ کاتێك (گەشتیار) نوێژەکەی کورت دەکاتەوە ١٢٢
باسی بانگدان لە گەشتدا ١٢٢
باسی کۆکردنەوەی دوو نوێژەکان ١٢٣
باسی قورئانخوێندنی کورت لە نوێژی گەشتدا ١٢٥
باسی ئەنجامدانی نوێژی سوننەت و نوێژی ویتر بەسواری وڵاخ ١٢٥
باسی نوێژ کردن بکات بەسواری بەهۆی پاساوەوە ١٢٥
باسی ئەوە کە لە چ کاتێك گەشتیار نوێژ بەتەواوی دەکات ١٢٦
باسی ئەوەی پەیوەستە بە نوێژی سوننەت و ئەو ڕکاتانەی کە سوننەتن ١٢٧
باسی دوو ڕکات (سوننەتی پێش نوێژی) بەیانی ١٢٧
باسی پوخت و ئاسانکردنی دوو ڕکات سوننەتی پێش نوێژی بەیانی ١٢٨
باسی ئەو کەسەی نوێژی چووە کەی دەیگێڕێتەوە ١٢٩

باسی چوار ڕکات پێش نوێژی نیوەڕۆ و چوار ڕکات دوای نوێژی نیوەڕۆ....... ١٢٩
باسی نوێژی (سوننەتی) پێش نوێژی شێوان.................... ١٣٠
باسی نوێژی چێشتەنگاو ١٣١
باسێك دەربارەی نوێژی ڕۆژ.................... ١٣٢
باسی هەستانەوە بۆ شەونوێژ.................... ١٣٢
باسی کەسێك نیەتی هێناوە شەونوێژ بکات کەچی دەخەوێت ١٣٣
باسی شەونوێژ دوو ڕکاتە ١٣٤
باسێك دەربارەی دەنگ بەرزکردنەوە لە قوڕئانخوێندنی شەونوێژدا.......... ١٣٤
باسێك دەربارەی شەونوێژ ١٣٦
باسی فەرمانکردن بە هاوسەنگی لە نوێژدا (نە کورت نە درێژ).......... ١٣٨
باسێك دەربارەی شەو زیندووکردنەوە لە مانگی ڕەمەزاندا.......... ١٣٩
باسێك دەربارەی شەوی قەدر.................... ١٤٠
باسەکانی بەشبەشکردنی قوڕئان و بە تەرتیل خوێندنەوەی قوڕئان.......... ١٤١
باسێك دەربارەی ئەوەی کە لە چەند ڕۆژدا قوڕئان بخوێندرێت.......... ١٤١
باسی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە سوجدەوە هەیە و چەند سوجدەی قوڕئانخوێندن هەیە لە قوڕئاندا.................... ١٤٣
باسی ئەوەی دەگوترێت لە سوجدەدا ١٤٣
باسی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ویترەوە هەیە.................... ١٤٣
باسی بەڵگەی ئەوە کە ویتر سونەتە ١٤٣
باسی قونووت خوێندن لە ویتردا.................... ١٤٤
باسێك دەربارەی کاتی ویتر ١٤٥
باسی هاندان بۆ شەونوێژ ١٤٦
باسێك دەربارەی پاداشتی قوڕئانخوێندن.................... ١٤٦
باسی سووڕەتی فاتیحە.................... ١٤٧

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئایەتی کورسی ١٤٧
باسێك دەربارەی پێگەی سوورەتی ئیخلاص ١٤٨
باسی دوعا و پاڕانەوە ١٤٩
باسی ئەوەی کە دەگوترێت دوای سەلامدانەوە ١٥١
باسێك دەربارەی داوای لێخۆشبوون کردن ١٥٣
باسی ناپەسندی دوعاکردنی خراپ لە منداڵ و ماڵ و سامانی خۆت ١٥٥
باسی صەڵاواتدان لەسەر غەیری پێغەمبەر ﷺ (ئایا دروستە یان نا؟) ١٥٦
باسی دوعا کردن بەنهێنی بۆ موسوڵمان ١٥٦
باسی کەسێك کە لە کەسانێك بترسێت چی دەڵێت؟ ١٥٧
باسێك دەربارەی پەناگرتن ١٥٧
پەرتووکی زەکات ١٦٠
باسی ئەو شتانەی زەکاتیان تێدا واجبە ١٦٠
باسی ئەوەی کە کەنز چییە؟ هەروەها باسی زەکاتی خشڵ ١٦١
باسی ئەو پیاوەی شتێکی کردۆتە خێر و دوایی دەیکڕێتەوە ١٦٢
باسی زەکاتی کۆیلە ١٦٣
باسی زەکاتی کشتوکاڵ ١٦٣
باسی زەکاتی سەرفیترە ١٦٤
باسی کەسێك دەوڵەمەند بێت و بۆی دروست بێت زەکات وەربگرێت ١٦٦
باسی ئەندازەی ئەو زەکاتەی دەدرێت بە یەك کەس ١٦٦
باسی ناپەسندی داواکردن ١٦٧
باسی پێدان (ی یارمەتی) لەبەر خاتری ناوی خوا ١٦٧
باسی پاداشتی ئەو کەسەی لەسەر خەزێنە و بەیتولمالی موسوڵمانانە ١٦٨
باسێك دەربارەی پەیوەندیی خزمایەتی ١٦٨
باسێك دەربارەی چرووکی ١٦٩

پەرتووکی شتی دۆزراوە ١٧٢
پەرتووکی ڕێوڕەسمی حەج........................ ١٧٤
باسی فەڕزبوونی حەج........................ ١٧٤
باسێك دەربارەی ئافرەت بەبێ مەحرەم حەج بکات........................ ١٧٥
باسی بازرگانیکردن لە کاتی حەج ١٧٦
باسێك دەربارەی حەجکردنی منداڵ........................ ١٧٦
باسێك دەربارەی میقاتەکان (شوێنەکانی ئیحرامبەستن)........................ ١٧٧
باسی بۆن لە خۆدان لە کاتی ئیحرامدا ١٧٨
باسێك دەربارەی مانگای قوربانی (ڕەشەوڵاخ: مانگا، گا، گامێش) ١٧٨
باسێك دەربارەی ئەنجامدانی حەج و عومرە بەیەکەوە........................ ١٧٨
باسی کەسێك حەج لەبری کەسێکی دیکە بکات........................ ١٧٩
باسی ماچکردنی بەردە ڕەشەکە ١٧٩
باسی پاڕانەوە لە تەوافدا ١٨٠
باسی ڕاوەستان لە عەرەفە ١٨٠
باسی کەسێك شەوانی مینا لە مەککە بمێنێتەوە (ئایا دروستە؟) ١٨١
باسێك دەربارەی ڕەجمکردنی شەیتان........................ ١٨١
باسی سەرتاشین و کورتکردنەوەی ١٨٢
باسی تەوافی ئیفازە لە کاتی حەجدا........................ ١٨٣
باسی تەوافی ماڵئاوایی ١٨٣
باسێك دەربارەی سەردانکردنی مەدینە........................ ١٨٤
باسێك دەربارەی ئەوەی لە مەدینە حەرامە ١٨٤
باسی سەردانکردنی گۆڕستان........................ ١٨٤
پەرتووکی هاوسەرگیری ١٨٦
باسی هاندان بۆ هاوسەرگیریکردن........................ ١٨٦

باسی فەرمانکردن بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ کەسی پابەند بە ئیسلام......... ١٨٧
باسی ئەوەی هەرچی بە ڕەچەڵەك حەرام دەبێت، بەهۆی شیرپێدانیشەوە حەرام دەبێت ١٨٨
باسی ئەوەی کە ئایا کەمتر لە پێنج جار شیرخواردن دەیکاتە مەحرەم......... ١٨٨
باسی ئەو ئافرەتانەی کە نابێت پیاو بەیەکەوە لەژێر نیکاحی خۆیدا کۆیان بکاتەوە ١٨٩
باسێك دەربارەی ژن بە ژن............................ ١٩٠
باسێك دەربارەی حەڵاڵکردن ١٩٠
باسێك دەربارەی ناپەسندی داخوازی پیاوێك بەسەر داخوازی براکەیەوە...... ١٩١
باسێك دەربارەی کەسێك دەیەوێت ئافرەتێك بخوازێت، دروستە بڕوات سەیری بکات ١٩١
باسێك دەربارەی سەرپەشتیار ١٩٢
باسێك دەربارەی وەرگرتنی بۆچوونی ئافرەت (کاتی مارەبڕین) ١٩٢
باسی مارەیی ١٩٣
باسی ئەوەی دەگوترێت وەك پیرۆزبایی بۆ کەسی تازە زەواجکردوو ١٩٤
باسێك دەربارەی دابەشکردنی شەوەکان لە نێوان هاوسەراندا ١٩٤
باسی پیاوێك ژنەکەی مەرجی بۆ دابنێت کە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە ١٩٥
باسێك دەربارەی مافی ئافرەت لەسەر پیاوەکەی................. ١٩٥
باسێك دەربارەی لێدانی ئافرەتان.......................... ١٩٦
باسی ئەوەی فەرمان کراوە بە چاوداخستن لە حەرام ١٩٦
باسێك دەربارەی کۆباسی هاوسەرگیری ١٩٨
باسێك دەربارەی کەفارەتی پیاوێك بچێتە لای خێزانی لە حەیزدا.......... ١٩٨
پەرتووکی تەڵاق (جیابوونەوە) ٢٠٠
کۆباسەکانی بابەتی جیابوونەوە (طلاق) ٢٠٠
باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی ژنێك لە مێردەکەی هەڵدەگێڕێتەوە (خۆی مارەی دەکات) ٢٠٠

باسێك دەربارەی ئافرەتێك داوا لە پیاوەكەی دەكات كە هاوسەرەكەی تەڵاق بدات ٢٠١
باسێك دەربارەی تەڵاقی سوننی (شەرعی) ٢٠١
باسێك دەربارەی پەیوەندیی نیەت بە تەڵاقەوە ٢٠٢
باسێك دەربارەی پەیوەندیی خوتخوتە بە تەڵاقەوە.................... ٢٠٢
باسێك دەربارەی خولع (خۆداڕنینی ژن لە مێردەكەی).................... ٢٠٣
باسێك: ئایا ئەگەر مێرد بووە موسوڵمان ژنەكەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە؟.......... ٢٠٣
باسی ئەوەی كە منداڵ لەسەر جێگەی كێ لەدایك ببێت هیی ئەوە.......... ٢٠٤
باسێك دەربارەی گێڕانەوەی ئافرەت (دوای تەڵاقدان) ٢٠٥
باسێك دەربارەی كەنیزەكێك كە مێردەكەی بمرێت (ئایا عیددەی ئەم چەندە؟)... ٢٠٥
باسی ئافرەتی سێ جار تەڵاقدراو ناتوانێت شوو بكاتەوە بە مێردەكەی، تا شوو بەپیاوێكی دیكە نەكات ٢٠٦
باسێك دەربارەی بەگەورەزانینی زینا ٢٠٦
پەرتووكی ڕۆژوو ٢٠٨
باسی مانگی كۆچی (جار وایە سییە) جاری وایە بیست و نۆیە ٢٠٨
باسێك: ئەگەر مانگی یەكشەوەی شەعبان بەهۆی هەور دیار نەبوو.......... ٢١٠
باسی ئەوەی دەڵێت: ئەگەر هەور بوو ئێوە سی (ڕۆژ) بەڕۆژوو بن.......... ٢١١
باسێك دەربارەی كەسێك هەموو شەعبان بەڕۆژوو دەبێت و دەیگەیەنێت بە ڕەمەزان ٢١١
باسێك دەربارەی شایەتیدانی یەك كەس لەسەر بینینی مانگی نوێ (ی یەكشەوەی) ڕەمەزان ٢١٢
باسێك دەربارەی جەختكردنەوە لەسەر پارشێوكردن.......... ٢١٢
باسی كاتی پارشێوكردن.................... ٢١٣
باسێك دەربارەی ئەو كەسەی گوێی لە بانگ دەبێت و قاپی بەدەستەوەیە.......... ٢١٣
باسی ئەوەی كە سوننەتە بەپەلە و لە كاتی خۆیدا ڕۆژوو بشكێنرێت.......... ٢١٤
باسی ڕۆژووشكاندن پێش خۆرئاوابوون.................... ٢١٤

باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون بەبێ پچڕاندن (ڕۆژ و شەو) ٢١٥
باسی غەیبەتکردن بۆ کەسی ڕۆژووەوان ٢١٥
باسی کەسی ڕۆژووگر بەئەنقەست خۆی بڕشێنێتەوە ٢١٦
باسی ماچکردن بۆ ڕۆژووەوان ٢١٦
باسی کەسێك (ڕۆژووگر) لەبیری چوو شتی خوارد ٢١٧
باسی دواخستنی گێڕانەوەی مانگی ڕەمەزان ٢١٧
باسێك دەربارەی ئەو کەسەی مردووە و ڕۆژوو قەرزدار بووە ٢١٧
باسی بەڕۆژووبوون لە سەفەردا ٢١٨
باسی هەڵبژاردنی بەڕۆژوونەبوون لە گەشتدا ٢١٨
باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون لە جەژنەکان ٢١٩
باسی ناپەسندی تایبەتکردنی ڕۆژی هەینی بە ڕۆژووگرتن ٢١٩
باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون لە مانگی موحەڕڕەمدا ٢٢٠
باسێك دەربارەی بەڕۆژووبوون لە مانگی شەعباندا ٢٢١
باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی شەش ڕۆژ لە شەوال ٢٢١
باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی دووشەممە و پێنجشەممان ٢٢١
باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی دە ڕۆژی سەرەتای مانگی زیلحیجە ٢٢٢
باسێك دەربارەی ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێکدا ٢٢٣
باسێك دەربارەی ئەوەی کە ڕۆژووگر بانگ دەکرێت بۆ خواردنی هاوسەرگیری . ٢٢٤
باسی ئیعتیکاف (لە مزگەوتدا) ٢٢٤
باسی ئەو کەسەی لە ئیعتیکافە و دروستە بچێتەوە ماڵەوە بۆ پێویستیی خۆی ٢٢٥
پەرتووکی تێکۆشان لەپێناو خوادا ٢٢٦
باسی کۆچکردن و شوێنی نیشتەجێبوونی دەشتەکیان ٢٢٦
باسێك دەربارەی ئەوەی ئایا کۆچکردن کۆتایی هاتووە؟ ٢٢٧
باسێك دەربارەی بەردەوامبوونی جیهاد ٢٢٨

باسێك دەربارەی پاداشتی جیهادكردن ٢٢٨
باسێك دەربارەی گەورەیی گەڕانەوە لە جیهادكردن لەپێناو خوای بەرز ٢٢٩
باسێك دەربارەی ئەو كەسەی بێبڕوایەكی كوشتووە...................... ٢٢٩
باسێك دەربارەی ئەو سریەی (دەچێت بۆ غەزا) غەنیمەتی دەست ناكەوێت ٢٣٠
باسێك دەربارەی ئێشكگریی بەرانبەر دوژمن.......................... ٢٣٠
باسی ناپەسندی وازهێنان لە غەزا ٢٣١
باسێك دەربارەی مۆڵەتدان بۆ كەسی خاوەن پاساو نەچێت بۆ جیهاد ٢٣١
باسی ئەندازەی پێویست بۆ تێكۆشان لەپێناو خوا ٢٣٢
باسێك دەربارەی بوێری و ترسنۆكی.................................. ٢٣٢
باسێك دەربارەی تیرهاویشتن ٢٣٣
باسی ئەو كەسەی دەجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی خوا بەرز بێت ٢٣٣
باسێك دەربارەی پێگە و پاداشتی شەهیدی ٢٣٤
باسێك دەربارەی شەفاعەتكردنی شەهید............................. ٢٣٤
باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی جیهاد دەكات و دایك و باوكی پێیانناخۆشە ٢٣٥
باسێك دەربارەی غەزاكردنی ئافرەت.................................. ٢٣٦
باسی دوعاكردن لە كاتی پێككەیشتن (ی سوپای موسوڵمانان و سوپای كافران).. ٢٣٦
باسێك دەربارەی كەسێك داوای شەهیدی لە خوای گەورە بكات (خوای گەورە پلەی بەرزی شەهادەتی پێ ببەخشێت)....................................... ٢٣٧
باسێك دەربارەی لەبەركردنی قەڵغانەكان (ی جەنگ).................... ٢٣٧
باسی ئەو زیكرەی كەسێك دەیڵێ لە كاتی چوونە گەشتدا................. ٢٣٨
باسێك دەربارەی دوعاكردن لە كاتی ماڵئاواییكردندا..................... ٢٣٨
باسێك دەربارەی بەیانی زوو دەرچوون بۆ سەفەر....................... ٢٣٩
باسێك دەربارەی ئەوانەی گەشت دەكەن و یەكێك دەكەنە گەورەیان ٢٤٠
باسێك دەربارەی گوێڕایەڵی (ی فەرمانڕەوایان)........................ ٢٤٠

باسی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا چ دوعایەك بکەیت؟............ ٢٤١
باسی فێڵکردن لە جەنگدا ٢٤١
باسێك دەربارەی لەسەر چی هاوبەشدانەر جەنگی لەگەڵ دەکرێت ٢٤٢
باسێك دەربارەی ئەوەی چ کاتێك گونجاوە بۆ ڕووبەڕوونەوەی دوژمن ٢٤٣
باسێك دەربارەی ڕیزەکانی جەنگ (لە مەیدانی جەنگ) ٢٤٤
باسی دەربارەی کوشتنی ئافرەت (ی بێبڕوایان لە جەنگدا) ٢٤٤
باسێك دەربارەی ناپەسندی سوتاندنی دوژمن بە ئاگر........... ٢٤٥
باسی کوشتنی بەندەیەك کە پێشنیازی موسوڵمانبوونی بۆ نەکرێت.......... ٢٤٦
باسێك دەربارەی چاکەکردن بەسەر بەندەوە بەبێ بەرانبەر (ئازاد بکرێت)...... ٢٤٦
باسێك دەربارەی بەردانی بەند بە پارە......................... ٢٤٨
باسی وەفاکردن بە پەیمان ٢٤٨
باسێك دەربارەی پێشەوا کە خۆی سەروکاری پەیمانەکە دەکات ٢٤٨
باسێك دەربارەی وەفابوون بۆ خاوەن پەیمان و حەرامی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکەی
.... ٢٤٩
باسێك دەربارەی نوێنەر و نێردراو (ی کافران) ٢٤٩
باسێك دەربارەی پەیماندانی ئافرەتێك بە کافرێك (کە پارێزراو بێت)......... ٢٥٠
باسێك دەربارەی (الله أکبر) گوتن لە کاتی ڕۆیشتن بە شوێنی بەرزدا......... ٢٥١
باسێك دەربارەی سوجدەی شوکر ٢٥١
باسێك دەربارەی مانەوە لە زەویی هاوبەشدانەران ٢٥٢
پەرتووکی قوربانیکردن ٢٥٤
باسێك دەربارەی مانگا و وشتر بۆ چەند کەس دەبێت؟ ٢٥٤
باسێك دەربارەی مەڕێك کە لەبری کۆمەڵێك دەکرێتە قوربانی.......... ٢٥٤
باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە بەنیشانەگرتنی ئاژەڵ، هەروەها بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵی قوربانی............................... ٢٥٥
باسێك دەربارەی هۆزەبانە ٢٥٦

پەرتووکی ڕاوکردن.......................... ٢٥٨
باسێك دەربارەی ڕاگرتنی سەگ بۆ ڕاوکردن یان هەر شتێکی دیکە ٢٥٨
باسێك دەربارەی نێچیرێك کە یەکێك لە پارچەکانی لێ بوویێتەوە.......... ٢٥٩
پەرتووکی وەسییەتکردن ٢٦٠
باسی ئەو شتەی فەرمانی پێ کراوە لە وەسییەتکردندا................ ٢٦٠
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خراپی زیانگەیاندن لە کاتی وەسییەتکردن...... ٢٦١
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی وەسییەتکردن بۆ میراتگر ٢٦٢
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی کاتی کۆتاییهاتنی ماوەی هەتیوی............ ٢٦٢
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی هەڕەشەی سەبارەت بە خواردنی ماڵی هەتیوو ... ٢٦٣
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەو بەڵگەیەی کەوا کفنی مردوو لەسەر کۆی ماڵەکەیە
.... ٢٦٣
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خێرکردن بۆ مردوو ٢٦٤
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی کەسی مردوو کە وەسییەتی نەکردبێت خێری بۆ بکرێت؟
.... ٢٦٤

پەرتووکی میرات ٢٦٦
باسێك دەربارەی کەلالە.......................... ٢٦٦
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی میراتی کوڕ و کچ و نەوە ٢٦٧
باسێك دەربارەی میراتی خزمانی پشتێ.................... ٢٦٨
باسێك دەربارەی میراتی خزمانی لای ژن (خزم لە ژنانەوە)............. ٢٦٩
باسی ئەوەی ئایا موسوڵمان میرات لە کافر دەگرێت؟............... ٢٦٩
باسی کەسێك پێش دابەشکردنی میراتییەکە موسوڵمان ببێت ٢٧٠
باسێك دەربارەی هاوپەیمانێتی....................... ٢٧١
پەرتووکی باج و فەرمانڕەوایی و دەستکەوت.................. ٢٧٤
باسی چی پێویستە لەسەر ئیمام لە مافی خەڵکی (مافی خەڵکی بەسەر فەرمانڕەوا و

کاربەدەستەوە چییە؟) ٢٧٤
باسی ئەوەی هاتووە سەبارەت بە داواکردنی بەرپرسیارییەتی ٢٧٥
باسێك دەربارەی دانانی وەزیر ٢٧٥
باسێك دەربارەی کەسێك سەرپەرشتیی کاری زەکات بکات ٢٧٦
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی بەیعەتدان ٢٧٧
باسێك دەربارەی ڕۆزی خواردنی فەرمانڕەواکان ٢٧٧
باسێك دەربارەی دیاریدان بە فەرمانبەران ٢٧٨
باسێك دەربارەی دزیکردن لە زەکات و دەستکەوت ٢٧٩
باسێك دەربارەی ڕۆزی و مووچەی منداڵ ٢٧٩
باسێك دەربارەی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ماڵ و ساماندا ٢٨٠
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی بڕیاری زەوی خەیبەر ٢٨١
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی تائیف ٢٨١
باسێك دەرکردنی جوولەکە لە دوورگەی عەرەب ٢٨٢
باسێك دەربارەی وەقفکردنی زەوی ڕەش و زەوی عەنوە ٢٨٣
باسێك دەربارەی شێوازی توندوتیژی لە وەرگرتنی سەرانەدا ٢٨٤
باسێك دەربارەی زیندووکردنەوەی زەوییە مردووەکان ٢٨٥
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خەزێنە و ئەو مافەی کە تێیدایە........................ ٢٨٥
پەرتووکی جەنازە........................ ٢٨٦
باسی سەردانکردنی ئافرەتی نەخۆش........................ ٢٨٦
باسێك دەربارەی سەردانکردنی خاوەن پەیمانەکان ٢٨٧
باسێك دەربارەی چەندین جار سەردانکردنی نەخۆش ٢٨٧
باسی دەرچوون (لە شوێن و وڵات) بەهۆی تاعوونەوە ٢٨٨
باسی دوعاکردن بۆ نەخۆش کە خوا شیفای بدات لە کاتی سەرداندا........................ ٢٨٨
باسی دوعاکردن بۆ نەخۆش لە کاتی سەردانکردندا ٢٨٩

باسێك دەربارەی ناپەسندی و خراپی خۆزگەخوازی بۆ مردن.......... ٢٩٠
باسی مردنی کتوپڕ و لەناکاو.............................. ٢٩١
باسی ئەوەی کە لە کاتی مردندا گومانی چاك بە خوا بردن سوننەتە......... ٢٩١
باسی ئەوەی کە پاکڕاگرتنی پۆشاکی کەسێك کە نزیکی مردنە سوننەتە........ ٢٩٢
باسی ئەوەی سوننەتە بگوترێت لەلای مردوو.................... ٢٩٢
باسێك دەربارەی چرپاندن بە گوێدا......................... ٢٩٣
باسێك دەربارەی گوتنی: (إنا لله وإنا إليه راجعون) لە کاتی ناخۆشیدا........ ٢٩٤
باسی ئەوەی کە ئارامگری لە سەرەتای ناخۆشییەکەدایە.............. ٢٩٥
باسێك دەربارەی گریان لەسەر مردوو.......................... ٢٩٥
باسێك دەربارەی شین و ڕۆڕۆکردن........................... ٢٩٦
باسێك دەربارەی شوشتنی شەهید........................... ٢٩٦
باسێك دەربارەی (چۆنیەتی) کفن.......................... ٢٩٧
باسێك دەربارەی ماچکردنی مردوو.......................... ٢٩٨
باسێك دەربارەی ناپەسندی گواستنەوەی مردوو لە شارێك بۆ شارێکی دیکە.... ٢٩٨
باسێك دەربارەی ڕۆیشتنی ئافرەتان بەشوێن جەنازەدا................ ٢٩٩
باسی فەزڵی نوێژکردن لەسەر جەنازەو شاردنەوەی.................. ٢٩٩
باسی هەڵسان لەبەر جەنازە.............................. ٢٩٩
باسی شوێنکەوتنی جەنازە بەسواری........................ ٣٠٠
باسی ڕۆیشتن لە پێش جەنازەوە بەپێ........................ ٣٠٠
باسی پەلەکردن لە بردنی جەنازەدا.......................... ٣٠١
باسی ناشتنی مردوو لە سەرەتای خۆرهەڵاتن و کاتی خۆرئاوابوون........... ٣٠١
باسێك: ئەگەر جەنازەی کۆمەڵێك ژن و پیاو دانرا بۆ نوێژ لەسەرکردن، کامیان پێش دەخرێت؟.. ٣٠٢
باسی ئیمام کە نوێژی لەسەر مردوو کرد لەکوێوە ڕادەوەستێت؟............ ٣٠٣

باسی چ شتێك لەسەر جەنازە دەخوێندرێت؟ ٣٠٣
باسی دوعاکردن بۆ مردوو ٣٠٤
باسی نوێژکردن لەسەر گۆڕ ٣٠٤
باسێك دەربارەی نوێژکردن لەسەر موسوڵمانێك كە لە وڵاتی كافران بمرێت ٣٠٥
باسی دانیشتن لەلای گۆڕ (كە تازە هەڵكەندراوە و دانەپۆشراوە) ٣٠٥
باسی دوعاکردن بۆ مردوو كاتێك دەخرێتە ناو گۆڕەكەیەوە ٣٠٦
باسی داوای لێخۆشبوونكردن بۆ مردوو كاتی گەڕانەوە (لەدوای ناشتن) ٣٠٦
باسی ناپەسندی سەربڕینی ئاژەڵ لەلای گۆڕ ٣٠٧
باسی نوێژی مردوو لەسەر گۆڕەكەی لەدوای ماوەیەكی زۆر ٣٠٧
باسێك دەربارەی دروستكردنی خانوو لەسەر گۆڕ ٣٠٨
باسێك دەربارەی ناپەسندی (حەرامی) دانیشتن لەسەر گۆڕ ٣٠٨
باسی ڕۆیشتن بە نەعلەوە بەنێو گۆڕەكاندا ٣٠٩
باسێك دەربارەی گواستنەوەی گۆڕ لەبەر پێویستی و شتێك كە ڕوو بدات ٣٠٩
باسێك دەربارەی ستاییشكردنی مردوو ٣١٠
باسێك دەربارەی سەردانكردنی گۆڕستان ٣١٠
باسی ئەوەی دەگوترێت لە كاتی سەردانی گۆڕستان یان تێپەڕبوون پێیدا ٣١١
پەرتووكی سوێندخواردن و نەزركردن ٣١٢
باسی هەڕەشەی توند لەسەر سوێندخواردنی بەدرۆ ٣١٢
باسێك دەربارەی ناپەسندیی سوێندخواردن بە باوك و باپیران ٣١٣
باسی سوێند بەدەمداهاتن ٣١٣
باسی سوێندخواردن لەلاڕا (شاردنەوەی مەبەست) ٣١٤
باسی هەڵاواردن لە سوێندخواردن ٣١٤
باسی كەسێك كەفارەت بدات پێش ئەوەی سوێندەكەی بشكێنێت ٣١٥
باسێك دەربارەی ئازادكردنی كۆیلەیەكی بڕوادار ٣١٥

باسی هەڵواردن لە سوێندا لەدوای بێدەنگبوون........... ٣١٦
باسی ڕێگریکردن لە نەزر........... ٣١٦
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی نەزری نەزری لە سەرپێچیی خوادا........... ٣١٧
باسی ئەو کەسەی کە پێی وایە نەزری سەرپێچی کەفارەتی دەکەوێتە سەر........... ٣١٧
باسی دەربارەی ئەوەی هاتووە کەسێك مردووە و ڕۆژوو قەرزدار بێت و ماڵەوە بۆی بگرنەوە........... ٣١٨
باسێك دەربارەی ئەو کەسەی نەزر دەکات هەموو ماڵەکەی ببەخشێت........... ٣١٩
باسی کەسێك نەزری کردوە و ناوی نەهێناوە (دیاری نەکردوە)........... ٣١٩
باسی کەسێك لە نەفامیدا نەزری کردووە دوایی موسوڵمان بووە........... ٣٢٠
پەرتووکی مامەڵەکردن........... ٣٢٢
باسێك دەربارەی کڕین و فرۆشتن سوێندخواردن و قسەی بێمانا و ناشەرعی تێیکەوێت........... ٣٢٢
باسێك دەربارەی خۆدوورخستنەوە لەهەر شتێك کە گومانی تێدا بێت........... ٣٢٣
باسێك دەربارەی سووخۆر سووودەرگر........... ٣٢٣
باسێك دەربارەی ناپەسندیی سوێندخواردن لە کاتی کڕین و فرۆشتندا........... ٣٢٤
باسێك دەربارەی هەڕەشە لە قەرزداریدا........... ٣٢٤
باسێك دەربارەی دواخستنی قەرز (بەئەنقەست)........... ٣٢٥
باسێك دەربارەی دانەوەی قەرز بەجوانی........... ٣٢٥
باسێك دەربارەی ئاڵوگۆڕکردنی پارە........... ٣٢٦
باسێك دەربارەی فرۆشتنی بەروبووم پێش ئەوەی کە پێبگات........... ٣٢٧
باسێك دەربارەی کشتوکاڵکردن بەبێ مۆڵەتی خاوەن زەوی........... ٣٢٧
باسەکانی بەکرێدان........... ٣٢٨
باسی داهاتی مامۆستای فێرکار........... ٣٢٨
باسێك دەربارەی پارەی کەسێك کە کەڵەشاخ دەکات........... ٣٢٩
باسێك دەربارەی ئافرەتی کۆیلە ئەگەر ئیش بکات (ئایا پارەکەی حەڵاڵە؟)........... ٣٣٠

باسێك دەربارەی شیرینیی فاڵچی........................ ٣٣٠

باسێك دەربارەی ئەوانەی بەرەو ڕووی کاروان دەچن ٣٣١

باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە شتومەك گرانكردن لەسەر یەكدی ٣٣٢

باسێك دەربارەی كەسێك ئاژەڵێك بكڕێت شیر لە گوانیدا ڕاگیرابێت و كڕیاریش ناڕازی بێت ٣٣٢

باسێك دەربارەی حەرامكردنی قۆرغكردن (قۆرغكاری)............. ٣٣٣

باسی ڕێگریكردن لە فێڵكردن ٣٣٣

باسێك دەربارەی سەرپشكیی كڕیار و فرۆشیار.............. ٣٣٤

باسێك دەربارەی پاداشتی قبووڵكردنی هەڵوەشاندنەوەی مامەڵە ٣٣٤

باسێك دەربارەی ڕێگریكردن لە مامەڵەی عینە ٣٣٥

باسێك دەربارەی سەلەف ٣٣٦

باسێك دەربارەی قەدەغەكردنی ئاو لە خەڵكی ٣٣٧

باسێك دەربارەی پارەی عارەق (سەرخۆشكەر) و مردارەوەبوو ٣٣٨

باسێك دەربارەی هەڵگرتنەوەی بەشی هاوبەش (شەریك) ٣٣٨

باسێك دەربارەی بارمتە ٣٣٩

باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی لە ماڵی كوڕەكەی خۆی دەخوات............ ٣٤٠

باسێك دەربارەی ئەو كەسەی مافی خۆی وەردەگرێت لە سەرپەرشتیارەكەی ... ٣٤١

باسێك دەربارەی وەرگرتنی دیاری.............. ٣٤٢

باسی پەشیمانبوونەوە لە بەخشینی دیاری.............. ٣٤٢

باسێك دەربارەی دیاری بەخشینی ژن بەبێ مۆڵەتی مێردەكەی ٣٤٣

پەرتووكی دادوەریكردن.................. ٣٤٤

باسێك دەربارەی كەسێك داوا بكات ببێتە دادوەر.............. ٣٤٤

باسێك دەربارەی ئەو دادوەرەی هەڵە دەكات................ ٣٤٤

باسێك دەربارەی داواكردنی بوون بە دادوەر و هەڵپەكردن بۆی ٣٤٥

باسێك دەربارەی حەرامییەتی بەرتیل ٣٤٦
باسێك دەربارەی وەرگرتنی دیاری لەلایەن فەرمانبەرانەوە........... ٣٤٦
باسێك دەربارەی بەهەڵەداچوونی دادوەر لە کاتی بڕیارداندا ٣٤٧
باسی دادوەریکردنی دادوەر لە کاتی توڕەییدا ٣٤٨
باسێك دەربارەی شایەتیدان ٣٤٨
باسی شایەتی دەشتەکی و کۆچەری بەسەر کەسی نیشتەجێوە........... ٣٤٩
باسی دادوەریکردن بە سوێندێك و یەك شایەت........... ٣٤٩
باسی ئەوەی کە سوێندخواردن لەسەر کەسی داوا لەسەر تۆمارکراوە ٣٤٩
باسێك دەربارەی ئەوە کاتێك داوالێکراو خاوەن پەیمان بێت، ئایا سوێند دەدرێت؟. ٣٥٠
پەرتووکی زانست و زانیاری ٣٥٢
باسی هاندان بۆ فێربوون و گەڕان بەدوای زانستدا........... ٣٥٢
باسێك دەربارەی نووسینەوەی زانست و زانیاری........... ٣٥٤
باسێك دەربارەی هەڕەشەی توند بۆ درۆهەڵبەستن بە زاری پێغەمبەری خواوە ﷺ ٣٥٥
باسی پێگە و گەورەیی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری........... ٣٥٥
باسی گێڕانەوەی زانیاری لە بەنو ئیسرائیل ٣٥٧
باسێك دەربارەی کەسێك فێری زانستی شەرعی ببێت بۆ غەیری خوای بەرز.... ٣٥٧
پەرتووکی خواردنەوەکان........... ٣٥٨
باسێك دەربارەی حەرامکردنی عارەق (سەرخۆشکەرەکان)........... ٣٥٨
باسی ترێ کە بگوشرێت بۆ ئەوەی عارەقی لێ دروست بکرێت........... ٣٥٩
باسی عارەق (مەی) لە چی دروست دەکرێت؟........... ٣٥٩
باسی قەدەغەکردن لە شتە سەرخۆشکەرەکان........... ٣٦٠
باسێك دەربارەی خواردنەوە لە قاپی زێڕ و زیودا ٣٦١
باسێك دەربارەی ئاوگێڕ کەی خۆی ئاو دەخواتەوە........... ٣٦٢

باسێك دەربارەی فووكردنە خواردنەوە و هەناسەدان تێیدا ٣٦٢
باسێك دەربارەی سەرپۆشكردنی دەفر و قاپ و كوندە.......... ٣٦٤
پەرتووكی خواردنەكان ٣٦٦
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی وەڵامدانەوەی دەعوەت.......... ٣٦٦
باسێك دەربارەی پەسندییەتی داوەتكردن لە كاتی ژنهێناندا ٣٦٧
باسێك دەربارەی ئامادەبوونی خواردن لە كاتی نوێژدا.............. ٣٦٧
باسێك دەربارەی ناپەسندی بەخراپە باسكردنی خواردن ٣٦٨
باسی (بسم الله) كردن لەسەر خواردن.................. ٣٦٨
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خواردن لە سەرووی قاپەكەوە ٣٦٩
باسی خواردن بە دەستی ڕاست........................ ٣٦٩
باسی ڕێگریكردن لە خواردنی گۆشت و شیری ئەو پەلەوەرانەی پیسخۆرن..... ٣٧٠
باسی ڕێگریكردن لە خواردنی گۆشتی دڕندە ٣٧٠
باسێك دەربارەی دوو جۆر خواردن كۆبكەیتەوە لە كاتی خواردندا ٣٧١
باسی ئەو (زیكر)ەی كە موسوڵمان دوای نان خواردن دەیڵێت.......... ٣٧١
باسێك دەربارەی دەستشوشتن لەدوای نانخواردن ٣٧٢
پەرتووكی پزیشكی ٣٧٤
باسێك دەربارەی نوشرە (كە جۆرە نوشتەیەكە) ٣٧٤
باسێك دەربارەی (بەكارهێنانی) دەرمانی ناپەسند و خراپ............ ٣٧٥
باسێك دەربارەی خورمای عەجوە ٣٧٥
باسێك دەربارەی فەرمانكردن بە چاوڕشتن ٣٧٦
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی چاوپیسی ٣٧٦
باسێك دەربارەی هەڵواسینی نوشتە ٣٧٧
باسی چۆنیەتی نوشتە....................... ٣٧٧
باسێك دەربارەی شوومی (ڕەشبینی) ٣٧٩

پەرتووکی پیتەکانی قورئان
و شێوازی خوێندنەوەکانی ٣٨٠
پەرتووکی باسی گەرماو ٣٨٤
باسی ڕێگریکردن لە خۆڕووتکردنەوە ٣٨٥
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خۆڕووتکردنەوە ٣٨٦
پەرتووکی بەرگ و پۆشاک ٣٨٨
باسی ئەوەی دەگوترێت لە کاتی پۆشینی پۆشاکی نوێ ٣٨٨
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی کراس ٣٨٩
باسێك دەربارەی لەبەرکردنی پۆشاکی ناوبانگدەرکردن ٣٨٩
باسی لەبەرکردنی پۆشاکی ئەستوور ٣٨٩
باسێك دەربارەی لەبەرکردنی پۆشاکی ئاوریشم بەهۆی نەخۆشییەوە ٣٩٠
باسێك دەربارەی ئاوریشم بۆ ئافرەتان (حەڵاڵە) ٣٩٠
باسێك دەربارەی پۆشاکی سپی ٣٩١
باسێك دەربارەی ڕەنگی سەوز ٣٩٢
باسێك دەربارەی مێزەرەکان ٣٩٢
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی درێژکردنەوەی پۆشاك ٣٩٣
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی لووتبەرزی ٣٩٣
باسێك دەربارەی پۆشاکی ئافرەتان ٣٩٤
باسێك دەربارەی ئەوەی ئاخۆ ئافرەت بۆی هەیە چەندەی لە جوانییەکەی بەدەرەوە بێت؟
.... ٣٩٥
باسێك دەربارەی فەرمایشتی خوا: بە ئافرەتانی بڕوادار بڵێ چاویان بپۆشن سەیری پیاوانی نامەحرەم نەکەن ٣٩٥
باسێك دەربارەی پێڵاو لەپێکردن ٣٩٦
باسێك دەربارەی وێنە (و وێنەکێشان) ٣٩٦
پەرتووکی پرچ و قژ داهێنان ٤٠٠

باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی پەسندیی بۆنیخۆش.......................... ٤٠١
باسێك دەربارەی ڕێكخستنی قژ و پرچ ٤٠١
باسێك دەربارەی ڕەتكردنەوەی بۆنی خۆش ٤٠١
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئافرەت كە بۆ دەرچوون لە ماڵ بۆن لە خۆی بدات ٤٠٢
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی قژ و پرچ.......................... ٤٠٢
باسێك دەربارەی سەرتاشین ٤٠٣
باسێك دەربارەی كورتكردنەوەی سمێڵ ٤٠٣
باسێك دەربارەی ڕەنگكردنی سەر و ڕیش.......................... ٤٠٤
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ڕەنگكردن بە ڕەنگی ڕەش ٤٠٤
پەرتووكی ئەنگوستیلە (ی پێغەمبەر ﷺ).......................... ٤٠٦
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی لەپەنجەكردنی ئەنگوستیلە ٤٠٦
باسی وازهێنان لە ئەنگوستیلە ٤٠٧
پەرتووكی ئاشووبەكان و جەنگ و كوشتار ٤٠٨
باسی ئاشووبەكان و بەڵگەكانی ٤٠٨
باسێك دەربارەی ڕێگریكردن لە هەوڵدان بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاژاوە....... ٤١٠
باسێك دەربارەی گەورەیی تاوانی كوشتنی بڕوادار.......................... ٤١١
پەرتووكی مەهدیی ٤١٤
پەرتووكی داستانەكان (شەڕی گەورە).......................... ٤١٦
ئەوەی باس كراوە لە سەدساڵ (جارێك خوا تازەكەرەوەی ئایینەكەی دەنێرێت) . ٤١٦
باسێك دەربارەی نیشانەكانی شەڕە گەورەكە ٤١٦
باسێك دەربارەی كۆبوونەوەی ئوممەتان (ی كافر) لەسەر ئیسلام ٤١٧
باسێك دەربارەی پەناگە (ی موسوڵمانان) لە كاتی شەڕە گەورەكە.......................... ٤١٨
باسی زۆربوونی ئاشووب و ئاژاوە لە كاتی شەڕە گەورەكەدا ٤١٨
باسی نیشانەكانی دونیا تێكچوون.......................... ٤١٩

باسێك دەربارەی وشكبوونی فوڕات و دەردەكەوتنی گەنجینەی زێڕ.......... ٤٢١
باسی دەرچوونی دەججال ٤٢١
باسی دونیا تێكچوون................................. ٤٢٣
پەرتووكی سزای تاوانەكان.............................. ٤٢٤
باسێك دەربارەی تكاكردن لە دەركردنی سزای شەرعی................. ٤٢٤
باسێك دەربارەی ئەو كەسەی دەڵێت سزام لەسەرە و ناوی سزاكەش ناهێنێت... ٤٢٥
باسی ئەو شتەی دەستی دزی لەسەر دەبڕدرێت ٤٢٦
باسی دەستبڕین لەسەر شت ڕفاندن و خیانەت...................... ٤٢٦
باسێك دەربارەی شێت دزی بكات یان سنوورەكان بشكێنێت ٤٢٧
باسێك دەربارەی ئەو كەسەی لە غەزا دزی دەكات، ئایا دەستی دەبڕدرێتەوە؟ ... ٤٢٧
باسێك دەربارەی بەردبارانكردن ٤٢٨
باسێك دەربارەی ئەو كەسەی كردەوەی قەومی لووطی كردووە (نێربازی)...... ٤٢٩
باسێك دەربارەی ئەوەی كاتێك پیاو دان دەنێت بە زینا و ژنەكەش دانی پێدا نانێت ٤٣٠
باسێك دەربارەی ئەو پیاوەی ژنێك ماچ بكات و جووت نەبێت و تەوبە بكات پێش ئیمام بیگرێت.................................... ٤٣١
باسی دەركردنی سزای شەرعی لەسەر مەیخۆر ٤٣٢
باسێك دەربارەی كەسی ئالوودەبوو بە مەیخواردنەوە ٤٣٢
باسێك دەربارەی تەمبێكردن................................ ٤٣٣
پەرتووكی خوێنبایی................................... ٤٣٤
باسی ئەوە كە دەسەڵاتدار داوا دەكات بە لێبووردنی (تاوانبار) كە كەسێكی كوشتووە ٤٣٤
باسی تۆڵەكردنەوە لە بكوژ............................... ٤٣٤
باسی خوێنبایی ئەندامەكانی لەش (چەندە؟) ٤٣٥
باسێك دەربارەی كەسێك بەبێ زانیاری خۆی بكات بە پزیشك و زیان لە نەخۆشەكە بدات ٤٣٦

پەرتووکی سوننەت ٤٣٨
باسی ڕاڤەکردنی سوننەت ٤٣٨
باسێك دەربارەی پابەندبوون بە سوننەتەوە................ ٤٣٩
باسی ئەو کەسەی بانگەوازی خەڵك بکات بۆ ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ ٤٤٠
باسێك دەربارەی جێنشینەکان ٤٤١
باسێك دەربارەی پێگەو گەورەیی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ٤٤٣
باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ ٤٤٣
باسی ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر (پەسندی) بێدەنگبوون لە کاتی ئاشووبدا....... ٤٤٤
باسێك دەربارەی قەدەر ٤٤٤
باسێك دەربارەی منداڵی هاوبەشدانەران.................... ٤٤٥
باسێك دەربارەی بینینی خوا لە ڕۆژی دوایی ٤٤٥
باسێك دەربارەی قورئان.............................. ٤٤٦
باسێك دەربارەی تکاکردن (الشفاعة)...................... ٤٤٧
باسێك دەربارەی زیندووبوونەوە و فووکردن بە کەڕەنادا ٤٤٧
باسێك دەربارەی پرسیاری نێو گۆڕ و سزای گۆڕ ٤٤٨
باسێك دەربارەی جەنگان لەگەڵ دز.......................... ٤٤٩
پەرتووکی ئەدەب ٤٥٠
باسێك دەربارەی نەرمونیانی و ڕەوشتجوانی پێغەمبەر ﷺ ٤٥٠
باسی ئەوەی دەگوترێ لە کاتی توڕەییدا ٤٥١
باسێك دەربارەی لێبووردەیی و ئاسانکاری ٤٥١
باسێك دەربارەی جوان مامەڵەکردن........................ ٤٥٢
باسێك دەربارەی شەرم و شکۆ ٤٥٣
باسێك دەربارەی ڕەوشتجوانی ٤٥٣
باسێك دەربارەی ناپەسندی مەدحی ڕووبەڕوو ٤٥٤

باسێك دەربارەی نەرمونیانی........................ ٤٥٤
باسێك دەربارەی سوپاسکردنی چاکەکار ٤٥٥
باسی ئەوەی کە فەرمان کراوە مرۆڤ هاونشینی کێ بێت........... ٤٥٦
باسێك دەربارەی ناپەسندییەتی مشتومڕ و شەڕەقسە ٤٥٦
باسی شێوازی باش لە قسەکردن و گفتوگۆدا.................... ٤٥٧
باسێك دەربارەی وتاردان........................... ٤٥٧
باسی ناپەسندیی قسەکردن لەدوای نوێژی عیشا................. ٤٥٨
باسێك دەربارەی چپەچپکردن (ی دوو کەس بەتەنها)................ ٤٥٨
باسێك دەربارەی پیاوێك لە شوێنی خۆی هەڵسێت و پاشان بگەڕێتەوە ٤٥٩
باسی ناپەسندیی ئەوەی کەسێك لە کۆڕێك هەڵسێت و یادی خوا نەکات ٤٥٩
باسێك دەربارەی کەفارەتی مەجلیس ٤٦٠
باسێك دەربارەی دووزمانی ٤٦٠
باسێك دەربارەی کەسی دووڕوو ٤٦٠
باسێك دەربارەی غەیبەتکردن............................ ٤٦١
باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە سیخوڕی........................ ٤٦٣
باسی نواندنی برایەتی (لەبەر خوا) ٤٦٤
باسێك دەربارەی سادەیی............................. ٤٦٤
باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە جنێودان بە مردوو.................. ٤٦٥
باسێك دەربارەی ڕێگریکردن لە زوڵم و ستەم.................... ٤٦٥
باسێك دەربارەی ئەو کەسەی قسە ناکات لەگەڵ برای موسوڵمانی.......... ٤٦٦
باسێك دەربارەی گومانبردنی خراپ ٤٦٧
باسێك دەربارەی ئاشتکردنەوەی نێوان خەڵك ٤٦٧
باسێك دەربارەی بەزەیی و میهرەبانی........................ ٤٦٨
باسێك دەربارەی نواندنی دڵسۆزی ٤٦٨

باسێك دەربارەی گۆڕینی ناوێك کەوا ناخۆش و ناشیرین بێت. ٤٦٩
باسێك دەربارەی نازناو ٤٧١
باسێك دەربارەی هەڕەشەی توند لەسەر درۆکردن ٤٧١
باسێك دەربارەی گومانی باش. ٤٧٢
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی گاڵتەکردن ٤٧٣
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی ئەوانەی زۆر قسە دەکەن ٤٧٤
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی خەونبینین ٤٧٥
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی باوێشکدان ٤٧٦
باسێك دەربارەی پژمین ٤٧٧
باسی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ناموسوڵمان کاتێك دەپژمێت ٤٧٧
باسێك دەربارەی نووستن بەدەستنوێژەوە ٤٧٨
باسی ئەوەی دەگوترێت لە کاتی خەوتن ٤٧٨
باسی ئەوەی دەگوترێ کاتێك بەیانی دەبێتەوە ٤٧٩
باسی ئەوەی دەگوترێت لە کاتی چوونەدەر لە ماڵ ٤٨١
باسی ئەوەی کەسێك کەسێکی خۆش ویست هەواڵی پێ بدات ٤٨١
باسێك دەربارەی کەسێك ڕێگەی چاکە نیشانی خەڵك بدات ٤٨٢
باسێك دەربارەی چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا ٤٨٢
باسێك دەربارەی ئەو کەسەی سەپەرشتیی بێباوکان دەکات ٤٨٤
باسێك دەربارەی مافی دراوسێ. ٤٨٤
باسی چۆنیەتی مۆڵەتوەرگرتن ٤٨٥
باسی ئەوەی کە پیاو لە کاتی مۆڵەوەتوەرگرتندا چەند جار سەلام دەکات ٤٨٦
باسی مۆڵەتوەرگرتن بە لەدەرگادان (یان جەڕەس) ٤٨٦
باسێك دەربارەی بڵاوکردنەوەی سڵاو ٤٨٧
باسی چۆنیەتی سڵاوکردن ٤٨٧

باسێك دەربارەی گەورەیی ئەو کەسەی کە سەرەتا سڵاو دەکات ٤٨٨
باسی ئەوەی کە کێ لەپێشترە بۆئەوەی سەلام بکات؟ ٤٨٨
باسێك دەربارەی سەلامکردن لە ئافرەتان ٤٨٩
باسی ئەوەی هاتووە دەربارەی لەبەرهەستان ٤٨٩